# پەیامی خواکان

## کتێبی دووەم



## سەربەست خەسرەو عارف

پەیامی خواکان

نووسینی سەربەست خەسرەو عارف

کتێبی دووەم

2009 -2008

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئایینی مندا، ئەوەی درۆیەکی دەکرد، ڕووی ڕەش دەبوو، دەبوو بە دێو و شەڕی دادەهێنا.. ئەوسا مرۆڤ پیرۆز بوو، چونکە ماف و دادو جوانیی دەپەرست و ئاگای لە پەیامی خواکان بوو. چونکە مرۆڤ دادپەروەرترین گیانلەبەرە لە بوونەوەردا.

ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر کەسەو خواوەندێکی پیرۆزی خۆی هەبوو. ئەوەی باوەڕی بە خوا نەبوو، دێو بوو یان دێو پەرست و شەڕەکانی خۆش دەویست. جا کاتی ئەوە هاتووە باوەڕ بە خواکانی

خۆتان بهێنن و نوێژ بۆ جوانیش بکەن. چونکە خواوەند جوانە و جوانیش داهێنەرترین داهێنەرە. هەن لە ناوماندا کە خواوەند و خواکان باوەڕیان بە بوونیان هەیە!

شتێکی تریش کە کەس بە بیریدا نەهاتووە، ئەمەیە کە ( ترس) مرۆڤ و قەبارەی کەرامەتی مرۆڤ زۆر بچووک دەکاتەوە. ئێمەیش وەک مرۆڤ هەر هەموومان ملکەچی پەیامبەرێکی درۆزنیین- کە من ناوی دەنێم ( ترس)، جا نازانم تۆ چەند ترسنۆکی، ئەگەر مرۆڤێکی بێ باوەڕ بیت!

## پەیامێکی گرنگ بۆ خوێنەر

خوێنەری بەڕێز، من خاوەنی کتێبی خواکان و پاشکۆی پەیامی خواکانم- واتە ڕۆمانی؛ ئازادی لە عیشق پیرۆزترە-م. کە تیایدا جاڕی ئەوەم دابوو کە لە بەرواری 21.3.2009-دا نیازمەند بووم بەرەو نزرگەی ئارارات لە وڵاتی نەروێژەوە بکەومە ڕێ. بەڵام لەو کاتەدا کە من سەرگەرمی خۆ ئامادە کردن بووم و ناسنامە و پاسپۆرتی نەرویژیم گەڕاندەوە بۆ مەلیکی نەروێژ.. هاوسەرم سارا- کە لە ڕاستیدا ناوی ماریا-یە، دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە بوو. ئەم هەڵمەتە زۆر لە توانای ئەویان کرۆشت. بۆیە نەمتوانی پشت بکەمە ئەو و دوو منداڵ، کە یەکەمیان دە ساڵان و دووەمیان شەش ساڵانە.. کە جگە لە من و دایکیان هیچ دڵسۆزێکی تریان لە دەور نییە لە هەندەرانی کوشندە. چونکە من هێندە ئەوانم خۆش دەوێت، کە هەندێکجار هەست دەکەم، من پێویستم بە پەرستگاو پەرستن و هونەر نییە. چونکە ئەوان پەرستگایەکی پیرۆزیان لە بوونەوەری مندا چنیوە. وا نەزانن کە نەسخ بوون لەگەڵ گیانی نوح-دا خەڵاتێکی مەزنتر بێت لەوان بۆ منی پەرش بوو بە جیهاندا، نەخێر. چونکە ئەوان بەر لە نوح، بوونەوەری منیان ڕۆشن کردۆتەوە.

## تابلۆی دەستپێکردن!

لێرەوە پەیامی خواکـان دێت.. لێرەدا بوو من لەو چرکەیەدا دووچاری بینین هاتم ولەخەو ڕاچەنیم.. لەوێدا بوو هێلکەیەک لەئاسمانەوە کەوتە خوارو فلّق دای بەسەری مندا! چونکە بینیم پەیامەکانی مـرۆڤی بێـوڵات بەمن دەگەن.. لەناو هێلکەکەدا پیرو لەقلەق وجاڵـجاڵـۆکەیەکم بینی! گەردوون و بوونـەوەرەکانم بینی.. بووم بە سروشت ولەگەڵ ئاسماندا یەکم گرت. بوونـەوەرم لێ بوو بە مزراح- بە تەوژمی تیشکێکی مەزنی فرە شێوە و جاڵجاڵۆکە ئاسا کە تەونی بوونەوەری دەکرد. شکڵەکان خۆیان پەرجوو=معجزة- ئاسا دەگۆڕی لە بەرچاومدا!

لەخەو بینینی ناو ژوورەکەمدا! کە لەترسا خۆمم کردبوو بە نووستوو! نیوەم لەژوورەوە بوو، نیوەکەی تری لەشم لەدەرەوە بوو! بە خۆم پێدەکەنییم، لە هەستی بێـوڵاتی و ئاوارەیی بی کەسییدا زوو زوو سەیری خۆمم دەکرد لە ئاوێنەکەدا.. هەموو جیـهانم دەبیینی و لە هەمان کاتدا تەنـهایی داگیری کردبووم.. وەک چۆن منداڵەکەم مانی دەگرت بۆ یارییەک، ئاوەها منیش مانم لە بوونـەوەر گرتبوو بۆ وڵات، بۆ ئاڵا، بۆ نیشتیمان. کە خۆمم لە ئاوێنەکەدا لێدەبوو بە نـوح-ێکی سپی سپی.. دەمبینی سارای خێزانم تەماشام دەکات و نامبینێت! سەری لێشێوا بوو، نە یدەزانی لە کوێم! منیش بەزەییم بەودا دەهاتەوە، چونکە بێباوەڕیی ئەو گورگی شێرپەنجەی لە ناخیدا بێدار کردبووەوە و

سەرەتان ئەوی دەکرۆشت! بە دیار چاوی خۆمەوە بینیم سەرەتان مەمکێکی بە قەپاڵ پچڕی! کاتێک کە بەوم دەفەرموو: مرۆڤ دەتوانێت تکا لە نەخۆشییەکان بکات وازی لێبهێنن- یان مرۆڤ دەتوانێت واز لە نەخۆشییەکان بهێنێت.. بە دەم پێکەنینی گاڵتەجاڕییەوە دەیگوو: ئەم قسانە بۆ خۆت بکە.. چونکە خۆت تووشی نەخۆشیی شەکرە بوویت. منیش بەو دەفەرمووم: ڕاستە، بەڵام من وازم لەو هێناوە.. ئەویش کاتێک واز لەمن دەهێنێت کە من لە زیندان دەردەپەڕم. یان کاتێک کە خەندەیەکی پیرۆز و ڕاست لەسەر لێوی مرۆڤێکی جوان دەبینم، شفا دەستم بۆ دەباو بە پێچەوانەشەوە دێوەکان و گومانەکانیان تووشم دەکەنەوە.

جا بۆیە لە گەران بەدوای عیشقا؛ لە بری گەران بەدوایدا لەسەر زەوی؛ لە ئاسمان و گەردوون و دەروونی خواکاندا بۆ خەندەیەکی پیرۆزی سەر لێوی ئادەمیزادێک دەگەرام.. خواوەندە بچکۆلە نازدارەکانی وولاتی بە فرم دەبینی- خەندەکانیان لێکەوتووە.. دەگرین و خۆیان ئەزێت دەدەن، خۆیان وون دەکەن؛ خۆیان سەرزەنشت دەکەن.

منیش بوونەوەرم دەپشکنی تا مانایەک نیشانی گەنجەکانی ئەمڕۆ بدەم.. تا بە لاوان و ئافرەتانی جیهان بڵێم: ڕابن؛ خەڵکینە ونبوون مرۆڤ بەرەو نەمان دەبات. مرۆڤ درۆیەکی مەزنە، و سروشتی تێکەڵ بە سروشتی سەگ و گورگ وبەراز بووە.

نیوەی لەشم لە دەرەوەی ماڵەکەمدا پشکنیاری بوونەوەر بوو؛ پێغەمبەرەکان خۆیان لە مندا دەچنی؛ باکان فێری زانستی خامۆشیان دەکردم.. دەبووم بە گەردەکان و بەسەر ئاسمان و زەمییندا بەش دەبووم. ئەوەی بەچاوی هەست و بیر دەمبینی؛ زۆر بەتام بوون، فێرگەیی. هێندە جوان بیرم دەکردەوە، کە لە شانازیدا سەرم دەیدا لە ئەستێرەکانی ئاسمان و فریشتەکانی سەر لێوی شازادەی وڵاتی بەفر چەپڵەیان بۆ لێدەدام، لە ئاسماندا کۆراڵی ئامیینیان بۆ من دەخوێند و نەمدەوێرا لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکە بۆ کەسێک بگێڕمەوە، چونکە خەڵکی نغرۆ بوون لە داب و کەلتووری دێو و خۆ بە زلزانیی و حەماقەتی کەلتوورو دەستووری دەمخوارەوە. کەس حەزی لە باسی فریشتە و خواو خواکان و مەسیح و ماریاکانی ناو دەروونی منی نەدەکرد. حاجی لەقلەقێکی نەخۆشی هەراسان و ماخۆلان تووشبوو- کە جار ناجار دەهاتە ناو زیندانەکەم- یان چاترە بڵێم من دەچوومە سەردانی، تا پلەی زانستی بپێوم و نەبزی هەستی ژەنگگرتووی بپێوم، جارێکیان ووتی: دەشێت تۆ خۆتت لێ بووبێت بە خواو، مارتا لوویسی شازادەو فریشتەکانیشیت خۆش بووێت!.. ئەمەی بە گاڵتە جاڕییەوە پێ گوتم و قاقا پێم پێ دەکەنی و نەیدەهێشت وەڵامی بدەمەوە.

باشتر، پیاو نازانێ چۆن وەڵامی ئەو دێوە گەوجانە بداتەوە. بەڵام دواهەمین جار، کاتێک کە خواوەند و خواکانی منی بە درۆ خستەوە، کاتێک کە شازادەی هێنایە ژێرباس بە بێڕێزی؛ بڕیارم دا ئیتر چییدی سەری ڕێزی بۆ دانەنەوێنم و دەستەکانی ماچ نەکەم و گوێی لێ نەگرم. بەڵکو بڕیارم دا هەر هیچ مەرحەبای نەکەم.. چونکە تێگەییم کە ئەو زانستەی ئەو دەیخوێنێت، زانستی دێوە نەک مرۆڤ. تێگەییم کە درۆزن بەر لە خۆی دوژمنی خوای خۆیەتی کاتێک گاڵتە بە باوەڕی کەسێکی جوانناس و هونەرمەندی وەک من دەکات.

بەڵێ، کە کات وەستا.. بەرچاوم ڕۆشن دەبووەوە، مێرولەکان چاوڕونییان لێدەکردم.. مێرولە پیرۆزە سپییەکان؛ کە لە ڕەحمی بوونەوەرەوە دەرپەڕیبوون و هاتبوون بە میوانیم.. بە تەنافەکانی خەیالمدا دادەبەزین.. گشت گیانی منیان داپۆشیبوو، مێشکم، دەروونم، بەرگی بەرم مێرولە بوو.. مێرولەکان تێموروکابوون، کەس نەیدەبینییم، ئەوان بە تەلیسمی خۆیان جادوویان لە مرۆڤەکانی دەووروو‌بەرم دەکرد.. نەیاندەهێشت ئاسان ببینرێم.

وامەزانن وتەکانم لاواز لە هەستی بوونەوەر دەدوێن، نەخێر، چونکە وتەکانم گەوهەری گیانن.

کە کات وەستا.. من هەژدەساڵ بوو زیندان بووم، هەژدەساڵ بوو خۆمم دەچنی لە زیندانی بەستەڵەکدا.. ئەنجام توانییم لەگەڵ وەرزەکاندا بدوێم.. زستان پاییزی نیشان ئەدام! وەرزەکان خۆیان بە نەرمی نیشان دەدام.. مێرولەکان لەبەر چاومدا گەورە دەبوون.. بە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی بیرمدا هەڵدەگەڕان.. بە پەلە زانستی خامۆشیان بۆ دەهێنام.

وا مەزانە من شانازی بە حەزرەتی مەسیح و نوح و خواکانەوە دەکەم؛ نا، من کاری وا ناکەم. بەڵام بەوپەڕی باوەڕەوە سەرنج لە باوەڕیان دەدەم.. هەروەها باکان، شەپۆلەکان، دارستانەکان، باڵندەو مێرولەکان هاوڕێمن. من شانازی بە کەرامەتی سروشتەوە دەکەم.. من ڕۆژانە دەیان خواوەند بە خەیاڵی هونەر دەخوڵقێنم و بۆ کەرامەتی سروشت و مرۆڤایەتی و جیهان داوای ڕەحمەتیان لێدەکەم. جا ئەگەر مرۆڤ بتوانێت هەست بە بوونی خواوەندی خۆی بکات و زەڕڕاتی ئەو لەهەر کونج و کەلەبەرێکدا هەست پێبکات و بوونی ئەو زۆر و گریمان بکات؛ ئەوا کارێکی پیرۆز دەکات. بەڵام کەس بۆی نییە تاوان و خوێنڕێژی بەناوی خواوە بکات و چەقۆی تاوانەکانی بداتە دەست خواوەندی خۆی. من هەم خواوەندی خۆم دەناسم، هەم خواکان، هەم بتەکان.. ئەوان هانم نادەن بۆ شەڕو سەرشۆڕکردن بۆ دێوەکان.

دەمویست خۆم لە پیر شالیار گێل بکەم، دەمویست هیچ فێر نەبم. دەمویست لە خەونێکدا خۆشبەختانە وون بم..کەچی بینیم پیرشالیار بۆ جاری سێیەم بانگم دەکات، دەفەرموێت: کوڕم هەستە، ببینە وا مرۆڤی بێوڵات وبێئالاو بێناوو بێکەس و بێ وەی هات.. دەیەوێ پەیامەکانی بوونەوەر لەدەمی تۆوە بە گێتی بگەیەنێت.. دەیەوێت باسی ئەفسانەکانی هاتنیتان بۆ بکات. تۆ ئەویت. ئەی نازانی خەونەکان مەملەکەتی دووەمی گیانن؟! خەون دەتبا بۆ ئەو جیهانەی کە ژیانەکانی داهاتوتی تیادا بنیات دەنێی. وا مەزانە کە جاڵجاڵۆکەی پیرۆز وڕێنەکانی سەرخۆشی و فەنتازیایەکی نەخۆشە. نا، وا هەست نەکەیت، چونکە هەستی وەها، پایەکانی مەملەکەتی جوانی دەلەرزێنێ. نەکەی کوڕم، نەکەی هەست بە سستیی فەنتازیا و خەونەکانت بکەیت. چونکە ئێمە یەکتری دەناسین.

منیش هەستام.. ماندوو کەساس خۆمم بینی.. چونکە نەمدەتوانی باوەڕ بکەم.. چونکە هێشتا مرۆڤێکم نەبینیبوو دان بنێت بەوشەیەکما لە نێوان مرۆڤ ودێوەکاندا.. سەیرێکی خۆمم کرد لەئاوێنەکەدا! بێدار بوومەوە.. بەیەکجاری بێدار بوومەوە. تەماشام کرد دێوەکان دوچاری

**نەخۆشیی بوون بە مرۆڤ بوون و مرۆڤەکانیش هەر یەکە و سەگێکی پێ بوو و بە تەنها بە مۆڕەی سەگەوە بە لامدا دەڕۆی و وەک سەگ لە دوورەوە و نهێنگرانە بۆنی پێوە دەکردم. وای دەزانی من تاجیری چەکی قورس و ئەتۆم و لێزەرم! منیش بەزەییم بە پیسبوونی ژیان و ماناو جوانیدا دەهاتەوە تەماشای دەمی خواری یاساکانیانم دەکرد و جار ناجار تووڕە دەبووم لێیان.. کاتێک کە لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆمم کرد.**

**بینیم، تا خەیاڵ بڕ بکات من بە گەردووندا ڕۆ دەچم و هەست بە ڕەحمی بوونەوەر دەکەم و باڵەکانی مەزدام لێ ڕواوە و دەفڕم بە بوونەوەردا و تۆوی جوانی دەوەشێنم و تەماشای تابلۆکانی خۆم دەکەم.. ئەو تابلۆیانەی کە لە مەملەکەتی فەنتازیی مندا؛ دروست دەبن .**

**خۆمم بینی لەسەر توولە ڕێگایەکی ڕۆشن.. دەچووم بەرەو پردێک.. پردێکی ڕۆشن ومەزن.. نیوەم دەڕۆی، و نیوەکەی تری لەشم ڕاوەستابوو سەیری دەکرد! لەیەک کاتدا پشت وپێش وئەملاولا وسەروژێرمم دەبینی! لەوبەری پردەکەوە ئاراراتم دەدی.. زۆر بە گەورەیی کەشتییەکەی نـوح-م دەدی.. دەتگووت لە دووکەڵ دروستکراوە- دوکەڵی بغورد.. بۆنی بغورد ڕایدەکێشام.. دەمبینی هەموو ئەوانەی کە لەوێن، لەخۆم دەچوون.. منداڵ بوون، پیر بوون، لاو بوون، ئافرەت بوون.. بێـوڵات وبێکەس بوون..مەسیحەکان و مارياکانی کەنیسەکانی جیهان بوون. پەیکەر و تابلۆکان و نۆتەکانی گیانی ئەوان منیان پڕ کردبوو لە گیان و باوەڕ و ژیان.**

**خۆمم دەبینی لە دۆخی ئاخاوتندا بانگم دەداو ئاڵای مەملەکەتی کوردوستانی یەکگرتووم لەسەر ترۆپکی ئارارات دەچەقاند و لەگەڵ پێغەمبەرەکاندا گفتووگۆم دەکرد.**

**مێرولەکان؛ مێرولە سپیـیەکان تێم وروکابوون.. بە هەموویان لە چاوتروکانێکدا سەر تاپای منیان داپۆشی؛ دەتگووت تەرمێکی سپیی ڕۆشنم! ڕێگاکان بە ڕێچکەی مێرولەکان سپی سپی دادەپۆشران.. هەستم دەکرد- ترس - دەروونی منی بەجێ هێشتووە.. هەستم دەکرد کەرامەتم تەواو گۆش بووە.**

**کۆمەڵێک حەزرەتی مەسیحەکان و مارياکانم بینی.. گشتیان لەمن دەچوون، من لەوان دا- ئەوان لەمن دا زۆر دەبووین.. دەمبینی دەست بۆگیانم دەبەن.. لەناو نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەدا خۆمم دەبینی ڕاکشاوم - لەبەر دەستی ئەواندا.. دەمبینی  مێرولەکان گشتیان خەریکی هێنانی دەزوولەکانی تیشکن – لەگیانی من. گشتیان خەریکی چنینی کاڵای بەری من بوون. ئەوان لەکار کردن ماندوو نەدەبوون.. بەردەوام لەتەنافەکانی سەرم وەک گلۆڵە دڵیان دەچنی.. سەیر بوو لەلام هەستم دەکرد لەگلۆڵەی سپی دەچم، لە گلۆلەی تەنافەکانی جاڵـجاڵۆکەی سپی.. ئەوان شیش وخورییان لەدەست بوو، دڵیان لەگلۆڵەی تەنافەکانی من دەچنی.. دڵی سپی سپی.. پاشان دەمبینی دڵەکان دەڕوێنن، خوودی حەزرەتی مەسیحەکان دڵە سپی یەکانیان لە دەستی مارياکان وەردەگرت ودەیانڕواندن ؛ یان دەیاندانە دەم باکان تا بمبەن بۆ شارەکان و وڵاتانی دوورو نزیک.. دەمبینی دڵەکان زۆر دەبن!**

بینیم بانگم دەکەن.. لەهەمان کاتدا کە بانگیان دەکردم، من خۆمم نەدەدی! نەمدەزانی لەکوێم! لێیان دوور بووم ! کەچی لەبەر دەستیشیاندا بووم! چونکە هەڵیان دەوەشاندم و دەیانچنیم.. سەرگەرمی چنینەوەی هەڵوەشاندنەوە بوون ئەوان.. من کەمم نە دەکرد.. بەڵام زۆر دەبووم. وەک ئەوەی ویستێکی نادیار سەرگەرمی چنینی من بێت، و ئەوانیش سەرگەرمی هەڵوەشاندنەوە!

بیرم لەدواپارچەی خەونەکانم دەکردەوە.. یادم دەهاتەوە کە لەکۆی پایتەختی وڵاتەکانی هەموو جیـهاندا.. ڕێگەیەکی ڕۆشنم دەدی.. دەمبینی هەموو ئافرەتانی جیـهان، هەموو جوانەکانی جیـهان، هەموو خێر خواکـانی جیـهان ڕژابوونە سەر شەقامەکان! خۆیان نیشان دەدا دژی دێـوەکان.. دەیانفەرموو: ئازادی بۆ هەموو میللەتانی سەرڕووی زەوی.. ئاشتی وئازادی وعیشق بۆ جیـهان، بۆ ژیان بۆ مـرۆڤایەتی.

پیر فەرمووی لێکردم تا حەزرەتی نوح-م پێ بناسێنێت.. چونکە فەرمووی گوایە ڕۆمانەکەم دەست پێکردنی نابێت ئەگەر دووپاڵەوان بەیەکتری نەگەن.

بەڵام من دەربەستی ئەوە نەهاتم.. چونکە هەر لەو ئان وساتەدا بوو من گیانی بوونەوەرم لەخۆمدا بینی.. لەو کاتەدا کە نیوەی لەشم لەدەرەوە بوو، نیوەکەی تری لەشم لە چنگی ژوورەکەمدا بوو! لەو کاتەدا کە هێلکەیەک لەئاسمانەوە کەوتە خوارەوەو شڵپ دای بەسەرمدا، لەو کاتەدا کە لایەکی ئاسمان بە دووکەڵی ڕەشی قینی دێـوەکان پڕ بوو.. لەو کاتەدا کە مـرۆڤێک دەمرێت مـرۆڤێکیش لەدایک دەبێت.. لەو کاتەدا کە پیرو جاڵـجاڵـۆکەی پیرۆزو سپیم تیا دی.. فریشتەکانی ئیلهام و هونەرو سرۆش و فەڕم تیادا بینی.. لەو کاتەدا کە لەقلەقێک پەیامی بوونـەوەری بەتەقە تەق بە گوێمدا خوێند.. لەو کاتەدا کە دابەش دەبووم بەسەر ویژدانی جیـهاندا ویەک دەبووم بەگیانی مەخلووقاتەکان.. لەو کاتەدا کە مـرۆڤ هەموو دڕندەکانی ناوەوەی خۆی دەورووژاند.. لەوکاتەدا کە مـرۆڤ دەبوو بە دێو پەرست و مەبەستدار پێی دەنا بە گیانی خۆیدا وتاوانەکانی زۆر دەکرد.. لەو کاتەدا کە من لەتاو تەنـهایی نەمدەزانی چی بکەم.. لەو کاتەدا کە پاپا بەنێدیکت بە دەنووکی دێـوە قەل شێوەکان لەگەڵ ئیمام ومەلاو قەشە جامبازەکان بەرەو دۆزەخی کردەوەکانیـان فڕێ دەدران.. لەوکاتەدا کە لێبووردنی من لە دایک بوو و بەزەییم دەهاتەوە بە سیمای ترساو و نەخۆش و کەنەفتی جیـهاندا: لەو کاتەدا زەمین زریکەی لێهەستا!

زەریاکان هەستابوونە سەر پێ، شەپۆلەکان شەقیان لە شاخە بەستەڵەکەکان هەڵدەدا، باکان دەیانلووراند، هەورەکان تووڕە دەبوون لە یەکتری وەک مـرۆڤەکان. و وەک وڵاتە دراوسێکان! گوێم لە قریشکەو بروسکە و دەنگی پیرۆزی فریشتەی ڕزگاری و نەجات بوو.

لەو کاتەدا کە زەریا شەقی لەکەرامەتی بەستەڵەک هەڵدەدا.. هەورەکان گرماندیان و پەنجەی بروسکەی تیشک و نەڕەی دەنگی هەورە ڕەشەکان ، دڵ و ویژدانیان ڕادەتەکاند.. بروسکەکان پەیتا پەیتا تاریکییان ڕاو دەنا! لافاوێک هەستا.. مـرۆڤێک لە کەلەی سەری مندا لەدایک بوو.. تاکو تەنـها لە ئارارات وەک منداڵ فڕێ درابوو! بۆمبا بارانییان دەکرد دێـوەکان.. سنگی جوان

وناسکی ئاراراتیان دەبێژا بە چەکی کیمیایی، بە ناپاڵم و تۆپ وفڕۆکە.. دێوەکان کەوتبوونە وێزەی زاگرۆس وحەمرین و بارزان وبادینان، بۆتان، قامیشلی، مەریوان، مەهاباد، جزیرەو تا ئەرمێنیا و جۆرجستان. ئاگریان لە جەرگی زەمین بەر دەدا دێوە بێ کەرامەتەکانی جیهانی یەکەم و دووەم. دێوەکانی ڕووس و ناتۆ و ئۆپیک و زلهێزەکان.. قوڕو قەپ هەڵدەلەرزین.. دەترسان لە تەماشای کردەوەکانی خۆیان و هەر یەکەیان بە جۆرێک لەوی تر و لە دراوسێ وڵاتەکانی خۆی دەترسا و هەر یەکەیان پەلە تر لەوی تریان هەوڵی کڕینی چەکی نوێتری دەدا و لە ترسا بچووک دەبوونەوە سیاسەتمەدارو خواناس و تیۆلۆگ و سۆسیۆلۆژەکان. چونکە شەڕ و کەلتوری شەڕ و فەرزیاتی شەڕ بوو بوو بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی هونەرمەند و ئەدیب و ڕامیاریزان و زانایانیش. وایان دەزانی بە شەڕ جیهان ڕزگاری دەبێت !

منداڵێکی داماوو گوناح! کەسی نەبوو! لەکەس نەبووە.. مرۆڤێکە لەوەتەی لەدایک بووە دەکوژرێت.. ئادەم بوو، حەوابوو.. نوح بوو، بوودا بوو ئیبراهیم بوو=زەردەشت..هەموو پێغەمبەرەکانی تیابوو.. گوناحەکاتی گشتیانی کردبوو.. نازانم چۆن! بەڵام لەو کاتەدا کە زەمین خوێنی بەر بووبوو.. مرۆڤێک لە ئارارات ڕووت و قووت وەک کۆرپە لەدایک بوو.. هیچی بەسەر نەهات.. فریشتەکان مام خدریان بۆ نارد تا گیانی گۆش بکات! بەڵام لەبیرم نەبوو پێتان بڵێم کە کاتێک مام خدر ئەو منداڵەی دۆزییەوە! منداڵەکەی بە حەسرەتێکی هێندە پڕ لە خۆشییەوە هەڵگرتەوە.. ئەوی هێندە بە حەشمەتەوە نا بە بەرۆکی خۆیەوە، منداڵەکە لەشی لە گیانی جیا بووەوە! چونکە لەشی بە لووتکەی( بەگۆی مەمکی) ئاراراتدا نووسابوو، هێندە عاشقی لووتکە بوبوو!

توونـد، زۆر توونـد مژی لە گۆی مەمکی ئارارات دەدا.. بۆیە ـ کە مام خدر ئەوی هەڵگرت، لەشی ئەوی بۆ هەڵنەگیرا هێندە قوورس بوو.. ئەو منداڵە هێندەی ئارارات قورس بوو.. تەنانەت بوبوو بە پارچەیەک لە ئارارات.. بۆیە مام خدر گوناهی نەبوو! خەڵکیش گوناهیان نەبوو کە کوێرو گیان نەدیدە بوون..

لەو کاتەدا مرۆڤێکی بێوڵات وبێئاڵا هاتە بەر دەمم.. لەمندا لەدایک بوو! مرۆڤێک کە توانیی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت بەبێ دایک بەبێ باوک لەم ژیانە سەختەدا بژی وپارێزراو بێت. بەرەو ڕووم دەهات (لە یادما، کات دووپات و ڕووداوەکان دووپات دەبوونەوە)، وەک پەیکەرێک، وەک کەشتییەک، وەک مرۆڤێک لەتیشکی سپی! سێبەرەکەی لە جاڵجاڵۆکە دەچوو.. مێرولەکان تێی وروکابوون.. شێوەی زۆر سامناک بوو، لەچاوترووکانێکدا دەبوو بە هەموو مرۆڤایەتی.. کاکێشان لەسەریدا جێگەی دەبووەوە! پڕ بوو لە گوڵە پەپولەی سپی؛ زۆر مەزن بوو. هەستم دەکرد تەماشای ئاوێنەیەک دەکەم.. لەوێدا شتەکانم لەخۆمدا پێچەوانە دەبینی. تەنانەت ژیان و گیان و تەمەنی خۆمم وەک یەکەیەک دەبینی، کات لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاسایی بە ڕێوە دەچوو، کەچی لە بیری مندا کات چەقیبوو.

واقوڕماو ڕاوەستابووم، هەستم دەکرد تاکو تەنهام لە ئارارات بەجێ ماوم، هەستم دەکرد من ئەو منداڵەم کە مام خدر گیانی گۆش کرد ولەشی لەوێ بەجێهێشت! هەستم دەکرد بیری گیانی خۆم دەکەم؛ لەوێ! تاکو تەنهاو بێکەس لەئارارات بەجێماوم! وەک ئەوەی سەردەمێک بێت چاوەڕوانی هاتنی؛ یان بێدار بوونەوە و دۆزینەوەی گیانی خۆم بم.

هاتە بەر دەمم.. کتووپڕ گەیشتە لام وسڵاوێکی پڕ شکۆی لێکردم. پاشان پێی فەرمووم: جەژنت پیرۆز بێت! ئەمڕۆ ئاهەنگی لەدایک بوونی حەزرەتی نوح-ە.. ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە..فەرمووم: جەژنت پیرۆز بوو؟ فەرمووی بەڵێ.

پێی فەرمووم من تۆم، تۆش منیت.. فەرمووی خۆشحاڵم بەناسینت.. تۆ کێیت؟ ڕاستە تۆ منیت؟ منیش تۆم.. ئێمە پێکەوە مرۆڤین، بوونەوەرین . فەرمووم: ڕاستە ئێمە خواکانمان دروست کردووە؟ ڕاستە ئێمە مەرگ و نەخۆشی وپیریمان کردۆتە بەری مرۆڤ؟ ڕاستە دەتوانین بوونەوەر بناسین؟ ڕاستە دەتوانین واز لە درۆ بهێنین؟ دەتوانیین فێری لێبووردن بین؟.. دەتوانین پێکەوە ئیمام ومەلاو فەقیرو ڕاهیب وموونکەکان ومووریدەکان لە دەنووکی زبری قەلەڕەشکەکان دەرباز بکەین؟ دەتوانین کات ڕابگرین؟...

فەرمووی: بەڵێ، دەتوانیین. پاشان فەرمووی: حەز دەکەیت ببیت بەچی؟ فەرمووم دەمەوێت ببم بە حەزرەتی نوح و نمایندەی باوەڕی جوان، ئاکاری جوان و وتاری جوان.. فەرمووی ببە. منیش بووم بە خێرێکی پەتی.

تا ئەوکاتە شپرزە خۆمم دەبینی؛ چونکە دڵتەنگ بووم بە هەڵمەت هێنانی دڕندە باڵدارەکان بۆ سەر مزگەوت و کەنیسەکان.. چونکە من دەمویست جیهان ڕزگار بکەم، بە لێبووردن، بە خۆشەویستی، بە هاوژیانی و هاوکاری کردن.. من دەمویست شەڕیش ڕزگار بکەم؛ چونکە ئەویش شەکەت و ماندوو بو بوو؛ چونکە شەڕ لە خۆی تووڕە بوبوو.

(ڕاستەوخۆ چنگم کرد بە دەروونی جەهەننەمدا.. پاپا بەنێدیکت وئیمام و قەشە و مونکەکاکم لە دەنووکی تیژی قەلەڕەشکەکان دەرهێنا.ئەوانم لەبەردەمی خۆمدا دانیشاند، واتە لە بەردەمی درەختی زەماندا.. پاشان بەوانم فەرموو: لێرەدا پشویەک بدەن..لەکتێبی دووەمدا ئامۆژگاریتان دەکەم. ئێوە دەبێت فێری پەرستنی ئایینی نوح بن، دەبێت فێری پەرستنی جوانی و فەلسەفەی هونەر بن.)

فەرمووی: مەترسە ، بڕوانە، بڵێ، ببیستە، ببە بەوەی کە دەتەوێت. فەرمووم بەڵێ. فەرمووی بنووسە بەناوی منداڵ، بە وەفای ئافرەت، بە کەرامەتی پێغەمبەران، بەناوی پیاوەوە، بەناوی جوانی و هونەرەوە بنووسە ، وێنە بکێشە، گوێ لە دەنگی دەروون بگرە. فەرمووم بەڵێ؛ فەرمایشتە.

بۆیە بەمەرج وگرنگم زانی دەست بکەم بەنووسینەوە.. نووسینەوەی ئەفسانەکانی خواکـان وپەیامی بوونەوەرەکان.. وامەزانە کەمن شتێکم گوتووە یان فەرمووە.. نا من هێشتا هیچم نەگوتووە.. من بابایەکی پەنابەرم هێشتا لەچنگی ژوورەکەم دەرباز نەبووم.. هێشتا شێت نەبووم.. بەڵام دراوسێکانم مقۆمقۆیانە.. دەوروبەرم شەرمم لێدەکەن.. نازانن چۆنە من هێشتا لەسەر پێی خۆم ڕاوەستاوم.. هەموویان دەبینن من وەک تاکێکی دابڕاو لە گەلی نـوح لەسەر ترۆپکی ئارارات ڕاوەستاوم و بۆنی بارووتی ناپاڵم و زەهری کیمیایی دەکەم.. دێـوەکان کەوتوونەتە وێزەی میللەتی نـوح، هەتکیان دەکەن، سەریان دەبڕن، سەرمان دەبڕن! بەدرێژایی مێژو لەناومان دەبەن.. داگیرمان دەکەن، بۆمبابارانمان دەکەن تا بازاڕی سەرمایەدارەکان بگەڕێت. دێوە زلهێزەکانیش خۆشیی خۆیان و وەچەکانی داهاتوویان لەسەر گۆشت و خوێن و گیانی میللەتی نوح بنیات دەنێن! جا لە ئەژماردەی نەخۆشییەکانیان سڵ ناکەنەوە! وا دەزانن کامەرانن، کەچی خۆیان پیس و چەپەڵتر دەکەن.

بەڵام ئێمە هێشتا خەندەکانمان نەدۆڕاندووە.. هێشتا هیواکانمان زینـدوون.. هێشتا باوەڕمان بەنەوەی نـوح مەتینە..هێشتا فێری ترسان لە دێـوەکان نەبووین، فێریش نابین.

جا خەڵکینە من بەم فەرموودانەی حەزرەتی نـوح ـکە سرۆشی خەونەکانمن و دەیانبینم، ڕوودەکەمە ویژدانی مـرۆڤایەتی، گەر ویژدان ماوە! ڕاپرسیتان دەکەم ئاخۆ حەز دەکەن دەست بکەم بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو؟ ئایا وەک خوێنەر لەمن ڕادەبینی کە بتوانم برەو بە ئەفسانەکانم بدەم؟

ئەگەر بێت و دادگایەکی خێرمەند لەسەر زەوی هەبێت، دڵنیام حەز بە بیستنی چیرۆکەکانی نـوح دەکەن، منیش خۆشحاڵ دەکەن بەوەی زیاتر گوێ بنێم بە سینەی گەردوونەکانەوە و باسی ئەو چیرۆکانەتان بۆ بکەم کەلە هەواو لە باکان و ڕووناکیدادا ڕواون.. چونکە باکان؛ هەڵبەتە دوای خەندەکان مەملەکەت ونیشتیمانی دووەمی گیانن، نیشتیمانی یەکەمیشیان تیشکی خۆر و ڕووناکییە. چونکە خەونەکان، کردارەکان نەمرن، وشەکانیش هەمان شێوە.. منیش ئەو خەونانەم دیوە.

من گەشبین نیم بەرامبەر بە تێگەیشتنی مرۆڤە دێوپەرستەکان.. چاوەڕوانیش نیم ڕایەکی گشتیم بۆ بدەن و کەس سەری خۆی بە دۆزی منەوە قاڵ بکات، بەڵام من لە گیانی ئاێینەکانتاندا هەم و دەژیم، چونکە من پەیامبەری هونەرو جوانـییم، هاتووم بەسەر ئاێینەکانتاندا بچمەوە، یاساکانتان پڕن لە خەوشی ئایینی، یاساکانتان دەبینم- دەمیان خوار بووە.. تووشی شەلەل بوون.. من زۆر بوونی دێـوەکانی ناو دەروونتان دەبینم، هەست بەبێکەرامەت بوونی مـرۆڤایەتی دەکەم.. هاتووم پەیامی هونەرتان بەدیاری پێشکەش بکەم.

مێرولەکان فەرموویان: ئەی نـوح-ی جوانپەرست.. نیازمەندیت لە کتێبی دووەمدا باسی چی بۆ مـرۆڤ بکەیت؟ فەرمووم: باسی ئـێوە. گەر بتوانم برەو بە ژیانم بدەم، باسی وانەکانی حەزرەتی

جانەوەرەکان بۆ منداڵان دەکەم.. چونکە مامۆستاکانی ئەوان" مێرولەکان" لە دەسەڵاتی کپ و زانستی گاڵتەو قۆشمەی ژیان دەزانن.. ئەوانە- وانەن- لە وانە چڕو ناکۆتاییەکانی زانستی خامۆش.

مێرولەیەک فەرمووی: ئەوە چیتە حەزرەتی نوح؟! بۆ وا خەیاڵ دایگرتویت و دەڵێی کەشتییەکەت نووقم بووە! بیر لەچی دەکەیتەوە؟.. منیش لە خەیاڵەکانم هاتمە دەرەوە و وەڵامێکی ڕاستی ئەوم دایەوە، فەرمووم: بیر لەو ئافرەتە دەکەمەوە، کە میوانی خەیاڵم بوو، ئافرەتێک کە دەمبینی و تەنها لە ناو ماڵێکی چۆڵدا ڕووت و قووت بە دیار ئاوێنەیەکەوە ڕاوەستابوو و تەماشای خۆی دەکرد و خۆی هەڵدەسەنگاند.. ڕاستە باڵەکانیم نەبینی، بەڵام لە فریشتە دەچوو، لەو فریشتانەی کە هەندێک جار دەکەونە خوارەوە و باڵەکانیان لێ دەسەنرێتەوە لە ئاسمان. گەرچی جوان و ناسک بوو؛ بەڵام بە پێودانگی خۆی، خۆی ناشیرین دەهاتە پێش چاوو و ناجۆر خۆی هەڵدەسەنگاند. لەبەر خۆیەوە بە وێنەی پێچەوانەی خۆی دەگووت: ئەگەر زەڕڕاتی خوا لە هەموو گیانلەبەرێکدا بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت هەموو شتەکان جوان بن، هەروەها منیش.

لەو بیرانەدا بوو، شیعرێک بوو بە ئیلهام و لە خەیاڵ و بیریدا نەخشی بەست:

## فریشتە

تەماشای چی دەکەی؟ بیر لەچی دەکەیتەوە و چاوەڕوانی چییت؟

دەڵێی هێشتا بە دوای باڵەکانتا وێڵی، وا سەرسام و ڕووت بە گەردوونی خۆتا دەگەڕێی بێ باڵ!

هەست بەچی دەکەی؟ وا ئاسمانەکان تەی دەکەیت و هەسارەکان دەپشکنی؟!

جا باڵەکان هەبن یان نەبن، دادت نادەن نازدارەکەم، کە تۆ؛ هەر بگەڕێیت و ئاسمانەکان تەی کەیت، بەدوای باڵی وون، و خواکان و فریشتەکانی سەر شانتا بگەڕێیت!

چونکە گشت ئەوان لە ئاسمانی تۆدا هەن و هەست بەتۆ دەکەن و تەماشای کەرامەتی تۆ دەکەن.

جا هەست بە جوانیی خۆت بکە، خانمەکەم، تا فریشتەکان گلەیی لە خواو خواکان نەکەن.

مێرولەکان فەرموویان: شیعرێکی جوان بوو-قوربان. تۆ بڵێی ئافرەت خواوەند نەبێت؟ منیش لە وەڵامدا فەرمووم: ئەوان خاوەنی بوونەوەرن. لە ناویاندا هەیە کە دەشێت باوەڕ بە زانستی

**خامۆش بکات.. ئەوانە نموونەیان کەمە و لە توخمی مرۆڤی پیرۆزن.. ئەوانە هێشتا لە مرۆڤ دەچن!**

**تابلۆی ئافرەت**

**شەوێک لە شەوان تاک و تەنها دانیشتبووم، سەرم نابوو بە سەری ئەو مێرولانەوە، کە لە دەروونمدا دەژیان. هەستم بە تەنهایی دەکرد لە ژووری تەنهای زیندانەکەمدا و، ماڵ و منداڵ و گەڕەک و شار نووستبوون. من نوێژم دەکرد، بۆ جوانی، بۆ فریشتەکان، و لە ئاسمان و ئەستێرە و سروشت دەپاڕامەوە.. وازم لە پاڕانەوە لە خواو خواکان هێنابوو.. چونکە ئەوان لەمێژە منیان دڵنیا کردووە کە نایەنەوە ناومان و پشتیان کردۆتە کەرامەتی مرۆڤ و دێو و دێوپەرستەکان.**

**ئەو شەوە مێرولەکان بۆ من گریان، زۆر گریان، منیش مۆمێکم داگیرساندو برەومدا بە نوێژەکانم.. پاشان ڕوانیمە ئاسمانی بەرین و قوڵایی گزنگی بەیان.. تا تەواوبوونی کێشانی جگەرەیەک بیرم لە ئافرەت و جوانی دەکردەوە، بیرم لە کەرامەتی ئەو ئافرەتانە دەکردەوە کە ناویان هاتووە لە کتێبەکانمدا.. ئەو ئافرەتانەی کە هێندە جوانن- نەبێتەوە. هەستم تەنها ئافرەتێکی دەهێنایە بەر چاوم، کە ناتوانم پێناسەی بکەم، لە جوانی و شکۆ و کەرامەتیدا. ئافرەتێک کە لە سەرنجی یەکەمی خودی خواوە بەر لە دروستبوونی ئادەم بوونی هەبوو.**

**بیرم لەو سەرنجە دەکردەوە کە خواوەند ئاهورامازدا گرتییە حەزرەتی ئادەم، پاش ئەوەی کە دەستی هەڵگرت لە تەواوکردنی حەزرەتی ئادەم.. وەک لە کتێبی پەیامی خواکاندا ئاماژەم پێدا؛ کاتێک کە خواوەند ئادەمی دروستکرد، تەماشایکرد، ئادەم خاوو خلیچک و ناتواناو ئیفلیجە و ناتوانێت خۆی بەرێت بەڕێوە ونەخۆش و ناتواناو زەلیلە!.. خواوەند پشتی کردە ئادەم.. بەڵام ئادەم کە تەنانەت هێشتا ژێی قورگی تەواو نەڕسکابوو، بۆڵە و غەڵبە و نووزەی لێوە هەستا، و داوای یاریدەی لە خواوەند دەکرد.**

خواوەندیش هەستی بە بەزەیی کرد و ئاوڕێکی لەو دایەوە و تەماشایەکی گرتە ئەو. ئەو تەماشایە خوودی تروسکە و بەرق و تیشکی گیانی خۆی بوو، پەڕییە ناو لاشەی نیمچە بێگیانی ئادەمەوە و حەوا- بوو بە دەروون و گیانی ئادەم. ئیتر ئادەم وەک هەرزەکارێکی بە گوڕو تاو هەستا و هەستی بە توانای خۆی کرد. دەستی برد بۆ ناخی خۆی و گیانی حەوای لە لەشی خۆی دەرهێناو تەماشای کرد! یەکەمجاری بوو ئادەم توانیی هەست بە جوانی و هۆش و بیرو گیان بکات، و کە تەماشای ئەو کەرامەتەی کرد؛ هەستی کرد جوانی پیرۆزترین ڕەونەقی خوایە. بگرە هەستی کرد کە جوانی خودی خواوەندی هەموو خواکانە. ئیتر، دۆش داماو هەستی بە سۆزی پەرستن و پەرستاری کرد.. چونکە بینیی گیانی پڕ بووە لە بەزەیی و نووری خوای ڕووناک.. هەستی بە عیشق کرد. عیشقێک کە ناکۆتایی بوو.. هەستی کرد ئەو پەیکەرە ڕۆشنەی کە پەڕییە ناو گیانییەوە، جەوهەری خواوەندی مەزن بوو، ئیتر بە ئەمەکەوە گەڕاندییەوە جێگەی خۆی لە ئاسمانی هەشتەمین. ئەمە بوو باسی جیابوونەوەی لەشی ئادەم و حەوا، گیان و لەش.

ئیتر ئادەم لە پێناوی باوەڕ و ئەمەکی خۆیدا، بە گەردووندا وێڵ بوو، چونکە گیانی حەوا ئازادییەکی پەتی بوو و لەگەڵ ڕووناکیدا یەکیگرت.. ئیتر بوونەوەر زرمەی کرد و هەسارەکان و گەردوونەکان کەوتنە ئاتەش فشان و خۆ ڕستن و دروستبوون.. شتەکان بەرەو بچووکبوونەوە دەچوون کاتێک کە زەمین دروست بوبوو بەر لە ئادەم. بەر لەوە شتەکان وەک توورەکەی سپیی گازو تۆزو شلە لە ئاسماندا دەسووڕان.. ئەوسا زەمین وەکوو ڕووی سینییەک تەخت بوو! بەڵکوو هەموو هەسارەکان و تەنانەت خۆرو مانگ و ئەستێرەکان وەک سینی وەها بوون- لە ئاسماندا دەگەڕان. ئەوسا مرۆڤ چوارپێ نەبوو، بەڵکو شکۆیەکی ئەفسانەیی هەبوو. دەیتوانی وەک بیجمالیۆنی پەیکەرتاش مەخلوقات دروست بکاو خۆیشی گیانی بەبەردا بکات. مرۆڤ وەک ئەمە نەبوو، کە ئێستا چاومان دەیبینێ و ئافرەتیش هەمان شێوە. بگرە زاووزێ کردنیش تەنها بە فرمان و ویست و حەزی داهێنان بوو.. ئادەم، حەوا، دەیانتوانی بڵێن ببە و لە فەنتازی هەر بوونەوەرێکیان دەرەخساند.. بەڵام مرۆڤ تەنها بەری خۆشەویستیی نێوان یەکگرتنی گیانیی ئادەم و حەوا بوو.

ئیتر، دایە حەوا لەو کاتەوە ئازادە و هێشتا لەگەڵ ئادەمدا یەکی نەگرتۆتەوە. من باوەڕم بە یەکبوون هەیە. چونکە کاتێک کە مرۆڤ ، واتە هەردوو نەژادی نێرو مێ، بە ڕاستگۆیی یەکدەگرن، نورێکی ڕۆشن لە دەرەوەی بوونەوەر دێ و دەروونیان دادەگیرسێنێت و ئیلهامێکیان پێ دەبەخشێت. چونکە بەر کەوتنی نێوان لەشی نێرینەو مێینە، دەبێت لە پێناوی ئامانجێکی پیرۆزدا بێت. مرۆڤ دەبێت لە نزیک ئافرەتەوە چاودێری ئاشتی و دڵنیایی بێت. چونکە ئەوەی دەست بۆ کەرامەتی ئافرەت دەبات و تەعدای لێ دەکاو لێی دەداو داگیری دەکات- دێوە. ئەوەی نەتوانێت گیانی خۆی بە هەستی فێمینین گۆش بکات؛ با بێت و وانەکانی من فێر بێت. چونکە من نوێژ بۆ جوانی دەکەم.

بەم هەستانەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد ئەو شەوە، کە شەوێکی درێژی هاوین بوو، کە شەوو ڕۆژ تێکەڵ بە یەک بوبوون.. نوێژم بۆ جوانی دەکرد بەدەم کێشانی جگەرەیەکەوە.. بیری حەوام دەکرد، بیری سارا و ماریا و دۆعا و ئاشتی و هەوارو بیری لیناو ئەناهیتاو ئەنالیزام دەکرد.. تیشکی شەبەقی بەیانی ـ سووراوی لێوەکانی ئاسمانی دەکرد بەر لە هەڵهاتنی خۆر، و منیش بێشەرم تەماشام دەکرد. تەماشای سوراوی پرتەقاڵی و ئەرخەوانیی سووربا‌و.. گەرچی هەستم دەکرد کە بوونەوەر ڤێمینینە، کەچی بیری ئافرەتێکم دەکرد کە لە منداڵیمەوە خۆشم دەوێ و دەیپەرستم و بیری دەکەم و بۆی دەگەڕێم.. هەستم دەکرد ڕۆژی سەدجار دەیدۆزمەوەو سەد جاریش وونی دەکەم!

بەر لەوەی جگەرەکەم تەواو بکەم، و پەنجەرەی ژوری زیندانەکە دابخەم؛ بینیم هەورە کۆچەرەکانی دەم باکان، پەیکەرێکی مەزنی پرتەقاڵی شێوەی نیمچە سپییان لە ئاسماندا نەخشاند، پەیکەری ئافرەتێکی مەزن.. کە پشتی لە من بوو و منیش تەماشام دەکرد.. هەستم دەکرد، بیرم دەکرد وبۆنی باکانم دەکرد. ئیتر لە ئومێدێکی خۆشنوودانەدا چوومە ناو جێگەی خەوو ڕوو لە ئاسمان ڕاکشام.

زۆری نەبرد پەڵە هەورە پرتەقاڵییەکە لە یادم دەرپەڕی و تەماشایەکی ناو ژووری زیندانەکەمی کرد و بەسەر سووڕمانەوە دەستی نایە ژێر چەنەی پرتەقاڵیی و بە چاوە هەڵمینە کوژەکەییەکانی تەماشایەکی کردم و فوویەکی لەو پەرچەمە لوولەی کرد کە لەسەر چاوی ڕاستی خەم بوو! ئەوجا بە نیانی و دەنگێکی بەسۆز و گریاناوی فەرمووی: تۆ لێرەدا دەژیی ئەی حەزرەتی نوح؟

منیش پاش کورتە تەماشایەک ،سەرم داخست و هیچم نەووت. فەرمووی: کوا؟ من بۆنی ڕەنگ و تابلۆو فڵچەکانت ناکەم! دەڵێی وازت لە وێنەکێشان هێناوە!؟ ئەوە بۆ هێندە ماندوو شەکەت و داماویت؟

من هیچم نەوت.. هیچم نەبوو تا بیفەرمووم، چونکە ئەو من و ژیان و ژووری زیندانەکەمی دەبینی.. ئیتر خۆی بۆ نەگیرا و هات بەلامەوە.. دەستی بە نەرمی برد بۆ ژێر چەناگەم و فەرمووی: ئەی نازانیت کە دەروون زامدار دەبێت بەوەی کە تۆ لە هونەر دوور بیت؟ ئەی نازانی کە باکان و مێرولەو هەورەکان تۆ دەناسن و تۆیان خۆش دەوێت؟ من وەڵامم نەبوو.

فەرمووی: دێوەکان کەرامەتیان نییە، و لە هونەر و جوانی دەترسن.. جا ئەگەر حەزرەتی نوح نەتوانێت لەناویاندا بگات بە مەرام، دەبێ چاوەڕوانی چی لە مرۆڤ و دێوپەرستەکان بکەین؟ من هیچم نەوت.

ئیتر پاش کەمێک بێدەنگی، بینیم کە پەڵە هەورە پرتەقاڵییە ڤێمینینەکە، تەلاشی بوو بە کازیوەی بەیان؛ پاش ئەوەی بە زویری جێژوانی جێهێشتم!

له حەشمەتا لە خەو هەستام و توانام نەما لەناو جێگەکەمدا ئۆقرە بگرم، خۆمم لە خەون هەستان و بە شەماڵدا نامەیەکم بۆ نارد.

مێرولەیەک کە تەرمی مێرولەیەکی تری بە دەمەوە بوو و دەیویست بیبات - بینێژێت، مێرولەکەی بە هێمنی لە دەمی دەرهێناو فەرمووی: بەڕێز چیت لە نامەکەتدا نووسیبو و بۆ کێت نارد؟
فەرمووم: بۆ هەورەکان و نیشتیمانی نوح. فەرمووی چیت نووسی؟ چیت فەرموو؟ فەرمووم: من ئەم نهێنییانەم لای کەس نادرکێنم.

مێرولەکان فەرموویان: ئاخر بەڕێزتان دەزانن کە هەندێک لە ئافرەتان نهێنییەکان ناپارێزن.. ئەوان دەچن بەدوای هەواڵی خراپەدا دەگەڕێن و هەواڵی جوانیش نابیستن. فەرمووم: ئاخر بۆیە زووربەیان دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە دەبن، چونکە سزای خۆیان دەدەن.. چونکە لە جوانی ناگەن و باوەڕیان تاریک بووە. جا کە چرا نەوتی تیا نەما و مۆم شەمی لێ بڕا، دەکوژێنەوە. جا کاری من ئەمەیە کە فێریان بکەم، کە جوان بینی و جوان ووتن و جوان تێفکرین سروشتی ئافرەتی جوان و ژیرو کارامە و تەندروستە و ئەگەر دەیانەوێ لە زانستی جوانی بگەن، دەبێت بێن و بە ڕۆنی نێرگز فریشتە ساواکانی ناو دەروونم بشێلن. ئەوسا منیش زانستی خامۆشیان فێر دەکەم.

ئافرەت نابێت بیر لە خوودکوژی بکاتەوە، چونکە ئەوان شایەنی ئەوەن هەمیشە کەسێک هەبێت کە دڵسۆزو هاودەمیان بێت. ئافرەت نابێت ناچار بکرێت خۆی بە هەرزان بفرۆشێت. گەر وەهاشی کرد، گوێی لێ بگرن، تا دڵنیا بن، تا بزانن هۆکاری خۆفرۆشییەکەی چییە! ئەوسا ناجۆر تەماشای بکەن.. تا خۆیان لە خۆیان دەبوورن، و ئێوەش لەشیان مەکڕن، چونکە ئێوەش دەبن بەوان- کاتێک کە بەوان یەکدەگرن، چونکە تێکەڵبوونی ئەندامی، بەبێ تێکەڵ بوونی گیانی بەدی نایەت.

ئافرەت لە هەموو تابلۆکانی مندا فەرمانڕەوا و خۆشەویست و بەڕێزە. وا هەست دەکەم کە کەس نییە دەربارەی جوانیی و سروشت و کەرامەتی ئافرەت، هێندەی من هەستی هەبێت و ببینێت. چونکە من پەیامی حەزرەتی مارياکان و مەسیحەکان و ئەناهینای فریشتەی بەخت و بەختەوەری و ڕێنیشاندەرم پێیە. ئافرەت لای من ئازادییەکی پەتییە. هەندێکجار مرۆڤ دەبێت سەدساڵ چاوەڕوان بێت تا ئایدیاڵ نموونەیان چنگ دەخات.. بە بڕوای من خواوەندی من ئەگەر تاک بێت، ئەوا ناپیەرستم گەر ئافرەت نەبێت.. ئەگەریش کۆ یا زۆربن خواوەندەکانم، ئەوا بێگومان زۆربەی هەرە زۆریان فێمینین و جوان و لاو و بیرەوەرو خاوەن کەرامەتن. ئەوان دایکی ئاسمانەکانن. من و تۆش زادەی ئەوانین.

کاتێک کە تابلۆی ئافرەتم تەواو کرد و تۆمارمکرد، هاوسەرەکەم سارا=ماريا، هات لەلام دانیشت. پرسیی: ئەوە چی دەکەیت؛ خەریکی چییت؟

فەرمووم: سەرگەرمی تەواوکردنی دووەمین کتێبم، واتە بەشی دووەمی پەیامی خواکان. لە وەڵامدا بە پێکەنینەوە، ووتی: خۆ تۆ هێشتا پەیامی خواکان و بەشی یەکەمیت نەگەیاندووە بە چاپ و بڵاوت نەکردۆتەوە!؟

فەرمووم: بەڵێ، ئەوم لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کردۆتەوە. ووتی: جا چیت پێبڕاو چیت دەست کەوت؟ ئایا کەس دەیخوێنێتەوە و کەس تێت دەگات؟ فەرمووم نەخێر، جا کێ ئینجیل و تەورات و مەهابەهاتراو ڤیداکان و داستانەکانی یۆریبیا و کۆنفۆشیۆسی خوێندۆتەوە ؟ دەتوانم خۆم لە وەڵامدا بفەرمووم؛ هەندێک. بۆیە دڵنیام لە نێوان ئەو هەندەشدا زووربەیان لە ئایینەکان و پەیامەکان تێنەگەیشتوون.. لەبەر هەندێش، دەزانم کە کەم هەن لە فەرموودە و ووتە و درووودەکانی من تێبگەن.

حەزرەتی سارا ووتی: باشە ناتوانیت بە زمانێکی سادە تر بنووسیت؟ ناتوانی واز لە چنینی دێڕی درێژ بهێنیت و ڕستەی کورت تر بنووسیت؟ فەرمووم: بەڵێ.. بەڵام من بە زمانێکی ڕەوان و سادەتر دەنووسم، بەڵام لەبەر ئەوەی باس لە خێرو جوانی دەکەم، کەس تێی ناگات. چونکە دێوەکان بازارەکانیان پڕ کردووە لە پۆزی قەپۆزی دێوە ئەمەریکاییەکان و گەوجەو گەلۆری شەڕو فیزو قین و تەعدا.. هەندێک هەن بە قورئان و ئینجیل و تەورات یاری دەکەن و شەڕ زۆر دەکەن. هەن خۆیان بە مرۆڤ دەزانن، کەچی بە سووک تەماشای بەرامبەرەکانیان دەکەن..کەم کەس هەن کە پەیامەکانی ئاینشتاین- و مەسیح-یان لەبەرە و ئەوانەش کە ئەوان دەناسن، هێشتا لەوان تێنەگەیشتوون! ووتی: چۆن؟

فەرمووم: چاک.. چونکە ئەگەر ئەوان لە پەیامەکانی ئاینشتاین بگەیشتنایە، ئەوا پێویستیان بە ئایرۆ مان و باتمان و ڕامبۆ و هیتلەرو ستالین و سەددام و موگابا و ئارنۆلد-نەدەبوو. بازارەکان نەدەبوون بە کاڵای شەڕ.. هونەر نەدەبوو بە کۆیلەی قین خرۆشان و گاڵتەجاڕیکردن بە بەهای جوان.. بەڵام جێگەی داخە، کە کۆگاکانی جیهانی منداڵان پڕن لە کۆماندۆی قەپۆز درێژ و تاریک پۆش و زرێپۆش و کەلەپچەو چەکی لێزەر، و سەرگەرمی شەڕی هەسارەکانن! ئێوە تێناگەن، ئێوە تەنها لە زمانی شەڕ و تەعداو داگیرکردن و ترس تێدەگەن،، ئێوە هێشتا لەسەر هیچ ئەستێرەیەک مەخلووقێکی شەڕانیتان نەبینیوە، کەچی ئێوە لە فلیمەکانی هۆلی وودا- شەڕ دژیان بەرپا دەکەن و فیزیان بەسەردا دەفرۆشن و وا دەزانن بە هێز- دەتوانن هەموو گەردوونەکان داگیر بکەن.

ئێوە ڕێخۆشکەرن بۆ دروستبوونی دەیان دیکتاتۆر لە جیهاندا، و هەر سەدەیەک دەیان دیکتاتۆر دروست دەکەن، تا بازاڕی چەکەکانتان نەڕوخێت. هەن وا دەزانن جیهان بە شەڕ ڕزگاری دەبێت. چەند گوناحن ئەوانەی بەو باوەڕەوە خۆیان بە مرۆڤ دەزانن!

بەڵام ئەگەر بێت و خێر خوایەک بێت و بڵێت؛ من پەیامبەرم.. ئەوا بە هەموویان، باشەکانیان لە خراپەکانیان زووتر هەڵمەت دەبەنە سەری! وەک ئەوەی کەسیان حەزیان لە ئازادی و

تەندروستی و جوانی شکۆ نەبێت. جا ئێوە دێوەکانی ناو دەروونی خۆتان نابینن. نازانن کە مێشکتان پڕ بووە لە کێشە و نەخۆشی و ترس و دەردو مەرگ و شەڕ! جا سوودی چییە من هەبم یان نەبم!؟

بۆیە من بۆ ئەو گەمژانە نانووسم کە باوەڕیان وایە، گوایە بە شەڕ دەتوانن دەست بەسەر خێردا بگرن. نا، ناتوانن. منیش پەیامەکانم بۆ ئەوان نییە. من لەوان نیم، چونکە ئەوان دەتوانن باوەڕی تۆش بەرامبەر بە من مۆلەق و نەخۆش بخەن. ئەوان باس لە پیسبوونی سروشت دەکەن- تا باس لە گەندەڵ بوونی ژینگەی دەروونی خۆیان نەکەن. ئەوان مێشکی مرۆڤ تەنها بە هەواڵی ناجۆرو بێئومێدو تافیهـ پڕ دەکەن، چونکە ناوێرن دان بە ڕاستیی پیس بوونی دەروون و مێشکی دێوپەرستەکاندا بنێن. چونکە ئەوان بەوە سەرشۆڕ و ڕووڕەشی لای مرۆڤایەتی و خوا و خواکانیان دەبن.

جا من بەم زمانە سادەیە دەنووسم، دەزانم تۆش تێم ناگەیت سارا خان، چونکە بازاڕی خێری من بە سوودی شەڕ ناگەڕێت و دێوەکان لێم زیزن و بە چاوی مەترسییەوە تەماشام دەکەن و پاسم دەکەن. جا من چاوەڕوانیی چی بکەم لەوانەی کە دەوری منیان داوەو لە خۆڕا کۆتیان کردۆتە دەم و دەست و چاوم، و نایەڵن باوەڕم بڵاو بێتەوە؟ ئەی نازانی کە من دواهەمین نووسەری ڕاستگۆم دوای یان بەر لە پاولۆکۆهێیلۆ؟ هەڵبەتە ئەو ڕاستگۆیی خۆی هەرزان فرۆشت، و ووشەکان بۆ مەبەستی بازاڕو گیرفان بەکار دەبات.

بە هاوسەرەکەم فەرموو: حەز دەکەم چەند دێڕێک لە تابلۆی ئافرەتت بۆ بخوێنمەوە، تا بزانیت ئایا سادەیە یان ئاڵۆز، لە بواری بەکار بردنی ووشەو ڕستەو کورت و درێژی و مەفهومەوە. گوێ دەگریت؟ ووتی : بەڵێ. منیش دەستم کرد بە هۆنینەوە و کۆپلەیەکی فەرموودەکان :(شەوێک لە شەوان تاک و تەنها دانیشتبووم، سەرم نابوو بە سەری ئەو مێرولانەوە، کە لە دەروونمدا دەژیان. هەستم بە تەنهایی دەکرد لە ژووری تەنهای زیندانەکەمدا و، ماڵ و منداڵ و گەڕەک و شار نووستبوون. من نوێژم دەکرد، بۆ جوانی، بۆ فریشتەکان، و لە ئاسمان و ئەستێرە و سروشت دەپاڕامەوە.. وازم لە پاڕانەوە لە خواو خواکان هێنابوو.. چونکە ئەوان لەمێژە منیان دڵنیا کردووە لەمەی کە نایەنەوە ناومان و پشتیان کردۆتە کەرامەتی مرۆڤ و دێو و دێوپەرستەکان.)

ئایا لەم کورتە باسە تێگەیشتی؟ ئایا ئاسان و ڕەوان نییە ئەم زمانەی کە من پێی دەنووسم؟ ووتی: با! بەڵام کەس تێت ناگات. فەرمووم: هەن تێدەگەن، بەڵام من باکم کەمە، گەرچی لە کانگای دڵەوە حەز دەکەم کە زۆر بن ئەوانەی تێم دەگەن. ووتی: ئایا کورد وەها دەنووسن؟ فەرمووم، من بە تەنها کورد نیم، چونکە من بەهەر زمانێک بنووسم، ڕەوان دەنووسم، و هەندێکجار لە تەوەری گراماتیک- دەردەچم و تابلۆکانم لە پێناوی کۆتی زمانەوانیدا ناشێوێنم، چونکە من بە زمانی ڕەنگ و بە خامەی خەیاڵ و بە هەستی جوانی دەنووسم. سارا ووتی: ئاخر تۆ بە هەڵە تەماشای دێوپەرست و دێوەکان و منداڵ و خەڵکی دەکەیت!

فەرمووم: تۆش وەکوو ئەوان هەڵەیت. ووتی: ئەی چۆن تۆ دەتوانی مرۆڤ و دێو تێکەڵ بکەیت؟ کاتێک کە دەزانی دێو بوونی نییە!

فەرمووم: لە ناو جەوهەری هەر زاتێکدا ژەنگ و درۆ و دێو و بەراز و سەگ و هەژدیها و نەهەنگ هەن و دەژین.. چونکە جەوهەری مرۆڤ پڕە لە مەخلووقاتی سەر سوڕێن. هەن لە ناوماندا وەک پاسەوانەکانی دراوسێمان، چواردە لووت و دەم و بیست و هەشت چاوو دەست و پێیان هەیە.. ئایا ئەوانە مرۆڤن لای تۆ یان دێو؟ کە هەرگیز ڕوو لە جوانی ناکەن و تەنها کۆیلەی بوختان و درۆ و جادو، و گەڕکردنن بە ڕەوشتی خێر؟! ئەمانە ناو دەنێی مرۆڤ؟ ئەی نازانیت لە باوەڕی باپیرانی مندا دروزن دێوە؟ ئەوەی درۆیەکی کرد، ئیتر لە مرۆڤی دەکەوێت؟! فەرمووی: ئەی بۆچی لە گەڵیان دەبیت بە هاوڕێ و لەگەڵیان دادەنیشیت و دەخۆیت؟ کەواتە تۆش درۆزنیت! فەرمووم: حەزرەتی مەسیح دەفەرموێت:" دوکتۆر ناچێت بۆ لای مرۆڤی ساغ.

بەڵام سەر بە خۆم حەز دەکەم بڵێم؛ چونکە من ئەو جەوهەرە ڕۆشنە دەبینم کە لە دەروون و گیانی هەر بژێوێکدا هەیە.. من سەری پەیوەندیم بە ڕەوشتی بەرزو جوان و پیرۆزەوە هەیە. فەرمووی: کەواتە تۆ مرۆڤ وەک مرۆڤ تەماشا دەکەیت؟ فەرمووم: ئەوەی یەک زەڕڕە جوانیی مرۆڤایەتیی تیا بێت، من دەیبینم و کاتێک کە لەگەڵیان دادەنیشم، تەنها ئومێدم ئەوەیە کە سەری پەیوەندیم بەو لایەنە بچکۆلەیەوە پەیوەست بکەم کە من دەیبینم. تا یادیان بهێنمەوە کە مرۆڤ مەخلوقێکی چەند مەزن و بەشکۆ و پیرۆزە.. لێرەدا من قورئانی پیرۆز ناکەم بە بەڵگەی ووتەکانم.. چونکە لەوێدا هاتووە کە مرۆڤ لەوپەڕی کەماڵدا دروست بووە و پاشان دەیگەڕێنینەوە بۆ نزمترین نزمی. بەڵام من نیازمەندم مرۆڤ لە نزمترین پلەوە بەرەو بەرەو شکۆی جوانی و ڕەوشت و بیر، حەز دەکەم تابلۆکانم بخوێننەوە.. هیچی تر. چونکە لە پەیامەکان و فەرموودەکانی مندا، شفایەکی ئومێد بەخش بوونی هەیە.

بەڵام کاتێک ئەوان لە پڕ خۆیان دەکەن بە بەراز و سەگ و گورگ و دڕندە، من نەک حاشایان لێدەکەم، بەڵکو لێیان توووڕە دەبم و لێیان دوور دەکەومەوە. دەشێت ڕۆژێک بێت، کە حەز نەکەم لەگەڵیان بدوێم. فەرمووی ئەی خۆت؟! ئایا بێبەریت لە دێوو درنج و دێوزمەی شەڕ؟ فەرمووم: هونەر لە زمانی شەڕ ناگات و خواوەندی جوانیش پشتی کردۆتە شەڕ.. من هەست بە جوانیی باوەڕی مرۆڤانە دەکەم و لە هەڵە و گوناحەکانی خۆم خۆش بووم.. پاشان پشتی هەموو دێوەکانی شەڕم داوە لە زەوی و دێو پەرست نیم. دڵنیاشم کە دەتوانم سەربەرز و کارا وشاناز بم بە باوەڕی خۆم.

جا خەڵکینە، من هەرچەند لەگەڵ سارای هاوسەرمدا دەدوێم، ئەم شریتەی بۆ لێدەدەمە و ئەویش هەمان خەڕەکم بۆ دەڕێسێت، و هەمان گفتووگۆ و پرسیار ئاڕاستەی من دەکاتەوە. نازانم هۆکاری چییە؟ ئەودەڵێت: من نەخۆش نیم! منیش دەفەرمووم: بەڵام هێندە بێ باوەڕیت، کە ناتوانیت ڕستەکی من هەرس بکەیت و سەر بۆ ڕاستیی ڕستە و پەیام و هەستەکانم بلەقێنیت. چونکە دێوەکان تۆش بەرەو پیسبوون دەبەن. ووتی چۆن؟ فەرمووم: چاک، چونکە ئەو کارەیان

بەرامبەر بە منیش کردووە پێشتر! بەڵام شکستیان هێنا. بەر لە تاوێک باسی بازاڕی دێوەکانم بۆ کردیت، ئەی نازانیت کە ئەوان چەکی ئەتۆم بە دیاری دەدەن و دەفرۆشن بە جیهانی دووەم و سێیەم و بە تالیبانیش؟! ئەگەر بێت و ئەوان داوای بکەن! ئەی نازانیت ئەوانەی کە چەک زۆر دەکەن و بێنرخ بۆ لەناوبردن و کوشتن و تاڵانکردن بەکاری دەبەن؟ ئەوانە دێون و وازیان لە مرۆڤ هێناوە و بەڵکو مرۆڤ وەک دوژمن تەماشا دەکەن؟!.. بەڵام من لە شەڕی ئەوان و جادوی دێو و دێوپەرستی بوومەتەوە. من جوانیم هەڵبژاردووە و ئیتر لەودا ڕەشماڵم هەڵکردووە، ڕەشماڵێکی سپی سپی، کە لە تەنافی جاڵجاڵۆکەی سپی چنراوە، یان تەون کراوە. ووتی: ئاخر دەدۆڕێی. فەرمووم: مرۆڤی براوە هەرگیز نادۆڕێت. بردنەوەش بەوە نییە، کە جیهان من بکەنە کۆڵ و وێنەکەم لەسەر سنگیان هەڵواسن.. بردنەوە و سەرکەوتن، هەستێکە من زۆرم لێ چەشتووە و گەر بۆم بلوێت، بەشی زۆر کەسی لێ دەدەم. حەزرەتی مەسیح بە دۆڕاندن بردییەوە و پێغەمبەری ئیسلامیش هێندە ئازار درا نەبێتەوە!

لە باوەڕی مندا ئەوەی لە ژیاندا بتوانێت هەست بە کەرامەتی مرۆڤ و خودی خۆی بکات، مرۆڤێکی پاڵەوانە و براوەیە.. هەروەها من ناترسم لە شەڕ، چونکە من لە هەمیشەییەوە گەڕاومەتەوەو هەر بۆ ئەوێش دەگەڕێمەوە. جا چییان لەدەست هات با بیکەن. چونکە مەرگ هەمیشە بستێک لە هەناسەکانی مرۆڤەوە دوورە. هەر مەرگیش دەتوانێت مرۆڤ بەرێت بۆ هەمیشەیی یان بیداتە دەست فریشتەی کردەوەکانی خۆی. چونکە مرۆڤ کارگەی کردەوەکانی خۆیەتی.

سارا وەک مێرولەکان سەری دەلەقان، گەرچی لە هەڵسەنگاندندا ماندوو بوو، بەڵام من پێویستم بەوە نەبوو هیچ لەو بپرسم. چونکە تێگەیشتن کارێکی زەحمەت ترە لە بەهەڵەدا چوون و ناهاوڕا بوون.

## تابلۆی خێزان

ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکێک لە پاسەوانەکانی زیندان- دانیشتبووم و ئەو باسی غەمەکانی خۆی بۆ من دەکرد و باسی ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنەی بۆ کردم کە بەسەر براکەیدا هاتبوو.. چونکە براکەی لە شەڕ دژی دێوەکان- دۆڕاندبووی و خۆی کوشتبوو!.. غەمەکانی هێندە مەزن بوون، بەزەییم پیایدا هاتەوە.. چونکە بینیم خۆی دیلکردووە و دێوەکان یاری بە چارەنووسی ئەو دەکەن. منیش پاش ئەوەی گوێم لەو گرت.. لیمۆیەکم هەڵگرت و بە پیاسەوە بۆ ناو باغچەی ئۆسگۆرد ڕۆیشتم و بەدەم ڕێگەوە مژم دەدا لە لیمۆکە وتوێکڵەکەیم دەکرۆشت.. چونکە هەستم زامار بوو بە غەمەکانی ئەو. چونکە بەزەییم بۆ ئەو هێندە مەزن بوو، کە دەمویست بیکەمە باوەش و پێی بڵێم:

ئەگەر واز لە دێوپەرستی بهێنیت، ئەوا لە باوەڕکەرانی ڕاستی و جوانی و بەزەیی و مرۆڤدۆستی و جیهانبینیت. ئەویش خۆی گرمۆڵە کردو ووتی: ناتوانم.

لە ڕێگەی باخچەکەدا، پەپوولەیەکی باڵ پرتەقاڵی، کە تەمەنی حەوت ڕۆژ بوو، سڵاوی لێکردم و فەرمووی: ئاهورامازدا شیفات بدات، سڵاو لە تۆ و لە خواو خواکان. فەرمووم : سڵاو، ئەی پەپوولەی نازدار، ئەی خەونی فریشتەکان.

کاتێک کە تەواوی لیمۆکەم مژی و کرۆشت؛ گەڕامەوە بەر دەرگای زیندانەکەم و کەمێک بە تەنها دانیشتم، تا تاماوی لیمۆکە بگات بە جگەرم. تا شیفای ئەو زامانە بکات، کە پاسەوانی زیندانەکەم بۆی باسکردم دەربارەی خودکوژیی براکەی.

هەر لەو کاتەدا بوو، دوو فریشتەی پرچ زەردی نازداری جوان بەلامدا تێپەڕین و فەرموویان: سڵاو!.. فەرمووم: ئێوە تا بڵێی جوانن. سڵاوتان لێبێت.

ئیتر کاتی نانخواردنی شێوان بوو.. حەزرەتی سارای خێزانم بانگی کردم و فەرمووی: کاتی نانخواردنە. هەردوو منداڵەکەشم هاتن و لەسەر خوان دانیشتن. خۆشم وەک منداڵی سێیەم و نابینا( وەک ئەو منداڵەی کە گیانی باوکی کردووە بە ئارامگە= ئەو منداڵەی کە لە ڕاستیدا دێوەکان کوشتیان) بە هەستی ئەوان- لەسەرخوان دانیشتم! پاشان کەوتینە هەندێ باس.. گەرچی هەمیشە بواری ئاخاوتنمان لەسەر مێز بۆ ناڕەخسێت، یان نەمانکردووە بە خوو، تا لەسەر مێز زیاڕەوی و چرت و پرتی و تەقەتەق بکەین.. بەڵام سەرمێز هەمیشە جێگەی گفتوگۆیە دەربارەی هونەرو جوانی و پەیامی بوونەوەر و یاساو داد و ماف. چونکە ئەم باسانە خواردن زوود هەرس دەکەن و بیر ڕووناک دەکەنەوە. داڤیدی کوڕم پرسیی: بابە باوەڕ چییە؟ فەرمووم: باوەڕ جەوهەری حەق و داد و ڕاستپەروەرییە. یوسفی کوڕە بچکۆلەم بابەتی ئاخاوتنی گۆڕی و فەرمووی: ئای خۆ تیشکی ڕۆژ دیار نەما، و ناومالّەکەمان تاریک بوو! منیش فەرمووم: ئەمە ڕاستە، چونکە تیشکی خۆر هێندە مەتیینە، هێندە ڕووناکە کە هەرگیز ناتوانیین باوەڕ بکەین چەند بەهێز و بە تەوژم و ڕووناکە تیشکی خۆر. فەرمووی: خۆر چییە؟ منیش فەرمووم؛ خۆر تەوژمی گیان و دەروون و تەنی خواوەندی ڕۆژە، کە هەندێک پێی دەڵێن میترا.. لە باوەڕی زەردەشت-دا لەناو جەوهەری خۆردا، خوای کەماڵ و جوانی و دادپەروەری و یەکسانی و خێر، وەک گەوهەرێکی مەزن و سپی، داگیرساوە و تەوژمی ئەنەرژی پەخش دەکات.. ئەوە تەوژمی سارد و گەرمی قوتبی کەماڵ و جوانییە کە تەوژم دەداو گڕ بەرپا دەکات.. ئەوە جەوهەری ئەو سروشتە یەزدانییە مێیینە-ییە، کە ژیان بەم گەردونە دەدات. کە بەبێ بوونی ئەو ژیان مەحاڵ دەبێت لەسەر زەوی.

ئایا ئەوە خوایە؟ کوڕی گەورەم ئەو پرسیارەی ئاڕاستە کردم . فەرمووم: دەشێت، هەندێک باوەڕ بکەن کە: بەڵێ ئەوە خوایە، کەواتە خوا جەوهەرێکی مێیینەیە. سپی سپی وەک گەوهەرێکی مەزن.

کوڕە گەورەکەم فەرمووی: کەواتە ڕاستە کە دەڵێن خۆر دابینکەری ژیان و سەرچاوەی گیانی هەموو بژێوێکە!؟.. فەرمووم: ئافەرین. بەڵام ئاگاداربن، کە دێو و دزێوی و گرفت و نەخۆشی و درۆ و بوختان و مەرگ و شەڕ – کاڵا و دەستکردی ئەو نیین.. بەڵکو مرۆڤ دروستی کردوون.. واتە ئەوانەی کە بێ باوەڕن! دووەمیان ووتی: ئەی حەزرەتی مەسیح! ئەی ئەو چی؟ ئەو خواوەند نییە؟ فەرمووم: نەء= نەخێر=نەهی= نەو=نای.. ئەو پەیامبەرێکی عیشق و ئازادییە.

هاوسەرەکەم فەرمووی: کەواتە تەنها زەردەشت بە خوا دەزانی و پاگەندە بۆ باوەڕی باپیرانت دەکەیت!؟.. فەرمووم: نەء؛ نەخێر، چونکە من باوەڕی هەموو ئایینەکانم، باوەڕم بەو ئایینانەش هەیە کە هێشتا هیچی لێوە نازانم. بەڵام من هەرگیز نەمگوتووە زەردەشت خوایە. نەء، چونکە خودی زەردەشت، تەنها شوانێکی خواناس و ڕێناس بوو.. دەڵێن ئەو مرۆڤێکی گەلێ جیاواز بوو بەوەی کە کاتێک لە دایک دەبێت؛ لەبری گریان- پێدەکەنێت. ئەوەش هانی کۆمەڵێک لە فریشتەکان دەدات( کە مشتومڕیان بوو لەگەڵ خوای ڕۆژ و ئاهوڕامازدای خوای
بوونەوەرەکان.).. دەیانفەرموو: ئەی ئاناهینای مەزن و جوانناس و بیرجوان، ئەو گەردە، یان ئەو تۆوە پیرۆزەی کە لە دەستتدایە، بە نیازی چی دەتەوێت شکڵی پێ بدەیت؟ ئەویش لە وەڵامی فەریشتەکاندا فەرمووی: ئەمە گەردی دەروون-ە یان جەوهەری ڕووناکی و نیازمەندم بیبەخشم بە کەسێک کە بتوانێت بیپارێزێت. فریشتەکان فەرموویان: لەناو چوارپێکاندا کەرامەتی ئەوتۆ هێشتا هەڵنەکەوتووە، تا بتوانێت پارێزەری" دەروون" یان جەوهەری جوانی بێت!! ئاهوڕامازدا لە بری خواوەندی ڕووناهی فەرمووی: بەڵێ، لە ناو دێوەکاندا مرۆڤێک هاتۆتە ژیانەوە، کە لە بری گریان پێدەکەنێت. ئەو گەشبین و جوان بین و خاوەن کەماڵ و داد و ڕاستی و مافناس و حەقناسە و ئەو چاوگی ئەو زانستە نوێییەیە، ئەو گەردە پاکە- پیرۆزە لای ئەو دابنێ.. ئەو دەتوانێت پەیامەکانی بوونەوەر لەو گەردە پیرۆزەدا بگەیەنێت.

فریشتەیەک هەڵیدایە و فەرمووی: ئاخر ئەو پەیامبەری چوارپێکانە، ئەو چۆن دەتوانێت ئەم گەوهەرەی" دەروون" بپارێزێت! بەر لەوەی ئاهوڕامازدا یان ئەنناهینا وەڵام بدەنەوە، فریشتەکە دەمی خواربوو.. پاشان بە دەمخواریش ووتی: ئەو شوانکارەیە و هیچی ئەوتۆی لەدەست نایەت. ئیتر فریشتەکە سەری ڕێزی دانەواند و سێجار داوای لێبووردنی کرد، تا دەمی ڕاست بێتەوە.

ئەم کورتە چیرۆکەم بۆ هاوسەرەکەم باس کردو هەردوو منداڵەکەشم گوێگر بوون. فەرمووم: کەواتە زەردەشت خواوەند نەبووە، بەڵکو تەنها شوانی چوارپێ و ئاژەڵەکان بوو، بەڵام هێندە خواناسیی کردو پاڕایەوە، تا هەموو فریشتەکان هاتن بە هانایەوە و گیانی ئەناهینا، یان گەردی جەوهەری " دەروون" یان بەخشی بەو.. ئیتر بوونەوەر پەیامی گەشبینی و دادپەروەری و جوانیی پێگەیی. بۆیە مرۆڤ هەرگیز بۆی نییە لە پێغەمبەرێک زیاتر بێت.. ئەوەی لەناوماندا بیرێکی جوانی هەبێت و بۆی بژی؛ بێغەمبەری بیرە جوانەکانی خۆیەتی. بەڵام بەشێت لە کەسێک مەڕوانن کە ناتوانێت ببێت بە مرۆڤ و لەهەمان کاتدا بە دێو پەرست.

هاوسەرەکەم، تەماشای دەکردم و گومانی لە ووتە و فەرمووودەکانم هەبوو کاتێک باسی تەوژمی گەوهەری ناوجەرگەی خۆرم بۆ منداڵەکانم دەکرد و فێرم دەکردن کە ڕاستی و جوانی دادپەروەری، پەیامی ڕۆشنایی و تەوژمی گەشبینی و خێرو چاکەیە.. تاریکیش پەستی و نەخۆشی و مردن و ڕەزیلی و درۆ و بوختان و ڕقە.

ئایا باوەڕ دەهێنن کە ئەم پەیامانە جوانن و لاریتان لە ڕاستیی ئەم پەیامانە هەیە؟ فەرموویان نەخێر؛ بەڵام هاوسەرەکەم وەڵامی نەبوو! پاشان ڕووی دەمم کردە ئەوو فەرمووم: ئایا گومانێکت هەیە؟ ئایا لارییت لەمە هەیە کە گەشبینی پەیامی بوونەوەرەو جوانی هەستی خواکان و دادپەروەری و ڕێزو خۆشەویستی بنەماو جەوهەری دەروونی مرۆڤە؟.. ووتی: نەخێر، گشتی ڕاستن.. فەرمووم: ئامین. چونکە ئێمە گشتمان تەنها هەستێکین لە بوونەوەردا.. ئێمە لە پێوانەدا بە بوونەوەر یەک خانە و یەک گەرد و گەردیلەیەکی سێ کوچکیین. کە بریتیین لە - پرۆتۆن، نیوترۆن، پاشان ئەلەکترۆن- و لەنێوانیاندا نیوترۆن دوو ڕەگە- واتە هەم سالب و هەم جالب. ئیتر مرۆڤ لە دەستبردن بۆ جەوهەر و بەکاربردنی جەوهەر بۆ مەبەستی شەڕ، دەبێت بە دێو. بۆیە من نەفرەت لە دێوپەرستی دەکەم. دێوپەرست خۆپەرست و نەژاد پەرست و پڕ کینە و تۆڵە و ڕقە.. بەم جەوهەرانە من نەفرەت لە گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش دەکەم.. چونکە ئەوان مرۆڤیان گۆت کردووە و نەخۆش و پیسیان کردووە. زۆربەیان کردوون بە دێوو بەراز و سەگپەرست.

ڕوومکردە هاوسەرەکەم و فەرمووم: من بێبەریم لە زانستی ئێوە- کاتێک کە هەر میللەتە و فەرزی سلوک و ڕەفتار و نەریتی درۆی خۆی دەکات بەسەر مندا، منیش نە خاوەنی نیشتیمانم، نە ئاڵام هەیە، نە ڕەگەز.. من زمانی ئەو باوەڕە جوانەم کە خوازیارم پێڕابگەم پەیامەکانم بگەیەنم. من باوەڕم بە خوا و بە بت و بە خواکان و بە دێویش هەیە.. بەڵام من هەرگیز سەر بۆ دێو نالەقێنم و نایەڵم ببن بە ڕابەری من. چونکە من پەیامێکی ڕاستی جوانی و هونەرم.

کوڕە بچکۆلەکەم پرسیی: منیش؟.. فەرمووم نا، تۆ هێشتا ماوتە بگەی بە تەوەری جەوهەری جوانی، چونکە تۆ دەبێت واز لە ڕق و تۆلە و خۆپەرستی بهێنیت و پاکژبیتەوە لە هەستی خۆتدا. ئەوسا من سەرت بۆ دەلەقێنم و دەفەرمووم: ئافەرین. ئەوسا ئێوەیش سەری ڕێزتان بۆ دایک و بۆ باوکتان دەلەقێنن و سوپاسگوزاری ئەو باوک و دایکەن کە بە ڕیزەوە گۆشتان دەکا و ئامۆژگاریتان دەکەن. چونکە ئەوەی ڕێز لە دایک و باوکی خۆی نەگرێت- هەستی دەڕوشێت و یان گەڕ دەبێت و ژەنگ دەروونی دەگرێت و هەرگیز تامی هەمیشەیی و جوانیی گیانیی موتڵەق ناکات.

بەدەم کۆکردنەوەی سەرمێزی نانخواردنەوە، ڕوومکردە هاوسەری بێباوەڕم و فەرمووم: سوپاس بۆ ئەم نانخواردنە، ئایا باوەڕت بە ووتەکانم هەیە؟ سەری لەقاند و ووتی: بەڵێ.. فەرمووودەکانت ڕاستن. فەرمووم؛ جا بوێر بەو- بەو کەسانە بڵێ کە دەیانبینی، تا فێر بن لە ئاستی مندا دەمی خۆیان خوار نەکەنەوە و زانستی درۆکردن فێری من نەکەن. چونکە من هەرگیز لە ئێوە نیم. من

موڵکی سروشت و باکان و گیانەوەران و ئەو گەردانەم کە سروشت بۆ ئەبەدییەت بە باکاندا ڕەوانەیان دەکات.

مێرولەیەک کە لەسەر مێزەکە گوێی لە ئاخاوتنی ئێمە گرتبوو، فەرمووی: منیش.

مێرولەیەکی ژیری تازە خوڵقاو، فەرموی: بەڕێز کەمێک ئامۆژگاری دایکان و باوکانی هاوچەرخ بکە، کە وا دەزانن منداڵەکانیان دووچاری نەخۆشیی بزێوی هاتوون (ADHD). فەرموم؛ بەڵێ.

ئامۆژگاری: منداڵەکانتان دوچاری هەراسانی و نەخۆشیی بێزاری مەکەن بە کەچ باوەڕیتان. چونکە ئەوان گونجاون لەگەڵ چەرخی ئەلەکترۆن و ماشێن دا، ئەوان زۆر لە وەچەی پێشوو تر خێراتر و چالاکتر و کاراتر کار دەکەن، بەڵام ئەوان ناتوانن تەجاوزی نەخۆشیی تەمبەڵیی ئێمەی باوانیان بکەن، چونکە بەو کارە هەستیان زامار دەبێت. ئەوان ڕاستییەکان بەر لە ئێمە دەبینن و دەزانن کە ژیان لە مەرگەوە سەر هەڵدەداو بە هەمیشەیی کۆتایی دێت و هیچ شتێک شایانی لەناوچوون و نەمان و مەرگ نایەت. ئەوان داهاتوو لە ئێمەی گەورە ڕۆشنتر دەبینن. جا بۆیە تکام وایە وازیان لێ بهێنن تا زیاتر لە بەرنامەی ئەلەکترۆنیدا قووڵ ببنەوە.. جا تەماشایان بکەن چەند ژیرانە دەست و پەنجەو خوێندنەوەکانیان کلیک دەکەن! تەنها تەماشایان بکەن، تا لەوانەوە فێر بن، شەرم مەکەن، ئەوان لە ئێمە ژیر تر و پاکژ تر و پیرۆزترن. من بە منداڵەکانم دەفەرمووم: ئافەرین، ئێوە لە من ژیر تر و زانا ترن. بگرە ئێوە لە من باشترن.

## تابلۆی برینی تەوەری  هونەروجوانی

کاتێک کە لە خەونەکانما بووم بە نـوح، ماندوو بووم، ویستم کەمێک پشوو بدەم. ویستم لە گوڵزاری گەردوونی ئازادیی خۆمدا سەرخەوێک بشکێنم..ڕاکشام.. زۆر لەناو جێگەدا ڕامام، بەڵام نەنووستم، چونکە حەزرەتی نـوح هەرگیز ڕاستەوخۆ نەدەنووست. بیرم کردەوە بچم لە گوڵزاردا بۆنی خونچەکانی بەهەشتی تەماشا بکەم.. هەستمکرد پێویستم بە بینینی حەزرەتەکانی یان فریشتەکانی جوانییە.. هەستم بیری تەماشای کەرامەتی جوانیی دەکرد.. خۆمم بۆ ڕانەگیرا، تەنانەت فریای ڕیشتاشینیش نەکەوتم.. چونکە من زۆر برسیی تەماشایەکی جوانم لە بەهەشتی عیشقمدا.. حەزم دەکرد سەرخەوێک بشکێنم، تا بەڵکو خەو بە ئافرەتێکی پیرۆزەوە ببینم!

جێگەی داخە کە دەگمەن ئافرەت بە گەردوونی مندا ڕادەبوورن! هەندێک جار بە ڕێکەوت دەبینم فریشتەی بێ باڵ، بەلامدا دەفڕن و لە ترسا، هەڵدێن.. دڵم پڕ دەکەن لە غەم.. هەستم بریندار دەکەن، چونکە هەست بە جوانیی خۆیان ناکەن.. نازانن کە مرۆڤ، بە تایبەتی ئافرەت بە ڕەچەڵەک جوانە و جوانن. ئەوان هەست بە جوانیی سەگ و مەیمون و بەراز دەکەن.. هەست بە جوانیی چێژ و هەوەس و زەوق دەکەن. هەست بە جوانیی درۆ و بوختان و بەغیلی و ئیرەیی کردن دەکەن. جێگەی داغە کە هەست بە جوانیی خۆیان ناکەن لە جەوهەری مندا. چونکە پێودانگی جوانیی ئەوان لای من نەخراوەتە تای تەرازووەوە هێشتا، چونکە لای من جوانی موتڵەقە و مرۆڤ پێویستە دەربارەی ئەو تەوەرە شتێک بزانێت. جوانی هەستی موتڵەقە. ئێوە ناتوانن لە تەوەری جوانی بدەن، چونکە هونەرمەند لە ناوتاندا دەچەوسێتەوە. هونەرمەندی چەوساوەش بۆی نییە دەربڕینەکانی نیشانی ئەو مرۆڤانە بدات کە دەبنە هۆکاری چەوساندنەوە، یان هۆکاری چەوسێنەرن.

بۆیە کە کات ئاسایی بووەوە، نیوەی لەشم بەدەم باوە لەگەشتدا بوو، لە دۆخی پاڵەوانێکی گیانییدا وەک پیرشالیار دابەش دەبووم.. لە سەر باڵی لەقلەق بە هەوادا دەگەڕام و پێکەوە ئاسمانەکانمان تەی دەکرد.. زۆر شتی سەیرم دەدیت.. هەڵبەتە دانە دانەی بینینەکانم بۆ جێگە ناکرێتەوە لەم کتێبەدا.. بەڵام هەرچییەکم دەبینی سەرم پێی دەسووڕما.  لە مەملەکەتی جوانییدا من عەودالّی زانستی بەهرە بووم.. بەدوای کەماڵی جوانیی باوەڕو شکڵ و ناوەڕۆکی ئافرەتدا دەگەڕام.. هەستم بە ئازار دەکرد، هەستم بەتەنهایی دەکرد، هەستم دەکرد ڕۆژی سەدانجار بریندار دەبم.. چونکە عەشقی هەر ئافرەتێک دەبووم؛ ئەو بە هونەری ڕق و کینە، بە هونەرێکی نەویست شاڵاوی دەبردە سەر عیشقم و نەیدەهێشت ئاسوودە خەیاڵ بۆ هەستی عیشقم هەناسە بدەم.. چونکە ئەوان

وایان دەزانی کە من گیرۆدەی داوی لەش و تێکەڵبوونی ئەندامی و گیرۆدەی لەزەت و جادووەکانیانم. بەڵام لە فەرهەنگی مندا، تەماشا قوتابخانەی عیشقەو من لە تەماشای هەستی جوانییەوە، هەم لە شکڵ و هەم لە ناوەڕۆک- فێر دەبووم.. چونکە ئافرەت قوتابخانە و فێرگەی زانستی من بوون. چونکە لە منداڵیمەوە دەمزانی کە بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە.

بەڵام جێگای داخە کە دەبینم ئافرەت مافی هەڵبژاردنی لێسەندراوەتەوە! کەس مافی ئەوەی نییە تەماشای پیرێکی وەک من کەم ڕیش هاتوو بکات.. کەس دەربەست و دڵسۆزی ئەو تەماشا پڕ تەوسانەی من نەبوو! کەس نەهات بپرسێت: ئەرێ کابرا مەفهومی عیشق بە پێوەری جەنابتان چییە؟.. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کەنوح بێبەری بێت لە کەرامەتی ئافرەتی جوان! نا، چونکە ئەو پڕە لە گیانی ئافرەتانی پیرۆز و قارەمان. جێگەی داخە کە هەن لەناوماندا شایانی پیاهەڵدان و ناسینەوەی خۆیانن، چونکە ئەوان دامێنیان لە بەرکەوتن بە دێوو بە دێوپەرستاندا پیس بووە. هەن لەناویاندا باڵەکانی خۆیان نابینن، و هەشن باڵەکانی خۆیان هەڵدەکەنن و خۆیان بریندار دەکەن و خۆیان دەسوتێنن و خودکوژی دەکەن. هەن لەناویاندا کوێرن و نابینن.

دەروونی ئەو= من؛ لەیلا زانای تیایە، خوشکە لەیلا.. دۆعاگیان، ئاشتی سەروەر، هاوڕێ مەسیحییە کۆتربازەکەم، دایەنەکانی منداڵیم واتە قەدری وسەبری-ی دایەنم. هەزاران هەزار پەیکەری فریشتە ئاسام تیایە .. کەس ناتوانێ یەکێک لەو ئافرەتە پیرۆزانەی دەروونی من داگیر بکات.. چونکە حەزرەتی ماریا لەخوێنی نوح دا دەگەڕاو چاودێرێکی بێدار بوو.. وەکچۆن ئێستا لە خوێنمدا دەگەڕێت..من ئەمەندە لەتەماشا ونازی حەزرەتی فریشتەکان ومارياكانی سەردەم پرم ؛مەپرسن، بەڵام دەتوانم هەزار ساڵ تاک و تەنها لەتەماشایەکی ئەواندا دانیشم وخەو بە جوانییەوە ببینم. من هەست بەتەنهایی ناکەم لەگەردوونی هونەردا.

جێگەی داخە لە سەر زەوی ئافرەت مافی هۆگری وهاوڕێیەتی و خۆشەویستی و هاوگیانیی لێسەندراوە، بەڵکوو هێشتا ئەو مافەی پێنەدراوە.. جێگەی داخە کە ساڵانێکە لەناو زیندانە ساردەکانی دەروونتاندا دێم ودەچم.. کەس نابینم مافی خەندە نیشاندانی هەبێت بەرامبەر بە بێگانە؛ یان بەرامبەر بە من!

سەیرم لێدێت، نازانم ئەو هەموو دێوە پیسە شەهوانییە چییە لە دەروونی تەماشاتاندا! من بەرگەی تەماشاکانتان ناگرم.. ناتوانم لەگەڵ بوغزی عەرەبی و تورکی و فارسی و نەرویجی و تالیبانەدا بژیم.. بەزۆر لەچک مەکەنە سەر سەری ئافرەت؛ چونکە ئەوان ڕوشکاوی لای خوا دەکەن و دەبن بە کۆیلەی فرمانە لاوەکییەکان.. چونکە دەیانەوێت ڕوپۆش بدەن بەسەر جوانیی خواکانیشدا.. مەهێڵن. چونکە حیجاب کردنە سەر و داپۆشینی ڕووی جوان- بەهرە بەخش نییە. بەڵکو هەستی خوا زامارو ژەهراوی دەکات.

هەناسەم تەنگە لەناوتاندا.. خۆشەویستییم بریندار دەکەن.. وام لێدەکەن نەوێرم تەماشاتان بکەم.. بۆ لەپێناوی چیدا وا لە جوانیی ئافرەت دەکەن؟ بۆ؟ نازانم! بۆ خەتەنەیان دەکەن؟؟؟ خۆ ناشێت ئەم درۆیەش فێرە من بکەن و بڵێن: لە قوریانی پیرۆزدا هاتووە!

بۆیە من دڵم لێیان ڕەنجاوە.. هەستم بریندار دەبێت کاتێک ئافرەت دەبینم دڵی دێشێت، سەری دێشێت! تووشی سەرەتان دەبێت، تووشی هارییو شێتی و برسێتیی خۆراک - دەبێت لە بێشەرمیدا! یان گومان لە پاداشت و دیاری و جوانیی هەستیاریی من دەکات.

من لە مافی ئازادیی ئافرەتانی جیهان ڕازی نیم، چونکە دابی جوانییان شێواندووە.. خواوەندی جوانییان لەخۆیان تەراندووە.. دایکی سروشتیان پڕ کردووە لەتیرو توانجی بووختان ودرۆ.. جوانییان سنووردار کردووە لە شکڵێکی بێگیاندا.. لە بزەیەکی دەستکرددا.. لە هەوەسێکی قەڵبا.. ئافرەت سروشتی تووڕەکردووە.. منی نوح-یش تووڕەم لێیان.

دەبینم دەچن بۆ ئەفریکا، بۆ ئاسیا، بۆ ڕۆمانیا، بۆ چین وڕووس، تەنانەت دەچن بۆ ئارارات ومنداڵی خەڵکی دەکڕن! دەیکەن بەمنداڵی خۆیان! دەیانهێنن بۆ ناو ماڵی خۆیان! لەوڵاتی باوانیان دووریان دەخەنەوە! لە سۆزی باوانیان بێبەرییان دەکەن.. داگیریان دەکەن.. دەیانهێنن بە ناوی بێنەوایی و بەزەییەوە دەیانکەن بە کۆیلەی ئەو دێوانەی نایانەوێت منداڵیان هەبێت.. دەیانکەن بەمنداڵی ئەوانەی کە منداڵیان نابێت.. ئەمە ستەمێکە لەخۆتانی دەکەن.. هەموو ئەوانەی کە منداڵ لەدایک و باوک ونیشتیمان وهۆزی خۆیان دەکەن.. گوناح دەکەن، تاوانە و بەوە ژیانیان لێتاڵ دەکەن. ئەو کارە نەنگە- تەرکی بکەن. چونکە دەتوانی یاریدەیەکی جوانتر پێشکەشی ئەو بێباوکانە بکەیت.. دەتوانیت ببیت بە مشورخۆرو بەزەیی دەرو هاوڕێ و تەنانەت دەتوانی لەگەڵیاندا بژییت.. بەڵێ، دەتوانیت بچیت لەگەڵیاندا بژییت.. میوانییان بکەیت، خواردن بکەیت بەدەم باوانیانەوە.. سوپاسی هەڵوێستیان بکەیت، چونکە ئەوان لەوپەڕی نەداری وبرسێتی ونەبوونیدا بەتەنگ مانەوەی خۆیانەوە دێن، ئومێدەوارن یەکێک لە جگەرگۆشەکانیان ژیانێکی خۆشتر بژی. چۆن دەتوانن بچن منداڵەکانیان بکڕن؟ چۆن؟ چی دەبەنگێک ئەو مافەی پێدان؟ ئەمە کەلتوری کام یەکە لە دێوەکانتانە، من بە لەعنەتی دەکەم.

بەدەم خەیاڵەوە گەیشتمە گەردوونی خۆم.. تەماشامکرد ئاسمانەکان دەڕوێن.. لق و پۆپیان بەگەردوونمدا پەرش دەبێت ، پەل دەگرن و چرۆ و گوڵ و گەڵا دەگرن.. گوڵی گیانیان لێدەڕوێت وگەڵاکانی لەدڵی لۆکەیی دەچن.. لەدڵی ناسک وگوڵ ڕەنگ دەچوون.. تەماشای گەردوونی جوانیی خۆمم کرد.. بینیم هەموو حەزرەتە پیرۆزەکانی جوانی وهەموو فریشتە جوانە دانسقەکانی تەماشای خۆم- لەوێ گوڵەکان بۆن دەکەن، گوڵ لەمس دەکەن، دەسکەنەی دەکەن ولەپرچی خۆیانی دەدەن.. بۆنیان دەیانکردمە باوەش، بەسواری جۆلانەی لە بۆن دروستبوو گۆژمم دەدا لە باوەشی بەهەشتێکی خۆشتر لەبەهەشتی فەنتازی.

لەوێ کەمێک بەتەنها دانیشتم وسەیری هەموو جوانەکانم کرد.. پاشان گەڕامەوە.. گەڕامەوە سەر پردەکەی خۆم.. ئەو پردەی سنووره لەنێوان من و خەڵکیدا.. ئەو پردەی کە زۆرکەس توانای بینینی نییە.. چونکە هەندێک هەن کوێرن و جوانییەکانی بەرامبەرەکەیان نابینن. کەچی بە کامێرای شاراوەوە دوای نوح دەکەون و بەدوای ئەو کارانەیدا دەچن کە ئەو بە نیازی فێربوونیان دەیکات.. تا فێر بن کە ئەو لە تەوەرە و جەوهەری خۆیدا.. دزێوی نەکردووە بەکاری ڕۆژانە. جا بزانن چی دەکەن.

بەڵام من خاوەنی ئەو پردەم؛ ئەوەی بیەوێت بەنیازپاکی بەسەر پردی مندا بڕوات.. دەبێت بزانێت شایانی ڕیزە. ئەگەر مێرولە بن یا مرۆڤ. ئەگەر مێرولەکان ڕێگەم بدەن جوان بۆیان دەدوێم.. چونکە ڕێگاکانی مەملەکەتی فەنتازیای من بە تەنافی جاڵجاڵۆکە تەونە و مێرولەکان شا ڕێگاکانیـان تەنییوە.

مێرولە سپییە پیرۆزەکان گەرچی بوون بە تەنافی جاڵـجاڵـۆکەی پیـرۆزەوە؛ بەڵام گیانیـان هەمیشەیی پارێزراوە.. چونکە جاڵـجاڵۆکەی پیـرۆز ناخوات، نانوێت. بەڵکو داهێنـەرەو بە تەونـەکانی بونـەوەرەکان دەچنێت.

کە دابەزیم( بە  مانایەک دێت- کە دەگەڕێمەوە دۆخی سروشتی و قاڵبی چیرۆکخوان و پەنابەرەوە!) واتە کاتێک گەڕامەوە ناو ژیانی ڕاستەقینە، فرسەخێک لە ماڵەوە دوور کەوتبوومەوە.. سواڵکەرێکم بینی لەپاڵ پردەکەمدا.. بینیم تەماشام دەکات و دەمبینێت! بەلامەوە سەیر بوو، لەسەر سنگی خۆی نووسیبوو: برسیمە. زۆرم پێناخۆش بوو.. مـرۆڤ دەتوانێت بەکەسێک دوان، سیان – یان بە دەیان بڵێت برسیمە. چاترە لەوەی شارێک لەخۆتدا برسی بکەیت یان وڵاتێک، چونکە باگهێستی برسێتی کار لە خەڵکی دەکات! بە چاو بە سواڵکەرەکەم فەرموو: ڕەزیلی وتەمبەڵی ونەفس نزمی کارو پیشەی مـرۆڤ نییە.. دزی ودرۆ هاوڕێن..مـرۆڤی خۆبەکەم زان وهەلپەرست کەرامەتی نییە. ئەوەی سواڵکردن دەکات بە پیشە نەزانە.  سواڵکردن ، نیشانەکانی داهاتی برسێتییە- نیشانەی کەچ بوونی شانی دەوڵەمەندێکە.. سواڵکەر زۆر بوون مانای قڕ هێنان و برسێتییە بۆ جیهان. چونکە خواو خواوەند و پێغەمبەرو فریشتەکان دەمانبینن، وەک چۆن ئێمە یەکتری دەبینین.

پێم ناخۆش بوو ئەو دیمەنە.. لەو تێپەڕیم بابایەکی وەرزی بێزارو نەزان وخواروخێچم بینی داوای پارەی لێکردم، پارەی ووردە، چونکە پێویستی بەکڕینی دەرمان بوو! تەماشایەکیم کرد.. نەمتوانی ڕەزامەندانە، بەڵکو نادڵنیا دەستمکرد بەگیرفانمداو بەشتێک یاریدەیم دا.. هەر بەتەماشا بەوم فەرموو: هیوادارم لە زامی خەندەکانم ببوریت، چونکە ئومێدەوارم  ڕۆژێک بتبینم تەندروستیت بێت. چونکە مرۆڤ نابێت هێندە خوو بگرێت بە دەرمانەوە، تا ژیانی خۆی لەناو بەرێت.. چونکە ژیان مەبەستێکی پیرۆزو یەک دوو چاکە کردنە. خوو مەگرە بە هیچ شتێکەوە.

لەهەنگاوی سێیەمی سەر پردەکەم لووتم بوو بە لووتی پینۆکیۆ-وە.. بە پەلە پەل هات بەرەولام، وای نیشاندام کارێکی باشی کردووە! کۆمەڵێک درۆی گەورەی کردبوو! لووتی شۆڕ بووبووەوە! دەستی گرتبوو بەلووتییەوە و دەیویست باسی ئەوەم بۆ بکات کە لە- فاوست- تێدەگات، گوایە لە دراماکۆمێدیای فاوست بووە! هەر درۆیەکی دەکرد چاوێکی دادەخست وسەرێکی دادەنەواند.
منیش تەنها گوێم لێدەگرت، یان فەرموودەیەکی جوانم بۆ خوێندەوە. ئەوم لە بەیانیی ڕۆژی داهاتووشدا بینی! کە ووتەکانی منی لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ ئاوایی و بەهەڵە باسی دەکرد!
ئاواییش پاش گوێگرتن لەو، بە پینۆکیۆ دەڵێن: سەرت بەقوڕاکەی ئاخر تۆو ئامۆژگارییان نەووتووە! ئەم چیرۆکەت لەکێوە بیستووە؟

لە هەنگاوی چوارەمدا ئافرەتێکی دێوپەرست و سمت ئەستووری لووتبەرز بەلامدا تێپەڕی، لووتی کردە حەوا، هێندە بەرز ڕوانیی منی نەبینی! سمتی دەلەرزان وعەرزی عەزەڵاتی سمتی دەکرد.. بەپەلە مێرولەکانی دەروونم بێدار کردەوە تا دەست بگرن بەچاومەوە! بەڵام ئەو بە پس پس بانگی کردم، منیش خۆمم لێ بوو بە فس فس پاڵەوان.. ووتی هەلاو! بە پەنجەی ئیشارەتیش بانگی دەکردم و چاوی لێدادەگرتم.. ووتێ: هەلاو، ئای کۆڵێنگ یوو، مازەر فەکە، دیو یو ڕییەلی دەزنت هێرد می؟ ئای ناو یۆ لایک مای باک، دیو لایک تو فەک می؟.. منیش هەنگاوەکانم تێکەڵ بە یەک دەبوون و بەرچاوم تاریک، پاشان پشتم کردە ئەوو هەنگاوەکانی خۆمم ژمارد.

هەنگاوی پێنجەمم شووم بوو، مانگایەکی گەلحۆی سەرخۆش وگومڕام بینی گووی دەکرد بەسەری هونەرمەندێکدا! ئەوەم زۆر لەلا ستەم بوو، بە مانگاکەم فەرموو: وەحە!

هەنگاوی شەشەم ئومێدەوار بووم تووشم نەبێت بەتووشی مرۆڤێکەوە هەست بەکەمی بکات! کەچی فلۆق وەک قارچک لەبەردەممدا هەڵتۆقا!

ووتی ئێوارەت باش بەشووش! ڕاستە دەڵێن بوویت بە حەزرەتی نوح؟ تەماشایەکی قووڵی ناو چاوانیم کردوو فەرمووم: بەڵێ. ووتی دە وەڵلا تۆ هێندە ئازا بیت ببیت بە نوح؛ ئەوا بەئاسانی ئیسلامییەکان دەتگرن و هەتکت دەکەن وکووت کووتت دەکەن و شتی تریش. بەر لەوە کەرامەتت دەشکێنن.. هەروەها ئەوەی بۆنی تۆشی لێبێت سەری دەبڕن. فەرمووم ئایا ئەوانەی ئەو کارە دەکەن خواناس و خاوەن باوەڕن؟ یان دێوێکی شەڕ و گیانی پەتیی شەڕ و تیرۆرن؟ ناتوانن، چونکە من لە شەڕی ئایینەکان ناترسم و خۆم بە دوژمنی هیچ باوەڕێک نازانم.

بە هەستکردن بەکەمییەوە ووتی: ناترسیت؟ بەوم فەرموو: دەشێت ترس ڕابەریی ژیانی من بێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ڕابەری خوودی ژیان بێت. ترس دەدۆڕێت گەر هەڵبکوتێتە سەر کەرامەتی من.

بە پۆزێکی ناشیرینەوە ووتی: ئەی ڕاتچییە ئەگەرمنیش واداری ئەوە بکەم و بڵێم من خوام؟ باوەڕمان پێدەکەیت؟ فەرمووم نا، چونکە دەبێت لەپێش هەموو کەسێکدا خۆت باوەڕ بە خۆت

بکەیت. پڕمەیەکی لێداو بە گاڵتە جارییەوە ووتی: خۆشە شێتی! ئەم کەرامەتە چییە؟..( ئەم زاتە لە ڕاستیدا برا بچکۆلەکەم بوو!)

لەو تێپەڕیم، کیژۆڵەیەکم هاتە سەر ڕێ زۆرجوان، لە فریشتە دەچوو. نەخۆش نەبوو! بەڵام نەخۆش خرابوو بە نەخۆشیی شەکرە! هەردوو باڵەکانی خەیاڵیشیان لێ سەندبووەوە!

پڕبەدڵ جوان بوو، بەڵام دڵی زویر بوو، بۆیە منی نەدەبینی.. ئاواتم خستە دڵمەوەو هیوام خواست کە بمبینێت.. چونکە من بەبێ هۆ هەندێکجار کەسانێکم خۆش دەوێت کە شەرم لەخۆیان دەکەن وڕێز لە کەسانی شایستەی لە خۆیان گەورەتر دەگرن.

کەسانێک هەن شیلەی گیانی حەزرەتی نـوح-ن.. جوانن، بێهۆ خواوەند جوانیی پێنەداون. ئەوە هەنگاوی شەشەمم بوو.

حەوتەم هەنگاو لەبەر ئەوەی تۆزێک ڕیشم هەبوو، کۆمەڵێک نەزان، کۆمەڵێک سەگی گومڕا لەدەورم سووڕیاندەخواردوو پاسیان دەکردم، وایاندەزانی تیرۆریستم! یەکێ لەوان ووتی:" کەمێک پەشۆکاو دیاریت، دەڵێی کەتنێکت کردووە". فەرمووم تۆ لە چاوی خۆتەوە دەڕوانیت.

هەشتەم بابایەکم بینی کەرامەتی بریندار کرابوو، لەماڵی خۆی دەرکرابوو، بەناڕەزامەندی ودڵشکاوی قسەی گومڕای دەکرد.. منیش کۆمەڵێک ئافرەت و منداڵ وگوڵی جوانم لەئەلبوومەکەم دەرهێناو نیشانم دا.. تا کەمێک هەست بەجوانی بکات. فەرمووم: مرۆڤی خاوەن کەرامەت کەس لەماڵی خۆی دەرناکات.. ئەگەر ئەو کارەی کرد، لە کاتیکدا ئەو بڕیارە دەدات کە دەرکراو تەجاوزی کردبێتە سەر کەرامەتەکانی خاوەن ماڵ.. چونکە بۆت هەیە کەسێک لە ماڵ دەربکەیت- کاتێک کە هەست دەکەیت هەستت بریندار دەبێت؛ پاش ئەوەی کە بەرامبەرەکەت سێجاران ئاگار دەکەیتەوە لە هەڵەی هەڵوێستەکانی.

نۆیەم هەنگاو گەیشتمە جێگەیەک خۆش بوو، شوێنەواری دروستکراوی بابلی تیابوو.. لەوێ تووشی دڵەکزێ هاتم، چونکە ئافرەتێکی پەهلەویم بینی ڕێزی لە حافیزو بابە تاهیرو خەیام وڕۆستەم وزۆراب نەدەگرت.. بینیم پشتی کردە کەرامەتم و دەیویست درۆی لەگەڵدا بکەم.. ووتی من ناوم فریشتەی باڵ ڕەشە! فەرمووم ناشێت، من هیچ دەربارەی فریشـتەی باڵڕەش فێر نەبووم.. باوەڕیشم پێی نییە. ووتی ئەی نابینی من باڵم ڕەشە؟ فەرمووم با، بەڵام من ئەو باڵانەم بەتۆ نەداوە، لەحزووری منیشدا ئەو باڵانە هەڵدەپروێن.. بۆیە من نایانبینم.

بە دڵتەنگی لەویش تێپەڕیم، بینیم کۆمەڵێک مرۆڤ دەورەیاندام، هەر یەکەیان پارچەیەک لەلەش وگیانی زامارو دزراوو نادیار بوو. بینیم یەکێ عیشقی شێواوە، ئەوی تریان عیشقی ڕووخاوە، سێیەم گاڵتەی بەیەکەم ودووەم دێت، چوارەم تاکووتەنها لەژورێکدا دانیشتووەو ئامۆژگاریی خۆی دەکات.. پێنجەم دەرمان لەخۆی دەدات، شەشەم ووڕبووەو وڕێنەو درۆ پێکەوە دەکات، حەوتەم

خۆی لە منداڵەکانی دزیوەتەوەو دەیەوێت هەوەسی خۆی تێر بکات.. خیانەتی لە خێزانەکەی دەکرد و دەیووت من نییم! هەشتەم گۆڤارێکی لەدەست بوو دەیویست خۆی بشارێتەوە. نۆیەم بەگوومانەوە سەیری منی دەکرد! منیش دەبووم بە دەیەم تەماشا، یانزەیەم دوانزەو سیانزە و چواردە.

هەنگاوی نۆیەم هەستمکرد کەس ناتوانێت زۆر لەگەڵ کەرامەتی مندا هەڵبکات، بۆیە بە مەحزوونی گەڕامەوە ناو گەردوونی خۆم.. هەنگاوی دەیەم زرمە لە ناخی دڵ و سکم هەستا، هەستێک لە جەوهەرما زرمەی کرد و بوو بە پەیکەرێکی مەزنی حەزرەتی ماریا، کە بە دەستی مایکل ئەنجلۆ کێشرابوو لە هەمیشەییدا، خاوەن زمان و ژیری و جوانی و شکۆ بوو، لە جەوهەری ناخمدا فەرمووی: سڵاو لە کوڕ و باوک و باوکی گەلان!.. سەری ڕێزم لە ناخی دڵمەوە بۆ شکۆی بەڕێزی دانەواند و بێدەنگیم کرد بە پەیام و مەیلی بیستنی سەمفۆنیای دەنگی پیرۆزی. ئەویش فەرمووی: غەم لەچی دەخۆی کوڕم؟ وا نەزانی کەس نییە هەست بە تۆ نەکات! وا نەزانی تاک و تەنهای. نا، نا.. نا.

تۆ هەرگیز تەنها نابیت.. چونکە من دەزانم چەند فریشتە و خواو پێغەمبەر لە هەست و نەستی تۆدا هەناسە دەدەن.

فەرمووی: تەنهایی هەڵبژاردن سزایەکە بە هەر پاڵەوانێک دەوێرێت.. هەن بەو سزایە دەوێرن و سەرفراز لە نەبەرد دێنە دەر. مرۆڤی ڕەسەن نابێت سزای خۆی پێ بدات. چونکە تەنهایی مرۆڤی ڕاست زویر ناکات. بەڵکو فێری دەکات، فێری زۆر شت، لەوانە فێری تۆڵە، سزا، ڕق و خۆشەویستی.  مرۆڤ فێر دەکات چۆن بیری ئەوانی تر بکات. ئەوسا کەسی تەنها گەر مەبەستی بێت خۆی لە چنگی پاڵەوانی تەنهایی ڕزگار بکات، پەیوەندی بە یەکەم کەسەوە دەکات کە بیری دەکات؛ جا باش بیری باش و خراپەش بیری خراپە دەکات. تۆ بۆ تەنهایی دروست نەبوویت و هەرگیز تەنها نەبویت. منیش فرمێسکی خۆشیم هەڵدەلووشت، و هەنسکەکانم دەقۆستەوە بە دەم ڕێوە ؛ بەدەم بیستنی ئاوازی پیرۆزەوە.

حەزرەتی پیرۆزی بە بۆنێکی نەشئەبەخشی بەهەشتانە لە دەروونمدا بەرەو قوڵایی ڕۆچوو- تا ناو هەستی ناخم.. ئەوسا گوێم لە ئاوازێکی سالمای بە چپە بوو، کە دەیخوێند: ئامیین.. ئامیین...

هەنگاوی یانزەو دوانزەو هەتا دواییم بەرەو گەردوونی هونەر هەڵهێنا.. بەدەم تەماشاکانمەوە خۆزگەم بۆ ئازادیی ئافرەتان دەخواست.. خۆزگەم دەخواست ئافرەت هەبێت بتوانێت بەبێ گومان و ترس  من ببینێت، بدوێت، بگەڕێت، بڵێت، بنووسێت.. هەڵبژێرێت وبەویستی خۆی کار بکات. خۆزگەم دەخواست ئافرەت مافی ئەوەی هەبێت خۆی نەفرۆشێت.چونکە خۆفرۆشی نەخۆشییەکە سرووشت وەڕز دەکات. پیسی دەکات.

کات ئاسایی بووەوە.. سەعات ورۆژ ومانگ ووەرزەکان تێپەڕین، دووپات بوونەوە.. منیش دوای ئەوەی چەند هەنگاوێک لە پردەکە دوور کەوتمەوە، بێدار بوومەوە.. بە تەواوی بێدار بوومەوە.. بینیم لە ژوورێکی ساردو پەستی زیندانادا بەدوای کاردا دەگەڕێم! بینیم سەرم لێشێواوە و نازانم چی بکەم! بینیم خێزانەکەم، واتە حەزرەتی سارای پیرۆز پڕ بوبوو لە گومان- گومانی لێدەکردم!

سەرمی دەشێلاو دوودڵ تەماشای دەکردم.. نەیدەزانی ئەنجامی شەونخوونی و مانەوە لە چنگی ژوورەکەمدا بەرەو چی چارەنووسێکم دەبات! بەزەیی پیامدا دەهاتەوە.

منیش دڵنیام دەکردەوە.. دووبارەم دەکردەوە کە هێشتا ساغم و تەندروستیم لەبارە.. هێشتا بە بەرمەوە ماوە.. هێشتا خۆم بە مرۆڤێکی سادەو ساکار دەزانم، گەرچی بە خەندەیەک سەدجار تەفرە دەخۆم، بۆ خەندەیەک بە گەردوونەکاندا، منداڵانە هەڵدەگەڕێم.. بەڵام ئامادەم لە پێناوی بینینی خەندەیەکی پیرۆزی سەر لێوی ئافرەتێکی ڕەسەن و پیرۆز- هەزار ساڵی تر بژیم.. چونکە ساتەکان وەک ڕۆژ، ڕۆژەکان وەک مانگ، مانگەکان وەک ساڵ خاوو خلیچک وەک کیسەڵێکی پیری کەنفت ڕێیان دەکردو تێدەپەڕین.. دەگەڕێم و نابینم لە ژیانی زیندانیمدا نە ئافرەت نە پیاو هیچیان ناوێرن خەندەکانیان ڕاستگۆیانە نیشان بدەن! دەترسن، تۆقیون. منیش بێئومێد نیم، چونکە نیازمەندم بە خەندەکانی ئەوان جیهان ڕزگار بکەم.

مێرولەیەک لە مێرولە پیرەکان فەرمووی: مەرگ لە زانستی خامۆشدا مژدەی ژیانێکی تری پێیە.. بۆیە مرۆڤی ناڕاست لە مەرگی خۆی زۆر دەترسێت. ئایا دەزانی کە مەرگی مرۆڤ هەندێکجار لە خوودی مرۆڤ خۆی دەچێت؟ مەرگی هەندێک لە ئاژەڵانیش لە ئاژەڵ دەچێت، مەرگی ڕووەکیش لە ڕووەک دەچێت. بەڵام مەرگی تۆ مەرگی مێرولەکانە.. تۆ لە مەرگی مێرولەکان دەچیت.
مەرگەکان جوان و ناشیرینیان هەیە، ڕەش و سپی، سوورو زەرد، شین، پرتەقاڵی، سەوز، شینی ئاسمانی ومۆر و پەمەیی..

خواکانیش دەمرن. ئەی نازانی کاتێک کە خواەند تەماشای کردەوەیەکی ناشیرینی مرۆڤ دەکات، دەمرێت؟ ماسییە زێرینەکەی ناو حەوزی ماسییەکە گوێی لە فەرموودەکانی مێرولەکە بوو.. کەژی ئاخاوتنی بە مێرولەکە بڕی و فەرمووی: ئەستەخفیروڵڵا!

مێرولەکە تەماشایەکی سەرپێیی ماسییەکەی کردو؛ فەرمووی: بەڵێ ؛ کردەوەکانی مرۆڤ ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر گیانی خواوەندەکان و لە ناویان دەبات. چونکە خواوەند دەتوانێت هێندەی خواکان زۆر بێت؛ نەک بەسروشتدا بەڵکو لەناوگیانی هەر یەکێک لە ئێمەدا جمەی بێت و بژی و بدوێ و زۆر بێت. بۆیە کاتێک کردەوەکانمان مۆڵەق دەبن ؛ خێرێک دێت. خێرخوازێک دێتە هانامان و کارێکی باشە دەکات.. بەوەش هەستی خوا لەناخماندا دەگەشێتەوە.. دەست دەداتە دەستی خواوەندێک و لە مردن ڕزگاری دەکات.. چونکە مرۆڤی ڕاست خوایەکی جوان پارێزگاریی لێدەکات.

ئەگەر خێرو جوانی وحەق و پیرۆزی و ئازادی و عیشق نەبوایە، زۆر لەمێژ بوو خواوەندو تەنانەت خواکـانیش قڕیان تێکەوتبوو. بەڵام جەنابی حەزرتی نوح؛ زەحمەت نەبێ چی جوانە لای تۆی بەڕێز؛ جوانی چییە؟

من زۆر شتی سەیرم بە خەیاڵدا دەهات.. بیرم لە کەماڵی جوانی دەکردەوە، و کەچی ڕاستەوخۆ و ئەوتۆماتیکی وێنەی ئافرەتێکی فریشتە شێوە بەر لەوحی خەیاڵم دەکەوت، کە لە حەزرەتی ماریا ولەیلاو کچەکافرۆش و ئەناهیتاو فریدا دەچوو و تەوەری چێژی جوانیی ناخی دەتەنیم. لە قووڵایی و لە کانگای دڵمەوە، هەستم بە حەزی برسێتی دەکرد، برسێتیەکی گیانی بۆ گەیشتن بە حزوری ئەو زاتە پیرۆزە مەزن و بەشکۆیە، کە ئیلهام دەبەخشێت بە بوونەوەر و زات و فریشتەو گیاندار. پاشان تەماشاکانی ئەو ئافرەتەم لێدەبوو بە سەرسوڕمان و دۆشدامان بەرامبەر بە شکۆی جوان-یی هەمیشەیی و موتڵەق. بۆیە ئەوەی جوان بێت بە بیردۆزی من، بریتییە لە نیگاو بینین و پەی بردنی گیانی باش و باوەڕی باش و بیری چاک... ئەم بیرانە کە لە جەوهەردا بێخەوشن، جوانن و موتڵەق و پێرفێکت . بۆیە من ڕێگە نادەم قەباحەتی سروشت بکرێت بە تەوەریک لە جوانی. چونکە جوانیی موتڵەق ئالوودە دەبێت بە بەکار بردنی دەستەواژەی ناجۆر و دزێو.

لەبەر ئەوە، جوانی لە جەوهەردا، خێرێکی موتڵەق و بێخەوشە و کەس بۆی نییە نیسبیی بکات. جا ئەگەر باس لە جوانیی نیسبی و زەمینی و ماددی بکەین، ئەوا دەڵێین <u>جوان</u> بریتییە لەوەی کە مرۆڤ چێژ لە شتێک یان لەشتەکان ببینێت. چێژ بووە بە ڕابەری بیردۆزی جوانناسی، هەندێک باس لە ئازادی دەکەن، ئۆتۆنۆمی! هەندێک گەوجەی تر واداری ئەوەن کە جوانی، پرۆسەی گۆشکردن و چنینی زاتە لە قۆناغەکانی تەمەنیدا؛ ئەم ڕایەی دوایی ڕای خوودی خۆم بوو لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا- بۆیە یەکێ لە ساڵەکان، لە زیندانی مەملەکەتی نەرویژ، پێشانگایەکم کردەوەو وێنەی مرۆڤێکی هەرەس هاتوو و شەکەت، لە دەستی جەهالەتی شەرق و حەماقەتی غەرب، لەسەر پۆستەرەکە ئەم ڕستەیەم نووسیبوو:" من خەریکی چنینی خۆهەڵوەشاندنەوەم، من لە چنیندا خەریکی ڕێسانی خۆمم؛ من لە چنینی خۆمدا، خۆم هەڵدەوەشێنمەوە.".. جا ئەو دێوپەرستەی کە دەبوو تەرجەمەی ئەم ڕستەیە بکات، کە لەسەر پۆستەرەکەم بوو، زۆر لەناخەوە باوەڕی بەمن هێنا، زۆری خۆش ویستم، تا ئەندازەی قین و قێزلێبوونەوە ، ئەو هێشتا قێزم لێدەکاتەوە! بەڵام من ڕێزی ئەوەم لەو دەگرت، کە هاوسەری ناسیاو و هاوزمانێکم بوو.

هەمان ئافرەت پاش دەیانساڵ لە خوێندنی فەلسەفەی جوانناسی، هات و دکتۆرای وەرگرت لە جوانیدا، کەچی بۆ تاقە جارێکی تریش نەیوێرا باسی زانستی جوانی لەگەڵ مندا بکات. بۆیە ئەمساڵ، بەر لەوەی ئەو گەواهینامەی دکتۆراکەی وەربگرێت، هات و لە منی پرسی: خەریکی چییت؟.. پاشان بە فیزێکەوە پرسیی: لەگەڵ جوانناسیدا لە چیدایت؟.. فەرمووم: مەزنترین جوانی، جوانییەکی گەردوونییە، من گەیشتووم بەو قۆناغەی کە بیری جوان، ئاکاری جوان و ووتاری جوان، مرۆڤ دەگەیەنێت بە ترۆپکی جوانی و کامەرانی و گەشبینی و مرۆڤ بە هۆیەوە دەبێت بە

مەخلوقێکی کەونی و دەگات بە ئامانج.. مەرج نییە مرۆڤ دوای پیری و زیللەت و کەنەفت بوون بگات بە نیرڤانا و خەلاس، نا- خەلاس و نەجات ئەو ساتەیە، ئەو هەڵوێست و بەهجەتەیە کە مرۆڤ هەست بە پاراویی بیری جوان و وتاری جوان و کرداری جوان بکات. ئەوسا مرۆڤ درک بە پەیکەری گیانیی ئەو زاتە، یان ئەو فریشتە ئیلهام بەخشە دەکات، کە زات پێی دەگات.

زۆرم نەوت، بەڵام ئەو یادی هاتەوە، کە ڕاستە من یەکەمساڵ کە زیندان کرام لە بەستەڵەک، فەرمووبووم: من خەریکی چنینی خۆهەڵوەشاندنەوەم. تێمگەیاند کە من لەمێژە گەڕاومەتەوە سەر بیری جوان و کرداری جوان و وتاری جوان. تێگەیی کە من دەربەستی ئەو چێژە مادییانە نیم، کە ئەو باوەڕی پێی هێناوە.. بەڵام من لاریم لە چێژی مادی نییە، بەڵام نایەڵم خەڵکی لەبەر دەمی مندا دەمیان خوار بکەنەوەو بڵێن: خواردن و سەماو یاری و پاڵەوانێتی و ئازیەتی و دەوڵەت و دەسەڵات جوانە. نەخێر ئەمانە هیچیان پەیوەندییان بەو جوانەوە نییە کە من هەستی پێ دەکەم. ڕاستە هەموو شتێکی بەسوود.. هەموو کردارێکی بەسوود بە ویستی جیهان جوانە.. هەموو گفتارێکی ڕاستیش جوانە.. بەڵام یاری و ڕابواردن و سێکس و سەماو خواردن و خواردنەوە- بابەتی سەرگەرمین، نەک جوان و جوانی. جوانی نابێت پوچەڵ بکرێتەوە لە چەمکی فێمینین. جا فێمینین بە مانای ئەعلا، نەک ئەدنا.. چونکە لە ڕاستیدا ئێوە خەریکن، شکۆی جوانیی ئافرەت و پیرۆزی و سامی ئەو لەناو دەبەن.

مێرولەکان سەرسامانە فەرموویان: کام شکۆ!؟ ئەوەی کە دێوو دێوپەرستەکان بەرد بارانیان دەکەن؟ یان ئەوانەی کە لەسەر شەقامەکانی پایتەختی مەملەکەتی بەفر و لە جیهانی یەکەمدا خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن و سەرخۆش و بەدمەست و نەخۆش و نەزانن و بەیانی هیچی لە دوێ شەوی لەیاد نەماوە!؟ کام جوانە باس دەکەیت؟ دەڵێی ئاگات لە دونیاو ژیان نەماوە و خورف بوویت! ئەی نابینی چی بە ئافرەت دەکەن لە جیهاندا!؟ فەرمووم: با، دەبینم و من زۆر بەسەختی گیرۆدەی ئەشکەنجەی دێو و دێوپەرستەکانم. من هەست بە ئامان ناکەم لە ناویاندا، چونکە دەمی جوانییان خوار کردووە و ناهەقی بەرامبەر بە هەموو شتێک دەکەن و تف دەکەنە ناوچەوانی خۆیان. من مرۆڤ وەها نابینم کە دێوەکان باسی دەکەن و نیشانی دەدەن و دەیانەوێت من فێری ئەو فەلسەفەیە بکەن. ڕاستە من دەتوانم دزێوی بکەم، دەشێت خانەی لاواز لە هەر مرۆڤێکدا هەبێت.. بەڵام من هەڵەی وەها ناکەم تا ڕێگە بدەم، دێوەکان فێری زانستی جوانیی باوەڕی خۆیانم بکەن. چونکە ئەوەی لای ئەوان جوانە، لای من مەنبووزە. چونکە جوانی پێوەندگی هەیە، ویژدانی هەیە، کەماڵ و شکۆ و سامی هەیە، جوانی لە گەردونی مندا لە جەوهەری فێمینینە و هیچ گەرد و زەڕڕاتێکی دزێو و شەرهێن و ناجۆرو هەڵەی تیا نییە. جوانی هەستێکە مرۆڤ دڵنیاو ئارام و بەهۆش و دەربەست و جەسوور و تەندروست دەکات و ڕێگاکانی ڕووناکی دەبینێ و پرشنگی فریشتەی ئیلهامی بەر دەکەوێت. مرۆڤ فێری بینین دەبێت( ئەو بینین-ەی لە کتێبی پەیامی خواکاندا باسم لێوە کرد).

مێرولەیەکی فێمینین و بۆنخۆش-کە بزەیەکی خەیاڵاوی ئەوی فریودابوو، بە سەرسامی و بە زمانێکی خاو فەرمووی: خۆزگەم بە جوانی. ئەی حەزرەتی نوح جوانیی زەمینی و دونیایی و ماددی لای بەڕێزتان چییە؟

فەرمووم: ئەم باسە پێشتر کراوە و بەر لە گشت زەردەشت، پاشان سوکرات و ئەفلاتون و ئەریستۆ.. ئینجا مایکل و داڤینشی و ڕافائیل. پاشان ڕۆبینس و ڕامبراندت و تیتسیان و ڕۆدان- بە دوایاندا سیزان و ڤانکوخ و ڕێنوار و دالی و پیکاسۆ ومۆنێ باسیان لەو تەوەرانە کردووە. ئەوان لایان وایە جوانی بریتییە لە سیمیتری، گیۆمێتری. هاڕمۆنی- و ئەتمۆسفار و ڕەنگ درکاندن.. یان هەستکردن بەو حەقیقەتە هەمەجۆرانەی کە بەر هەست و بیری مرۆڤ دەکەون.

من لاریم لە فەرموودەکانی ئەوان نییە، بەڵام کاندینسکی و شاگاڵ هاتن پەیامی گیان و هەستی عیشق و خۆشەویستی و باوەڕو گیانداربیان هێنایە ناو جەوهەری ماددەوە. من چەپڵە بۆ ئەمان زیاتر لێدەدەم، چونکە ئەمان باوەڕیان بە خلودی گیانی ڤانکوخ هێنا و گەڕانەوە سەر بیردۆزی کلاسیزم و سیمبۆلیزم و ڕێناسانس و ڕۆمانتیک و ڕیالیزم و نیوکلاسیزم.. بۆیە لەتەک ڤانکوخدا گوگان-یش شایانی باسە. ئەمانە لە ناو مرۆڤەکاندا هەن و دەمێنن و ناو دەبرێن. لە مەملەکەتی بەفریش، ئێدوارد مونک دەناسم.. کە ئەویش زۆر لەم زیندانەدا دیلبوو بەر لە من، هێشتا بە هەڵە لە ژێر دەنووکی هەندێک بیردۆزی هونەر و جوانناسی دێوپەرستدا، تاووتوێ دەکرێ وبەهەڵە باسی تابلۆکانی دەکەن.

بەڵام جوانیی سروشت و جوانیی گیانلەبەران و هەستکردن بە دڵنیایی و لە دۆخی ئازادیدا، بزوێنەر و گۆشکەری هەستی جوانیین- ئەی مێرولەی ژیرو جوان. ئەمە کورتەی هەستی من بوو سەبارەت بە جوان و جوانیی موتڵەق و مینیەوی بەر لە جوانیی مادیی و ئەندامی و ئۆرگانی.. ئەوسا دەبێت بچینە سەر باسی سوودمەندی و بەرژەوەندی و تەڵەکەبازی و دووڕوویی و زمانەوانی و درۆ و زۆر تەوەری تریش، کە بە ناوهێنانیان، لە تەوەری جوانی لادەدەین ،و وەک ئەوەی لێدێت کە واز لە زەریا بهێنین و باس لە دڵۆپێک ئاو بکەین! بەڵام جوانیی مانەوی هەموو تەوەر و سنورێکی خێر دەبڕێت. مێروولەکان کردیان بە چەپڵە ڕێزان، مۆمێکیان بۆ داگیرساندم و گشتیان پێکەوە فەرموویان: وامان= سەرسوڕمان=واتە سورپرایز بە زمانی ئینگلیزی!! پاشان گوڵێکیان دا لە ئێخەم و فەرموویان، خۆزگەمان بە خۆت.

فەرمووم: بناغە و کۆڵەکە و پەیامی ئیستاتیک-ی کوردی، لە دووهەزاری بەر لە زایینەوە بە زەردەشت گەیی، دە هەزارساڵ بەر لە مێژوو بە نوح گەیی.. بۆیە من شایانی ئەو خەڵاتە نیم. فەرموویان: هەرکەسێک ئەو باوەڕەی هەبێت، شایانی خەڵاتە، چونکە تەنها بە هاوژیانی و هاڕمۆنی لە هەستی جوانیی موتڵەقدا، مرۆڤ بوونی خۆی زامن و پایەدار و پیرۆز دەکات.

## تابلۆی لابردنی دێوی تاریکی

هەر ئەو بەیانییە.. بەو سپێدەیە؛ دوای سەرهەڵدانی پرشنگی وەنەوشەیی .. کاتێک کە لە نوێژەکانم بوومەوە.. نە پردم بینی و نە ڕێگا.. چونکە پەڕیبوومەوە.. بۆیە باوەڕم بە جوتبوونی گیانی هێنا لەگەڵ نوح دا.. کاتێک کە هەستم بە پاکژبوونەوەو شادومانی کرد؛ کاتێک کە تێگەییم هەموو بەسەرهاتەکان خەون بوون و ساڵێک یان سالآنێک بەسەر وەستانی کاتیشدا تێپەڕیوە! بەڵێ ساڵێکی تەواو بەسەر ڕاوەستانی کاتدا تێپەڕیبوو .. بە هاتنی مرۆڤی ڕەسەن و مرۆڤی مەزن؛ واتە حەزرەتی نوح شاد بووم.. هەستم بە سام و بە شکۆ کرد لە هەستی بوونەوەردا.. بینیم؛ و بە بینینم لە دۆخی پەنابەریدا فێری زانستی گیانناسی بووم . هەستمکرد تینوێتیم دەشکێت ولە سەرچاوەی ئاوی زمزمم نۆشیوە " کەوسەر". هەستمکرد لە بەهرەی هونەر فێر بووم، و توانیم بۆ یەکەمجار ڕێگە بە شکۆی خۆم بدەم و سەر بۆ حەزرەتی پیرشالیارو حەزرەتی نوح دانەوێنم و فەرمایشتی دەروونی ڕێباز بکەم.

هەستم بە مەراتیبی عیرفانی خۆم کرد، گەییشتم بە ناخی جەوهەر، جەوهەری هونەر لە زاتێکی ئاوێتەدا ـ بە ڕاستەقینەو داد.. هەستم بە هاوسۆزی کرد لەگەڵ گیانی یاساکاندا.. گیانەکان و هەردوو پارچەکەی لەشی لەت بووم یەکیان گرتەوەو ڕەنگەکان یەکیان دەگرت.

هەستم بە تەنهایی دەکرد.. تەنهاییەکی زۆر.. چونکە خۆمم بینی تاک و تەنها لە ناو زیندانی دێو پەرستەکاندا دیلم. بەڵام هەردو لاکانی لەشم یەکیان گرتبووەوە.. دەمتوانی بچمە دەرەوەی ماڵ و لەگەڵ مرۆڤ و دێوو دێوپەرستەکاندا بدوێم.. بە هەندێک لەوانم دەوت؛ لەسەرتان پێویستە دان بەکەرامەتی مندا بنێن. چونکە من خاوەنی پەیامم. من هەستی ئیمپاتیم. هاتووم پێتان دەڵێم نەنگی نییە بۆ مرۆڤ بەرەو دۆخێکی جوانتر خۆی بگۆڕێت.. نەنگی لەوەدایە کە مرۆڤ لە گۆڕان بترسێت. مرۆڤ ناتوانێت هەمیشە دوو ڕوو بێت. دوو ڕوویی نەخۆشییەکی کوشندەیە. ڕاستگۆیی سروشتی پێغەمبەرانە.

بەڵام دێوەکان حەزیان لە بیستنی ڕاستی نییە. وا دەزانن دوو ڕوویی کەلتوورە. وا دەزانن بوختان و تۆڵە و کینە جوانیان دەکات! وا دەزانن هەستکردن بە کەمی سروشتی ژیانە.

من یەکەم کەس و دواهەمین کەسم کە دەزانم نوح نەمرە لە گیانی مندا.. بەڵێ منی چیرۆکخوان.. سەری ڕێزو شکۆم بۆ خودی خۆم دانەواند.. بە هەر چواردەوری خۆمدا فتوام داو؛ بە دراوسێ و ناسیاوو هاوڕێیانم فەرموو:" بەڕێزان بەندە حەزرەتی نوح-م". کەچی کەس هیچی نەوت.. کەس نەیگوت ئەرێ کەرێک بە چەند!.. دەمڕوتێکیان ووتی: کەواتە منیش خوام! یەکێکی تر لە ناسیاوەکانم لووتی لێکردمە حەواو ووتی: ئەی بۆچی ناڵێیت من خوام؟! کابرایەکی نامۆ بە ژیان بە پێکەنینێکی ئەحمەقانەوە ووتی: کەس باوەڕت پێناکات. نووسەرێکی ئەمریکی سەری بۆ لەقاندم و ووتی: دەتوانیت بڵێیت من نوح-م.. چونکە تۆ هونەرمەندیت. ئافرەتێکی شێت ووتی: ئێمە پێغەمبەرەکان هەڵدەواسین. ئافرەتێکی ناسیاوم کە ئەویش ناوی سارا-بوو، ووتی:" پێغەمبەرەکان گشتیان شێت بوون. تۆش شێتیت.. چونکە من لە یادم دێت کە کاتێک لە دانیشگا قوتابی بووم؛ یەکێک لە هاوڕێکانم دوچاری نەخۆشیی شێتیی لاوی= شیزۆفرێنی -هاتبوو، هەستی دەکرد هەمیشە وەدووی دەکەون و خۆی لێ بوبوو بەدوان". منیش قسەکانیم پێ پچڕی و فەرمووم: بەڵام من نەبوم بە دوو کەسێتی، و شێتیش نیم، بەڵام بووم بە ملیۆنەها گیان و بەشەوە.. من بووم بە ئاڵاو ئازادی و عیشقی بێ وڵات و کەس هەر هیچ کەس هەست بە تەندروستیم ناکات! دەشێت من دوچاری ملیۆنەها تەرزی شیزۆفرێنی هاتبم خانم! ئەویش پێکەنی. منیش فەرمووم: جا مرۆڤ چۆن دین و دەهری نابێت کاتێک کە دەبینێت هەن جەلادن و هەن سەربڕ و هەن زمان بڕ و هەم تەعداکەرن.. ئەوان بۆیان هەیە ساغ بن و کەچی ئێوە ماف بە کەسێک نادەن لەناوتاندا دوچاری نەخۆشییەکی منداڵانە بێت! ئەی نازانن بە پێغەمبەر بوون بریتییە لە بوون بە منداڵێکی پەتی؟ وا نەزانی پێغەمبەری پایەیەکی باڵاترە لە مرۆڤپەروەری! بەڵکو گەڕانەوەی زاتە بۆ سەردەمی منداڵیی خۆی و پاکژ بوونەوە و لێخۆشبوونی زات. چونکە تەنها بە هەستی منداڵ مرۆڤێکی گەورە دەتوانێت لێخۆشبوون و لێبووردن هەست پێبکات.

بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ژیان ئاوەژو دەبێتەوە. هونەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە.. ئەفسانەکانیش باسیان لە دەسەڵاتێکی زیاتری ئەمڕۆی مرۆڤ دەکرد. چونکە مرۆڤ دوو قوتبی تری ماوە بگات بە کەماڵ.

بەوانم فەرموو: درۆزن ڕووڕەشی خۆی بێت، چونکە خوا ڕوو ڕەشانی ناوێت. ئیتر خەڵکینە، هاوڕێیان، بە هەر کەسێک دەڵێم : من لە نوح و نوح لەمن-ە.ئەو لە مندا دەژێتەوە؛ باوەڕ ناکەن. گەرچی من پێویستم بە دانپیادانانی ئەوان نییە.. گەرچی من زیانێکم بەوان نەگەیاندووە.. نازانم چی زیانێک بە مرۆڤایەتی و بوونەوەر دەکەوێت لەم سەردەمە سامناکەدا؛ گەر کەسێک بێت و بوێرێت ـ بڵێت : "من مرۆڤم".. یان خێرمەندو بە شکۆم و هونەر لەمندا دەژی و بە مافی ڕەوای خۆمی دەزانم چی دەڵێم،

چی دەکەم و چی دەزانم. بۆیە من هاتووم پێتان دەڵێم: هەستن.. کەمێک بەسەر خۆتاندا بچنەوە.. چونکە وەچەی نوح وا خەریکە قڕ دەبێت. لاتان نەنگی نەبێت داوای ماف بۆ باوانی لە بیرچووی خۆتان بکەن.

چونکە ماف جەوهەری ویژدانی خوایە. بەڵێ، یەزدان دادو ماف و پەیام و پەیمانی جوانیە. ئەوەی ڕێز لە فەرموودەکانی پێغەمبەران نەگرێت، بەر هەڵمەتی لێشاوی چاوەڕوانکراو بکەوێت. چونکە بەزەیی خوا؛ کاتێک گیانی مرۆڤایەتی دەسمێت، کە مرۆڤایەتی لە گێتیدا ئازاد بن.. ئەوسا یەزدان دادەبەزێت. بەڵێ؛ خودی خواوەند دێتەوە و ئاوڕێکمان لێ دەداتەوە.. دێت و پیرۆزبایی مەزن بوونی مرۆڤمان لێ دەکات. ئەوسا کارتێکی ترمان دەداتێ و بە زانستێکی نوێ لە یەقینمان نزیک دەخاتەوە.. ئەوسا دەگەین بە کەماڵ.. لە کەرامەتی خۆماندا هەست بە شکۆی دەسەڵاتمان دەکەین. جا ببورن کە من بانگەێشتی خوایەتی ناکەم و لەو بارەیەوە زانیاریم کەمە.. چونکە ڕوناکی هێندە قوڵە کە هەموو جەوهەرەکانی تیادا جێگە دەبێتەوە.

من تێناگەم بۆچی مرۆڤایەتی ڤینیان لە بوونی خۆیان هەڵگرتووە!؟.. ئەوەی سەرم دەسوڕمێنێت ئەمەیە کە هەست دەکەم مرۆڤایەتی زۆر ناهەقانە کەوتوونەتە تۆڵە سەندنەوە! هەست دەکەم مرۆڤایەتی وزەیەکی گەلێک مەزن بەکار دەبات بۆ لەناوبردن و قڕکردنی خودی مرۆڤایەتی..هەست دەکەم مرۆڤ بە سروشت وڕکی لە مانەوەی خۆی گرتووە.. هەست دەکەم جەورو ستەم و خۆپەرستی کونج و کەلەبەری هەموو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای داگیر کردووە.. هەست دەکەم مرۆڤ واز لەشەڕ ناهێنێت و تا دواهەناسەی لە شەڕدا دەژی.. هەست دەکەم مرۆڤ لە شەڕدا لاواز بووە! جا بەو چەکانەی کە خۆتان زۆری دەکەن، زیاتر ئابڕوی خواکانی خۆتان دەبەن. هەست دەکەم سەرکەوتو نابن لەم شەڕەتان دژی نەزانیتان.. چونکە لە فەرهەنگی مندا ئێوە گوناحن و من بەزەییم پیاتاندا دێتەوە. ئەم هەستانە لە باوەڕو ڕەفتاری مرۆڤەکاندا پەنهان دەبینم.. لەم هەستە زۆر سڵ دەکەمەوە. هەست دەکەم مرۆڤ گیانی پیس بووە بە هەناسەدان لەگەڵ سەگ و پشیلە و دێوو درنج.. زۆربەیان خۆیان لێ بووە بە شەیتانێکی بەدخوو و نەخۆش و بەراز پەرست. لە درۆ و بوختان و فیتنەبازیدا تووشی گورگی سەرەتان هاتوون و کۆمەڵێک نەخۆشیی تریش وا بەڕێوەیە بۆیان.. جا با پێتان بڵێم: مرۆڤ هەر دەمێنێ، هاتووە و لەناوماندایە.. سەری لە ئاسمانەو پێکانی لەسەر زەوی.. دەمبینێ؛ بەرەو زاگرۆس دەچوو.. کات، بیستوو یەکەمی نەورۆز و ساڵ نادیار! چونکە کات هێشتا ڕاوەستاوە.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستاکە بێدارم؛ دەتوانم دڵنیاتان بکەم کە کات بیست و یەکەمی مانگی نەورۆز و ساڵی 2009 ـە... بەڵام من تەنها خۆم دەبینم.. هەست بە تەنهایی دەکەم و داگیر کراوم. نە گۆچانم لە دەستە، نە بەرگی سپیم لەبەردایە و نە مەسیحەکان و ماریاکانی

جیهانیش له دوامەوەن! تاریکی وەک دێوەزمە زوو زوو دێت و خۆیم بەسەردا دەدات... منیش چنگێکم له زەوی و چنگەکەی ترمم له ئاسمان گیر کردووە.. گیانم به ئاسمان و به زەویدا هەڵدەکشێ و دادەکشێت. بەڵام نەمدەتوانی واز له خەیاڵەکان بهێنم، چونکه گیانم بیری کۆچی دەکرد.. یادی ئاراراتی دەکرد. بۆیه هەمیشه بیرو یادم لای کۆچ کردن و گەڕانەوە بوو بۆ ئارارات و مەنزلگەی نوح.. چونکه تا دەهات زیاتر ڕاستیی ئەوم – لەوێ هەست پێدەکرد.

بوونی ئەوم لەوێ گریمان دەکرد. چونکه دەمبینی له ڕاستیدا کوردوستان چۆڵ دەکرێت و بەدەستی دێوەکان داگیر دەکرێت. هەستم دەکرد کورد له دیاری خۆی ڕەدوو دەنرێت، به زۆر مرۆڤەکان ناچار دەکەن دیار و میلەت و کەلتوری خۆیان واز لێبهێنن و دوای هەوای هەوەس و ویستی شێتانه بکەون. من هەمیشه بێدار بووم، ماندو بووم و ئومێدی گەڕانەوە له گیانمدا گۆش و پوختەتر دەبوو.

هەر لەو دەمی بەیانەدا؛ له ژێر بارانی بەفردا خۆمم پاک پاک شۆری؛ له وڵاتی بەفر- که له بیستویەکەمی مانگی بەهاریشدا بەفر دەبارێت.. وا نەزانن که من به هەڵه باس له وەرزەکان دەکەم.. بەڵام یادتان دەهێنمەوە که ئاسمان لایەکی تاریک و لایەکەی تری ڕۆشن بوو. بۆیه کاتێک خۆمم ڕووت کردەوە، له ژێر بارینی بەفرا سپی سپی هەڵگەڕام.. پاشان ڕێگەم گرته بەر-"به خەیاڵ" به دەم ڕێوە چاوم چووە خەو و چەند زینده خەوێکم بینی. له خەوما حەزرەتی نوح-م دەبینی دەڕوا؛ و کڵپەو تۆفان و شەپۆل و بۆرکان لەگەڵیدا به تەوژم دەڕۆیشن.. زەمین سام گرتبووی؛ دێو پەرستەکان لەرزه لەرزیان پێ کەوتبوو، زەمین دەلەرییەوە.. له پڕ شەپۆل فڕێی لێدەهات و کەشتییەکی مەزنی قووت دەدا! له پڕ کەسێک دووچاری شێتیی هاریی دەبوو و گڕی بەر دەدا له بینایەک، یان کەسانێک خۆیان دەتەقاندەوە، یان خەڵکی بێتاوانیان دەکوشت، یان شێتگیر دەبوون له هاوڕێکانی خۆیان و به فیشەک ناو سکی دایک و باوکی خۆیان دەسووتاند.. له پڕ منداڵ دەبوو به دوژمنی باوانی.. بیسکۆب دەبوو به موعتەدی و فریشته دەبوو به قاحبەی سەر شەقامەکان! و جەهەنەم تەنووری تەنهایی بۆ خەڵکی جۆش دەدا و هەر کەسەو بەشتێک دژایەتیی هەر شتێکی دەکرد و دەبوو به دوژمنی خەڵکی و تاوانێکی دەکرد- ڕاستی و تاوان و شەڕوخێر تێکەڵ بوبوو! بینیم تەبیعەت تێک چووە، و ژینگەی دەروون و جیهانیش پیس بووە! چونکه کەس نوح ناناسێتەوە! بۆیه باکان، شەپۆلەکان، بۆرکانەکان تووڕە بوون. بگره خودی ژیان توڕه بوو له بینگه و خەونەکانی مندا.

له یەکێک لەو زینده خەوانەدا بوو، که...! نازانم بڵێم چی؛ خەڵکیینه! دەشێت باوەڕم پێ نەکەیت.. بینییم.. حەزرەتی نوح تەقێنرایەوە و به دەستی تیرۆریستێکی نەخۆش هەپرون به هەپرون بوو! ببوورن، کۆچی دوایی کردووە، خوا عەفووی کرد.. خوا

جەزاتان باتەوە.. بەڵێ.. بینیم هەر گەردێکی لەشی بە بوونەوەردا هەلاهەلا بوو و هەرچی مێرولە و مەسیح و ماریاکانی جیهان هەیە بە پەرت و بڵاوی بەرەو ئاسمان هەڵپڕان .. و زەمین خوێنی بەربوو.. بینیم هەپرون بە هەپرون بوو.. بوو بە ملیۆنەها پارچەوە... بەڵام مێرولەیەک لەمێرولەکان هیچی لێ نەهات! ئەو مایەوە و تێک نەشکا. هەر لەوێدا کە ئەو کارە ڕوویدا؛ واتە کاتێک حەزرەتی نوح تێرۆرکرا لە زیندە خەونمداو؛ تیرۆریستێک خۆی لەبەر دەمیدا تەقاندەوە!! من هێندەی سەد مەترێک لێوەی نزیک بووم لەودیوی پردەکەوە!.. بە چاوی خۆم واتە بە چاوی نووستو ئەو دیمەنە سامناکەم بینی. هەر لەوێدا بوو دڵی هێندە تیژ و مەتین لە هەوادا تەوژمی دەداو دەفڕی، کە بەر سینەم کەوت، ڕاستەخۆ دڵی نووسا بە دڵمەوە...
هەموو گیانم سوور داپۆشرا! کاکێشان ڕۆشن بووەوە لە قژی ماش و برنجیی پەخشەوە بووی ئەودا! بەڵێ- لەهەستکردن بە تەنهاییدا خەونی سەیر و ترسناکم دەدی. نەمدەوێرا لە زیندانەکەشم هەڵێم.. چونکە ئەگەر بچومایەتە ناو مزگەوتێکەوە ئەکید یا دەریان دەکردم یان تیرۆر.. چونکە دەبوو بەوانیش بڵێم کە خوا لە ئاسمانەو ئێوە هێشتا کڕنوش بۆ دێو و ئیمام و بتەکانی خۆتان دەبەن و هێشتا لە بت پەرستی نەجاتتان نەبووە. ئەمە ڕاستە؛ ئەوان نوێژ بۆ ئیمامەکانیان دەکەن نەک بۆ خواوەند لە ئاسمان. مرۆڤ ڕوو لە ئاسمان نوێژەکانی دەکات، ڕوو لە ڕوناکی و نێر و مێش پێکەوە ڕو دەکەنە خواوەندی خۆیان و ئازادیشن لە پەرستندا! جا ئەم پەیامانە بە گوێی کێ دەگات!؟

ئیتر چی بێت لە ئێوە نهێنی تەنها من و مێرولەیەک ماینەوە.. لەسەر ڕێگایەکی تاریک .. لە ماڵێکی تاریکدا و لەگەڵ دەوروبەرێکی تاریک بین.. دۆش دامابووم و نەمدەزانی ڕوو لە چی ئاڕاستەیەک بکەم؟ بۆ کوێ بچم؟ ڕوو لە چی لایەک بکەم!؟ سەرم لێشێوابوو؛ چونکە کارەساتی ڕووداوەکان، منیان دەحەپەساند، دە تاساند! لە تاواندا ڕۆژێک کە بێدار بوومەوە، بەر لە هاتنی جەژنی نەورۆز- بە بیرمدا هات واز لە ڕەگەزنامەی نەرویجی (وڵاتی بەفر!) بهێنم. بە چاکم زانی ناسنامەی هیچ میللەتێک هەڵنەگرم تا ئەو کاتەی ناسنامەی مەملەکەتی زاگرۆس یان کوردوستانی مەزن هەڵدەگرم. پاسپۆرتەکەم گەڕاندەوە بۆ مەلیکی نەرویج و سوپاسی ئەو هەموو ساڵانەی ژیانمم کرد لە ناو زیندان و گەلی بەستەڵەکدا. کە دیوەکان تیایدا وەچەکانی منیان تەعزیب دەدا. ئیتر ڕووەو ئاسمان.. ڕووەو تیشکی خۆر ڕوی خۆمم وەرگێڕا.

بڕیارم دا خۆر بکەم بە ژینگەو پایتەختی هەستەکانم و ئەو بکەم بە ماڵ بۆ قۆستنەوەی هەستی جوانی. چونکە جوانی تەنها چەکێک بوو من شکم دەبرد لەو تەنهاییەدا. هەستم دەکرد دەتوانم بە چەکی هونەر و جوانی ڕووبەڕوی هەموو جیهان ببمەوە. بۆیە وازم لە پاسپۆرت و ڕەگەز پەرستی و ئایین پەرستی و تاک پەرستی و بگرە وازیشم لە ترس و خۆپەرستییش هێنا. بەڵام نەمتوانی هەست کردن بەتەنهایی

وەلاوە بنێم و لەناوی بەرم.. مەسیح ئاسا ڕووم دەکردە بازاڕی داوێن پیسەکان و دێوەکان و چیرۆکی میوانداریێتیی حەزرەتی مەسیحم یادی خۆم و خەڵکی دەهێنایەوە؛ بەوانم دەفەرموو: "جارێکیان حەزرەتی مەسیح دەچێت بۆ لای چەند کەسێکی تەرەس. کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ ناو موریدەکانی ؛ ئەوان بە سەرسوڕمانەوە لە مەسیح دەپرسن: بەڕێز چۆن توانیت بچیت بە میوانیی ئەو جۆرە کەسانە ؛ کە کردەوەو ئاکاریان سازگار و لەبار_و باش نییە؟ مەسیح لە وەڵامدا دەفەرموێت: دکتۆر بۆ لای ساغەکان ناچێت.

ئیتر لەو ساڵ و مانگ و ڕۆژانەدا ئاوا من و مێرولەیەکی بێ وڵات و بێئاڵاو بێ پەیداغ، ماینەوە! دەشێت بە شێتم بزانیت کە من خاوەنی مێرلەم و درەختی زەمان لەسەر سەرم ڕواوە.. بەڵێ بە ڕاستمە. من دوو دانە جەوهەری بەنرخم هەیە.. دوو کوڕم هەیە و یەکەمیان دائیدی ناوەو دووەمیان یوسف. ئەوان دوو خواوەندی ژیرو جوان و تایبەتن.. من ئەوانم لە ئاسمانی حەوتەیەمەوە دابەزاندووە. من ئەوانم لە جیهانی فەنتازی و موتڵەقی جوانیدا بەدی هێناوە. نەک هەر مێرولەکان کە گیانی غەدر لێکراوانی جیهانن.. بەڵکو گیانی داهێنان و شیعرو ئەفسانەکانم هەیە. من تام و چێژی ئینسپیراسیۆنم کردووە و لەگەڵ خواوەند ئێرۆس و پرۆمیسۆس دواوم و زۆرانم لەگەڵ ڕۆستەم و زۆراب و هەرقلیشدا گرتووە. باسی بەزین و سەرکەوتنەکانی خۆم ناکەم. تا ئێوەی خوێنەر خۆتان داوای نەکەن. من باسی شتێکی ئەوتۆ ناکەم. زۆر گرنگیش نییە من نوح بم یان نا لە لاتان!.. چونکە من لە کەرامەتی خۆمدا ئازادم. من بەهرەم لە حەقیقەتی ئەبەدییەوە وەرگرتووە.

بۆیە بە چاکم زانی لەم کتێبەدا تەنها باسی سەفەری گەڕانەوەمتان بۆ بکەم.. یان باسی خۆزگەی گەڕانەوە و پرۆژەی گەڕانەوە.. چونکە کتێبی یەکەم واتە پەیامی خواکان تەنها خەو نامەکانی من بوون بۆم گێڕانەوە.. وەک پێتانم فەرموو؛ خەونەکان بێ سەرو سەمەرە بوون، نە ئەژماردەش زۆر بوون... لێرەوە داستانەکەم دەبێت بە ڕۆمان و چیرۆک و کورتە چیرۆک. چونکە نیازمەندم ئامۆژگاری و بەسەرهاتی ئەو ساڵەتان بۆ تۆمار بکەم کە تیایدا بێدار بوومەوە. وەک چیرۆکخوان. چونکە ساڵەکان هێشتا لە بیری مندا وەستابوون و چاوەڕوانی منیان دەکرد ڕوو بکەمە پەرستگای خۆم. چونکە من دەتوانم ئەو ڕێزە بۆ خۆم بە ڕەوا بزانم کە خۆم بکەم بە پەرستگاو کەشتی و نزرگە و دێری خۆم. چونکە من ڕێزم بۆ خواکانی خۆم هەیە. من منداڵ بە خواوەند دەزانم. جا وەڵامم بۆ هیچ عەبدێکی خوا نییە گەر بێت و بپرسێت: ئەی کێ منداڵ و باوک و گیانی پیرۆزی دروست کردووە؟ چونکە من وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانم لەلایە.

من تا ئێستا هیچێکی ئەوتۆ لە مرۆڤەوە فێر نەبووم.. بگرە لە وڵاتی بەفر دێوەکان دیواری ئەستوری شەختەیان لە دەور هەڵچنیوم و دیوارەکان گوێچکەی ڕاستییان هەیە. دراوسێکانم دەتوانن بەبێ یاریدە گوێ لە ترپەی دڵم بگرن. من باکم نییە. چونکە من باوەڕم بە کردەوەی دزێو نییە. چونکە بەرنامەکانی من ڕەوان و پەیام و مافیان تیایە.

جا هەرچییەک بڵێم پێویستی بە پەنجە ڕاکێشان نییە بۆ کات و ڕۆژ و مانگ.. چونکە من هەژدە ساڵە کەوتومەتە بەر لەعنەتی ڕق و کینەی دێوە بێ هەستەکانی مەملەکەتی بەستەڵەک و مرۆڤی لە بەفر دروستکراوو بێ هەست و ڕەزیل و بچووک کراوە. بەڵێ مرۆڤی نەرویجی کە هێندە بێقیمەت و بێ نرخ و بێ ڕێز کراوە کە هیچ قورساییەکیان نەماوە. مرۆڤ لەم وڵاتەدا هێندە لە کەرامەتی دەدرێت- کە مرۆڤ تا ڕادەی خودکوژی قینی لە خۆی دەبێتەوە. هەرچییەک دەبینم پاک و جوان و بە شەرم و بچوک خۆی لە کۆمەڵێک جلی سەیرەوە پێچاوەتەوەو خەندەکانیان بە وونی و بە سەرخۆشی و بە گێلی دێن و دەچن و دەیانەوێت بەرنامەکانی من تێک بدەن. زۆر بە سەختی دەوریان تەنیوم و دەیانەوێت من بکەن بە ئولە نورمان= واتە بە مرۆڤێکی دەبەنگ و بێهەست و ڕازی لە هەموو شتێک! وا دەزانن کەون یا بوونەوەر بەوە گەورەتر دەبێت گەر بێت و بتوانن کۆشکەکانی مەملەکەتی جوانی- لە کەلەی مندا بڕوخێنن. منیش هەڵدەستمە سەر پێ و وەک هەڵۆ چۆن چنگ و نیشانەی دەکات بەیەک، وەک شەپۆلێکی هەڵۆشێوە- ڕادەپەڕم وتەکانم دەکەم بە داد و یاسا و بەسەریاندا بە دەنگی بەرز دەیخوێنم. پێیان دەفەرمووم: ئێوە ناتوانن کەرامەتی من بچوک بکەنەوە.. دەتوانن تەنها بمکوژن، لێم بدەن، برسیم بکەن.. بەڵام من لە جەورو ستەمی ئێوە تێناگەم بەرامبەر بە گەلی نوح! نازانم بۆچی مرۆڤی نەرویجی شانازی بە تەرەس و دڕندەیەکی وەک سەدام حسێن و عەلی کیمیاییەوە دەکەن! نازانم بۆچی ووشەی کورد لەسەر زمانی هەموو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتییەک تفت و زەهرین بووە!؟ بۆچی پشتتان لە باوانی خۆتان کردووە؟! من نازانم!

پێویست ناکات لەو بارەیەوە زیاتر بڵێم. بەڵام حەز دەکەم بە گەلی نەرویجی بڵێم: من مرۆڤم. ئازادم. لایەنگری لە حەق و جوانی و ڕاستی دەکەم. ڕوخانی من ڕوخانی مرۆڤە. کەوتنی من داتەپینی شکۆی مرۆڤایەتی و نیشانەی لەناو چوونی دادو حەق و ڕاستی و جوانییە. جا فەرموون ئەمە ملی من و ئەوەش تەوری ئێوە. من زۆرم فەرموو و ئێوە گوێی خۆتان لێکەڕ کردم، سەرو ڕووی خۆتان شاردەوانێ و تەنهاتان کردم و زاخاوی دنیاو قیامەتتان کرد بە جەرگ و دڵ و بیرو ویژدانمدا . منیش بە هەر زمانێکی شیاو یان تووڕە یان هێمن- بە زمانی ئەوان دوام و گلەییم لەوانکرد. بەڵام ئەوان لە خۆشیدا دەستەکانی خۆیان لەیەک دەسوو و لەبەر خۆیانەوە بە نهێنی، بە یەکترییان دەگووت: ئێستا نا تاوێکی تر لوتی نوح لە بەردی ئەلحەد دەدات و دەمرێت.

چونکە لەسەر کاری تازە، زەهری مشکیان بۆ ڕۆدەکردم.. وایان دەزانی بەوە دەمرم! من بەهەر زمانێک لەگەڵ دێوو دێوپەرست و سەگپەرستەکاندا دواوم. گلەییم لەخۆم نییە لەو بارەیەوە. باسی جوانیم بۆ کردوون. بەڵام ئەوان هەرگیز بە چاوی مرۆڤ تەماشای منیان نەکردووە. ئەمە ڕاستییەکە کە خۆیان بەر لەمن دەیزانن.

## تابلۆی ڕێنکارنەیشن= دووناودونبوونی گیان

کاتێک کە تەواو بێدار بوومەوە.. وەک چیرۆکخوان دوو جار بەسەر پەیامی خواکاندا چوومەوە و هەڵە چنم کرد و کتێبەکەم بڵاو کردەوە.. هێندە ماندو بوبووم کە توانای ڕۆیشتنم نەمابوو. هەستم دەکرد دێوەکان دەورەیان داوم و دەست و پێ بەستیان کردوم و نایەڵن لە زیندان دەرباز بم. چونکە وەک فەرمووم، من وەک چیرۆکخوان بۆ هەژدەساڵ دەچوو زیندان بووم. جار ناچار هەستم بە کەمێک ئازادی دەکرد و دەهاتمە دەرێ لە ژورەکەم و لە دێوەکان توڕە دەبووم؛ دەمفەرموو: بە نوستوویی و بێداری- بە شێتی و بە هۆشیاری- بە خەون و بە ڕاستی- بە گیان و بە لەش من پیرشالیار و خواکان و پێغەمبەرەکانم دیوە. من پەیامی هونەر و جوانیم پێیە. دەمەوێت داوای ئازادی بۆ میلەتی زاگرۆس و هونەری خۆم بکەم. داوا لە کێ؟ لە دێوەکان؟ ئەم هەستە ئازاری دەدام.. ئەم ناتوانایيە زویری دەکردم و پەشمورده لە خۆم و لە باوەڕی خۆم دەڕوانی.. چونکە مرۆڤ داوای ماف لە دێوەکان و لە دێوپەرستەکان ناکات. بەڵام دابی ئەمڕۆی ژیان لەسەر ئەم گۆی زەوییە وەهایە.. چونکە دێوەکان فەرمانبەر و ڕابەرن!

دەشێت ئەوان لە وەڵامدا بەمن بڵێن: " جا تۆ کە خواناسیت، و واداریی ئەوەیش دەکەیت گوایە پێغەمبەرانیش دەناسیت؛ بۆچی داوای ماف و ئازادی لەوان ناکەیت؟".. منیش دەفەرمووم: هەر داوایەکی ڕەوا دەگات بە جێگەی خۆی.. هیچ داوایەک، هیچ خۆزگەیەک لەناو ناچێت. خۆزگەکان دەتوانن فرمان بەسەر دێوەکاندا بکەن. چونکە دێو هەمیشە دەبێت مل بدات. پەیامی من ئەگەر بە ئێوەش نەگات، دڵنیام دەگات بە ڕەحمی بوونەوەر.. بۆیە مرۆڤ پێویستە لەسەری داخوازییەکانی خۆی دەربڕێت، دەنا وەک ئەوە وایە مرۆڤ هاتبێتە ژیانەوە تەنها بۆ لەوەڕین و بەس.

خەڵکینە مەترسی ترین و بەژانترین زیندان ئەو زیندانەیە کە بەهەڵە مەحکوم دەکرێیت و تیایدا بەهەڵە داوەری دەکرێیت. جا با جێگە ناو ماڵی خۆشت بێت.. جا- تا کەسی گومڕا نزیکترین کەس بێت لێتەوە، ژانی زیاترە. مرۆڤ لە هەر جێگەیەکدا

بووە قوربانی بەهەڵەدا چوون و داوەریکردنی هەڵەی ئەوانی تر؛ لەوێدا زیندانە و لەناو ئەو خەڵکەدا ژیانی بە هەدەر دەڕوات.

ڕۆژەکان زوو تێدەپەڕین و تا دەهات زیاتر من یەکم دەگرت لەگەڵ گیانی حەزرەتی نوح-دا. بۆت هەیە وەک خوێنەر هەست بکەیت کە پارچەکەی تری لەشم کە لە دەرەوەی ژوورەکەمدا بوو، خودی گیانی حەزرەتی پیرشالیار یا حەزرەتی نوح بوو! یان گیانی هیومای پەیامهێنی ڕوناکی و فریشتەی نەمری بوو.. چونکە بە ویستێکی بارا سایکۆلۆژی تواناو دەسەڵاتم هەبوو ئەو نێوانە دوورەی نێوانمان لابەرم.. توانام هەبوو لەهەستی باکاندا هەست بە سرۆشی ئەو بکەم.. هەستم دەکرد تەنها باکان مامۆستامن.. تەنها ئەوان سرۆش بەخش و ڕابەری هەستیاری و گۆشکەری باوەڕمن. توانام هەبوو لە سرۆشی هونەردا بە خەیاڵ و هەست و نەست ئاوێتەی گیانی ئەو ببم و ڕاستی لە دیدەگای هونەرەوە هەڵسەنگێنم.

ئێستا من هیچ نێوانێک لە نێوان خۆم و ئەودا بەدی ناکەم، بۆیە دان بە بەهرە و سرۆش و ڕێنکەرناشووندا دەنێم و دەفەرموومم: من لە هونەردا گەیشتووم بە عیرفانی خۆم و لەخۆمدا نوح دەبینم دەژی. جا با ڕاستەقینە لە دیدەگای ئێوەدا وەها بێت کە دەتانەوێ و بە سوودی ئێوە ئاشی من بگەڕێت.. چونکە مرۆڤێکی وەک من جوانپەرست هەمیشە هەست و نەستی ئاوێتەی ڕاستییەکانە.. بەڵام جێگەی داخە کە ڕاستەقینە دەیان ڕوو و ڕەنگ و جەوهەری هەیە.

بەڵام من زۆر دڵنیا هەست بە سوڕی دووپاتبوونەوەی ژیان دەکەم. هەست دەکەم من خاوەن هونەرێکی تایبەتم. هەمیشە شانازی بە مرۆڤیی خۆمەوە دەکەم و دەشێت ئەرکێکی گران بێت بۆ من کە گیانی حەزرەتی نوح لە مندا تەوژم دەدات. بەڵام ئازارم نادات. جا ئەوانەی کە دژی ڕاکانی منن؛ با دێوەکانی دەرونی خۆیان ڕیشەکێش بکەن. چونکە ئەوان چاوەکانی ڕاستەقینەیان کوێر بووە، تووشی بەغیلی و گومان و بێباوەڕی بوون و بەسووک تەماشای ئایین و پێغەمبەرەکانیان دەکەن. بۆیە لەو ماوەیەدا کە من تیایدا بێدار بووم؛ زۆر شت ڕوویدەدا. شتی سەیر!

هەر لەو ماوەیەدا بوو کۆترێک هات بۆ لام. من ئەو ڕۆژە لەبەر دەرگای زیندانەکەمدا لەگەڵ پاسەوانێکدا وەستابووم و قسەمان دەکرد.. سەیرمکرد کۆترێکی نەخشین بەڵەکی سیحر ئامێز لە جوانیدا -هات و سڵاوی لەمن کرد و لە نزیکمەوە نیشتەوە. من دڵنیا بووم کە ئەو کۆترەم بەر لەو کاتە دیبوو. کۆترەکە زۆر ماندوو بوو، زۆر ترساو، زۆر نەخۆش.. پێ دەچوو لە دەستی تیرۆریست دەرباز بووبێت.. ترس قەبارەی ئەوی هێندەی جوجەڵەیەکی خۆی بچووک کردبووەوە.. توشی نەخۆشیی ئەنفلۆنزای باڵندەش بووبوو.. هاتبوو تا پەیامی باڵندەکانی جیهان بە حەزرەتی نوح بگەیەنێت؛ " ئەم چیرۆکە ڕاستییە- و گەواهیشم هەیە". من زوو تێگەیشتم کە

**کۆترەکە هاتووە بە میوانیی من.. بەر لەوەی دەرگای ماڵی بۆ بکەمەوە- دانم بۆ هێنا، وامزانی برسییەتی یا تینوویەتی.. بەڵام ئەو هاتبوو بە میوانی بۆ لای من.. تا یادم بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە دانی ڕۆکراوی نەخوارد. پاشان دەرگای ماڵم بۆ کردەوە؛ و ئەویش وەک بوونەوەرێکی فێمینین بە دڵنیایی وەژور کەوت و ڕاستەوخۆ بەرەو ژوری نوستن و کاری من چوو. لەو ژوورەدا هەفتەیەک مایەوە. ئەو هەفتەیە پێکەوە ژیاین. من زۆر بەختیار بووم بە هاتنی ئەو میوانە نەشمیلانە و نازدارە. ئەو هەڵگری زوربەی ڕەنگەکان بوو. مل و پشتی سەری- شینی سەوزباوو کوژەکەیی؛ باڵەکانی بەڵەک و شاپەڕی باڵ وپەڕی دواوەی تێکەڵ بوون بە ڕەنگی ئۆکەر و قاوەیی و سپی سپی.**

**لەو هەفتەیەدا چەند وانەیەکی فێری دراوسێکانیشم کرد.. لەوانی گەیاند کە جیهانی باڵندە پەیوەندییان هەیە لەگەڵ مندا و پەیامیان پێیە بۆ بوونەوەر. هەروەها هاوسەرەکەم کە زۆر دژی هاتنی ئەو میوانە بەڕێزە بوو، تێگەیی و فێر بوو کە (بۆن) هەرگیز لەناو ناچێت. هەروەها منداڵەکانم فێر بوون کە من هاوڕێی تایبەتم هەیە و زۆر بە ڕێزەوە چاودێریی کۆترەکەیان دەکرد و هەوڵیان دا ببن بە هاوڕێی و منداڵەکانم بە  هەندێک لە هاوڕێکانی من خۆشحاڵ و خۆش بینن.**

**کۆترەکە زۆر نا دڵنیا تەماشای دەکردم.. تا ڕۆژی حەوتەم هیچی نەووت.. ڕۆژی حەوتەم کە وەک هەر ڕۆژێکی تر ئازادیم بەو دا تا لە دەرەوەی ماڵەوەدا ئازاد بێت، و هەمیشەش دەرگام بۆی کراوەبوو.. پاش ئەوەی کە پەیامەکانی خۆی گەیاند گەڕایەوە بۆ جیهانی خۆی. کۆترەکە ژمارەیەکی لە پێ کرابوو- ژمارەی پێی 429 بوو.. کە نیشانەی تەمەنی ئێستای من بوو- لە شوبهاندن بە تەمەنی نوح لە هەمیشەییدا. پێ دەچوو کۆتری یەکێک لە کۆشکەکانی شازادەی وڵاتی بەفر بێت، یان خودی مەلیک!**

**دێوێک کە لەو دەورو بەرە خۆی مەڵاس دابوو، زۆری پێ ناخۆش بوو.. حەزی لە هاتنی کۆترەکە نەبوو.. بۆیە کۆترەکە تەرە بوو و دوای ڕۆژی حەوتەم، منی دڵنیا کرد لەوەی کە ناگەڕێتەوە.. بەڵام من تا سێ ڕۆژیش هەر چاوەڕێی بووم. بۆ؟ نازانم! بەڵام لەو هەفتەیەدا، کۆترەکە چاک بووەوە- ترسی ڕەوییەوە- هەستی بە ئامان و دڵنیایی و ئازادی کرد. قەبارەشی گەڕایەوە دۆخی جارانی، چونکە من پەیامەکانی باڵندەم لە کتێبی پەیامی خواکاندا تۆمار کردبوو. هاتبوو بۆ پیرۆزبایی و سڵاو لێکردنم. چونکە زۆر لەمێژ بوو دەمزانی کە لەقلەقی پیرۆز لە گیانی مندا پەیامی بوونەوەری باڵندەیە. ئیتر هەستم بە کەرامەتی خۆم کرد.. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر خەونی زیاترم دەدی و چاتر چەقم دەبەستە سەر ئەو هەستانەی کە بەر لەش و لەوحی خەیاڵ و باوەڕم دەکەوتن.. تا دەرئەنجام ڕاستەوخۆ دوای بەسەر چوونی**

نەورۆزی هەمان ساڵ. هەڵۆیەکی سپیی مەزنی تیشک شێوەم بینی.. واتە عقاب بە زمانی کوردی(هەلۆ=داڵ- باز).

مێرولەیەکی بچکۆلانەی ڕەشپێست – لەناو کتێبی ئایینی پیرۆزی- یوریبیا- وە سەری دەرهێناولەسەر شانی ڕاستم لەنگەری گرت و فەرمووی؛ مەرج نییە مرۆڤ تا ڕادەی پێغەمبەری سەرکەوێت لە پێناوی ئەوەدا گوێی لێ بگیرێت! مرۆڤ دەبێت دڵنیا بێت لە مرۆڤیی خۆی و سەنگینی خواکانی- ئەوسا دەتوانێت وەک مرۆڤێکی سادە- وەک هونەرمەندێک- وەک ئافرەتێک یان پیاوێک- ببێتە ئەندامێکی بچکۆلەی ناو میللەتی خۆی.. تا بتوانێت لە کەرامەتی خۆی ڕازی بێت و بوێرێت دەربارەی هەست و سۆزو کردەوەکانی خۆی بدوێت و بفەرموێت و بڵێت. گرنگ ئەوە نییە هەر هەمووومان ببین بە مەشخەڵی باوەڕێکی نوێ.. گرنگ ئەوەیە بتوانیین لە یەکتری تێبگەین و چەپکێ گوڵ لە ژیانماندا بە دیاری لە دڵسۆزێکەوە وەربگرین و نەبین بە گاڵتەچیی یەکتر.. گرنگ ئەوەیە بتوانین لە گوناهە بچکۆلەکانمان خۆش بین و فێر بین تا بە ناوی خواکانەوە گوناهی مەزن نەکەین. چونکە ئەوان گوناحەکانی ئێمەیان ناوێت. خواکان حەزیان لە سزادان و تاوان و شەڕ نییە. جا مرۆڤ پێویستە بە ئاگا بێت لەوەی کە شایانی ئەوەیە لە ژیاندا چەند چەپکە گوڵێکی لەلایەن مرۆڤەوە پێشکەش بکرێت، نەک لەلایەن دێوەکانەوە.

تابلۆی هەڵۆی سپیی وەک تیشک

ڕۆژێکیان.. ساڵی ئەمساڵ.. کاتێک کە گەیشتمە سەر ترۆپکی عیرفانی خۆم؛ خۆمم لە شکۆی خۆمدا بینییەوە و هەستم بە نەشئەی بەختەوەری کرد. وەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بکەم! وەک ئەوەی لە سرۆشدا پاکژ بووبێتمەوە. هەر لەو ڕۆژانەدا بووکە چووم بۆ زیارەتی دکتۆرێک، بەوم فەرموو: پێویستە واز لە نەخۆشییەکانتان بهێنن. من ئەو کەسەم کە هاتووم تا ڕادەی زەبر بەکار بردن؛ تکاتان لێ دەکەم تا ڕێگەم بدەن، نەخۆشییەکانتان لە ڕیشەوە هەڵکێشم. چونکە من دەرمانی نەخۆشیی "ترس لە بێگانە"م لە لایە ( ئەم نەخۆشییە نەخۆشییەکە گەلانی بەستەڵەک تووشیان دەبێت، کە دوچاری ترس دەبن لە بێگانە- نەخۆشییەکە کە

مرۆڤ هەراسان دەکات).. من هاتووم پێتان دەڵێم پێویستە لە گۆڕانی سروشتتان نەترسن و بوێر بن. من هاتووم بە زمانی پێغەمبەرەکانتان بۆتان دەدوێم.. ئەگەر باوەڕتان بەوە نییە کە من نوح ــم ؛ ئەوا پێتان دەفەرمووم؛ من ئەوم لە دووپاتبونەوەی گیاندا لە ئیلهامدا. من ئەوم؛ ئەگەر نا، ئەوا ئەو لەمن بووە. من درەختی زەمانم لەسەر باڵی فریشتەکانی ئاهوڕامازداوە پێگەیشتووە. هاتووم و دەمەوێت جیهان بەرەو عیرفانی هەشتەم بەڕێ بخەم.

دکتۆرەکەم زۆری پێ خۆش بوو؛ گەرچی کەمێک ترس و سامی لێنیشت؛ تێگەیشت کە شایانی ئەوەم گویم لێ بگیرێت.. چونکە بەوم فەرموو: بە شکڵ و شێوە و جەوهەریش؛ خۆم لەهەر مرۆڤێک تەندروست تر دەبینم. ڕێگەم بدەن دەنگم بە جیهان بگەیەنم.

کاتێک کە لە سەردانی دکتۆرەکەم گەڕامەوە؛ کەمێک لەگەڵ خۆمدا دانیشتم. یەک دوو شیعری جوانم هەڵبەست بە باڵای خەیاڵدا.. چەند شیعرێکی ناسک و بە سۆزو هەست بزوێن و بیربزوێنم نووسی. پاشان تەماشای ئاسمانم کرد، کە مانگ تیایدا پڕ بوو. یان دەبوو پڕ بێت.

هێندەم نەزانی.. لە نێو تیشکی ووشەکانی ئەنفال و گیانی زێوە و هەڵەبجەدا یەک هەڵۆی سپی سپیی مەزن دەرپەڕی و بە تەوژم لە دەوری سەرم سووڕا.. سووڕاو لە پێچ و خەمیدا یەک درەختی مەزنی لە سەر سەرم نەخشاند.. کە وەک حەژیایەکی سپی دەرکەوت لە پێشدا.. پاشان دەستێ بەرگی تازەتری کردە بەرم، سپی سپی.. کە لە ئێسکی نەرمەوە کراوی ئەنفال بۆ من چنرابوو-بە نەرمی.. کردییە بەرم و پاشان بڵند بڵند بەرەو لای شێرکۆ بێکەس هەڵفڕی.. پاشان گوێم شل کرد بۆ مەقامێکی مەرزییەی نازدار و جوان. پاشان بە ڕێگا ڕۆشنەکانی خەیاڵما کەوتمە گەڕ.. دەستم دایە گۆپاڵە خەیاڵییەکەم GIZEL کە ئەویش لە ئێسک و تروسکی هەڵەبجەو ئەنفال و زێوە دروستکرابوو. بۆنی نێرگزی بەهارم لێدەکرد.. کاتێک کە بەڕێ کەوتم ( هەر بە خەیاڵ) تارمایی وەک دێوێکی مەزن؛ زۆر مەزن هاتە بەر دەمم. بە دەنگێکی شڕ و میتاڵیک نەڕاندی، ئەحمەقانە تێی خوڕیم! وتی: زەلام تۆ کێی؟ منیش بە دێوەکەم فەرموو: من شکۆی زاگرۆس و ئاراراتم. من گیانی نوح-م و دەمەوێت کەشتییەکی نوێ لە زاگرۆس بنیات بنێم. تا مرۆڤەکان لەوێ باسی داد و یاسا و ماف و ئازادی و عیشق لە قووتابخانەی من فێر بن.

دێوەکە وتی: بەڵام بۆت نییە بێ ڕێز تەماشای من بکەیت. فەرمووم: جەناب، من هەرگیز بێ ڕێزیم بەرامبەر بە بەرامبەرەکەم نەکردووە. وەڵام دانەوە نیشانەی ڕێزە. جا وەڵامیش لە خۆیدا پاداشتە بۆ تۆ؛ بۆ هەر مەخلوقێک. ووتی: ئایا دەتوانی بە

ووتارەکانی من بڵێیت فەرمووده؟ فەرمووم نەخێر.. چونکە فەرمووده لە زمان و فەرهەنگی دێودا بوونی نییە. تۆ تێی ناگەی.

تاریکی دەستی گرت بەسەر هەموو ڕۆشنایی سەر شەقامەکاندا؛ هەموو دنیای لێ تەنییم. بەڵام من دەربەست نەدەهاتم.. دەڕۆییم و بە گۆپاڵەکەم هەوڵی دۆزینەوەی هەنگاوی دووەمم دەدا.. دەڕۆییم و بەفر دایدەپۆشیم.. زوقم دەیکردم بە چلووره و باکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەیانلێسامەوە... لەو ڕێگەیەدا دەبووم بە دار سنەوبەرێکی سپی و پاشان گیاندارانی برسی دەهاتن و لە گۆشتی بە شەختە بووی لاشەمیان دەخوارد... لەولاشەوە گیانی کرمۆڵەبووم چنگی لە هەورەکان گیر دەکرد و بە ئاسماندا هەڵدەزنی و بە دوای ئاسمانی هەشتەمدا دەگەڕا...

شتی زۆر سەیرم دەبینی! لەو شیعرانەدا گیانی ئاهوڕامازدام بینی.. گیانی ئەناهینای فریشتەو ڕابەڕی گیانی پاک بۆ بەرزەخ. بۆ هەمیشەیی. لە سەمای هێڵەکانی ژێر پەنجەمدا، لە نەخشی نووسیندا؛ سەمای فریشتەکانم دەدی؛ سەمای فریشتە بێباڵەکان.. هەر هەموویان بە بێباڵ، لە هەستکردن بەکەمیدا لە دەوری من- بە خەیاڵ هەوڵی فڕینیان دەدا و تەماشای منیان دەکرد. منیش هەستم بە گوناحەکانیان دەکرد.. چونکە کەم باوەڕ بوون. باوەڕیان بە کەرامەتی مرۆڤی مەزن نەبوو.

هەمان دەڵە دێو کە هاتە سەر ڕێگەم، پەلی منداڵێکی تۆقیوی لەدەست بوو؛ منداڵەکەی لە هەموو شتێک ترساندبوو.. منداڵێکی تۆقیوی پێ بوو.. پاش ئەوەی کە لە دڵەوە بە نیازی پاک سڵاوم لە دێوەکە کرد.. بە دوایدا بۆ منداڵەکە چەمامەوەو فەرمووم: من ناوی تۆم لە بیرە کچی جوان، ئەی تۆ من دەناسیتەوە؟ منداڵەکە زۆر حەزی کرد لە وەڵامدا بڵێت: بەڵێ. بەڵام لە ترسی دێوەکە نەیوێرا وەڵامم بداتەوە! بۆیە بۆ دڵنیا بوون لە گومڕایی بۆچوونم؛ لەوم پرسی: حەز دەکەی لەگەڕانەوەمدا چوکلێتت بە دیاری پێشکەش بکەم؟ هەڵبەتە ئەگەر نەنکت ڕێگە بدات!.. منداڵەکە سەری لەقاند، لە ترسا خۆی نوساند بە نەنکییەوە.. منیش دڵم ڕەنجا. بەڵام منداڵەکە نەیتوانی تەنانەت  دوای سەر لەقاندنیش وشەیەک دەرببڕێت.. ئەنجام بە دوای مۆڕەو چپە و وەڵامی نەنکیدا ووتی نەء. بەڵام، زەردەخەنە لە تەماشایدا دیار بوو. دێوەکە بە تەماشای مۆڕەوە؛ لە تەماشایدا تێی گەیاندم کە دەتوانێت منداڵەکانم تێک بشکێنێت. منیش لە تەماشایەکی هەڵۆ ئاسادا بەوم فەرموو: کەس ناتوانێ چارەنووسی کەسێکی تر بگۆڕێت. چونکە مرۆڤ بە پێی تەماشاکانی بەهرەی زانستی خامۆش لەوانی ترەوە فێر دەبێت. بەڵام دێو؛ لەبەر هۆکاری دڵپیسی و گومان و درۆکردن- ناتوانێت فێر بێت. چونکە جەوهەرێکی ئاسوودەی نییە دێو. زۆر ترسام لەو ڕێگەیەدا؛ کاتێک کە منداڵەکە هاتە سەر ڕێگەم و باوەشی بۆ نەکردمەوە! بە دێوەکەی نەنکیم فەرموو: دڵنیابە ژیان پیس بووە. بەڵام من دەتوانم پاکی بکەمەوە.

فەرموون ئێوەو ئەو شیعرانەی کە هۆنیمنەوە لە کاتی بینینی هەڵۆی تیشکدا:1 هاتنی هەڵۆ

هەڵۆ هاتووە؛ هەڵۆیەکی پیر!

کەسانێکیش دێن- کە پەیامی ئەویان پێیە..

من ئەوم دیوە.. من ئەوم.. من پەیامی ئەوم پێیە.

ئایا دەزانن ئەو کێیە؟ ...

ئەو؛ منم؛ منیش باسی هەستی باکانم پێیە و باوەڕم وایە کە ڕاستە: باکان دەدوێن؛

درەختەکان هەست بەبوونی خواوەند دەکەن..

زەمین لەسەر پشتی ماسییەکە یان حوتێکە.. یان دەشێت زەوی خڕ نەبێت.

دەشێت حەژیایەک دەورەی ئاسمانەکانی دابێت! کێ دەزانێت؟

2 پەیام

ئەگەر بێت و وشەکان نیشتیمانی خۆیان تەوەلا کەن؛ دەمرن.

چونکە نیشتیمانی ئەوان دەرونی ئاسمانەکانە.

ئەگەر خواوەندیش ئاسمانەکان جێ بهێڵێت؛ دەمرێت..

چونکە تووشی نەخۆشیی یادکردن و دەردی دووری دەبێت.

3 خانم

ئەم وشانە جوانن!؟ لەتۆ دەچن ؟

ئەگەر دان بە جوانیی خۆتا نەنێیت؛ئەوا،

وشەکان لەمن زیز دەبن.

**چونکە ئەوان؛ جەوهەری جوانییەکانی تۆن.**

**ئەوان؛ لە خەندەو وتە و تەماشاکانی تۆ لە دایک دەبن.**

## 4 پرۆژە

**ئەمشەو بە خەیاڵ..**

**لەشکرێکم لە ئافرەتانی جیهان پێک هێنا..**

**سەدو یەک ئافرەتی سامۆڕایی مەتینی سپی سپی؛**

**وەک فریشتە سپییە بێباڵەکان-لەدەورم دەگەڕان.**

**منیش... لە بەرگێکی ڕۆشنی سپیدا؛ جێزڵێکی"گۆپاڵێکی" لە ئێسک دروستکراوی ئەنفال و هەڵەبجەو زێوەم لەدەست بوو.**

**بۆنی نێرگز و بەهاری لێ دەهات..**

**دەڕۆیشتم؛ سێبەرەکەم.. تا دەهات زۆر و زۆرتر دەبوو.**

**کاتێک ئاوڕم دایەوە.. بینیم، یەک سوپای فریشتە پۆشی مەشخەڵ لەدەست و بێ باڵ لە دوامەوە بوون..**

**لەگەڵما دەگەڕانەوە بۆ کوردوستان.**

**کە لە خەون و خەیاڵ بێدار بوومەوە؛ نوێژێکم بۆ گیانی هەڵەبجەو ئەنفال داداو.. بە میللەتی خەیاڵیی خۆمم فەرموو:**

**با هەندەران جێگەی ئەنفال و زێوە و هەڵەبجە پڕ بکەنەوە.**

**کە لە خەوی سەر ڕێگا.. لە خەونی سەفەری گەرانەوەدا-سەرخەوم دەشکاند...**

**گیانم چنگی لە ئێخەی ئاسمان و زەوی گیر دەکرد و هەر بە خەیاڵیش شارێک، گەلێک، نەوەیەک، یا میللەتێکم گۆش دەکرد- نموونەیی- پۆلایی.**

ڕۆژێکیان، لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا بۆ زیندانەکەم؛ ئافرەتێکم بینی، خۆی نیشانی من دەداو، بە تەماشاو نیگا، داوای لێکردم سڵاوێکی لێ بکەم.

منیش.. لە ناوەندی شەقامەکەدا.. کڕنوشم بۆی برد و بە دەستووری هەموو ئایینێک نوێژم بۆیکرد. پاشان فەرمووم: بۆ نایەیتە سەر ڕێ؟

فەرمووم: ڕێگاکانی من دڵیان هەیە و خاوەن هەست و نەستی خۆیانن.

دەزانم تۆ بڕ ناکەیت وەک من هێندە بێپشوو ڕێگاکانی حەق ببڕیت، و عاقیبەت پاشگەز دەبیتەوە.

فەرمووم: بەڵام ئەگەر بێیتە سەر ڕێ؛ ئەوا باسی سەفەری گەڕانەوەت بۆ دەکەم. ئەوسا باسی لەشکرەکەی خۆمتان بۆ دەکەم.

چونکە لەشکری من هێندە نادیار و نامۆ و گەردیلەیە کەس نایبینێت. لەشکری من مێرولەکان و باکان و هەورو بروسکەن. لەشکری من کڵپەی تیشکی میهرەو؛ کەفی هەڵچووی لغاوی ئەسپی شەپۆل و ڕەنگی قەترانی حەژیای تاریکی زەریایە.

من سڵ لە ڕێگاکان ناکەمەوە.. چونکە من ڕێبین و ڕێناس-م.. من باوکی دۆعاو ماریاکانم.

ئەم شیعرانەو یەک دوویەکی تر؛ بوونە سرۆشی دوای بینینی عقابی تیشکی سپی.. بەڵام هێشتا بەردەوام بووم.هێشتا شەو بوو، جگە لە هەڵۆ شتێکی ترم نەبینی... دەمەوناشتان.. کاتێک کە خۆر لە نیوەی ڕۆژدا بوو؛ فریشتەیەکی زامدار هاتە سەر ڕێگەم.. فەرمووی: دەتوانی کەمێک بمشێلیت؟

فەرمووم بەڵێ؛ بەڵام شێلانی تەواو و دروست، شێلانی گیانی لە فەرهەنگی مندا وەها نییە کە ئێوە دەیکەن. بۆیە باوەڕناکەم بتوانم شفات پێ بدەم و شێلانی من سوودێکی ئەوتۆی هەبێت. فەرمووی: قەیدیناکات چونکە کەمێک دەترسم.. هەر بەم بەرگەوە بمشێلە؛ با زامەکانم ئازارت نەدات. بۆیە بەر لەوەی دەستم بەر شانی بکەوێت؛ بە خەیاڵ کەوتمە شێلانی گیانی.. بە ئاستەم، بە هەناسە، لا ملیم گەرم کردەوە و پاشان هێدی هێدی دەستم هێنا بە پرچی زەردو خاویدا...

پاشان بلوسه خورییەکەی بەریم- کە شینی کاڵی ئاسمانی بوو، بەدەم شێلانەوە داکەنی.. زۆر هێواش؛ چونکو نەبا پەشیمان بێتەوە. پاشان یەکە یەکەی قومچەی کراسەکەیم کردەوە تا بەری پێی؛ کە ڕەنگی ئەو کراسەیش هەمان شێوە ڕەنگی شینی ئاسمانی و بەپەڵەی هەورین- نەخشین بوو.. کاتێک کە سوخمەو دەرپێی ژێرەوەی بەدەستی خۆی داکەنی-کە هێشتا لەبەریدا بوو... دەستم بە سکیدا دەهێناو سووڕم دەدا بە گێرانی دەستم بە پشت و سمت و سکیدا.. بە ڕان و شان و قوڵ و لاملیدا... کراسەکەی لە ژێر پێیدا- دەتگووت ئاسمانە؛ هەستم دەکرد لەسەر پەڵە هەورەکان ڕاوەستاوین... پاشان ڕۆنی نێرگزم هێنا.. ئینجا هێواش هێواش دەمشێلاو بە ویستی خۆی، کە ئاوێتە بوو بە ویستی من.. نەغمەی مۆسیقایەڤی گیانی لە دەرونی هەردوکماندا.. لە ژێیەکی ئۆخژن بەخشا؛ دەبیسترا. هەناسەکانمان گەرم دادەهاتن.. تا توانیم، تا ڕادەی خۆ گرتنی فریشتە زامدارەکە بە پێوە.. ئەوم شێلا؛ تا ئەو کاتەی لە جێگەی خۆی بە ئەسپایی ڕاکشا و چاوی چووە خەو.. لە خەونیدا منی ڕۆشن دەبینی.

کاتێک کە دێوی تاریکی هەڵی کووتایەوە سەرم، لەو تاریکییەدا هیچ پارچەیەک و شوێنەوارێکی من دیار نەما! نەمزانی چۆن! شێوەم نادیار دەبوو کاتێک کە دێو دەهاتە سەر ڕێگەم.. بەڵام کاتێک کە دوو منداڵ بەرەو لام هاتن و بە خۆشییەوە بانگیان لێ کردم؛ ئیتر دڵنیا بووم کە ڕۆشناییم تیادا ماوە. بەڵام زەبری هاواری دەڵە دێوەکە، هەردوو منداڵەکەی ڕەق ڕاوەستان و لە ترساندا توانایان نەما هەنگاو بەرەو لای من هەڵنێن.. منیش هیچم نەووت و نەفەرموو.. چونکە دێوەکە بێ مەعریفەت بوو، هیچ دەربارەی ڕێزلێنان لە خۆی و لەوانی تر- لە قوتابخانە فێر نەکرابوو. بۆیە بە هەردوو کیژۆلە منداڵەکەم فەرموو: هەڵبەتە پێکەوە دەدوێین. چونکە منیان دەبینی. نەمتوانی باسی هاتنی هەڵۆ بۆ منداڵەکان بکەم... بەڵام بۆ ئەوەی سەرتان لێ تێک نەدەم، دەتوانم بڵێم کە هەڵۆ و جاڵجاڵۆکەو لەقلەق و باڵندەکان گشتیان بەشێکن لە سێبەری ئەو تەوژمەی کە بوونەوەر دەڕێسێت و من زۆرجار بە جاڵجاڵۆکە لە پەیامی خواکاندا لەبارەیەوە دواوم.

مێرولەیەکی خواناس و پەرستار فەرنووی: باکان پەیکەری خواوەندن.. مۆسیقا هەست و نەستی ئەون.. دەنگ سروشت و خێر مەملەکەتی ئەوە.. جوانیش لەوێدایە کە هەستی ئەو فەرمانڕەوایە؛ جوانی- گیانی خودی خوایە. بەهرەش- هەستی ئەو پیتانەن کە ناوی خوا دەکەن بە تەوژمی بروسکە و کڵپە . خوا یەکە.. دەتوانێ ببێت بەدوو بە سێ؛ بە هەرچەندێ دڵ بیەوێ.. خوا بەتەنها خۆی دەزانێ چیی لەدەست دێت؛ کاتێک دەفەرموێت: ببە ؛ پاشان دەبێت بەوەی کە دەیەوێت. خوا.. هەستی گیانی بوونەوەرە. ئەو جەوهەری هونەرە. هونەرێکی بێ نمونە. مێرولەیەکی بچوک کە لە کوڕە بچکۆلەکەم دەچوو، فەرمووی: بوونەوەر هونەرە.

## تابلۆی پرۆژەی گەڕانەوە

ڕۆژێکیان بە بیرمدا هات واز لە خەیاڵەکانم بهێنم. چونکە ڕاستییەکی شێوە مەحاڵ ڕۆژەکانمی دەبرد بەڕێوە.. هەستم بە دڵنیایی دەکرد لە پاش هاتنی کۆترەکە بە میوانیم.. لەپاش بینینی هەڵۆی تیشکی سپی.. بە بیرمدا هات داوا لە یاوساوڵەکان بکەم بۆ یاریدەی گەڕانەوە، چونکە حیزبە کوردوستانییەکان نەهاتن بە دەنگمەوە و دەنگم نەگەیی بە بیستگەی مام جەلال و کاک مەسعود و مەلیکی وڵاتی بەفریش- چونکە دێو پەرست و سەگپەرستەکان هەمیشە لە پاسدا بوون تا ملی من بە شکاندن بدەن.. ئەوەی ڕاستی بێت لەو ماوەیەدا چەند میوانێکم هات. هەر دوا بە دوای هاتنی کۆترەکە؛ ڕۆژێکیان دوو نمایندەی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان هاتن بە میوانیم.. بە ڤیدیۆ وێنەی ماڵ و منداڵ و تابلۆکان و وتەکانمیان گرت و بەوانم ڕاگەیاند کە من ئومێدی گەڕانەوە دەخوازم بۆ ناو نەوەی زاگرۆس تا پەنجە بۆ ناهەموارییەکان درێژ بکەم، تا منداڵەکان فێری زانستی نوح بکەم؛ تا پەروەردەی کوردی ڕاست بکەمەوە. تا باس لە گەندەڵبوونی دەروون بکەم.

ئەوان وەڵامیان نەبوو.. یەکێکیان بەدەم پێکەنینەوە؛ کەمێک گاڵتەجاڕانە ووتی:" وەڵا لە کوردوستان ئەگەر ئاگات لە دەمی خۆت نەبێت زمانت دەبڕن! کاکە ئەو ئیسلامییانە ڕقیان پڕاوە، فەرقی مرۆڤ و فڕوجێک ناکەن- خوایان نەماوە؛ سەریان لێشێواوە!" منیش لە وەڵامدا فەرمووم: بەڕاستی ئەو میللەتە لەناو دەچێت کە تیایدا سەرو زمان دەبڕدرێت. چونکە سروشت لە مرۆڤ سامناکترە.. خواوەندیش لە هەردوکیان بە جەور ترە.. خوا نەکات خواو خواکان یەک بگرن و تووڕەبن.. ئەوا بە مێشوولە و مەگەز دەتوانن چاوی یەک بەیەکی منداڵەکانمان و ژنەکانمان ئینجا پیاوەکانمان دەر بهێنن. ئێوە باسی چی بۆ من دەکەن! جا بەڕێزان سەری من چییە! من تەنها یەکێکم لە ئێوە گەر لە باشە خوازانن. کەچی دێوپەرستەکان دێوێکیان هێنابووە ناو ژێرخانی ماڵەکەم و وەکو دێو دەیبۆڕاند و زەمینەی ماڵەکەمانی دەلەراندەوە و لەخەوتنا هەراسانی دەکردین.

هاوڕێکانیشم دەسەڵاتیان نەبوو.. چونکە خاوەنی دەسەڵات نەبوون، بەڵام دەیانتوانی نامەیەکی من بەرن بۆ هێرۆ-خانی هاوسەری مام جەلال- چونکە بیستبووم کە هێرۆخان هونەر دۆستە و نیوەی سلێمانی موڵکی ئەوە! بەڵام لەو بیرو ڕایانەدا هیچم بۆ هەڵنەکرا.. هەستم دەکرد ڕامیارییە کورد دۆستەکان- بە تەنگ زەلیلبوون و گەندەڵییەوە دەناڵێنن و نیشتیمان دۆست نین. بۆیە کە هەندێکجار تووشی تەنهایی دەبم، هەست بە گوناهەکانی هەموو جیهان دەکەم. خۆم تەنهاو وەلکراو دەبینم.

ناچار هەموو شەوێک لە خەونەکانمدا دەگەڕامەوە. هێندە دەگەڕامەوە کە دوچاری سەرلێشێوان بوبووم.. ناڵێم نەخۆش کەوتبووم.. چونکە بۆنی نێرگز هەمیشە لەیادمدا بۆن دەکەم و بەوەش( شفا )یەک چنگ دەخەم. بەڵام شەکەت بووم بە دیار دێو پەرستەکانەوە.. چونکە توشی بێکاری و تەنهایی و سووک کردنی ناویان کردبووم.. هەموو هەوڵەکانیان دەخستە کار بۆ لێدانی کەسێتیم.. هەر ڕۆژەو بە چەکێکی دەرونیی تازە دەهاتنە نەبەرد- دژم.. منیش شەوانە فرسەتێکم دەهێنا.. لە بری نوێژ و دۆعاو نزاو پاڕانەوە، تەماشای تەلەفیزۆنی زاگرۆس دەکەم. تەماشای هەگبەی بنارو باڵای ڕۆژ و لوتکەی شاخەکان و ئاوی چەمەکانی زاگرۆس دەکەم. بیر لە منداڵیی باوانم دەکەمەوە کە چۆن سەریان بە دەستی دێوەکانی فارس وتورک و عەرەب دەبڕدراو دەیانکردن بە خاجە دارینەکانیانەوە تا دایکان و نەوەی نوێی زاگرۆسییەکانی پێ چاوترس بکەن.

بیر لە ڕابردویەکی مێژویی دەکەمەوە؛ ئەو کاتەی کە نوح لەسەر چیای ئارارات لەنگەری گرت و دابەزی و بە دەستی خۆی بە باڵاترین زانستی نانۆ شاخ و داخ و چەم و داڵ و دەشت و دۆڵەکانی شکڵ پێدەدایەوە! ئەوسا مرۆڤ وەک ئێستا نەبوو.. مرۆڤ لەو زەمانەدا کەرامەتی هەبوو؛ دەیتوانی لەگەڵ خواکان و خواوەنددا هاوکاربێت. سروشت گوێی لەو دەگرت. مرۆڤ باکان و دەریاو ئاسمانەکانی دەناسی.. وەک ئێستا بێ باوەڕ نەبوون.

کە تەنهایی شیشی ئاگرین لە ناو جەرگم گیر دەکات.. مەسیحم دێتەوە بیر چۆن پاسەوانی سەر تەرمەکەی لە تابلۆی" لە سێدارەدانی حەزرەتی مەسیح- لە هونەری تیتسیان و رۆبنس-دا" بەسەری ڕمەکەی دەستی؛ لا قەبرغەی مەسیح-ی کوڵەوار دەکرد تا دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو مردووە! یان نا!.. تەنهایی بەو شێوەیە ئەزێتم دەدات.. بۆیە هەر کە چاو دەنێمە سەر یەک.. ڕاستەوخۆ دەیان فریشتە دێن و گیانم بە هێمنی لە لەشم جیا دەکەنەوە.. هەڵم دەگرن و دەمبەنەوە بۆ زاگرۆس، بۆ جود، بۆ ئارارات.. لەوێ بەرم دەدەن.. لە هەر جێگایەک دڵم بیەوێت.. کەچی دەبینم لەوێش تەنهایی دەستم بەسەردا دەگرێتەوە و نایەڵێت تێر شاد بم بە تەماشا و فێر بوون.. چونکە من دوو منداڵم لەم زیندانەدا لەگەڵ ئافرەتێکی بولغاریدا(کە لێرەدا بە

حەزرەتی سارا ناوی دەبەم) دروست کردووە و منداڵەکانم خۆیان بە موڵکی ئەم زیندانە دەزانن! بۆیە منیش ناچار دەبم بیریان بکەم. چونکە لە خەونەکانمدا دەترسم ئەوان لەگەڵ خۆمدا بەرمەوە.. بە ڕاستیمە هەرگیز بە خەیاڵیش ناوێرم بڕیاری بردنەوەی ئەوان بدەم بۆ کوردوستان! چونکە ئەوان لە وڵاتی نەرویج لە دایک بوون. ئیتر منیش لە هەر کوێیەکی ئەم سەر زەمینە بم.. ڕێز لەو دوو خوایە بچکۆلەیەی خۆم دەگرم و بیریان دەکەم. هەندێکجار هەردوکیان لە تەنیشتمەوە دانیشتون و مشەیان دێت.. کەچی من- زیاتر و زیاتر بیریان دەکەم. ئیتر چی لە گەڕانەوە بکەم! کاتێک کە فریشتەکان تەرمی گیانم دەگێرنەوە بۆ ناو لاشەی نوستووم! کاتێکی دەوێت تا بێدار دەبمەوە و لەسەفەری گەڕانەوەمدا پشوویەک دەدەم لە زینداندا.

شەوو ڕۆژ چاوم بڕیوەتە ئاسمان و چاوەڕوانی پەڕجوویەکم=موعجیزەیەکم ڕووبدات.. چاوەڕێم گەردەلول یان تۆفان یان زەریا بێت و هەڵملوشێت. هەر تەماشای ئاسمان دەکەم و دراوسێکانیشم؛ واتە پاسەوانەکانی زیندان- دەپرسن: چی دەبینی؟ بیر لەچی دەکەیتەوە؟ منیش هیچ ناڵێم.. ئەوانیش تەماشام دەکەن. بەچاوی سەگەکانیان تەماشا دەکەن و وەک دێوە قەمووره گرگنەکانیان لێم مۆڕ دەبنەوە و باسی خۆشەویستی و لێبووردن و عیشق دەکەن بۆم و قاقا حیلکە لێدەدەن و دەڵێن: تۆ ئەو کەسە نییت کە بتوانیت ئێمە بگۆڕیت! منیش دەفەرمووم: بەڵێ، من کاتم نییە تا تەرخانی بکەم بۆ ڕاستکردنەوەی دەمی خواری سیستەمی ئێوە و چاوی داقووپاوی دادو مافەکانتان. من باوەڕم بە ئێوە نییە، ئیتر چی کارێکم بە ئێوەوە نەماوە و من تەونی خۆم دەڕێسم.. من لە گیانی خۆمدا وەک باکان ئازادم و کەس ناتوانێت ڕێگە لە گیانی من بگرێت. چونکە من دەستم لە ئێوە شتووە و حەز ناکەم بێنە خەونم.. چونکە سەگەکانتان گازندە و بەد گومان و سپڵەن.

خەڵکینە.. من ڕۆژی سەدجار دەگەڕێمەوە و لە سەفەری گەڕانەوەدا، گیانی هیچ کەسێک هێندەی گیانی من بە تەوژم کۆچ ناکات. من لەهەر چاولێکنانێکدا سەفەرێک دەکەم و کەشتییەک دروست دەکەم و بەرگی نوح دەکەمە بەرم و هاوار لە کوڕە گەورەکەم دەکەم: کوڕم.. وەرە سەر ڕێگا،، چونکە تۆفانەکان دێن و دەست دەنێنە بینت. کوڕم، کۆرپەکەم، خوێنی جگەرم.. ئاخر خوا لێت خۆش نابێت گەر دڵی باوکت بڕەنجێنی؛ چونکە خواوەند خۆی بابە گەورەیە و ئەویش لێت خۆش نابێت گەر ژان بە دڵی باوکت بگات. جا وەرەو لە کەلی شەیتانەکان و دێوەکان دابەزە. کەچی کوڕەکەم حیلکە حیلک دەڵێت: بابە، جا لە کوردوستان شەکرۆکە و کۆلاو ماگدۆناڵدس-ی لێیە؟ لەوێ پیزا و سپاگێتی دەست دەکەوێت؟ ئایا لەوێ مرۆڤ دەتوانێت ئازاد مەلە بکاو بگەڕێ و نەترسێت؟

ئای کە ناخۆشە و نێشینە ژانی تەنهایی و داپڕان لە نیشتیمان و عێل و هۆز!.. ئای خەڵکینە چەند بەژانە داپڕان لە خاک! ئەزانی چی!؟ من کاتێک کە بیر لە گەڕانەوە دەکەمەوە؛ خۆم، دەستووبرد دەبم بە کەشتییەکی مەزن.. دەچمە ناو نهۆمی یەکەمی گیانی خۆمەوە و بە ئاستەم دەست دەکەم بە سەوڵ لێدان.. شەپۆلەکان و باکان و پاساری و گیانی هەموو مەسیح و ماریاکان و توور و لیناو دۆعا و مونیک و هەزاران هەزار منداڵ و دایک و مرۆڤی پاڵەوان و مەردم تیایە و ناوی خواکان وەک نەخش لەسەر گیانم کووتراون. دەرۆم و سێبەر کەشتیمە و پێکانم لەسەر زەوی و سەرم لە کا کێشانە.. باڵندەکان ڕابەری منن و جاڵجاڵۆکە و لەقلەق هاوڕێمن.. پاساری و قەلەڕەش و نەورەس و پەڕەسێلکەکان ڕێگام نیشان دەدەن. ئەوان خۆیان دەکەن بە قووتی ڕێگام. کە چاو دەنێمە سەر چاو و جار ناجار سەرخەوێک دەشکێنم.. دەگەمە سەر لووتکەکانی ئاگرین یان زاگرۆس یا ئارارات.. یا هیمالایا.. کوێم بوێت، لە چاوتروکانێکدا دەگەم. بەبێ درۆ.. بە گیانی تۆ.. ڕۆژی سەدان سەفەر دەکەم و سەدان جار دەگەڕێمەوە ناو باوەشی دۆعاکان و دەست دەهێنم بەسەری ئەم و ئەودا و سڵاو لە گیانی پاکی میللەتەکەم دەکەم و دەفەرمووم: زۆرم پێ خۆشە کە هێشتا ماون.

## تابلۆی لە دایکبوون

بەیانییەکیان، واتە بەیانییەکی ساڵی ئەمساڵ، هاوسەرم سارا لە خەو هەڵیسانم و ناوچەوانی ماچکردم و فەرمووی:" بەیانیت باش و ڕۆژی لە دایکبوونت پیرۆز!"

منیش تەماشایەکی ئاسمانم کردو، پاشان تەماشای چاوە ماندووەکانی ئەویشم کرد. پاشان لە وەڵامدا فەرمووم: بۆ ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونی منە؟ فەرمووی: بەڵێ.

فەرمووم؛ من وای بۆ ناچم، و باوەڕناکەم، چونکە من هێشتا لە دایک نەبووم.. پاشان ڕۆژی لە دایکبوونی ئەم پەیکەرەی کە لە بەر دەمی بەڕێزتاندا دەدوێت، دەکەوێتە ڕێکەوتی بیست ویەکەمی نەورۆزەوە.. لە هەمان ڕۆژدا لە پێنج و بیست و یەک چرکەی سروەی بەیاندا لە دایکبووم، لەو دەمەدا کە تریفە لەگەڵ سروەی بەیاندا شەڕ دەکەن لەسەر ئەوەی من بۆکامیان دەبم بە خۆشەویست! من لەو ساتە پیرۆزەدا گیانم لە ڕەحمی بوونەوەر و هەمیشەییەوە دەرپەڕیوە.. من زۆر لەمێژە لەدایک بووم و هێندە ماندووم نەبێتەوە. کەچی لەناو زیندانەکانی ئەم ژینەدا هەست بە ژیان ناکەم هێشتا!

بەڵام جێگەی داخە کە یادت نایەت، کە تۆ هیچت لەیاد نییە دەربارەی مێژوی گیانی من و دووناودوونبوونی دەروون. فەرمووی: دەڵێی بە ڕاستتە کە لە ڕاستیدا خۆت لێبووە بە حەزرەتی نوح؟ فەرمووم؛ نەخێر، بەڵام ڕاستی لە من پیرۆزتر و مەزنترە. فەرمووی: ئاخر بەو واداریکردنە، ژیانی خۆت و من و یوسف و داڤید- دەخەیتە مەترسییەوە. فەرمووم: بۆ؟ فەرمووی: ئاخر تۆ لە سەردەمێکی بێ دڵدا دەژییت و ژیان لە سوودی تۆ نییە. دەترسم بکەویت و بڕوخێیت؟

تەماشایەکی تری ناو چاوەکانیم کرد و پاش ڕامانێکی کەونی بەوم فەرموو:
هاوسەری باش، من ڕێزم بۆ تۆ هەیە، کە پشتگیری لە دێوەکان دەکەیت.. بەڵام بۆت نییە ترس نیشانی من بدەیت. فەرمووی: ئاخر تۆ لە زینداندایت، پاشان لە ماندوویی خۆت تێناگەیت. فەرمووم: لەمە زیاتر دەتوانن چیم لێ بکەن؟ ئەوە نییە، من بووم بە دووکەرتەوە و لایەکم لە چنگی گومان و جاسووسی و بوختانی دێوەکاندا دەفلیقێتەوە، و لاکەی تریشم لە دەرەوەی گۆڕستانی ئۆسگۆردا نێژراوە؟!.. لەو قەبرسانەدا من پاڵەوانێکی سەیر و مەزن دەبینم.. بەرگی زرێی زێڕین و قۆچی مانگای لەسەرەو گورزو تەورو تیرو کەوان و شمشێرو ڕمیشی لە دەست و کەمەری بەستووە..
چاوەکانی شین ، ڕیش و سمێڵی قاوەیی و ئاڵیوونیی درێژ تا سەر سنگی مەتین و پڕ لە هێز.. بە دەنگێکی نێر و دێو تۆقێنەر لەسەر چۆک ڕاوەستاوە و بەرامبەرم ئامادەیە، و دەفەرموێت:" من –تور- م= واتە خواوەندی پارێزەر و دادپەروەری و شەڕم.. ئامادەم لەسەری هەزاران مرۆڤ بدەم، گەر بێت و خاکی من و وڵاتی من و پەیداغی من داگیر بکەن. وەڵامم بەرەوە ئەی حەزرەتی نوح، تۆ شەڕت لێمان دەوێت یان خێر؟".. فەرمووم: بۆچی کوڕم؛ نامناسیتەوە؟ تور تەماشایەکی کردم و بەدوایدا فەرمووی: بمبوورە ئەی پیری مەزن، نەمناسییتەوە. فەرمووم، دڵنیات دەکەمەوە کە من پەیامی خێرو جوانیم پێیە بۆ مرۆڤی خێرمەند نەک بۆ دێوەکان.

تور فەرمووی: منیش بە دڵ و بە گیان پارێزگاریت لێدەکەم. پاشان سڵاوی سەندەوە و لەسەر ئەژنۆ و دەست لەسەر دڵ دانان فەرمووی: مەملەکەتی من ماڵ و مەئواو نیشتیمانی تۆیە. فەرمووم: ئاخر دێوەکان لایەکی لەشیان داگیر کردووم و زیندانم لە گومان و قین و بوختانی دێوەکانی شەڕدا. فەرمووی: بمبوورە بەڕێز، کۆڵ مەدە و برەو بە خێری خۆت بدە. دەشێت لەوان نەبەیتەوە.. بەڵام من تا دوا هەناسەم پشتگیریت دەکەم. فەرمووم؛ جوانت فەرموو، کوڕم.

پاشان حەزرەتی سارا فەرمووی: جا ئەوە حەقی چییە بە مەسەلەکەوە، تۆ لەمڕۆژەدا لە دایکبوویت! منیش لە وەڵامدا فەرمووم؛ ئەم باسە دووپاتە، با لێی دەرچین. چونکە نەک تۆ، بەڵکو خۆشم مێژووی لە دایکبوونی خۆم نازانم، چونکە من بیری مردن دەکەم. جا مردن هەرچۆنێت بێت، مرۆڤی خێرمەند دەگات بە هەمیشەیی و بەهەشت و

**نەجات. لەبەر ئەوە، ئەوەی کە لە هەمیشەییدا لە ڕەحمی بوونەوەر دەرپەڕیبێت، نامرێت. چونکە بونەوەر زۆر دڵسۆزی مرۆڤی پاک و ڕاستگۆ و جوانە.**

**لەبەر ئەوە من باکم نییە دێوەکان چیم لێ دەکەن و چۆن تەماشام دەکەن. چونکە من هەست بە ئازادییەکی بەنرختر و پیرۆزتر دەکەم. من هەست بە ماناکانی جوانییەکان دەکەم و دەزانم جوانی لە کوێدا خۆی حەشار داوە. من ئەو کەسەم کە مایکلئەنجلۆ لە خەویدا دەستەکانمی دیوە و وێنەی کێشاوە. من پەیکەری داڤید ـم لە خەودا نیشانی مایکلئەنجلۆ دا.. وەرن تەماشا کەن خەڵکینە، داڤیدی کوڕم لە داڤیدی مایکلئەنجلۆ زۆر بەهێزتر و بژێوترو گەشبینترە. وەرن بڕوانن تا باوەڕ بکەن کە پەیکەری داڤیدی مایکلئەنجلۆم لە ڕەحمی سارادا دروست کرد و لە دایک بووە و ئێستا تەمەنی یانزە ساڵانە. من باوکی ئەوم. ئیتر ترس لە پای چی؟ بۆ بەمن دەڵێی لە سەرەمێکی هەڵەدا لە دایکبوویت؟ یان داوای گۆڕانی چی لە من دەکەیت؟ دەتەوێت بە من بڵێیت منیش دێوپەرستی بکەم؟ فەرمووی: نا، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات. فەرمووم: با، ئەگەر بێت و دەسەڵات نەخۆش و درۆزن و گەندەڵ بێت، ئەوا سست و لاواز و چرووکە و بەلادا دێت. جا پیاو دەبێت نەترس بێت، تور وا دەفەرموێت.**

**پاش کەمێک بێدەنگی بە سارام فەرموو: ناهەقت نییە، هەندێکجار مرۆڤ بە هەڵەدا دەچێت.. بەڵام من هێستا لە دایک نەبووم. وە ڕۆژی لە دایکبوونی من دەکەوێتە تریفە و سروەی بەیانی بیستویەکەمی نەورۆزەوە.. چونکە لەو ڕۆژەدا، کاوە= تورـ بە کوتەکی دەستی ڕاستی، سەری ئەژدەهاکی پانکردەوە. بەڵام ساڵی لە دایکبوونم یاد نایەت، یان هێشتا نەهاتووە! چونکە من جادووم لێکراوە و کەس من نابینێت. بۆیە ساڵی لە دایکبوونم دوا دەخەم، دەیخەمە ئەو ساڵەوە، کە تۆ و هەموو ئافرەتانی جیهان بە یەک دەنگ و ئاواز لەو ڕۆژە پیرۆزەدا سروودی ئازادی بۆ جیهان دەڵێن. ئەوسا دەتوانن سیمای ڕاستیی من و پەیکەر و گیان و دەروونم ببینن و تەماشای کەرامەتم بکەن. ئەوسا منیش بە مێروولەکانم دەفەرمووم: دەی کوڕینە، بڕۆن لە ئێسکی ئەنفال و یەهود و لە برسا مردووەکانی ئەفریقیا و یابان و ڤێتنام، بەرگی سپی و درەختی سپی و سۆڵجانی سپیم بۆ دروست بکەن.. بەرگێک، سۆڵجانێک کە هێندە تیشکی مەتین بێت، بتوانێت دێوەکان دووکەرت بکات. ئەوسا منیش نیشانتان دەدەم چۆن بوونەوەر دادپەروەری دەکات. ئەوسا ئەستێرەکان دێنە تریفە وتاف و مرۆڤەکان بە خەندەوە لە دایک دەبن. ئەوسا کۆرپەکان بە دەم پێکەنینەوە لە ڕەحمی دایکی خۆیان دەر دەپەڕن و بۆ ژیان پێدەکەنن. ئەوسا منیش دەبم بە کۆرپەی دایکان.. بە خەندەی ژیان و لە دایک دەبمەوە.**

**سارا فەرمووی: ئەم حیکایەتانە خۆشن. فەرمووم: بەڵێ.. ژیانی هەر هەموومان جگە لە حیکایەتێکی خۆش یان ناخۆش شتێکی دی نییە. فەرمووی: ئاخر خۆشی و**

ناخۆشی دوانەن یان خوشک و بران. فەرمووم: نا، ئەوان دوژمنن. بە هەڵە لە خۆشی و ناخۆشی مەدویَ. چونکە لە باوەڕی مندا خۆشی، کوڕی خۆشەویستییە، خۆشەویستیش دایکی هەموو بوونەوەرێکە. پەیامە، جوانییە. فەرمووی: ڕاست دەکەیت.

ئەو دەیویست دڵنەواییم بکات و دڵم بداتەوە، بەوەی کە من هەم و دژیم و کەسانێکیش هەن دەمبینن.. منیش هەر هەمان بەیانی یادم هێنایەوە، کە من چییدی بەرگەی ژیانی زیندان ناگرم و بە پێویستی دەزانم واز لە کاری بێگاری بهێنم و ڕوو بکەمە قیبلەی خۆم. فەرمووی:" قیبلەی تۆ دەکەوێتە چی ئاڕاستەیەکەوە؟ فەرمووم: لە هەر جێگەیەک خۆر هەڵبێت، ئەویَ نیشتیمانی منە.. جا کاتێک کە کەشتییەکەم تەواو بوو، لە هەر سەرزەمینێکی ئەم دونیایەدا بم، ئەویَ نزرگە و مەئوای منە. حەزرەتی سارا فەرمووی: پێشتر ئەم باسەت بۆ من نەکردووە. فەرمووم؛ لە دووپاتبوونەوەی زۆردا، دەشێت مرۆڤ شتێکی زۆر گرنگی لە یاد بچێتەوە. بەڵام من دوێنیَ شەو، پاش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ماڵ.. پاش ئەوەی خاوەن کارگەی کاری بەزۆر- لەسەر کار تڕۆی کردم؛ چوم بۆ کۆشکی تور= کۆشکی شاخ= شلۆتس فییەلە.. لەویَ بۆ دواهەمین جار، تور-م بینی و لە ناو پەڵە هەورەکانەوە گرمەی کرد و لە بارەگای خۆیدا سڵاوی لێکردم و فەرمووی: ئەوە بۆ دەگرییت ئەی حەزرەتی نوح؟ فەرمووم: چونکە خاوەن کار لە کار دەری کردووم و ئیتر ناتوانم قوت و نان بۆ داڤید و یوسف دابین بکەم. فەرمووی: بێخەم بە من ئەوان دەپارێزم.. بەڵام گەورەم من بەرگەی گریانی تۆ ناگرم و بوونەوەر دڵتەنگە بە گریانی تۆ. فەرمووم: گریان چەکێکی بەهێزی دەرونییە. فەرمووی: ڕاستە، بەڵام ئەم گریانەی تۆ زۆر جەرگبڕبوو، خواکانی ئاسمانەکانی حەوتەمی ڕەنجاند. فەرمووم: بۆیە گریام، چونکە بە ناهەق لە سەر کار دەر دەکرێم، چونکە من گیانی کارکردنم پیرۆزو جوانە. فەرمووی: دێو لە جوانی تێناگات.

سارا بە خۆشییەوە گوێی بۆ شل کردبووم، فەرمووم؛ ئیتر ناتوانم چیی دی بگریم، چونکە هەست دەکەم دێوەکان هەموو سنوورەکانیان تەنیوە و توانای ئازاد بوونم نییە. فەرمووی: تێناگەم، بۆچی ئیتر جارێکی تر ناگرییت؟؟ فەرمووم: چونکە دوێنیَ شەو هەمان کات لە دوای دۆڕاندنی کار، لە کۆشکی شاخ، کاتێک کە تور دابەزی و منی بەو جۆرە لاواز بینی، خۆی پیَ نەگیرا، گرماندی و مشتەکۆڵەیەکی دا لە تاوێرە بەردێک و شاخەکان زرمەیان لێهەستا.. پاشان بە تووڕەییەوە فەرمووی: ئەوەی ئازاری تۆ دەدات، دوژمنی منە. تۆ ئازادیت لە وڵات و مەملەکەتی مندا و دەتوانیت هەر لێرە لە کۆشکی شاخ بمێنیتەوە و بەڵێنت پیَ دەدەم کە پەشیمان نابیتەوە و ئێرەت بۆ دەکەم بە جوانترین و خۆشترین ماڵ.. ئێرەت بۆ دەکەم بە کەشتی. فەرمووم: نا، سووپاس، چونکە دەروون و گیان و ئایین و باوەڕم لە ناو میللەتی ئێوەدا ڕەنجاوە.

تور سەری داخست و دەست لەسەر سنگ و ڕم لە دەست وەک پاڵەوانێکی مەزنی لە تیشک لە هەوادا وون بوو. باـکان دوای ئەو هاتن، فەرموویان: ئەو دڵی لە دێوەکان ڕەنجا. بەڵام دڵنیات دەکەین، کە ئەو پشتیوانیت دەکات. بە باکانم فەرموو: من پێویستم بە پشتیوانی نییە. چونکە من پێویستم بە ژیانی ئاوارەیی نییە.

گوڵە وردیلانەکانی کۆشکی شاخ و چیمەنی دەوروبەر بە ئاوازی کۆراڵ فەرموویان و خوێندیان: ئەی حەزرەتی نوح، ئێمە دەبین بە خۆراکی تۆ.. هەورەکان فەرموویان: ئێمەش دەبین بە باران و لە ئاوی ئێمە نۆش بکە. باڵندەکان فەرموویان: گۆشتی ئێمە عافێت بکە.. درەختەکان هاتنە زمان و فەرموویان: ئێمەیش فریشتەکان فێر دەکەین، خۆشترین خۆراکت بۆ بێنن. منیش سوپاسی هەموویانم کرد و فەرمووم: ئاوازی خوێندنی شیرینتان خۆشنوودی کردم. جا لێرە بە دواوە نوچ دانادەم بۆ هیچ شکستێک، تا سەرکەوتن. حەزرەتی سارا بە خۆشییەوە فەرمووی: خۆشی لە خۆت، کە خاوەنی فەنتازیایەکی مەزنیت. بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونتە و هیوادارم سەرکەوتوو بیت.

فەرمووم: سەرکەوتن ئەرکی سەر شانی هەر مرۆڤێکی خێرمەندە. چونکە مرۆڤ پیرۆزترین موڵکی بوونەوەر و جوانترین دەستکردی خوا و مۆزەخانەی خواکان و فریشتەکانە. چونکە فریشتەکان لە ئاسماندا بۆیە دەژین، تا دوای مردن بە باوەشیان مرۆڤی پاک و جوان و ڕاست بەرە و بەرزەخ هیدایەت بکەن و پڕی بکەن لە شادوومانی.

جا من بۆیە لە هەستی تۆدا هەم و لە بەر دەمی تۆدا دەژیم و هاوسەرتم، چونکە من گیانی مرۆڤ و هونەر و عیشقم پێیە.. من هێشتا لە دایک نەبووم. چونکە لە دایکبوونی من لە باوەڕی مرۆڤەوە سەردەردەهێنێت. جا من مرۆڤ کەم دەبینم و باوەڕیان لاواز و دێوپەرستن و هەست بە دزێوی دەکەن ـ نەک جوانی! چاو لە جوانی وەردەگێڕن و دزێوی دەپەرستن، بەمەش دڵی بوونەوەر دەڕەنجێت، و لێبووردنی منیش هەڵدەوەرێت.

ئەزانم تۆ باس لەو پەیکەرە دەکەی کە لە زینداندا دەژی.. منیش باس لە گیانی دەروونێک دەکەم کە پڕە لە گیانی منداڵان و ئافرەتانی لە خۆڕا سەربڕدراوو ڕەجمکراو و زۆرلێکراو.. گیانێک کە پڕە لە حەزرەتەکانی ناو مۆزەخانەکانی جیهان و هەستی هونەر. من باس لە گیانێک دەکەم کە مرۆڤ هێشتا ئاشنای نەبووە. من لەوێدا لە دایک دەبم، کە مرۆڤێک بزەیەک بۆ ڕستەکانم نیشان دەدات و ئافرەتێک، بەبێ گومان سەری ڕێز بۆ فەرموودەکانم دادەنەوێنێت. وەک تۆ، کە هەندێکجار شەرم دەکەیت، ڕێز نیشانی کەرامەتی من بدەیت. بەڵام من لێت دەبوورم، بەو هیوایەی کە تۆ خۆشت لە خۆت ببووریت.

کۆترێک هاتە ناو ماڵەکەمانەوە و فەرمووی: ئەشهەدوو= کو کوو کو.

بیرم نەبوو بۆتانی بگێڕمەوە، کە لە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونمدا، کۆمەڵێک منداڵ هاتن و پیرۆزبایی ڕۆژی لە دایکبوونیان لێ کردم.. یەکێک لە ناویاندا کە هەستیارو بەسۆز بوو، فەرمووی: دەبا هەموومان پێکەوە گۆرانیی ڕۆژێکی شادی بۆ بڵێین. پاسەوانێک لە پاسەوانە جادووکارەکان ووتی: من گۆرانی نازانم و کەس داوام لێ نەکات من گۆرانی بڵێم. بەڵێ، ئەو سەرگەرمی خواردنی گۆشتی بەراز بوو و سەگەکەشی نووزە نووزی بوو لە ماڵی تەنها و ناچار کراودا- بۆ ئەوەی هەست بە هاودەنگی بکات. چەند پاسەوانێکی تریش پشوویان هەبوو، یەکێک لە پاسەوانەکان کە کەمێک منی خۆش دەوێت، ڕوومەتی نا بە ڕوومەتمەوە.. ئەوی تریان لە پشتەوە ڕومەتی پێ دام.. ئیتر منداڵەکان کە هەستیان بە مۆلەقیی پاسەوانەکان کرد، ترسان، و کشانەوە. منیش بەو فریشتەیەم فەرموو: تۆ لە ناو هەموومان‌دا، بە سۆزی فریشتە گۆرانی دەچڕیت، بۆ بەتەنها شادوومانم ناکەیت بە خوێندنی ئاوازی لە ـڕۆژی لە دایکبوونم؟ لە وەڵامدا ووتی: ئاخرمن دەنگم تێکچووە!

منیش فەرمووم: بەهانەیەکی لەبارت دۆزییەوە.

بەو کارەی منی ترساند، هەر لەو کاتەدا بوو، بای شەماڵ پەڕێکی ڕەشی بە دەمباوە بۆ هێنام و بە چپە فەرمووی: ئەو وەڵامە ڕاست نەبوو.. بۆیە پەڕی باڵندەیەک هەڵوەری!

شەوی هەمان ڕۆژی لەدایکبوونم، نوێژێکم دابەست، بە ڕووت و قووتی ڕومکردە ووشەکانی خۆم و هەستەکانم داڕشت. ناوی چەندان پێغەمبەریشم یادکردەوە.

شایانی باسە، هەردوو کوڕەکەشم ماچیان کردم. نیوەشەویش، منداڵی سێیەمم هات بە میوانیم. ماسییەکانیش، پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەیان لێکردم، هەروەها حاجیلەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پیرۆزیش.

## تابلۆی هونەرو جوانی

وانەزانن کە کاتێک دێوەکان یاخود تاریکی دەست بەسەر ڕۆژەکانمدا دەگرێت؛ ئیتر من پەست و پەشموردەو تەسلیم دەبم، نا.. بە پێچەوانەوە. من لە تاریکیدا۔ لە چاوەڕوانی هەڵهاتنی برژانگەکانی خۆردا ئێشک دەگرم و چاوڕوانی هەڵهاتنی چاوی خۆرم.. چونکە خۆر تا ڕادەی پەرستن دەپەرستم. خۆر لای من پەرستگایە.. لە ئافرەتێک دەچێت کە شکستم هێنا لە گەڕان بە دوایدا! خۆر ئافرەتێکە زۆر جوان؛ هێندە جوانە، نەبێتەوە.. من لە خەونەکانمدا ئەوم لە ڕەنگەکانی ئاوێزەدا دیوە.. من تەماشای کەرامەتی جوانی و بەهرەی جوانی و شکۆی جوانیی ئەوم کردووە. ئەو زانست دەپروێنێت بەسەر هەست و سرۆشی هونەریما.

بەڵێ ئەو ئافرەتە، ئەو شکۆو تەلیسمەی کە من بە دوایدا دەگەڕێم۔ لە ناوتاندا نیيە؛ پەیدا نابێت.. نازانم بۆ خەڵکینە! بۆچی مەحاڵ بێت لەم جیهانە ساوایەدا ئافرەتێکی پیرۆز پەیدا بێت!؟ یانی چی دەبێت ئەگەر بێت و ئافرەت ببێت بە هاوسەری پەیامی پیرۆز؟! ئەی بۆچی ڕێگە دەدەن خۆیان بسوتێنن و بە زۆر شوو بکەن و بە زۆر حیجاب لەسەر بکەن و بە زۆریش بنێردرێن بۆ بەرەکانی جەنگ و هەمیشە و لە گشت وڵاتێک دەیانبینم هێشتا تەعدای ناموسیان لێ دەکرێت. بۆ نایەڵن من ئەو ئافرەتانەتان نیشان بدەم کە لە دیدەی مندا پەسەندن و لە هونەری مندا ڕەنگیان داوەتەوە.. بۆ نایەڵن بڕۆم بە ڕێگەی خۆمەوە و تا ڕادەی وونبوون بگەڕێم بە دوای جەماڵی کەماڵی ئەو ئافرەتەدا کە لە تیشکی خۆر جوانتر پرشنگی دەپروێنێت بەسەر هونەرەکەمدا. من پیشەم فێر بوون نییە لە ئێوەوە.. خەڵکینە، دێوپەرستەکان؛ من نەهاتووم لە ئێوەوە فێر بم.. بەڵکو هاتووم باسی جەوهەری هونەر و جوانیتان بۆ بکەم.

بۆیە هەندێک لە شەوان بە گفتووگۆوە بەسەر دەبەم، لەگەڵ گیانی پێغەمبەرەکان و بتەکان و خواکاندا گفتوگۆ دەکەم.. شەوێک لە شەوان ئەفلاتوون و سوکرات و هیپیاس هاتن بۆ لام.. بە فرسەتم زانی باسێکی جوانییان لەگەڵدا بکەم، چونکە من دەمزانی ئەوان باوەڕی جوانناسییان لە ئایینی سروشتگەری و خۆشخوانیی سروودەکانی زەردەشتەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە. ویستم لە هەموویان بپرسم؛ بۆچی هیچیان ناوی زەردەشت۔یان لە گفتووگۆکانیاندا نەبردووە!؟ ئەوان؛ واتە گیانی ئەوان لە ئاسماندا۔ نەک لە هەمیشەییدا، بەڵکو لە ئاسماندا دەچنە گیانی دوپشک وسەگ و پشیلەو بەرازەوەو ناتوانن ڕێگەی هەمیشەیی بدۆزنەوە. بۆیە ئەمشەو بە چاکم زانی خۆم لەگەڵ فەیلەسوفەکاندا۔" واتە هەموو فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان"دا یەکلا بکەمەوە. بەوانم فەرموو دانیشن گوێگرتن چاترە لە گفتوگۆکردن. من لە جەوهەری

ئیستاتیکای شەرق و غەرب تێگەیشتووم. پێویست ناکات شەویلگی خۆتان ببزوێنن لە پەرستگای مندا. فەرمووم: ووس بن، ووس. چونکە لە دەرونی مندا جوانی بە باڵەکانی هەڵۆیەکی تیشک شێوەی مەزنی سپی و فیمینین دەفڕێت.. لە هەمیشەییەوە هەر هەبووە و هەر دەبێت.. ئەوە جەوهەر و پرشنگی ئایدیاڵەکانە کە پرشنگی دەخاتە سەر ماددەکان و لەمسێکی کاتیمان دەکات و گیانێک لەو دەپروێت و بەر شتەکان دەکەون و بە دروەوە ژیانێک دێتە بوونەوە. ئەوە درۆ نییە.. بەڵام مەرجی ڕاستەقینە لەوێدا چاوگ لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ بتوانێت زەڕڕاتی هەمیشەیی لە دۆخی ژیانی مرۆڤانەیدا بدۆزێتەوە.. ئەوسا مرۆڤ لە موتڵەق دەگات. واتە دەکەوێتە بەر شەپۆلی هەمیشەیی حەزرەتی جوانیی موتڵەق.

ئەفلاتوون کەمێک بایی بوانە ووتی: منیش ویستم بەم واتایانە و بەم فەرموودانەی تۆ بدوێم.. بەڵکو تۆ ماقووڵاتی من بەسەر دەکەیەوە. بەوم فەرموو: ووس بە ووس.. بەڵام دەتزانی کە حەزرەتی زەردەشتی باپیرت وەهای فەرموو بوو. ئەی دەم ڕەق، ناشرینی کەچەڵ، چۆن زاتت کرد فەلسەفەو باوەڕی باوانی خۆت بەد بەکار بەریت و بیکەیت بە باوەڕی خۆت؟ سووکرات بە تەماشایەکی گلەییەوە سەرنجی لە ئەفلاتوون دا، کە بێبەری نەبوو لە هەستکردن بە گوناح. بەڵام ئەو؛ واتە سوکراتی مەزن۔ لەبەر ڕێز بۆ فرمانی من بە بێ چپەیی، هیچی نەوت و نەفەرموو. هیپیاس دەیویست بێت بە گژما و نەیدەوێرا، چونکە دڵنیا بووم کە سوکرات بۆی هەڵدەساو لا قەبرغەی هیپیاسی کون دەکرد. ئەوان هەوڵیان دا بێ دەنگ بن. پاشان فەرمووم: مرۆڤی ئەوروپی گێلن؛ ناتوانن لە حەقیقەت بگەن. من هەست دەکەم لە لیتەی فەلسەفەی کلاسیکدا چەقیون. نازانن چۆن تەکان بە ڕاستی بدەن. ئەوان هێشتا لە گیانی ئێرۆس و زیۆس و ئەپۆلۆ و چۆنۆ و ئەفرۆدیت نەگەیشتوون. نازانن کە ئەمانە هێشتا کاریان نەکردۆتە سەر مرۆڤ بۆ ناسینی حەقیقەتی موتڵەق.. چونکە حەقیقەت لە مادە نییەو لەویش پەیدا نابێت. بەڵکو حەقیقەت لە هەستدا دەژی. هەستەکان نەستەکانی خواکانن. ئەمە حەقیقەتی موتڵەقە.

جا واز بهێنن.. چونکە گەر فەرموودەکانم هەراشان بکەن، ئەوا لێتان تووڕە دەبم.. ئەوسا گیانی دۆعا بەردبارانتان دەکاتەوە.. چونکە کە من توڕە دەبم، دۆعاکانی هەموو مێژو دەست دەدەنە بەرد.. ئەو ئافرەتەش توڕە دەبێت کە من لە جەوهەردا بۆی دەگەڕێم. جا ئەگەر گیانی ئەو بەهەڵە یان خوازراو بەر هەر لەشێک بکەوێت؛ ئەوا من هەست بە بوونی دەکەم لە ژیاندا. ژیان ئاوێتەی ماددەیە.. بەڵام حەقیقەت نییە. ژیان بەشێکە، گەردێکە لە حەقیقەتی موتڵەق.. باوکی گەورەتان حەزرەتی نوح ئەمەی دەزانی و پێتانی دەڵێتەوە.. ژیان حەقیقەتی موتڵەق نییە.. چونکە لەوێدا ماددە بوونی نییە. ئەو بوونە هەمیشەییە ئەزەلییە تەوژمێکە خۆی دەڕێسێت وەک دەستاڕ.. لە سوڕیدا وەک هەر بوونێک، هەر شکڵێک و هەر گیانێک – بە ناکۆتایی لە شکڵ و

شێوە دا- خول دەخواو پرشنگی بەر ماددە دەکەوێ پاش ئەوەی گیانی سارد دەبێتەوە... کە بەر بوخار و غازو تۆز دەکەوێت.. خرۆشی دروست بوون و خۆڕسکاندنی دەپروێت. بۆیە ژیانەکان دروست دەبن. چونکە ئەو تەوژمە مەزنەی گیانی تیشک بە هەر شکڵێکی گیانی- لە تەوژمیدا دەردەکەوێت. ئیتر مادە پەیدا دەبێت.. زۆر دەبێت. پاشان کەم دەکا و ژەنگ دەگرێ و دەفەوتێت.. تەنها گیانێک نافەوتێ و هەمیشە ئازادە لە هەمیشەییدا کە دەتوانێت سەر پشک بێت چۆن دێتە ژیانەوە و دەبێت بە چی!.. بەڵێ ئەوانەی کە درۆ دەکەن، دەبنەوە بە درۆکانی خۆیان.. ئەوەی بێتاوانێک دەکوژێت هەمیشەیی بە چاوانی خۆی نابینێت، بەڵکو تاوانی بەرامبەر دەکرێتەوە.. لە سووڕەکانی ژیانی دووناودووندا، ئەو ببێت بە هەر گیانلەبەرێک یا جانەوەرێک، دەکوژرێت و دەکوژرێتەوە. دەکەوێتە چەهەننەمی کردارەکانی خۆیەوە.. بۆیە جەهەننەم لەسەر زەوییە و بریتییە لە کردارەکانمان. بۆیە مرۆڤی مەزن هەرگیز دەست بۆ چەک نابات بە مەبەستی کوشتنی بێ گوناح. جا بزانن ئێوە چی دەکەن. هەن تاوان ناکەن و جوانن و بۆ جوانیش دەژین.

هەموو شتەکان هەن، کە ئێمەی مرۆڤ تاوەکو ئێستا توانیومانە بە مادە چنگی بخەین. بەڵام زانستی جوانی زانستێکی هەستی لۆژیکی و موتڵەقە و ئازاد لە گیۆمێتراو ماتماتیک - سیمیتری و بە هارمۆنیی موتڵەق و عادیلانە و کەمێک بەشوش و شێتانەیە.. وەک ئەو ئافرەتەی کە لە خۆشیی ئازادیدا شێت بووە و خۆی سەرخۆش کردووەو بە شەقامەکانی شیپەرگاتادا دەگەڕێ و شەق لە سێبەرەکەی خۆی هەڵدەداو بەسەر سێبەرەکەی خۆیدا دەرشێتەوە. نازانێت کە سێبەرەکەی گیانی ڕاستەقینەیەتی. بەڵێ.. لە فەرهەنگی ئازادیی هونەردا- هونەر ڕوخسارێکی تری هەیە و حەقیقەت جوانتر دەبینرێت؛ چونکە حەقیقەت لە هونەردا پەنهانە و هونەرمەندی ڕاستگۆ دەتوانێت بەرەو ئەوێتان بەرێت.

کاتێک ئەم فەرموودانەم بە هێمنی یادی ئەوان هێنایەوە.. هەرسێکیان؛ واتە سوکرات و هیپیاس و ئەفلاتوون، کە هێشتا لە دۆخی ڕێزلێناندا ڕاوەستا بوون لە حزوری مندا- سەری ڕێزی دووبارەو سێبارەیان بە خەندەوە دانەواند. منیش بەیانی باش و شەوباشم لێ کردن. پاشان گەڕامەوە جێگەکەی خۆم و مۆمێکم بۆ ڕەزامەندێتیی خۆم داگیرساند. پاشان نووسیم: حەقیقەتی جوانی، لە هونەردا پرشنگی خۆی نیشان دەدات. جوانی زانستی هەستە نەک بیر.. مەرج نییە بیر پەیامبەری هەست بێت. بەڵام ئازاد بوونی هەستی هەندێک لە هونەرمەندان مەرجی گەشەی تەکنەلۆجی وکەلتوری و هزری و مرۆڤ و دادپەروەرییە. داد و یاسا بەشێکن، لقێکن لە زانستی جوانی. ئازادی ئامانجی بوونەوەرەو بەشێکی مەزنە لە حەقیقەتی موتڵەق.

پاشان یەکتەختە لێی ڕاکشام..بەدیار مۆمێکەوە تاک و تەنها بە ڕووتی لەناو ئەو کڕێوە و بەفرەدا ڕەق ڕاکشام.. بانگی مەرگم کرد بێتە هانام، بەڵام ئەو ترسنۆک بوو نەهات. پاشان دەرگاکانی خەیاڵی ئازادم خستە سەر پشت، بۆ سەدانجار لە خەیاڵما پێشانگام دەکردەوە لە مۆزەخانەی دەرونمدا.. بە سلایید وێنەکانم نیشانی ئەو ئافرەتە خەیاڵییانە دەدا کە نایانبینم.. بە خەیاڵ خۆمم بینی لە شیپەر گاتای پایتەختی بەستەڵەکدا وێنەکانم لە تاریکاییەکدا ڕوو لەسەر پەردەی دیوار تیشک دەپروێنن بە ڕوخساری سۆزانییەکدا کە لەپاڵما دانیشتووەو باسی خۆیم بۆ دەکات.. بە دەم تەماشای وێنەکانی منەوە ڕەق بۆتەوە لەسەرمادا و منیش وەک ئەو بووم بە شەختە بە دیار تەماشای وێنەکانی خۆمەوە.

هەر بەخەیاڵ دەچووم بۆ قوتابخانەی باوهاوس، مۆنتیسۆری، ستاینار- و هەموو ئامۆژگاکانی جیهان دەگەڕام و وێنەکانمم نیشانی هەموو جیهان دەدا.. پاشان لەوێشدا بە دوای تەرمی نیگاکانی ئەو ئافرەتەدا دەگەڕام کە هێشتا بۆی دەگەڕێم. ئەوسا ڕووم دەکردە ڕوخساری مرۆڤە لە جەنگ بەزیوەکان و دەمفەرموو: ئەوەی پەنجەی بۆ شەڕ برد، دەست و دەم و بیری خۆی پیس دەکات. هونەر لە شەڕ نادوێ و هونەرمەند پەیامی خێری پێیە. خێر بریتییە لە دەست نەبردن بۆ شەڕو بوختان و ڕق و دووبەرەکی .

خەڵکینە.. لە زیندانی بەهەڵەدا چوونی دێو پەرستەکانی وڵاتی بەفردا، من خەریکم لە خەونەکانمدا وون دەبم.. هێندەم خەو دێت نەبێتەوە... بەڵام لەو ڕاکشانەمدا دەربەستی خەو نەبووم.. بەڵام کاتێک کە بێدار بوومەوە، تەماشامکرد ساڵێک بەسەر ژیاندا تێپەڕیوە.. بینیم ڕۆژەکانم وەک شەوەکان دووپات و شەوەکانیش هەمان شێوە.. مەراقەکانی خێزانەکەشم سەد هێندەی خەونە شیرینەکانی من زۆر بوون. چونکە ئەو تووشی سەرەتان بوبوو.. سەرەتانی دوچاری خۆی دەکرد.. هەستم دەکرد قینی لە خۆیەتی؛ وەک هەموو ئەو ئافرەتانەی کە قینیان لە خۆیانەو شێرپەنجە تووشی خۆیان دەکەن، یان لە داخا خۆیان دەخنکێنن، دەسوتێنن، بریندار دەکەن، یان خۆیان سزادەدەن و خۆیان دەکوژن. مێرولەکان فەرموویان: ئەشهەدوو... ئامیین! منیش دەربەستی ڕاوەستانی کات نەبووم.

## تابلۆی بەزەیی هاتنەوە بە خوددا

بەزەیی هاتنەوە بەخۆت و بە کەسێکی تردا لە هەست بەرزییەوە سەرچاوە وەر دەگرێت. مرۆڤی بێ بەزەیی؛ درۆزن و ڕوڕەش وکینە دۆزە- ئەوان شەڕ و بوختان دەبەن بە ڕێوە و لە وەچەی دێوەکانی شەڕن لەناوتاندا. جا لە بری درۆ و کینە و تۆڵە - بەزەیی بەکار بەرن، چونکە لە بەزەییدا شیفایەک پەنهانە. دەشێت لە هەندێک هەڵوێستدا بەزەیی مرۆڤ خەجاڵەت بکات، چونکە بەزەیی بەد بەکار بردن مرۆڤ ناشرین دەکات لە ئاستی بەرامبەرەکانیدا و مرۆڤ سەری لێ تێک دەچێت، لە تاوا لە بری ئەوەی لەگەڵ منداڵ و خۆشەویست و هاوسەری خۆیدا بژی، دەچێت لەگەڵ سەگ و پشیلە و ترس و گومانەکاندا دەژی و لەگەڵ ئەوان یەک دەگرێت. مرۆڤ سروشتی خۆی بەوە پیس دەکات کە ئازادیی گیاندارەکانی تر و ژیانیان دەشێوێنێت. مرۆڤ بێ بەزەییانە مرۆڤ و گیانلەبەر و مێروو ڕووەک بەکار دەبات. مرۆڤ درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات.

بۆیە ئەگەر ڕێگەم بدەیت، ئەوا دەتوانم بە بەزەییەوە ڕێزت لێ بگرم و لە توڕەییشدا بێ بەزەیی نەبم بەرامبەرت. چونکە دەشێت من خاوەن بەزەییەکی تایبەت بم بە ئیمپاتی..جیهانی= گلوبال، ئونیڤارسال=کەونی- ئیمپاتی.. ئیمپاتییەکی ئانتۆلۆگی.

من کاتێک کە بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە- کە هەست دەکەم دەستی دێوێکی تاریک قورگم دەگرێت و زوخاو دەکات بە جەوهەرما.. لە تاوا.. بۆ دەرباز بوون لە قین و داخ و زەبرو زەنگی فیتنەکانی؛ دەکەومە ناو بەزەییەکانی خۆمەوە.. تەماشای منداڵەکانم دەکەم.. کەمێک بەسەر ژیاندا دەچمەوە و لە تەماشای ئەواندا بەزەییم جارێکی تر زیندو ترو پاکژتر و جوانتر دەڕازێتەوە وەک تەماشای منداڵەکانم.

مێرولەیەک فەرمووی: ئەی قوربان جەنابی حەزرەتی نوح، منیشت وەک منداڵەکان خۆش دەوێت؟ فەرمووم: بەڵێ- من تۆم وەک نوری گیانم خۆش دەوێت. تۆو ئێوە بەزەیی منن.

بەزەیی- بوونەوەر دەبات بە ڕێوە. چونکە جوانی لە بەزەییدا بوونی هەیە. جوانی کاتێک لەمسی جەوهەرێکی گیانی دەکات؛ هەستێکی تایبەت بۆ ئەو بەزەییە دروست دەکات. هەستێکی بێ سنور. چونکە دایکە حەوایەک، لە باوکە ئادەمێکدا دەڕوێت! خواوەند- یان میهراباد.. یان بەهەر زمانێک کە دڵت دەخوازێت، یان بەهەر زمانێک کە دڵت دەخوازێت ناوی خوای خۆت بەریت، تەنها تەوژمێکی بەزەیی هەمیشەییە و سنوری هەیە لە بەزەیی داندا.. خواوەند ئاهوڕامازدا بەزەیی بە دێوو بە خێوو بە بێئابڕوواندا نایەتەوە و ئەو ئاوڕ لە شەڕەکانتان ناداتەوە. جا ئێوە لە جەهەننەمی خۆتاندان. چۆن خوا بەزەیی پیاتاندا بێتەوە؟

## تابلۆی ماچ

لەو ماوەیەدا کە من فێری شەونخونی بووم و ساڵێک بەسەر وەستانی کاتدا تێپەڕیبوو.. گەلێک مرۆڤ و دێوو دێوپەرستم بینی.. گەرچی شەوو ڕۆژم تێکەڵ بوبوو؛ چونکە دێوپەرستەکان تۆڵەی قینی دێوەکانیان لەمن دەکردەوە و دەیانویست سنوور بۆ فەرموودەکانم دابنێن. دەستکاری فەرموودەکانی منیان دەکرد. یەکێک لە دراوسێکانم کە دێوێکی تەنگەنەفەس بوو بە هۆی بەدخۆرییەوە؛ هات و ڕۆمانێکمی لێ دزیم و لە دانیشگا و کۆڕەکاندا شانازیی بە باوەڕی منەوە دەکرد و بە پارەی من دەژیاو کەچی قەرزباریشی دەکردم.(ئاماژەیە بە یەکێک لە دراوسێ جاسووسەکانم، کە بە نیازی لەچاپدان و هاوکاری کردنم، بۆ بڵاوکردنەوەی یەکێک لە ڕۆمانەکانم، هات.. بە ناوی یاریدەوە، جاسووسیی بەسەرمەوە دەکردم و کەلتووری نەرویژی بەسەرمدا دەسەپاند و تاوانباری کردم بە هەر شتێک. بەڵام کتێبەکەی چاپ نەکرد و هیچ یاریدەیەکی نەدام، بەڵکو کتێبەکەی کرد بە هی خۆی!)

منیش جارێکیان تابلۆیەک لە تابلۆکانی خۆمم کە لە چوارچێوە نابوو، لەگەڵ خۆمدا بردم و نیشانی یەکێک لە دراوسێکانمم دا.. ئەو ووتی زۆر جوانە، بە چەند دەتەوێت ئەو تابلۆیە بفرۆشیت.. فەرمووم: بە تەماشایەک. چونکە دەبوایە هونەری هونەرمەند مەزات نەکرێت. نابێت هونەرمەند ناچار بکرێت ئۆرگیناڵەکانی بفرۆشێت. بەڵام گەر گران ئەم تابلۆیە بفرۆشم، ئەوا داوای ماچێکی لێ دەکەم. من تابلۆکانم بە دیاری و بە ماچ و بەو مرۆڤە دەفرۆشم کە نرخی هونەرم بەرز ڕادەگرێ و نرخ لەسەر کارەکانم دادەنێت. ووتی: ئاخر کەس لێتی ناکڕێت. فەرمووم: دەزانم، ئەی بۆچی داوام لێ دەکەن تا تابلۆکانمتان نیشان بدەم؟ بۆچی من نازانم کە ئێوە ناتوانن نرخ بدەن بە هونەری من؟ بەڵام باش بزانن؛ ئەوەی هونەری گەلێکی تر بە سووک تەماشا دەکات، دێوە و مرۆڤ نییە. ئەوەی کەلتورێکی تر لە ناو کەلتورەکەی خۆیدا دەچەوسێنێتەوە و سەرکووتی دەکات دێوپەرست و دەروون نەخۆش و دوژمنی مرۆڤ و جوانی‌یە.

ڕۆژێکیان ئافرەتێک کە نەیدەزانی سەر بەچی تاقمێکە! لە دێوە یان لە دێو پەرستەکان! لە گفتوگۆیەکدا پەنجەم بۆ جوانی ڕاکێشاو کەمێک بەسەر باڵای جوانیدا هەڵم دا. کەچی بێ ئەدەبانە گوێچکەمی توند گرت و نەڕاندی بەسەرمدا و بۆڵاندی: تۆ ژنت هەیە. منیش لە وەڵامدا بە ئەدەبەوە بەوم فەرموو: جوانی هەقی نییە بەرسەر هەبوون و نەبوونەوە. مرۆڤ ئازادە بە چی چاوێک جوانی دەبینێت. چونکە جوانی

لەناو مرۆڤ و دێوو خێوەکانیش دا نیسبییە و موتڵەق نییە، جوانی پەیوەندیی هەیە بە چێژی گیانی و هەندێکجاریش نامەرجانە پابەندی چێژی لەشی و سێکسی یە. بەڵام ئەمە نامەرجییە. بۆیە تۆ ناتوانیت سنور بۆ هەستی هونەرمەند دابنێیت. پاشان من حەزرەتی نوح-م. ووتی بمبوورە. من وەڵامم نەدایەوە.

ئەو دێوەش کە ویستی دەستکاری تۆمارو فەرمووودەکانی من بکات، ئەنجام ناچاری کردم بە لەعنەتی بکەم. هەر وەکوو هاوسەرەکەم. چونکە باوەڕیان بە کەرامەتی هونەریی من نییە. ئەوەی دان بە هونەری مندا نانێت لەمن نییە. ئافرەتەکە ووتی بۆچی تۆ حەز لە فرە ژنی دەکەیت؟ فەرمووم: من بەدوای جەوهەرێکی تایبەتی کەماڵدا دەگەڕێم.. نەک بە دوای ژندا. چونکە ژن و منداڵم هەن. من لە کەماڵی جوانی دەدوێم و هەمووکەسێک ئەم هەستە هونەرییەیان نییە.. پاشان لە فەرهەنگی نوح-دا دابەکان تایبەتمەندێتییان هەیە. مەرج نییە خەڵکی وەکوو من بکەن. بەڵام کرداری من بێبەرییە لە هەڵە، گەر جوانی بکەم بە کەلتوور. ووتی: بمبوورە.

جا با باسی تابلۆکەم تەواو بکەم.. تابلۆکەم ناوی – ماچ- بوو، ماچێکی سور و شین و سپی. من خۆم زۆرم بەلاوە پەسەند بوو.. داوەرێکی بەلجیکی هەشت هەزار فرانکی پێدام و پێم نەفرۆشت. چونکە لای من ماچێکی هێندە جوان بوو- نەبێتەوە. حەزمکرد ئۆرگیناڵەکەم لا بێت، چونکە هیچ کۆپییەک هێندەی ئۆرگیناڵ جوان نەبوو.. بۆیە حەزم کرد بەوی نەفرۆشم. تابلۆی ماچ ماچی مەم و زین بوو، ماچی لەیل و مەجنون، یین و یان. جین و جان.. یان ماچی نێوان نێرو مێ. کە نەشئە و ئۆخژنێکی هەمیشەیی دەبەخشێ بە دەروونی بینەر. هەستێک- کە بە شتێک هەستی جوانی دەبزوێنێت. ئەگەر ماچ نەیتوانی هەستت ببزوێنێت بەرەو شادی و پشو و ئارامی و ئازادی- نەکەی ڕێگە بە خۆت بدەیت بەردەوام بیت. ماچی کەسێک مەکە کە خۆشی ناوێی یان خۆشت ناوێت. لەگەڵ ئافرەتێکدا تێکەڵ مەبە کە خۆیت بۆ ڕووت ناکاتەوە و ڕێگەت نادات ڕووتی بکەیتەوە.

بەڕێزی خوێنەر ڕێگەم بدە تا باسی تابلۆی ماچ-تان بۆ بکەم کە وێنەیەکی دەستکردی خۆمە.. من کاتێک کە ماچی ئافرەتێکی ڕاستگۆ دەکەم.. هەست بە سرۆشی زانستێکی پەنهان دەکەم. هەست دەکەم دەتوانم بوێر بم و لە ماف و حەق و ڕاستی بدوێم. چونکە تەنها ماچی ڕاسگۆ، بزەی ڕاستگۆ- گفتوگۆی ڕاستگۆ و پەیامی ڕاستگۆیانە مرۆڤ بەرەو ڕووناکی دەبات. تابلۆی ماچ باس لەو ماچە ڕاستگۆیە دەکات کە پیاوێک ماچی ڕومەتی ئافرەتێک دەکات. ماچێکی نەخشین و سپی یان ئاوێزەیی. بۆیە ئەو تابلۆیەم نیشانی هەر کەسێک داوە؛سەری سوڕماوە. من خۆم هەڵناکێشم و لە توانا و بەهرەی هونەریی خۆم نادوێم؛ بەڵام دەزانم و دڵنیاشم زانستەکانی ئێوە لە گیانی مندا بەرکوڵ دەکرێن، بەڵام هەرس ناکرێن.

دەرونی من زانستی بیرکاری و جەبرو لۆژیک و هەندەسەی بۆ هەرس ناکرێت.. چونکە من نەخشەیەکی ترم پێیە. من کارل مارکس و ئەنجلس و لینین بە سەرەو خواری دەبینم. ئەوان ڕاست نەبوون. ئێستا سەردەمی ڕاستکردنەوەی دەمی سەرمایەدارەکانە. چونکە سەرمایە بێ مایە دەمێنێتەوە و نرخەکان بەرەو نەمان دەچن. بازاڕەکان دەمرن.. کاڵاکان لەناو دەچن و ماددەکان دەرزێن و بەرەو پیس بوون و نالەبارکردنی ژینگە دەچن. من لەم زانستەدا قوڵ بوومەتەوە کە سەرمایە لنگەو قووچ دەبینم. لە هەمان کاتدا دەبینم سنورێکی مەزن لە نێوان ڕەگەزەکاندا دانراوە. دەشێت باوەڕ نەکەیت کە شەڕی نێوان نێر و مێ زۆر سامناک ترە لە شەڕی سێیەمی جیهانی و من هەست بە سەرهەڵدانی میکرۆب و ڤایرۆسەکانی ئەو شەڕە دەکەم. جا بۆیە من لە تابلۆی ماچدا شیفایەک نیشان دەدەم. شەڕەکان خەریکن ماچ لە بیری مرۆڤەکان دەبەنەوە، و مرۆڤەکان خەریکن ماچ-لەبیری خۆیان دەبەنەوە. ئەگەر ماچەکان زویر بن لە یەکتری؛ ئیتر مرۆڤەکان پیس دەبن و ژەنگ دەگرن و تێک دەچن.. ئیتر گوڵەکانیش مان لە خاک و ڕەگ و ئاو دەگرن. مێرولەکان فەرموویان: ئیتر ماچەکان دەمرن. ئیتر ماچەکان لە دایک نابن.

## تابلۆی هەرزەکار

هەرزەکار کەسێکە ئادەم شێوە، کاتێک کە سێوەکەی حەوا دەنێتە ناو دەم، لە قووتدانیدا لە گەروی دەگیرێت. ئەوسا ژێکانی دەنگی دەگۆڕێت و لەشی خێرا گۆش دەبێ و هاڕمۆنەکانی لەش دەکەونە چالاکی.. ئەگەر بێت و مرۆڤ ڕێگەی بدرێت ئازادانە لە سروشتی خۆی بدوێ و ئازادانە هەڵبژێرێت. بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئافرەت بتوانێت پەنجە بۆ پیاوی یەکەمی خۆزگەی درێژ بکاو لەگەڵ ئەودا جوت بێت. ئەوا سروشت کورپەکی ساغ بەو ئافرەتە دەدات؛ ئەگەر بێت و ڕووبدات. بۆیە ئافرەت دەبێت تەعبیر لە خۆزگەی جووت بوونی بە ڕاستی بکات. تەنها ئەو دەتوانێت جووتەی خۆی دیاری بکات، جا با جووتەکەیشی دەیان ساڵ لەو بەتەمەنتر بێت، بەو مەرجەی خودی باوان نەبن و لە خێزان دوور بیت. تکایە هەڵە لە ووتەکانم تێ مەگەن. ئافرەت بۆی هەیە لەسەر داوای باوانی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوەدا بەبێ نیاز جووت بێت کە دڵی دەیەوێت.

ئادەم سێوێک لە قورگی چەقی لە خۆشیدا، کاتێک کە حەوای بینی دەیەوێت لەگەڵیدا جووت بێت. چونکە ئادەم خاوو خلیچک و ناتەواوو مڵ بوو؛ کاتێک کە حەوا ویستی لەگەڵیدا جووت بێت. چونکە خوا ئەوی خاوو خلیچک و شل و پل-دروست کردبوو( لەکتێبی خواکاندا باسم لە دروستبوونی ئەو کرد) چونکە جووت بوون بە مانای زۆر بوون و هەستکردن بە مەتینی ژیان و جوانی دێت، جوانیی ژیان و حەزو خۆشی.

ئافرەت یاخوود کیژۆلە لە کوڕ زیاتر پێویستی بە هاوسۆزی و هاوهەستی و دڵنیایی هەیە، دەبێت هیچ مرۆڤێکی ڕەسەن کارێکی  ناجۆر بەرامبەر بە کچ نەکات- کە ئەو دوچاری شکانەوە بێت. چونکە شکانەوەی ئافرەت نەخۆشیی دەورونیی زۆری لەدوایە.. چونکە وەچەی ساغ و ناساغ لەوەوە دێنە ژیانەوە. ڕێگە بە کچ بدەن تا فێر بێت کە بوون بە ئافرەت بە قیمەت و جوان و بەڕێزە لەژیاندا. خۆی سەرپشکە لەوەی کە یەکەم خۆزگەی خۆی دەبەخشێت بە کێ ! .. خۆی بڕیار دەدات چەند لەگەڵ هاوسەری یان هاوجووتی یان خۆشەویستی یەکەمیدا دەمێنێتەوە. ئەوەی مەرجە لەسەری تەنها ڕاستگۆییە لە دەربڕینی هەستەکانیدا نەک حەزەکانیدا.

چونکە هەستیاری و حەز گەر تێکەڵ بە یەکتری ببن، دەشێت لغاوی خۆپەرستانەی شەهوەپەرستی بەرەڵا بێت و مرۆڤ خۆی بکات بە کەسێکی خوو گرتوو بە کاری ناڕاست و خووی ناجۆرەوە کە یاریدەی گەشەی بیری نادات. چونکە مەرجە مرۆڤ لەسەردەمی هەرزەکاریدا لغاوی هەوەس بگرێ و سنور بۆ هەندێ ئارەزوی ناجۆر و ناهارمۆنی بەڕەوشتی خێر دابنێت. چونکە مرۆڤ ئەگەر دەست بە کەرامەتی ئارەزووەکانیەوە نەگرێت، ئەوا کەرامەتی دەشکێت.. کاتێک کە مرۆڤ بە لاوی لە کەرامەتی دەدرێت؛ ئەوا خانە هەستییەکانی، خانە گیان مەتینکەرەکانی لاواز دەبن؛ و هەرزەکار تووشی سستی و گۆشەگیری و توڕەیی و خود کوژی و ڕق لەخۆبوونەوە دەبێت. کە بێگومان ئاتاجی ناجۆریان تووش دەکات.

بەڕێزان، ئەم وتانە ئامۆژگارین.. من لە خەونەکانمدا بیستوومن و پێغەمبەرەکان بە گوێی مندا چپاندوویانە.. شیفا هەمیشە لە عیشق و خۆشەویستیدایە.. باوەڕ بکەن کە خۆشەویستی دەتوانێت ئاوێنەیەکتان بداتە دەست؛ تا خواکان و پێغەمبەرەکان لە خۆتاندا ببینن. چونکە خۆشەویستی هەستێکە، کە بەزەیی خواو پێغەمبەرانی تیایە.. مرۆڤ لەبەر ئەوەی خاوەن کەرامەتە.. لەسەرێتی کەرامەتی بپارێزرێت.. چونکە ئەوەی بە بێ هۆ دەست بۆ کەرامەت و ئابڕو و ویستەکانی کەسێکی تر بەرێت.. وەک ئەوە وایە هەڵیکوتابێتە سەر کەرامەتی خوایەک یان پێغەمبەرێک، یان خوودی خود. جا هەرزەکار کە لەسەردەمی باڵق بوونیاندا دەگەنە تەوەری مەزنی و گۆش بوونی هەستی خۆدۆزینەوە.. لەو تەمەنەدا بڕیارەکانی هەرزەکار کەمێک کەرەکی دەبێت" هەڵبەتە لە ڕای گشتی و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا!" بۆیە هەرزەکار زوو هەڵدەچێت، بەتایبەتی ئافرەت بە پێچەوانەی پیاوەوە زیاتر فشاری لەسەرەو زیاتر هەست بە ناسکیی خۆیی و زبریی ئاکاری کۆمەڵایەتی دەکات.. بۆیە زیاتر تووڕە دەبێت، تا ڕادەی توڕەبوونی ئافرەتانی کورد.. خۆیان دوچاری مەترسی دەکەن، بە چەقۆ دەکەونە گیانی خۆیان و ئەزێتی جەستەیی خۆیان دەدەن.. کوڕان فش دەبنەوەو پۆزلێدەدەن و تووشی مەیلی ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر دەبنەوە. لە هەندێ دۆخی ناجۆردا لە باوانی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەست دەوەشێنن! بەڵام هەردوو نەژادەکە

تەنها پێویستیان بەوەیە کە ئەژادی بەرامبەری دان بەوی تردا بنێت. چارەی دەردی هەردولایان خۆشەویستییە. خۆشەویستییەک کە مرۆڤ ناکات بە کۆیلەی بەرامبەرەکەی.. بەلکو دەیکات بە هاوڕیی گیانی و هەمیشەیی. ئەوەی لە ژیانی هاوڕێی و هاوسەری و هاودەمیدا هەست بە تووڕەیی و پەستی و کینە دەکات.. مانای وایە بەرامبەرەکەی گیانی پیسە و خۆشەویستی هەست پێناکات.

چونکە نەبوونی خۆشەویستی یان گاڵتەکردن بەخۆشەویستی ئەوان بەرەو قۆناخێکی گیانشەکەت دەبات.. تووشی یاخی بوون دەبن، تەنانەت لە خودی ڕاستیش.. جا ئەو گەنجەی نەیتوانی هەست بەکەرامەتی خۆی بکات لەو تەمەنەدا؛ ئەوا دوچاری دەردێکی سەیر دەبێت؛ ئەویش ئەمەیە کە گەنجەکە گەورە نابێت، هەر لەو خۆزگە و ئومێدو خەونانەدا دەژی کە لە هەرزەکاریدا خەونی پێوە دەدین.. زۆر سەیرە مرۆڤ! جا ئەو مرۆڤە هەر ڕەگەزێک بێت، لەهەر کەسێتییەکی وەرگیراودا- لەهەر پلەیەکی زانستدا؛ هەر هەرزەکارە.

من حەز دەکەم ڕێزێکی زیاتر لە کەرامەتی ئافرەت بگیرێت.. چونکە ئەوان هەموو نهێنییەکانی جوانی دەزانن. دڵنیا بن خەڵکینە.. ئەوان؛ واتە ئافرەتان لە سیحری جوانیی فێمینین تێدەگەن، ئەوان جوان و جوانی وجوانن. نازانم چیتان پێ بڵێم.. کاتێک کە پەنجە بۆ جوانییان ڕادەکێشیت نەکەی بەهەڵەی ڕوخسار تێکەویت، چونکە دەکەویتە کەندالانی تاریکەوە. هەوڵ بدە جوانی لەناویاندا دەست نیشان بکەیت. چونکە ئەوان دەزانن جوانی چییەو چۆنە و لە چییەوە هاتووەو چاوگی چییە!

جا شادومان کەسێکە کە خۆشەویست بێت لای کەسانی ڕاستگۆ و خاوەن زانست و کەرامەت. جا چی کچ بن یا کوڕ.. تا دەتوانن دەستبەرداری زانست و دادو یاسا و ئازادی مەبن.. چونکە ناجۆر نییە گەر مرۆڤ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە گیانی هەرزەکاریدا بێت. چونکە دڵنیاتان دەکەم؛ کە دوای تەمەنی پیری- ئەوانەی لە هەشتا تێدەپەرن و دامێن پاک و پیاوچاکن- ئەوانە دەگەن بە قۆناغی ژیانی دووەم و ئازادی. دەتوانن سەرپشک بن لە هەمیشەییدا دەمێننەوە یان دەگەڕێنەوە ناو هەمان ژیان و هەمان گیان. چونکە تەنها زانستی پیری مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئازادی و دووپاتبوونەوەی گیانی و لەشی. مرۆڤی پیر شایانی ڕێزە گەر گوناحەکانی لە کێشی خۆی زیاتر نە بن. ڕێز لە مرۆڤی بە تەمەن بگرن. چونکە لەواندا نهێنیی مەزن دەربارەی ئازادی هەیە. جا پیربوون نەخۆشی نییە؛ بەڵکو مەرتەبەیە.نیشانەی توانامەندێتیی دەسەڵاتی توانای هەستی و بیری و ئیرادیی مرۆڤە؛ کە دەتوانێت بگات بە قۆناغی ئازادی و عیشق. پیر بوونیش دوو ڕوخساری هەیە؛ هەڵەشە و ساوا.

جا با سەرتان نەیەشێنم و ئامۆژگارییەکی لاوانی خێرخوازی ئەم سەردەمە بکەم، ئەی لاوانی بەڕێز: لە هەر وڵاتێکدا سەری مرۆڤێک بڕدرا.. سنوورێکی پەیوەندی

نەبوون دانێن. سنورێکی پڕ لە داد پەروەری. هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ پیاوانی ئەو وڵاتانەدا مەکەن تا سزادەر و سزا سەپێن دەدۆزرێتەوە لەناویاندا.. ئەوسا با واز لە ژن و منداڵەکانیان بهێنن و مەحکوم بن بە سزادانی خۆیان. چونکە مرۆڤ هێندە مەزنە کە نابێت بە دەستی مرۆڤ سزای مردن بدرێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی گۆڕی بە دێو و چەقۆی نایە سەر ملی بێتاوان- ئەوا دەبێت ئەو گەلە مەحکوم بکەن بە سزادان.. چونکە مرۆڤ نییە بتوانێت لە سزای کردەوەکانی خۆی دەرباز بێت؛ جا لەم ژیانەدا بێت یا لە ژیانێکی دوپاتدا.. چونکە مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بکوژرێت، نیشانەی وایە یان ئازادە یان مەرگە. چونکە ئاشکرایە ئەوەی کە لەناو مرۆڤەکاندا مرۆڤ دەکوژن- ئەوانە هەیئەتێک یان جۆرێکن لە جۆرەکانی خودی مەرگ. چونکە مردن دەتوانێت لە شێوەی مرۆڤدا هەبێت و بژی و گیان بدات- چونکە مەرگ زۆر شێوەی هەیە، لەو دۆخەدا مەرگ؛ دێوە. بەڵام لەناو لەشی مرۆڤدا دەژی. جا بۆیە مەرگ لەناو گیانی زۆر مرۆڤدا هەیە. هەن لەناوماندا نامرن. بگرە بە ویستی خۆیان دەمرن. چونکە دەتوانن بێنەوە و دووپات ببنەوە. جا ئەگەر مرۆڤێک ناهەقیی بەرامبەر بکرێت، ئەگەر خێرخواز بێت- دەتوانێت لە هەمان ساتدا بێتەوە ناو ژیان لە گیانێکی تردا.. دەتوانێت بێتە ناو گیانی هەر یەکێک لە ئێمەوە. جا واز لە کردەوەی بەد و ناهەقی بهێنن. لەهەر وڵاتێکدا سەری مرۆڤی تیادا دەبڕدرێت- سزادانتان مەتین بێت. جا گوناح کەسانێکن کە دەهێڵن مەرگ ژیانیان ڕاپێچ بکات و کاری جەلادی و پیاوکوژی دەکەن.

من نامەوێت کەس بترسێنم؛ بەڵام مرۆڤ دەبێت لە داوەری کردن دا پەیامبەرانە بێت. دەستێک بە دەستێک- چاوێک بە چاوێک کاری دوژمنکارییە.. ئەوەی گوڵێکی پێشکەش کردیت، درک لەماڵیدا مەڕێژە و سزای مەدە. ئەوەی توانی بۆت بخەندێت و ڕەزامەندانە سەری ڕێزت بۆ دانەوێنێت؛ خراپەی بەرامبەر مەکە. درۆ لەگەڵ خۆتدا مەکە. ئەگەر سزای منداڵەکانت دا، سزای خۆشت بدە. هێندەش ئامۆژگاری کەر بە، کە حەز دەکەیت خۆت ئامۆژگارکەری خۆت بیت. هەوڵ بدە ببە بە قوتابیی منداڵەکانت؛ چونکە سۆزو وەفاو باوەڕ و عیشق لەواندا سەد هێندەی باوەڕ و عیشق و ئازادیی تۆ مەزنترو پیرۆزترە. بەخشندەیی منداڵ هێندە مەزنە- کە گەورە پێویستە لەسەری لێوەی فێر بێت.. گوناحن ئەوانەی لە منداڵەکانیانەوە فێر نابن. منداڵ- کەسێکە کە خواوەند تیایدا خۆی مەڵاس داوە. چونکە خوا هەمیشە لە کۆرپەی گیانلەبەراندا خۆی دابەش و ورد دەکاتەوە و دەیەوێت نەبینرێت یان مرۆڤ خۆی گێل بکات لە بینینی- چونکە دەبێت بزانین کە خواوەند لە منداڵاندا خۆی پەخش دەکات. یان خۆی دەشارێتەوە. لەناو ڕەحمی ئافرەتاندا! ئەگەر هەبێت خواوەند لەسەر زەوی و لەناوماندا؛ ئەوا لە ڕەحمی ئافرەتدا خۆی مەڵاس دەدات.

## تابلۆی جوانی

من ڕازی نابم کەس باسی جوانی لەگەڵ مندا بکات.. چونکە جوانی چاوی زاستی خۆمە و من نیازمەندم زمانی –ئارنە نێس- فەیلەسوفی بەهەشت و ئیرتیقای عەقڵ بکەم بە زمانی منداڵان و جیهانی لاوان. چونکە من لە زانستی هەست تێدەگەم. من پەیامی جوانیم پێیە.

شەوێک لە شەوان هەستم بەتەنهایی دەکرد، هەستم بە دیلی دەکرد لەناو زیندانی وڵاتی بەفردا. هەستم دەکرد دەوروبەر ئەزێتم دەدەن.. کات لە نیوەشەو تێپەڕیبوو، خەریک بوو دەخنکام لە تەنهاییدا.. لەوێدا چاوێک- تیشکێک، بەهرەیەک بەر دیدەگای هەستم کەوت.. وەک دیارییەک کە لە خودی حەزرەتی جوانییەوە پێم گەیشتبێت؛ چاوەکەم تەماشاکرد- تا هەڵیسەنگێنم. بینیم، چاوی مرۆڤێکی ڕەسەن و پیرۆز و جوانە. چاوی فەیلەسوفی مەزن ئارنە نێس. چاوێکی لێ داگرتم و خۆی بە تەواوی نیشان دام.. ئەوسا مشتەکانی وەک پاڵەوانێکی بۆکسێن بەرەو ڕووم هێناو بە یارییەوە لای ڕاستی ڕوخسارمی سمی. منیش لای چەپمم بە خەندەی ڕێزەوە بۆ وەرگێڕا. پاشان بووەوە بە چاو.. چاوەکە بوو بە دەم – پاشان ئارنە نێس-م بینییەوە کە یارییەکی منداڵانەی لە دەست بوو.. وەک بوکە شووشەیەک لە پەڕۆ.. تەماشایەکی بێخەوشی کردم و فەرمووی: ئەم بووکە یارینەیەی من برسییەتی، تا لە ژیاندا بووم، هەر خواردنم دەکرد بە دەمیەوە و نەیدەخوارد. ئایا تۆ دەتوانی یاریدەم بدەیت تا بووکە یارییەکەم فێری نان خواردن و خواەدنەوە بکەیت؟ لە وەڵامدا فەرمووم بەڵێ. بەڵام دەبێت ئەو زانستە لە منداڵانەوە فێر بێت. من لە کوڕەکەمەوە فێری بووم.

ئارنە ناس فەرمووی: بە مرۆڤایەتی بڵێ کە بەڵێ ڕاستە جیهانی ئازادی بوونی هەیە. فەرمووم: بەڵێ. بۆیە ئەو شەوە لەخۆشیی پەی بردن بە ڕۆشنایی چاوی ئارنە نێس- خەمی داگیرساندنی مۆمم نەبوو. چونکە چاوی ئەو ڕۆشنکەرەوەی چاوانم بوو. کاتێک کە چاوم نایە سەر یەک، لە چاوتروکانێکدا هەشت کاتژمێر نووستم؛ پاشان بێدار بوومەوە. تەماشایەکی ئاکواریۆمی ماسیە زێڕینەکانم کرد.. بینیم ماسییەکیان فەرمووی: ئەوە چاوی ئارنە نێس بوو؛ نەک چاوی خوا. فەرمووم: دەزانم. هەر بەو نیوە شەوە بە خەیاڵ( واتە بەر لە نووستن) کتێبەکەی ئارنە نێس-م نایە بن دەستم" کە ساڵانێک بەر لە ئێستا، لەتاو نەبوونی ناچار بووم لە کتێبخانەی بدزم!" پاشان ڕوومکردە ئەو مەکتەبانەی کە یاریدەی کەسانی وەک من دەدەن بۆ داهێنانی کار- هەر بە خەیاڵ لەگەڵ دەیانی ناشارەزادا ناچار بووم لەسەر مێز دانیشم و پێیان بڵێم کە

پرۆژەی وەرگێڕانی فەلسەفەی ئارنە نێس-م بە دەستەوەیە و دەتوانم ئامادەی بکەم بۆ منداڵان. لە خەیاڵەکەمدا ئەوان وەک دێو پەرست دژایەتییان دەکردم، دەیانگوت بۆچی کتێبەکەت دزیوە؟ منش دەمگووت ئەوە گوناحێکە کە من دەتوانم خۆم لێی خۆش ببم یان ئامادەییم تیایە بەم هەڵوێستە پاداشتی هەڵەکەم بدەمەوە. دەیانگوت دەبێت داوای لێبوردن بکەیت. منیش دەمگوت پاداشت لەبری لێبوردن دەدەمەوە. من مرۆڤێکی لێبوردووم. هەروەها من خۆم لە خۆم خۆش بووم. ئەی ئێوە چۆن قەرەبووی ئەو هەموو چەک و موشەک و بۆمبایانە دەدەنەوە، کە بە هەرزان فرۆشتتان بە دێوەکانی تورکیاو عیراق؟ خەتای کاممان گەورەترە؟ جا من لەم زیندانەدا هەرچییەکم کردبێت، مافی ڕەوای خۆمە. چونکە ئێوەن بەدکاری بەرامبەر بە میللەتی نوح دەکەن.

هەر مرۆڤێک وەڵامێکی جوانی هەبێت بۆ هەڵوێستێکی جوان کە دەشێت لای زۆربەی خەڵکیش پەسەند نەبێت، ئەوا بەخشندەیی لای کەسەکەیە کە دابێکی جوان دەهێنێتە بوونەوە. وەڵامی جوان وەک لێبووردن و لێخۆش بوون وایە. دێوەکان لەم وەڵامانەی من حاڵی نابن.. سەریان دەسوڕمێ و منیش پشتم تێکردن. کاتێک کە ئەنجامی گفتووگۆ بەرەو تووڕەییت دەبات، پشت بکەرە بەرامبەرەکەت. چونکە بەردەوام بوون نەخۆشی و سزای لێ دەکەوێتەوە.

مرۆڤ کاتێک کە هەست بە لەدەستدانی جوانی دەکات لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا؛ تووڕە دەبێت. مرۆڤ بۆی هەیە بەرامبەر بە ناڕەوایی نیشاندان- تووڕە بێت. مرۆڤ بۆی هەیە لەسەر هەقی خۆی توڕە بێت.

جوانی بەهرەیەکە ویستی فێر بوون لە مرۆڤدا گۆش دەکات. جا هونەری من زانستی منە. من لە زمانی خۆم تێدەگەم. ماسییەکە تەماشای دەکردم؛ فەرمووی باشە بۆچی من لەسەر پشت مەلە دەکەم؟ لەوەڵامدا فەرمووم: یان بیری بینینی خواوەند دەکەیت یان حەز لە مەرگی خۆت دەکەیت. فەرمووی:" هەردو وەڵامەکەت یەک مانای هەبوو. چونکە هەردووکیان ڕاستبوون".

من ناپرسم جوانی چی‌یە؟ چونکە جوانی جەوهەرێکە لە ئاکار و کردارو باوەڕ و ویژداندا- ماف و یاسا و دادپەروەری گۆش دەکات. هەندێک هەن دەیانەوێت گومڕام بکەن، دەیانەوێت تەفرەم بدەن.. دێن و دەڵێن:" لە دزێویشدا جوانی هەیە". منیش بەوان دەڵێم ئەو زانستە سەر بە هەستی ئیستاتیکای من نییە. چونکە جوانی بێبەرییە لە دزێوی و پێچەوانەشی ڕاستە.. جا نیسبی بوونی جوانیی سروشتی ناهێنمە ژێر باس.. چونکە من لە جوانیی موتڵەق دەدوێم.

جارێکیان؛ نا چەند جارێک ئاکۆ-ی هاوڕێم تەلەفۆنی بۆ کردم و ووتی:" لە پەیامی خواکاندا هەست بە ڕق و تۆڵە دەکەم، هەست دەکەم تۆ ڤینت لە گەلی نەرویج دەبێتەوە". منیش لە وەڵامدا فەرمووم؛ چونکە ئەوان ڕوپۆشیان(ڤیناعیان) کردۆتە سەری مرۆڤ. خەندەکانی مرۆڤەکانیان تاساندووە. من لە کینەی ئەوان دەدوێم.. بەڵام من بێتاوانم لە زیندانەکانی ئەواندا. من لە خۆڕا دەست بەست و چاوبەست و دەمبەست کراوم. هەروەها من ڕق و کینە ناناسم.. ڕاستی وا دەڵێت کە من ڤینم لە مرۆڤێکە کە ڤیناعی دێوی لەسەرەو دەم دەنێتە ناو دەمی سەگ و پشیلە و بەراز و منداڵەکەی خۆشی ناناسێتەوە. بەڵێ من ڤینم لە مرۆڤی بێ هەست و بێ سۆز دەبێتەوە جا با خەڵکی مەریخ و مشتەریش بێت. من ڤینم لە هەلپەرست و ڕەزیل و دوزمان و درۆزنە.. ئەمانە لە سروشتی من نین.

مرۆڤ لەسەری پێویستە ڕۆژانە کاتێک بۆ بەسەردا چوونەوەی جوانییەکانی خۆی تەرخان بکات. چونکە کرداری جوان مرۆڤ بە لاوی دەهێڵێتەوە. جا ئێستا سڕی ــبە لاوی مانەوە-تان بۆ دەرکەوت. دڵنیاتان دەکەم. ئەوەی چەق ببەستێتە سەر کرداری جوان و وتاری جوان و بیری جوان- گرەو لە تەمەن درێژی دەباتەوە- چونکە دەگات بە قووتبی هەموو مەراتیبەکان. جا فێر بن ڕێز لە جوانیی کردەوەو وتەکان و هەڵوێستەکانتان بگرن. باسی ئەو جوانییانە بکەن کە مرۆڤ درکیان پێ ناکات.

دەشێت وەک خوێنەر بڵێیت:" کەواتە ئەی حەزرەتی نوح بۆچی بەڕێزتان شوڵی لێ هەڵکێشاوەو بە میلەتان دەڵێیت دێوو خێو؟" منیش لە وەڵامدا دەفەرمووم: چونکە دزێوی وا خەریکە کەرامەتی مرۆڤ تێک دەشکێنێت. چونکە مرۆڤ بچوک کراوەتەوە. جوانی نەبووە بە ئایین هێشتا لە نێو گەلانی گێتیدا. کێت دیوە؟ لە کێت بیست بڵێت یان بفەرموێت: ئەمشەو من تا دەمەو بەیان نوێژم بۆ جوانی و هونەر کرد؟ یان تا بەیانی تەماشای ڕەنگێکی تایبەتم کرد؟! یان بە ناوی جوانییەوە جلی سەربازیم لەبەر کرد؟! چونکە جوانی سوپاو پایەگاو مەملەکەتی نییە.. جگە لە کەسانی وەک من هەش بەسەر و خورف بوو لە باوەڕی ئێوەدا- کەس پەرستاری نییە. بەڵام ئەوەی بێ بەری بێت لە هەستی جوانی؛ لەکاتی خوێندنەوە و تەواوکردنی ئەم کتێبەدا، دەگات بە هەست کردن بە پلەکانی جوانی. چونکە من جوانیم لەناو قاڵبێکی ئەفسانەییدا لغاو کردووە. هەستی جوان، بیری جوان، کرداری جوان، وتاری جوان مرۆڤ دەگەیەنێت بە نەجات، بە مەبەست، بە ڕوناکیی ئازادی. جا ئەمە ناوک وڕوکەش و شکڵ و جەوهەری زانستێکی دێرینەیە. کە پایەی زانستی گیانناسیی حەزرەتی نوح-ە ؛ لە مندا.. هەندێک لە ئێوە بیستووتانە و نایخەنە ژێر باس و تۆژینەوە.. چونکە بەسوودی بازاڕەکانتان ناگەڕێن.

ڕۆژێک لە ڕۆژان حاجی لەقلەقێکی پیر و نەخۆش لە قاڵبی ئافرەتێکدا هات بە میوانیم.. سەیرمکرد تووشی نەخۆشیەک بوبوو کە بەزمانی خۆی پێیان دەگوت" گلێدە= واتە خۆشبەختی" چونکە دکتۆرای هێنابوو لە بابەتی ئیستاتیکا! من بە شەرمەوە پیرۆزبایی وەرگرتنی نامەکەیم لێ کرد. بەر لەوەی وەڵامم بداتەوە، یادی هاتەوە کە هەژدەساڵ لەمەوپێش من هەمان وانەم فێر کرد- کە ئەو تازە بە تازە دکتۆرای لەسەر هێنابوو. بیرۆکەی بیردۆزەکەی پێکهاتبوو لە واتایەکی من کە دەفەرموێت:" من خەریکی چنینەوەی هەڵوەشاندنەوەی خۆمم. من لە چنیندا خۆم هەڵدەوەشێنم و لە هەڵوەشاندندا خۆم دەچنمەوە." ئەو دکتۆرای لەسەر ئەوە هێنابوو، گوایە هونەرمەند کەسێکە پێویستی بە ئۆتۆنۆمییە و لە سوڕی ژیانیدا خۆی بەرەو پێرفێکشن دەبات و خۆی دەڕێسێت بە کوردییەکەی. ئاشکرایە هەر کەسێک دەتوانێت لەو ببێت بە ئەفلاتون و ئەریستۆ و ڕاکانی هەڵوەشێنێتەوە. چونکە مرۆڤ- لە هونەردا- لە ژیاندا هیچێکی وا فێر نابێت. چاتر وایە ڕێگەی بدرێت بڵێت، بفەرموێت، وێنە نیشان بدات، مۆسیقا لێبدات، بینا دروست بکات، تەون بچنێت و جوانی و ڕەونەق بدات بە کاڵاو کەل و پەلەکانتان. جا واز لە هونەر بێنن و هونەرمەندان بەرەو جیهانی شێتی مەبەن. ئەو حاجی لەقلەقە نەخۆشە هەرچەند دەوێرێت بێت بە میوانیی من، چاک دەبێتەوە، هەندێک جار من دەچم بە میوانیی لەقلەقێکی درۆزن کە هاوسەری ئەوە- ئەوسا کەمێک شەڕە دەمم لەگەڵدا دەکات. بۆ ئەوەی هەست بە کەمی نەکات، هەندێک جار پرسیاری لێ دەکەم دەربارەی دواهەمین کتێبی چاپکراو لەسەر ئیستاتیکا. ئەویش بە شانازییەوە ناوی یەک دوو کتێب دەبات. چونکە ئەو فێر نەبووە هێشتا- ئایا جەوهەری جوانی لە چیدا و لە کوێدا پەنهانە؟.. چونکە ناوێرێت دان بە شکۆی جوانییەکانی مندا بنێت. وا دەزانێت هونەر و جوانی لە مندا نەخۆش کەوتووە و بووە بە دەرەتان.

جارێکیان لە ئاهەنگی شووکردنەکەیدا هەڵی کوتایە سەرم و ووتی:" تۆ ناتوانی ئازارەکانی خۆت لەسەر مێز دەرخواردی هاوڕێکانت بدەیت." منیش فەرموم: ئەگەر فەرموودەو هونەری من ئازارین؛ ئەوا بە دوای شیفایەکدا دەگەڕێم لای هاوڕێکانم، بۆیە لە ئازارەکان دەدوێم. بەڵام هونەری من بە تەنها لە ئازار نادوێت. چونکە من ڕێگە نادەم مرۆڤ ببێت بە کۆیلەی نەخۆشی و ئازارەکان. ووتی: هونەری خۆت بۆ خۆت. بەڵام کە دواهەمین جار هات بۆ لامان بە میوانی بەوم فەرموو: من لە تێگەیشتنمدا بۆ ناوەڕۆکی جوانیی موتڵەق گەڕامەوە سەر دەقەکانی پێغەمبەر زەردەشت و نوح و ئیبراهیم، دەتوانم بڵێم و بفەرمووم کە جوانیی موتڵەقە لە بیری جوان و کرداری جوان و وتاری جواندا. لەوەش زیاتر پێداگری ناکەم بۆ ناساندن و سەلماندنی جوانیی موتڵەق. سەیرێکی کردم.. وەک ئەوەی لەبانێکەوە فڕێی بدەیتە خوارێ، دەمی داپچڕی و لە دڵی خۆیدا بە خۆی ووت: " بەڕاستی ئەم زانستە جوانە.. و بە ئاسانی دەتوانم دەقی دکتۆرایەکی تری لەسەر وەربگرم. چونکە دیارە

که زەردەشت یەکەم فەیلەسوف بوو کە توانیی هێندە بە ئاسانی ڕێژەیی بوونی جوانی ڕەت بکاتەوە و بە موتڵەق بوونی جوانی گریمان بکات".

تەماشایەکم کرد و کۆی هەستە شاراوەکانیم خوێندەوە- زیاترم بەو نەوت؛ چونکە تەنها حەزم کرد شتێکی نوێ فێر بێت؛ کە لە ڕاستیدا کۆنترینە.. بەو هیوایەی بتوانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی زەردەشت و منیش بەرێت لە نامە ئیستاتیکییەکانیدا. تا بەشکو بڕێک پارەی بدەنێ! تا بتوانێت ئێوارەیەک لە ئێوارەکان بە لەقلەقی هاوسەری بڵێت: ئایا دەتوانیت حەزرەتی نوح داوەت بکەیت، بێت بۆ لامان؟ لەقلەقیش لە وەڵامدا دەڵێت:" جا بۆ نا!.. بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو بێت بۆ لای ئێمە!" لەقلەق لە وەڵامدا دەڵێت: با. چونکە ئەو ئینکاری لە هاوڕێیەتی ناکات. ئەو دەست بەسەری سەگەکانیشدا دەهێنێت.. پاشان حەزرەتی مەسیح دەچوو بە میوانیی مرۆڤە کەچخووەکان! مێرولەیەک فەرمووی: مرۆڤی ڕاست هەمیشە پارێزگاری لە هەڵوێستی ڕاست دەکات. جا ئەو لەهەر کوێیەک بێت، ڕاستی هەست پێدەکات. چونکە ڕاستی لە حەقیقەتی جوانیی موتڵەقدا خۆی بنیات ناوە.

## تابلۆی حەزرەتی مونیک

حەزرەتی مونیک هات بە میوانیم؛ لەو ماوەیەدا کە من بێدار بوومەوە. هەفتەیەک دوای نەورۆز ڕۆژێکیان بایەک هەڵی کرد.. بای ڕۆژئاوا.. لە هەستی تەماشایەکی هزریدا؛ باکە هەیکەلی حەزرەتی مونیکی نیشان دام.. کە کەمێک گۆشتن و پێست سپی و پرچ سور و جوان بوو. هات بە میوانیم.. ئەو تابلۆیەی پێبوو کە من لە ساڵی 1996دا پێشکەشم کردبوو. تابلۆیەکی ئاکوارێل کە وێنەی پۆرترێتی منداڵێک بوو..منداڵێکی مەزن. سەیر بوو بە لامەوە؛ چونکە حەزرەتی مونیک نەگۆڕابوو.. هەر وەکوو ئەو کاتە جوان بوو کە تیایدا یەکتریمان ناسی. ئەو کاتە من لە زیندانەکانی وڵاتی بەفر هەڵهاتبووم و پەنام بردە بەر وڵاتی بەلجیک.. لەوێ بینیم حەزرەتی مونیک لە چێشتخانەی سەربازگایەکدا( کە لە بری سەربازخانە؛ وەک ئۆردوگای پەنابەری بەکار دەبرا) نانی بە ئێمەی پەنابەر دەدا!

من لەوێ پەناهەندە بووم، مونیک لە چێشتخانە کاری دەکرد. بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە ئۆردوگا بووم؛ نەمبینی کەس حەزرەتی مونیکی خۆش بوێت. بەڵام من ئەوم خۆش دەویست.

کاتێک کە من مافی پەنابەریم پێ نەدرا لەوێ.. ئەو ڕۆژەی کە تیایدا من نێردرامەوە بۆ نەرویژ- وێنەی منداڵێکم پێشکەشی ئەوی حەزرەت و پیرۆز کرد. هەستم کرد

ئێستا خاوەنی منداڵی خۆیەتی و دەشێت خوا یەک دوو منداڵی جوانی بەو بەخشیبێت. لە کانگای دڵەوە بەخێر هاتنم لە هەڵهاتنی ئەو بایەی ڕۆژئاوا کرد کە پۆرترێتی حەزرەتی مونیکیان نیشان دام، یان ئەویان هێنایەوە یادم. چونکە ئەو ئافرەتێکی مەزن بوو؛ خاوەن شکۆیەکی پڕ ڕێزو حورمەت. بەڵام ئەو ڕێزەی نیشانی هەموو کەسێک نەدەدا تا جوان دەیناسین. کاتێک کە منی ناسی.. زەردەخەنەیەکی نیشان دام. لە زەردەخەنەکەیدا وای بۆ چووم کە مرۆڤ ناسە. چونکە بە چاوی ڕێز لە من و کردەوەو کارم دەیڕوانی. من ئەو کاتە پەنابەر بووم لە وڵاتی بەلژیک کە من حەز دەکەم بڵێم بەلجیک! لەوێ من هەووەڵی جوانیم بوو.. لە تەمەنی حەزرەتی مەسیحدا سیو سێ ساڵ بووم، واتە ساڵی عاقڵ بوون.. یان گەورە بوون. بەڵام سیستەم ڕێگەی نەدام لەوێ بمێنمەوە و زووتر پرۆژەو خەوی ژن هێنان و هونەرم بەدی بهێنم..

بەڵام مونک لەو ماوەیەدا کە لە ئۆردوگا بووم، خوا دەست بە باڵە ناسک و جوانەکانیەوە بگرێت، زۆر دڵسۆزیی بەرامبەرم نیشان دا. بۆیە ئەو ڕۆژەی کە تیایدا دیپۆرت کرامەوە بۆ وڵاتی بەفر، من وێنەی پۆرترێتی منداڵێکم بە ڕەنگی ڕەش و زەرد بۆ ئەو وێنە کرد و بە دیاری پێشکەشیم کرد. ئەو زۆری پێ خۆش بوو. منیش شاد بووم بە بینینی دواهەمین بزەو خەندەی حەزرەتی مونیک.

بۆیە ئەو ڕۆژە؛ واتە هەفتەیەک دوای نەورۆز، کاتێک کە باکان یادی مونیکیان لە بیرەوەریمدا بزواند، مۆمێکی زەردم بۆ گیانی حەزرەتی مونیک داگیرساند. ئومێدم خواست کە ئەویش هەست بە من بکات. هەستمکرد ئەو ڕۆژە دەشێت ڕۆژی یەکەم یەکشەمەی دوای نەورۆز بێت. کە حەزرەتی مونک بە دەستوری ئایینی مەسیحایی لە ماڵەوە مۆمێک بۆ جوانی و بۆ ئازادی و بۆ خۆشەویستی دادەگیرسێنێت. ئەوسا لە ویقاری کەرامەتی خۆیدا دادەنیشێت و بیر لە خۆشەویستەکانی دەکاتەوە. کە منیش یەکێک بووم لەوان لەو نوێژەدا.. چونکە مونیک ئافرەتێکی مەسیحی دامێن پاک بوو.. حەزی دەکرد ژن و مێرد پێکەوە ڕاستگۆ بن. بە ڕاستگۆیی و بە بێ ترس پێکەوە جوت بن. ئەو حەزی دەکرد ئەوپەڕی ئازادی بە خۆشەویستەکەی بدات و ڕێگەی بدات چۆنی بوێت وەها چێژ و خۆشی لە لەش و لە تێکەڵبووندا ببینێت.. مونیک تا بڵێی فێمینین بوو.. سەیرە، من لەو کاتەوە کە ئەوم تیا ناسیوە، یەکەم جارە بەو شێوەیە زیندو ـ لە باکاندا هەست بە بۆن و بوونی بکەم، هەستی پێ بکەم و بە چاوی ئیرۆس ببینم. گەرچی لە تێپەڕبوونی ساڵەکاندا چەندینجار یادم هاتۆتەوە، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئەو بێت بە میوانیم لە نوێژەکانیدا!

دەشێت یەکەم جاری بوبێت لە نوێژەکانیدا منی هێنابێتەوە یاد.. یان ڕاسترە بڵێم بە تایبەتی نوێژی بۆ من کردووە.. یا لە پێکردنی مۆمێکدا یادی منی کردۆتەوە. زۆر خۆشحاڵ بووم بەوە. بۆیە منیش مۆمێکی زەردم بۆ گیانی ئەو داگیرساند و دەرگاو

پەنجەرەکانم بۆ باکانی ڕۆژئاوا خستە سەرپشت تا وەژوور کەون. هەستم کرد ماڵەکەم زۆر تەنگە بۆ هاتنە ژورەوەی ئەو. بەڵێ بە داخەوە گیانی حەزرەتی مونیک نەیتوانی وەژور بکەوێت ؛ چونکە گیانی ئەو هێندەی کەنیسەیەک مەزنە. دەبوو من خاوەن کەنیسە بم یان قەشەیەک لە کەنیسە تا توانیبام فەرموو لە میواندارێتیی ئەوی مەزن بکەم( لە ڕاستیدا کاتێک کە ئەوم ناسی، هەرچەند تەماشام دەکرد، هەستم دەکرد تەماشای کەنیسەیەکی مەزنی گۆتیک دەکەم).. چونکە زۆر موشتاقی ئەوەم باسی هاوژیانی خۆیم بۆ بکات لەگەڵ ئەو منداڵەدا کە من وەک تابلۆ پێشکەشی ئەوم کرد. چونکە مونیک وێنەکەمی زۆر لەلا جوان بوو. چونکە منداڵەکە منداڵێکی ڕەسەنی خەیاڵی ئازادی خۆم بوو.

دەشێت باوەڕ نەکەیت گەر بڵێم: یەکێک لە پاسەوانە نوێکانی بەر دەرگای زیندانەکەم، ناوی مونیک-ە! تەماشاکانی پڕن لە ئاگری قوورەت و هەرچەند تەماشام دەکات، کڵپەی عیشقم تەکان و تەوژمێک دەداو پشکۆکانم بە بڵێسەی چووز و تیژیان گڕ لە ناخ و خۆزگەی ئەو بەر دەدەن.. ئەویش، کە گەردوونی عیشقی من تەی دەکات.. دەست دەهێنێت بۆ ڕوومەتم و هەندێکجاریش ڕوومەتی دەخشێنێت لە ڕوومەتم و دەڵێت: " تۆ مرۆڤێکی باشیت.. نازانم بۆ لێرە زیندانیت!".. بەڵام ئەو ناگات بە حەزرەتی مونیک لە تاماشاکانیدا و من بە دڵنیاییەوە نادوێنێ و وەک حەزرەتی مونیک لە من ناگات.

مێروولەیەکی زەرد فەرمووی: ئافرەتی پیرۆز هەمیشە کەنیسەی پیاوی باشە!

## تابلۆی جەوهەر

دزێوترین خووی دێوپەرست ئەوەیە کە دان بە جوانیدا نانێت. وا دەزانێت جوانی بریتییە لە بچووککردنەوەی قەبارەی مرۆڤ و گۆڕینی ناوەڕۆکێتی بۆ کاڵاو مادە و فرمان. وا دەزانن مرۆڤ شایانی ئەوە نییە خاوەنی هەڵوێستی خۆی بێت. بۆیە من هەندێک لە مرۆڤم لێ بووە بە دێو و ژیانی خۆشم وەک ژیانی زیندانییەک دێتە پێش چاو.

جا خەڵکینە ئەگەر بێت و من باسی ئەم هەژدە ساڵەی زیندان بوونم بۆ ئێوە بکەم لەم وڵاتەدا، ئەوا دەهری و شێت دەبن. چونکە بە ڕاستی من هەژدە ساڵە زیندانم و هەر لە زیندانیشدا ژنم هێناوە و منداڵم دروست کردووە و توشی نەخۆشی و ماندوییش بووم. بەڵام بێبەریتان ناکەم لەوەی کە ئەم هەژدە ساڵە چۆن پاسکراوم و دێو پەرستەکان چۆن لەگەڵ مندا چاودێرێکی چاپووک بوون. چونکە ئەوان زۆر بە

ورياييى چاودێرییيان دەكردم، تاوانبارييان كردووم بە موسوڵمان و تيرۆريست و هەتك كەر. بۆيە لەهەر كونجێكدا ژيابم، ئازاديى ڕادەربڕين و ڕاگەياندن و گوێگرتنيان لەمن زەوتكردووە. نەيانهێشتووە منداڵەكانيان بە جوانی تەماشای وێنەكانم بكەن. نەيانهێشتووە خاوەنی ستۆديۆ بم و كارە هونەرييەكانم پەخش و بڵاو بكەمەوە، يان چيرۆك و ڕۆمانەكانم بڵاو بكەمەوە. هەميشە كۆسپی مادی و هەژاری و پەيوەندييان بۆ من سنوردار كردووە. بۆيە من باوەڕم بەوان سستە، بەڵكو قينم لە كردەوە دزێوەكانيانە. بە درێژايی ئەم هەژدە ساڵەی ژيانم لەناو دێوەكانی ڕۆژئاوادا، هەميشە هەوڵم داوە ئەو بەرنامانە دابەزێنم كە تەكان بە ويژدانی داد و ياساكان دەدات و مرۆڤ لە بوون بە دێو ڕزگار دەكات. چونكە  بە دێو بوونی مرۆڤ؛ لەناوچوون و نەخۆشی و مەرگی لەدوايە. دەشێت كەسێک وا بير بكاتەوە كە من لە ديدەگايەكی خۆپەرستييەوە دەدوێم و تۆڵەسێنم كاتێک ئەوان دەدەمە بەر نەشتەری ڕەخنە. نا وا نييە؛ بەڵكو ڕەخنەكانی من لەبەر هۆكاری خۆشەويستييە، چونكە لێتانی ناشارمەوە، لە ناو دەروونی دێوەكانی قوتبا، هەست و سۆزو خۆشەويستيم هەست پێكردووە، و دەزانم كە هەندێک لەوان هێندەی مرۆڤێكی مەزن لێبووردن و خۆزگە و ئومێد و ئاواتی تيايە.. هەن لەناوياندا تەنها بە جوانی دەتوانن كار بكەنە سەر هزری هەموو گێتی.. منيش بۆيە پەستم لێيان چونكە ڕێگەم نادەن پەنچە بۆ ئەو خەوشانە درێژ بكەم كە بە سوودی گەشەی ئەوان و جيهان دەگەڕێت!

لەبەر ئەوە بێ ئەمەی سەرتان بيەشێنم، بە چاكی دەزانم تا باسی دواهەمين ساڵی زيندانەكانی بەستەڵەک بكەم. بەڵێ ساڵی 2009 .. چونكە تيايدا دێوەكان دەستيان برد بۆ كەرامەتم. ڕێگەيان بەخۆيان دا زياتر پێداگيری بكەن و بگەڕێن بە دوای هەموو مەلەفە كۆنانەمدا و چی دژواری هەيە كە مرۆڤ لە ڕێگاكانی نەبونی و برسێتی و دورەوڵاتيدا بەسەری دێت- بيكەن بە شيكايەت و ئامادەی بكەن بۆ هەڵمەت بردنە سەرم! بە تايبەتی لەو بارەدا ئەگەر بێت و بە دڵی ئەوان كار نەكەم و ملكەچی فرمانەكانی ئەوان نەبم. ئەوان نازانن كەمن خۆم بۆ مەيدانی جەنگ و نەبەرد ئامادە نەكردووە. ئەوان نايانەوێت دان بەوەدا بنێن كە من پێغەمبەری جوانيم و دەتوانم پەنجە بۆ داد و ماف و حەق و ڕاستی بەرم و بە پێودانگی ئيستاتيكی لە مەسەلەكان بدوێم. ئەوان دەيانەوێت من بكەومە شەڕەوە لەگەڵياندا.

منيش باوەڕم بەشەڕ نييە. هەرچەندە بەوانم فەرمووە؛ كە من هەرگيز لەوان نەترساوم. چونكە ترس لە ئيستاتيكادا ڕيشەكێش دەكرێت. شەڕ لەناو دەچێت؛ ئەگەر پەيامەكانی من بگەن. چونكە سروشت و باڵندەكان و گيانداران و گيانە پيرۆزەكان چيدی ئامادەييان نييە بەرگەی دژواری و سفتيی ڕەفتارەكانی مرۆڤايەتی بگرن. ئاسمان و تەبيعەت و گيانەكان و هێزە سروشتييەكان لەمندا؛ واتە لەگيانی مندا تووڕەن ، لە بە دێو بوون و زبر بوونی ڕەفتارەكانتان. ڕەفتارەكانی ئێوەی

ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی و ڕۆژئاوایی بە گشتی. چونکە ئێوە ژیان پیس دەکەن و خەندەکانی سەر لێوی ئافرەتانتان نەخۆش و بۆگەن و پیس کردووە. ئێوە باش دەزانن کە ئێوەن شەڕەکان زۆر دەکەن. کە ئێوەن باوەڕتان بە هێزی شەڕە- لەبری هێزی خێر.. بۆیە چەکەکانتان پێش دەخەن و ترسەکانتان گەورەتر دەبێت. گەر وا بڕوات ئەوا لەشکری مەرگ و ترس- دادەبەزێت.

جا خوێنەرە بەڕێزەکان یاداشتەکانی ڕۆژ و ساڵەکان هێندە تاڵ و بێتامن نەبێتەوە.. بمبوورن باسی گشت تاڵاوەکانتان بۆ ناکەم؛ چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبات.. بەڵام وەک فەرمووم تەنها باسی ڕۆژ و هەفتەکان و مانگەکانی دواهەمین ساڵ دەکەم. جا کاتێک کە ئەم کتێبە تەواو دەکەن، تێدەگەن چەند ستەمە مرۆڤ دیلی دەستی دێو و دێوپەرستەکان بێت. ئەوسا باوەڕ دەکەن کە من سەبرو حەوسەڵەو تەمەن و توانای حەزرەتی نوح و سولەیمان و ئیبراهیم و موسام هەیە؛ دەنا لەمێژ بوو شێت دەبووم! ئەوسا تێدەگەن کە مرۆڤ ئەگەر هات و پڕ چەک بوو بە باوەڕی جوانی و ئیستاتیکا؛ ئەوا دەتوانێت نەک هەر داهێنەر بێت.. بەڵکو دەتوانیت بەوە سزای خۆی بدات کە لێبووردن بکات بە ئامانج!

جا دەشێت بەر لەوەی باس ڕوو لە تەوەر و ئاراستەی هەمەڕەنگ بکات؛ باسی یەکەم دێو پەرست و، پاشان دێوپەرستەکانی ئەمساڵەی دواییتان بۆ بکەم کە لەم هەژدە ساڵەدا پاسی منیان دەکرد و زنجیری لەشیان توند دەبەستم و دەیانجەڕاند تا هەست بە ئێشی دەروونی و ڕەوانیی زیاتر بکەم.. بەڵام شتێک هەیە کە پێویستە بیزانن، ئەویش ئەمەیە کە چاکترین و باشترین دێوو دێوپەرست، خراپترینیانن لە کاتی ئاشنا بوون-بەوان.. چونکە ئەوان هەستیاری و ڕق و خۆشەویستیی خۆیان پێشێل دەکەن و دەرگاکانی بە مرۆڤبوون دادەخەن لەسەر خۆیان و ئەوانی تریش! فەرموون ئێشتاش ئێوەو دێو پەرستی یەکەم.

یەکەم

دوای ئەوەی کە لە شێوەی گیانێکی موتربە بوو لە لەشی پەیکەرێکی دروستکراو بە دەستی خانمێکی پەیکەرسازی ئێرانی؛ لە وڵاتی بەفر داوای مافی ژیانم کرد؛ واتە دوای گەیشتنم.. وەک لە کتێبی یەکەمدا ئاماژەم پێدا.. بە سواری مانگایەکی سیحرینی سپی گەیشتمە وڵاتی بەفر و ڕاستەوخۆ زیندانی شەختەییان لەدەورم هەڵچنی و هەموو گومانێکی گومڕایان لێ کردم.. ئافرەتێک؛ نا ببورن دێو پەرستێک هات و ووتی: " من باوەڕم بە تۆ نییە. تۆ ناتوانیت سیستەمی ئێمە بگۆڕیت.. دەبێت تۆ ملکەچی دادو یاساکانی ئێمە بیت.. چیمان پێ وتیت بیکەیت، چونکە من خاوەنی تۆم و هاتووم تا فێرت بکەم! تۆ نابیت بە ئێمە و ئێمەش شەڕی ئەوەت لەگەڵدا دەکەین کە دەبێت ببیت بە ئێمە! کاتێکیش کە بووی بە ئێمە لە لووتت دەدەین و شەرمەزارت

دەکەین و یادت دێنینەوە کە لە ئێمە نییت!.. و هیچ مافێکیشت پێنادەین تا وەکوو ئێمە بیت!".

لە ڕاستیدا ئەو وشانە کەمێک ئومێدیان تیادا بوو؛ هەستمکرد شتێکی جوان و پیرۆزە گەر بێت و مرۆڤێکی گیاندار بتوانێت شتێک، زانستێک لەوانەوە فێر بێت. کەچی بینیم، ڕۆژ بە ڕۆژ زینجیری گومان دەهێنێت و هەوڵی کۆت کردنی دەدام و دەوروبەری لێ دەکردم بە دوژمن ، و بە بوختان ناوجەرگی پڕ دەکردم لە تووڕە بوون. چونکە ئەو دێوێکی بوختانکەر و دوڕوو بوو. بەڵام من تا توانیم، بە ئەندازەی عیشق- خۆشەویستیم بەو بەخشی.. بەڵام ئەو دەیویست خۆشەویستی پڕ بکات لە نەحس و مەیلی شاز و حەزی نەویست و لاوەکی. دەیویست عیشق و خۆشەویستیی من سنووردار بکات بە مەیلی مادی و شەهوەو هەوەسی کاتی و گەندەڵکاری.

ناڵێم دەڵە دێوپەستێکی ناشیرین بوو؛ چونکە لێتانی ناشارمەوە کە خۆشەویستی و بەزەیی من؛ ئەوی کردبوو بە چرایەک یان ژیلەمۆیەکی داگیرساو و هەرچی چاوی بە نووری ئەو دەکەوت، تووشی خۆشەویستی و هاودەمی و هۆگری دەبوو.. ڕاستتر وایە بڵێم کە ئەو دێو پەرست بوو.. منیش جگە لە عیشق و هونەرو جوانی شتێکی ترم پێ نەبوو خزمەتی ئەوی پێ بکەم.. بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی باوەڕی بە دێو پەرستن بوو؛ کەمتر باوەڕی بە من بوو. بەڵام کە دەهات بۆ لام بۆ زیندانەکەم.. هەر لە ڕێوە خۆشایی دەهاتەوەو هەموو ئازای بەدەنی لە خۆشیدا شەهوەتی لێ دەباری و ئاوی دەهاتەوە.. چاوەکانی دەبوون بە دوو کانیی سەوز.. خۆی بۆ نەدەگیرا و هەمیشە حەزی دەکرد لەبەر دەمی کەرامەتی مندا ڕووت و قووت خۆی نیشان بدات. ئەو هێندە گرۆی خۆشەویستیی من بوبوو- نەبێتەوە.

بۆیە لێتانی ناشارمەوە حەز دەکەم دان بەوەدا بنێم کە ئەو دێوپەرستەم خۆش دەویست، خۆش ویستنێک خۆشم دەویست، تایبەت و بەڕێز و بە ڕاستگۆیی دەستم دەبرد بۆ یەک بە یەکی خانەکانی لەش و گیانی. چونکە ئەو پاکژ دەبووەوە کاتێک کە لەمسی منی بەر دەکەوت، گیانی گەرم دادەهات و لە خۆشیدا دەکوڕوزایەوە.. دەیویست بەڵێنم لێ وەر بگرێت؛ ئەگەر بەرم بدات، ئەوا لە زیندان هەڵنایەم.

منیش ئەو بەڵێنەم لە دەم بۆ نەدەهاتە سەرزار؛ نەمدەتوانی بەڵێنی مانەوەی پێ بدەم.. چونکە لەوەتەی من هەم و دەژیم؛ بە دوای مرۆڤێکدا دەگەڕێم کە دێو لەمسی نەکردبێت.. کە دێو گیانی نەدزیبێت و ئازاری نەدابێت!

چونکە من بە دوای عیشقا دەگەڕێم و ئامانجم گەیشتنە بە ترۆپکی عیشقی جوانی لە کەرامەتی مرۆڤدا- یان چاترە بڵێم لە کەرامەتی ئافرەتدا. بۆیە نەمدەتوانی بەڵێنی مانەوە بدەم لە زینداندا. چونکە تێگەییم، ئەو میللەتەی کە بەهەڵە من تاوانبار دەکەن

و لەخۆڕا مەحکومم دەکەن و دەست بەسەر و برسی و ناتواناو نەخۆشم دەخەن؛ ناتوانن عیشقی من بەسودی خۆیان بەکار بەرن. بەڵام ئەو؛ واتە دێوپەرستەکەی یاساوڵم؛ دەیویست فێرم بکات کە دەستبەسەری و زیندان بوون و بەهەڵە مەحکومکردنی بێگانە لە کەلتوری ئەودا مافێکی ڕەوایە. سەیرە! وانییە؟

بەڕاستی سەیرە دێوپەرست بتوانێت سنور بۆ دەسەڵاتی عاشق و هونەر و جوانناس دابنێت. بۆیە لەوێدا گەر خۆشەویستی نەبێت بە دەرمان و چارەسازی کەسێکی یان دێوێکی گومڕا.. ئەوا مرۆڤ ناچار دەبێت واز لەو خۆشەویستییە بهێنێت. بۆیە دەتوانم بڵێم: دەشێت خۆشەویستی لەنێوان دێو و مرۆڤدا ڕەوا بێت، بەو مەرجەی دێوپەرست هەوڵ بدات فێری مافەکانی خۆشەویستی و داد و ڕاستی و یاساکانی حەقیقەتی جوانی ببێت. چونکە تەنها بە لەمسکردنی جوانی ، دێو دەتوانێت کەرامەتی مرۆڤانە بۆ خۆی زامن بکات. چونکە جوانی بەر هەر بوونەوەرێک بکەوێت، خەڵاتێکی تایبەت بەو بوونەوەرە دەدرێت.

شەوێک لە شەوان کە ئەو پاسەوانی من نەبوو، شیفتی چاودێری و شەوی گۆڕیبوو و گەڕابووەوە بۆ دیوەخانی خۆی تا پشو بدات. ئەو شەوە زۆر سارد بوو؛ من تووشی ماخۆلانی یادی وڵات و هاوڕێ و خزمەکانی خۆم بوبووم.. لەتاو یادی دووری پەنام دەبردە نەک بەر دێوپەرست؛ بەڵکوو بەر خوودی دێویش.. تەنهایی نەک هەر وەڕزی دەکردم، بەڵکوو دەستی دەنایە بینم و دەیویست بمخنکێنێت.. ناچار لە زیندان هەڵدەهاتم و نەمدەزانی لە کرێوەی بەفر و سەرماو شەختەدا ڕوو بکەمە کێ و کوێ!؟ لە بیرم دێت، چونکە شەوێک بوو کە تیایدا من خەریک بوو ڕەق دەبوومەوە.. چونکە من فرسەتم هێناو خۆمم غەیب کرد و لە زیندان لە نیوەی شەودا هەڵهاتم. چووم بەرەو ماڵی ئەوان، چونکە ئەو ناونیشان و کلیلی ماڵ و ئازادی میواندارێتیی بەمن دابوو.

لە ڕاستیدا من بیریم دەکرد. چونکە خۆشم دەویست.. چونکە باوەڕێکی یەقینم بەوە هەبوو کە عیشق و خۆشەویستی تیماری دەردی گەڕی و زەبری بە دێو بوون و شیفای هەر هەرەسیکێ دەروونی دەکەن.. چونکە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا لەمسی لەش بکەم و ناهەموارانە ئەو یەکەمین دێوپەرست بوو کە دەستی بەر لەشی سفتی پەیکەرئاسای من کەوتبوو.. چونکە من تا ئەو کاتەش پەیکەرێک بووم. کەس ئەو ڕاستییەی نەدەزانی. ئەو لەمسی منی کردبوو، منیش لەبەر خاتری ئەو لەمسە نەرمانە، خۆشم دەویست.. خۆش ویستنێکی تایبەت، کە توانای دوورکەوتنەوەم لەو نەبوو. ئەو شیعرێکیشی بۆ نووسیم و لە شیعرەکەیدا فەرمووی: دەشێت درەخت لە ناو بەفر و لە زستاندا بنێژرێت! بەڵێ، ئەمە ناونیشانی شیعرەکەی بوو.

بۆیە ئەو شەوە کە تیایدا مانگ پڕ بوو، گورگەکانی هەموو جیهان دەیانلوراند.. باکان تێکەڵی یەکتری بوبوون وئەوانیش لاسایی گورگەکانیان دەکردەوەو دەیانلوراندو بە فیزاحیان سامیان دەبەخشی بە مرۆڤ و گیانداری بێدار. شەوێکی سامناک بوو.. کاتێک گەیشتمە بەر دەرگای ماڵی دێوپەرست، واتە دێوپەرستەکەی خۆشەویستم.. نەمتوانی لە دەرگا بدەم، یان وەژوور بکەوم! کلیلەکەشم لە دەست بوو!.. چونکە هەستمکرد دەشێت کات درەنگ بێت و ناوەخت بێت بۆ میوانداری.

کاتێک کە گەیشتمە ئەویَ؛ لە دەرەوەی شووشەی پەنجەرەکەوە ئەوم لە ڕۆشنایی ماڵەکەیدا بینی.. هێشتا ڕانەکشابوو.. بینیم هاتە نێو هۆڵی دانیشتنەکەی، تا بەدیار وەجاخەوە دانیشێت و کەمێک خۆی گەرم بکاتەوە. چونکە ساردترین شەو بوو ئەو شەوە کە دەشیا بیست پلە سەرما لەژێر سفرەوە بێت! بەڵام لەبەر ئەوەی ناو دیوەخان ڕۆشن بوو، ئەو توانای بینینی منی نەبوو لە دەرەوەی پەنجەرەکەدا. بە پێچەوانەوە من ئەوم دەدی. بینیم لەو کاتەدا کە هەنگاوی نا بەرەو دیوەخان، سێبەری گیانی منی بینی. چونکە ئەو دەیزانی کە من توانای غەیب بوونم هەیە.. یان دەیزانی کە من گیانم ئازادە و دەتوانم بۆ هەر جێگەیەک بچم و لەشم بەجێ بهێڵم. لەوێدا بوو هەڵوێستەیەکی کرد و تەماشای ئەو گۆشەیەی کرد کە لە دەرەوەدا من لە پشت پەنجەرەکەوە خۆمم مات دابوو و تەماشای ئەوم دەکرد و دوودڵ بووم لەوەی لە دەرگا بدەم و بچمە ژوورەوە.. چونکە ئەو منی سەرپشک کردبوو، ئازادیی ئەوەی بەمن دابوو کە هەرکاتێک دڵم بخوازێت، بچم بۆ دیدار و بە میوانیی.

بەڵام من توشی نەخۆشی بوبووم، تووشی نەخۆشیی دڵپیسی بوبووم- چونکە دڵم لەو پیس کردبوو.. دڵپیسیش- واتە غیرەکردن ـ ناهەموارترین و پیسترین نەخۆشیی دڵە. کە مرۆڤ دوچاری بەهەڵەدا چوونی پەی دەر پەی دەکات. بۆیە من دوچاری گومان هاتبووم. ئەوەش یەکێک بوو لەو نەخۆشییانەی کە ئەو بە دیاری بە منی دابوو! منیش لەبەر ئەوەی تەنها پەیامی عیشق و جوانیم پێ بوو، کەمێک ناشی بووم، وامدەزانی کە غیرە کردن نەخۆشییەکی ڕەوایە. بۆیە کە دوچاری بووم، چەند ساڵانێک پێوەی تلامەوە. بۆیە ئەو شەوە نەموێرا لە دەرگا بدەم، چونکە دڵم لەو پیسکردبوو ؛ وام دەزانی لەگەڵ دێوێکی تردا یان لەگەڵ سەگەکەیدایە و دەشێت من بێزاریان بکەم بەم میوانداریێتییە! چونکە کاتێک کە مرۆڤ بە نیازی میوانی دەچێت بۆ لای خۆشەویستێکی خۆی؛ نابێت گومان و دڵپیسی و کینە لەگەڵ خۆیدا بەرێت. بەڵام ئەگەر ئەو شەوە من چەپکێک گوڵم دەست بکەوتایە، ئەوا دەمتوانی لە دەرگای بدەم.

ئەو شەوە زۆر دوورو درێژ بوو، ژانەکانی ئەو شەوە لە گیانمدا هێشتا دەکولێنەوە.. چونکە سەرما گازی لێدەگرتم و توند دەیگوشتم بە خۆیەوە و دەیویست بمخوات!

بۆیە ناچارانە لە پەنجەرەکە پشتاوپشت بەرەو دواوە کشامەوە، چونکە ئەو بەرەو لای من هات، تا تەماشای دەرەوە بکات، تا دڵنیا بێت لەوەی کە بەهەڵەدا نەچووە و لەشی من لەودیوی پەنجەرەکەوە نییە. بۆیە کتوپڕانە خۆمم خزاندە ژێر پەرژینی دەوری باخچەی ماڵەکەیەوە. خۆمم بچوک و قەد و گرمۆڵە کرد لەژێر پەرژین و بن دار سنەوبەرەکاندا. کە تەنها جێگە بوو بەفر داگیری نەکردبوو. بەڵام ئەو تارماییەکی منی بینی و نە بینی.. چونکە ئەو لە بەرکەوتنی گیانییدا هەستی جوانیی منی بەر کەوتبوو. دەیتوانی بەبێ چاو غەیب ببینێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەیویست غەیب وەک مادەو بە چاوی دێوپەرست ببینێت، باوەڕی بەو هەستانە نەبوو کە لە منەوە بەو گەیشتبوو! بۆیە هەستم کرد ترسا و بە دوودڵی لە پەنجەرەکە کشایەوە.

وەک فەرمووم ئەو شەوە زۆر درێژ بوو، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ پەنام بردە ژێر پەرژینەکە و نەگەڕامەوە بۆ زیندان! لەویدا تاک و تەنها لە بیرەوەریدا ڕامام.. تیایدا من بە هەموو مێژوی ژیانی ڕابردوی خۆمدا چوومەوە و مام خدر و خدری زیندە و پیرشالیار و هەموو ساڵەکانی ژیانی گیانی خۆمم لە زاگرۆس و ئێران و توران یاد هاتەوە. چونکە خەریک بوو ڕەق دەبوومەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی دڵم لەو پیس بووبوو، ڕێگەم بەخۆم نەدا لە دەرگای ماڵی ئەو بدەم. چونکە من بە دڵی پیسەوە ناچمە ناو ماڵی کەسێکی ترەوە. چونکە کاتێک لە زیندان خۆمم دزییەوە، وام دەزانی ئەو چۆتە باوەشی کەسێکی ترەوە. چونکە ئەو زۆر لە تەنها بوون دەترسا. دەمزانی کە دەشێت لەتاو تەنهایی ئەو شەوە، خێوێکی لەگەڵ خۆیدا بردبێتەوە. بۆیە دەترسام لەوەی کەسێک یا دێوو خێوێک ئازارو زەبر بەو بگەیەنن، دەبوو من نەهێڵم ئەو غەدری لێ بکرێت. بەڵام کاتێک کە ئەوم تەنها بینی، تێگەیشتم کە نەخۆشم بە دڵ پیسی. بۆیە ئیتر نەمتوانی لەدەرگا بدەم. چونکە پێدەچوو ئەو تەنها بێت. چونکە ئەو بە چاوی دێوەکانیش توانای بینینی هەبوو. چونکە وەک پێشتر فەرموومم، دێوەکان بە دە دانەیان یەک چاویان هەیە. هەستمکرد دێوەکان زەفەریان بە غەیب بوونی من بردبوو، دەیانزانی کەمن لە غەیبا تەنها دەچمە زیارەتی خۆشەویستەکانم. بۆیە پەیوەندییان بەوەوە کردبوو، هەڵبەتە بەر لە گەیشتنی من ئەو خەبەری پێ گەیشتبوو!

ئەو شەوە زۆر بەزەییم بەخۆمدا هاتەوە.. لە ژێر ئەو پەرژینەدا خۆمم گرمۆڵە کردبوو، هەر هێندەی پیرشالیارم مابووەوە.. سەرما خانە بە خانەی لەشمی لەمس دەکرد.. باکان توڕە بوبوون لە نەخۆشکەوتنی من بە نەخۆشیی دڵپیسی! بیرم دێت، ئەو شەوە پەیکەرێکی مەزن لە شێوەی بت-دا لە ئاسمانەوە دابەزی و بەرگێکی سپی سپی بەفرینی لەبەردا بوو. من ناوی دەنێم پەیکەری خواوەندی دایک. دابەزی و کریستاڵێکی سیمیتری و گیۆمیتریی لە دەست بوو. لەناو باخچە بە بەفر داپۆشراوەکەدا، نزیک لە لەشی تەزیوی منەوە- چەمایەوە و تەماشایەکی کردم. چی

تەماشایەک! دەشێت کەس باوەڕم پێ نەکات، تەماشایەکی کردم و فرمێسکێک لە چاوی ڕاستی هەردوکمانەوە دەرپەڕی.

من وامزانی خۆمم لە ڕەحمی دایکمدا گرمۆڵە کردووە. بەڵام سەرنجەکەی ئەو ژێر پەرژینەکەی بۆ کردم بە ئاگردان و گەرما چووە ناو ناخی گیانمەوە. چونکە هەم فرمێسکەکەی خۆم و هەم فرمێسکی ئەویش کەوتنە سەر لێوم و لەخۆوە قووتم دان. ئیتر چێژی شتێک! وەک ئەوەی شەکرۆکەیەک یان خۆراکێکی گیانی بەر هەستی چەشەم کەوتبێت! تامێک بەر زمانم کەوت کە لەژیانمدا نەمچەشتبوو.. تامێکی گەلێک سەیرو خۆش و کەمێکیش کەسکون! وەک ئەوەی گیانێک تام بکەم.. لەخۆوە لە ژێر پەرژینەکە سەرم دەرهێنا و هەستامە سەر پێ و هێندەی یەک و دوو گەڕامەوە ناو لەشی خۆم لە زیندان. چونکە جێگەیەکی ترم شک نەدەبرد پەنای بۆ بەرم. نەمدەتوانی پەیکەری لەشم بە تەنها لە زیندانەکاندا جێبهێڵم.. ئیتر لەو شەوەوە نەخۆشیی دڵپیسیم پەڕی و هەر ئەو شەوەش لە ژێر تیشکی مانگی پڕدا پەیمانم بە خواوەندی دایک دا کە دڵپیسی لەخۆمدا تیمار بکەم. بەڵام ئەو دێوپەرستەی پاسەوانم کە دڵی پیس کردبووم.. ناچاری کردم پێ بنێم بە جەرگی خۆمداو واز لە خۆشەویستی ئەو بهێنم. چونکە کاتێک کە یاریی بە هەستم دەکرد، تووڕە دەبووم، کە تووڕەی دەکردم، هەستم بە پیس بوونی ژینگە دەکرد.

ساڵانێک دوای ئەوە، ئەو دێوپەرستە مەزنەم لە ڕیشەوە لە دەروونی خۆمدا دەرکێشا، ڕێگەم نەدا داب و کەلتور و نەرێتی دێو فێری من بکات کە بریتی بوون لە خۆپەرستی مادەپەرستی و شەهوەپەرستی و سەگپەرستی و درۆ و ڕیایی و گەندەڵی. چونکە من لە دەستی خێوەکانی درۆ و گەندەڵی و خۆپەرستی هەڵاتبووم. من عیشقێکی بێ وڵات و بێ ئاڵاو بێکەس بووم و تەنها مام خدر و خدری زیندە( پیرشالیار)م دەناسی.. خۆمم نامۆ دەبینی لە نێوان مرۆڤە دێوپەرستەکانی دەوروبەرمدا؛ دەبوو وەک ئەوان ڕەفتار بکەم بۆ مانەوە و گەیاندنی پەیامەکانم لە ژیاندا. بۆیە کاتێک کە ئەو ڕێخۆشکەر نەبوو بۆ گەیشتن بە دۆزینەوەی ڕێگاکانی جوانی، پشتم کردە خۆشەویستی ئەویش.. چونکە من هەرگیز لە جوانی بە دوور نەبووم و گومڕا نەبووم، بەڵام ئەو دەیویست فێرم بکات کە جوانی ڕوخسارێکی تری هەیە. چونکە پێدەچوو من لە کەلتوری دێوەکاندا لە ڕێگە ونکەران بم و ڕێگاکانی جوانیم وون کردبێت. بەڵێ- کاتێک کە مرۆڤ نیشتیمان و ژینگەی خۆی بەجێ دەهێڵێت، جوانیی لێ وون و تەرە دەبێت. جا ئەوەی شاڕێگاکانی جوانی نەدۆزێتەوە، لە ڕێگە لایداوە و لە ونبووندا خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام مانای ئەوە نییە کە لە جوانی تێناگات و نایبینێ و دركی ناکات. چونکە کاتێک کە هونەرمەند هەستی جوانیی تیادا دەڕزێت و دەمرێت؛ ئیتر ئەویش بەرەو کەنارەکانی مەرگی خۆی دەچێت. مەرج لە بەردەوام بوونی ژیاندا نابینێت.

ئەو دێو پەرستە دەیویست من ناچار بکات پشت بکەمە ڕەچەڵەکی خۆم و وەک کۆیلەیەکی بەسوود بۆ داواکارییەکانی وڵاتی ئەو ملکەچ بکەم. ئەوەش لە فەرهەنگی من و لە کەلتوری جوانیی مندا نا شایانی ڕێز لێگرتنە. ئەگەر کاری بەزۆریشم قبووڵکردبێت، لەبەر ئەوە بووە کە ویستوومە دێوو دێوپەرست دڵیان لێم نەڕەنجێت.. بەڵام ئەوان کاتیان دەوێت تا بە دڵ تەماشای جوانی و هونەر بکەن.

ئەو دێوپەرستە خاوەنی دوو سەر بوو لە یەک لەشدا.. سەرێکی هێندە جوان بوو نەبێتەوە.. پڕ بوو لە عیشق و شیعر و جوانی و وەفا و ژیان. سەرەکەی تری پڕ بوو لە باوەڕی گەندەڵ و درۆ و بوختان و هەوەسی ناجۆر و خۆپەرستی. هەمیشە من شەڕم بوو لەگەڵ سەری دووەمیاندا و لەگەڵ سەری یەکەمیدا لە ئامێزان و دڵداری و هەوای خۆشەویستیدا بووم. بۆیە تێگەییم کە دێو پەرستەکانیش خاوەن کەرامەت و هەست و سۆزن. بەڵام ئەگەر بێت و لە زانستی جوانیدا قوڵ ببنەوە، ئەوا دەتوانن واز لەو تاریکییە بهێنن کە ژیانیان بەرەو دەردو نەخۆشی و مەرگ دەبات.

ئەو شەوە لە ژێر پەرژینی باخچە تەزیوەکەی ماڵی دێو پەرستەکەی خۆشەویستمدا زۆر مامەوە.. بەر لەوەی خواوەندی دایک پشتم تێ بکات و بەجێم بهێڵێت؛ مسقاڵە زەڕرەیەک، شتێک وەک دەنکە نیسکێک، بگرە بچوکتر لە دەنکە نیسکێک-ی پێ دام تا تامی بکەم. فرمێسکی هەردوکمانیشم کرد بە شەربەتاو و تامەکە لە ژێر چەشەی زمانمدا خستمیە یادێکی گەلێک دێرینەوە.. یادێکی پیرۆز.. یادێکی سەیر کە تەنها هەستیاریمی دەلاواندەوە. چەشەی ئەو پارچە خۆراکە کە وەک شەکرۆکەیەک بەر هەستی درکاندنم دەکەوت، کە کەمێک کەسکون بوو بە زمانم؛ دەیخستمە یادێیکی هەمیشە پیرۆزەوە- بە جۆرێک کە لەو ساڵەوە تا ئێستا تامی ئەو شەکرۆکە کەمێک توونە هێشتا لەسەر زمانم ماوە. زۆر سەیر بوو، تامێک بوو کە ئاشنای دەکردم بە ژیانێکی تر. لە یادێکی پیرۆزدا.

ئیتر کاتێک کە ئەو شەوە باخچەی ماڵی دێوپەرستە خۆشەویستەکەمم بەجێ هێشت، سور بووم لەسەر ئەوەی کە دەتوانم دەستبەرداری بم.. چونکە خواوەندی دایک فێری کردم کە مەیلدارێتی نیشان نەدەم بۆ جیهانی دێوو دێوپەرست، دەنا وون دەبم.

بەڵام لێتانی ناشارمەوە، من بەوپەڕی توانا، بەوپەڕی مەبەستەوە هەوڵم دا ئەو ئافرەتە دێوپەرستە بگەڕێنمەوە ناو ژیانی ماناکان و هەست کردن بە عیشق و جوانی. چونکە ئەو پشتی کردبووە جیهانی هەستەکانی.. وای دەزانی کە هەستیاری نەخۆشییەکە دەبێت سەرکووتی بکات لە خۆیدا. داستانی خۆشەویستیی نێوان من و ئەو کۆتایی نایەت.. گەرچی ئەوشەوە سەرەتای کۆتایی بوو. بەڵام بە داخەوە خۆشەویستی نەیتوانی یاریدەی دێوپەرست بدات بۆ گەڕانەوە و دەستبەردار بوون لە دێوپەرستی. ئیتر داستانی پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەودا مردار بوونەوە. چونکە ئەو

پۆرترێته جوانەی کە ئەو هەیبوو، کە تەنها من دەمبینی بە دەستی دێوەکان کوژایەوە یان سڕایەوە و دیار نەما.. ئێستاش کە جار ناجار بە ڕێکەوت لێرەو لەوێ دەیبینم و دێت بۆ تەماشام لە زیندان.. تەنها سەرێکی زل و دێو شێوە دەبینم ؛ کە نەک تەنها من بەڵکو خۆشی لێی دەترسێت و نەفرەتی لێدەکات. گەر بیتوانیایە، ئەوا دەستی دەنایە بینی خۆی و خۆی دەخنکاند. چونکە هەستکردن بە جوانی تەنها لە جوانیدایە. زۆر وتنیش لەو بارەیەوە خۆشحاڵت ناکات. بۆیە باسی دێوپەرستێکی ترتان بۆ دەکەم کە ئەویش یاساوڵێک بوو لەو یاساوڵانەی کە پاسی منیان دەکرد. ئیتر ئێوەو دێوپەرستی دووەم.

دووەم

دەشێت باوەڕ نەکەیت گەر بڵێم کە هەستم بە دۆڕان و بە ناتوانایی دەکرد کاتێک دێوپەرستە خۆشەویستەکەمم لەدەست داو نەمتوانی ڕزگاری بکەم و لە جیهانی ئیستاتیکادا هۆگری خۆمی بکەم. چونکە ئەو گۆتەنی هەستی جوانی خۆراک ناکات بە دەمی کەسەوە و مرۆڤ گەر کار نەکات، گەر درۆ نەکات، گەر بوختان نەکات، گەر فەساد نەکات، ناتوانێت لە ژیاندا هەڵبکات! خۆ ڕاستیشی دەکرد، چونکە دێوەکان بەوە مرۆڤیان بە دێوپەرست دەزانی کە هەڵەو ناجۆری و دزێوییان دەکرد. خۆ منیش بێ بەری نەبووم لە هەڵە، چونکە مرۆڤ نییە لە ژیاندا بتوانێت بەبێ درۆ و ساختەچێتی هەڵبکات.. چونکە لە ڕاستیدا- ژیان- مرۆڤ بەرەو کەندەڵانی هەڵە دەبات. . ژیان لە قوتابخانە و کۆمەڵگە و پۆستەکانی ڕۆژانەدا، مرۆڤ بەرەو گومڕابوون و کەندەڵانی حەماقەت دەبات.. مرۆڤ زۆر خووی ناجۆر لە ژیاندا فێر دەبێت کە دژ بە نەریتی خوودە.. کەچی هەندێکجار مرۆڤ خۆی دەبینێت لە ئاستێکدا ڕەفتار دەکات کە لە سروشت و خوو و ئامانج و کەسێتیی ئەو ناوەشێتەوە!

لێرەدایە کە تیشک دەکەوێتە سەر باوەڕی ئیستاتیکیی من و بەر لە منیش ئەفلاتوون باسی بۆ کردوون کە مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدات خۆی لەو ناجۆری و دزێوی و بەدکارییانە بپارێزێت- ئەریستۆش دەڵێت پاکژ بوونەوە یاریدە دەرە بۆ هەست کردن بە ئامانجی جوانی و گەیین بە قوڵایی جوانیی موتڵەق. چونکە جوانی سیمیترییە و سیمتیریش هاڕمۆنییە و هاڕمۆنیش مۆسیقا و شیعرو ئەدەبە و دەمانبات بەرەو ترۆپکی پاکژی و جوانی لە هاوکێشەی دراماو کۆمیدیادا.. ئەی چی!

وا نەزانن کە من کەسێکم بێ گوناح و بێ هەڵەو خەوش. نا.. دڵنیاتان دەکەم، بگرە داوای لێبوردنیشتان لێدەکەم کە دان بەوەدا دەنێم ، کە منیش بەش بەخۆم هەڵەی چاو زەق و ناشرینم کردووە. جاری وا هەیە هەڵەی وا دەکەم کە کەر بە کەریی خۆی نایکات! چونکە مرۆڤ نییە بتوانێت لەناو کۆمەڵگەدا بژی و بێبەری بێت لە حەماقەت.. چونکە هەندێکجار حەماقەت مرۆڤ جوان دەکات نەک کەرامەت!

جا چاترە دەرهەق بە حەماقەتی خۆم زۆر نەدوێم و باسیان نەهێنمە سەر خامە، لەبەر ئەوەی کە من لە گوناهەکانی خۆم خۆش بووم. چونکە هەڵەکانم لە پەنجەی دەستەکانم تێناپەڕن.. بەڵام ناجۆر ترین خەتا، بەدترین و مەترسی ترین تاوان کوشتنی بە ناهەقی کەسێکی ترە. بۆیە سەربەرزانە دەوێرم بڵێم؛ کە من هەرگیز بە ئازاردانی ئەوانی تر هەڵنەستاوم و خوێنم لە لووتی کەسێکی تر نەهێناوە بە ناهەقی. هەروەها هەرگیز بیرم لە سزادانی کەسێکی تر نەکردۆتەوە بە کوشتن.. تەنانەت بە خەونیش کاری وام لێناوەشێتەوە.. مەگەر کەسێک ببینم منداڵ یان ئافرەت زەجرو هەتک دەکات.. بەڵێ، لەو دۆخەدا سنوور بۆ سزا دانانێم و گەر بتوانم سزای توندتر لە توونند دەدەم.

بەڵام ئەوەی کەسێک دەکوژێت، ئەگەر نەشکوژرێتەوە وەک قەرەبوو، ئەوا لە داهاتودا دێتەوە ژیان و دەکوژرێتەوە. یان دەبێت قەرەبووی کردەوەکانی خۆی بداتەوە. چونکە مافی ژیان بەدەستی مرۆڤ و دێو نییە. مرۆڤ مەحکومە بە ژیان. ژیان تەنها ژیان دەسەڵاتی بەسەر مەرگی مرۆڤ و دێودا هەیە. خواوەند هەقی بەسەر مردنی ئێمەوە نییە. چونکە مردن- درۆ- شەڕ- لە دەستکردو داهێنانی خواوەند نین. بەڵکو زادەی ئەهریمەنی شەڕو خوای شەڕن.

جا زۆر وتن قورئان خۆشە.. بۆیە کاتێک کە وازم لە دێوپەرستی یاساوڵی زیندانەکەم هێنا.. ئەوم ناونا جاسووس. ئیتر توانیم لە زیندان هەڵێم و ڕوومکردە وڵاتێکی تر.. حەزمکرد بچم بە میوانیی خزم و کەسی- ڤینسنت ڤان کوخ- لە وڵاتی هۆڵەندە. چونکە حەزم دەکرد پێشانگایەک لەوێ بکەمەوە و پەنجە بۆ ئەو خاڵانە درێژ بکەم کە لە باوەڕی ئیستاتیکیی مندا جوان بوون.

کاتێک کە توانیم هەڵبێم.. زۆری نەبرد توانیم بگەمە ئەوێ.. لەوێش دەستبەسەر کرام و دیواریان لە دەورم هەڵچنی و هەمان تاس و هەمان حەمام پاسەوانیان بۆ دانام.. بەڵام تەوقیان نەکردە دەست و پێم!

ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو باخچەی زیندانەکەدا، چاوم کەوت بە دێوپەرستی دووەم. ئەو بۆ ڕاوکردنی من لە کەمیندا خۆی مات دابوو. دێوەکان دەرسی زۆریان فێری ئەو کردبوو. ئەو لە زانستی ڕاوو شکاری دەزانی- بەڵام زانستی کەم بوو دەرهەق بە عیرفانی من.. چونکە من نێچیرەکانم دەناسی. ئەو ڕۆژە ئەو پشتی کردبووە من و لە ڕۆژێکی خۆرەتاوی خۆشدا مت دانیشتبو و نوێژی دەکرد. نوێژی دەکرد بۆ شەیتان. چونکە کاتێک کە ئاوڕی لێدامەوە، کاتێک کە من فزول بووم بۆ بینینی ڕوخسار لە لەشێکی جوانی هەرزەکارانەدا؛ بەوم فەرموو: هەلاو!

كه فەرمووم هەلاو؛ ئاوڕێكى لێدامەوە. بينيم هەرچى قەهرو جەورو ستەمى سەدەى بيستەم و بيست ويەكەمە وەک قێز لەسەر ڕوخسارى پيرى - خەتى چرچ و لۆچيان نەخشاندبوو. ڕوخسارى لە ڕوخسارى دەڵە دێويكى هەزار ساڵ تەمەن دەچوو. پێدەچوو دێوەكان زەجريان كردبێت! وا ديار بوو بە درێژايى مێژوو دەيانجار وەک مرۆڤ هاتبێتە ژيانەوە و بەڵام ناخۆشبەختانە بۆ هەزارانجار ئابڕوويان زەوتكردبوو و هێندە سيماى زەليل و شەكەت و پڕ جەوربوو!! خەريک بووم دەستبكەم بە گريان بۆى، و لەتاوا عيرفانى خۆمم خستە لاوە و بڕيارمدا ملكەچى پەيامى بم! چونكە شوێنەوارى خەندەم لە سەرتاپاى بوونيدا هەست پێنەكرد. بۆيە حەزم لێ كرد.. حەزمكرد خۆشم بوێت و دەستى خۆشەويستيم بەرى بكەوێت. چونكە ئەو لە تەماشاى يەكەميدا دەرگاكانى جەهەننەمى بۆ خستمە سەر پشت. بردمى بۆ پێشانگايەكى سەر شەقامێک لە ئايندهۆڤن- ؛ لەوێ وێنەى ڕوخسارى برسى و تۆقيوى سۆماڵى و تەرم و لاشەى سەربازە ئەمەريكييەكانى نيشان دام. فەرموى: ئەمە ئەنجامەكانى سەردەمى زانست و پێشكەوتنە. بەخێر بێيت بۆ وڵاتى ساديزم و تەعداو هەڕەشەو لەناوبردنى ماناكان. ئێمە هێشتا جانەوەرى شەڕين و شەڕ ڕابەريمان دەكات.

لە تەماشاى دووەميدا باسى بەسەرهاتى جەنگى دووەمى جيهانى بۆ كردم. فەرمووى: من هەرزەكارێكى جوان بووم، هەر پەلێكم بە دەستى سەربازێكى ئەڵمانييەوە بوو، دايكم گۆشتى باوكى خۆمى دەكرد بە دەممەوە و هەردوچاوى كوێر بوو بوو، ئەگەر من دەمم بۆ پارووەكانى دەستى ئەو نەكردايەتەوە، دەمرد- بەڵێ دايكم گيانى لە دەست دەداو دەمرد. بۆيە منيش گۆشتە لووقمەى ناو دەمم دەكردە ناو دەمى سەگەكەمەوە. دەگريا دێوپەرستەكە. منيش دەستم هێنا بەسەريدا.. خۆشەويستيم بۆ هەڵڕشت. بە منى ووت، ئيتر ئێمەى هەرزەكارو پيرو مرۆڤ و نامرۆڤ باوەڕمان بە خێر نەماوە لەسەر زەوى.. چونكە خواوەند بەزەيى پيامانداا نايەتەوە.. چونكە ئافرەت هێشتا دەفرۆشرێت و هێشتاش شەڕ زاڵە لە جيهاندا.. باوە ناكەم خواوەند هەبێت، چونكە دەشێت ويستى ئەو بێت كە دێوەكان زاڵ دەبن و شەڕ ڕابەريمان دەكات.

منيش ناچار بووم دەم داپچرم و باسى تەوەرێكى ترى ڕاستييەكانى بۆ بكەم. بەوم فەرموو:" حەزرەتى مەسيح نەيفەرمووە ئەم كارانە بكەن. ئەو باسى شەڕى بۆ كەستان نەكردووە. بەڵكوو خوودى شەڕ بەزەيى بەودا دەهاتەوە كاتێک كە مێخيان دادەكووتا بە دەست و پێيەكانييدا! بگرە مەسيح زۆر بێئاگا بوو لە بەدخوو بوون و دێرينن شەڕ! ئەو تەنها و تەنها باسى عيشق و خۆشەويستيى بۆ كردن. ئەو چەكى نەدايە دەستى كەستان. بەكەستانى نەفەرموو گاڵتە بە ئايين و باوەڕ و پێغەمبەرانى ميللەتى تر بكەن. كەچى ئێوە چەكى كيمياييتان دزە دەكرد بۆ بەعسى لەعين و ميللەتى نوح-تان پێ قڕ دەكرد. ئافرەتەكانى ميللەتى ئەوتان خستۆتە ناو جامخانەى

**هەڕاجەوەو لە ناوجەرگەی هەموو بازاڕەکانی ئەوروپادا ئافرەت خۆی بە هەرزان دەفرۆشێت و تەعدای شەرەفیان لێ دەکرێت. مرۆڤتان کردووە بە دێوی هەشت سەرو برسی و بە تەماح و دڕ.. هەر خەریکی ماشینەوەی سامان و ماڵی گەلانی دووەم و سێیەمن. ئێوە نازانن چی دەکەن.. من دەتانبینم ئێوە سەرگەرمی قڕ کردنی نەوەکانی داهاتووی خۆتانن. ئێوە دادپەروەری و یاساتان تێکەڵ کردووە بە خۆپەرستی و ڕق و تۆڵەو جامبازی. بەم شێوەیە داد بەزەیی پیاتاندا نایەتەوە و جەوهەرتان هێندەی تر زەلیلترو لاوازتر دەکات. گەندەڵی باوەڕ سز و وەچەکانی داهاتووتان کەڕو کوێر و زەلیل و ترسنۆک و نەخۆش دەخاو دەکات. جا درۆکانتان دەئاوسێن و کێم و جراعەتی کردەوەکانتان خۆتان پیستر دەکات. پێشتریش پێتان ئافەریدە کراوە و وەک داد فێر کراون کە درۆ لە ڕەوشتبەرزییەوە نییە. خواوەندیش بەزەیی بە شەڕو دێو و کردەوەی ناڕاستدا نایەتەوە.. چونکە خواوەند ئاشنای کردەوەی دزێو نییە و دزێوی و شەڕ و شەیتان لە داهێنانەکانی ئەو نین. بۆیە هەن لەناوتاندا کە باوەڕێکی یەقینیان بەوە هەیە کە حەزرەتی مەسیح خوودی خوایە.. چونکە ئەو مسقاڵە زەڕرەیەک شەڕ لەناخیدا نەبوو؛ ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی کەرامەت بەرزی و دادو مافناسییە و بەم جەوهەرە مرۆڤ لەگەڵ خواوەندی خۆیدا ئاوێتە دەبێ و هەمیشەیی زامن دەکات.**

**زۆرم باسی ملنەدان بۆ ئەو کرد، تا فێر بێت کە من لە ملکەچکەران نیم. چونکە ئەو دەستی دایە دەستم تا کۆلۆنیالیزم و هێزو بازوی شەڕم نیشان بدات.. چاوێکیشی لێ داگرتم و بە غەمزە پێی ووتم: باوەڕ بە توانای شەڕ بێنە. منیش فەرمووم:" من لە دێوەکانی شەڕ هەڵهاتووم و بەدوای عیشقدا دەگەڕێم. من ڕێز لە پیس بوونی جەوهەری خێر ناگرم؛ ئەگەر یەک زەڕڕە گەردی شەڕی بەر بکەوێت. چونکە من باوەڕم بە شەڕ نییە. چونکە خێر بە ڕاسپاردە فێری کردوم و تکام لێ دەکات تا پێتان بڵێم کە شەڕ چاوگەکانی ناگەڕێتەوە سەر خێر. شەڕ لە خێردا جێگەی نابێتەوە". شەڕ جەهەننەمی خۆتانە و خۆتان ڕابەری شەڕن.**

**ئیتر خەڵکینە باسی چیتان بۆ بکەم؟ نازانم! بەڕاستی شتەکان لە سەیرو سەمەرە سەیرترن.. چونکە مرۆڤایەتی هاوسەنگیی لەدەست داوە و زانست وەک زیپی دەرپێکانتان دەمی داخراوە. دەتانەوێت خۆتان لە قەرەی شەڕێکی تر بدەن. منیش پێتان دەڵێم، ئەمە کارێکی بڤەیە. نەکەن کەتنی وەها بکەن- نەکەن وا تێبگەن کە دەتوانن بەشەڕ ئاشتی پایەدار بکەن، نا.. ئاشتی لە شەڕ لە دایک نەبووە. بەڵکو ئاشتی خوشکی کامەرانی و دۆستی ئازادی و عیشقی جوانییە.. هەرگیز لەشەڕدا بە ئاشتی ناگەن. چونکە ئەوەی کە بە ناهەق سەری کەسێک دەبڕێت.. هەمیشە سەری خۆی دەبڕێت.. تاوانێک لە ژیاندا زۆر دەکات. مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی، جا ئەگەر کار بۆ ئازادی نەکات، ئەوا شەڕی ئەمجارەتان لەپێشدا پشتی بەهێزترینتان لە زەوی دەدات، پاشان خۆتان.**

دێو پەرستەکە شانەیەکی لە گیرفانی دەرهێناو وێنەی دەڵە سەگێکی لەشەڕدا دۆڕاو و برسی و وەلکراو بۆ چارەنوسی خۆی، هەر هێندەی چنگێکی مایەوە لە خۆ نیشاندانیدا بەو هەستکردن بە کەمییەوە ـ کە لە دەرونیدا ڕوابوو. یەک دووجار پرچە تەنکە خورماییەکەی شانە کردو بە مۆڕە لێکردنەوە- کە مەبەستی بوو چاوترسم بکات- ووتی:" ئێمە بەشەڕ دەوێرین".

فەرمووم دەزانم، بەڵام شەڕ زۆر لە مرۆڤ و دێوو خێو بەهێزترە. نەکەن وا بزانن کە ئاشتی و جوانی و ڕاستی و داد لە شەڕدایە. بەڵکو هەموو مێژوی شەڕ.. هەموو جەوهەری شەڕ- یەک زەڕڕە خێری تیا نییە. ئەو خێرەی ئێوە دەیناسن، لە چاوگەکانی شەڕ بێبەری نیین و پرشنگی شەڕیان بەر کەوتووە. چونکە مرۆڤ هێشتا لە کەلتوورو داب و نەرێتی ئاژەڵ لاینەداوە.. ئێوە غەدر لە بوون و ژیان و چارەنووس دەکەن، گەر بێت و شەڕێکی تری گەورە بەرپا بکەن ـ خۆتان تەفروو توونا دەکەن.

کاتێک بەم عیرفانە بۆ ئەو دوام، ماچێکی کردم، منیش دەرگاکانی بەهەشتەکانی خۆمم بۆ کردەوە، فەرمووم وەرن ببینن.. ئەمە گیانی مەملەکەتی جوانیی منە: جاڵجاڵۆکە و لەقلەق وگیانی هەموو حەزرەتەکانی مەسیح و مارياکانی گەردوونی خۆم نیشانی ئەو دا.. کاتێک کە ئامێزم بۆ ئەو دێوپەرستە پیرە کردەوە، بە پیتی بەرق لەسەر ناوچەوانی ئەو- ئەم وتارەم نەخش کردو نوسیم: من قینم لە زانستی ئێوە دەبێتەوە. چونکە زانستی ئێوە بێبەرییە لە ئاکار. درۆش کەلتوورە ئەمڕۆ.. دوڕوویی دزێو و پیس و وەڕز و پیر و ترساو و نەخۆشتان دەخات و دوای مەرگ دەگەن بەو توونێلە تاریکە حەلۆزنییەی کە بەرەو وونبوون و ناهەمواری و شەڕێکی ترتان دەبات. شەڕ هەرگیز دەرگایەکی ڕۆشن لە مرۆڤایەتی ناخاتە سەرپشت و دڵنیاتان دەکەم کە مرۆڤ هەرگیز ناگات بە نەجات.

ئیتر هەوڵم دا بە عیشق پەی بەو جەوهەرە بەرم کە تیایدا شاردرابۆوە و خۆی بەوەی نەدەزانی کە هەستی جوانی لەودا وەک گوڵێکی پەشمووردەو سیس دەژی و منیش دەمەوێت ئاوی ژیان بکەم بە خۆزگەیدا!

بۆیە شەوێک لە شەوان لە دەرگای عیشقی ئەوم داو؛ ئەویش دەرگای بۆ خستمە سەرپشت و منیش نەمکردە نامەردی تا توانیم دەستم هێنا بە ڕوخساری تۆقییوو شکست و ماندو و بێزاریدا.. هێندەم عیشق و خۆشەویستی بەو دا، ناچارانە هاتە زمان و فەرمووی: هەست دەکەم تەمەنم گەڕاوەتەوە بۆ تەمەنی دە ساڵی! ئیتر من بەوم فەرموو: من بە دوای عیشقا دەگەڕێم و هاتووم بۆ وڵاتی ئێوە، بەو نیازەی مرۆڤێکی مەزن و پیرۆز لە ناوتاندا بدۆزمەوە.. ڕێگەم بدە و یاریدەم بدە گەر دەتوانی.

بەڵام ئەو بەوە دڵی ڕەنجا، چونکە هەستیکرد کە ئەو ناتوانێت ببێت بە شا جوانی خەونەکانی منی بێوڵات و بێئاڵا! بۆیە ڕقی لێهەڵگرتم و پشتی تێکردم.. لە پاداشتی ووتەکانمدا، کەلەپچەی نەکردە دەستم، بەڵام حەواڵەی دێوە برسییە بێهەستەکانی کردم، ئەو دێوانەی کە چاوو دەم و گوێیان نەبوو.

ساڵێک زیندانیان کردم تا نوچم پێ دا بدەن و ناچارم بکەن بەزۆر بۆ لای ئەو بگەڕێمەوە.. بەڵام من.. پێم نا بە جەرگی خۆمدا، تەنانەت تەلەفۆنێکیشم بۆی نەکرد. ئەگەر ئەو کارەم کردبێت، ئەوا لە ڕووی گلەیی لێکرنەوە کردوومە. چونکە من باوەڕم بەوە نییە سزای کەسێک بدەم کە خۆشەویستیم پێ بداو لە ئامێزو باوەشیدا بملاوێنێتەوە. بەڵام ئەوەی سزام بدات لە پێناوی ئەوەدا کە خۆشم ویستووە، شایانی ئەوە نییە من لەگەڵیدا بژیم و هاوڕێ و هاوسەرو دڵسۆزی بم. چونکە خۆشەویستی تۆڵەسەندنەوەی تیا نییە. کەچی ئەو تۆڵەی ئەوەی لێ کردمەوە کە من خۆشەویستیم پێی دا.. بە داخەوە. کاتێکیش کە ڕەوانەی وڵاتی نەرویجیان کردمەوە، دێوێکی بێ هەست و بێکەرامەتیان نارد تا بە ناوی هاوڕێیەتییەوە هەموو کارە هونەرییەکانم بدزێت.. بێشەرمانە ئەو کارەی کرد و پۆلیسی وڵاتی هۆڵەندەش یاریدەدەری بوون.

بەڵێ.. یەکساڵی ڕەبەق لە زیندانی هۆڵەندەدا وشک و برسی و بێجێ و بێ ڕێ و بێ هاوڕێ و هاوخەم لەتەماشاکاندا کوون بە کوونی دەروونی فریشتە و مرۆڤ و دێوو دێوپەرستەکانم کرد و گەڕام.. بەڵام موخابن نەمبینی کەسێک لایەک لە منی وونبوو بکاتەوە و لێم بپرسێ: ئەرێ کاکە بۆ چیت دەوێت؟ ئەوسا منیش دەمفەرموو: من هیچم لێتان ناوێت، بەڵکو بە دوای عیشقێکدا وێڵم، کە وای بۆ دەچم دەستم دەکەوێت لە ناوتانتاندا!

ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم! دێو پەرستەکان کە لێرەو لەوێ و لە وڵاتان دەمبینین، هەر یەکەیان بە چەکێکی تازەی ڕق دەهاتنە نەبەرد دژم.. چونکە بە درێژایی هەژدە ساڵ زیندانی، لە چەندەها وڵاتدا، چەندەها دێوو دێو پەرست و مرۆڤم دەدی.. کە بەتەما بووم لێرەدا باسی هەمویانتان بۆ بکەم.. بەڵام لەبەر ئەوەی چیرۆکی بەسەرهاتەکانیان زۆر لەیەکتری دەچێت، باسی هەموویان ناکەم بەڵکو بە ئەژمارده پێتانی دەڵێم کە گشتیان دوانزە بوون. سیانزەیەمیان لەم دواییەدا سەری هەڵدا.. کت و مت لەو کاتەدا کە کات تیایدا وەستابوو،و من بوبووم بە دوو کەرتەوە.

لەو کاتەدا کەمن نیوەی لەشم لە مشتی ژورەکەمدا دەفلیقایەوە و نیوەکەی تری لەشم لە گۆڕستانی ئۆسگۆرددا برسی و نەبوو و ماندو و تەنها- کرخەی هەناسە و کۆکەم ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆی.. دێوێک هات.. خۆی کرد بە هاوسێم و ناوی لێنام( دراوسێی خێرمەند).. ئەو نێرە مووک بوو، لێتان تێک نەچێ و مەیکەن بە شەڕی نێوان

نەژادی نێرو مێ، ئەو نێرەمووک بوو.. ئیتر ئەمەش ئیرادەی خوایە و نێرەموکیش لە هەڵەیە گەر بەدکارانە داوەریی بکەین.

حەز دەکەم باسی ئەوتان بۆ بکەم بە کۆتایی داستانی یاساوڵەکانی زیندانی هەژدەساڵەم. بەڵێ کە هات، ماوەیەک خۆی لێکردم بە فەقیر، پاشان بوو بە سایەقی لۆری! ئینجا لە پڕ خۆی کرد بە مامۆستاو خاوەن پلەو پایە.. ئینجا خۆی لەمن نزیک کردەوە وەک نووسەر.. پاشان بە ناوی یاریدە و پارە پەیدا کردنەوە، دەستی پیسی خستە ناو دەستمەوە و بەڵێنی دامێ؛ لە بەر دەمی دوو ئافرەتدا کە من ڕێزم هەبوو بۆیان ئەو دەستی خستە ناو دەستمەوە تا یاریدەم بدات پەیامەکانم بە تەواوی و بە ڕاستگۆیی بە مرۆڤایەتی بگەیەنم. تا کتێب و چیرۆکەکان کە باسیان لە ئازارەکانی عیشقم دەکرد لە زیندانەکانی مەملەکەتی بەفر- بۆ بڵاوبکاتەوە! بەڵام ئەو خۆی لێ کردم بە پۆلیس و ڕەقابە و جاسووس، دەستی وەر دایە جەرگ و دڵم و پیت و ڕستە و بەش و کاپیتل و لاپەڕەی لە فەرموودەکانم دەردەهێناو هەر بەبێ پرس دەستدرێژی کردە سەر فەرموودەکانم ـ کە نامووسی من بوون. پاشان کەوتە لێپرسینەوە و دادگایی کردنی بەهەڵە و نایاساییم.. پاشان تاوانباری کردم.. دوو سێ جاریش لێم توڕە بوو و چاوی لێ سوور کردمەوە.. پاشان کە زانیی من تەسلیم نابم و لێی ناترسم؛ پێم پێکەنی.

بۆیە منیش تێم خوڕی و بەسەر ئەودا بە نەڕەی شێر فەرمووم: من دەزانم کە فەرمودەکانی من فەرمودەی قورئان و بایبل و تەورات و بودیزم و فۆنفۆشیۆس نین.. بەڵام من عیرفانێکی دوای ئەوانم. من عیرفانی هەشتەمم.

بەگاڵتەجارییەوە سنگی لێ هێنامە پێش و دەیویست بە زۆر ناچارم بکات دەستی لێ بووەشێنم. منیش بەوم فەرموو: کوڕم. من باوکی تۆم، من گیانی نوح لە جەوهەرو تەپڵی سەرما خول دەخوات، وەک تیشکی ڕووناکی هەمیشەیی- تۆ ناتوانی ناچارم بکەیت لێت بترسم.. چونکە من ئەو تەوەرەم بڕیوە.. من لە تەوەری گیۆمیتراو سیمیتری و جوانیی موتڵەقدا- بووم بە کەرامەتێکی بێگەرد و لە چاڵە تاریکەکانی شەڕ هەڵهاتووم و باوەڕم بە شەڕ نەماوە.

پاشان قنی تێکردم و باسی قن دڕانی خۆی بۆ کردم لە پێناوی ئەوەدا تا ببێت بە دێوو حوکم بەسەر مندا بکات. ڕۆژێکیان تەجاوزێکی ناشرینی کرد- ئەو ڕۆژە من سەرگەرمی خۆ کۆ کردنەوە بووم، دەمویست بیر لە ناردنەوەی هونەر و نوسراو و کتێبەکانم بکەمەوە؛ تا بیانێرمەوە بۆ کوردوستان. هات لە دەرگای داو بەبێ ئەوەی فەرمووی هاتنە ژورەوەی لێ بکەم؛ خۆی کرد بە ژورداو هێندەی ورچێکی بەستەڵەک برسیی بوو، ئەگەر نانم بۆ ئامادە نەکردایە، دەشیا بەر قەپاڵم بدات لە برسا.. پاشان چەند کاغەزێکی بۆ پۆست کردم تا وەک وەرگێر تەرجومەی چەند

ووتارێکی نەرویجیی بۆ بکەم بە عەرەبی. تێگەییم کە ئەو خورف بووە، چونکە دوای هەشت ساڵ یاساوڵی و پاسەوانی کردن تێنەگەیشتبوو کە من عەرەب نیم و کوردم.. پاشان موسوڵمان و مەسیحی نیم.. هەروەها دەیویست نیشانم بدات کە ئەو دەتوانێت لە لووتم بدات و ڕێگە نەدات فەرموودەکانم چاپ بن. کابرایەکی دەبەنگ و بێهەست و بێ سۆز بوو- بەڵام لەوەتەی ئاشنای من بوبوو، پریشکی جوانیی بەر کەوتبوو، چونکە باوکی هاوسەرەکەشی هونەرمەند بوو!.. ئیتر ئەو دێوە نێرەموکە هەر دەهات و دەچوو و دەیویست کەلەبەر بکاتە ویژدانی منەوە، دەیویست ناچارم بکات تا بە زۆر ڕێزی لێ بگرم و ڕاکانی ئەو گشتی بە جوان و پیرۆز بزانم، چونکە ئەو برسیی پەیداکردنی پارە بوو.. چاوەڕوانی هیچی لە کەس نەدەکرد، بیری لای لەناوچوونی نەوەی نوح نەبوو، نەیدەزانی فریداو تور و ئۆدین کێیەو بەمنی دەگوت:" بەڕاستی کەس پێویستی بە ناسینی تور و فریدا و ئۆدین نییە!" چونکە ئەوان ئەفسانەی هەووەڵێنن.

بۆیە منیش لێی تووڕە بووم، چونکە درۆی کرد، چونکە ئازاری بەمن گەیاند، چونکە پارەیەکی زۆری بە بەد ناو کردنی من دەست کەوت- خۆی گۆتەنی جاسوسی پۆلیس بوو- هاتبوو لەناو ماڵی خۆمدا هەڕەشەی لێدەکردم و پێی دەگوتم تۆ گومڕای- تۆ نەزانی- تۆ زمان نازانیت- تۆ هونەرمەند و نوسەرو نوح نییت- زۆری تریش.. کە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە.

بۆیە کاتێک کە بە توڕەیی فەرموودەکانم دەگرتە چاوی، بینیم کوێر بووە، کەڕ بووە و دوچاری تەنگەنەفەسی بووە.. بینیم هەموو گیانی پڕە لە شەڕی جیهانی دووەم و فەخر بە هیتلەرو مارکسەوە دەکات. منیش پۆرترێتێکی مارکس و داروین-م لە هەوادا بە پەنجەی ئیشارەت نەخشاند، ئەگەر چی ئەو وێنەکانی نەبینی، بەڵام من توانیم وێنەی مارکس و داروین بە پێچەوانەوە بەسەر دیوارەکانی هەستیدا هەڵواسم، چونکە ئەو هێشتا لە دەست زەبری نەزانیی سەدەکانی ناوەند دەیناڵاند. هێشتا ڕازی نەبوو لە حەقی کار و پاداشتی کار و بەرنامەی کار لە وڵاتی بەفر.

ڕۆژێکیان دوو دانە سەعات چاوی سڕی و بە دەم قاقالێدانەوە کە بەمن پێدەکەنی، دەیگووت؛ وەڵا تۆ بەزمێکی خۆشیت. چونکە باسی مۆرالیزم دەکەیت. منیش دەمگوت ئەم پێکەنینە خۆشەت لە ژیانتا هەست پێنەکردووە. جا ئەگەر باوەڕەکانی من بتوانن کەسێکی نەخۆشی وەک تۆ بهێننە قاقا و نەشئەی خۆشی، ئەوا منیش سور دەبم لەسەر برەو دان بە پەیامەکانم. چونکە چاتر وایە پێبکەنیین وەک لەوەی بگریین. چونکە من زۆر گریاوم و زۆریش پاڕاومەتەوە تا ئەم زانستەم چنگ خستووە. جا زانستی من هەرچییەک بێت، لە جوانیی موتڵەق دەدوێت. ئەنجام ناچاری کردم چیدی قسەی لەگەڵ نەکەم، چونکە خۆی ناشرین کرد.. هاوسەرەکەشی وەک

سەگ تێم بەربوو، ووتی: تۆ ڕاسیستی، تۆ پێدادەگری و خۆ سەپێنیت.. چونکە ناوی ئەوم لە کتێب و نوسراوەکانمدا نەبردبوو.

ئێستا گشت ئەوانە دەخەینە لاوە و باسی سەیرترین قەلەمونی نەخۆشتان بۆ دەکەم کە تووشی نەخۆشی شێر پەنجە بوبوو.. خەڵکینە، لە تابلۆکانی پێشودا فەرمووم کە باسی تابلۆی شێرپەنجەتان بە تایبەتی دەکەم، چونکە شێرپەنجە وا خەریکە منیش دەخوات.. جا گوێ بۆ فەرمودەکانم ڕادێرن. من شتێکی سەیرتان بۆ باس ناکەم، بە ڕاستی من باسی ڕاستییەکان دەکەم، ئەو ڕاستییانەی کە مرۆڤی سەردەمی کوێر کردووە و کەم کەس هەستی پێ دەکەن.

## تابلۆی شێرپەنجە

خەڵکینە.. جاران، بەر لەوەی هاوسەرو منداڵم هەبێت.. لەتاو ئازاری تەنهایی.. لەتاو دەردی دوری و بێکەسی و بێهاوڕێیی جارە جارە لە زیندان هەڵدەهاتم و دەر دەپەڕیم.. دێوەکان توانایان هەبوو دەسگیرم بکەن و بمنێرنەوە بۆ زیندانە شەختەبییەکەی وڵاتی بەفر.. بەڵام لەو نێوانە کاتییەدا هەوڵم دەدا هاوسەرێک، هاوڕێیەک کەسێکی خۆم ببینم.. هەوڵم دەدا لە جوانی بدوێم و ئەگەریش لغاوی عیشقم بۆ نەگیرێت، گەر شکۆی ئەو ئافرەتە مەزنەی کە دەکەوێتە پشتی داهێنانەوە چنگ نەکەوێت، ئەوا منیش ناچارم مل بدەم و منداڵەکانم لەگەڵ دێو پەرستێکدا بەدی بهێنم.. ئەمە لە سودی من بوو، چونکە تەنهایی وەک دەڵە قۆڕێکی پیر و قورس و نەخۆش و ڕەزیل خۆی دابوو بەسەرمدا و زەهراوی دوکەڵی حەشیشی دەکرد بەسەرماو ناچاری دەکردم شەوو ڕۆژ بنێمە سەر یەک بۆ نووسینەوەی ئەم داستانانە. چونکە تەنهایی تاڵاوی دەکرد بە قوڕگمدا و دەمم بۆگەنی کردبوو.. چونکە کەس لەگەڵمدا نەدەدوا! جا ئەو کاتانەی کە لە زیندانەکان هەڵدەهاتم، یا چاترە بڵێم کە لە زیندانێکەوە بۆ ناو زیندانێکیتر.. یان لە دەمی هەژدیهایەکەوە بۆ ناو دەمی هەژدیهایەکی تر ڕام دەکرد.. تووشی شتی سەیر سەیر دەهاتم. تا بە ڕێکەوت جارێکیان چاوم کەوت بە ئافرەتێکی جوان و پیرۆز کە خۆی لێ بوبوو بە قەلەمونێکی نەخۆش . پڕ بوو لە ترس و هەراس.. وەڕس و ماندو لە دەستی ڕەشوە وگەندەڵی میللەت چەوسانەوە و کاری بەزۆر ڕایکردبوو و پشتی کردبووە خزم و کەس و وڵات و ئاڵای خۆی. هاتبوو ببێت بە دیو پەرست! لە کوێ؟ لە وڵاتی بەڵجیک. ئیتر سەرتان نەیەشێنم، کاتێک کە ئەوم ناسی، بۆ دڵنیا بوون سەردانی چەند کەسێکم کرد کە لە نزیکەوە ئەویان دەناسی، گشتیان ئەویان وەک قەلەمونێکی

نەخۆش دەبینی. بەڵام من بە پێچەوانەی هەموویانەوە شتێکی جوانم لەودا دەبینی، ئەویش زەردەخەنەو پێکەنین بوو لەسەر لێوی.. چونکە من زۆر لەمێژ بوو لە وڵاتی بەفر گوێم لە قاقای پێکەنین و قریوانەوەی ئافرەتی ڕاستگۆ نەبوو.. چونکە مرۆڤەکانی وڵاتی بەفر یەکەم بەدەم بێگانەوە پێناکەنن و بزەش نیشان نادەن. دووەم بۆ خۆشیان پێکەنین و بزەکانیان کول و کاڵ بۆتەوە و بە دەگمەن پێدەکەنن. بەڵام زۆر هەن کە بە درۆوە پێدەکەنن، بە تایبەتی کاتێک کە نوکتە لەسەر بێگانە دەکەن. قاقا وەک دێوی قەرەقۆس پێدەکەنن.

دەشێت باوەڕ نەکەیت کە لە وڵاتی بەفر، خەڵکی دەچن بۆ کۆرس و پارە دەدەن تا فێری پێکەنین بن.. چونکە ئەوان پێکەنینیان لەبیر چۆتەوە.. ئەوان هێندە گوناحن کە گومان لە سێبەری خۆشیان دەکەن. تەنانەت دووچاری دژایەتی کردنی هەموو شتێک بوون و گەر هیچیان چنگ نەکەوێت دژایەتیی بکەن، دەچن شەڕ بە بێگانە دەفرۆشن و دێن دژی من دەوەستن و ڤین نیشانی من دەدەن.

لەبەر ئەوە بە چاکم زانی بچمە داوای، بەر لەوەی تەواو بمناسێت، من تەواو ئەوم ناسی، بۆیە داوام لەو کرد تا شووم پێبکات.. ئەویش دەستی نەنا بە ڕوومەوە و شوی پێکردم.

ئێستا دە ساڵە لەگەڵ مندا زیندانە و دان بەوەدا نانێت کە زیندانیین!.. دوو منداڵیشمان هەیە یەکەمیان لە داڤید دەچێت دووەمیان لە حەزرەتی یوسف.. ئیتر منیش خوام نەماوە وا خەریکە دین و دەهری دەبم.. چونکە ئەو- ئەو درزانە دەبینێت کە دیوارەکانی زیندانە شەختەییەکە دەقڵیشێنێ و دەشێت دووچاری داتەپین بین یان زیندانەکە داڕوخێت بە سەرماندا! ئەو لە شێتیی و هەڵەشەیی من تێناگات، منیش بەوە شێتگیر تر دەبم.

ئەوەی ڕاستی بێت تەمەنی خۆشەویستی نێوانمان زوو شەقی برد.. چونکە دێوەکان زەفەریان پێ بردین، ساڵونیوێک دوای ئەوەی کە ئەوم مارەکردو گواستمەوە خوا حەزرەتی داڤیدی (واتە کوڕی یەکەممی) بەمن بەخشی- ڕۆژێکیان هەردوکمان کامەرانانە لەگەڵ یەکەم جار فێربوونی پێکەنینی حەزرەتی داڤیددا- واتە خۆم و هاوسەرەکەم لە خۆشیی پێکەنینی غەریزەیی کوڕە ساواکەمان پێدەکەنیین.. هێندە دڵمان خۆش بوو نەبێتەوە. چونکە ئەو یەکەمجاری بوو پێبکەنێت، کە تەمەنی هەر سێ مانگانێک دەبوو!.. دێوپەرستەکانی دراوسێمان کە گوێیان نابوو بە دیوارەکانەوە. کاتێک گوێیان لە پێکەنینی ئێمە بوو، شێت و تووڕە بوون. بۆیە شکاتیان لێ کردین.. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە دێوەکان هاتن و لغاویان کردە دەممان و خەریک بوو کوڕەکەمان داگیر و دەستبەسەر بکەن. خەریک بوو پارچە پارچەمان

بکەن! چونکە پێیان ناخۆش بوو ئێمە لە زیندانەکانی ئەواندا دڵخۆش و شاداب بین.
خەریک بوو کوڕە ساواکەمان بدزنن.

ئیتر نەخۆشی ڕووی تێکردین، لەو کاتەوە نەخۆشی زۆرانمان لەگەڵدا دەگرێ و هەر ساڵەی بە جۆرێک زەلیل دەبین.. لەو ساڵەوە هاوسەرەکەم سک و سنگ و پشت و مەمکی خۆی دەپشکنێ و چاوەڕوانی لە دایکبوون و سەرهەڵدانی نەخۆشیی شێرپەنجەیە و منیش هەوڵ دەدەم شێرپەنجە سییەکانم دانەڕزێنێ! بە ڕاستیمە خەڵکینە.
لەو کاتەوە ، ئیتر من و ئەو نەمانتوانیوە بە دڵنیایی و بە خۆشییەوە پێبکەنیین.
کاتێک کە مرۆڤ لە نێوان تێپەڕینی ساڵەکاندا جارە جارە نەیتوانی لە کانگای دڵەوە بە ڕاستگۆیی پێبکەنێت- ئیتر نەخۆشی پێی فێر دەبێت. دێت بۆ لای و خۆی لە گیانیدا بەر لە لەشی مەڵاس دەدات. بۆیە لەم دواییەدا، کاتێک کە کات ئاسایی بووەوە، هاوسەرەکەم کەوتە ژێر قەپاڵی گورگی شێرپەنجەوە ، شێرپەنجە مەمکێکی ئەوی گەست و قووت دا! دکتۆرەکانیش بەویان ووت: تا ڕادەیەکی زۆر ئەمە بەهۆی مانەوەو کارلێکی ڕەچەڵەکەوەیە." لە قوورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە منداڵ جەزای کردەوەکانی باوانی دەداتەوە." چونکە دایکی خێزانەکەم خوا عەفوی بکات، بە نەخۆشیی شێرپەنجە لەناو چوو.. بۆیە ئەم بە تاوانی ناهەقیی ناگرێت کە شێرپەنجە هەڵمەتی هێناوەتە سەرمان و لە ماڵەکەماندا لەسەر ئێمە - وەک کەڵەگا دەلەوڕێت.

لە باوەڕی مندا، مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە ژێر زەبری هەڕەشەی دێوەکانەوە و بە ناهەق هەڵدەکووتنە سەری، نەخۆشییەکان لە گیانی مرۆڤدا ڕادەپەڕن.. چونکە مرۆڤ هەموو جۆرە نەخۆشییەکی تیادایە و ناخودئاگا مرۆڤ هەمیشە لەشەڕدایە دژی دێوەکانی نەخۆشی و ترس و دەرد و لاوازی و پیری و مەرگ.

بۆیە من باوەڕێکی تایبەتم هەیە، کاتێک کە لە مرۆڤ دەدوێم.. جا بۆیە زۆر دژی بوون بە دێو دەوەستمەوە، چونکە دێوەکان، کاتێک زاڵ دەبن بەسەرماندا، ئیتر ئومێدی بە مرۆڤ بوونمان دەدۆڕێت و ژیانمان بەرەو تەوەێکی تاریک ئاڕاستە لە خۆی دەگرێت.. لەم بارەیەوە دێوەکان دەخەمە لاوە.. باسی ئەوانە دەکەم کە دوچاری نەخۆشیی شێرپەنجە هاتوون.

بەڵێ، کاتێک کە دوای ئاسایی بوونەوەی کات، واتە ساڵی ئەمساڵ- بەر لە گێرانی ئاهەنگی لەدایکبوونی جەژنی مەسیحی، خێزانەکەم ئەنجامی پشکنینی پێگەیی و ناسرا بەوەی بەڵێ، ئەو نەخۆشیی شێرپەنجە لە مەمکی چەپیدا سەری هەڵداوە.. دوای سەری ساڵ چووە ڕیزەی ئەو ئافرەتانەوە کە لە لیستی مەمک برینەوەدا- بە ویستی خۆیان خۆیان ناونوس کردبوو.. کە ژمارەی تووش بووەکان لە ساڵێکدا دەگەیشتە حەڤدە هەزار ئافرەت و ڕۆژانە هەر خەستەخانەیەکی وڵاتی بەفر، مەمکی حەوت ئافرەتیان دەبڕییەوە!!

بەر لە گێڕانی ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ- سارای هاوسەرم مەمکێکی بڕییەوە. سستەرێک ووتی: لە ساڵی پارەوە حەڤدەهەزار ئافرەت تووشی شێرپەنجە هاتوون لە وڵاتی بەفر و ڕۆژی حەوت کەس لەم خەستەخانەیەدا مەمکەکانی دەبڕدرێتەوە. من خۆمم بۆ نەگیراو کەوتمە گریان. پاشان گریان ئێخەی بەر نەدام، گریانێکی سەیر خۆی لەناو گلێنەمدا مەڵاس دابوو، هەرچەند تەماشای خێزانەکەمم دەکرد، گریانم دەهات، چونکە بەزەییم خرۆشابوو.. چونکە ئەژماردی تووشبووەکان لە کوردوستانیش لەوە کەمتر نەبوو. بەڵام چارە لە دەستی ئێمەدا نەبوو، چونکە باوەڕ لەم سەردەمەدا هێندە سڕ و بێتام و بێ مانا بووە، کە کەس باوەڕی بە خۆی نەماوە.. چونکە ئەگەر سبەی دێوێک لەسەر پەردەی سینەماکان و شاشەی تەلەفیزۆنەکەوە بڵێت:" بەیانی هەمووومان قڕ دەبین"- باوەڕ دەکەین. بەڵام باوەڕ بە هاتنی فریشتە و پەیامبەر و مرۆڤی ڕزگارکەر و خێرمەند ناکەین.. تا دێوەکانیش باوەڕ دەهێنن، دێو پەرستەکان دیق و سیل دەکەن. بۆیە نەخۆشییەکان هەستاونەتە سەرپێ. بۆیە شێرپەنجە مڕەی دێت و دەلوورێنێت. مرۆڤیش لەناوماندا ڕووی لە کەمی کردووە.

نەک تەنها نەخۆشیی شێرپەنجە، بەڵکو مرۆڤ و دێو دێوپەرستیش پڕ چەکن بە هەموو نەخۆشییەکان.. مرۆڤ خۆی نەخۆشییەکان سەرباری لەش و ژیانی خۆی دەکات، چونکە نەخۆشییەکان پاداشتی درۆکان و کردارەکان و بڕیارەکانمانن. ئەگەر بیری چاک وتاری چاک ئاکاری چاک بناغەی ڕەفتارەکانمان بن، ئەوا تەندروستی پایەدار دەمێنێتەوە. بەڵام مێژوی نەخۆشییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دوای سەرهەڵدانی حەزرەتی نوح. چونکە مرۆڤ بەر لەو زەمانە نەخۆش نەبوو. درۆکان نەخۆشییان لە جەوهەری مرۆڤدا ڕواندو شەڕەکان نەخۆشییەکانیان کرد بە گژ گیان و لەشدا. جا مەپرسن گوناهی ئەو منداڵە چییە کە بەر لەوەی لەدایک بوو، بە نەخۆشی مرد. چونکە گوناهەکانی زۆرن. هێندەی گوناهەکانی هەمووومان. چونکە ئێمە گەر مرۆڤ بین یان دێو و دێوپەرست – گشتمان لێپرسراوین بەرامبەر بە درۆ و بە کردارو واتاکانمان. منداڵەکانمان لە پاداشتی سزای ئێمەدا دەژین و بەختیار کەسێکە کە زوو ژیان بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ناو ڕەحمی هەمیشەیی و ئازادیی بوونەوەر. جا بۆ ئەو ساوایە مەگری کە گیانی سپارد، چونکە ئەو خۆشەویستی خوایە. چونکە لەناوچوونی منداڵ نیشانەی زامن کردنی بەهەشت و گەڕانەوەیە بۆ هەمیشەیی. چونکە مرۆڤ تەنها هەڵوێست و بڕیارو ویستە ـ بەر لە لەدایکبوون! جا تێبگە!

خەڵکینە، واز لە نەخۆشییەکانتان بهێنن و مەبن بە کۆیلەی غەم و ناهەمواری و تەمبەڵی.. چونکە کارێکی شایستە و دوو ئاکاری جوان و میوانداریێتی و خۆ جوان نیشاندان لە سروشتی نەخۆشییەکانتان کەم دەکاتەوە. ئەگەر توانیت لەناو جێگەکەتا مەمێنەرەوە، دانیشەو نامەیەک بۆ هاوڕێیەکت بنووسە. هەستە دەست بدەرە باڵی

کەنەفت و پیرێک، چونکە تەمبەڵی و تەسلیم بوون گورگی شێرپەنجە لە دەرونی مرۆڤی لاوازدا گۆش دەکات. ئەگەر هیچت لەدەست نەهات، ئاوی گوڵەکان بدە و دان بۆ باڵندەکان ڕۆ بکە.. دەست مەنێ بەڕووی کەسێکەوە کە داوای یاریدەت لێ دەکات.. باش بکە تا خواوەند هەست بە باشەکاریت بکات.. چونکە مرۆڤی باش، باشە چاوەڕوانی دەکات، ئەوەی گوڵ بڕوێنێ، گوڵ دەسکەنە دەکات، جا چاوەڕوانی ئەوە مەبن کە تەنها دڕک دەچێت بە دەستتاندا. لێبووردوو بن دەرهەق بەوەی کاتێک کە بێخوود دەست بۆ گوڵ دەبەن ـ دڕکیش دەچەقێتە دەستتان.. جا بیر لەگوڵەکە و بۆن و ڕەنگ و جوانیی بکەیتەوە چاترە لەوەی بیر لە نێشی دڕک یان چقڵ بکەیتەوە! ئەمە جوانە گەر مرۆڤ بتوانێت خۆی پێ بلاوێنێتەوە.

لەبەر ئەوە دەشێت هەر یەکێک لە ئێمە دوچاری دەردێکی کوشندە و جەرگ بڕ بێت.. چونکە هەموومان ڕوداوەکان بە زەقی دەبینین و دان دەنێین بە هەبوونی تیرۆر و جەنگ و داگیرکاری و زۆر بوونی شەڕدا. بۆیە دەشێت پێغەمبەرەکانی وەچەی داهاتوومان بەبێ دڵ لە دایک ببن! دەشێت گورگ ببێت بە باوکی جیلی داهاتوو! دەشێت مەیموون ڕابەری خێزانی بیست ساڵی داهاتوومان بێت. دەشێت دێو هەموو نەخۆشییەکان ناچار بکات دەرپەڕن و شەڕێکی ڤایرۆسیی مەزن و قڕ کەر بەڕێوە بێت. چونکە نامۆیی دەستی بەسەر مرۆڤی هاوچەرخ و دەستی بەسەر باوەڕی گشتیدا گرتووە.. چونکە درز کەوتوتە نێوان خۆشەویستیی نێوان پیاوو ژنەوە. چونکە منداڵەکانمان ڕێز لە کەرامەتی باوانیان ناگرن، چونکە درۆ هەزار پێی هەیە و ئابڕو مانای نییە و کەرامەتی مرۆڤ وون بووە. سەرمایەکان وەک هەژدیهای هەشت سەرو برسی قەپاڵ لە لەشی مرۆڤایەتی دەگرن، و بازاڕەکانتان پیس بووە.

لەبەر زۆر بوونی ئەم هۆکاری نامۆیی بوون و شەڕو فەسادو درۆیانەیە کە شێرپەنجە قەپاڵ بە خانەکانی لەشماندا دەکاو لەپڕ مەمکێکی خێزانەکەت و گورچیلەی هاوڕێیەک و مێشکی کەسێکی تر دەگەزێت؛ سەرسام مەبە! چونکە نەخۆشی خاوەنی بەزەیی نییە. ئیتر بەم شێوەیە من و هاوسەرو منداڵەکانم و منداڵەکانی ئێوەیش، واین لەناو زیندانە تاریکە شەختەییەکانی دێوەکاندا، جا خەڵکی هەر وڵاتێک بین.

هەر هەموومان بەم شێوەیە دێینە ژیانەوە و دەژین و دەمرین، بەختەوەر کەسێکە کە پێ نانێتە ئەم ژیانەوە، چونکە ئێمە گشتمان مایەی هەڵەکانی باوانمانین.. گشتمان لە ژێر ڕەحم و بەزەیی ژیاندا خاوەنی هەمان چارەنوسین.. جا گەر بەختیارین ئەوا لەسەرمانە نەهێڵین ئەوانی تریش لە بەختەوەری بێ بەش بن. هەروەها هەوڵ نەدەین بەختەوەریی خۆمان لەسەر سامان و ماڵی گەلانی تر بنیات بنێین. بەلای کەمەوە قەرزەکانیشمان بدەینەوە بە خاوەنەکانیان. چونکە ماڵی یەکێکی تر دەبێت بە وەناق بۆ ئەوانەی کە دەستیان بەسەرا گرت.

پێویستە لەسەرمان نوچ بۆ بچوکترین مەخلوق دابدەین و مافی مێرولەو کرم و جانەوریش بپارێزین.. چونکە ئەوان بەسودی ئێمە دەژین و هۆگرو ئاشنای ئێمەن. ئێمەیش گشتمان پێکەوە لەکەژاوەی ئەم بەهەشتەدا کە دۆزەخیشە، مەحکومین بەوەی کە نەخۆشی و غەدرو درۆو ناهەقی سەرقرت بکەین. پێویستە واز لە کینەو دووبەرەکی و خۆپەرستی بهێنین وباوەڕ بە دەسەڵاتی بت و خواکان بکەین. پێویستە فێر بین- هەست بە جوانی بکەین.

ئاوا ساڵەکانی تەمەنی زیندانم بردۆتە سەر- خەڵکینە جێگەی داخە کە هاوسەرەکەم تووشی ئەو نەخۆشییە بوو.. ئەوە ماوەیەکە ئەو زیاتر قینی لە خۆی گرتووە و باس لە مردنی خۆی دەکات، وا دەزانێت کە شێرپەنجە وازی لێ ناهێنێت. بۆیە منیش هەش بەسەر ڕۆژانە هەر خەریکی تەون کردنی ووشەو.. دروستکردنی خواردنی خۆش، پێدانی وتاری جوان و نوسینەوەی ئەم کتێبەم. بەڵام ئەو وای لێهاتووە کە هیچ باوەڕی بە من و بەم پیتانە نەماوە. چونکە لەوەتەی پێکەوە دەژیین، دێو و دێوپەرستەکان بە هێمنی کاری تیادا دەکەن و دەیانەوێت بیکەن بە دوژمنی من، دەیانەوێت فێری بکەن من نەبینێت، باوەڕ بە وجوودم نەکات. منیش ئازادییەکم پێداوە- بێ نموونە. بە هەوەسی خۆی دەخواو دەخواتەوەو دەڵێت و دەخوێنێتەوە. چاودێریی منداڵەکانیش دەکات. چونکە وا خەریکە یان بەیەکجاری باوەڕ دەهێنێت، یان دێوەکان تەخت و تاراجمان تێک دەدەن. بۆیە هەردوکمان شەکەتین، هەردوکمان کاتێک کە پێکەوە دەدوێین، یان دەوەڕین یان هار دەبین.. چونکە ژیان لەناو چێوەکانی زینداندا مرۆڤ هەراسان دەکات.

ئەو بەمن دەڵێت: تۆ هەژدە ساڵە لەناو ئەم میلەتەدا دەژییت و هیچ فێر نەبویت، زانستێکت چنگ نەخست. دەتەوێت چی بکەیت و ببیت بە چی!؟ وا دەزانی لە وڵاتی خۆت نانێکت چنگ دەکەوێت بیخۆیت؟ بۆ دانانیشی بە دەردی خۆتەوە؟ باس لە حەزرەتی نوح و جاڵجاڵۆکە و لەقلەقی چی دەکەیت؟ شێت بوویت؟.. ئەم قسانەو زۆری تریش.

منیش هەم بۆ ئەوو هەم بۆ دێوپەرستەکان دەم دەکەمەوە و دێمە گفتار، باس لە نەرێتی خۆم دەکەم.. بە کورتی و بە دووپاتی هەژدە ساڵە دەڵێم و دەفەرموم:" هەر مرۆڤەو خاوەن دەسەڵات و خاوەن ئەرکێکە. مرۆڤ ناچار مەکەن لە پێناوی ژیاندا ببێت بە دێو." دەفەرمووم: من لە پێناوی گەیاندنی دەنگ و باوەڕ و پەیامەکانی خۆمدا تا ڕاددەی توڕە بون و بەمێزداکێشان توڕە دەبم. چونکە من ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرم و حەز ناکەم مرۆڤ نوچ بۆ فرمانی هەڵە دابدات. حەز دەکەم مرۆڤ وەک منداڵەکانم بوێر بن و مافی خۆیان بسەپێنن. چونکە بوون بە کۆیلەی فەرمانی ئەوانی تر، نەخۆشییەکی بە زەبرو کوشندەیە. من دەمەوێت جیهان چاویان بکەنەوە

و مێژووی میللەت و ئازاری میللەتی من ببینن. من باس لە ئازادی دەکەم و دەیکەم بە تەونی جاڵجاڵۆکە و لە خەونەکانمدا وڵات و ئاڵاو خاک ڕزگار دەکەم و باس لە ئازادی و بە جیهانی بوون دەکەم و گریمانی باوەڕێکی هەم کۆن و هەم نوێ دەکەم.

من باس لە زانستێک دەکەم کە مرۆڤایەتی خۆی لێ گێل دەکات. منیش بەوە مافی مرۆڤانەی خۆم زامن دەکەم کە ڕاستگۆیانە بوێر بم لە پەنجە ڕاکێشان بۆ ناهەموارییە جیهانییەکان.. چونکە من لە هەڵەکانی خۆم خۆش بووم. دەزانم دەشێت من لە دیدەی زووربەدا گێل و نەزان و ناتەبا بم.. بەڵام لەسەر هەموو ڕاو بۆچوونە دژەکانەوە، من نەرێت و کەلتوور و خۆزگەو ئومێدەکانی خۆم بە پیرۆز دەزانم و خەو بە جیهانێکی بەخشندەو جوان و جوانترەوە دەبینم و ئاڵای من بغوردێکە هێشتا کە بۆنی پێوە نەکردووە.

بەم جۆرە ژیان دەبەمە سەر.. هاوسەرەکەشم ڕۆژو شەو لە بیری زیارۆیی کردنی نەخۆشیی شێرپەنجەدایە، هەست دەکات نەخۆشی بەسەر باوەڕدا زاڵە، نەک بە پێچەوانەوە.. منیش بەو دفەرمووم: نەخۆشییەکان دەتوانن منیش بدەن بە زەویدا.. بەڵام دڵنیاتان دەکەم، تەنها بە گەڕانەوە بۆ بە مرۆڤ بوون دەتوانین داهاتوویەکی پیرۆز و ڕۆشن بۆ وەچەکانی داهاتوومان زامن بکەین. جا ئەگەر گشتمان دێو بین یان دێو پەرست یاخود مرۆڤ، دەتوانیین بە هاوکاری و خۆشەویستی و پەروەردەی هەستی جوانی- بگەین بە سەرەتاکانی مرۆڤی مەزن و ئازاد. بەڵام من قینم لە ژیانی وەک زیندانییە. شێرپەنجە لە ئەنجامی زیندانی کردنی ویست و ڕاستی و جوانییەوە سەر هەڵدەدات. چونکە شێرپەنجە گورگێکی یاخییە. دەزانم دەتوانن چاری بکەن، بەڵام ئەو جۆری زۆرە و زوربەی جۆرەکانی شێرپەنجە هێشتا سەریان دەرنەهێناوە لە جیناتدا و لەولاشەوە هەن لەناوماندا هێندە دەروونیان پیس بووە، خەریکن نەخۆشیی بەدتر بەدی دەهێنن! خوا ڕەحممان پێ بکات.

هاوسەرەکەم دەڵێی تووشی نەبینینی من بووە؛ بۆ چوار ساڵە یا پێنج ساڵ دەبێت کە من شەوو ڕۆژم ناوەتە سەر یەک- تا بتوانم ناوەڕۆکی جەوهەری پەیامەکانم بکەم بە ووتەو بە فەرمودە و بە خۆڕایی ببیەخشم بە خوێنەر. جێگەی داخە، کە نە ئەو لە زمانی من تێ دەگا، نە خوێنەر پێویستی بە باوەڕەکانمە. هەندێکیش بە تەمەڵ و هەندێکی تر بە زەلیل و هەندێک وەک دز، هەندێ وەک موعتاد هەندێ وەک فەڕاش، هەندێک وەک چێشتکەر، هەندێکی تر وەک نەزان و شێت تەماشام دەکەن،، کەمکەس هەن باوەڕ بکەن کە هونەرمەندو جوان ناس و نوسەرو داهێنەرم.

لەوەش زیاتر- من لەو باوەڕەدام کە زۆری پێ دەچێت تا خەڵکی لە پاراوی ئەم کتێبانەم تێبگەن. بەڵام من چاک دەزانم کە هاوسەرەکەم دواهەمین کەس دەبێت، کاتێک باوەڕ دەهێنێت کە وەک هاوسەرەکەی حەزرەتی لوط ئاوڕ دەداتەو خوا

دەیگرێت و وشکی دەکات (ئەم داستانە ئاستێکی تری ڕونکردنەوەی هەیە- چونکە خوا کاری وا ناکات! مەگەر ناچار بکرێت!). بەڵام ئەم وای لێ نایەت. بەڵکو ئەو هیچ پەیوەندیی بە خواو خواکانی منەوە نییە! بگرە هەر هیچ باوەڕی بەمن نییە و ڕۆژانەش کە تورە دەبێت، درۆ دەکات، دەڵێت: من باوەڕم بەتۆ هەیە. کەچی تا ئێستا باسی تابلۆیەکی منی بۆ منداڵەکانم نەکردووە. تا ئێستا پەنجەی بۆ تابلۆیەکم یا چیرۆکێکم درێژ نەکردووە و هەر کە دەمیش دەکاتەوە، دەڵێ: کێ لە نوسینەکانت تێدەگات؟ ئەو هەم خۆی و هەم منیش تورە دەکات.

بەڵام دڵنیام ئەگەر بێت و سبەی دێویک بێت بە میوانیمان و چیرۆکێک یا تابلۆیەکم لێ بکڕێت، ئەوا ئەویش دوچاری باوەڕ هێنانی کوێرانە دەبێت و سەر بۆ من دەلەقێنێت.. بەو مەرجەی من دوو فلسم دەست بکەوێت ! منیش دەڵێم ئەگەر مرۆڤ مەحکوم بوو- چاری چییە گەر توانای نان پەیدا کردنی نەبێت! چاتر وایە مرۆڤ بۆ باوەڕی خۆی لە برسا بمرێ و نەژی بۆ تێرکردنی سک بە خۆراکی پیس. چونکە بەدخۆری و بەدکاری و بەدووتن و بەدبیری ئاتاجەکانی شێرپەنجەن. چونکە گیانی مرۆڤ لە منداڵێک دەچێت لە دەرونماندا؛ ئەگەر باوان خۆراکی پیسی پێ بدەن- نەخۆش و وەڕز دەبێت و لەناو دەچێت.. ئیتر گیانی خۆتان پڕ مەکەن لە نەخۆشی و لە ترس.

من زوربەی کات ئەم وانەیە بە دوپاتی و بەتوڕەیی بە هاوسەرو خەڵکی دەڵێمەوە کاتێک کە باسی خۆم و پرۆژەکانی خۆمیان بۆ دەکەم لە زیندانڌا؛ دەفەرمووم: مێرولەکان دەڵێن: حەزرەتی نوح دەبێت سور بێت لە پێناوی گەیاندنی پەیامەکانی ئیستاتیکدا. دەبێت دێوەکان سەرپشک بن لە باوەڕدا؛ یان لەناوی بەرن.. یان ڕێگەی بدەن وێنەکانی دابهێنێت.. یان بەڕێزەوە ڕەوانەی نیشتیمانی باوانی بکەنەوە- کە مەککەی خۆرئاوایە.. کە بە دەستی دێوەکان ـ منداڵ و ئافرەت و لاوو پیریان سەرقرت دەکرێ و ڕۆژ نییە ئەوان بە ئەنفال سزا نەدرێن و هەتک نەکرێن.

ئەمە پەیامی ساڵ و ڕۆژەکانمە بۆ مرۆڤ و دێو و دێوپەرستەکان. لەوەتەی داگیر کراوم بە دووپاتی ئەم ئاوازە نامەفهومە دەخوێنم بە گوێی کەڕی میلەتی بەفرا و بەوان دەڵێم، من هاتووم تکاتان لێ دەکەم و فەرزی دەکەم کە خۆتان چاکتر بکەن. تا چاکە بێتە سەر ڕێتان و بگەن بە کەماڵ. گەرچی ئەوان وازیان لەمن هێناوە و دەستیان لێ شتووم.. بەڵام لەناخەوە ئازادی نەبووە بە فەرهەنگی سەردەم.. چونکە من هەست دەکەم کە تەنها من نیم زیندانم.. بەڵکو میلەتێک وەک من دەست بەسەرو زیندان و ئاوارەیە.

من ڕێزم بۆ میلەتێک نییە کە پشت بکاتە پێغەمبەرەکان و یاساکان و مافەکان پێشێل بکات؛ من لەوانەوە فێر نابم کە ترس ژیانیان لێواولێو پڕ دەکات، کە بە هەڵە داوەری دەکەن، کە دان بە کەلتورو ڕەسەنایەتیی میللیی مندا نانێن. من باوەڕم بە وەحشییەتی

خۆگێلکردن لە ڕاستی نییە، نامەوێت ڕێز لەو یاسایە بگرم کە ملکەچم دەکات بۆ چەمانەوە بەرامبەر بە درۆ. بە لەعنەتی دەکەم ئەو میللەتەی فێری درۆم دەکات و ناچارم دەکەن لێیان بترسم و خۆمیان نیشان نەدەم، چونکە لە هەموو دۆخێکدا من وەک مرۆڤێک شانازی بە خۆمەوە دەکەم. ڕێز لەو کەلتورە ناگرم کە دێوەکان ڕابەریی دەکەن. ئەو کەلتوورەی کە دەیەوێت من فێر بکات کە سەر ڕەشی و پرچی ڕەش نیشانەی گێلی و نەزانی و دڕندەییە.. کە میلەتی نوح، وەحشی و دڕندەیە. کە بێگانە قێزهێن و دزێوو شەڕێکی پەتییە. . نامەوێت زیاترم فێرکات.. جا ئەگەر ئەمە کەلتوورو دابی دێو نەبێت؛ دەبێ دێو لەناوماندا کێ بێت؟؟

مێروولەیەکی شێت فەرمووی: ئەوەی لە ئازادی تێگەیی.. فێری شتێکی نوێتر نابێت.

## تابلۆی ژێکان یاخود سێوەکەی قورگی ئادەم

ئەو کاتەی کە خوا ئادەمی بە خاوو خلیچکی لە قوڕی خاو دروست کرد؛ بەزەیی بە حەزرەتی ئادەمی تەنهادا هاتەوە. کاتێک کە ئادەم ساوا و خاوو خلیچک هەر دەپاڕایەوە و داوای کۆمەکی دەکرد.. چونکە ئەو هێشتا فێری ڕۆیشتن و گروگاڵ نەبوبوو لەو تەمەنە مەزنەدا کە خواوەند ئەوی تیادا دروست کرد. چونکە ئادەم چێژی لە قۆناغی منداڵیی خۆی نەبینی.. ئەو هێشتا گوڕو تاوی مرۆڤێکی گەورەی نەبوو. زەلیل بوو لە بێ هەستیدا.. هەڵەی خوودی خواش ئەوە بوو کە ئەوی گەورە دروست کرد ـ نەک وەک منداڵێکی ساوا! گەر من ئەو کارەم بکردایە، ئادەمم دەخستە ناو ڕەحمی دایە حەواوە! تا چێژ لە بەهەشت و خۆشی ودڵنیایی ببینێت و شەڕ وەدووی نەکەوێ تا تەفرەی بدات! چونکە ئەوەی منداڵیی خۆی نەبینی، هەرگیز گەورە نابێت!

بۆیە شەیتانەکانی شەڕ هاتنە دەم لە خواوەندو نەڕاندیان: تۆ چۆن گوناهی وا دەکەیت؟ چۆن دەتوانی ئادەم هێندە گەورە دروست بکەیت! خۆ ئەو ناتوانێ ڕێ بکاو گۆرانی بڵێ و بدوێت!ـ ووتیان: ئادەم سست و تەمبەڵ و قورسە. زۆر بە کردارەکانی خوا پێکەنیین. دێوەکان قۆشمەبازییان بە کردەوەی خواوە کرد. بۆیە خوا کە توڕە بوو، لە زەبری شکۆی توڕەبوونی حەق، ئادەم بوو بە حەوا و چاوی دێوەکان خێل بوو. چونکە خواوەند تەلیسمی حەوای وەک تیشک سرەوانده لەشی ئادەم.. دێوەکان ترسان و لە تەماشای کاری خواداو هەش بەسەر، سەریان سوڕما. ئادەم بوو بە دوو.. دایە حەواـش سێوێکی پێ بوو، کە هەر لەوێدا لەتێکی لێخواردبوو.. حەزرەتی حەوا لەتە سێوێکی خستە ناو دەمی حەزرەتی ئادەمەوە ؛ بەوە ئەو زمانی پژاو ناوی دێوو فریشتەکانیش فێر بوو.. ئەوانەشی دەناسی کە لەوێدا ئامادە نەبوون.

خواوەندیش تەماشای دەکرد و شانازیی بەوانەوە دەکرد. چونکە خواوەندی مەزن دڵنیا بوو لەوەی کە ئادەم پێرفێکت دروستکراوە. ئەوانیش باوەڕیان کردو لە تەماشای جوانیی حەزرەتی حەوادا ڕەق و تاریک و ترساو هەڵهاتن. شەیتان و دێوەکان کە دوو ڕەگەزی جیاواز و تاریک بوون، ترسان- چونکە ئەوان لە تەلیسمی ترس و مەرگ دروست بوبوون. چونکە حەوا هەموو کەموکوڕییەکانی ئادەمی پڕ کردەوە.

لەبەر ئەوەی هێشتا ئادەم دانەکانی تیژ نەبوبوون؛ سێوەکە لە قوڕکی گیرا.. بۆیە یەکەم ئاواز کە لە زمانی پڕا چەند پیتێک بوون کە بریتی بوون لە پیتەکانی ء ا م ی ن- واتە ئامین. ئیتر ئاوازێک بەدی هات، زۆر خۆش.. دێوەکان گوێی خۆیان بۆ شل نەکرد. بەڵام ئاوازەکە تۆنێکی سەیری تیادا بوو، بەو تۆنە بوونی ماددی خوڵقا.. بەڵام هێشتا خواوەند توڕە بوو لە شەیتانەکان. چونکە ئەوان ئینکار بوون، و دانیان بە کردەوەو دەسەڵات و ئاکاری خواوەنددا نەدەنا. ئیتر ئادەم و حەوا کە یەکیان گرت ؛ بوون بە فەنتازی و ئینجا لە ویستی ئەوان مۆسیقا خوڵقا. گەرچی مۆسیقا جەوهەری خوا بوو؛ بەڵام لەو سەردەمەدا، واتە لە هەمیشەییدا خواوەند توڕە و بێدەنگ و بێ نەوا بوو.. مۆسیقا لە دەنگدانەوەی ژێکانی ئادەم و حەوا دروست بوو.. ئەو کاتەیش لە بەهەشتا کە لە ئاسمانی بەرین و حەوتەیەمدا بوو.. ئادەم حەوا عیشقی یەکتری بوون و قابیل و هابیلیان لە چاوتروکانێکدا زاند. ئەوسا مرۆڤ هێندەی ئەمڕۆ لاواز نەبوو. چونکە مرۆڤ دەیتوانی لە هەناسە داندا هاوشێوەکانی خۆی زۆر بکات.. منداڵی دەبوو لە ووتەکانی خۆی- لە مۆسیقا و ویستی خۆیان منداڵیان دەبوو. بەڵام دێوەکان زەفەریان بە حەزرەتی حەوا برد، و شەوێکیان کە حەزرەتی ئادەم چووبوو بۆ لای خواوەند بە زیارەت بۆ فێر بوونی تەریقەت و مەعریفەت و حیکمەت.. ئەو شەوە شەیتانەکان و دێوەکان زەفەریان بە دایە حەوا برد.. ئەویان هەتک کرد! چۆن؟ بە لەمس، بە نەحس، بە ڕق، بە ئازار؛ خۆیان لە دەرونی ئەودا بەزۆر سەپاند.. لەو نەوەیەکی تاریک و بەدخوو دڵڕەشیان دروستکرد کە توانای مادییان نەبوو.. دێوەکان زۆر بوون لە تاریکیدا و ئاسمانیان تاریک کرد، ئیتر لە ناخی مرۆڤدا دێویش داهات وئاسمان لە ویستی شەڕ پیس و پڕ بوو. ئیتر کاتێک کە ئادەم گەڕایەوە و ئەوەی بینی.. ترسا و ڕەنجاو توڕەبوو.. بە توڕەبوونی خودی خواوەند توڕە بوو. ئیتر ئاسمان خوێنی بەربوو.. چونکە حەوای پیرۆز نەیدەتوانی دەستبەرداری وەچە دڕندەکانی خۆی بێت.. بۆیە ئادەمیش هەندێک جار لە دایە حەواش توڕە دەبوو. چونکە ئیتر دێو و خێو و مەرگ و نەخۆشی بوون بە ئیرس.. گەرچی بەهرە -ش لە دایک بو بوو؛ بەڵام نەزانی و تەمبەڵی وەک دێو لەگیانی مرۆڤدا بڵاو دەبوونەوەو مەرگیش خۆی لە ژیان و گیانی مرۆڤ هەڵدەسوو.. چونکە دێو و شەیتانەکان بەر لەوە منداڵیان نەدەبوو.. زاوو زێیان نەدەکرد و توانای زۆر بونیان نەبوو. ئەوانەی بوون بە دێو؛ بە نەزانیدا دیار بوون ، چونکە مەیلی فێربونیان نەبوو. حەزیان لە

ڕژانی خوێنی مرۆڤ بوو. ئەوان تینو بوون بە خوێنی منداڵ و نەوەکانی ئادەم و حەوا کە لە ئاسماندا زۆر دەبوون و بڵاو دەبوونەوە وەک فریشتە و پەری.

ئیتر کاتێک کە خواوەند ئەو تاوانەی بینی.. پشتی کردە کێشەی نێوان شەڕو شەیتان و ئادەم و حەوا.. چونکە خوا هیچ بونەوەرێکی بە مەبەستی شەڕو تەعدا دروست نەکردبوو. بۆیە کە مرۆڤ دوچاری تاریکی زۆر لێکردن بوو. ئیتر خواوەند پشتی تێ کردن.. ئەوانیش ئاسمانەکانیان بەجێهێشت .. دابەزین و بەرزەخیان بەجێ هێشت.. هەندێک لە منداڵەکانیان هەر لە ئاسماندا مانەوە و خۆشەویستی خوا بوون؛ چونکە لەمسی شەڕی شەیتانەکانیان بەر نەکەوتبوو.. ئیتر مرۆڤ لە خواوەند دور کەوتنەوە و دێوو شەیتانەکانیش شوێنیان هەڵگرتن.

چیرۆکی داستانی ئەوان تەواو نابێت. بەڵام با باسی ژێکان و مۆسیقاو میلۆدی و باسی لەرینەوەی ژێکان و تۆن و باس و سۆپەرباس و ئولترا باس و ئەندەر باس و نێوانەباستان بۆبکەم لە مۆسیقادا. کە لە ژێکانی قورگی ئادەمدا دروست بوون؛ هەڵبەتە ئەو کاتەی کە حەوا هاتە هانای ئادەم. چونکە لەو کاتەوە تا ئێستا نەوەکانی ئادەم و حەوا لەو تواناو سیحرە بێ ئاگان کە هەیانە.. بێ ئاگان لەوەی کە دەنگ و مۆسیقا و ئاواز سیحرێکە مرۆڤ پاکژ دەکاتەوە و ماکی دێوەکان ڕیشەکێش دەکات! بەڵێ؛ مۆسیقا سیحرێکە دەرمانی نەجات. تەنها و تەنها دەرمان و شیفا مۆسیقایە تا مرۆڤ بە هۆیەوە بتوانێت دێوەکان و سڕ و سست و نابووت بکاو لەناویان بەرێت. بەڵام هێشتا مرۆڤ بە تەواوی پەی بەم زانستە نەبردووە. دەلەیلاماش پەشیمان بووەوە لە باسکردنی. چونکە هەستی بە ئازادیی گیانیی نەکرد.

ڕۆژێکیان لەناو پەنجەرەی زیندانەکەمدا ڕاوەستابووم تەماشای ئاسمانم دەکرد. هەورەکان و باکان باسی ئومێدی خوایان بە گوێمدا دەچپاند.. دەیانفەرموو:" تەسلیم نەبیت، نەترسیت". منیش ڕووم زیاتر کردە ئاڕاستەی ئاسمانی حەوتەم، مانگ دیار نەبوو.. چونکە ڕۆژێکی سارد بوو- چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی بڕیارم دا واز لە پرۆژەی بە نوح بوون بهێنم، واز لەهەر خۆزگەو ئومێدێک بهێنم، چونکە دێوەکان فشارێکی دەرونیی سەختیان کردبووە سەرم. کات دوای نیوەڕۆ بوو.. دافیدی کوڕم لە قوتابخانە دەگەڕایەوە.

کاتێک کە وەژوور کەوت، ڕاستەوخۆ بەرەو ژووری نوستن چوو، من لەوێ نەبووم. بۆیە هاواری لێکردم: هەلوو، بابە، نووستوی؟ فەرمووم نا کوڕم تەماشای ئاسمان دەکەم. ووتی شتی واش دەکەیت؟ فەرمووم بەڵێ؛ چونکە من هەرگیز بە بێ تەماشاکردنی ئاسمانەکان هەڵناکەم، جا چیمان هەیە جگە لە ئاسمان و خۆر و مانگ و هەسارەکان زیاتر!؟ ووتی: بۆ تۆ خاوەنی مانگ و ڕۆژو ئەستێرە و ئاسمانەکانیت؟ کوڕە بچکۆلەکەم لەبری وەڵامی مندا فەرمووی:" بەڵێ، هەموو ئاسمان و ئەستێرە

و ئاسمانەکان لەسەر مرۆڤ تاپۆکراون- چونکە بوونەوەر بەبێ توانای مرۆڤ ناچێت بەڕێوە" پاشان هەردوکیان تەماشایان کردم و چاوەڕوانی وەڵام بوون. فەرمووم دەمت خۆش. تەماشایەکی کوڕە گەورەکەمم کرد و بەوم فەرموو: هیچ فێر بوویت؟ فەرمووی: بەڵێ دەتوانم هەست بە بوونی ژێکانی گیتارەکەم بکەم لە مێشکمدا. فەرمووم ئافەرین.

کوڕە گەورەکەم کە تەمەنی دە ساڵ و چەند مانگێک دەبێت، ویستی بەدابی ڕۆژانە دەست بکات بە ئەرکی ڕۆژانەی. منیش بەوم فەرموو: دەتوانی ئەمڕۆ بە مۆسیقا دەست پێبکەیت. یان دەبوایە لە قوتابخانەش بەیانیان بە مۆسیقا و ماتماتیک دەست بکەن بە وانەکانی خوێندن. بۆیە تکات لێ دەکەم ئەمڕۆ کەمێک مۆسیقام بۆ بژەنیت. فەرمووی لەبەر خاتری تۆ ئەو کارە دەکەم. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە گۆرانییەکی- ڕۆبی ولیەم-مان گوێ لێ دەگرت. منیش گوێم لە تۆنی (باس)ی گیتارەکە دەگرت لە نەوای ئاوازەکەدا. بەوم فەرموو ئایا دەتوانی ئەو باسە بە گیتار بگریت؟ کوڕەکەم ووتی نا! فەرمووم گوێ شل بکە، گوێ بگرە و تەماشای پەنجەکانی من بکە.. ئەوسا تێدەگەیت بە ئاسانی کە ئەو گیتارلێدانە ـ بەدەستێک کۆی ژێکان لغاو دەکات و بە دەستەکەی تر کە دەژەنێت تۆن دەپرۆێنێت.. بە زیادکردنی هێزی ئەنەرژیی پشتی دەست، ژێکان کەمێک لغاوکراو دەلەرێنەوە و تۆنەکانی باس و سۆپەرباس و نێوانە باس و ئولترا باس دەژەنن. ئەمانە تۆنە گیانییەکانن. هەندێکیان دەشێت نەبیسترێن وهەندێکی تریان چەقبەستنی زەین و عەینیان پێویستە بۆ حاڵی بوون و بیستن. هەندێک لە تۆنەکان بەر گوێی هەموو کەسێک ناکەون. کوڕەکەم تەماشایەکی کردم و ووتی: شتی وا لە مۆسیقادا هەیە؟ فەرمووم بەڵێ؛ مۆسیقا هەموو سیحرێکی تیایە. چونکە مۆسیقا لاسایی کردنەوەی یەکەم تۆنەکانی ژێی قورگی ئادەمە. بۆیە هەندێک لە کاتی ژەنیندا کەر دەبن، یاخی دەبن و گیتارەکانیان دەدەن بە زەویدا، چونکە ناگەن بە قوڵایی. توڕە دەبن، توڕەبوونێکی بابیانە. چونکە ئەو ستەمەیان دێتەوە یاد کە بەرامبەر بە حەوا کرا لە ئاسماندا!

کوڕەکەم ووتی:باشە بەلاتەوە جوان نییە کە گیتار ژەنێک گیتارەکەی تێک دەشکێنێت؟ فەرمووم نەخێر. چونکە مرۆڤ ناتوانێت لە جەوهەری مۆسیقادا ئاویتە بێت. چونکە ئیتر لە ئەبەدیدا پەخش دەبێت و دەکەوێتە ناو گەروی ژێکانی ئامینەوە. کوڕەکەم ووتی تێناگەم. فەرمووم با تێدەگەیت، چونکە تۆ گیتار ژەنیت و منیش خۆزگەت پێ دەخوازم. بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا توانیت ببیت بە بلیمەت لە مۆسیقادا، ئەوسا تێدەگەیت کە مۆسیقا خۆراکی گیانە. کە مۆسیقا تەوەرێکی تری زانستە و لە ماتماتیک پیرۆزترە..ئەوسا کاتێک کە دەژەنیت، کاتێک کە لە ژیانی داهێنانی داهاتوودا هەست بە داهێنان دەکەیت، حەز دەکەیت بەو گیتارە بژەنیت کە یەکەمجار بە دیاری پێت درا.. ئەگەر بێت و ئەو گیتارە بپارێزیت کە یەکەمجار ژێکانیت ژەنی-

ئەوسا دەتوانی لە داهێناندا ئازاد بیت و بەهەمان تۆنە سەرەتاییەکانی سەردەمی منداڵیت بژەنیت.. چونکە یەکەمجار و دووبارە دەڵێم و دەفەرمووم، یەکەمین جار کاتێک کە مرۆڤ دەست بۆ گیتار دەبات، ئەگەر هزری زیندوو گیانی پاک بێت، تا ماوە دەست لە ژەنین هەڵناگرێت و هەمیشەش ڕێزی بۆ گیتار و ژەنین و ژێکان زۆرتر دەبێت. جا چۆن مرۆڤ ئەو گیتارە دەشکێنێت کە بەهۆیەوە ژێکان دەلەرێنەوە و خوا گوێمان لێ دەگرێت. چونکە خواوەند زمانی نییە، خواوەند شکڵی نییە، خواوەند ماددە نییە، بەڵکو خودی ئاوازو مۆسیقا و میلۆدییە. خواوەند مۆسیقایە مۆسیقا کوڕم. مۆسیقا نهێنییەکانی هاڕمۆنی و سیمیتری گیۆمیترای تیایە. تەنانەت سیحریش مۆسیقایە.

لەم ئاخاوتنە کەونییەدا بووین کاتێک یوسفی کوڕەبچکۆلەم هاتە نێو گفتوگۆکانەوە.. پاش کەمێک یاری کردن لەگەڵ ئەودا، فەرمووی: بابە تەماشاکە لەشکری مێرولەکان هاتوون.. دەیانبینی؟ فەرمووم بەڵێ.. بڕوانە چەند جوانن کوڕم! ئەویش بە نیازی یاریکردن لەگەڵ یەکێک لە مێرولەکاندا کە ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو لە ترساندا۔ خۆی چەماندەوە بۆ زەوی. فەرمووم کوڕم ئەزێتی نەدەیت، نەیکوژیت، نەیترسێنیت چونکە ترس هەراسانی دەکات و ناچار دەبێت ڕێگەی شارەکەی خۆی وونبکات، یان دەشێت وەک باوکتی بەسەر بێت و لەبری شارەکەی خۆی ڕوو لە شاری دێوەکان بکات! چونکە سەری لێدەشێوێت. دەشێت دۆعاشمان لێ بکات.

کوڕەکەم واتە حەزرەتی یوسف زۆر گوێڕایەڵە لە فەرمانی خێردا، گەرچی کەمێک ئەوی هەراسان و ترساند ؛گەرچی سەرپشک بوو تا فرمان بەسەر مێرولەکەدا بکات. بەڵام ئازاری نەداو نەیکوشت. ووتی بابە ئەرکی ئەوان چییە؟ فەرمووم کوڕم؛ لە ڕۆژی بەرێدا لە پێش هەموو هێزەکانەوە، لاوازترین مەخلوق و بژێو واتە قەومی جانەوەرەکان ڕادەپەڕن و دەچن بەگژ دێوەکاندا. جا فێر بە کوڕم ئەگەر ملیۆنەها مێرولە بەر ببنە گیانی فیلێک، دەستوبرد دەتوانن ئەو فیلە هەڵدڕن. کوڕەکەم گوێی زیاتر بۆ شلکردم و سارای هاوسەرو بێباوەڕم شاهید بوو. کوڕەکەم فەرمووی ڕۆژی بەرێ چییە؟ منیش برەوم دا بە فەرمووەدەکانم و فەرمووم:ڕۆژی بەرێ ئەو کاتەیە کە جانەوەرەکان تیایدا لە مرۆڤ و دێوەکان تووڕە دەبن و یەک دەگرن و بەرپا دەبن. ئەوسا ڕەحم بەکەس ناکەن. بەدوای هەڵمەتی ئەواندا باکان و هەورەکان و زەریاو بورکان هار دەبن و فێیان لێ دێت.. ئەوسا سەرماکان گەرمایان دەبێت و بەفرێکی زۆریش۔هاوکات بەدەم گڕی بارانەکانەوە دەبارێت و ڕێگاکان بە بەفر و بە لافاوی ئاگر دەگیرێن و شاخەکان هەڵدەستنە سەرپێ و وەک پاڵەوانی دێوئاسا و بێچاو بە زرمە زرم ـ بەر لەهەوردبوون و خاشبوون دەکەونە ڕێ. ئەوسا هەموو شتەکان پەخش دەبن بە هەواداو دەبن بە تۆزو خۆڵی ئاگر، بۆیە بەو ڕۆژە دەڵێن جەهەننەم یا

جەژنی ئاگر.. چونکە مرۆڤ زۆرجار جەهەننەمی بە چاوانی خۆی دیوە.. هەن لەناوماندا لە جەهەننەمی کردەوەکانی خۆیاندا دەژین.

کوڕەکەم لەهەستی تەسامیدا فەرمووی: ئەوکاتە چیمان لێ دێت؟

فەرمووم ئەوسا مرۆڤە خێر مەندەکان لە خەو هەڵدەستن، چونکە ئەوان لەو کاتەدا نووستبوون و خوا ئەوانی نواندبوو، یان دەنوێنێت. ئەوسا بێدار دەبنەوە و سروشتێکی تر و گەردونێکی تر و هەست و هزرێکی تریان دەبێت و گریان و نەخۆشی و مەرگیان لەبیر دەچێتەوە. ئەوسا خێر مەندەکان ئەوانەی زیندو بوون دەژین و ئەوانەی کە بەر لەو کاتە مردبوون یا کوژرابوون یا بە زۆر زیندەبەچاڵ کرابوون ـ هەڵدەستنەوە. ئەوسا هەموو حەزرەتی مەسیحەکان و مارياکان دێنەوە ناو ژیانێکی تايبەت لە هەمیشەییدا. لە ئازادیدا سەرپشک دەبن لەکوێ بژین، لەکوێ ژیان دابهێننەوە و بونەوەر گوێڕایەڵی فەرموودەکانی ئەوان دەبێت.

فەرمووی: کەواتە مرۆڤی خێر مەند هیچی لێ نايەت. فەرمووم بەڵێ، بەڵام ئەوەی ئازاری مێرولەکان دەدات بە مەبەست پێیان پیادا دەنێت، ئەوانەش کە دەکوژن و سەری خەڵکی دەبڕن، چییدی ناژێنەوە و ئەوان لە جەهەننەمدا وردو خاش دەبن. دەبنەوە بەوەی کە ئەنجامیان دا.

کاتێک ئەم فەرمودانە لە زارم پروان؛ کوڕەکەم شادان بوو بەڵام سارا سامگرتی و ترسا.. چونکە هەستی بە ئامادەیی گیانی خوا کرد. تێگەیی ئایینەکان ڕاستن و لە بایبل و تەورات و قورئاندا هاتووە و باس لە ڕۆژی بەرێ کراوە. بەوم فەرموو: جوانی هەمیشە پایەدارە، باوەڕداران ئەوانەی کە هاڕمۆنین بە گیانی خێزانەکانیان و لە پەروەردەی ئاکاریدا زانان، ئەوان خۆشەویستی خوان، بگرە ئەوان خودی خوان ئەگەر بتوانن سێویک دەرخواردی منداڵەکانیان بدەن لە درێژایی ڕۆژەکاندا. چونکە خواردنی سێو، پێدانی سێو چاترین دەرمانە لەگەڵ هەنجیر و خورما و کونجی و گوێزدا بۆ ئەوانەی کە دووگیانن و شیریش دەدەن. چونکە شیردەر لە ناو مرۆڤەکاندا، دەبێت خۆی لە خواردنی گۆشتی گیاندار بپارێزێت. بەڵام ڕێگە لە بێزوو نەگرێت.

فەرموودەکانم ڕاستییەکی پەتین و جا تێی بگەن. منداڵەکەم فەرمووی:" ئەگەر من سەرپشک بم بگۆڕێم بە بوویەکی تر، حەز ناکەم ببم بە مێرولەیەک.".. منیش بەدەم یاری کردنەوە فەرمووم؛ جا کوڕی من ئێمە گشتمان مێرولەین لەچاو مەخلوقاتی لەخۆمان مەزنتردا.. تۆش مێرولەیەکی خێر خواو بچووک و هۆگری ژیان و کاریت. ئەگەر بێت و بتوانیت مێرولەیەک لەسەر پەنجەی شایەتمانی خۆت ڕاگریت، ئەگەر مێرولەکە هەست بە ئامان و دڵنیایی بکات، ئەوسا لێت دێتە گفتارو بۆت دەدوێ و

وەڵامی پرسیارەکانت دەداتەوە. ئەوسا نوێژ بۆ کەرامەت و شکۆ و دەسەڵاتت دەکات و بۆت دەچەمێتەوە.. گەر هیچیش نەڵێت، ئەوا لە ترسی شکۆی تۆ نادوێت، چونکە مێرولەکان بەبێ چپە خواکان دەپەرستن. ئەوان چپەیان لێوە نایەت.

ئەمە کورتە باسێکی ڕۆژانەی ئامۆژگاریی منە، کە ئامۆژگاریی کۆرپەکانمی پێ دەکەم.. چونکە یەکەمیان حەزی لە گیتار ژەنین و دووەمیان حەزی لە هونەری وێنەکێشانە.. دەشێت نەزانن ئەوان چەند جوان و بێخەوش و ژێر دەست بۆ کاڵای هونەری واتە ئینسترومێنت و ڕەنگەکان دەبەن.

کوڕە بچکۆلەکەم هەندێک بەیانیان کە لەخەو هەڵدەستێت، قووتووی ڕەنگە قەڵەمییەکان و کاغەزێکی سپی دەهێنێت و بەدەم زمان دەرهێنانەوە وێنەی ئەو دەعباو دێوانەی شەڕ دەکێشێت کە لەکەناڵی پەخشە ئاسمانییەکاندا بۆ منداڵان پەخش دەکرێت..پاشان وێنەی ئەو دێوانە دەکێشێت کە خۆیان لە ناو ئاودەست و مەکتەب و کۆڵانەکاندا مات داوە و شەڕ بڵاو دەکەنەوە و بەناوی خواوە دژی ئایین – دژی ڕەگەزێکی تر- دژی باوەڕەکانی تر فەلسەفەی نەخۆشی دەبەخشنەوە و دەیانەوێت منداڵەکان فێری نا پەرستن بکەن.. باسی دەسەڵاتی شکۆی خواکانی خێر ناکەن و تەنها شەڕیان کردووە بە کاڵای بازاڕەکانیان.

منیش بەو دەڵێم، ئەوەی سزای کەسێک بە خۆڕایی بدات، سزای دەدرێتەوە. ئەوەی لە جوانی تێنەگات دەرونی پیس و نەخۆشە.. بڕوانە کوڕم مۆسیقا و هونەر دوو خوشکن- یان دوو بران- یان هەردوو نەژادی نێرو مێن و دەتوانن دەست بەرن بۆ هەستی بوونەوەر.

منداڵەکانم کاتێک کە لەهونەردا سەرقاڵ دەبن، سارا تەماشای هەستی ڕەزامەندێتیی من دەکات.. تێدەگات و باوەڕ ناکات کە هونەر و مۆسیقا دوو دەستە خوشکن یان دوو بران- یان هاوسەرو ژن و مێردن- ئەگەر بێت و مرۆڤ برەو بە هونەر بدات، گرەو لە ترس و نەخۆشی و مەرگ دەباتەوە. چونکە هونەر لە ئازادیدا دەژی. بەڵام ئەو تێناگات، چونکە باوەڕی بە ئازادی نییە و مرۆڤ بە کۆیلەی سیستەم و فەرمانی داد و پۆلیس دەزانێت. منیش بەو دەڵێم.. هونەر باس لە ئازاد بوونی مرۆڤ دەکات نەک دێو و دێوپەرست. چونکە لەو سیستەمەدا کە بلیمەت جێگەی لەقە و بە نەخۆشیی دەرونییەوە دەتلێتەوە. سیستەم کۆڵەوارو نەخۆش و دادو یاسا و هێز هەڵەن بەرامبەر بە گیان و گەشەی کەلتور. چونکە سارا لە دەست بەسەریی من سەری سوڕماوە! تێناگات بۆچی سیستەم منی لەناو ئەم زیندانەدا توند بەستۆتەوە و نایەڵن دەنگ و ڕەنگم بە گێتی بگات! ئەو باوەڕی بە خۆی کەمە- کاتێک کە تەماشای کەرامەتی من دەکات.. وا دەزانێت سیستەم زۆر لەمن بەهێزترە و دەترسێت. منیش بەو دەفەرمووم: مەترسە، من بە هەڵەدا نەچووم.. من لە سەردەمێکی نامۆدا لە

دایک نەبووم و خۆم بە مرۆڤێکی ڕاست و کەلتورناس دەزانم و دەزانم بۆچی هاتوومەتە ژیانەوە و بۆچی مەبەستێک لە دایک بووم.

بەو دەفەرمووم، مەترسە، بەڵام سیستەم و داد و ماف چاوەڕوانی دەم داپچڕینی بەڕێزتانە تا بەرگری لە مافی ڕەوای من بکەیت. ووتی: تۆ هەمیشە چاوەڕوانی ئەوانی تریت داوای مافت بۆ بکەن. فەرمووم: بەڵێ چونکە ویستی گەل و باوەڕی گەل و هەستی گەل نەبێت، ئەوا هونەر مافی نابێت. چونکە من هەم و دەژیم و دەزانم کە خاوەن بەهرەو هەستی جوانیم، بەڵام هزری گەلی جێگەی من لە یادو باوەڕی خۆیاندا ناکەنەوە. بۆیە منیش چاوەڕێم.. پاشان هەڵە نییە گەر مرۆڤ چاوەڕوانی یاریدەی ئەوانی تر بێت، هونەرمەند هەمیشە بەوانی تر کەرامەتی گۆش دەبێت. ووتی: ئەی بۆچی تۆ مەحکوم کراویت بە زیندان؟ فەرمووم چونکە من پشتم کردۆتە شەڕ و لە ئازادی و جوانی و وەفاو عیشق دەدوێم. چونکە من باوەڕێکی تایبەتم بە گیانی جوانیی موتڵەق هەیە. ووتی: بۆیە نان نییە بیخۆیت؟؟!

فەرمووم: ئەگەر لە برسا ڕۆژێک زووتر بمرم، زووتر دەگەم بە هەمیشەیی.. چونکە من دەزانم کە من ئەرکی خۆمم بە دڵسۆزانە لە ئەستۆ گرتووە.. دەزانم کە چارەنووسم بۆ کوێ دەچێت. ووتی:" وایە دەشێت قسەی زل گەردونی هونەری دروست کردبێت!".. فەرمووم دەشێت، بەڵام دڵنیابە بوونەوەر لە برسێتی و شەڕ و تەماح و کڵاونانە سەر ئەوانی تر نادوێت. ئەگەر هونەر نەبێت ڕێسی ماف و یاساکان و سیستەم تێک دەچێت هاو نەزمی و هارمۆنی لەناو دەچێت و شەڕ قەبارەی زۆر زل تر دەبێت. چونکە مرۆڤ باوەڕی گەندەڵ دەبێت، کاتێک لە درۆکانیدا غەرق دەبێت. ئەوسا سەرما گەرمای دەبێت.

مێرولەیەک فەرمووی: بەدکارترین دوژمنی مرۆڤ بێباوەڕییە، بێ باوەڕی مرۆڤ پەست و نەخۆش و ناشرین و هار دەکات.. هەندێک لە هونەرمەندان هەن تا ڕادەی توڕە بوون شێتگیر دەبن، چونکە ئازادییان داگیر دەکرێت. چونکە ژێکان یان سێوەکانی قوڕگی ئادەم وا خەریکن دەپسێن.. یا سێوەکە لە گەرویاندا لەتاو کەمدوویی و تەنهایی و عەبەس وا خەریکە بۆگەن دەکاو دەڕزێت.

* * *

بەم جۆرە ڕۆژەکانی ئەمساڵی کۆتایی، ئەمساڵی دواییتان بۆ دەگێڕمەوە لە باسی ئەم هەژدە ساڵەی تەمەنم، چونکە بەڕاستی، ئەگەر بێت و مرۆڤ وەک من بتوانێت چرکەکان لغاو بکات، زۆر بە ئاسانی باوەڕ بە ئەفسانەکان دەهێنێت؛ چونکە کردەوەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا لە ئەفسانە نزیک بۆتەوە. بەڵێ، مرۆڤ توانیویەتی بەسەر پلیکانەکانی زانستدا چەند پلەیەک ببڕێت. بەڵام هێشتا چەند زانستێکی تر ماوە کە مرۆڤ و دێوەکانیش بۆنیان پێوە نەکردووە. زانستێک ماوە کە هیچ دەربارەی نازانن، ئەویش زانستی خامۆشە کە نوح پێتانی دەبەخشێت لە زمان و دیدەگای منەوە.. لەو زانستەدا مرۆڤ دەتوانێت پاکژ بێتەوە- واز لە بچوکترین خانەی نەخۆشی دەهێنێت و ئاسۆی زانست هەست پێدەکات. ئەوسا زانست دەرگاکانی دەخاتە سەر پشت.. ئەوسا دەگەن بەو کەرامەتەی کە من نمایندەیی دەکەم.

بۆیە من دەزانم دێوەکان ڕێگەم نادەن بە ویستی خۆم کار بکەم و بژیم و سەفەر بکەم.. کۆتی کەلتورێکی جیاوازیان کردۆتە دەست و پێم و بە ئەشکەنجەی دەرونی و بە تەنهایی مەحکومیان کردوم و ناچارم دەکەن لەسەر تەپڵەکەکانی ئەم شوێن و ئەو شوێندا بۆ قنە جگەرە بگەڕێم و دەتانەوێ بەزۆر توشی نەخۆشی و زیلەت و درۆم بکەن- تا بەزەیی خۆیانم نیشان بدەن.. بەڵێ مرۆڤ لە دێو و دێوپەرست خراپتر بێ دادیم بەرامبەر دەکات، لەگەڵ هەر کەسێکدا دەدوێم، سبەی سەگێک دەکڕێت و پێم دەوەڕێت! مەحکوم کراوم بە هەموو ئەو تاوانانەی کە نەمکردوون و دەیانەوێت بە زۆرەملی ناچارم بکەن تا دزی بکەم- هێندە گەندەڵن کەسانێک کە مرۆڤ ناچار دەکەن لە ترسا هەر ناهەقییەک بەرامبەر بە خۆی و بەرامبەر بەوانی تریش بکات. نایەڵن مرۆڤ خاوەنی کەرامەتی خۆی بێت.. من تەنها لە پێناوی ئەوەدا بتوانم لێیان نزیک ببمەوە، درۆو دزیشم کرد- تا حەشیشیشم کێشا، تا دڵنیایان بکەم کە من لەهەر دۆخێکدا بژیم.. ڕسوا یا ڕەزیل و سەفیل.. برسی و نەبوو یان هەر ناجۆرییەکی تر؛ هەر خاوەن ئەم کەرامەتەم لە ناوەڕۆکەوە. دەشێت ژیان مەبەست نەبێت. بەڵام ڕاستی لە ئێوە مەتینترو ڕوناکبیر ترو بەهێزترو مەزنترە. منیش خاوەنی گیانی باوکی پیرۆزتانم.. جا چیتان لەدەست دێ لە ناهەقی بیدەن بە ڕوخسارمدا.. چونکە ئێوە فێرن کە جوانییەکان نابینن.

نازانم، من لێتان تێناگەم بۆ، ئێوە دەرونتان پڕ بووە لە تاریکی و ناهەقی و ڕەشبینی!؟ تێناگەم بۆچی بزەی سەر لێوی فریشتەکان دەتورێنن لێم؟ بۆ نایەڵن کەس بەدەم بێگانەوە پێبکەنێت؟ بۆ؟ خۆ گوناح نییە!

ئایا ئێوە دەزانن گوناح چییە؟ گوناح بریتی نییە لە خۆشەویستی و هەستیاری و هاودەمی و ڕێز- بەڵکو گوناح پڕە لە قین و فیتنە و دەردو نەخۆشی.. ئێوە دەچن بە چەک وبە شەڕ وبەزۆر ئایینەکانی ترو باوەڕی میلەتانی تر دەگۆڕن. ئێوە ئەسڵەن

بۆتان نییە بەمن بڵێن پێت خوار داناوە و خوانەخواستە لە یاسا لامداوە.. چونکە یاساکانتان ملکەچی درۆ و بوختان و نەخۆشی و ناهەقین. من باوەڕم بە نەریتی دادپەروەریتان نییە- چونکە ئێوە دزن.

جا باسی چرکەکانی ژیانی دواهەمین ساڵی تەمەنم لە وڵاتی بەفر، تەواو نابێت. چونکە من تەسلیمی تەنهایی بووم، نەمدەتوانی بچم بۆ لای هاوڕێکانم.. هاوڕێکانیشم زۆربەی کات کەمتەرخەم و هەلپەرست و بێ سۆزو بێهەست بوون بەرامبەرم.. چونکە لەسەردەمی درۆدا مرۆڤی ڕاست لەناو کۆمەڵگەدا شێت دەبێت، خۆی دەکوژێت، موعتاد دەبێت- دەبێت بە قاحبە و حیز و لە پێناوی ئەوەدا مافی ژیان بۆ خۆی زامن بکات- پەنجە بە قنی خۆی و ئەوانی تردا دەکات و بە دەمپیسی دێت و دەچێ و دەخواتەوە و شەڕ دەکاو نەژادی خۆی و کەلتورو زمانی خۆی لێ تێکدەچێت و ڕسوا دەبێت لە خۆیدا.. ئێوە ڕێگە دەدەن مرۆڤەکانتان وەها بژی و وەها ئازاد بێت و وەها لە شکۆی پیرۆزیی خۆی تێبگات! بۆیە کەسانی وەک من جێگەیان نییە و هاوڕێیان کەمەو کەمکەس سەریان بۆ دەلەقێنێت.

ڕۆژێکیان هەواڵەکانی تەلەفیزۆن ڕایگەیاند کە دوو لەقلەق سەریان لێ شێواوە و لەبری گەرمیان ڕویان لە کوێستان کردووە. کەس هیچی دەربارەی ئەو هەواڵە پیرۆزە باس نەکرد! من سەیرم لێ دەهات.. چونکە من چەندساڵێک لەوەو بەر باسی هاتنی حەزرەتی لەقلەقم بۆ وڵاتی کرێوە کردبوو ..

ڕۆژەکان هەم بە ئاسانی و هەم بە سەختی بەسەر مندا تێدەپەڕین.. چاوەکانم خەریک بوون کوێر دەبوون، چونکە ساڵانێک بوو تووشی نەخۆشیی شەکرەش بوبووم.. تەنها دەمتوانی چاودێری منداڵەکانم بم و تەماشایان بکەم و لێیانەوە فێر بم. چونکە ئەوان گیانیان لە گیانی من تەندروست تر بوو.. دەمویست بینینی ئەوان وێنە بگرم و لەژێر تیشکی خۆردا بیریان لێ بکەمەوە. چونکە زانستی خامۆش لەوانەوە فێر دەبم.. گەرچی لە دۆخی پێچەوانەدا ئەوان لە منن.. بەڵام من لەواندا تەماشای ئادەم و حەوا دەکەم.. هەست دەکەم ئەوان دایکیان نییە یان دایکیان کەمتەرخەمە.. ئەمەش بە گلەیی ناڵێم، چونکە حەزرەتی سارا هێندە بێ ڕەحم نییە، بەڵکو کەمێ کەم هەستە.

بۆیە ڕۆژێکیان بە تەواوی قینم لە هەموو شتێک هەستا، چونکە توانام نەما بەرگەی ئەو هەموو ساڵانە بگرم لە ژیانی تەنهایی بێکاری لە زینداندا.. دەعوام ئاڕاستەی وەزارەتی پشتگیری لە ناهەقی مامەڵە کردن-کرد و شکاتم کرد لە وڵاتی بەفرو ئەوانم تاوانبار کرد بە ڕاسیست. ئەوانیش پاش هێنان و بردن و جەڕاندن- داوایان لێ کردم بچم بە میوانییان تا باسی دادو یاسای وڵاتی بەفرم بۆ بکەن. منیش ڕاستەوخۆ ڕامگەیاند بە شانازییەوە گەر ئەرکی مالیی سەفەرەکەم بخەنە ئەستۆی خۆتان. چونکە من پارەم نەبوو تا بچم زانستی ناهەقی فێر بم. بۆیە لەوەڵامدا بەوانم فەرموو:

ئێوە شایانی ئەو کارە نین کە دەیکەن، شەق لە خۆتان هەڵدەن لەسەر کار- پاشان وەک نامەی ئەلەکترۆنی بۆم ناردن کە ئەوان دەبوو بەشەرەفەوە داوەتی من بکەن تا لەخۆم ببورم و بچم باسی داد و یاسا و یەکسانی و حەقیان بۆ بکەم. چونکە من هەژدە دانە ساڵ هێندە ناهەقیم دیبوو کە هەندێک جار حەقم لە بیر دەچووەوە.. چونکە ماندو بوبووم. هەندێک جار وا هەست دەکەم( کە ناهەقیکردن دەرهەق بە من، ناهەقی کردنە بەرامبەر بە هەموو جیهان و مرۆڤایەتی و هونەر! نازانم بۆ؟! بەڵام هەر لە منداڵیمەوە، هەمیشە هەستم بەوە کردووە، کە حەز ناکەم ناهەقیم دەرهەق بکرێت. ئەگەریش ناهەقی بەرامبەر بە کەسێک بکەم؛ مانای وایە حەقی خۆیم پێ داوە.. چونکە من هەرگیز حەزم لە ناهەقی نەبووە و ئەگەریش هەڵەی لەو جۆرەم کردبێت، ئەوا زۆری نەبردووە کە داوای لێبووردنم لە بەرامبەرەکەم کردووە.)

بەڵام هەموو گیانم هاواری دەکرد، کۆی خانەکانی لەشم تکایان لێ دەکردم تا بگەڕێمەوە بۆ کوردوستان.. هەر بۆیە ئەو کارەشم کرد.. ناسنامەی وڵاتی بەفرم گەڕاندەوە بۆ دەوڵەت و وازم لە کەسایەتیی مەحکومکراو هێنا.( ئەم هەڵوێستەمم لە قاڵبی ڕۆماندا داڕشت.. ڕۆمانێک کە ناوی: ئازادی لە عیشق پیرۆزترە- و لە ماڵپەڕی پەرتووک و دەنگەکان و نووسەری کورددا بڵاوم کردەوە- لە سەرەتای ئەم کتێبەشدا باسم لەوە کردووە.)

ئیتر بەڕاستی بوومە بێ وڵات و بێکەس و بێ هاوڕێ و بێ ئاڵا.. چونکە کەس ئامادە نەبوو تەلیسمی ترسەکانی بشکێنێت یان بدرکێنێت لە پێناوی ڕاستگۆیی مندا! کەس مەیلی گەڕانەوەی نەبوو بۆ وڵاتێک کە جەلادە بەعسە خوێنخۆرەکان هێشتا تینوون و بە خوێنی منداڵانی کورد دەژین. کەس حەزی لەباسی گەڕانەوە نەدەکرد.. ترسابوون لەو هەموو شەڕەی تورک و عەرەب و فارس و ڕوس و ئینگلیز بە کوردیان دەکرد.. تۆقیبوون لەو هەموو جەلادانەی کە ئەوروپا ڕەوانەی کوردوستانیان دەکرد.. ترسم لەچاوی گەورەو بچوک و ساراو منداڵەکانی خۆشمدا دەخوێندەوە! لێتانی ناشارمەوە خۆشم زەندەقم چووبوو لە تەماشای ئەو دێوانەی کە زمان و سەری بێتاوانیان دەبڕی و ناوی خوایان دەهێنا!

ئەو کافر بابانە لە سەردەمی حەزرەتی نوحەوە کورد دەکوژن و کورد سەر دەبڕن و کورد داگیر دەکەن و خوێن خۆری دەکەن! ئیتر باسی هاوڕێ و خزم و کەسی چیتان بۆ بکەم! باسی کام نیشتیمان و خاک و شارو وڵات!؟ من بابایەکم خۆم بە عیراقی و تورک و فارس نازانم و ناتوانم ببم بە جاشی ئەو دێوانەی کە بە ناهەق خوێنی گەلم دەمژن و بازاڕەکانی ئەورووپاش هەر خەریکی زیاتر فرۆشتنی چەکن بەوان.. تەنانەت وڵاتی نەرویجیش بەبێ هیچ هۆیەک دوژمنی گەلی کوردە و بیریان نایەت کە کاوەی ئاسنگەر خوودی تووری تەورلەدەستە!

جا با باسی کاک هاوڕێیەکتان بۆ بکەم چەن زەلیل بوو بۆ تامکردنی ژیان لە ئاوارەییدا!

ماوەیەک دوای ئاسایی بوونەوەی کات، ڕۆژێکیان چووم بە میوانیی بابایەک کە دەمناسی، کوڕێکی کوردی ئاوارە-ی لە شیعرێکی وەفایی دەهێنایەوە یادم کە دەڵێ:" لە ڕۆما کەوتە بەر چاوم لاوێکی ئەوین و حەیران.. بە ڕەنگا تێگەییم کوردە، بە شێوەی کوردی کوردوستان.. کە چوومە بەر دەمی و پرسیم برادەر خەڵکی کوێیت؟ گریا، ووتی: بابان. ووتم بابان؟!هتد..."

ئەو هەندێک ڕەوشتی هەبوون جوان بوون، کەچی لەپڕ ترس دەهات و ڕەوشتی ئەوی دەقەپاندو وەک بابایەکی بە خۆ نامۆ لەگەڵ مندا دەدوا، و هەندێک جاریش دەوەڕی!.. هەڵبەتە دەربارەی باسی گەڕانەوە بۆ کوردوستان.. ڕۆژێکیان ووتی:" گوێ بگرە هاوڕێ با من باسی نەگەڕانەوەت بۆ بکەم، چونکە من نامەوێت تەرمەکەشم بگەڕێتەوە بۆ کوردوستان. هەردو چاوەکانی پڕ دەبوون لە ترس و تۆقین و دەیگوت:" بڤەیە باسی مەکە- ئەوەی زمانی بە شیش بسووتێ، فوو لە دۆ-ش ئەکات . من قاییلم بەژیانی ئاوارەیی و دورەکەسی و بێ هاوڕێی و یادەکانم. من دەمەوێت لەناو بێگانەدا بمرم، چونکە کوردوستان نە هی منە، نە هی تۆ. چاک بزانە من ئەگەر بێت و لەم وڵاتەدا ناسنامەی سەگم بدەنێ و پەتێکیش بکەنە ملم و کاری وەرینیشم پێ نەدەن- ئەگەر هەموو تەمەنم لە ژیانی سەگێکدا پێ ڕەوا ببینن و نەهێڵن کەمترین ئازادیشم هەبێ- ناگەڕێمەوە بۆ کوردوستان. بڤەیە بڤە!"

ئەو قسانەی بە هەڵمەتی پاڕانەوە و بە سوربوونێکی پڕ لە ترسەوە بە من دەگووت و وەک جەنجەری دەبان ووشەکانی گیانمی زامار دەکرد و دادەدڕی. گەرچی ڕێزم هەبوو بۆ قسەکانی، بەڵام ماوەیەک لێی دور کەوتمەوە.. نەمتوانی ڕێزی مرۆڤێکی تەندروستی لێ بگرم.. بەڵام ئەنجام لەو خۆش بووم. دەرئەنجام لێی زویر بووم. چوونکە هەستم دەکرد هێندە ڕەنجەڕۆ و بریندارو سزا دراوە کە ناچار بووە پشت بکاتە هەموو ڕەسەنایەتییەک، چونکە پێدەچوو یەک زەڕڕە جوانیی لە ژیانی کوردوستاندا بە چاوان نەبینیبێت!

ئەمانەو زۆری تریش لەو بارەیەوە.. بە هەر کەسێکم دەگوت نیازمەندم بگەرێمەوە؛ دەتۆقی و دەچووە ناو قاوغێکی ترسەوە.. تەنانەت هاوسەرەکەشم دەترسا! هەر یەکەو بە جۆریک تەگەرەی دەخستە پرۆژە و ڕێگەی بیرکردنەوە و هەستیاریمەوە.. بۆیە منیش ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵی پار؛ پاسپۆرتەکەم ناردەوە بۆ مەلیکی وڵاتی بەفر و پاشان داوام لە وەزارەتی بێگانە کرد چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا ساز بکات.. ئەوان سپاردیانم بە ڕێکخراوی گەڕاندنەوەی پەنابەرانەوە.. جا منیش چییدی پەنابەر نەبووم و لە وڵاتی بەفر من هاووڵاتی بووم،، بۆیە وەزارەتی گەڕاندنەوەی پەنابەران

به ساغی و به ڕۆشنی له مەسەلەی گەڕانەوەی من تێنەگەیی.. چونکە من مافی گەڕانەوەم هەبوو! ئەوان لە لایەنە شاراوەکەی باسەکە نەدەگەیین.. چونکە من توانای گەڕانەوەم بە پێ بۆ کوردوستان لەدەست دابوو.. چونکە کەس پشتگیریی لێ نەکردم.. هەروەها پارەی گەڕانەوەشم نەبوو! بۆیە دەمویست سیستەم بیرێک لە باری ژیانم بکاتەوە. چونکە من شکاتم کردبوو، چاوەڕوان بووم قەرەبوو بکرێمەوە. چونکە من جگە لە مافی بەسنور هەرگیز مافێکی ئەتۆم پێ نەدراوە و حەزم نەکردووە ماف بەزۆر و بەشەڕ لەوان بستێنم.

سەرتان نەیەشێنم کەس هەستی بە داخوازییەکەم نەکرد.. کەس تێنەگەیی کە من دەمەوێت هەڵوێستێک نیشانی میلەتی نوح بدەم و یادیان بهێنمەوە کە ئەوان کێن و چی دەکەن! دەمویست دەنگم بگەیەنم بە ویژدانی سڕی ڕۆژئاوادا، دەمویست هەموو جیهان ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە تا دڵنیا بن لە تەندروستیی من. چونکە من بە شێتی مەحکوم کرابووم لە کەلتوری وڵاتی بەفردا لە نەوێژ.. هەر لەیەکەم ڕۆژەوە خەتمیان دابوو لە ناوچەوانم- خەتمی ( بێگانە) دوژمنی خواو ژیان و مرۆڤایەتییە- وایان لەناوچەوانم خەتم کردبوو.. هەژدە دانە ساڵ بە هەر کەسێکم فەرموو تۆ دەکەم بە هاوڕێ، ئەو لە نەخۆشەکانیان پیستر ڕەفتاری بەرامبەر کردم و پشتی تێ کردم! ماندوو بوبووم- هێندە ماندوو؛ نەبێتەوە.

تەنانەت داوای یاریدەم لە ڕۆژنامەوانی کوردیش کرد ..تا نامە کراوەکانم کە بۆ سەرۆکەکانم دەنارد بڵاو بکرێتەو- تا بەشکو پیاوچاکێ- یا فەیلەسوفیکی کورد یان ئەدیبێک پشگیری لە مەسەلە و پرۆژەی گەڕانەوەی من و هەزارانی وەک من بکەن! کەچی هیچ هەواڵێکم نەبیست. ئیتر نازانم من دیار نیم و کەس نامبینێ و کەس نامبیستێ! یان ژیان مەحکوم کراوە بە هەڵە داوەری کردن و گەندەڵی و بێ یاسایی! زۆر ماندوو هەراسان بوبووم بەدەم ئەم بیرانەوە. بوبووم یان ڕۆژانە دەبووم بە هەزار کەرتەوە.. دابەش دەبووم، هەندێکجار شێت، هەندێکجار عاقڵ، هەندێ جار دەبووم بە نوح، دەبوومەوە بە خۆم، و پاشان خەوم بە مام خدرو پیرشالیار و خواو خواکان و پێغەمبەرەکانەوە دەبینی و هەندێکجار ئامۆژگاریی خێزانەکەمم دەکرد و هەندێک شەویش وەسیەتنامەم دەنووسی! شەو و ڕۆژ بە دیار ئەم شاشەیەوە وەک مشک قرتەم دەهات و باسی داستان و چیرۆکەکانی خۆمم لە سەفەری گەرانەوەی خەیاڵی و خەواڵودا دەکرد و دەنوسییەوە.

هەموو چرکەیەک سەفەرێکم دەکرد و سەرێکم لە براو خوشک و هاوڕێکانم دەدا و کەمێک باسی لەقلەق و جاڵجاڵۆکەم بۆ منداڵانی کورد دەکرد و هەر بە خەیاڵ مێرولە خەیاڵییەکانم نیشانی منداڵان دەداو فێری زانستی خاک و خۆشەویستی و دلێری و داستانی ژیانم دەکردن.. هێندە ماندوو بووم لە خەو بینین بە پێغەمبەرەکان و

حەزرەتەکانەوە خەریک بووم بەلادا دەهاتم. نەمدەزانی چی بکەم.. چونکە دڵنیا بووم کە ناتوانم بەبێ منداڵەکانم بژیم و تەنها سەعاتێک بەرگەی دورییان بگرم. چونکە من ئەوانم تا ڕادەی پەرستن خۆش دەویێت.. ئەوان منێکی ترن و ناهێڵم وڵاتی بەفر ئازاریان پێ بگەیەنێت.. نایەڵم لەو زیندانەدا ڕەق ببنەوە؛ نایەڵم نا- ناچاریان بکەن خۆیان بە نامۆ و بێگانە و نەزان و سەر ڕەش تەماشا بکەن و بکەونە قورگی نەزانییەکانی ئەم سەردەمەوە.

وەها کاتەکانم وەک کیسەڵێکی سپی دەڕۆی و حۆل بوو لە کێشەبڕکێیدا لەگەڵ کەرویشکە باییە چوست و چاکە تیژڕەکەدا.. سەرکەوتنی خۆمم وەک سەرکەوتنی کیسەڵی ناو فلیمی کارتۆنەکە دەهاتە پێش چاو.. هەستم دەکرد بە خەویش سەرکەوتو نابم لە سەفەری گەڕانەوەدا. چونکە لێتانی ناشارمەوە لە قوڵایی دڵەوە زۆر دەترسام. هێندە دەترسام؛ نەبێتەوە.. لە چی؟

لە زۆر ڕەوشتی گەندەڵ و ناپەسەندو ناجۆر.. لە زۆر دێوی برسی و بێ کەرامەت و بێ ویژدان.. دەترسام لە بوختانە کۆنەکان.. چونکە لە کەلتوری ئێمەدا ئەوەی هەڵەیەک بکات، تا ماوە مەحکومە بە دزێوی و لێخۆش نەبوون.. تۆڵە سەندنەوە بووە بە کەلتوور؛ هێشتا لای ئێمە لێبوردن لە دڵ پیس بووندا گۆش دەبێت.. دڵپیسی و خیانەت و ڕیایی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی گێتیی پڕ کردووە.. نەک تەنها کوردوستان بەڵکو هەموو جیهان دوچاری پیس بوونی ژینگەیی بووە.. دەشێت ئێستا بزانن بۆ باس لە پیس بوونی ژینگە دەکرێت.. چونکە زاناکان تێگەیشتوون کە پیس بوونی ژینگە، مانای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی تەکنەلۆژی و بەرهەمهێنان و بازاڕەکانە.. چونکە گیاندارەکان بەو شەڕانە ناوێرن کە دوچاری دەبن.. چونکە شەڕی سروشت و حەشەرەو ئەتۆم و نانۆ بەرەو قڕبوونمان دەبات. چونکە مرۆڤایەتی بەرنامەی هەستیی تێک چووە.. بووە بە دێو و شەڕ دەست لە ئێخەمان بەر نادات. چونکە وەک فەرمووم: مرۆڤ بە هەموو چەکێک لە خۆی دەدات.. لەو شەڕەشدا دۆڕاو دەبێت. بەهێزترینمان لە پێشدا نغرۆ دەبێت. جا چاوەڕوان بن تا بە چاوەکانی خۆتان دەبینن چۆن و بەچی لەشکرێک دوچار دەبن.

هەستم دەکرد تا دیت زیاتر لەناو شەختەلانی وڵاتی بەفردا هەڵدەلەرزم و بەرەو دیار نەمان هەنگاو هەڵدەهێنم.. هەستم دەکر، چاتر وایە بڵێم خۆزگەم بە مردن دەخواست.. لە قوڵایی دڵەوە ئاواتە خواز بووم کە نوستم، گیانم بە مەرگ بسپێرم.. هەموو کاتێک کە ڕادەکشام بانگی مەرگم دەکرد. چونکە باوەڕم هێنا کە من لەناو گەلێکدا دەژیم کە مەحکومم بە شەڕ و ئەوان هەوڵ دەدەن توشی شەڕم بکەن. بۆیە نەمدەزانی چی بکەم! شەکەت و ماندو تەنها ئاوێنەکەم یان منداڵەکانم شک دەبرد تا هەست بە ڕۆشنایی بکەم. گەڕانەوەم لێ بوبوو بە نەخۆشیی خوو.. خوویەکی هەمیشە دووپات.

هەندێک شەو تا دەمەو بەیانیان بەدیار تەلەفیزۆنی زاگرۆسەوە دادەنیشتم تا ماندوو دەبووم.. برسی دەبووم بۆ ژیان کاتێک کە سروشتم دەدی.. کاتێک کە ژیانی دێهاتی و خەڵک و خوام دەدی. بەڵام کاتێک کە چیرۆکی ژیانی لاوان و ئافرەتان و پیرو کەنەفتەکانی کوردوستانم دەبیست.. سڵم دەکردەوە و هەندێ جار دەچوومەوە قاوغەکەی خۆم.. چونکە هەڵەبجەم هێشتا بە وێرانی دەدی.. هێشتا کوردم دەدی مێشک و گۆشت و خوێنی بە ئاسماندا هەڵدەپژێ و تیرۆریستەکان مافیان بە مرۆڤی کورد نەداوە هەست بە ژیان بکات! هەستم دەکرد کوردوستان لەناو چنگی دێوەکانی بەعس و تورک و فارس و ناتۆ و ئەمریکادا دەفلیقێتەوە.. هەستم دەکرد ژیان و جیهان بەم زوانە قڕ دەبێت گەر میلەتی نوح بەو جۆرە ڕسوا بمێنێتەوە.. هەستم دەکرد دەبێت هاوار بکەم و بنەڕێنم بەسەر هەموو جیهاندا و بڵێم: ئێوە تاوانبارن بەرامبەر بەو ناهەقییەی کە مێژو بەرامبەر بەگەلی نوح-ی کردووە.

لەبەر ئەوە خەجاڵەتم هەندێک جار کە بەدەم زیدە خەوەوە شێتگیر دەبم، خۆمم لێ دەبێت بە ڕزگارکەرێکی مەزن.. خەو بە هەموو پێغەمبەرەکانەوە دەبینم و بە هەموو زمانێک باسی ماف دەکەم و دەبم بە پێغەمبەری هەموو گەلانی جیهان- خوا بە هەڵەم نەگرێت هەندێکجار خەو بەخواوە دەبینم و دەنگێک لە گەروی بوونەوەرەوە بە تیشکی سپی لە خەونەکانمدا ڕامدەچەنێنێت و پێم دەڵێت: تۆ دەتوانی ببیت بەخواش لە پێناوی ئازادکردنی ژیاندا.. سیمای بوون و ژیان وباوەڕم لەبەر چاودا سپی دەبێت.. لەخەونەکانمدا- وام لێ دەهات کە هەستم دەکرد شێت دەبم.. چونکە تێنەدەگەیشتم چۆن تیرۆریستەکان بە ناوی خواوە سەری ئەو هەموو مرۆڤانەیان دەبڕی!
نەمدەزانی بۆ لچ و لێوو زمانی منداڵ و ئافرەتانی کوردیان بە ناوی خواوە دەبڕی.. تێنەدەگەیشتم بە سوودی کێ؟ بۆ؟ لەبەرچی مام و براو باوک دەبوون بە جەلادی ئافرەت و کچ و خوشک و دایکی خۆیان دەکوشت و دەسووتان و لەناو دەبرد؟
تێنەدەگەیشتم چۆن میللەتی من هێندە دڕندانە و نەخۆش و بێبەزەیی و ڕقئەستوور بەردەبارانی دۆعایان دەکرد و ئاشتی و هەوارو سەرگوڵ و چیمەن و بەهاریان دەکوشت و دەسووتان!!

بۆیە توانام نەمابوو بەڕێ بکەوم! چونکە شەوو ڕۆژەکانم تێکەڵ بەیەکتری بوبوو. گلەییم لە هاوڕێکانم تەنها ئەمەیە، کە کەسیان دانیان نەنا بە ڕاستی و پیرۆزی سەفەری گەڕانەوەما.. لەولاشەوە نەخۆشیی شێرپەنجە هاتبوو بە میوانیمان و مەمکی هاوسەرەکەمی قەپاند! ئەوەش لەولاوە بووەستێ! چونکە بارو دۆخی ژیانمان وەها گۆڕا کە چییدی دەسەڵاتمان نەبوو کەمترین بڕیار بدەین.. تەنانەت من مافی بیرکردنەوەشم لێ زەوت کرا.. چونکە ڕۆژەکانمان بە سەختی بەڕێوە دەچوو لە زیندان. تا ئەو کاتەی هەڵۆی تیشکی سپیم بینی و دیوارەکانی دەورنمی ڕۆشن

کردەوە. بەچی؟ بە ئومێدێکی بچوک. بە هەستێکی وردیلانەو جوان بە بچوکترین هیوا. بە ئومێدێکی لە خەوا!

مێرولەکان پێکەوە بە ئاوازێکی سیحرین و کۆراڵ فەرموویان: هەندەران سەبوریی مرۆڤ دەشێوێنێت. مرۆڤ هێندە ملکەچی ویستەکانی دەکات، کە لەتاواندا دەشێت، بچێت بە گژ خواکاندا. چونکە مرۆڤ نابێت دیار و مەملەکەت و عێلی خۆی وازلێبهێنێت. مرۆڤ بۆیە دێتە ژیانەوە تا هەست بە حورمەتی کەرامەتی خۆی بکات، لەسەر ئەوبستە خاکەی کە تیایدا لەدایک دەبێت. مرۆڤ دەبێت بە وەفا بێت بەرامبەر بە دیارو مەملەکەتی خۆی. ئێمە مەملەکەت و هۆزو گەلی خۆمان خۆش دەوێت. مرۆڤ ناچار مەکەن وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت. ئەی حەزرەتی نوح؛ بەهاوڕێ و دراوسێ و شارو گەڕەکەکان و وڵاتانی جیهان بڵێ: بگەڕێنەوە ناو دیاری خۆتان. چونکە خوا غەزەب لە هەمووتان دەگرێت. خوا بەرگەی داپڕانی مرۆڤ ناگرێت لە دیاری خۆی.. چونکە ئادەم و حەوا ئەم زەمینەیان لە لەشی خۆیان دروست کرد- ئاو خودی حەزرەتی حەوای دایکە و زەمینیش لەشی ئادەم (یان بە پێچەوانەوە!).. هەواکان هەناسەی ئادەم و حەوان- لێتان تێک نەچێت. ئێمە سرۆشی داهێنانین لە گیانی تۆدا ئەی حەزرەتی نوح.. چونکە هەست بە ژانی زیندانبوونت دەکەین. بۆیە پەیام بە جەنابتاندا دەنێرین، چونکە تۆ کوڕی ئەوانیت. جا با خەڵکی بزانن کە زاگرۆس بێشکەی تۆیە و ئارارات پایتەختی مەملەکەتی کوردوستان.. ئەم زیندانەش دەبێت داتەپێت. ئێمە دۆعامان لە هەموو ئەو وڵاتانە کردووە کە غەدریان لەتۆ کردووە. ئێمە لای خوای جانەوەران شکایەتمان لە وڵاتی بەفر کردووە. خوا جەزایان دەداتەوە سەبارەت بە جوانی و دزێویی مامەڵەیان. چونکە ئەوان باش و خراپەیان تێکەڵ کردووە بە دادو ماف- ئەمەش لە فەرهەنگی پێغەمبەر و خواکانیاندا نییە. چونکە خواکانی ئەوان، واتە ئۆدین و فریدا و تور- زۆر توڕەن لەوان، چونکە ئەوان وا ناڕەوا نەبوون بەرامبەر بە بێگانە. توور - کاتێک کە مرۆڤێکی بێگانەی دەبینی پەنا دەهێنێتە بەر بەستەڵەک و قوتب.. لە پێشوازییاندا ئەوان دەبات بۆ لای خوای خواکان ئۆدین، تا سوێندی یاسایی و ڕاستگۆیی بە ئایینی خۆیان بە دینی خۆیان بخۆن ( چونکە سوێند خواردن- قوتێکە ئەوەی بە درۆ سوێند دەخوات. تامی درەختی زەققوم دەکات و خۆی زەهراوی دەکات) پاشان ئەوان دەباتە بەر دەمی فریدا.. ئەگەر نێر ڕەگەز بن.. ئەوسا فریدا لەو دەپرسێتەوە تا یاریدەی بدات خەونەکانی بێتە دی. ئەوسا میوان- یان پەناهێنەر و پەنابەر گرێی دڵی خۆی بە ڕاستگۆیی دەکاتەوە.. داواکانی دەکات.. ئەوسا فریداش لە مەجلیسی ژناندا باسەکەی، یان داواکەی دەخاتە ژێر هەڵسەنگاندن و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە داواکان بەجێ دەکرێن گەر جوان بن. ئەگەر هانابەر بێتە وڵاتی قوتب و بە ڕەگەز مێ بێت.. ئەوا پیاوەکان بە دڵسۆزییەوە گوێی لێ دەگرن.

مرۆڤ ناچار مەکەن بە تەنهایی.. خەندەکانی داگیر مەکەن، بە هەڵە داوەرییان مەکەن.

مێرولەیەک لەگەڵ وەستانی کۆراڵی مێرولەکاندا منداڵانە وەک منداڵیی حەزرەتی یوسف داغڵ بوو.. بەم شیعرە بانگی دا و فەرمووی: ئۆدیییییین؛؛ ئۆدییین..

قەستەم بە کەرامەتی تۆ؛ من حەز لە گیانی فریدا دەکەم.. بیری دەکەم.

ئێوە بۆچی خەندەکانی ئەوتان لەمن تۆراندووە؟

ئاخر ئەمە ستەمە.. جوان و ڕەواش نییە! خۆ هێشتا ئاخر زەمان نەهاتووە.. ئێوە بۆ دۆزەختان بۆ کردەوەکانی نوح داناوە؟!

ئاخر ئەو باوکی منە.

ئۆدین لەوەڵامدا فەرمووی: ئەی حەزرەتی یوسف؛ چونکە ئێمە حەز ناکەین کەس خەونەکانمان بخوێنێتەوە.

یوسف فەرمووی: ئاخر ئۆدینی مەزن؛ ئەو سوێندی یاسایی خواردووە کە گیانی مرۆڤ ببینێت.

ئۆدین فەرمووی: ئەمەش لای ئێمەو لە فەرهەنگی ئێمەدا مەحاڵە.. چونکە مرۆڤ تاوانکارە.

یوسف: کێ وا دەڵێت؟

ئۆدین هیچی نەوت.. سەری داخست.. یوسف فەرمووی: ئەو هاتووە تا دەست بنێتە ژێر چەنەت و سەرت بەرەو ترۆپکی زانستی شەشەم بەرز بکاتەوە.. چونکە ئەو قوتبی زانستەکانی دیوە و دەزانێت گیان لە کوێدا چاوگ دەگرێت، چونکە ئەو جوانناس و جوان بین و جوان دووە.. ئەو خەونەکانی من و ئێوەش دەبینێت.

مێرولەکان فەرموویان: جوانی بریتییە لەو ڕاستییانەی مرۆڤ بە قەناعەت دەگەیەنێت و دێو تورە دەکات. جوانی هەستێکە کە ئاتاجی سیمیتری و گیۆمیتری لە جەوهەردا گۆش دەکات. جوانی هەستی زانستێکی نوێیە.

## تابلۆی نیرڤانا

ئەو کاتەی کە حەزرەتی نوح کەشتییەکەی لەسەر چیای جود لەنگەری گرت، ئەو کاتە مرۆڤایەتی هەندێکیان مابوون.. چونکە خۆیان بە کاهینەکانی خۆیاندا هەڵواسیبوو، گیانیان بوبوو بە شەختە لەسەر لوتکەکانی هیمالایا و ئایینە ڕاما ناسەکان، گیانی خۆیان دەرخواردی بەفر دەدا تا کەسانێک لە میلەتەکانیان زیندو بکەنەوە.. ئەوسا ئایینەکان تا ڕادەیەک بیر چوبوونەوە.. ساڵانێک دوای ئەوە حەزرەتی بودا لە دایک بوو.. بەڵام بۆ ئەوەی درێژە بە باسەکەم نەدەم، کاتێک کە بوودا گەورە بوو، لە نوێژەکانیدا وانەی بەختەوەری لە حەزرەتی نوحەوە فێر دەبوو.. چونکە نوح بە خەونەکانی پەیامەکانی دەگەیاند بەو کەسانەی کە باوەڕیان بە تۆفان هەبوو.. چونکە ئەو مامۆستای یەکەمی زانستە گیانییەکان بوو دوای ئادەم و حەوا. ئەو کاتە هەندێک مابوونەوە، بەهۆی نوێژەکانیانەوە دەیانتوانی بەخشندەیی زامن بکەن و گیانیان بە ژیان بە ڕەوا ببیننەوە. چونکە مرۆڤی چاک هەرگیز نامرێت.

کاتێک کە میللەتی بودا بووژانەوە ، و باوانی ئەو هاتنە سەر تەخت، کاتێک کە بوودا لە خەم ڕەخساو فێری تەریقەت بوو- لە دواهەمین مەرتەبەی عیرفاندا؛ بوودا- لەسەرە مەرگ و برسێتیدا خەریک بوو قارچکێکی دەنایە دەم. گیانی نوح-ی بینی و ئەویش  بەوی فەرموو، کوڕم کەس نییە لە ژیاندا هەڵە نەکات.. جا زانست لەپای چی گەر مرۆڤ نەتوانێت لە گوناهەکانی خۆی خۆش بێت؟ لەو کاتەدا کە بودا قارچکەکەی نایە دەم، لە حەزرەتی نوحی پرسی: بەختەوەری و نەجات چین؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت بگات بە بەختەوەری.

حەزرەتی نوح لە وەڵامدا فەرمووی: بەختەوەری و نەجات لەسەر زمان و لەناو دەمی خۆتایە و دەیجویت.. واتە ئەو قارچکەیە کە لە دەمتا دەیجویت!

جا بەر لەوەی مەرگی خۆت بێتە بەستەرت، کەمێ گوێ بگرە کوڕی ڕاستگۆ.. تۆ ئەو پرسیارەت درەنگ کرد.. چونکە تۆ مەرگ دەجوویت!.. مەرگ و پیری دەتوانن باس لەو کامەرانییە بکەن کە گیانیان لەمسی دەکات. چونکە ئەو پیرانەی توانای گۆش کردنی گیان و لەشی خۆیان هەیە، دەتوانن باس لە دابەکانی بەختەوەری بکەن. بەڵام تۆ خۆشبەختیی خۆتت وەک ئەو قارچکە نایە ناو دەمت.. دەمریت. پاشان زیندو دەبیتەوە ئیجا جارێکی تر دەمریتەوە بەر لەوەی بە نیرڤانا بگەیت. چونکە مرۆڤ بەیەکجار مردن ناگات بە بەختەوەری.. ئەگەر بێت و لە ژاندا پێی نەگات. بۆیە

بەختەوەری تەوەر و قوتبی زۆرن.. جا بەختەوەر کەسێکە لەناو مرۆڤەکاندا کە هەرەشەی دێوەکانی لەسەر نەبێت و نەبێتە ژێر دەستەی ئەوان. چونکە دێو هەستی مۆلەق و تاریک ودزێوە.. ئەوان لە نیرڤانا ناگەن. چونکە هەست بە ئازارەکانی ئەوانی تر ناکەن و ئازارەکانیش زۆر دەکەن.. جا ئەوەی ئازاری ئەوانی تر بدات.. ئەگەر بەو کارەی ئازار بەخۆی نەگەیەنێت؛ ئەوا ئازار بۆ نەوەکانی بەدی دێنێت. جا هەوڵ بدەن کەمتر ئازاری خۆتان بدەن. نوێژ بۆ جوانی بکەن.. لەشی خۆتان بە ناهەق دووچاری لاوازی و شکست مەکەن و لە پێناوی ناسینی بوونەوەردا خۆتان گۆشەگیر مەکەن، بەڵکو بچن دیدەنیی ئافرەتێک یان پیرێکی جوانناس بکەن.

بوودا ووتی: بەڵام گەورەم من هەست بە بوونی خواوەند ناکەم. چی بکەم؟ حەزرەتی نوح فەرمووی: گوێ لە زەنگەکان بگرە.. چونکە بوونەوەر لە خواوەندو خواکاندا مۆسیقان. بوودا فەرموی: ئامین. ئەویش سەرێکی بە خەندەوە بۆ لەقاند. بەر لەوەی مەرگ سڵاو لە گیانی بودا بکات. فەرمووم:

بەختەوەری بریتی نییە لە گەیشتن بە ترۆپکی مادەو گەشت و گوزارو خواردنی خۆش و گەڕان و یاری.. بەڵکو ئەوانە خۆ خەریک کردن و سەرگەرمین و دەشێت هۆکاری بە ئەندێشەتان دوچار بکەن.. چونکە بەختەوەری هەستێکە مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە پێی دەگات. چونکە ژیان بەشێکە لە بەختەوەری.. غەمەکانیش هەمان شێوە.. ئەگەر بێت و مرۆڤ بتوانێت نەبێت بە کۆیلەی ماددە و غەمەکان و نەخۆشی و بێزاری- ئەوا خۆشحاڵە ، و تەمبەڵی داگیری ناکات و هەوڵ دەدات لوقمە نانێک بۆ منداڵەکانی یا بۆ خۆی دابین بکات.. بەختەوەری مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئازادی.. چونکە کاتێک کە مرۆڤ توانیی لە ژیاندا هەست بە کامەرانی بکات.. مانای وایە کارمای گۆش بووە. جا گەڕان لەپای چی؟ کاتێک کە مرۆڤ لە ژیاندا بێت و هێشتا هەستی پێ نەکردبێت! ئەی ژیان چییە جگە لە ئازادی کە بەختیارییەکی مەزن بە دەروون و بیر دەگەیەنێت؟ بۆیە گریان هەندیک جار بەشتێک هاوبەشی غەمەکانت دەبن. کاتێک کە مرۆڤ هەست بە کامەرانی ناکات. ئیتر ژیان دادی نادات.. جا هەرچییەک بکات، لە پێناوی مەرگ و نەخۆشیدا دەیکات. چونکە بەختەوەریی هەڵە و زیادەڕۆیی کردن، مرۆڤ دەکات بە دێوو بەرەو چاڵە تاریکەکانی نەخۆشیی دەبات. کاتێک کە ئازادی پەیامی جیهان و بوونەوەر و خواوەندو خواکان و فریشتەکانە و هێشتا گێتی بەو ئامانجە نەگەیشتوون.

بودا ووتی: باشە لە ژیاندا گەر کارما دەست بۆ قوتبی کامەرانی بەریت، لە کوێدا زامنی دەکات؟

نوح فەرموی: لەو کاتەدا کە مرۆڤەکانی هەموو جیهان پێکەوە ئاهەنگی ئازادیی گەلان دەگێرن.. ئەمە یەکەم و دووەم پاش دەرباز بوون لە لەش، مرۆڤ بە چاوی

کراوە فریشتەیەک لە بەر دەمی خۆیدا دەبینێت و دەچێتە ڕکوع بۆی.. مرۆڤ لەبەر دەمی منداڵانی هەستیاردا دەچێتە ڕکوع. سێیەم ئەو کاتەیە کە دوو گیان و لەش بەو پەڕی ڕاستگۆیی جووت دەبن و گوێ لە خۆزگەکانی یەکتری دەگرن.. یان بەبێ پەردەو درۆکردن لەگەڵ هەستی یەکتر- تێکەڵی یەکتری دەبن. چوارەم بریتییە لەوەی کە مرۆڤ هەست بە جوانی و هونەر بکات؛ کار بکات بۆ جوانکردنی ماناکانی ژیان و بوێرانە تیبکۆشێت. مرۆڤ دەبێت هەمیشە ناوماڵ و پۆشاک و بەرگی بەری پاک بێت تا هەست بە نەشئەی ئەو خۆشییە بچکۆلانانە بکات. چونکە لە دەوروبەرێکی جوان و پاکژ و ئاسودەدا گیان بە کامەرانی شاد دەبێت و دەگات بە ترۆپکی بەختەوەریی گیانی لە ژیاندا. ئەوسا تەندروستی دەبێت بە پاداشتەکانی.

ڕۆژێکیان نوح باسی چیرۆکی هاتنە میوانیی گیانی بودا-ی بۆ کوڕەکەی دەکرد.. کوڕەکەی کە هێشتا باڕ بوو، باوەڕی بە فەرموودەکانی باوکی نەکرد، و بەو پێکەنی. نوح بەوی فەرموو: مرۆڤ دەبێت بە واتاکانی خۆی.. واتاکان گەر ببن بە فەرمودە، هەمیشە بە نەمری دەژین، چونکە دەنگ و ئاواز و پیتەکان هەرگیز لەناو ناچن. خۆشبەخت کەسێکە کە شەوان بەر لە ڕاکشان تەماشایەکی ئاوێنە دەکات و بە تەماشا بە خۆی دەفەرموێت: ئەمڕۆ کارێک یا چەند کارێکی باشم کرد.. خۆزگە سبەیش وەهام دەکرد. خواکان هەمیشە بەختیارن- چونکە ئەوان هەرگیز ئاتاجی شەڕهێنەر ناژێنن و بەدیی ناهێنن. ئامین.

## تابلۆی هەست

هەست، لە مۆسیقادا گیانێکی تایبەت و پیرۆزو ناسکە وەک پەڕەی گوڵ.. بێ هەستی مرۆڤ پیر و ناشرین و نەخۆش دەخات و گیان لە ژیانی داهاوودا واتە لە دووپاتبوونەوەدا دوچاری زەبر دەکات. بێ هەست مەبن.. ئەگەر ویستت گلەیی لە بێ وەفاو مرۆڤی دێوپەرست بکەیت؛ بەم دۆعایە دۆعایان لێ بکەن، بڵێن: بێ هەست خوا ئاوارەی وڵاتانت بکات. تا فێری هەستیاری بیت. چونکە هەستیار خواوەند و خواکانیش دەبینێت. هەستیار کەسێکە بتەکان و کاهین و گیانی پێغەمبەرەکانیش دەبینێت.

مرۆڤی هەستیار کێیە؟ هەستیار کەسێکە کە خاوەن بەهرە بێت، خاوەن بەهرەی هونەری؛ دەبێت جێگەی لەناو دڵی گەلدا بۆ ئامادە بکرێت. تا هەستەکانی خۆی بکات بە هونەر و مۆسیقا و کۆشک و کاڵا.. چونکە هونەرمەند کەسێکە کە هەست بە خۆی کەمتر دەکات وەک لەوانی تر.. چونکە هەست بەوانی تر زیاتر دەکات، بەو مەرجەی ئەوانی تر درۆی لەگەڵدا نەکەن. چونکە هونەرمەند کە بەرامبەر بە درۆزن

دەوەستێت، هەست بە بێزاری و تووڕەیی دەکات.. درۆی لەگەڵدا مەکەن. چونکە هەستیان دەشکێت. چونکە هونەرمەند لەسەر هەستیاریی و ڕاستگۆیی هەستی ئێوە دەژی؛ نامرێت- ئەگەر ئێوە هەستەکانی جوان گۆش بکەن و درۆی لەگەڵدا نەکەن... مرۆڤ کاتێک کە هەستی هەڵمەتی دەبرێتە سەر- یان کاتێک داگیر دەکرێت؛ یا هەتک دەکرێت و لەخۆڕا ئازار دەدرێت، هەستەکانی زامار دەبن و دەڕوشێن بە زمانی کوردی.. مرۆڤیش کە هەستی ڕووشا یان شکا یان داگیرکرا، ئیتر توانای فێر بوونی سست دەبێت و خانە دەمارییەکانی تەزووە چالاکەکانی مێشک سست دەکات، ئەوسا جگەری مرۆڤ تەمبەڵ دەبێت و خانە هەستییەکی تاریک لە خوێندا گۆش دەکەن و بەم دیارییە نێگەتیڤە جگەر دوژمنێک لە گیانی مرۆڤدا گۆش دەکات. زانست بەمە نازانێت کە جگەری مرۆڤ لە مێشک چالاکتر و ژیر ترە.. چونکە ئەگەر جگەر نەبێت مێشک شیرازەی تێک دەچێت. دڵیش کۆلەوار دەبێت و بەر لەمێشک باری لێدانی تێک دەچێت. جا با هەستی مرۆڤ و مرۆڤی هەستیار زەجر نەکەین. با ڕێگە بە هونەر بدەین بدوێت، چونکە هونەر باس لە هەستێک دەکات تایبەت. هونەرمەندی ڕاستگۆ کەسێکە هەستی هەبێت، هەست بە سوڕی زەمین بکات.. لە گەشتە خەیاڵییەکانیدا، دەبێت جیهان بین و ڕاستگۆ بێت لە دەربڕیندا.. دەبێت درۆ لەگەڵ هەستی خۆیدا نەکات. ناچاریشی مەکەن لێتان تووڕە بێت.

هەن لەناوماندا خۆیان بە هەستیار دەزانن و وا دەزانن نهێنگری و جاسوسی و ڕەخنەلێگرتن پەیوەندی بە هەستیارییەوە هەیە؛ نەخێر، ئەو ڕەگەزانە هیچ کارێکیان بە هەستیارییەوە نییە. ئەو کاتەی کە ئافرەتێک لەبەر دەمی هونەرمەندێکدا درۆ دەکات، دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە هەستێکی جوان لەناو دەبات. چونکە هونەرمەندو ئافرەت هاوهەستن. جا هونەرمەند لە هەر ڕەگەزێک بێت. وا نەزانن کەمن باس لە هەستی مرۆڤ ناکەم و تەنها چەق دەبەستمە سەر هەستی هونەرمەندان. نا، وا نییە.. گەرچی زۆر کەس هەن لەناوماندا کە یاری بە هەستەکانی ئەوانی تر دەکەن.. بەڵام هەن و بە داخەوە کەمن لە نێوانماندا کە ڕاستگۆن لە هەست نیشاندان و تێگەیشتنی هەستیدا. چونکە گەیشتون بە قۆناغی ئیمپاتی. چونکە هاودەردی یا هاوهەستی یا ئیمپاتی، قۆناغێکە تیایدا مرۆڤ هۆشیار دەبێتەوە و بەسەر کردەوەکانی ڕابردوو قۆناغەکانی پێشوی تەمەدونی خێرو شەڕدا دەچێتەوە.. پاک لە پیس جیا دەکرێتەوە. جیهان دەشێت وەکو منی لێ بێت، لە پڕ ببێت بە دوو کەرتەوە.. وەک لەشی من و لەشی ئەو ئافرەتەی کەمن نایدۆزمەوە. یان وەکو لەشی دووکەرت بووم. جا کاتێک کە جیهان دابەش بوو بۆ دوو بەشی ڕەش و سپی، ئاسمانیش لایەکی تاریک دەبێت، هەمان شێوە مانگیش دەگیرێت.. ئەوسا کات دەوەستێت. ئەوسا سەرما گەرمای دەبێت. ڕەش و سپی تێکەڵ دەبێت و زاگرۆس لەو شەڕەدا هەموو دێوەکان دەبەزێنێت.. چونکە زاگرۆس پەرستگای ڕۆژ ئاوایە.. قیبلەگایە. دەبێت تورک و عەرەب و فارس ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن کە بۆنی هەوای زاگرۆسیان لێ دێت. ئەمە

وانەیەکە دەتوانن بە شەڕ یان بە خێر چاری بکەن.. من لەشەڕ نادوێم.. بەڵام بە جیهان دەفەرمووم، دەبێت تورک و عەرەب و فارس سنوریان بۆ دابنرێت، هەمان شێوە سنور بۆ تیبیت و چین دیاری بکرێت. دەبێت دەلەیلاما بەر لە گەڕانەوە بۆ هەمیشەیی هەست بە ئازادی بکات لە جیهاندا و دەبێ ئەو بەبێ پاسپۆرت سەفەر بکات بۆ هەر مەملەکەتێک. چونکە ئەو بەر لە ئێستا نوح-ی دیوە.

مرۆڤی هەستیار کەسێکە کە شانازی بە خوایەکەوە بکات، کە پێغەمبەرێک بکات بە نمایندەی خۆی و لە پێناوی ئایین و لە پێناوی خوادا سەری کەس نەبڕێت. چونکە هەستیار کەسێکە کە حەز لە خوێنڕێژی ناکات. هەستیاری بریتی نییە لە دانانی ڕیش و تیژکردنەوەی بیری ڕق و تۆڵە و هەڵمەت بردن و تەعدا.. هەستیار کەسێکە تەجاوز ناکاتە سەر کەرامەتی میللەتانی تر بۆ مەبەستی دزی و ڕاوو ڕوت و زۆر کردنی سەرمایە. چونکە مامەڵە کردن لەگەڵ میلەتی هەلپەرست و داگیرکەردا هەڵەیە.. چونکە ئەوان بێهەستانە خۆیان گۆشکردووە. جا بگەڕێنەوە، چاوێک بەسەر کردەوەکانتاندا بخشێننەوە. چونکە میلەتی دەلایلاماو نوح ژێر دەستەن. جا کێ هەستی بۆ ئەوان دەبزوێت، هەستیارەو لە وانەیە خواوەندەکانی خۆی زۆر بکات. چونکە پێویستە بزانیین، کە کوفر و شیرک نییە گەر مرۆڤ ڕێگە بەخۆی بدات لە خوایەک زیاتری هەبێت.. چونکە من پێتانی ڕادەگەیەنم کە خاوەنی دوو دانە خوام.. من دوو خواوەندم هەیە. سێیەمیش باوەڕی بەمن هەیە.

بەڵێ خوا ئەگەر باوەڕی بە ئێمە نەبێت دروستمان ناکات و دەتوانێت بە کەفلەکونێک لەناومان بەرێت و بمانکات بە جرج و بۆق و سەگ و پشیلە. ئەی نابینن ڕۆژانە چەندتان لێ دەمرێت و لەناو دەچیت بە جۆرەها دەردو نەخۆشی و ڕوداو و کارەسات! جا گەرچی لە فەرهەنگی خوادا کەس نامرێت و هەمیشە خێرمەند هەمیشەییە- هەست بە مەرجی ئازاد بوونی گەلانی جیهان بکەن. چونکە خوا پێویستی بە ڕژانی ئەم هەموو خوێنە نییە.. چونکە هەست کردن بە ئازادی ئامانج و پەیامی بونەوەرە- حەزو خۆزگەی خوایە.

هەست شتێکە تەنها مرۆڤ خاوەنێتی- واتە هەستی جوانی.. بەڵام وا نەزانی کە گیانلەبەرانی تر بێ هەستن، نا.. ئەوان هەستێکی بەرز و مەتین و بەرگەگریان هەیە.. هەستی جوانی لەواندا بە ئەندازەی هەستی جوانیی مرۆڤ مەتین نییە. چونکە غەریزەی=ڕەمەکی ترس لەواندا مەتینترە. جا هەستەکانتان بەرز ڕاگرن. چونکە خواوەند و خواکان هەستن لە هەست و نەستی هەندێک لە ئێمەدا دەژین.

ئەمەش مانای وایە ئەوەی هەستی نەبێت، خواشی نییە.. کەواتە نە ئەو خوا دەناسێت و نە خواوەند لەویشدا دەژی.. بۆیە دەفەرمووم تا هەستەکانتان بەرز ڕاگرن. چونکە هەست ئیلهامی غەیبە و مرۆڤ بۆ هەر تەماشاو وتە و گۆرانییەک، هەست لە گیانی

خواوه قەرز دەكات.. بە كوردی بەو كەسانە دەڵێن، هەست لە خواوەند قەرز دەكات ، یان وەر دەگرێت.. یان پێی دەگات.

ڕۆژێكیان بە ئێگل-ناوێكی دێوم فەرموو: هەستەكان لەشی نین و سەر بە كارلێكی دەماغی ولەشی نین. قاقا وەک دێو پێم پێكەنی و ووتی: كەواتە تۆ مرۆڤ بەبێ هەست دەزانیت؟! فەرمووم بەڵێ: مرۆڤ بە بێ هەستی لە دایک دەبێت، بۆیەشە مرۆڤ دێتە ژیانەوە تا فێری زانستی هەستی بێت. دەنا پەشیمان دەبێتەوە. مرۆڤیش لە تێگەیشتنی منا زۆر پیرۆزە گەر بتوانێت لە ژیاندا هەستی هەبێت. دێو ئێگل- تێنەگەیی لە مەبەستم.. منیش فەرمووم: هەست، تەزویەكە ئێمە لە باكانەوە بە لەش و ناخمان دەگات.. ئەگەر باكان نەیەن؛ ئەوا گشتمان بەبێ هەست دەتۆپین.. با هەرچییەک بین. بۆیە دەبێت فێری ڕێزگرتن بن لە كەرامەتی باكان. من كەستان وەها ناناسم، كە دانیشێ و كەمێک بە دیار شەماڵەوە نوێژ بۆ ئەو بكات!

ئێگل دیسانەوە ووتی: كەواتە هەر پێنج حەواسەكانی من بێ هەستن!؟ فەرمووم بەڵێ.. تۆ بێهەست ترین مەخلوقیت، كە خۆشت نازانی چی دەكەیت ، بە گژ خواكانی دادو ماف و ڕاستیدا دەچیت. تۆ بێهەستیت. ووتی كەواتە جەنابی بەڕێز كەمێک باسی هەستمان بۆ ناكەیت؟!.. فەرمووم: با!.. بەوم فەرموو: هەست بە یەكگەیشتنی پەنجەكانی خوایە- كە مایكل ئەنجلۆی پەیكەرتاش بە شەوو ڕۆژ ناوی برد، هەندێک بە ئادەم و حەوا.. و منیش ناوی دەنێم بەیەكگەیشتنی دوو هەستی پەتی. دوو عیشق. ووتی: من تێدەگەم، بەڵام تێش ناگەم.

خەڵكینە، بێ هەستی زیانێكی گەورە لە مرۆڤایەتی دەدات.. مرۆڤ، یا دێو و دێوپەرستەكانیش دەگرێتەوە.. چونكە نەخۆشیی سەرەتان لە ئاتاجی بێ هەست بوونی خانەكانی لەش و ناڕێكی كار كردنیانەوە سەر هەڵدەدات، چونكە گیان مان لەلەشی تووشبوو دەگرێت و لەشیش ناڕێک كار دەكات و جگەر دوچاری تەمەڵی دەكات.. ئیتر ئۆرگانیزم دەشێوێت.. هار دەبێت، بێ هەست و بێ هەست تر دەبێت.. هەن وایان لێدێت دەبن بە دێو و دەدڕێن.. هەن چرچ و لۆچ دەبن و دەقوپێن.. هەن لە ناوتاندا زوو گیانیان دەدەنەوە بە بوونەوەر چونكە ئەوانە خێر مەندن.. هەن هێندە خۆپەرستن، دوچاری ترس و هەراسانی دەبن- توشی ڕاڕایی وەسواس دەبن.. هەر بە لەشی خۆیاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت خۆیان زیاتر نەخۆش بخەن. هەن ڕۆژی دەیان جار شێرپەنجەی تووش دەبێت؛ كەچی خاوەن سەلیقە و میزاج و تەندروستییەو دەچێت بۆ كار و بەو پەڕی خۆشەویستییەوە تەماشای خۆشیی بوونەوەر دەكات.. چونكە ژیانی لەلا جوان و پەسەندو پیرۆزە. دەتوانێت ڕۆژانە جەنگێكی هەستیار دژی شێرپەنجە بكات.. ئەم وشانە قورسن بۆ تێگەیشتن.. بەڵام دڵنیاتان دەكەم كە شێرپەنجە لە زانستی مندا نەخۆشییەكە كە ( لە بێ هەستی‌یەوە ) دوچاری دێو و

مرۆڤ و دێوپەرست دەبێت. کەواتە شێرپەنجە سێ سەرچاوەی هەیە. شێرپەنجەی دێو- شێرپەنجەی دێوپەرست و سێیەم خۆتان دەزانن. ئەمانەش پێناسەیان کارێکی زۆری دەوێت.. دەشێت کاتێک کە باوەڕتان کرد، من بتوانم باسیان بکەم، گەر بوێرم. بێ هەستی نەخۆشییەکی زۆر پیسە. جا مرۆڤ نابێت بێ هەست بێت. هەست گیانی خواوەندو خواکانە. خۆشبەخت ئەوانەن کە خواکان لە دەرونیاندا بێ ئەژماردە زۆرە. چونکە هەست گیانی خواوەندیشە.

## تابلۆی سەما

جارێکیان کیژۆڵەیەکی تەمەن پانزەساڵ، حەزی لە کوڕێکی هەرزەکاری هاوتەمەنی خۆی کرد.. بەڵام شەوێک لە شەوەکانی بەهار کە ئەو لەماڵی خۆیدا پەنجەرەی ژورەکەی دانەخستبوو- دێوێکی دز کە بەنیازی دزی کردن خۆی دەخزێنێتە ژورەوە، ئەنجام هەڵمەت دەباتە سەر کیژۆڵەی نوستوو.. ئەو شەوە ڕێکەوت بەسوودی دێو بوو، باوانی کیژۆڵەکە لەماڵ نەبوون. دزەکە دێوێکی بێ هەست بوو.. هەڵی کوتایە سەر ناموسی ئەو کیژۆڵەیەو زۆر بێ کەرامەتانە ڕەفتاری کرد. هێندەی نەمابوو کیژۆڵەکە بخنکێنێت.. بەڵام کاتێک کە ژهراوی شەهوەی پیسی ڕژاندە ناو حورمەتی کیژۆڵەکەوە- فریشتەیەک دابەزی و گیانی خۆی بەو بەخشییەوە تا لە مردن ڕزگاری بکات!

کاتێک کە کیژۆڵەکە لە مردن ڕزگاری بوو.. هەتک کەر دڵنیا بوو لەوەی کە ئەوی کوشتووە و خنکاندووە. بەڵام وا نەبوو، چونکە فریشتەی هەبوو کیژۆڵەکە.. هەن لەناوماندا خاوەنی فریشتەن ( بەڵام هەموو کەسیک فریشتەی نییە).. بۆیە ئەو زیندو بوو.. بەڵام لە لەشیدا شوێنەواری ئازار، هەست بریندار بوون، ترس تەنگیان بەو هەڵدەچنی.. لەگەڵ ڕۆژەکانی داهاتویدا هەستی ئازار زیاتر دەستیان بەسەر ئەودا دەگرت. لە تاواندا قینی لە خۆی هەڵگرتبوو، هەمیشە تفی لە خۆی دەکرد و خۆی لێ پیس بوبوو.. هەستی دەکرد پاکژبوونەوەی نییە و هەمیشە زەجری خۆی دەداو ڕۆشنایی لە خۆی بڕیبوو کەس نەیدەتوانی لەو ئازارانە دەربازی بکات.

ئەنجام ڕۆژێکیان کە هەمان شێوە کەس لەماڵ نەبوو.. ئەو بڕیاری دا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت.. هەڵەشانە چوو بەرەو چێشتخانەی ماڵ و چەقۆیەکی گرتە دەست و لەسەر مێزەکە دانیشت، تا بە توندی تا هێزی تیایە ناو جەرگ و سنگی خۆی تیغ بکات. کاتێک کە بیرەکانی خۆی جەمکرد بۆ بڕیاردان، لەوەدا بوو کە چەقۆکە هێدی هێدی لە سەر چاڵی سەر دڵی بچەقێنێت، لەوەدا بوو تاوان بکات و خوێن لە خۆی بهێنێت.. فریشتەکە لە سکیدا لەمسێکی بچکۆلەی وەک باڵی پەپولەی لە دیواری سکی ئەو دا.. کیژۆڵەکە هاتەوە هۆش خۆی و دەستی جام بوو و نەیتوانی فشار لە

چەقۆکە بدات. چونکە هەستی کرد دوو گیانە.. ئەگەر بێت و خۆی بکوژێت ئەوا گیانێکی تریش لەناو دەبات و تاوانەکە دەبێت بە دوو.

بە ئاستەم دەستی لە چەقۆکە شلکردو و دەستی ڕاستی برد بۆ ژێر ناوکی خۆی.. لە دەرەوەی پەنجەرەکەدا بینیی بولبولێکی کەناری دەخوێنێت و ڕوو لەو جوکەی دێت.. کاتێک کە تەماشای ئاسمانی کرد، کۆترێک و قەلەڕەشکەیەکی بینی کە هەردووکیان ئازادانە دەفڕن و لە یەکتریش نزیکن!.. هەورەکان چەند پۆرترێتێکی سەیری فریشتە شێوەیان لە کۆچی بە دەم باوە نیشانی ئەو دا.. هەستی بە پاکژ بوونەوە کرد.. هەستی کرد سکی پڕە بە ساوایەک.. کە خوا دەزانێت منداڵی کێیە!؟ خوا کاری بەو کارەوە نییە.. بەڵام مرۆڤ تەنها خۆی دەتوانێت لە داوەریی کردنی مافی ژیانی ئەو منداڵەدا ئازاد بێت. ئەوەی منداڵەکەی نەوێت، با جێگەیەک بۆ گۆشبوونی ئەو منداڵە دابین بکات، چاترە لەوەی لەناوی بەرێت.. چونکە حەز ناکەم بە هەڵەدا بچن و وا بزانن کە فریشتەکە ژەهراوی کەسە هەتک کەرە دزەکە بوو، نا! بە هەڵەدا نەچن.. چونکە دوایی کیژۆڵەکە تێگەیشت کە سکی منداڵی تیا نەبوو و دوانە نەبوو.. بۆیە پێویستی بە داوەریکردنی ڕاست و هەڵە نەبوو.. بەڵام منداڵ لەبار بردن تاوانە چاک بزانن.

ئەو کیژۆڵەیە توانیی دەرئەنجام بگەڕێتەوە ناو ژیان.. توانی ژیان و هاوڕێکانی خۆی خۆش بوێتەوە.. کاتێک کە شوی کردو یەکەم منداڵی بوو، بە تەواوی لە خۆی خۆش بوو، بەڵام لە تاوانبار خۆش نەبوو. مرۆڤ نابێت لە تاوانی تەعدا خۆش بێت.

ئێستا ئەو کیژۆڵەیە و منداڵەکانیشی نەماون.. بەڵام ئەو لە خۆزگەی دواهەمینیدا ویستی و حەزی کرد ببێت بە ماسییەکی زێڕنی وردیلە لە حەوزی ماڵی حەزرەتی نوحدا..

بەڵێ ئەو ماسییەکە لە ماڵەکەی مندا.. لەسەر سک مەلە دەکات و هەمیشە عیبادەت دەکات.. گەرچی تەنها نییە، بەڵام زوو زوو خۆی لە هاوڕێکەی دەدزێتەوە و وەک ماسییەکی مردو خۆی دەخاتە سەر ڕوی ئاوو خەریکی نوێژە ڕوو لە خوا.. بەبێ دەنگی نوێژ بۆ خوای خۆی دەکات.

لە یەکێک لە شەوە تەنهاکانمدا.. کاتێک کە یادی دورە وڵاتی تەنگەتاوی دەکردم و دوچاری مت بوون و چەقین دەبووم لە هەستکردن بە تەنهاییدا.. تەماشای ماسییە زێڕینەکانم دەکرد لە حەوزە شوشەییەکەدا.. شەوێکیان هێندە ماندوو بووم خۆمم بە پێوە بۆ ڕاگیر نەدەکرا.. ناچارانە و ماندوو لەسەر زەوییە سفتەکە ڕاکشام.. هێشتا تەواو چاوم نەچوبووە خەو، بینیم ئەو ماسییە زێڕینە پەڕ تەنک و ناسکە لە حەوزەکەوە بازیدایە دەرەوە و بەدەم کەوتنەخوارەوەدا سیحر ئاسا شکڵ و جەوهەری گۆڕا.. بوو بە ئافرەتێکی تەمەن شانزە ساڵی ناسک و پێست سپیی پرتەقاڵی و تا بڵێی

جوان .. پاشان پەڕی لەشی بوون بە سەرپۆشێکی ناسکی پرتەقاڵی و لەسەر نوکی پێی بە سەمایەکی زۆر بەسۆزو هەستیار و بێ بەری لە هەستی گوناح و کەمێک شەرمن.. بەرەو لای لاشەی من هات، تا نەبزم بگرێت، تا دڵنیا بێت لەوەی ماوم و نەمردووم.. بە ئەسپایی هەردولێوی لە لێوەکانم نزیک کردەوە و هەناسەی گەرمی هەستی بزواندم.. هێندە توانا و بڕستی ئەوەم هەبوو کە لێوم ببزوێنم.. کاتێک کە بۆنی هەناسەی ئەو بەر هەستی بۆنکردنم کەوت.. توانیم هەردوو چاویشم بکەمەوە.. ئیجا کە لەمسی کردم.. ژیان بە دەمارەکان و هەموو هەست و هۆشمدا هروژمی کردو لە مردن ڕزگارم بوو.. کاتێک کە توانیم هەستم و لە ناو گۆڕەپانی زیندانەکەمدا دانیشم.. لە خۆشیدا کەوتە سەما کیژۆڵەکە.. چاوم بە جوانیی ئەو کەوت، نەک بە خەو، بەڵکو لە ڕاستیدا. پرچی سور بوو، تێکەڵ بە پرتەقاڵی.. وەک ئەوەی لەگەڵ زەردی ئاڵتونی و سپیدا ماش و برنجی بێت.. پێستی لەشی لە پەڕەی گوڵ دەچوو.. دەتوت خواوەندی جوانی ئەوی دروست کردووە.

گوێم لێ بوو، دەمبینی مێرولەکان گشتیان، مێرولە سپییەکان کە گیانی هەموو مەسیحەکان و مارياکان و منداڵانی جیهانە لەمندا تەماشایان دەکرد.. تەماشای ئەو مرۆڤە، ئەو فریشتەیە ئەو سیحرە! یا ئەو حۆریی دەریایەی کە کلکی نەبوو.. بەڵام دوو باڵی نازکی وەک باڵی پەپوولەیەکی پرتەقاڵی هەبوو.. سەمای دەکردو مێرولەکانیش بە کۆراڵ سالمایان دەخوێند.. سا.. لووم... سا،، تا سا یا.. هود.. لا.. دا.. ساآآ.. مآ.. ن.. ئا..

لەژێر ئەم ژێ قوڵانەی دەنگی کۆراڵەکەدا.. گوێم لە دەنگی ئافرەتانی لاو بوو.. بە تۆنێکی ناسک دەیانخوێند- واتە تێکەڵ بە دەنگی کۆراڵەکە و دەیانفەرموو: ئامین.. ئامین.. ئامین. ئەویش سەمای دەکرد و لە دەوری من دەسوڕا.. منیش تەماشا.. تا ئەو کاتەی کە تیشکی پرتەقاڵی سەری لەکەلی شارۆچکەی ئۆسگۆرد دەرهێنا. ئیتر ئەو گەڕایەوە ناو حەوزەکە و منیش بە دیار تەماشای نوێژەکانی ماسییەکەوە وەنەوزم دەدا.. چونکە بە تەماشای ئەوان شادومان دەبووم. گیانم گۆش دەبوو، هەستم دەبزوا. مێرولەکانیش دەنوستن و هەندێکیان باوێشکیان دەدا... ئەو بەیانییە بولبولێک شێت و هار بوبوو، دەیویست بێتە ژورەوە و تەماشای ماسییەکانمان بکات. لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی کرد و بە بێ چپە و بە ئیحا لەمنی پرسی: دەتوانم بێمە ژوورەوە؟ بە ئیحا فەرمووم: هەر کاتێک بینیت دەرگاو پەنجەرەی ماڵی من کراوەیە، بەخێر هاتیت.. من دەرگام بۆ بەڕێزتان کراوەیە. بەر لەوەی دەمەو بەیان ڕاکشێم؛ ماسییەکە فەرمووی: لە نەوەی بەڕێزتان کەشتییەک دروست دەبێت.. لە مەملەکەتی کوردوستانی مەزن.. لەسەر لوتکەی زاگرۆس کەشتیی نوح دروست دەکرێت. لەسەر هەرەمێکی شووشەیی مەزن- کەشتییەکی مەزن دەبینم. کە لەسەر زەمینەی قوتبی هەڕەم؛ یەک ئەستێرەی داوود بە مەزنی دەدرەوشێتەوە- کەشتییەکەی من لەسەر

ئەو ئەستێرەیە لەنگەری گرتووە. ئەوسا کاتێک کە لافاوەکان هەڵدەستن.. کەشتییەکە سەر ئاو دەکەوێت و ئەستێرەکەش بەدەم ئاوەوە بە دوای کەشتییەکەدا دەڕوات.. یا لەناو باران و هەڵمەتی زەریا تێکەڵەکاندا سەما دەکات.. وە فریشتەیەکی پیرۆزی و شووشەیی مەتین.. وەک ئەو کۆشکەی کە حەزرەتی سلێیمان دروستی کرد و نیشانی شاژنی سەبەئی دا! ئەوسا ئەوەی لە کەشتییەکەدا بیری خێزان و منداڵەکانی بکات، کە لەناو ئەو ئەستێرەیەدان،، مافی ڕزگار بوونیان دەدرێت. جا ئەم ووتانە بە چاوی گاڵتە سەیر مەکەن- چونکە هونەری ئارکیتێکت ناتوانێت هەندەسەی هەستی من بە مادە دابهێنێت و زانست زۆری ماوە. جا من شانازی بە هونەری ئارکیتێکتەوە ناکەم.. چونکە هێشتا نەیانتوانییوە کۆشکە ئەستێرە شێوەکەی داڤید دروست بکەن- هێشتا لەم ووشانە ناگەن. چونکە زانست هەمیشە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە بۆ تەکان دان بە زانستێکی نوێ. من دەتوانم نەخشەی ئەو بینا شووشەییەتان نیشان بدەم.. بەڵام گەرنتیم نییە کە گیانی گەلە کۆی ئێوە( اللاشعور الجمعي) توانای ڕاگرتنی ئەو بینایە، یان ئەستێرەی داوودی هەبێت! کە لە خەیاڵی مندا لەسەر سنگی دەریاکان سەما دەکات.. بۆیە سەما هونەرێکی پیرۆزە گەر هەست بە جوانیی سەما بکەیت. سەما بوونەوەر بەڕێوە دەبات. چونکە بوونەوەرەکان گشتیان لە ئاسماندا سەما دەکەن- پێشتر ئەمەتان پێ فەرمایشت کراوە.

شەوێک لە شەوان تاک و تەنها لە گۆشەیەکی بەر پەنجەرەی زیندانەکەمدا دانیشتبووم و جگەرەم بە با ئەدا.. شەوێکی تاریک بوو، مانگیش گیرابوو..ئەو شەوە گوێم لە نووزە نووزی دوو پشیلە بوو.. کە بە مەبەستی شکاری یەکتری گفتووگۆیەکی مەزنیان بوو.. ئێوە هێشتا لە قاوە و میاو و مۆڕە و نووزە و مڕە وماخەی پشیلەکان تێنەگەیشتوون. بۆیە منیش کەمتر باسی پشیلەتان بۆ دەکەم.. بەڵام بیرم چووە سەر یادی سۆرانی برام.. چونکە من چەند برایەکم هەنە.. ئەوان نووری دڵمن. دوانیان بێ وەفا و سپڵە.. دوانیان پیرۆزو بە ڕەحم.

جارێکیان.. لەو کاتانەدا کە من بە خەو سەفەرم دەکردەوە بۆ کوردوستان.. سۆرانی برام شەوێکیان باسی پشیلەیەکی بۆ کردم کە بوبوو بە دێو.. فەرمووی:" جیهانی غەیب زۆر قووڵە برام، نەکەی بچیتە ناوی و خۆت لە قەرەی دێوەکان بەیت!.. ئەوان زۆرن و دەتوانن داگیرمان بکەن.. ئەوان سەر بە جیهانی تاریکیین و کە دێن دەستت لێ دەوەشێنن و شێتت دەکەن.. شێتیی بە ئاگایی!.. ئەوسا دێن و وەک پشیکێکی ڕەشی مەزن و ترسناک و سەیر.. خۆیت لێ گیڤ دەکاتەوەو چڕنووک و کەڵبە تیژەکانیت نیشان دەدات.. ئەگەر بێت و بتخوات، ئەوا نەجاتت دەبێت و دەمریت.. بەڵام ئەو شێت گیرانەو زۆر سەیر گازی تیژ تیژت لێ دەگرێت".

کاتێک کە تەماشای سۆرانی برامم کرد؛ چۆن برسکی لەبەر دەپڕاو بە ترسەوە ئەملاو لای خۆی تەماشا دەکرد- زۆر سەیر!.. من بەزەییم بەودا دەهاتەوە.. زوو زووش بە منی دەفەرمووەوە؛ نەکەی بیر لە غەیب بکەیتەوە! چونکە شەیتانەکان و دێوەکان بەهێزن. منیش لەو کاتەدا کە سۆران واتاکانی بۆ من باس دەکرد.. پشیلە دێوێکم بینی هەتە پێش چاوم.. بەوم ڕاپەرموو: خت .

پشیلەکەم ترساند و بوارم لە سۆرانی برام وەرگرت تا باسی دێوەکانی بۆ بکەم.. دێوەکانی غەیب.. فەرمووم: دەزانم، ئەو باسانەی تۆ ڕاستن.. بەڵام غەیب دێوی تیادا نییە. چونکە غەیب گیانی ڕووناکییە. بەڵام ئەوەی تۆ باسی لێوە دەکەیت، ئەوە غەیبی جەهەننەمە.. ڕاستت فەرموو.. بەڵام بە هەڵەدا چوویت. ترساویت.. چونکە ئەگەر ختە و کشت- لە دێوەکان بکردایە، ئەوا ئەوان لە پێش چاوت وون دەبوون.. ئەوسا دەتتوانی لە پردەکە بپەڕیتەوە. ئەو پردەی کە زەردەشت ناوی لێنا: پردی سیرات. چونکە ئەم پردە دەتبات بەرەو قوتبێکی تر.. کە قوتبی ڕووناهییە. ئەوسا لە غەیبدا ئاوێتە دەبی و هەست بە شادومانی و پاکی و جوانی دەکەیت. هەست بە خۆت، بە گیانت، بە لەشت دەکەیت. ئیتر هەست بە ژیان دەکەیت لە خۆشخوانییدا.

لەو خەیاڵانەدا بووم، زرم.. شتێک کەوت و لەودیوی پەنجەرەکەمدا شتێک زرمەی هات.. بە دوایدا گوێم لە نرکەو ناڵەی ئافرەتێک بوو.. پاشان گوێم لە هەناسەی تەنگی بوو.. کاتێک کە بە کەمێک دوو دڵییەوە سەرم کێش کردە دەرەوەی زیندانەکە؛ بینیم ئافرەتێکی دراوسێمانە کەوتۆتە خوارەوە.. لەو کۆشکەی ئەوبەری زیندانەکەمەوە- نا.. ببوورن- لە پەنجەرەی نهۆمی دووەمی هۆتێلی زیندانەکەوە.. کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەرگای زیندانەکەم کە ژمارە سیانزەیە.. بینیم هەناسەی تەنگ بووە و هەردوو باڵەکانیشی وەریبوون! یا شکابوون! نازانم؛ بەڵام ئەو فریشتەکی گەلێک پەشۆکاوو حۆل و گێل بوو.. ووڕ بوو بوو لە بەربوونەوەیدا.. چونکە چوبوو بە میوانیی خواکان ئەو شەوە! پرسی بە من کردبوو پێشتر.. بەڵام بە قسەی منی نەدەکرد، چونکە حەزی لە دێوپەرستی بوو.. منیش سڵاوم لێی کردو؛ ویستم لە پەنجەرەکەوە باز هەڵدەمە دەرێ و دەستێک بنێمە ژێر باڵی و ڕاستی بکەمەوە.. بەڵام ووتی: پێویست ناکات، چونکە من دەتوانم هەڵبستمەوە. منیش هەواڵ پرسیم لەو کرد.. پاشان گوێم بۆی شلکرد.. ووتی: خواکان زۆر توند گیرن، ئەوان ڕێگە نادەن مرۆڤ لێیان نزیک بێتەوە.. بە لەقە لەو ئاسمانەوە بێڕەحمانە هەڵمان دەدەنە خوارەوە.

پاشان تەماشایەکی دوودڵی کردم و ووتی: دێوەکان خۆیان بە خوا دەزانن.. نایەڵن مرۆڤ لەوان نزیک ببنەوە. فەرمووم: تۆ خواوەند و خواکان و دێوەکانت لێ تێکەڵ بووە.. ووتی ئاخر- پاولۆ کهۆیلۆ- دەڵێت: ئێمە سەربازی ڕوناکیین. فەرمووم بۆ

خۆی ووت.. ئەو بە ئاگا نییە لەوەی کە ڕووناکی سەربازخانە و زیندان و ئۆردوگای لێ نییە. ئەو هێشتا نەگەیشتووە بە عیرفانی حەوتەیەم.. چونکە لە عیرفانی شەشەمدا دەرنەچووە و خەڵاتی خواکانی وەرنەگرتووە.. جا با من باسێکی جوانییت بۆ بکەم.. ووتی بەڵێ. فەرمووم: مرۆڤ تەنها بە هەستی جوانی بە کەماڵ دەگات.

ئافرەتەکە کە زۆر حەزی دەکرد ببێت بە فریشتە؛ ووتی: نا.. ئێمە گشتمان سەربازەکانی ڕووناکیین.

بەدەم مۆڕە و قاوەی پشیلەکەوە، لە خەونی سێیەم ڕاچەنیم.. زۆری نەبرد پرشنگی ڕووناکی بە ڕەنگی ئەرخەوانی و بەرەو پرتەقاڵی چوون- هەڵهات و تا چاوم بە باڵای ڕۆژ نەکەوی، خەوم لێ نەکەوت.. پشیلەکانیش نووستبوون، تێر بوبوون لە هەوەسبازیی و گەمەی لێپەڕینی ئەو شەوەیان. تەنها من بێدار بووم و هێشتا خەریکی نوێژ بووم.. بە دیار ئەم ووشانەوە.. ئەم فەرموودانەوە لە پەنای پەنجەرە شەختەییەکانەوە هەڵکوڕمابووم و هەستم بە سەرما دەکرد.. دێوەکان بووقیان لێ دەدا و هەواڵەکان بۆنی شەڕو باسی شەڕیان بڵاو دەکردەوە.. هیچ یەکێک لە بازاڕەکان فەرموودەکانی منیان پەخش نەکردو هێشتا چاوەڕێم.. سەرمامە و شەکەت و ماندووم. چونکە نیازی گەڕانەوەم تا دێت زیاتر گۆش و گەورە و مەزن دەبێت..

ئێوارەی هەمان ڕۆژیش ئەو ئافرەتە هاتەوە بۆ سەردانم؛ واتە هەمان ئافرەتی دێو پەرست کە خوازیارە ببێت بە فریشتە و ئەو شەوە بە باڵشکاوی کەوتە خوارەوە لە ئاسمانی یەکەمەوە.. چونکە نیازمەند بوو بەو شێوەیە بچێتە حزوری خواکان!

هات و ووتی: دەمەوێت تابلۆیەکت لێ بکڕم.. هەڵبەتە باوکم پەیمانی پێ داوم کە پارەی ئەو تابلۆیەت پێ بدات کە من هەڵی دەبژێرم بە نیازی کڕین. فەرمووم: فەرموون.. ئەمە هەندێک لە تابلۆکانم. ئەویش چاوی بە تابلۆکاندا گێڕاو هیچی پەسەند نەکرد. نە تابلۆکانی ئادەم و حەوا- نە تابلۆی پێغەمبەر و حەزرەتی نوح و- نە تابلۆی سروشت و ئەبستراکت و تەعبیری.. هیچی بەگەن نەکرد. ئەنجام تەماشاکانی خستە سەر تابلۆی چەمانەوەی خواوەند بۆ گوڵەکان. منیش بە هێمنی باسی داستانی بەسەرهاتی ئەو درەختەم بۆی کرد کە بەدەستی یەکێک لە گاردەکانی زیندان هەڵکەنرا و منیش پۆرترێتێکم بۆی کێشا.. فەرمووم ئەم درەختە دەشێت نمایندەی خودی خواوەند بێت.. بەڵام بەدەستی ئافرەتێک شکێنراو نیوە ناچڵ ئەم دەستەی ئەو درەختەی بڕییەوە کە لەبەر دەمی دەرگای زیندانەکەمدا نێشترابوو.. بۆیە من تابلۆکەم ناو لێنا چەمانەوەی خواوەند بۆ گوڵەکان. پاشان پشتی کردە ئەو تابلۆیەش.. ئیتر هیچی نەگووت. با؛ ببوورن، ووتی: سبەی باوکم دەهێنم بۆ تەماشاکردن و هەڵسەنگاندن. بەڵام ئەو هێندە ماندوو بوو کە ئەو قسانەی بەدەم خەوەوە پێ ووتم. چونکە سبەیش و دووسبەیشی بەسەردا تێپەڕی و هیچیان نەهاتن بە میوانی، تا

تابلۆکە بکڕن. منیش بڕیارم دا نرخی تابلۆکە زیاد بکەم. کە نرخی تابلۆکەم بۆ ئەو دابەزاند بۆ سێ هەزار کڕۆن. بڕیارم دا لە دوای ڕۆژی سێیەمەوە بیکەم بە سێ سەد هەزار کڕۆن.

هەر ئەو ڕۆژە لە باسی تابلۆکانمدا بۆ ئەو، شەوەکەی فریشتەیەک هات بە میوانییم.. هەمان فریشتەی دراوسێم کە لەتابلۆی فریشتەدا باسی دەکەم.. تابلۆیەکی نیشان دام.. تابلۆی کورسی.. پاشان بە سرۆش پێی فەرمووم: کەشتییەکەی نوح- لە قورئاندا بە هێمای کورسی هاتووە. جا تابلۆی کورسی بە سرۆش بە حەزرەتی نوح دەگات و دیارییەکە بۆ ئێوەش. ئەو شەوە لەخەوما تا دەمەو بەیان سەمام کرد لەگەڵ گیانی فریشتەکەدا.. کە سرۆشی بۆ هێنام.. ئەو شەوە هێندە ڕووناک بوو نەبێتەوە.

## تابلۆی حەزرەتی جەزا

وەکوو فەرمووم؛ لە دواهەمین ساڵ و مانگ و ڕۆژەکانی ژیانی پەنابەریما لە زینداندا، زۆر ڕوداوی سەیر ڕووی دەدا.. یەکێ لەوانە مردنی کتوپڕی کوڕێکی خاڵم بوو کە لە هۆڵەندە دەژیا.. ناوی جەزا بوو خوا لێی خۆش بێت.. ئەم هەواڵەم لە دارای برامەوە پێ گەیی کە ئەویش بە ویستی خۆی لە وڵاتی بەفر زیندانە..
تەلەفونێکی بۆ کردم و ووتی: ئایا دەزانی کە جەزای کوڕی خاڵە ئەحمەد-مان کۆچی کردووە؟ فەرمووم بۆ کوێ؟ ئایا گەڕاوەتەوە؟ ووتی نەخێر بە داخەوە مردووە و پێرێکە لەناو کەفاوی فێلێهاتندا خنکاوە و کەسیشی لەلا نەبووە تا یاریدەی بدا و ڕزگاری بکات.. بۆیە گیانی لە دەست داوە.

منیش کەمێک ڕامام.. هەر لەو ساتەدا خورپە بەر دڵم کەوت و ڕاچەنیم.. هێندە فریا کەوتم بفەرمووم: بە داخەوە، من باوەڕم بە شتی وا نییە.. چونکە جەزا نامرێت. چونکە کە دڵم ختورەی کرد، بەر لەوەی برەو بە واتاکانم بدەم لە تەلەفۆنەکەدا.. گیانی جەزا-ی خاڵۆزام بینی هەڵەداوان خۆی وەکو هەڵمێکی ناسک؛ وەک وەلییەک نیشان دام.. فەرمووی باوەڕ نەکەیت، ئازاری دڵی خۆت نەدەیت دارا درۆ دەکات. چونکە ئەو باوەڕی بە خوا نییە. ئەو کافرە و تەنانەت خوایەکی هێندەی زەڕنەقووتەک بۆ خۆی دروست نەکردووە و هیچ شک نابات لە باوەڕ بەرزی.

کە تەلەفۆنەکەم داخست، گیانی جەزا سڵاوی لێ کردم و منیش لەبەری هەستام و پێشوازیم لێی کرد.. چونکە بەر لەوەی بمرێت! وەسێتی بۆ من کردبوو کە باسی داستانەکانی ژیانی تۆمار بکەم و گەواهی ئەو غەدرە بم کە دەرهەق بەو کراوە بە منداڵی و هەرزەکاری و بە گەورەییش. منیش ئێستا باسی ئەوتان بۆ دەکەم.. چونکە

ئەو شەوە، ئەو میوانی من بوو، تا درەنگانێ مایەوە. دواهەمین ووتەشی لە زمانی مێروولەکانەوە بە ئێوە دەگەیەنم!

کاتێک کە بەخێر هاتنم کرد، گیانی جەزا فەرمووی:" ئۆخەیش، خۆ نەجاتم بوو لە لەشێکی قورس و ژیانێکی وەرز و پڕ لە دەردی دوری و بێکەسی و یادی باوان.. بەڕاستی ژیان زۆر جەربەزەیەو زەجری ناخۆش دەگەیەنێت بە گیانی ئینسان، مرۆڤ ناتوانێت بەو هەموو ئازارانەوە بژی کە دێوپەرستەکان دژی ئەنجامی دەدەن.. نەجاتم بوو.. پیاو خوای نامێنێت".

منیش بەدەم تەماشاوە، سەیری ئەو فریشتانەم دەکرد کە وەکو تیشکی سپی لە دەوری سەری ئەو دەگەڕان.. زۆری نەبرد دایک و باوکی جەزا لە بەرگێکی پۆشتەی تا بلّێی ڕۆشن و نورانیدا هاتن بۆ لامان و لە پشتەوەی سەری ئەودا ڕاوەستان. خالّە ئەحمەد- (باوکی جەزا)م بە چاوە سەوزە پڕ لە نووری ئاسمانەکانیەوە- کەمێک دەربەست تەماشای دەکردم و هیچی نەدەگووت.. خالّۆژنیشم کە ناوی حەزرەتی تەنکە- بوو هەمان شێوە لە خەندەیەکی بە شکۆ و پیرۆزدا چاوی لێ نەدەتروکاندین.. دەیویست باوەش بکات بە جەزادا.. چونکە زۆر بیری گیانی ئەوی دەکرد.. فرمێسکی ڕۆشن لە چاوەکانی قەتیسمابوون،، وا بزانم ئەو منی نەدەبینی.. چونکە من هەولّم دەدا بە تەلیسم لە خالّۆژنمی بگەیەنم تا پەلە نەکات.. ڕێگەم بدات لەگەڵ گیانی جەزادا کەمێک بدوێم. بەڵام ئەو شەوە ئەو خۆزگەیەم نەهاتە دی.. چونکە شەوی سێیەمی کۆچی دوایی جەزا بوو نەک دووەم! .. کە گیانی دەبوو بگەڕێتەوە بۆ هەمیشەیی.. چونکە گیانی ئەو گیانێکی مرۆڤی بەخشندە و پاک و دلّپاک و پیرۆز بوو.. لەو پەڕی تۆڵەو ڕقیدا، لەوپەڕی خۆشەویستیدا دەژیا و تا لە ژیاندا بوو، نەیتوانی ڕقی لە هیچ بێت.. ئەو شەوە خالّۆژنم پێشوازیی لە گیانی ئەو کردو لەگەڵ ئەواندا لە ئاوڕدانەوەدا لە چاوانم وون بوون.

ماوەیەک ئەو شوێنەواری نەما و نەهاتە خەونم.. شەوێکیان هاتە خەونم و پێی فەرمووم:" کاکی بەڕێز لە بیرت نەچێت، تۆ پەیمانی ئەوەت پێ داوم تا چیرۆکی ژیانی من بنوسیتەوە.. چونکە بەڕاستی من داستانم. ئەزانی من چەند ئەشکەنجەم دیوە؟! تکایە لە بیرت نەچێت، بەڵام ئێستا، هەر ئێستا دەبێت لەخەو هەستیت و تەلەفۆنێک بۆ شاخەوانی برای گیانیم بکەیت.. تا تکای لێ بکەیت کە چاوێکی لە منداڵەکان بێت و ڕەحمیش بە خۆی بکات، تا وەکو منی بەسەر نەیەت. بەو بڵێ؛ ئازاری خۆت مەدە، چونکە ژیان زۆر ئازار دەر و سزابەخشە". منیش لە خەو هەستام و ئەو چۆنی ویست من وەهامکرد. تەلەفۆنێکم بۆ شاخەوانی ئازیز و لاوو هەست ناسک کرد.. ئەویش چاوەکانی پڕ بوبوون لە فرمێسکی جەزا.. زمانی شل

بوو، سۆزەکانی برینیان گرتبوو.. لەسەر خواستی حەزرەتی جەزا تکام لەو کرد کە ئاگاداری خۆی بێت.

لەم شەوانەی ڕابردودا، جارێکی تر جەزای کوڕی خاڵم هاتەوە بە میوانیم.. یەک تەشتی گەلێک مەزنی گەورەی ئاڵتوونیی لەسەر شان بوو.. هاتە ناو ماڵەکەمەوە.. نەک بە خەو بەڵکو بە چاوی هەست بینیم تەشتە ئاڵتونییەکەی داگرت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و بزەیەکی کامەرانیی تێ گرتم .. سڵاوی کردو تەشتەکەی لەسەر شانی داگرت و فەرمووی: ئەوە خەریکی چییت خوا نەناس، خۆ هیچت لەسەر نەنووسیم!.. منیش لەبەری هەستام و سڵاوم سەندەوەو بە ئیحا بەوم فەرموو:" دەبێت بمبوریت کە هێشتا لە زیندان ئازاد نەبووم.".. فەرمووی: بوراویت.. بە پێکەنینێکی شەرمن و کەمێک دودڵەوە.. پاشان پەنجەی بۆ تەشتە ئاڵتوونییەکە درێژ کرد و فەرمووی:" بە خالیدی کوڕی خاڵم بڵێ- دەبێت لە تەشتێکی ئاڵتونیی پڕ لە ئاودا خۆی بسمیل بکات. چونکە من لە گوناهەکانی خۆش نەبووم.. چونکە داوای لێبووردنی لێ نەکردم."!

منیش فەرمووم: خۆ بەڕێزتان هەمیشە لێبوردوو بوون! یانی چی، تۆ ئەم داوایە دەکەیت؟.. فەرمووی: ئەوەی زۆر لە کەسێکی تر بکات.. ئەوەی زۆر لە کەسێکی لە خۆی منداڵتر بکات.. دەبێت خۆی بسمیل بکات و پاشان داوای لێ بوردن بکات و پاشان چاوەڕوانی سزا بێت.

فەرمووم سزای ئەو و گوناحی ئەو چییە؟ فەرمووی: ئەگەر تاوانبار بێت، خۆی دەزانێت.. چونکە مرۆڤ ئەگەر دان بەتاوانەکانیدا نەنێت، لێبوردنی دەست ناکەوێت.. یان سزاکانی زۆرتر دەبێت گەر بە درۆ بژی و بە درۆ خۆی تەفرە بدات. فەرمووم؛ بەڵام من توانای ئەو کارەم نییە لە ڕاستیدا.. فەرموی؛ تۆ پەیمانت پێداوم تا لەگەڵیدا بدوێی. فەرمووم ئەمە ڕاستە. فەرموی: تکای لێ بکە تا لە خۆی خۆش بێت. چونکە دەبێت لە تەشتێکی ئاڵتونیدا خۆی بسمیل بکات.

بەر لەوەی پشت بکاتە من و ڕوبکاتە ئاسمان.. بە چپە بەوم فەرموو: جەزا گیان بەتەمای چییت؟ بۆ کوێ دەچیت؟ فەرموی؛ دڵنیابە جارێکی تر ناگەڕێمەوە ناو ئەم ژیانە پڕ مەشەقەتە.. بەسە، ئیتر جارێکی ناگەڕێمەوە ناوتان.. چونکە بەڕاستی ژیان زۆر ئازاری مرۆڤی خێرمەند دەدات.. باش بوو زوو نەجاتم بوو.. ئیتر ناگەڕێمەوە و من گەیشتوم بە قەناعەت. بە نەجات.. من ڕزگارم بوو لە دەستی بەڵاکانی ژیان و ڕۆژگار. بەڵام سەرپشکم، هەر کاتێ نیاز لە گیانمدا بکەم بە خۆزگە.. ڕاستەوخۆ وەک نور دەبم بەوەی کە دەمەوێت.. بەڵام زۆربەی کات چاوی گیانم لەسەر پشتی باڵندەکان لە ئاسماندا باڵی دەبزوێنێ و تەماشای منداڵەکانم دەکات.

فەرمووم: تۆ لە یادی ئێمەدا زیندویت. فەرمووی زیندو بن.. فەرموم سڵاوم بگەیەنە بە گیانی پاکی دایک وباوکت.. فەرموی سڵاوتان گەیشت.

کاتێک کە ئەم زیندەخەونەم بینی.. ڕاست بوومەوە و موچرکە بە لەش و ناخی گیانمدا تەوژمی دەکرد و هەستم بە ئامادەیی گیانی ئەو دەکرد لە هۆڵی ماڵەکەمدا.. وێنەکەشی ئەو شەوە لەبەرچاوم بوو کە لە ناو ئەلبوومەکەدا یەکەم وێنە بوو و دیار بوو و دەمبینی. هەمان شەو نیوە شەو بۆنێکی خۆش هاتە بەر هەستی شامەم.. ئەو کاتە من لە ژێر زەمینی ماڵەکەمدا بووم بۆ داگیرساندنەوەی کارەبای بڕاو! چونکە نازانم بۆ کارەبای زیندانەکە، هەڵبەتە شوێنگەی من کوژایەوە و دەبوایە بچومایە لە ژێر زەمینەکە سویچە سەرەکییەکە پێبکەمەوە.. لەوەتەی من گواستوومەتەوە ئەم زیندانە، ژێر زەمینی زیندانەکەم هەیشە بۆنی پێشاوی لێ دێت.. ئەو شەوە بە پێچەوانەوە بۆنی عەتر و گوڵاوو نێرگزی لێ دەهات و هەستم بە میوانداریێتی دەکرد.. زۆری نەبرد هەیکەلی خەیاڵیی جەزای کوڕی خاڵمم بینی.. بە بۆنیدا گومانم نەکرد.. ترسم ڕەوییەوە.. پاشان بە دوامدا هات تا ناو هۆڵ و جێگەی دانیشتنم و هەناسیەکی قوڵ و گەرمی هەڵکێشا! پاشان چاوە گەورە ڕۆشنەکانیم هاتەوە یاد.. کاتێک کە چوومە قوڵایی تەماشاکانیەوە، بینیم دایک و باوکی، واتە خاڵ و خاڵۆژنم- لە ناو ڕۆشنایی گلێنەی چاویدا ئارام دانیشتوون و نوێژ دەکەن. بەچپە فەرمودەکانیان بەر هەستی بیستم دەکەوت، لە نوێژەکانیاندا دەیانفەرموو: خوای گەورە، بیکە بە ڕەحمەتی خۆت و بەزەییت ببارێنە بەسەر میلەتی کوردا.. دەست بگرە بە باڵی منداڵەکانمانەوە و لە نێشی دێوەکان بیانپارێزە .

جەزا هەر وەکو ئەو کاتە چاوو دڵ ڕۆشن بوو کە پارساڵ ئەوم بە زیندوویی تیا بینی.. هەڵبەتە ئەو کاتەی کە چووم بە میوانیی بۆ وڵاتی هۆڵەندە.. گیانی ئەو بە تەماشا و بە ئیحا بەمنی فەرموو: خوا ئەوە نییە کە ئیسلامییەکان باسی لێوە دەکەن و دەیپەرستن.. خوا زۆر لە تەنهایی و بەخشندەیی ئەوان بەتواناترو مەتینترە.. خوای ئەوان لە خودو لە کردەوەکانی ئەوان دەچێت.. ئاسمانەکان چۆڵ نین.. بەڵکو تیایدا خێری موتڵەق جوانیی موتڵەق لە باڵای یەزدان هەمیشە بارتەقا دەبێت.. خوا دەتوانێت هێندە مەزن و فراوان و زۆر بێت- نەبێتەوە.. من خواوەندم دۆزیوەتەوە و لە ڕێگەکانی ئازادیدا بەهەشت هەستی خوایە.. هەمیشەیی مەملەکەتی خوایە و فریشتەکان لە دڵی مرۆڤی خێرمەندو لە مشەی منداڵەکاندا دەنوون. خوا بارتەقایە.. لە جوانیدا، لە مەزنییدا، لە بێ سنوریی دەسەڵاتی خێردا.. خوا هەقی شەڕەکانی نێو مرۆڤایەتی و جیهانی نییە.. چونکە خواوەند لە شەڕ نییە و شەڕی مرۆڤایەتیش لە پێناوی خوادا نییە.. جا با مرۆڤەکان ئازاد و سەرپشک بن لە پەرستنی خوای خۆیان.. چونکە خوای هەندێک لە میللەتان مانگایە.. یان بتە.. یان مانگ و ئەستێرەیە..
چونکە خوا هەمەڕەنگ و هەمەچەشن و ناکۆتایی یە.

ئەو شەوە حەزرەتی جەزا یادی بەخێر زۆر مایەوە.. پاش ئەوەی کە وادەی لێ وەرگرتم کە چیرۆکی ژیانی دەکەم بە ڕۆمان.. بەجێی هێشتم.. منیش پەیمانم دووپات کردەوە، بەوم فەرموو: ئەگەر لە زیندان ئازاد بووم و گەڕامەوە، پەیمان بێت ڕۆمانی جەزاو داستانی ژیانی بهۆنمەوە.. تا ئابڕوویەک لە نێوان میلەتی کورددا بژێنمەوە.. کە لەباریان چووە.

لەو شەوەوە گیانی جەزام هەست پێنەکردووە.. بەڵام جار ناجار بۆنێکی خۆشی نێرگز و ڕیحانە و مێخەک دەکەم.. تێکەڵ بە بۆنی گوڵاو.. هەست بە بوونی بێگەردیی دەکەم. هەست دەکەم ئازادە گیانی ئەو لە هەمیشەییدا.. یادی بەخێر.. ئەو پارچەیەکە لە دڵم، لە جگەرم، لە گیانم.. چونکە کوڕی خاڵمە. کوڕی خاڵۆژنم. چونکە خاڵۆژنم بە دۆعاکانی توانیی سیساڵ زیاتر تەمەنی جەزا درێژ بکات،، چونکە جەزا کە یەکەم جار لەدایک بوو، وەفاتی کرد.. پاشان هاتەوە ژیانەوە، بەڵام بە نەخۆشییەوە.. بە نەخۆشییەکەوە ژیا.. کە چارەی نەبوو.. چونکە دڵی کون بوو.. خاڵۆژنم توانیی بە نوێژەکانی دڵی ئەو چاک و تیمار بکاتەوە.. بەڵام ژیان دڵی ئەوی هەڵکۆڵی و بە لاوی ئەوی دا بە زەویدا.. خۆی گۆتەنی ژیانی چی؟! توخوا ئەمە ژیانە مرۆڤ تیایدا دەژی!؟ تڕحێو.. دەبا چیمان بەسەر دێت بە خەندەوە بەرگەی بگرین.. چونکە مرۆڤی ڕوو بە خەندە نامرێت. ژیانیش هێندە ناهێنێت تا جێگەی ڕق لە دڵماندا بکەینەوە.. چونکە ڕق شتێکی ناشرینە و لە سەروفەصاڵی ئینسان ناوەشێتەوە.

منیش هەرچەند بۆنی هاتنی جەزا دەکەم.. بە خەیاڵ ئەستێرەیەک دەبینم و لە یادمدا تەماشای دەکەم.. چونکە لە ئایینی کورددا هەر مرۆڤێکی بێ گەردو دڵ ڕووناک و ڕەسەن و خێرمەند خاوەنی ئەستێرەیەکە تایبەت.. کە بە ئاسماندا گەشت دەکات و لە خۆزگەکانیدا ڕۆشنایی دەپروێنێت.

یادی بەخێر جەزای خۆشەویست، خوا تەمەنی درێژ بدات بە خوشک و برا جوانەکانی.. ئەو مرۆڤانەی کە لە هەندەران وون بوون و کەس جوانییەکانیان نابینێت.. چونکە ئەوان لەوەتەی کوردوستانیان جێ هێشتووە، خوا غەزەبی لەو میلەتە گرتووە.. چونکە ئەوان هێندە جوان نەبوون نەبێتەوە.. بگرە ئەوان گیانی تەبیعەتی پاکی کوردوستان بوون.. لەوەتەی ئەوان وڵاتیان جێ هێشتووە، کوردوستان بیریان دەکات.. بە هەمان ئەندازەش ئەوان بیری کوردوستان دەکەن.. بەڵام ئێمە گشتمان لە زیندانی وڵاتانی ئەوروپادا، لەناو دەمی پاپادا- لە ژێر دانی بەزەیی ئەواندا دەلەرزین و فێری نەخۆشیی بێ هەستی دەبین.. چونکە مرۆڤ نابێت نیشتیمانی خۆی بەجێ بهێڵێت. جەزا- واتە گیانی ئەو لەمندا دەفەرموێت: برای چیرۆکخوان، مرۆڤ کە لە جێگەی خۆی هەڵکەنرا، دوچاری نەخۆشیی ئینکارکردن دەبێت لە موقەددەسات و باوەڕ و وەفاو هەستەکانی خۆی، مرۆڤ هەر لەخۆیەوە

ئەدەب سز دەبێت، وەک ئەوانەی یەکسەر کەلتورو زمان و باوەڕی باوانیان دەگۆڕن و قن دەکەنە ڕابردوی خۆیان.. جا ئەوانە گانیان بدایە باشتر بوو.. چونکە ئەوانن کە ژیان توشی سەرەتان دەکەن و منیش لە داخی ئەوان پێم نا بە جەرگی خۆما و ئینکاریم لە پیرۆزترین عیشقی هەندەران کرد.. چونکە هەندەران بە سودی مرۆڤ نییە و مرۆڤ ئەگەر دەست لە کەرامەتی میللی خۆی بەر بدات، پیس و بێ هەست و خوێڕی دەبێت. جا خەڵکینە بۆ وا لە میلەتی کورد دەکەن؟

ڕاستی دەفەرموو جەزا.. گەرچی ووشەی ڕەقیشی بەکار برد، بەڵام ڕاستی دەکرد.. چونکە هەندێک هەن دەتوانن لە توڕەییدا ڕاستگۆیانە بدوێن.

ئەو کاتەی کە جەزا۔م بینی.. واتە بەر لە خوالێخۆشبوونی؛ من بیست ساڵ بوو نەمبینیبوو، کەچی هەر وەکو خۆی وا بوو.. دەتگوت هەمان مرۆڤە کەمن بەر لە بیست ساڵ جێم هێشتبوو! بەدەم پێکەنینی شیرینەوە فەرمووی: وەڵاهی درۆ ناکەم، دەتوانم هەزار ساڵی تریش بژیم.. ڕاستی کرد.. چونکە ژیان هێندە ئەوی زەجر دەکرد لە هەندەران کە هەر ڕۆژێکی تەمەنی ساڵێکی ڕەبەق بوو۔ لە دودڵی و نەخۆشی و مەراقدا.. چونکە خۆی گۆتەنی؛ ژیان مرۆڤ دادەتەپێنێت.. مرۆڤ دەکات بە مەیمون و سەگسار و بە دێو.چونکە جەزا هێشتا ئەو نەخۆشییەی هەبوو کە بە منداڵی دەیانگوت چاری نییە.. کە ئەوم بینی.. تەنها چاوەکانی کە پڕ بوون لە غەمۆکی، نیشانی دام کە بەم زووانە سەفەر دەکات.. دەگەڕێتەوە بۆ هەمیشەیی.. منیش باسی ئەو خەوانەم بۆ کرد کە بە دایک و باوکی ئەوە بینیبووم.. کە خاڵۆژن و خاڵی منن.. جەزا زۆری پێ خۆش بوو کە من باوانی ئەوانم لەلا پیرۆز بوو. بەڵێ، چونکە ئەوان هێندە جوان و پاک بوون، نەبێتەوە.

بۆیە جەزا زۆر تامەزرۆی چیرۆکەکانی من بوو.. بەڵام نەیدەتوانی هەستیاریی لەسە نوکتەیەک چەق پێ ببەستێت.. هێندە ماندوو بوو۔ خوا خوای بوو ڕۆژێک زووتر بمرێت.. بەڵام ئەگەر ئەو بیویستایە.. سێ سەد ساڵ دەژیا. چونکە من ئەوم وەها دەناسی لە پاکی و جوانی و بێگەردی و ڕوناکی و لە هەستی خوشک و براکانیدا. یادی بەخێر جەزای پیرۆز. بەر لەوەی بگەڕێمەوە لە میوانیی ئەو، کۆمەڵێک وانەی پەیوەندی ژیانی خێزانی۔ فێرە من کرد.. باسی فەلسەفەی nامووس.. ناموسی ژن و پیاو و خێزان و میللەت. ئەوەتان لە ڕۆمانەکەیدا بۆ دەگێرمەوە.. چونکە لێرەدا جێگەی نابێتەوە. بمبوورن. بەڵام تا ئەو کاتەی دەپەرژێم باسی ئەوتان بۆ بکەم، ئێوەش یادیکی بکەنەوە و ئەگەر خزم و هاوڕێ و خوشک و برای ئەون؛ گیانی ئەو تکاتان لێ دەکات تا بە خۆشییەوە یادی بکەنەوە، نەک بە غەمەوە.

کاتێک کە تەعزییەک لە خەڵوەتا بۆ جەزا۔ی خوالێخۆشبوو دەگرم، مێرولە سپییەکانی ناو شارەمێرولەی گیانم دێن بۆ سەرخۆشی لێکرنم و دەفەرموون: خوا جەزاتان

بداتەوە.. خۆتان خۆش.. ئەو لە بەرگە گرەکان بوو. لەشەڕی دێوەکاندا گیانی سپارد، بەر لەوەی چاو بە خاک و گەڵ و هۆزدا هەڵبێنێتەوە.. بەر لەوەی بگەڕێتەوە.

بەڵام کاتێک کە تاک و تەنها لە مەیداندا بەجێهێڵرابوو؛ گیانی ئەو لە خەونی مندا میوانی گیانم بوو. جاڵجاڵۆکەی پیرۆز تەونی دەکرد و لەقلەق بە دەنووکی پیرۆزی خۆی گیانی ئەوی هێنا بۆ لای گیانی سۆما و تور و لیناو دۆعاو ماریاکانی دەروونم.

مێروولەیەکی بچکۆلەی کچ فەرمووی: حەزرەتی جەزا دەفەرموێت: ئاسمانەکان، ئەستێرەکان و هەسارەکان گشتیان خەونی خواوەندی مەزنن.

تابلۆی سکاڵا

شەوێکی تر لە شەوان، یەکێک لەو پاسەوانانەی کە پاسی دەکردم و پێشتر باسیم هێنایە سەر زمان، هات بۆ لام و لە خەو ڕاپەڕاندم و ووتی: من تێناگەم تۆ بۆچی خۆت بە مەغدور و زیندانی دەزانیت لە ناوماندا و هەمیشە گلەیی خۆشیت! ؟شەرم ناکەیت؟ تۆزێک بە ئەمەک بە؛ چونکە تۆ نانی وڵاتی ئێمە دەخۆیت و لەسەرزەمینی ئێمە میوانیت.

منیش بە تەماشایەکی کەمێک تێکەڵ بە هەستی تووڕەیی وەڵامم دایەوە و فەرمووم: دەتوانی گوێم بۆ ڕادێریت و لە کاتی ئاخاوتندا نەمپچڕێنیت؟ ووتی: بەڵێ.

منیش فەرمووم: من نانی وڵاتی ئێوە ناخۆم، بەڵکو ئێوە گۆشت و خوێنی منداڵانی جیهانی دووەم و سێیەم دەرخواردی من دەدەن.. چونکە ئێوە چەک زۆر دەکەن و بە دیکاتۆرەکانی دەفرۆشن و باوانی خۆتان و پێغەمبەرەکانتانی پێ لەناو دەبەن.. چونکە ئێوە پشتتان کردۆتە ڕاستی و خێر و شەرتان تێکەڵ بە یەکتری کردووە و وا دەزانن مرۆڤ تا لە ژیاندا ماوە دەبێت ملکەچی شەڕ بێت. بۆیە من لێتان تووڕەم؛ چونکە ئێوەی گەلانی جیهانی یەکەم پشتتان کردۆتە باوەڕی باوانی خۆتان و دوچاری شەڕێکی ناهەموار بوون.. ئێوە غەدر لە خۆتان و لە وەچەکانی داهاتووتان دەکەن. چونکە مرۆڤتان کردووە بە کۆیلەی سەگ و ئافرەتەکانتان لە ترسی ڕقی پیاوەکانتان فێری عیبادەتی سەگ و پشیلە و بەراز بوون.. ئەگەر هێندەی کات بە کۆکرنەوە و

پاک کردنەوەی پاشەڕۆی سەگەکانەوە بەکاردەبەن، خەریکی تەقوا بونایە؛ یان خەریکی هاوڕێیەتی و یەکتری لاواندنەوە بوونایە، ئەوا جیهان پاکژ دەبووەوە لە پیس بوون و ژینگەکان بەرەو بێگەردی دەچوون.. بەڵام ئێوە نازانن چی دەکەن، چونکە خەندەی مرۆڤایەتی شێواوە و دێن و داوای گەشبینی لەمن دەکەن!

ئەی نابینن ڕۆژانە چەند کەس لە جیهاندا سەرقرت دەکرێ و چەند ئافرەت لە وەچەی نوح گڕی تێ بەر دەدرێت و دەخنکێنرێت و چەند هەزار ئافرەت ڕۆژانە تاوانیان بەرامبەر دەکرێت!؟ دەتانەوێت منیش وەک نەخۆشە بێ هەستەکانی سەر شاشەی تەلەفیزۆن و کەناڵەکان، حەبی بەختەوەری بخۆم و بە هەموو شتێک پێبکەنم؟ دەتانەوێ منیش وەکو ئێوەبم؟.. نا جەنابی پاسەوان، نا.. من هەرگیز خۆش گلەیی نیم لێتان، چونکە کەس پاداشتی چاکەو خراپەی ئەوی تر ناداتەوە.. درۆکان هەمیشەیین و لەناوناچن.. دەنگەکان تا نەگەن بە هەمیشەیی و لە فلتەری باوەڕی پیرۆزدا پاڵاوتە نەبن. ناسڕدرێنەوە.. کەس ناتوانێ شەڕ بکات بە پەیامی بوونەوەر.. چونکە خێر زاڵە بەسەر ویستی مرۆڤایەتیدا.. کەچی دەتانبینم خۆتان لە خێر دور دەخەنەوە.. دەتانبینم چەپڵە بۆ درۆکانتان لێ دەدەن و نانی فەقیر و هەژارەکانی جیهانی دووەم و سێیەم دەدزن و دەیخۆن.. دەتانبینم بە ناهەق بازاڕەکان دەبەن بەڕێوە و لەبری خۆراک زەقنەبووت دەرخواردی منداڵەکانتان دەدەن.. دەتانبینم چەکی قورس دەفرۆشن بە ئەفریقا و ئەمەریکا و عیراق و تورکیا! جا هەرچییەک بەمن بدەن، وەک ئەوە وایە زەقنەبووتم دەرخوارد بدەن. ئێوە بەبێ هۆ دژی میللەتی من و دژی خۆتان شەڕ دەکەن و لە جەنگێکی قڕکەرانەدان.

بۆیە من بە مافی خۆمی دەزانم درۆتان لەگەڵدا نەکەم، چونکە من لە گوناحەکانی خۆم خۆش بووم.. خۆم بە تاوانبار نازانم گەر بێت و ماف بەخۆم بدەم لە شکۆی حەق و جوانی بدوێم و باسی باوەڕی باپیرانتان بهێنمەوە یادتان.. چونکە ئێوە بایی بوون بە دەسەڵاتتان. منیش لە بایی بوونی مرۆڤ دەترسم.. چونکە بایی بوون دێوێک لە دەروندا گۆش دەکات.. دێوێکی نەزۆک و تاریک و توڕە.. کە لە داهاتوودا ژیانتان کۆڵەوار دەکات، چونکە بەرەو شەڕێکی مەزنتان دەبات.

دەبێت بزانن کە بایی بوونتان بە ڕاددەیەک کوێری کردون کە جوانییەکانتانی تیادا دیار نەماوە.. ئێوە مەحکومن بە نەژاد پەرستی و نەهی لە نەژادو ڕەسەنایەتیی باوانی خۆتان دەکەن. ئێوە پشتتان کردۆتە خواکانی خۆتان و خوای تیرۆریست و عەرەب و تورک و فارس و خوای کاڵا دەپەرستن.. ئێوە باوەڕتان بە پێغەمبەرەکانتان سست و سز بووە و دان بە شکۆ و کەرامەتی پێغەمبەرەکانتانا نانێن.. ئێوە نازانن ئایین و خواوەند و باوەڕ چییە و وا دەزانن هەموو باوەڕەکان لەسەر پەنجەی

ئاڵتونیی دارایی و مادیتان بەڕێوە دەچێت.. جا غرورتان بەرەو لەناوچون و ئازارتان دەبات، بە تایبەتی کە نازانن کێ دۆستە و کێن دوژمنەکانتان.

ئێوە خواکانتان لە بیر چۆتەوە و وا دەزانن زانستتان گەشەی کردووە.. جا لە بیرتان نایەت کۆشکی سولەیمان و هەستیاریی ئیبراهیم و دادپەروەریی موسا و عیسای مەزن.. ئێوە هێشتا تیجارەت بە ئافرەتەوە دەکەن و شەقامەکانتان بۆگەنی کردووە و بزەی ئافرەتانی جیهانی یەکەم لەسەر شەقامەکانتان خوارو خێچ و درۆزن و ڕقاوی و تۆڵە دۆزن. کەس بە دەم بێگانەوە پێناکەنێت و هەر یەکەتان لە جێگەی خۆیەوە خەریکی هەڵکەندنی سەنگەرەو خۆی پڕچەک دەکا بە ڕق و کینە بەرامبەر بە ئایینێکی تر و باس لە نەزانی خۆتان دەکەن و وا دەزانن هێز ڕابەرتانە و چەک ڕزگارتان دەکات.

ئێوە تووشی نەخۆشیی خۆ لەناوبردن هاتوون. ئێوە بە ناهەق ئازاری خۆتان و ژیان و جیهانیش دەدەن. جا چاوەڕوانی چی سوپاسگوزارییەک لەمن دەکەیت، کە من لەناو وڕێنەی ترس و شەڕی بەزۆر سەپاودا ناوێرم لە زیندانەکەم بێمە دەرێ و دوو قسەی خۆش لەگەڵ منداڵێکدا بکەم و سەردانی هاوڕێیەک بکەم و نان لەگەڵ ئافرەتێکدا بخۆم! لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا دەوێم، یان بۆ هەر ئافرەتێک خەندە دەپروێنم، ڕۆژی دوایی خۆیم نیشان دەدات و پرچی خۆی لە بنەوە هەڵدەکێشێ و بە مۆڕەی عەسکەر تەماشام دەکا و قێزم نیشان دەداو بوختانم بۆ هەڵدەبەستێ و پێم دەڵێت سەر ڕەش! ئاخر ئەمە ئاکار بەرزی و شکۆمەندی نییە تا من ڕازی بم لێتان.. چونکە خۆتان لە خواو خواکان باشتر دەزانن کە ناهەقی دەکەن بەرامبەر بە خۆتان، بەرامبەر بە جیهان.

جا ئەگەر ڕاست دەکەن لە بری سەگ پەرستی خۆشەویستی بکەن و یەکتریتان خۆش بوێت و میوانیی یەکتری بکەن.. ئەگەر ڕاست دەکەن بچن سەفەرێک بۆ زاگرۆس بکەن تا قیبلەگای خۆتان یاد بێتەوە و هەست بە کەرامەتی پێغەمبەران و خواوەندو خواکانی خۆتان بکەن.. ئێوە باش دەزانن و چەندجارێکیش بیستوتانە کە من لە تەپڵی سەری حەزرەتی نوح-ەوە دەرپەڕیوم و گیانم لە زاگرۆس گیرساوەتەوە و ئەوێ بێشکە و ژیگە و مەئوا و نزرگەی منەو قیبلەی ئێوە.. کەچی دەبینم ئافرەتانم لێ هان دەدەن تا بمکەن بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی خۆیان.. فێریان دەکەن گاڵتەم پێ بکەن.. جوانیی خۆیانم نیشان نەدەن و پڕیان دەکەن لە قین و بوغز و بوختان.

بۆیە من شانازیتان پێوە ناکەم.. دەربەستیش نیم چیم بەسەر دێنن، چونکە من دەنگی خۆمم یان پەیامەکانم بە ئێوە گەیاند.. دوبارەش پێتانی ڕادەگەیەنم، من تەنەکەم بۆ ناکرێت بە ئاڵتون و بەسەر دەریاو زەریادا ناتوانم بڕۆم و مردووەکان زیندو ناکەمەوە.. بەڵکو دڵنیام لە نەمریی حەق و جوانی و ڕاستی و عیشق و ئازادی.. جا

تێناگەم بۆچی تێڵام دەدەنە دەست کاتێک لێتان تورە دەبم! من دەزانم کە بە شەڕی ئێوە ناوێرم و شەڕی ئێوەش منی پێ لەناو نابرێت.. چونکە هەر چارەنوسێکم پێ ڕەوا ببینن، من دەربەست نیم. ئێوە دەتوانن هەمان ئەو هەڵانە بکەنەوە کە باوانتان کردیان. ئەگەر هێندە ئازاو بەهێزو بە جەرگن، فەرموون، زەمین ناڵە ناڵێتی لە دەستتتان.. منیش تاک و تەنها لەم زیندانە خۆ کردەدا لەتاو هەڕەشەو گوڕەشەو جاسوسی و گومڕایی و پیس بوونی خەندەکانتان- سەرم دێشێ. چاوم دێشێ، هەست دەکەم، حەز دەکەم هەر ئێستاکە گیانم دەرچێت. چونکە ئەو ڕۆژە نزیک بۆتەوە کە ڕێژەی نەخۆشی و ئازارو خواستی مەرگ زۆر هێندە بارتەقا دەبێت، کە دکتۆرەکان پێ ڕاناگەن یاریدەی کەسێک و نەخۆشەکانیان بدەن.. کە مرۆڤ دوچاری مەیلی خۆ لەناوبردن دەبێت. جا لەسەرتان پێویستە پرسێ بە پێغەمبەرەکانتان بکەن. نوێژ بۆ جوانی، سەما بۆ خواکان بکەن، بە دەم نەغمەی گۆرانییەوە نوێژ بۆ خواکانتان بکەن ، و بوێر بن خواکانی خۆتان نیشانی یەکتری بدەن.. نەخشی خواکانی خۆتان لەسەر دەرگاو لەسەر ناوی خۆتان داتاشن.. تا بتوانن خواکانی یەکتری بناسن و بە دڵنیاییەوە لە دەرگای ماڵی کەسێک بدەن کە خاوەنی خواوەندی جوانی و هاوشێوەی خواکانی تۆن. ئەوسا خواکان دێنە زمان و یەک دەگرن.. ئەوسا مرۆڤ هەست بە پیرۆزی و نەجات دەکات.. ئەوسا مرۆڤ دەتوانێت سەرپشک بێت، بەسەر ئاودا دەڕوات یان دەفڕێت! یان لە چاونوقانێکدا لە تەوەرێکەوە، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر خۆی دەگۆڕێت. چونکە مرۆڤ گەر بتوانێت هەموو خواکان بکات بە هاوڕێی یەکتر، بێگومان دەتوانێت بە زانستی ئەوان تێفکرێت و بکاو بڵێت.. چونکە ئەوان چاوەڕوانی چاک بوونی کردوەکانی ئێمەن. چونکە ئێمە بە نەخۆشی توانای بینینی خواکان و فریشتە و پێغەمبەرەکان لە دەست دەدەین! کام مرۆڤی کوێر دەتوانێت من و تۆ بە ڕەنگا بناسێتەوە!؟ بەڵام هەمان کوێر بە بۆن بە بیستن بە لەمس و بە نزیکبوونەوە دەتوانێت من و تۆ لەیەک جیا بکاتەوە!

جا جەنابی پاسەوان چیتان لەدەست دێ تەخسیری مەکەن.. چونکە بەهەرچەکێکی نوێ لە سەری من بدەن، هێندەی ئەوە نێشم پێ ناگات کە ئافرەتێک دەبینم لە داخی تەماشاکانی من پرچی خۆی دەبڕێت.. یان دەبینم بەلامدا تێدەپەڕێت و دڵ و گیان و بیری پرە لە ترس وکینە و گومان و بوختان- چونکە ژینگە وێران بووە بە تەماشاکانتان. خواکانیش دەربەستی کردەوەی شەڕ نایەن و بەزەییان بە مرۆڤی شەرپر و شەڕفرۆشدا نایەتەوە.. چونکە خواوەند ئەگەر تاک بێت یا جووت، بێ بەرییە لە داهێنانی شەڕ و سەرتاپای وجودی خوا یەک زەڕرە دزێویی تیا نییە و جووت بۆ شەڕی مرۆڤ و دێو ناکات.. جا نازانم بۆچی ئێوە قینتان لە خواوەندو خواکان هەڵگرتووە و دان بە ماف و یاسا و جوانیی موتڵەقدا نانێن و خۆتان نغرۆی شەڕ کردووە!؟

بەڵێ جەنابی دراوسێ و یاساوڵی زیندان.. ئەی هاوڕێکانم.. دراوسێکانم.. من دەتوانم ناکۆتایی بدوێم.. چونکە من چاڵە تاریکەکان و پەڵە ڕۆشنەکانیش دەبینم. دەتوانم پەنجە بۆ هەستی جوان، بیری جوان، پەیامی جوان بەرم.. دەتوانم هەست بە بوونی خواکانی خۆم بکەم و مۆمیان بۆ داگیرسێنم. بەڵام من لەو کەسە خۆش نابم کە بە چاوی کەم تەماشای کەلتور و زمان و باوەڕ و عیشقی من دەکات.. چونکە من پێغەمبەری جوانیم و هەست بە جوانی دەکەم.. دەزانم جوانی هێشتا هەناسە دەداو تەنگە نەفەسە و کۆکەی دێت و شەوانیش خەو بە دڕندەوە دەبینێت.. دەزانم کە شیفایەک چنگ دەکەوێت بۆ هەر گرفتێک کە مرۆڤ دوچاری دەبێت. جا با سەرتان نەیەشێنم بە بەسەرهاتی سکاڵا.. چونکە من دەنگی ویژدانێکی نەبیستراو و نەبینراوم. من لەناوتاندا بێ ئاڵاو بێ نیشتیمان و بێ ماف خۆم دەبینم.. نەک هەر خۆم بەڵکو میلەتێک دەبینم لەناو چنگی دێوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا گۆشت و خوێنی هەپرون بە هەپرون دەبێ و دڵی خواکان بەو کردەوانەتان دەڕەنجێت. جا سکاڵا شتێکە نامرێت. منیش گەر توانای خۆ دەربازکردنم نەبێت لە زیندانەکانتان، هەوڵ دەدەم خواکانی خۆم لە زیدانی بەهەڵەداچونتان دەرباز بکەم. چونکە من باوەڕم زۆر بە مرۆڤ مەتینە. من خواکانی خۆمم خۆش دەوێت.

پاسەوانە تەنگەنەفەسەکە کە خۆی ناو نابوو ورچی سپی.. هیچ تێنەگەیی، ووتی تۆ زمان نازانیت، تۆ هیچ فێر نەبویت، تۆ هەڵەیت لەناوماندا و لەسەر ئەم قسانەشت گەر بەردەوام بیت، ئەوا زیانێکی بەزەبر سەرباری ژیانی خۆت دەکەیت و دەدۆڕێیت. فەرموم: مرۆڤی دۆڕاو ناتوانت وێنەی ژیان بکێشێت.. ئەوەی لە جوانی تێدەگات، پاڵەوانە و لە مانای دۆڕان ناگات. جا دەشێت ئەو لە برسا بمرێت.. بەڵام دۆڕان بە مرۆڤی پالەوان ناوێرێت.

مرۆڤ هەرگیز گیانی خێر نادۆڕێنێت. من گەر هیچ نەبەمەوە.. هیچیش نادۆڕێنم.. چونکە من لە کەرامەتی خۆم ڕازیم. هەر مرۆڤێکیش کە ژیانی پێ ڕەوا بینرا، دەبێت بە بەشێک لە پەیامی بوونەوەر.. نامرێت و ئەم ژیانە بەجێناهێڵێت تا پەیامەکانی خۆی نەگەیەنێت. جا ئێوە هەر نەنگییەک بکەن، تەنها خۆتان زیان دەکەن.. چونکە ئێوە خواوەندتان دۆڕاندووە.

مێرولەکان فەرمویان: هەموو مرۆڤێکی خێرمەند بە پاڵەوانی لەدایک دەبێت، جا ئەگەر لەناویشی بەرن، سەری ببڕن یان هەر سزایەکی بدەن، ئەو هەر دێتەوە ناومان و پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێت. چونکە مرۆڤی خێرمەند نامرێت.

## تابلۆی کەو

شەوێک لە شەوە درێژەکان، کە بیرم لە دۆڕانی هەستی عیشقم دەکردەوە.. لە ناو جەرگەی زیندانەکەدا مۆمێکم بۆ گیانی ئەنفال و مەسیحەکان و ماریاکان داگیرسان و بە خەیاڵ دوای شەونخونی بە دیار هەردوو خواکانمەوە( کوڕەکانمەوە) چومە نێو نوێژەکانمەوە..پاش نوێژ بۆ تەماشای ئەوان، خۆمم ڕووت و قووت کردەوە و دام لەشەقەی باڵ.. تا توانیم بەرەو بەرزەخ فڕیم.. پاشان زەوی کێشی کردمەوە ناو زیندانەکەم و لە یادی ساڵەکانی تەمەنی لاویم.. تەمەنی منداڵیم.. تەمەنی گەورەییمدا، جگەرەیەکم داگیرساندو لغاوم بۆ خەیاڵ شلکرد.. بەدەم نووسینەوەی ئەم وشەو فەرموودانەوە وێنەیەکی جوانم کێشا.. وێنەیەکی سەیر و پڕ لە هەستی بەزەیی..
بەڵێ، جا با باسی جەوهەرو شکڵی تابلۆکەمتان بۆ بکەم.. کە خەیاڵم دروستی کرد. لەخەیاڵما کەوێکی باڕی ناو قەفەزم بینی کە سەری لە کڵاوی قەفەزەوە بە ژانەوە دەرهێناوەو بە باڵی ڕاستی، دەرگای قەفەزی شکاندووەو کەچی دەربازیش نەبووە لە ژێر تاڵ و شووڵی قەفەزدا تەماشای ئاسمان دەکات.. بینیم هەردوو دەنووکی بەرەو ئاسمان داپچڕیوەو دەباقێنێ و نوزەی دێت لە باقەیدا.. تەماشای ئاسمانی بەرینی دەکرد.. کە تیایدا هەورەکان دەفڕین و یەکێک لە پەڵە هەورە تاریک و ڕۆشن شێوەکان- لە شکڵی کەوێک دا لەکۆچدا بوو بەدەم باوە.. با – پەڵە هەورە کەو شێوەکەی بەرەو زاگرۆس دەبرد.. لە ماکەوێکی زاگرۆسی دەچوو شەبەحی پەڵە هەورەکە.. باڕە کەوی ناو قەفەزیش ئەو ماکەوە هەڵمشێوەیەی لێ بوبوو بە کەوێکی ڕاستی.. دەیویست لە قەفەز دەرپەڕێ و بەو بگاو لەگەڵیدا ئازاد بێت. بەڵام باڵی شکابوو لە هەوڵ و تەقەلای ڕزگار بووندا.. وا بزانم ملیشی سەقەت بوبوو؛ داماوە! بەڵام هێندەی ژیان تیا مابوو- کە دەشێت باوەڕ نەکەیت.. کە پەڵە هەورەکە لەسەر سەری ئەو باڕەکەوە دەستی بە بارین کرد و تکە تکە تارمایی ماکەوە هەورشێوەکە دەبارییە ناو دەمی کەوەکەوە- کە لە قەفەزدا بوو.. هەم ڕزگار هەم دیل بوو.. چونکە قەفەزەکە تێکشکابوو.. کەوەکەش هێندە لە دڵۆپی بارانی خواردەوە؛ تا گوڕو توانای بە بەردا هاتەوە.. ئەوسا فڕی و پارچەی شوڵی قەفەزەکەی لە هەوادا لە سەرو لەشی خۆی داماڵی و تا بەرزەخ فڕی.. فڕی تا گەییە لای دادگای خواوەند ئاهوڕامازدا..
لەوێ بە زمانی کەوێکی ڕەسەن.. بە نەغمەی کەوێکی ڕەسەن.. بەهەستی کەوێکی ئازاد خوێندی: بژی ئازادی.. بژی جوانی. بژی ژیان و عیشق و خۆشەویستی.. بژی خواکان. بژی مرۆڤی ڕەسەن.. سوپاس بۆ گیانی پیرۆز.. کە چاودێری ئازادییە. چونکە مرۆڤ خودی ئازادییە.

مێرولەکان بە حەپەساوی و بە سەرسوڕماوی فەرموویان: ئێ!.. بەڵێ!

منیش فەرمووم : بەڵێتان باقی.. چی بێت لە ئێوە نهێنی، کەوەکە ئەنجام لە زاگرۆس نیشتەوە دوای گەڕانەوەی لە بەرزەخ.. دوای دادانی نوێژەکانی.. بەڵام لەوێ ئەو کاتەی کە لە ڕۆژێکی بەهاردا باران دەبارێت.. خۆی قوت دەکاتەوە ودەست دەکات بە خوێندن یان بە باقەباق.. لە خوێندنیدا دەفەرموێت: من ئازادیم هێندەی هەموو خواکان خۆش دەوێت.. من، عیشق و ئازادیم دەوێت.. شەیدای جوانیم.. کامەرانیم لای تۆیە و لەسەر خەندە و نیگای تۆن.. بۆ نیشانمی نادەیت؟

من.. هەناوی تۆم.. بە هەر زمانێک بدوێم؛ باسی هەستی جوانیی موتڵەق دەکەم.. چونکە جوانی پەیامی گیان و خواکان و بوونەوەرە... ئازادی لەخۆیدا پەیامبەرە.

مێرولەکان کردیان بە چەپڵە ڕێزان و منیش لە وێناندنی تابلۆی کەوەکە بوومەوە لە خەیاڵمدا.. پاشان لە خەیاڵ دەرم هێناو هەڵم واسی بە دیواری کەشتییەکەمەوە تا تەماشای بکەم و هەڵیسەنگێنم. چونکە تابلۆکەم زۆر لەلا پەسەند بوو.. حەزم دەکرد تەماشای بکەم. چونکە من لە مۆزەخانەی خۆمدا کۆمەڵێک تابلۆی تایبەتیم هەیە و موڵکی خۆمن.. هێشتا بە ڕاستی دروستم نەکردوون.. کەچی لەحەشارگەی کەشتییەکەمدا جێگەیان دەکەمەوە.. ئەو تابلۆیانەی کە نایابترینن، موڵکی خۆمن، نایانفرۆشم.. یان وێنەیان ناکەم. چونکە پاسەوانەکان دەیانەوێت کەشتییە خەیاڵییەکەشم داگیر بکەن.

شیعرێک بەلامدا تێپەڕی و شەقەی باڵی ئاوازی نیشتنەوەی کۆتری دا بە بیستگەم .. پاش ئەوەی لەسەر سەرم سێجار سووڕی خوارد؛ هات و لە سەر پەنجەی شایەتمانم نیشتەوە.. لە شێعرەکەم نەپرسی لەکوێوە هاتوویت؟ ناوت چییەو چ کارەیت؟

چونکە ئەو ڕووت و قووت بوو.. وەک خۆم..

لە ژورەکەمدا تاکوو تەنها دانیشتبووم.. ئامۆژگاریی خۆمم دەکرد.. بە شێعرەکەم دەفەرموو: منیش هەم.

## تابلۆی فریشتە

ئێوارەیەکی تاریک، بەڵام مانگ پڕ بوو.. فریشتەیەک، نا دوان.. یا سیان هاتن بە میوانیمان.. یەکەم و دووەمیان باڵدار، و سێیەمیان بێبەری بوو لە باڵ، چونکە باڵەکانی هەڵکەنرابوون؛ یان شکابوون! چاترە بڵێم: باڵەکانیان لیسەندبووەوە! نا .. ببوورن ، باڵەکانی هەڵکروزابوون، سووتێنرابوون.. من شوێنەواری سووتووم

لەسەر شانی ئەو دیوە، بۆیە دەفەرمووم : سێیەمیان بێباڵ بوو! ئەوان هەرسێکیان داوەتیان کردم بۆ ماڵی خۆیان. منیش بێ دڵیم نەکردن و چووم بە میوانییان و دیارییەکیشم بۆ بردن.. لەگەڵ کەمێک شیرینی.. ئەو ئێوارەیە تا درەنگانێ لای ئەوان بووم کە دوانیان بیری باوکی خۆیان دەکرد.. سێیەمیان دایکی هەردوو فریشتە بچکۆلەکان بوو.. کرخەی هەناسەی دێوەکانی پەست دەکرد.. داماوە هێندە شەکەت بوو بە دەست خەمی مرۆڤایەتی و هەڵەکانی سەردەمەوە، بەدەم ئاخاوتنەوە وەنەوزی دەداو سەری خۆی بۆ ڕا نەدەگیرا.. بەر لەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵم،پەیکەری چەند فریشتەیەکی باڵ شکاوو سەر پەڕیوم لەماڵی ئەواندا بینی.. لەگەڵ کۆمەڵێک پەیکەری مەسیح و مارياکان.

ئەو ئێوارەیە ئێوارەیەکی پیرۆز بوو.. چونکە دوو فریشتەکە کە منداڵ بوون، زۆریان پێ خۆش بوو کە من لەناو ماڵی ئەواندا دێم و دەچم.. یەکێکیان گۆرانییەکی بۆ خوێندم کە خۆی نوسیبووی.. گۆرانییەکەم لە یاد نایەت.. بەڵام سۆزی گۆرانی و نەغمەی دەنگ و بەهرەی ژێکانی دەنگی لە دەرونما بوون بە بەهرەو ئەم پیتانەم لێ چنین.. ئەوان.. هێندە تامەزرۆی بینینی باوکێک بوون- کە لەخۆشییدا حەزیان دەکرد بێنە ناو دڵمەوە.. نازیان دەکرد.. خۆیان جوان دەکرد، دەگەشانەوە و چرۆیان دەکرد.. نەک ئەوان.. منیش وەک ئەوان هەستم بە باوکایەتی دەکرد.. منداڵەکانیشم لەگەڵ بوو.. کە هەردوو منداڵەکانم هاوڕابوون بە خواستی فریشتەکان.. حەزیان دەکرد کە ئەو شەوە پێکەوە بین.. بەڵام ماندوویی فریشتەی سێیەم کۆتایی بەو ئاهەنگە هێنا.. کاتێک کە شەوێ لە خۆشیدا نووستم.. هەستم نەکرد دەست بەسەر و زیندانم، نا.. بەڵکو هەستم کرد کەمن باوکێکی میهرەبانم.. دەتوانم ببم بە باوکی هەر کەسێک کە بیەوێت.. بەو مەرجەی تەمەنی منداڵ بێت و بفامێت. لە خەوما ئەو شەوە دووپات بووەوە و لەسەر خواستی چوار منداڵ لەماڵی فریشتەکان مامەوە و لەوێ بە نیازی نوستن ڕاکشام. لە خەوما دەست و قاچ و باڵی هەموو فریشتەکانم چاک و پینە دەکردەوە!

نیوەشەو کە هێشتا بێدار بووم، بینیم، دێوزمەیەک.. شەوەیەک.. جنۆکەیەک خۆی داوە بەسەر سنگی دایکی فریشتەکانداو قورگی توند توند دەگوشی.. منیش نەمکردە نامەردی لێی ڕاپەڕیم.. بە دەرزی شەوەکەم بەند کرد و بەستم. پاشان ڕەوانەی ژێر زەمینم کردەوە... ئینجا فریشتەکەم لەخەوهەستان..

بەوم فەرموو: ئەگەر حەز دەکەیت؛ من دەتوانم دەستێکت بشێلم و تەلیسمت بشکێنم. چونکە هەست بە ماندوو بوونی گیانت دەکەم.. دەبێ سەرچەفێکی سپیی بۆیەکراو بە شینی ئاسمانیی و پەڵەی هەور نەخشاو لەخۆتەوە بپێچیت.. ئەوسا منیش وات دەشێلم کە گیانت پاکژ بێتەوە.

کە بێدار بوومەوە ئەو شەوە ـ لەو زیندە خەوە؛ مۆمێکم بۆ ئەو ڕۆژە داگیرساند کە خۆزگەکان تیایدا دەهاتنە دی. کە دەمتوانی بە ئازادی شیفا بە هەندێ کەس بدەم.. تا بەلای کەمەوە نیشانی کەسێکی بدەم.. کە میهرەبانی پیرۆزترین دەوای هەر دەردێکە.

فریشتەکانی مەملەکەتی بەفر زۆر گوناحن.. هەریەکەیان شەوانە لەگەڵ سەگێک و پشیلەیەک و بەرازێکدا دەنوون و خەو بە دێوەکانەوە دەبینن و دێوەزمە نیوە شەو هەڵمەت دەباتە سەریان و زەجریان دەکات.. خەو بە هەموو شتێکی ناخۆشیشەوە دەبینن.

ڕۆژێکیان کاتێک یەکێک لە فریشتەکان بەلای پەنجەرەکانی ژوری زیندانەمدا تێپەڕی.. من خەونم بە جوانییەوە دەبینی و کات ناشتان بوو.. ڕۆژێکی خۆرەتاوی وەرزی بەهارو فێنک بوو.. شەختەی دیواری ژوری زیندانەکەم دڵۆپ دڵۆپ دەتوایەوە و بە ئەژماردەی توانەوەی دڵۆپەکانی ژورەکەم؛ من لەخەما تەزبیحاتم بۆ مەرگ دەکرد.. ئاواتەخواز بووم بمرم.. چونکە مردن زۆر خۆشترە لەوەی مرۆڤ بە بێگانە تەماشا بکرێت و لە هەندەران زیندان بێت.. یا بەزۆر ناچاری تەنهایی و بێکاری کرابێت.. بەڵێ؛ بەوپەڕی گەشبینییەوە پێتانی دەڵێم کە مردن زۆر خۆشترە لە ژیان کە مرۆڤ ئازاد نەبوو و کە مرۆڤایەتی دڵنیا لە جیهاندا بە ئازادی نەژین. بۆیە فریشتەکە کە بەلای پەنجەرەکەمدا تێپەڕی؛ هێندە موشتاقی تێکەڵ بوون و خۆشەویستی و عیشق بوو.. پڕ بوو بوو لە غەم و هەنگاوەکانی بۆ هەڵنەدەهات..
کاتێک بەلای پەنجەرەکەمدا تێپەڕی؛ لە دڵی خۆیدا ئاوڕێکی لەو ئاستە دایەوە کە من لەودیوی پەنجەرەکەوە تیایدا ڕاکشابووم. لە دڵی خۆیدا سڵاوی لە من کرد..
سڵاوەکەی دیواری شەختەییی بڕی و وەژوور کەوت و هاتە ناو گیانمەوەو تێکەڵ بە خەونەکانم بوو.

منیش لەخەوما، لەبەری هەستام.. فەرمووم لێی کرد و لە هەمان جێگەدا کە دڵی خواستی لە ژورەکەمدا جێگەم بۆ تەیار کرد ، و ئەویش( واتە گیانی سڵاوەکەی) کورسیی هەڵبژارد تا لەسەری دانیشێت.. منیش بەرامبەری دانیشتم.. کراسێکی تەنکی وەک سەرپۆشەکەی سەری دایمی لەبەر کردبوو.. خۆی دەکردە باوەش و لە سەرمادا هەڵدەلەرزی.. منیش تەماشام دەکرد و هەموو گیانم بوبوو بەمۆم و تک تک دەتوامەوە لە شەرما بۆی.. بەڵام ئەو هەستی بە دڵنیایی نەکرد و فەرمووی: دەتوانیت گەر زەحمەت نەبێ کەمێک بمکەتیە باوەش و دەستێک بە گیانمدا بگێڕیت تا کەمێک گەرمم بێتەوە؟

گیانی منیش فەرمووی: بەڵێ؛ گیانی من هەمیشە ئامادەیە مرۆڤی دڵپاک گەرم بکاتەوە بە تەوژمی گیانی.. چونکە من دەستی حەزرەتی نوح-م هەیە.. گەر بەر دەست و پشتی دێو بکەوێت، خەتمی دەکات.. تا هەوا تۆماری بکات.. کە لە دێوەکانە

یاخود دێوپەرست یان لە وەچەی مرۆڤ. ئەوسا ئەگەر وەکو ئەو فریشتەیە ڕەسەن و پاک و جوان بێت.. ئەوا خەتمی لەمسەکانم دەبێت بە نەخشێکی سپیی زیندو.. دەبێت بە هەزدیهایەکی خێری مەزن و بە گیانیدا دەگەڕێت.. تا ئەوکاتەی کە تۆفانەکان هەستان.. کە زەریاکان فێیان لێهات و بوورکانەکان کەفی گڕ لە دەمیان قوڵپ دەدات و زەمین دەکەوێتە لەرز لە ترسیی توڕەبوونی گیانی تەبیعەت.. ئەوسا ئەوان لە خێر مەندان دەبن و دەتوانن بچنە سەر شانی شەپۆل و باکان و درەختەکان و باڵندەکان و لە هیچ قیامەتێک نەترسن.. چونکە لەمسی من.. هەژدیهایەکی سپییەو گەر بەر پشتیان بکەوێت، پیرۆزو سامناک ومەتین دەبن و بەرگەگر دەبن..ئیتر بەخۆشییەوە دەستم برد بۆ گیانی فریشتەکەو گیانیم گەرم کردەوە.. ئەوسا خاو بووەو هەستایە سەر پێ و بە ئەسپایی چاوێکی بە گەردوونی مندا گێڕا لە زیندانەکەدا! دیوارە شەختەییەکانی نەبینی.. چونکە من تابلۆپۆشم کردبوون بە تابلۆی مەیلەو سپی و تیشک نەخشین..کاتێک کە ڕاما بە دیار تابلۆکانەوە.. هەستم دەکرد یەکە یەکەی تاڵە دەزولەییەکانی جاڵجاڵۆکەی پیرۆز تەماشا دەکات لە گیانی مندا.. زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەو گیانە بێگەردە تەماشای تابلۆکانم دەکات.

ئەویش بەدەم پەنجەی خەیاڵبردنەوە بۆ ژێر چەنەو زوڵف و لێو.. جار ناجار گێسوانی بە دەم یارییەوە لوول دەکردو دەیفەرموو: من وێنەی دابەزین دەبینم لە هێڵەکانتا، هەست دەکەم پەیامەکانتم پێ دەگات.. چونکە بۆنی نوری پێغەمبەرەکان لەو هێڵانە دێت.. هێلەکانت بۆنی گیانی باوک و بابە گەورەو دایەگەورەمانی لێ دێت.. هەست بە خۆشیی تەماشاکان دەکەم و هێڵەکانت قوتانخانەی هەستن. ڕاست دەفەرموویت، گەرچی هیچ لە گیۆمێتراو سیمیتری فێر نەبوویت، بەڵام من هەردوکیان زیندوو دەبینم لە گیانتدا.. من لێوەی فێر دەبم.. چونکە سیمیتری و گیۆمیترا چەند قۆناغێکی تر و مەراتیبێکی تری بڕیوە.. ئەو زانستانە لە تۆدا جیاوازن، چونکە گیۆمێترا و سیمیتریی گیانیین.

منیش سەرێکی گلەیی بەخشم بۆ لەقاند.. بەوم فەرموو داڤینشی لە بابلەوە، لە هەرەمەکانەوە فێری گیۆمێتراو سیمیتری و پرسپێکتیڤ بوو.. من مامامۆستای ئەویش بووم.. بەڵام من لە ژیاندا لە تەوەرێکی تری زانستدا ڕێدەکەم.

فریشتەکە ئاوڕی لێ دامەوە و بە هەڵمەتی لێبووردن نیشاندانەوە توونـد گوشیمی بە خۆیەوە و فەرمووی: بمبوورە مەبەستم زامارکردنت نەبوو. فەرمووم : دەزانم گیانەکەم. ئەویش هەستی بەو گەرمایە کرد کە لە گیانمدا تەوژم دەدات، فەرمووی: زۆر حەز دەکەم تێکەڵت بم. فەرمووم: تۆ لەماڵ و گیانی مندایت، هەست بە هاودەمی و هاوهەستی و هاوگیانی بکە. چونکە ئەمانە عیرفانی یەکەمی فێر بوونن لە زانستی

مندا. واز لە قین و درۆ و نەخۆشییەکانت بهێنە. چونکە مرۆڤ دەتوانێت خۆی چارەی نەخۆشییەکانی خۆی بکات. مرۆڤ بوونەوەرێکی مەزنە.

سڵاوی فریشتەکە ئەو ڕۆژە لە گیانی مندا مایەوە، ئیتر هەر لەماڵی مندا ژیاو فێر دەبوو و هەستی بە نەشئەی کامەرانی دەکرد. هەمیشە لەگەڵ ماسییەکان یاریی دەکرد، کە ماندوش دەبوو، لەسەر پەڕەی گوڵ جێگەم بۆی ڕادەخست و بە گوڵ دامدەپۆشی.

بەڵام خودی فریشتەکە، مەبەستم لەو فریشتەیەیە کە بەلای پەنجەرەکەمدا تێپەڕی، هەستم بە قورسایی هەنگاوەکانی کرد.. بە قورسایی هەنگاوەکانیدا تێگەییم چەندە قورسە لە کۆسپەکانیدا. پەتی سەگێکی لەدەست بوو، دەڕۆی و بیری لە گووکردنی سەگەکەی دەکردەوە.. شەوو ڕۆژ، لەسەگەی زیاتر لە پاسدا بوو.. چونکە متمانەی بە وەفادارییی سەگیش نەمابوو! دەیزانی کە ئەگەر بێت و دوژمن سەر بکاتە سەرمان، بە پارچە شیرینییەک، یان بە فیکەیەکی تایبەت دەتوانێ هەڵیخەڵەتێنێت.. بۆیە هەمیشە لەگەڵ سەگدا دەژیا.. بۆیە ئەو ڕۆژە هێندە هەستی بەتەنهایی و ماندویی دەکرد، هێندە بیری بینینی مرۆڤێکی دڵنەرمی دەکرد ـ نەبێتەوە. هەر بۆیەشە بەلای پەنجەرەی زیندانەکەمدا تێپەڕی؛ چونکە دەیزانی کە من لەوێدا زیندانم. چونکە یەکێک لە خۆزگەکانی ئەوە بوو کە من ئازاد ببم. ئەوەم لە غەمەکانیدا دەخوێندەوە، کاتێک کە بە بێداری ئەوم دەبینی ڕادەبرێت و بزەیەکی نیشان دەدام. چونکە کەم کەس هەن بوێر بن و بتوانن بزە نیشانی بێ ماڵ و پەناهەندە بدەن.. چونکە حەزیان لە بێگانە نییە. بەڵام ئەو- ئەو ڕۆژە حەزی دەکرد من ببینێت. بۆیە سڵاوە گیانییەکەی دیواری زیندانەکەمی بڕی و شەبەقێکی بۆ کردمەوە. تا لە داهاتوودا گەر نیازم بوو، هەڵێم، لەوێوە دزەی دەرەوە بکەم. لەبەر ئەم هۆیەیە کە من فریشتەکانم خۆش دەوێت.. بەڵام فریشتەی سەگبازم خۆش ناوێت. دێوپەرست گەر باڵیشی هەبێت و بشفڕێت لەبەر چاوانمدا من باوەڕی پێ ناکەم و دەستی بۆ نابەم و لەمسی ناکەم.. جا خوێنەری بەڕێز باسەکان شەهوانی هەڵمەسەنگێنن، چونکە تێکەڵ بوونی گیانی و تێکەڵ بوونی لەشی دوو پرۆسیسی جیاوازن لە زانستی ئیستاتیکای مندا.

چونکە لە زانستی مندا ئافرەت و پیاو مەحکوم نین بە گوناح و سزا- بەڵکو درۆکردن قەدەغەیە. چونکە تێکەڵ بوونی گیانی و لەشیی ئافرەت و پیاو بۆ مەبەستی نانەوەی تەنها وەچە نییە؛ نا، بەهەڵەدا مەچن.. بەڵکو بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاکانی هەق و ڕاستی و داد پەروەرییە. مرۆڤ دەبێت بە ڕێزێکی پەرستارانەوە حورمەت لە هاوجوتبوون بگرێت و بەرامبەرەکەی ئازار نەدات. مرۆڤ دەبێت ڕاستگۆ بێت لە نیشاندانی هەستیدا بەرامبەر بە بەرامبەرەکەی جا چی نێر بێت یان مێ.. لێدان و سزاو دەمپسی و سەرزەنشت نابێت لە نێواندا بن کاتێک کە ماچ و لێو

دەگەن بە یەک.. چونکە ئەوەی بە درۆ بەرامبەرەکەی ماچ بکات.. تەندروستیی خۆی دەخاتە لەرزە. ئەوەی ئازاری ئافرەت دەدات دێوە، خێوە و زۆری دەوێت تا ببێت بە مرۆڤ. بەڵکو کاتێکی زۆری پێویستە تا فێری خۆبەخشین ببێت. جا ڕابواردن و جووتبوونی دوو لەش و گیان هێندە پیرۆزە نەبێتەوە.. چونکە لەو ساتەدا بەهرەی هەستی عیشق و جوانی لەمسی گیانمان دەکات کە خۆشاییمان دێتەوە لە ڕێزو قەناعەت و باوەڕدا.

جا تێبگەن، ئەوانەی کە گیانی خۆیان باش بەکار دەبەن و دەتوانن گیانی خۆیان بە دیاری ببەخشن بە کەسێکی تر.. مرۆڤن و شایەنی ڕێزن، نەک سەرزەنشت و سزاو تاوانکار.. چونکە مرۆڤی پیرۆز تاوان ناکات. لە جووتبووندا پاکژبوونەوە چنگ دەخات- پاکژبوونەوە، کە ئەریستۆتالیس- باسی لێوە دەکات و کەمێکیش بە هەڵە لێی دەدوێت.. چونکە ئەو بە گشتی و لە سوودی هێز دەدوێت نەک لە سودی داهێنەران و هونەر و هونەرمەندان. ئەمەش ئاو زۆر دەبات گەر بچمە ناو ناوەڕۆکییەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان فریشتەیەک لەو فریشتانەی کە باوەڕ بە خۆی ناکات لە دیدەگای مندا فریشتەیە- هاتە سەر ڕێگام و سڵاویم سەندەوە و بە خۆشییەوە بەوم فەرموو: دەڵێی ڕووناک بویتەتەوە! ئایا خۆت دەبینی چەند جوان بوویت؟ کەچی ئەو لە وەڵامدا ووتی: نەخێر، چونکە مەرەخەسی نەخۆشیم وەرگرتووە و نەخۆشم، توشی ژانە سک بووم.

من هیچم نەگووت تێگەیشتم کە ئەو توانای ڕۆشنبوونەوەی نییە، باوەڕ ناکات کە ئەگەر بێت و مرۆڤ یا فریشتە لە ناوماندا- ئەگەر بێت و زانست وەر نەگرێت چیی دی، تووشی ژانە سک دەبن. من نەموێرا بەو بڵێم، هەندێک هەن کە سەرپێچی لە زانست دەکەن، ئەوا خودی زانست خۆسەپێنانە دەچێتە سەر ورگیان و فێری زانستی پاکژبوونەوەیان دەکەن.. دەنا گەر لە ترس و دڵە ڕاوکێ و مەراقی تەنهاییدا بژین و باوەڕیان بە هیچ نەبێت- ئەوا دەمرن.

من لەو فریشتەیە زویر بووم، چونکە چەندجارێک درۆی لەگەڵدا کردوم.. چونکە چەندجارێک بەڵێنی میوانی پێ داوم و نەهاتووە هێشتا.. باوەڕیش دەکەم کە دەشێت لە داهاتوودا ڕای خۆی بگۆڕێت. جا لێرەدا فێر بن، کە هەندێکجار زانست خۆی بەسەرتاندا دەسەپێنێت و توشی ژانە سکتان دەکات.. چونکە هەندێک هەن فێر نابن.. نەزانیش دوژمنی هەرە گەورەی زانستە. فریشتەکان نابێت درۆ لەگەڵ پێغەمبەرەکان بکەن. چونکە بەوە گوناحێک زۆر دەکەن. لەبەر ئەوە ئەگەر فریشتەکان وەها بن.. من زویر دەبم. چونکە فریشتە نابێت دوچاری زەبری درۆ بێت. چونکە درۆ پیری و نەخۆشی و مەرگی هێناوە. بەڵێ. ئەمە زانستی مێرولەکانە.

***

ئاوەها ڕۆژەکان و مانگەکان بەسەر مندا تێدەپەڕین.. ئاوەها دەژیام لە بەرگی پەنابەری و پێغەمبەری و مرۆڤی و هونەری و شێتی و گێلیمدا.. لەناو ئەم زیندانەدا کە هەست بە تاریکی دەکەم. هەست دەکەم بریندار دەبم و هەڵە داوەری دەکرێم و مەحکومم بەو داوەرییانەی کە دێوەکان بوختانی پێوە دەکەن.

ژیانم پڕە لە بەسەرهاتی ئەفسانەی خواکان و فریشتەکان.. ئامەزرۆی ئەوەم تا لە ژیاندام بتوانم یەک بەیەکی هەستەکانم بهۆنمەوەو بیکەم بە گەردانە و گوارەو گوڵ و لەملی مرۆڤی ڕەوشت بەرزی بکەم.. دەگەڕێم و وا خەریکە کوێر دەبم بەدیار شاشەی کۆمپیوتەرەوە و ڕێگەکانم لێ بەستراوەو دەمم وا خەریکە بۆگەن دەکات .. کەس لە مانای ئەم ووشانە تێ ناگات! هاوسەرەکەم باوەڕی بە ئەجندەی جادوکار و شەیتان وشەڕیش هەیە.. کەچی من نابینێت و باوەڕیش ناکات کە من هێشتا کوێر نیم و دەتوانم گەردونی جوانی ببینم. باوەڕ ناکات کە من توانای نوسینم هەیە! دەچیت باسی درۆکانی هەندێک لە ڕۆژنامە نووسەکان دەخوێنێتەوە و بە دیار ڕێکلامی جل و بەرگ و خواردن و پێڵاوەوە خەو دەیباتەوە؛ کەچی من نابینێت. کە دەمم لێ دەکاتەوە، بە توڕەییەوە دەڵێت: تۆ لە ژیانتا هیچت نەکردووە- کەچی لەدواییدا دەڵێت: مەبەستم نەبوو، من وێنەکانتم دیوە.. یەک دوو پارچە لە چیرۆکەکانتم خوێندۆتەوە.. بەڵام تێناگەم تۆ بۆ کێ دەنووسیت؟ ئایا هەن کەسانێک لە تۆ تێ بگەن؟ ئایا تۆ دەتوانی هەبیت و بوونی خۆت بسەپێنیت؟

منیش تەماشایەکی دەکەم و بەزەییم دەبێت بە سەرسوڕمانێکی مەزن.. هەندێکجار هیچم بۆ ناوترێت.. بەڵام زۆربەی جار کە وەڵام دەدەمەوە؛ دەفەرمووم: ژیان مەزنترین فێرگەیە.. من ژیان ناسم.. هەست بە جوانی دەکەم. من پەیامی هونەریم پێیە. ئەویش تەماشایەکم دەکات و دەڵێت: جا بەچی دەچێت کە سک قووڕەی بێت!

هاوسەرەکەم هێشتا فێری بینینی من نەبووە و دەیەوێت ئەوانی تر کە نامناسن، کە نامبیستن.. کە تێمناگەن- بمبینن و بمناسن و خەڵاتم بکەن. ناهەقیشی نییە.. چونکە ژیان شیرازەی تێک چووە. چونکە سەرەڕای ئەوەی جوانناسەکان لە ئۆتۆنۆمیی هونەر و ئازادیی و حەق و مافی جیاوازی بوونی هونەرمەندان دەدوێن- بەڵام هێشتا هونەرمەند مەحکومە بە شێتی و ناچار و برسی و ترۆی دەکەن.. ناچاری دەکەن گوی بەراز بشوا لەبری ئەوەی هونەر دابهێنێ و لە جوانی بدوێت؛ دەبێت خواردن بکات بە دەمی بەرازەوە. ئەمە ڕاستییەکە زوربەی گەلان دەیزانن کە هونەر ئازاد نییە و هونەرمەندیش ئامانجی لە ویستی گەلدا سڕ بووە. چونکە هەن داوای مافی پێدانی مادەی سڕ کەر دەکەن- هەن دەیانەوێت لەشفرۆشی بکەن بە ماف. هەن

دەیانەوێت شەڕ و لاوازی و گەندەڵی بکەن بە کەلتوری سەردەم. ئێوەش شاباشیان دەکەن! جا من چاوەڕوانی چی لە ئێوە بکەم!

هونەرمەندان بوون بە کۆیلەی بازاڕ و هەوەس و شەهوەت و کەیفکردنی ناجۆر.. کاڵایەکن لە دەستی بازاڕەکاندا و بە ویستی خۆیان بەرهەم ناهێنن و بازاڕ چۆنی بوێت ئەوان وا دەکەن.. تەنها لە پێناوی ڕواندنی بیری شەڕو ناکۆکی و توانجدان لە کەرامەت و ئایین و باوەڕی گەلانی تر- دەچن هەتکی پێغەمبەرەکان و خواکانی یەکتری دەکەن.. دەچن هەرچی شەڕ هەیە دەیکەن بە یاریی منداڵان و فرۆشگاکانیان پڕ کردووە لە دێوو درنج و مۆرە و مشتەکۆڵەی سۆپرمان و باتمان و هوڵکن و هێشتا لە سەردەمی فیرعەونا دەژین و ناشتوانن هەرەمێکی تر دروست بکەن!.. وا دەزانن هونەر بریتییە لە زۆرکردنی شەڕ و سزادان و سادیزمی سەردەم.. وا دەزانن بەوە دەگەن بە کەماڵ کە هەموو گەلانی جیهان لەناو شەڕدا بگلێنن و تا ئاخر نەفەس شەڕ بکەن و لەشەڕدابن! دژی چی؟ نازانم!

هونەرمەندەکان هەندێکیان دەبن بە قاحبەو لەشی خۆیان دەفرۆشن.. هەندێکی تریان توشی هەڵگەڕانەوەی سێکسی دەبن و تووشی شزوزو لەواطە دەبن.. یان تووشی تێکەڵبوونی سادیزم و ماسۆخیزم دەبن و بە چەقۆو بە گوێزان سک و دەست و ڕانی خۆیان کوڵەوار دەکەن، تا شوێنەواری دێوەکان لە لەشی خۆیاندا ببینن.. تا دێوەکان لە ناو لەشی خۆیان دەربهێنن. دەچن گاڵتە بە پێغەمبەرەکان دەکەن و قنیان نیشانی جەماوەر دەدەن و سەری پێغەمبەر لە شێوەی سەگدا و وێنەی مەسیح لەسەر پێڵاوەکانیان نەخش دەکەن و قورئان لەسەر لەشی ڕووتی ئافرەت دەنوسن و بەو کارەیان مەبەستی ئیستاتیکی ناخرۆشێنن.. چونکە حەزیان لە دژایەتی و شەڕو خرۆشاندنی ڕقی گەلانی ترە.. وا دەزانن گەلانی تریش بە هەمان دەردەوە دەناڵن.. دوور نییە.. بەڵام ئەوەی مەبەستمە بیخەمە ژێر باس ئەمەیە کە ئەوانە هونەر نین کە ئامانجیان تێکدان و ئاشووب و خرۆشاندنی هەستی ڕقەبەرایەتییە. نەء ؛ چونکە هونەر لە نەرێتی نەزۆک و دزێوو دژ بێ بەرییە.. هونەرمەندیش کەسێک نییە کە بە خواستی بازاڕەکان وێنە بکاو خۆی نیشان بداو خۆی نەخۆش بخات.. نا.. هونەرمەند کەسێکە کە لە جوانی دەگات و داوای ماف و داد و حەق و ڕاستی و ئازادی دەکات. هونەر وێنەی دڕندەکان تەقدیس ناکات. بەڵکو پێغەمبەر و خواکان دەکات بە نمایندەی جەوهەری هونەرێکی نوێ.. هونەرێکی جوان و ئازاد. سەربەخۆ و موتڵەق لە ئامانجی جوانیدا.

ئایا دەزانن هەست بەچی دەکەم؟ ئێستا، من هەست بە هونەرمەندێک دەکەم لەکەرامەتی خۆیدا ڕاوەستاوە ونوێژ بۆ جوانی دەکات.. هەست دەکات لەودیو دەرگا شەختەییەکەوە ئافرەتێکی پرچ سوری کەمێک گۆشتن و جوان هەستی ڕاگرتووە و

چاوەڕێیە دەرگاکانی بەهەشت بکرێنەوە.. چاوەڕێیە کەسێک بچێت بە میوانیی و کەمێک تەماشای خوڵقەتی بکات و دان بە جیاوازیی بیرو بۆچوونیدا بنێت.. کەچی هەر چاوەڕێیەو هێندەش دەترسێت کە جورئەت ناکات لەماڵ بێتە دەرو لە دەرگای بەهەشتی من و تۆ بدات.. هەر لە ترسیشدا سەگێکی ڕاگرتووە و دەترسم لە داهاتوویەکی نزیکدا سەگەکە تووشی پیس بوون و وەرەمکردنی مێشک ببێت و خاوەنەکەی قووت بدات.. دەترسم ئەو نەوێرێت دان بەکەرامەتی هونەریی مندا بنێت.. چونکە ژیان لە دۆزەخ و لە زیندان و لە نێو دێوەکانی گوماندا مرۆڤ بچووک دەکاتەوە تا ڕادەی بێهەستی وداتەپین. مرۆڤ قەبارەی هێندە دابەزیوە، کە زۆربەی کات، هەندێک لەوان یان لە شەڕدان، یان لە پەرستاریی بەرازو سەگ و پشیلەدان.

جارێکیان بەیانییەک زوو- بە نیازی هەوای پاک هەڵمژین سەرم لە پەنجەرەی زیندانەکەوە بردە دەر؛ تا کەمێک هەوای پاک هەڵبمژم.. ئافرەتێکم بینی چاوی هێندەی قارچکێک لە غەما هەڵتۆقیبوو.. سەرخۆش و بەد مەست و ماندو و قرخەی کۆکەی دەگەیی بە گوێی دێوەکان.. لەوم پرسی: چۆنیت؟ هەست بەچی دەکەیت؟ لە وەڵامدا ووتی: زۆر باشم و بیر لە هیچ ناکەمەوە.. هەموو شتێک بە باشی دەڕوات.

ئافرەتەکە ئەو ڕۆژە، لە دوای چەند سەعاتێک خۆی خنکاند. بەڵام نەیتوانی بۆ تەنها جارێک بوێر بێت و بە درێژایی ساڵەکان کە من زیندان بووم، نەیوێرا سەردانێکم بکات.. سوریش بوو لەوەی کە من ڕێزی لێ دەگرم و خۆشم دەوێت.. چاک دەیزانی کە من هەمیشە ڕاستگۆیانە بەوم دەفەرموو، پرچت جوانە نەیبڕیت! کەچی ڕۆژێکیان لە داخا ئەویش پرچی خۆی لە بنەوە قرتاند.. وایزانی بەو کارە هەستەکانم بۆردومان دەکاو چەند هەستێک لەناو دەبات.. کەچی تا مرد نەیتوانی بۆ ساتێکیش لە سەگ و پشیلەکانی دابڕێت و تەماشایەکی یەکێ لە تابلۆکانم بکات. هەر نەیکرد تەنها جارێک بە ڕاستگۆیی لەگەڵمدا بدوێت! نازانم بۆ!؟ ئایا ئەوە پەیوەندیی بە پیس بوونی ژینگەوە هەیە! یان پەیوەندە بە تێکەڵ بوونی گیانی مرۆڤ و سەگ و دێو بەیەکتری؟!.. یادی بەخێر، لە کانگای دڵمەوە ڕێزم دەگرت و هەمیشە خواخوام بوو ئازاری خۆی کەمتر بدات. چونکە هێندە قینی لە خۆی دەبووەوە کە ئەنجام بەو درامایە کۆتایی هات.. بەیانییەک ئەویش هاتە خەوم. هات بە میوانیم.. هات بۆ لام.. سڵاوی لێ کردم و بۆ دەیەمین جار و کەڕەت هەمان داستانی غەمەکانی خۆی بۆ دووبارە کردمەوە.. منیش بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە گوێم بۆ شل کردەوەو لە دواییدا پێکەوە سەمامان کرد.. پێکەوە بووین بە هاوڕێ و گیانمان ئاسمانەکانی تەی دەکرد. چونکە کاتێک کە ئەو خودکوژیی کرد.. باڵندەیەکی شەوشێت سەری لە هێلکە جوقا.. گیانی ئەو لەو باڵندەیەدا لەنگەری گرت.. ئیتر ئەویش کە گەورە بوو؛ بە ڕەمەک منی دەناسی.. دەهاتە بەر پەنجەرەی ماڵەکەم و دەیدا لە جریوەی خوێندن.. منیش بە جوکە جوک بەدەم باڵەفڕێوە بەرەو لای دەچووم.. پێکەوە کەمێک ئاوازمان دەجووکاند. من

لەمدیوی ژوری زیندانەکەمەوە؛ ئەویش لەودیوەوە.. سەرمان دەلەقاند و جریوەمان دەهات و سەمامان دەکرد.. منداڵەکانیشم تەماشایان دەکرد. شتێکی خۆش بوو، کە گیانی ئەو بە میوانی هاتبوو بە میوانیم و وەک باڵندەیەکی ڕەشپۆشی دەنووک و چنگ پرتەقاڵی سەری دەلەراندو خۆی نیشان دەدام و دەیخوێند بۆ من.. منیش وەڵامم دەدایەوە. سەیرە ها! چۆلەکەش تەیرە! تەیرێکی جنێودەرو بوختان کەر. پیاوەکانیان قینیان لە ژنەکانە. هەر لە ڕقی ئەوانیش لەسەر پشت دەنوون نەک لەسەر سک.

## تابلۆی منداڵ

مرۆڤ کە وەک کۆرپەی ساوا لە دایک دەبێت.. لە پێناوی هەستکردن بەم دنیایەدا لە دایک دەبێت. جا ئەوەی لە ماوەی سک پڕی یا دووگیانیدا پەشیمان ببێتەوە، ئەوا لە سکی دایکیاندا یان خۆیان دەخنکێنن یان مان دەگرن و خۆراک نامژن یا بەهەر هۆکارێکی تایبەت خۆیان لەبار دەبەن.. هەندێک بە دەستی دوژمن، و پە شوللاقی پۆستاڵ، هەندێک بە هەڕەشەی باوکان، و هەندێکیان دایک خۆی حوکمی مەرگ و لەبار بردنیان دەدات. بەڵام منداڵ مافی هاتنە ژیانەوەی هەیە تا هەست بەم ژیانە بکات. چونکە ژیان دۆزەخ نییە.. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لە ژیاندا خاوەن کەرامەت بێت، ئەوا ژیان بەهەشتێکە، وکامەران کەسێکە کە تەمەنێکی درێژ لە ژیاندا بەسەر دەبات و بە تەندروستی سەر دەنێتە ناو چاڵ و گیانی دەسپێرێتەوە بە خێر؛ گەر خێرمەند بوو.. بەشەڕ گەر شەڕخواز بوو. جا ئەو میللەتانەی تیایدا مافی لەناوبردنی منداڵانیان دا، لەناو چوون. ئەوەی گیان لە بێگوناحێک دەستێنێت.. گیانی خۆی دوچاری هەمان سزا دەکات. کاتێک کە خوازیاری گەڕانەوە دەکات، لەبار دەبرێت.. و پاداشتی سزاکانی خۆی دەداتەوە.

ساڵێک لە ساڵەکان، بەر لە وەستانی کات.. شەوێکیان ئافرەتێک هات بە میوانیم و باسیی سەرگوزوشتەی منداڵیی خۆی بۆ دەگێرامەوە، ووتی: بە منداڵی باوکم زوو گیانی لەدەست داو کە چوو بۆ شەڕ دژی نازیسمەکان و نەگەڕایەوە.. دایکیشم دەبوو هەندێک جار بەشەوان کاری بکردایە تا قووتی ژیان بۆ هەردووکمان دابین بکات! خوا پێم نەگرێت وا بزانم دایکم لەشفرۆشیی دەکرد، چونکە ئەوسا باوکم، نەیدەهێشت دایکم کار بکا و بخوێنێت.

ووتی: منیش بە شەوان زۆر دەترسام.. هەستم دەکرد دیوارەکان دەبن بە دێو و شاڵاوم بۆ دەهێنن.. هەستم دەکرد درەختەکانی دەرەوەیماڵەوە دەبن بە گیاندارو

دێوو پەنجەرەی ژورەکەم دەشکێنن و داگیرم دەکەن.. هەستم دەکرد هەموو شتەکان گیانیان هەیە و لە هەوادا هەستم بە گیانی جنۆکەکان دەکرد.. لە ترساندا ئارەقی ڕەشم دەردەدا و بچووک دەبوومەوە. شەوێکیان.. لەو ترسە ناخۆشانەدا، کە شەوێکی زستان بوو.. بەفرێکی زۆر دەباری ولە خۆوە وەک ئەوەی باوکم بانگم بکات، لە پەنجەرەی ژورەکەمەوە سەیرێکی ئەو تولە ڕێیەم کرد کە لە چەپی ماڵەوامان‌دا بەرەو باشوور درێژ دەبووەوە.. بینییم مرۆڤێکی سپی سپی دەڕوات و بەفر ئەویان داپۆشیوە.. لە درەختێک دەچوو مەزن.. سپی سپی بەڵام دەمبینی دەڕوات و باوەڕم نەکرد کە ئەوە درەختە و مرۆڤ نییە. یەکەم جارم بوو شتێکی هێندە سامناک ببینم، بۆیە ترسم ڕەوییەوە.. ئەوجا فزوڵ گرتمی تا بۆ یەکەمین جار ئامۆژگاریی دایکم لە بیر بچێتەوە و بەدەم فزوڵێکی دڵنیاکەرانەوە لەماڵ وەدەر کەوتم.. بینیم ڕاستە درەختێکە دەڕوات و دەشێت مرۆڤێک بێت کە بەرگی سپیی لەبەرەو ئەوەش شەختەی کرێوە بێت لەسەر سەری بە بەستوویی دیارە! بۆیە هەستم بە دڵنیایی کرد، چونکە هەستم دەکرد کە گیانی باوکم لەگەڵدایەو لە هیچ هێزێک سڵم نەدەکردەوە.. بەرەو لای کەسەکە چووم کە لەبەرامبەرمدا بەرەو دەستی چەپی من دەڕۆی.. وتم: ببورن، جەنابتان کێن؟

پاش سێ جار هەمان پرسیارکردن.. کەسەکە وەستا، وەک ئەوەی درەختێکی مەزن کە بەدەم باوە بڕوات! لە جێگەی خۆی وەستاو هیچ شوێنەواری پێیم نەبینی، چونکە نەرمەبایەک بە دوایەوە بوو، بایەکی سەیر، کە لە شێوەی فریشتەیەکی سپیدا، جێ پێکانی ئەوی دادەپۆشی.. دەمبینی جێ پێکانی بە بەفر پڕ دەکاتەوە. ئەوسا بەرەو لای چووم، چونکە هەستم بە ئامان کرد.. بە ئەسپایی بەرەو لای چووم.. بینییم درەختێکە لە مرۆڤ دەچێت، مرۆڤێکە و لە درەخت دەچێت! سەرم سوڕما، گەرچی پێم پەتی بوو، بەڵام هەستم بەسەرما نەدەکرد، بەڵکو هەستم تەنها بە خۆشی و بە دڵنیایی دەکرد.. کە تەواو لێی نزیک بوومەوە و دەستم هێنا بە بەرگی بەریدا، هەستم کرد دەست بۆ بەری درەختێک دەبەم کە تەزیوە و بەفر ئەویان داپۆشیوە.. بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە درەختەکە مرۆڤ نییە.. چونکە چاوو دەم و لێوو سەری هەبوو، دەست و پێی هەبوو، هەروەها دەتگوت درەختێک لەسەر سەری ڕواوە.. هێندە بە شکۆ بوو نەبێتەوە. هەر لەخۆمەوە هەستم کرد کە مرۆڤێکە بە شکۆ و خاوەن کەرامەت.. گیانی باوکم تکای لێ کردم تا فەرمووی هاتنە ژوورەوەی لێ بکەم.. منیش ئەو کارەم کرد. کاتێک کە هاتە ژوورەوە، بەرەو لای ئاگردانی هۆڵەکە ئەوم فەرموو لێکرد و چایەکی سەوزم بە پەلە تەیار کرد و بەدەم بەخێرهاتن کردنەوە کوردانە هێلکەو ڕۆنێکم بە ڕۆنی خۆش بۆ ئامادەکرد. لەو باوەڕەدا بووم کە تا من ئەو کارانە دەکەم درەختە شەختەییەکەی سەر سەری ئەویش بتوێتەوە.. بەڵام وا نەبوو. کاتێک کە پەشتماڵە سپییەکەی داکەند هێشتا بەرگە وشکەکەی بەری سپی بوون، هەروەها درەختەکەی سەر سەریشی هەمان شێوە.. جێگەی گومان بوو، بۆ

من شتێکی سەیر بوو، ئەگەر ئەو کاتە هێندەی ئێستا شارەزا بوومایە شێت دەبووم لە ترسا، چونکە ئەنجام بۆم ڕون بووەوە کە درەختەکە لەسە سەری ئەو ڕواوە و ئەو مرۆڤێکی درەخت شێوەیە. کاتێکیش کە لەوم پرسی؛ ئایا تۆ درەختی یان مرۆڤ؟ بە کوورتی فەرمووی: هەرچۆنێک دڵت دەخوازێت وەها من ببینە.

ئەو شەوە تا دەمەو بەیان لە ماڵی ئێمە مایەوە.. تکام لەو کرد بمێنێتەوە تا بە دیداری دایکم شاد بێت.. بەڵام ئەو کە تەماشای قوڵایی ناو چاومی کرد، دایکمی بینی دەناڵێنێت لە ژێر تەکانی دیوێکدا و فرمێسکێ لە چاوانی دەرپەڕی و فەرمووی: بە دایکت بڵێ؛ تا لە گوناهەکانی خۆی خۆش بێت، چونکە مرۆڤ نابێت ناچار بکرێت کارێک بکات کە خواستەکانی نایەوێت. ئیتر بە پەلە پەل نانی خواردو لەماڵمان بە سوپاسگوزاری بە دەر کەوت. پاشان دڵێکی سپیی وەک پەڕەی گوڵ بە دیاری بەخشی بە من.

ئەو بەیانییە دایکم چەند چرکەیەک بە دوای ئەودا گەیشتەوە ماڵ، بە هەمان ڕێگەدا کە پیاوە درەختەکەی لێوە کەوتە ڕێ، بەڵام یەکترییان نەبینیبوو، دایکم وای دەزانی باسی خەوێکی بۆ دەکەم، کاتێک کە من باسەکەم بۆی گێڕایەوە. دایکم هیچ باوەڕی نەکرد.. تا ئەو کاتەی کە فرمێسکە هەڵوەریوە مرواریییەکەی چاوی کابراکەی بینی لەو جێگەیەدا دەدرەوشێتەوە کە ئەوی لەسەر دانیشتبوو.. کاتێک کە دایکم ئەوەی بینی، حەپەسا، ووتی: ئەم مرواریییە بەنرخە لە چی ئاسمانێکەوە کەوتۆتە ناو ماڵی ئێمەوە!؟

ئەو بەیانییە لەخۆشیدا تا ناشتانێ دایکم سەمای بۆ کردم و بە دەم گۆرانیییەوە دەیخوێند: ئیتر هەرگیز بە تەنهات ناکەم.. چیت بوێت بۆتی دەکڕم و شادومانت دەکەم بە داواکانت.. ئیتر هەرگیز نایەڵم برسیمان بێت.

ئەمە ڕاست بوو، چونکە دایکم ئەو مرواریییە بە نرخەی بە نرخێکی خەیاڵی فرۆشت.. ئیتر ژیانمان پڕ بوو لە کەرامەت و خەڵکی خۆشی دەویستین.. شتەکان زۆر ئاسان بەدی دەهاتن و ژیانمان پڕ بوو لە کامەرانی.. بەڵام تا ئێستاش داخی گرانم لە ژیاندا ئەمەیە کە کەس هەر هیچ کەس باوەڕی بەمن نەهێناوە کە درەختێکی وەهام دیوە مەزن و دەدرەوشایەوە.. کە ئەو مرواریییە فرمێسکی چاوی ڕاستی ئەو بوو.. کە درەختێکم دیوە مرۆڤ بوو!

من لەو کاتەدا هەستام تا ئاگردانەکە خۆش بکەم و چەند چڵە دارێکی تر لە ئاگر بنێم.. کە ئاوڕم دایەوە و تەماشای ناوچاوەکانیم کرد، هەستم بە قوڵایی هەموو ئاسمانەکان کرد، فەرمووی: باوەڕم پێ دەکەیت کە من مرۆڤێکی هێندە مەزن یا درەختێکی هێندە مەزنم دیوە؟ فەرمووم بەڵێ.. چونکە منیش ئەم بینیوە.. چونکە من ئەوم.

کاتێک کە وام فەرموو، بە حەشمەتەوە هەستاو لەسەرچۆک هەردو دەستی بە جووتکراوی نایە ژێر هەردو چاوو، بە هەردوو پەنجە گەورەی چەناگەی خۆی بەرز ڕاگرت لە تەماشادا، فەرمووی: بمبوورە کە زووتر نەمناسییتەوە. فەرمووم: بەڵام گیانت لێرەیەو ئەوەتا تۆ منت دۆزیوەتەوە.. تۆ لە ماڵی منداێت. فەرموی کەواتە دەبێت خۆزگەکانم بهێنیتە دی، فەرمووم فەرموو. فەرمووی خۆشم دەوێی؛ ئایا دەتوانی شادومانم بکەیت؟ فەرمووم: بەڵێ. ئەویش خۆی ڕووت و قووت کردەوە و لە بەر ئاگردانەکەدا سەرچەفێکی لەخۆوە پێچا کە سپی بوو، پەڵەی شینی ئاسمانیی تیابوو، یان بە پێچەوانەوە. منیش لەبەری هەستام، و بۆنی لاملی و پرچیم کرد.. دەستم هێنا بە پرچیدا و بەئەسپایی لەمسی قۆڵ و پشت و ڕانی تا پاژنەی پێیم کرد و بە هەناسەی گەرم هەموو گیانیم شێلا.. تا ئەوکاتەی خۆی بە پێوە بۆ ڕانەگیراو وەک هەنگوین بە سەر سەرچەفەکەدا شل و پل بەرەو زەمین خاو بووەوە.. ئەوسا بە ماچ، تەنها بە ماچەکان خۆش خۆش هەستی بە حورمەتی جوانی و بە خۆشیی جوانی دەکرد. هێندە شاد بوو کە بە شادومانی تەماشای منی دەکرد و منیش ئاسمانەکانم لە تەماشای چاوەکانیدا دەدی.

لەوڵاتی بەفر، لە زیندانداا دێوەکان منداڵەکانم فێر دەکەن ببن بە دێو.. دەیانەوێت ئەوان فێر بکەن تا نەهی لە باوانی خۆیان بکەن. دافیدی کوڕم خەو بەماڵی هاوڕێکانیەوە دەبینێت؛ وا دەزانێت ماڵی ئەوان چاتر و مەتین تر و جوانترە لەم زیندانە تەسکەی تیایدا دەژیین.. کە شێرپەنجە هەڵمەتی هێناوەتە سەر دایکیان. ئەو هەمیشە بە دوای ڕێگەی چارەدا دەگەڕێت تا لە زیندان هەڵبێت. منیش بەم فەرموودانە ئامۆژگاریی دافید دەکەم:" کوڕم، مرۆڤ کاتێک کە تووشی نەخۆشیی گومان دەبێت لە ڕەفتاری جوانی باوانی، ئیتر هەستی دەمرێت.. جا تۆ تاوانبار ناکەم بەو تاوانە مەزنە، بەڵام لە یادت بێت مرۆڤ کەسێکە کە پشت ناکاتە دیاری باوانی خۆی و لەبەر خۆشی خۆی بە زمانی بەدکار تەفرە ناخوات. بڕۆ ئەگەر قاییل نییت بە بەشی خۆت، ببینە و جوان ژیان و دەوروبەر هەڵسەنگێنە، گەر لەو باوەڕەدایت کە ماڵی کەسێکی بێگانە خۆشتر و ژیان لەگەڵ ئەوان بە سودی بیرو هەست و بەرنامەی جوانە، ئازاد بە.. بڕۆ لەگەڵ ئەواندا هەڵبکە. چونکە من خوا هیچی پێ ڕەوا نەبینیوم.. دەشێت هەبن لەنێوماندا بە نەبوونی یا لە زینداندا بمرن. بەڵام کوڕم نەکەی وا بزانی کە دەتوانی دادپەروەر بیت، کاتێک لە باوانی خۆت دا دەبڕێی.. زوو بگەڕێرەوە لایان و دەستی باوانی خاوەن کەرامەتت ماچ بکە.. هەوڵ مەدە هەڵەکان دوبارەو سێبارە بکەیتەوە.. چونکە مرۆڤی ژیر زوو تێ دەگات.

کوڕەکەم کاتێک کە لە قوتابخانەیە، هەر لەم و لەو دەپرسێت، ئایا دەتوانم بێم بۆ لات بە میوانی؟ ئەو لەکەس ناپرسێت بۆ نایەی بە میوانیمان!

ناهەقی نییە، چونکە دێوپەرستەکان منداڵەکانیان فێرو چاوترس کردووە بەوەی کە کاتێک بێگانەیان بینی لێی بترسن و نەچنە ماڵی یان نانی ماڵیان نەخۆن و شەو لەماڵیاندا نەمێننەوە. منداڵەکانیان پڕ کردووە لە ترس وگومان و نەخۆشی و نایەڵن ئەوان هەست بە جوانی بکەن. بۆیە کوڕەکەم تا ڕادەیەک سەری لێ تێک چووە، وا دەزانێت خەتای ژووری زیندانەکانە کە خەڵکی نایەن بە میوانیمان. منیش هەندێک جار بەو دەڵێم: ئێمە بە میوانی دەچین بۆ لای زیندانییەکانمان. چونکە مەرج نییە هەموو زیندانبوویەک تاوانبار بێت.

دێوپەرستەکانیان منداڵەکانیان پڕ کردوم لە چەکی ئەتۆم و فسفۆرو لێزەرو شەوو ڕۆژ لەشەڕدان دژی یارییەکانی خۆیان. بەوەش فێر دەبن لە داهاتوودا یاری بەسەری یەکتری بکەن و دەست و قاچی هاوڕێکانیان هەڵکەنن، چونکە پێشتر ئەو کارەیان کردووە.

ڕۆژێکییان دێو منداڵێک هات بە میوانیی کوڕەکەم و لەگەڵ خۆیدا کەلەپچەی هێنابوو تا کوڕەکەم دەستگیر بکات. من نەموێرا بە دێوەکەی دایکی شتێک لەو بارەیەوە بڵێم، چونکە دەڵە دێوی دایکی دووگیان بوو، هێندەی نەمابوو دێوێک زۆر بکات. بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بوو کە دێوەکان ڕێگە دەدەن تا منداڵەکانیان بە کەلەپچە یاری بکەن.

ڕۆژێکیان داڤیدی کوڕم لێی پرسیم: بابە دێو بە چیدا دەناسێتەوە؟

فەرمووم با حەزرەتی یوسف بۆت بدوێت، گەرچی ئەو لە تۆ منداڵترە، بەڵام دەتوانێ تا لە ژیاندا ماوە ڕێ نیشاندەرت بێت. حەزرەتی یوسف بە تەماشایەکی شیرین بە داڤیدی برا گەورەی فەرمووو: دێو بە کەرامەتیدا دەناسرێتەوە.. دێو هەناسەکانی تەنگ و ماندوو ئارەق زۆر دەکاتەوە کاتێک کە لە دەرگای ماڵان دەدات. دێو کەسێکە کە لە خۆی توڕەیەو هەمیشە نەخۆشیی تەمەڵیی هەیە و کەم کار دەکا و زۆر دەخواو هیچ فێر نابێت و کەتنیش دەکات. دێو ڕەوشتی بەرز نییە و دەمیشی پیسە.. کە خۆی دەنوێنێت دەترێت و قنی ئاچوغ نیشانی هەر کەسێک دەدات، جا چی منداڵ بێت یان ژن یا پیاو؛ ناشرین دەدوێت، دەخوات، ناشرین دەکات و ناشرین بڕیار دەدات و دەرونی پڕە لە کینەی شەڕو بوختان- چونکە دێو حەزی لە ئاشتی و ئاسوودەیی نییە. دێو کەسێکە کە حەز دەکات بچوک بێت بۆ فەرمانی دزێو و خۆی دەفرۆشێت بە هەرزان.. ماڵی خەڵک تاڵان دەکات، مرۆڤی بێتاوان و منداڵان دەکوژێت..ئەگەر واز لە شەڕ بهێنێت، بە دوای شەڕێکی تردا دەگەڕێت.. گەر شەر نەمێنێت، ئەوا خۆی ئەزێت دەدات و خوێن لە لەشی خۆی دەهێنێت و بە قەپاڵ خۆی دەخوات.

کاتێک کە یوسف ئەم فەرموودانەی دادا؛ داڤید سوپاسگوزاریی نەکرد. چونکە ئەو هێشتا فێر نەبوبوو کە دێوی بچکۆلەش هەن، هەن هێشتاش لە دایک نەبوون.. ئەو هێندە بێگوناهە کە هێشتا تێنەگەیشتووە دێوەکان نموونەیان زۆرە، هەیانە ساغ و سەلیمن و بە حەپی پێکەنین دەژین.. هەیانە دوچاری نەخۆشیی گاڵتەکردن بوون بەهەر شتێک.. گاڵتە بە خواو بە پێغەمبەرەکان دەکەن.. دەچن سامانی گەلانی تر دەدزن،، دەچن تەنانەت ئاژەڵ و باڵندەکانی وڵاتانی دووەم و سێیەمیش دەدزن و دەیهێنن تا ئەوانیش بە زیندان مەحکوم بکەن. دێو هەیە هەمیشە لەگەڕان ماندو نابێت بۆ دانانی پیلانی ناجۆرو نەویست.

کوڕم دێوەکان منداڵەکان فێر دەکەن کە ڕێز لە پێغەمبەرەکانیان نەگرن و سەربازیان لێ دەکەن بە فریشتە.. سەر لە جوانی دەشێوێنن و بە ناوی خواوەندەوە سەر دەبڕن تاوانی ناشرین دەکەن، ژنەکانیان لەچاوی مرۆڤ دەشارنەوە.. خەتەنەیان دەکەن، هەتکیان دەکەن.. خۆشیان هەر خەریکی سەربڕین و کوشتن و تەعدان.

داڤید پاش کەمێک بەسەرخۆدا چوونەوە پرسیی: ئەی بابە گیانداران چی؟ ئەوانیش دێون؟ یان دێو لەناو ئەوانیشدا هەیە؟ حەزرەتی یوسف وەڵامی دایەوە، فەرمووی: بەڵێ، باوکم بۆ منی باس کردووە، کە لەناو گیانداراندا دێو نییە؛ بەڵام ئەوان زۆر لە دێوەکانی ناو لەشی مرۆڤ دەترسن.. چونکە باپیرانمان فەرموویانە کە ئەوان لە ئاتاجی خۆزگە و ویست و حەزو هەستی ڕق و جوانیی مرۆڤ دروست بوون.. ئەوان گشتیان دەستکردو زادەی مرۆڤ بوون.. چونکە مرۆڤ بەر لە مێژو، بەر لە دابەزین توانای داهێنانی نانۆ و ئامێرو لەش و گیانی هەبوو. بگرە مرۆڤ زۆر پێشکەوتووتر بوو لەوەی کە ئێمە ئێستا دەیبینین.. چونکە مرۆڤ بەر لە زانست بوونی هەبوو.. کاتێکیش کە ئادەم لە ویستی خوا دەرپەڕی.. زانستی هەبوو و غەیبناس بوو. ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی کە بەزەیی خوا ئەوی سمی و دایە حەوا لە دایک بوو.

داڤیدی کوڕم سەیرێکی منی کردو لە بێباوەڕیدا مت بوو.. منیش چاوی تەماشاکانم کردە یوسف. چونکە ئەو لەسەر هەق بوو. ئەو مرۆڤەی هەستی چەمانەوەی بۆ دێوەکان هەبێت و لەگەڵ ئەوان زیاتر هەڵبکات، مانای وایە ئامادەیی لەدەستدانی کەسێتیی خۆی هەیە و شیاوی بوون بە دێو بوونی لێ دەکرێت. جا ئێوە گوناهتان چییە کە منداڵەکانتان لەناو قورگی دێوەکاندا گۆش دەبن.. کاتێک کە دێوەکان لە مرۆڤەکان زۆرترن! بەڵام مەترسی ترین دێو لەناوماندا، دڕترینیان نەزانەکانمانن. بەڵام زانستی گیان ناسی و زانستی جوان ناسی چەکێکن کە دێوی پێ لەناو دەبرێن. ئەی کوڕە خۆشەویستەکانم.. بمبوورن کە من لە زینداندا هێندە ماندووم کە هەندێکجار توانای تەماشاو ئاخاوتن و بینینم نییە و کە تووڕەش دەبم، هەستێکی

ناخۆش و گومڕا بە ئێوە دەبەخشم، لەو بارەیەوە وەک من مەبن. چونکە ژیان لەناو گومڕایی ئەم میلەتەدا بەژان و پڕ لەدەردەسەرییە.

داڤید فەرمووی: بەڵام بابە من دەزانم کە تۆ ڤینت لە مرۆڤەکانی وڵاتی بەفرە و خۆشیت بەوان نایەت! ئایا ئەمە ڕاستە؟

لە وەڵامدا فەرمووم: نەخێر.. هەروەها بەڵێ.. من ڤینم لە مرۆڤ نابێتەوە.. بەڵام ڤینم لە دێو و دێوپەرستەکانیانە.. چونکە من لێبووردنم زیز بووە لەناویاندا.. بەر لە ئێستا ئەوانم زۆر خۆش دەویست، هێندە ئەوانم خۆش دەویست کە دەربەستی گومان و کینە و ترسەکانیان نەبووم.. تەنانەت کاتێکیش کە مەحکوومیان کردم بە زیندان و کۆتیان خستە دەست و پێم، هەر وەکو دۆست و خۆشەویست و هاوڕێ تەماشای ئەوانم دەکرد. بەڵام کاتێک کە تۆ لە دایک بوویت، ئەوان هاتن و تەجاوزێکی گەوریان کرد.. ئەوان هاتن دەستیان برد بۆ کەرامەتم.. بەوەی ویستیان تۆم لێ بدزن، ویستیان مافی باوکایەتیم لێ بستێنن و تۆ بەرن و منیش لە باوکایەتی بکەن و جەرگی دایکیشتیان بەو ڕەفتارەیان کوڵەوار کرد. ئەوان کارێکی وەها جەرگبڕیان بەرامبەر کردم، کە لێخۆشبوونی نییە. چونکە من باوکی تۆم و تۆم هێندەی مەزنترین پەرستار خۆش دەویست، چونکە من تازە بە تازە باوەڕم بەوە دەهێنا کە منداڵەکەم بکەم بە قیبلەو پەرستگاو بە خوایەکی بچکۆلانە بۆ خۆم، تا بیپەرستم. بەڵام دێوەکان بەو کارەیان ویژدانی منیان دڕی و گیانی منیان زامار کرد.. گەرچی لێبووردنم هێندەی گەردونێک مەزن بوو، بەڵام لەوێ بەدواوە، نەمتوانی چیی تر لەوان ببورم.

داڤید فەرمووی: بۆ ناتوانیت لەوان ببوریت؟ فەرمووم، چونکە ئەوان هەمیشە خۆیان بە ڕاست دەزانن.. ئەگەر بێت و من لەوان ببورم، ئەوا قەبارەی خۆیان پف دەکەن و پۆزی ئەوەم بەسەردا لێدەدەن کە ئەوان ڕاستن و من هەڵەم. بۆیە من هەرگیز لەوان خۆش نابم.. چونکە ئەو کارەیان بەرامبەر نەک بە من، بەڵکو بەرامبەر بە زۆر لە مرۆڤی بێوڵات و پەناهەندە کردووە و منداڵەکانیان دەدزن و فێریان دەکەن دژی باوانی خۆیان گەندەڵ بن.. دێوەکان بێ کەرامەتن، منداڵی پەنابەر دەدزن و دەیانکەن بە کۆیلەی شەهوە و حەز و هەوەس بازی و درۆ و بوختان. بەوەش گیانی باوان زامدار دەکەن و سروشت پڕ دەکەن لە ناهەقی.

داڤید پاش کەمێک تێفکرین فەرمووی: کەواتە تۆش ڕق لە دەروونتا هەیە؟
فەرمووم: زۆر بەداخەوە، بەڵێ، چونکە ئەگەر وەها نەبوایە، ئێستا دەمتوانی لەگەڵ باڵندەکان و جانەوەران و خشۆکدا بدوێم و دەمتوانی بەبێ باڵ بفڕم،، چونکە دێوەکان نایەڵن مرۆڤ ئاسوودە بژی و هەمیشە زەبرمان پێ دەگەیەنن. بۆیە ئێمەیش نەخۆش دەکەوین، پەست و تووڕە دەبین، و درۆش دەکەین.. چونکە دێوەکان جیهانیان داگیر کردووە و لەناوماندا مرۆڤ کەم بۆتەوە.

## تابلۆی دایک

لەو ڕۆژانەدا کە کات ئاسایی بوبووەوە، هەستیاریم هێندەی بوونەوەر گەورە بوبوو، یادی گەڕانەوەم بۆ زاگرۆس زۆر زیاتر دەبوو لە تێپەڕینی ڕۆژەکاندا.. هەستی تەنهاییم هەمان شێوە.. نوسنی کتێب و چیرۆک دادی نەدەدام و هەردەم لە یادی گەڕانەوە و پەیداغ دروست کردن و بەرگ دوریندا بووم، دەمویست بە شێوەیەکی گەلێک تایبەت بگەڕێمەوە، دەمویست هەموو جیهان فێر بکەم کە زادەگای مرۆڤ، بەهەشتی سەرزەویی ئەوە- مرۆڤ نابێت لە خاک و ئاوو هەوای خۆی داببڕێت، یان دەرئەنجام ڕەسەن کەسێکە کە مشوری گەڕانەوە دەخوات. چونکە ژێگەی یەکەم دایکی یەکەم و نەناسراوی هەر مرۆڤێکە.

ڕۆژێکیان کەناڵە ئاسمانییەکان وێنەی دوو حاجیلەقلەقیان نیشان داو ئاماژەیان بەوە دا کە لەقلەق باڵندەیەکە و گەرمیانی پێ خۆشە، بەڵام کەس نازانێت بۆ کە ئەم دوو لەقلەقە هاتوون بۆ وڵاتی بەفر و لەم کرێوەیەدا ماونەتەوەو بەرگەی سەرمای زۆریش ناگرن و کەچی هێشتا ماون و ڕەق نەبوونەتەوە!

کە هەواڵەکان تەواو بوون، من بە نیازی سەرخەو شکاندن کەمێک ڕاکشام.. زۆری نەبرد کە چوومە ناو قوڵایی گیانمەوە و لە خەونەکانمدا ڕامام. بینیم هەردو لەقلەقەکە هاتوون بۆ لام بە میوانی و دەفەرموون: جەناب کەی دەگەڕێیتەوە؟ بەر لە ئێستا بەپووە سولەیمانەشمان ناردە لاتان و بەویشدا هەواڵمان نارد، کەی دێیتەوە؟ پاشان کوکوو ئوختی، ئینجا کۆترمان نارد بەر لە مێرولەکان و دوای هاتنی مێروولەکانیش!؟

منیش لە وەڵامدا بەوانم فەرموو: ئەو کاتەی کە جیهان داوام لێ دەکات، ئەو کاتەی کە هەست بە ئازادی دەکەم، یان ئەو کاتەی پشگیریی گەڕانەوەم بۆ ساز دەکرێت.. ئەوسا دەگەڕێمەوە. فەرموویان: چاوەڕوانیی چی لە دێوپەرستەکان دەکەیت، ئەی نابینی جیهان پیس بووە و ژینگەکان ژەنگیان هەڵهێناوە!؟ فەرمووم: بەڵام هێشتا جوانی ماوە، ئەم دەرمانە هێشتا بەکار نەبراوە. مرۆڤ هێشتا فێری بەکار بردنی دەرمانی جوانی نەبووە.. من بە تەمام فێریان بکەم- کە جیهان بە خەندەکان ڕزگاری دەبێت نەک بە قینی شەیتانەکان و شەڕی دێوەکان. لە فەرهەنگی دێوەکاندا ئێوە سەرتان لێ تێک چووە.. ئێوە ڕێگاتان هەڵە کردووە. فەرموویان: مەلاش هەڵە دەکات.. هەڵەکانی مرۆڤ و دیوپەرستەکان زۆر گەورەترن لە هەڵەی گیانلەبەران و باڵندەکان.

کاتێک لەخەو هەستام سەیرم کرد هێشتا ئاسمان ڕووناکەو هێشتا تیشکی خۆر لە دەروونما ماوە.. سەیرێکی هاوسەرەکەمم کردو ئەویش بەخێر هاتنەوەی لێ نەکردم و منیش باسی لەقلەق و هەواڵەکانی ئەوم بۆ نەکرد.. چونکە ئەو وازی لە پێکەنین و گاڵتە پێکردن بەمن هێنابوو.. دەستی لەمن شتبوو بە کوردی. ئەو شەوە توانیم بەو بفەرمووم: ئەگەر من لەباوەڕی ئێوەدا جێگەم ببێتەوە، ئەوا دەتوانم هونەری تەمەن درێژ بوونەوەم فێرە مرۆڤ بکردایە. بەڵام جێگەی داخە، لەناوتاندا من خاوەن باوەڕ نابینم. جا من لەهەر جێگەیەک بم، دوژمنی خۆمم هەیە و مەحکومم بە هاوژیانی لەگەڵ خەڵکی دێوپەرست.. بەڵام من گلەییەکی ئەوتۆم نییە.. تەنها ئەوە نەبێ دەتوانم پێتانی بفەرمووم کە من- هێشتا نیشتیمان و ئاڵا و وڵاتم نییە! من سەرم لێ تێک نەچووە هێشتا ،و فێری ڕەگەزپەرستێتی نەبووم.. فێریشی نابم، بەڵام سورم لە ڕزگار کردنی نەوەی زاگرۆس- چونکە نیازمەندم چەک لەو مەملەکەتەدا نەهێڵم کاتیک کە دەگەڕێمەوە.. پەیمان بێت ئەی گەلانی جیهان، ئەی ئافرەتە هەرە جوانەکانی جیهان، بەڵێن دوبارە دەکەمەوە، قەسەم بە گیانی ئەم وشانەو کەماڵی جوانییتان.. من هاتووم تا بە خەندەکانم جیهانم ڕزگار بکەم.. من لەشەڕ نیم.. جا با دەنگی کەناڵەکان بێن و مژدەی هاتنی من بدەن. ئەوسا دەبینن کە چەند جیهان پەروەرو جوان پەروەرو خێرخوام.. چونکە من لە نەوەی مرۆڤی ڕەسەنم و باوکی هەموو پێغەمبەرەکانتانم. نەکەن جارێکی تر هەڵەی لەو جۆرە بکەنەوەو سوکایەتی بە میلەتی نوح بکەن، نەکەن ها!.. چونکە وەک ئەوە وایە دوبارە مەسیح لەناوبەرنەوە. ئێوە خۆتان هێندە بەبچوک دەزانن کە گەورەیی خۆتان لەیاد نەماوە.. چونکە پێغەمبەرەکانتان سەرزەنشت کردووە و هێشتا لە پێناوی خوادا سەری میلەتی نوح دەبڕن.

جا من ئامۆژگاریکەرێکم و هیچی تر، تەنها هێندەم لێتان دەوێت کە بتوانن وەک هونەر دۆست، هونەر پەروەر- وەک مرۆڤێک ڕێگەم بدەن هەر بستە خاکێک وڵاتم بێت.. بەڵام تکایە زیندانم مەکەن بە هەڵە و بوختان و درۆ.. بەزۆر ناچارم مەکەن تەنها بم.. چونکە من هەست بە ژانی تەنهایی خواوەندیش دەکەم. دەزانم کە ئەویش تەنهایی وەڕزی دەکاو غەم دەخوات.. بۆیە من حەز دەکەم نموونەی خوا زۆر بێت لە ناوماندا.. خۆزگە هەر کەسەو لە ناو ماڵ و دڵ و دەروونی خۆیدا خاوەنی خواوەندێک دەبوو.. ئەوسا پێکەوە باسی چاکە خوازیی خواکانی خۆمان بۆ یەکتری دەکرد.. وەک ئەو منداڵەی کە باسی یارییەکانی خۆی بۆ منداڵانی تر دەکات. جا تەمەن و ژیری نرخی چییە گەر مرۆڤ هەر لەشەڕدا بمێنێتەوە!؟ گرنگ ئەوە نییە ئێمە خواوەندێک یان هەزارانمان هەبێت.. کرنگ ئەوەیە کە بزانین خواکان ئازادییان لە مرۆڤ دەوێت؛ تا بتوانن دابەزن و خەڵاتی سەرکەوتنمان بدەنێ و کارتێکی تری زانستمان بەنێ.. چونکە ئەوان خواکانی ئێمەن. دەشێت خوای هەمووومان هەمان بێت. چونکە هەزار جار بلیۆن دەشێت بگاتەوە بەیەک. ڕاستە یەک سەرەتایە، بەڵام سەرەتا ئەگەر

کۆتاییشی هەبێت.. بەردەوامی خۆی لەدەست نادات. چونکە بەردەوامی یاد و بیری خواوەند و خواکانە.

ئیتر من بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟ دەبێ بمبورن گەر بڵێم، من دانم بە مەرگی خۆمدا ناوە..دەنا هەمیشەییم بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێناسە دەکرد. چونکە من بە زمانی زگماک دەنووسم.. ئەم پیتانە لە چاوگی حەق و ڕاستییەوە هەڵقوڵاون. من هەست بە بوونی وڵات و ماڵ و ئاڵا ناکەم.. خۆم بە هەر یەکێک لە ئێوە دەزانم.. ئێوەش زۆربەتان بوون بە دێوو منتان ناوەتە ناو زیندانی تەنهایی و غەمۆکی و نەبوونییەوە.. نایەڵن پەیامی ڕەنگەکانم مژدەکانتان بە ڕەنگیش نیشان بدات.. چونکە من هونەرمەندێکی غەمخۆری مرۆڤی ڕەسەن و هونەرو جوانیم.. ئامۆژگاریتان دەکەم کە ڕێگەم بدەن بەبێ ناسنامە بە ناوتاندا بگەڕێم و کەمێک تەماشاتان بکەم.. چونکە من بیری بینینی مرۆڤی جوان دەکەم لە ناوتاندا.. دەشێت هەموومان بتوانین بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە شەڕو خەتاو تاوان ڕاوەستین و پشویەک بدەین. دەبێت ئەزمونێکی ئاشتی و هێمنی و دلنیایی بکەین و کارگەی چەک داهێنان ڕابگرین و گەلان تاقی بکەینەوە- تا بزانین سەرپێچیکەر کێیە؟! ئەوسا دەتوانین ئامۆژگاری لە خواکانمانەوە وەربگرین تا چۆن سزای ئەو گەلانە دەدەین کە لە ماوەی ساڵێکدا تاوان و شەڕی تیا زۆرە- ئەوسا دەزانیین شەڕ لە کوێ بە ناهەق زۆرە.. ئەوسا تەمبێیان دەکەین. بەڵام من مەحکوم مەکەن بە ڕەگەز پەرستی- چونکە من دڵم بە ڕەش و سپی و سورو سەوزو پەتەقاڵی و هەموو ڕەنگەکان دەسووتێ.. من هەموو تۆنەکانی تیشکی ڕوناکیم دیوە.. من خۆمم لە ژێر تیشکی ڕۆشناییدا وەک پەیامبەری جوانی دیوە. خەندەکانم زویر مەکەن.. چونکە خەندە جێگەی نیشتیمان و دایک و خزم و کەسی بۆ من پڕ کردۆتەوە لە هەندەران وئاوارەییدا.. چونکە من زیندانم.

باسی گەڕانەوەم بۆ مەکەن.. چونکە من لە دولاوە زیندانم. زیندانی یەکەمم بەفرو بەستەڵەکی دێوە گومڕاکانە و زیندانی دووەمیش منداڵەکانم- چونکە ئەوان لێرە لە دایک بوون و نیشتیمانی ئەوان وڵاتی بەفرە و منیش ناتوانم پێ بنێم بە جەرگی خۆمدا و هێشتا زووە.. بەڵام ئەگەر بێت و کار ئاسانیم بۆ بکرێت و منداڵەکانم دڵنیا بن لەوەی کە من دەبیننەوە، ئەوسا منیش بڕیاری گەڕانەوە دەدەم بۆ سەر لوتکەی نوح.. چونکە نوح خۆی هاتووە بە میوانیی من و خۆی لەمندا ژیاندۆتەوە، من نەچووم بۆ لای ئەو.. بۆیە وەک چیرۆکخوان هەرگیز پەنجەی شایەتمان بۆ وشەی هەڵە نابەم لە ناساندنی خۆمدا وەک چیرۆکخوانێکی هونەرمەند ؛ عاشقی ڕەنگەکان و چاوگی جوانیم. خۆم بە خاوەنی جیهان دەزانم.. چونکە هەر مرۆڤێکی ئاشتی خواز شایانی ئەوەیە بە ئاشتییانە بە جیهاندا بگەڕێت و لەوێ بژی کە نیازەکانی دەیخوازێت. بەڵام بەو مەرجەی لە یادی نەچێت کە دەبێت گەڕانەوەی لە بیر نەچێت..

جا گەر بە مردوییش بوو، دەبێت مرۆڤ بگوێزرێتەوە جێگەی خۆی. خاکی خۆی کە دایکی دایک و باوکی  باوانە.

شەوێکیان کە بەدیار هەردو خواوەندە بچکۆلەکانی خۆمەوە ئێشکم گرتبوو، بە خەیاڵ لەگەلیان دەدوام؛ ڕاپرسیی ئەوانم دەکرد داخوا ڕێگەم دەدەن بگەڕێمەوە!

بە خەیاڵ قەبارەی خۆمم هێندەی قەبارەی ئەوان بچوک دەکردەوەو دەچوومە ڕکوع بۆیان.. پاشان پێی هەر یەکێکیانم دەشێلاو گوێم بۆ وەڵامیان شل دەکرد، دەمفەرموو: کوڕم، من کە باوکی ئێوەم، دەشێت لە ڕوی خۆشەویستی و یاری و پەروەردەوە من هەندێکجار سنورم بۆ دانابن، بەڵام هەرگیز بێئاگا نەبووم لەوەی کە هەستیارانە ڕێزم گرتوون.. دەتوانن لە هەڵەکانم خۆش بن!؟ پاشان ئەگەر بێت و باوکتان بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی، ئایا ئێوە ڕازی دەبن؟ ڕاتان چییە کوڕپەکانم؟ ئایا هەڵدەکەن بە بێ منێکی ماندوو بێ کەس و هاوڕێ و بێ وڵات؟

یەکەمیان فەرمووی نازانم، دووەمیان فەرمووی نەء.. پاشان چونە قوڵایی چەوهەری منەوەو کەمێک بیریان لە پرسیارەکان کردەوە.. پاشان فەرمویان: تۆ فەرمووت کە مرۆڤ لەهەر جێگەیەک لە دایک بوو، دەبێت لەوێ گیانی بەخاک بسپێرێت. فەرمووم ڕاستە.. دووەمیان فەرمووی: کەواتە ئێمە سەر بە وڵاتی بەفرین و چارەنوسمان ئێرەیە. فەرمووم: ڕاستە وایە. پێکەوە یەک باوەڕی و یەکبیرییان تیابوو، فەرمویان کەواتە هەر دەبێت ڕۆژێک بگەڕێیتەوە.. ئێمەیش هەر کاتێک بیرت بکەین بە میوانی بۆ لات دێینەوە. بەڵام هێشتا زووە، هێشتا ئێمە تۆمان دەوێت.. کاتی گەڕانەوەت هەرچەند درەنگە، دێت.

***

لەوەتەی کاتەکانم ئاسایی بوونەتەوە و میلی کاتژمێرەکە ئاسایی دەچەرخێ و شەوو ڕۆژیش بە ویستی خۆیان دەگەڕێن؛ کەم شەوهەیە خەوم لێ بکەوێت.. زیاتر بە ڕۆژ دەنووم، چونکە بە ڕۆژ خەوی سپی سپی دەبینم.. هەندێکجاریش گوێم لە چپەی دەنگی هەندێک ئافرەتی جوانە کە بەلای پەنجەرەی زیندانەکەمدا تێدەپەڕن.. بەیانیانیش زوو، هەر بولبول و باڵندەیەکیش مژدەی ڕوناکی بچرێت، من نوێژ بۆ دەنگی ئەو دەکەم و ئاوازەکانی گوێ لێ دەگرم.. من بە دەنگی باڵندەکان بێزار نابم.. بە دەنگی نەورەسەکانیش هەمان شێوە کە دوچاری تووڕەیی بوون.. قەلە ڕەشکەکانیش دەنگیان نووساوە و هەردەم سەرمابوردەن. گوێ لە قاغەی ئەوانیش دەگرم.

بەیانییەکیان لە خەوما کە هەموو شتێک سپی سپی دەردەکەوت و چاوم توانای بینینی کۆی بابەتەکانی بەبوو.. بەڵام هەستم تیژ ڕاگرتبوو بۆ پەیامەکان کە بەر هەست و بیرم دەکەوتن.. لە خەوما کۆمەڵێک ئافرەتی سپی پۆشم بینی.. گشتیان فلوتی سپییان لەدەم و دەست بوو، پارچە مۆسیقایەکیان دەژەند هێندە بەسۆز کە هەستیاریمی دەلاواند و بە دەم خۆشییەوە وەک ئەوەی خەڵاتم بکەن، جار ناجار بێداریان دەکردمەوە؛ بۆ ئەوەی هەست بە چێژی خۆشی بکەم لە ڕاستیدا. گەرچی من پێویستم بەوە نەبوو.. بەڵام ئەو فریشتانە مەبەستیان بوو کە من بە بێداریش بە ئاگا بم لە خۆشییەکان کە بەر ناخم دەکەون. خەوێکی زۆر سەمەرە بوو خەونی پەڕجوو!.. تێگەیشتم کە جوانی بەهرەو پەیامێکە ئەوی بەدوایدا وێڵ بێت، پێی دەگات. هەستم کرد جوانی سەرچاوەیەکە کە زانست دەگەنێت بە کەماڵ.. بەڵام بینینم توانای ڕونکردنەوەی ئەو بیرانەی نییە کە خوازیار بوون من بتوانم بە ووشە دەریان ببڕم، هەر بۆیەشە مۆسیقا لە خەونەکەمدا داوەر بوو.. مۆسیقای کۆراڵی ئامیین لەگەڵ.. هەستێکی زۆر خۆش دەرونی دەتەنیم، هەستم دەکرد ناخم داوام لێ دەکات لە خەو هەستم و بچم چی تابلۆکانی بازاڕەکان هەیە بیاندزم و بگەڕێمەوە ناو چێوەی زیندانەکەم.

هەر ئەو شەوە لە خەونمدا بووم بە دزو هەڵم کوتایە سەر کاتالۆگی دوکانەکانی کاڵای هونەری فرۆش و زوربەیانم تاڵان کرد، ئیجا بە دەم فڕێنەوە، هەر بە ئاسمانەوە بەر لەوەی تابلۆکان ڕاپێچی ژووری زیندانەکەم بکەم، هەموویانم وێنە کێشا،، هێندە ڕەنگی سپیم بەکار برد کە هەستم بە کەمی دەکرد لە نەبوونی دەسەڵاتدا، هەستم دەکرد ڕەنگی سپیم لێ براوە.. هەڵەداوان و شپرزە ئەم دوکان و ئەو دوکانم دەکرد و بە دوای ڕەنگی سپیدا دەگەڕام.. دەستم نەدەکەوت. ئافرەتێکی منداڵ شێوە بە دەنگێکی ناسک و نیان لێی پرسیم: جەناب دەتەوێت چی بدزیت، بەس نییە!؟ خۆ تۆ هیچت نەهێشتەوە لە دوکانەکەدا. منیش لە حەشمەتی شەرمدا بێدار بوومەوە و پاشان دەست و برد پاش خۆ ئامۆژگاری کردنێکی سەرپێیی؛ نوستمەوە.. چوومەوە هەمان جێگە، کە تیایدا کیژۆڵەکە لەگەڵمدا دەدوا.. بەوم فەرموو: قوربان من بۆ دزیکردن نەهاتووم، بەڵام لە پێناوی جوانیدا، ناچارم ڕەنگەکان چنگ بخەم.. ڕەنگی سپیم لێ براوە.. ئەویش فەرمووی: من بۆتی پەیدا دەکەم. بەڵێن بێت، من نایەڵم بێ ڕەنگ بیت. منیش لە خۆشیدا بێدار بوومەوە. لەو ڕۆژەوە، لە خەونەکانمدا من چاوەڕوانی ئەو کیژۆڵەیەم و هێشتا لای لێ نەکردومەتەوە.. هێشتا ڕەنگەکانی بۆ نەهێناوم.. چونکە ڕێکەوتین کە بە قیست چیم دزیوە و چیم نەدزیوە گشتی قەرەبوو بکەمەوە.

بەڕاستی ژیان زۆر ستەمە لە بەرگی پەنابەرێکی هونەرمەنددا.. چونکە نەبوونی ڕەنگ و کاڵای هونەری، هەست تورە دەکات و مرۆڤ ناچار دەکات تەنها متمانەی بە

خەیاڵەکانی خۆی بێت. جا هونەرمەند گەر کار ئاسانیی بۆ بکرێت، گەل و نیشتمانی خۆی بەجێ ناهێڵێت. دەترسم لە گەڕانەوەشدا دوچاری هەمان نەبوونی بم.. دەشێت لە هەر وڵاتێک بارگە بخەم.. ڕێگەم نەدرێت چەند وێنەیەک بکێشم! کەچی بوونەوەر منی وەک هونەرمەندێکی جوان ناس ڕەوانەی ناو مرۆڤایەتی کردووە.. نەک هەر هێندە، بەڵکو مەحکومیش کراوم بە زیندان و دێوەکان تەماشای هونەر و هەست و گیانی جوانناسیی من ناکەن.

بۆیە کە کات ئاسایی بووەوە،، خۆمم وەک مرۆڤێکی بێ وڵات و بێ ئاڵاو بێ ناسنامە بینییەوە لە ناوتاندا.. هەستم بە گوناحەکانی ژیان دەکرد.. چونکە ژیانی زیندانی بە سوودی پەروەردەی گیانیی من و خێزانەکەم نەبوو.. چونکە هەستمان داگیر کرابوو. جا کاتێک کە هەڵوێستم وەرگرت، یەکەم کارم ئەوە بوو کە جەوازی سەفەرەکەم بگەڕێنمەوە بۆ مەلیکی دێو پەرستەکانی مەملەکەتی بەفر.. لەسەر جەوازەکەشمم نووسی: من کۆیلە نیم- من مرۆڤم. کەچی مەلیک هیچی نەگووت و داوەتێکی نەکردم تا داوای لێبووردن بکات! ئیتر بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟ کە من خاوەنی بستێ خاک و دەستێ جل و گۆپاڵێک نیم! ئەی کێ هونەری من بەرێتەوە بۆ سەر زاگرۆس و ئارارات!؟ ئەی کێ لە دوامەوە دەڕوات و باوەڕ بە من دەهێنێت؟! خۆ من هێشتا شێت نەبووم، بەڵام بەتەمام ئەو خەونانەم بێتە دی.. ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم لایەکم لێ بکاتەوە! ئەو حکومەتەی کە بانگهێشتی بە عیراقی بوون دەکات و باوەڕی بە دۆزی کوردوستانی یەکگرتوو نییە! ئەو حکومەتەی کە دەشێت ڕێگەم نەدات بەرەو نزرگەی باوانم بگەڕێمەوە بێ ناسنامە.. چونکە من قبووڵمە ببم بە هاووڵاتیی هەر میللەتێک، بەڵام هەرگیز ناتوانم و نامەوێت ببم بە عیراقی و تورک و فارس. جا با میللەت و نەوەی نوح ئەمە بزانن .

بەڵام دەشێت جولەکە یا پەرلەمانی ئەوروپا و هەموو جیهان یاریدەم بدەن تا بگەڕێمەوە.. گەرچی زەمین پڕ بووە لە دێوی سەر بڕ و تیرۆریست و جەلاد.. شەقامەکان خوێنیان لێ دەتکێت و سێبەرەکان تارمایی دروست دەکەن.. بەڵام دڵنیام کە هێشتا مرۆڤ لە جیهاندا ماوە، ئیتر چاوەڕوانیی چی لەمن دەکەن!.. من خاوەنی وڵات و هاوڕێ و ئاڵا نیم و هێشتا درەختیش لەسەر سەرم نەڕواوە. هێشتا گۆپاڵی ئەنفالم پێ نەگەییوە و بەرگی بەری هەموو بێتاوانی جیهانم لەبەر نەکرووە و ڕوپۆشی حەزرەتی نوح-م نەکردۆتە سەر. چونکە دەنگی گەلانی جیهان بڕیار و گەواهی هاتنەوەی منن.. دەبێت ئەوان گەواهی دەربڕینەکانی من بن، دەنا نوح- دەبێت نەبێت بە پرۆژە. چونکە من تەنها مرۆڤێکی هونەرمەندم و لە دەستێک بەرگی ڕەشدا لە شەوی گەڕانەوەی حەزرەتی نوحدا لەناو باڕێکدا تەماشای بەهاری کوردوستانم دەکرد.. بیری ئەوێم دەکرد و هەموو شتەکان لە بەهار دەچوون. تەنهایی سەری کردۆتە سەرم و خێزانەکەم باوەڕی بە من نییە.. ڕۆژ و شەو خوا خوامە ئەو بە

تەماشایەکی لە دڵەوە من ببینێت.. کەچی ئەو، ئەو هەموو ڕەنگانە نابینێت کە لەسەر ئومێدی من نەخشاون و بۆنی ژیانیان لێ دێت.

منداڵەکانم لەناو قوڵایی زیندانەکەدا بیرم دەکەن.. چونکە قەبارەم هێندە بچووک بۆتەوە کە نامبینن.. ئیتر نازانم چۆن باسی مەیلی گەڕانەوە و داخوازیی گەڕانەوەتان بۆ بکەم، وەک دەڵێن خۆزگە شتێکە نایەتە دی! کەچی من بە مەحاڵی نازانم.. چونکە مرۆڤ دەتوانێت گرەو لە مەحاڵ بباتەوە. هونەری منیش باس لەو جەهەرە دەکات. بەڵام من هێشتا هەر چاوەڕێم و بەدوای کارێکدا دەگەڕێم تا کەمێک ژیانی ڕۆژانەمان دابین بکەین.. چونکە ژیانمان بەرەو شەکەتی دەڕوات. هونەر بەخێومان ناکات.. وا دەڵێت سارای هاوسەرم.. پاشان دەپرسێت: ئایا کوردەکان کتێبەکانت دەخوێننەوە؟ ئایا ئەوانیش وەک دێوەکانی بەستەڵەک دژایەتیت دەکەن و نایەڵن سەر هەڵبدەیت و بە هەڵە لە نووسراوو کتێبەکانت تێ دەگەن؟

منیش دەڵێم: بە ڵ ێ . چونکە میللەتی کورد هێشتا ئازادیی بە خۆیەوە نەبینیوە و تازە گاگۆڵکێ دەکا و لەتاو خۆشیی سەیارە لێخوڕین و ڕابواردن و زۆرخۆری و پارە و ماددەپەرستی، چاویان کوێرە و دەشێت من مرۆڤێکی دواکەوتوو بم، یان لەوپەڕی گەشبینیدا، ئایینزاکانیان بە کافرو موشریکم لە قەڵەم دەدەن و ڕۆشنبیرەکانیشیان دەشێت بە فەناتیزم و ناسیۆنالیزمم بزانن و وام بێننە ژێر باس کە من هیچ دەربارەی بە جیهانی بوون نازانم.

بەڵام من وەک فەرمووم و دووپاتی دەکەمەوە کە میللەتی من، واتە میللەتی کورد، لەوەتەی لە کەشتییەکەی نوح دابەزیوین، هەوڵی هۆگری و هاوژیانی و هاوگەلی و بە جیهانی بوون دەدەین لەگەڵ دێوە چاوبرسییەکانی تورک و عەرەب و فارس دا۔ کەچی ئەوان هێشتا بە خوێنی ڕۆڵەکانمان تینوون و گەر بێت و ڕۆژانە دەیانمان لێ سەر نەبڕن و دەیان ئافرەت هەتک نەکەن و دەیان منداڵ بێ باوک و دایک نەکەن، دەهری و تووڕەو شێت دەبن.. چونکە ئەوان فێری مژینی خوێنی کوردن و جەلادەکانیان بە خوێنی کورد نەبێت، بە هیچ شتێکی تر تووڕە نابن. بەداخەوە من باوەڕم بە هاوژیانی و هاوگەلی نییە لەگەڵ تورک و فارس و عەرەب.

ئەویش بە تەوسەوە تیری جەرگ بڕ دەگرێتە جگەرم و دەڵێت: دە بڕۆ بخەوە، بەشکێکم لە خەونەکانتا کارێک بدۆزیتەوە. یان میللەتەکەت ڕزگار بکەیت و ببیت بە سپارتاکۆسێکی سەدەی نوێ. منیش وا دەکەم و دەچم لێی ڕادەکشێم.. لە هەر گۆشەیەکی زیندانەکەمدا بە ڕەشپۆشی و بە ماندوویی ڕادەکشێم و ڕوو لە ئاسمانەکان دەپاڕێمەوە تا مەرگ ببێت بە هەناسیەک و بکەوێتە ناو دەممەوە.. بەدەم خەوەوە جار نا جار تەماشای ئەو دەکەم، ئەو لە من زیاتر دەمی بۆ ئاسمان دا پچڕیوە، بەڵام بە پێچەوانەی منەوە، ئەو دەمی بۆ ژیان و خۆشی داپچڕیوە.. ئەو ئومێدەوارە دڵی

دێوەکان نەرم بێت و بەزەییەکیان بە ئێمەدا بێتەوە و بەسەر کێسەکانی مندا بچنەوە و دەرگاکانی ژیانم بۆ بخەنە سەر پشت. بەڵکو ئەو خەو بە منەوە نابینێت.. چونکە تا ئێستا ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خەویا منی لە نێو ژوری ئاتێلادا نەبینیوە.. منی بەو دۆخە هونەرییە نەبینیوە.. هێشتا ئەو فێری بینینی من نەبووە. جا گلەیی لە دێو و دێو پەرستەکانیش ناکەم.

ڕۆژێکیان بە حەزرەتی سارام فەرموو: دێو پەرستەکان چاوەڕوانی تۆن، بەتەمان تۆ باس لە کەرامەتی من بکەیت.. تۆش من نابینیت. ووتی: بەڵێ، دەشێت تۆ کەسێکی تر بیت. من دەزانم کە تۆ هونەرمەندیت، بەڵام تۆ هێشتا هیچ فێر نەبوویت. منیش دەفەرمووم: هەموو ئەوەی کە مرۆڤایەتی فێری بوون- هێشتا مرۆڤیان نەگەیاندووە بە جوانیی موتڵەق- ئەمە ئەرکی سەر شانی منە. ئەویش پێم پێ دەکەنی! ها ها ها! لە هەمان کاتیشدا هەستی بە شکۆی واتاو فەرموودەکانیشم دەکرد. چونکە دەیبینی کە کاتێک من لە ناو جەرگەی زیندانەکەدا دەنگی زوڵاڵی گۆرانیم هەڵدەکرد، سەری سوڕ دەما، نەیدەزانی من گۆرانی بۆ کێ دەڵێم!

بۆیە کە ڕادەکشێم، خەو بە ژیانەوە دەبینم، جا ئەگەر ژیان مەرگیش بێت، من خۆشم دەوێت. فەرمووم: ئەگەر ژیان مەرگیش بێت، من خۆشم دەوێت.. چونکە ژیان هێندە دەهێنێت کە مرۆڤ بۆی بژی و بە شتێک هەستێکی جوان وەک گوڵ لە باخچەی زانستدا بروێنێت.. مرۆڤ لە پێناوی هەستکردن بە جوانیدا لە دایک دەبێت. جارێکیان ئەمەم بە حەزرەتی سارا فەرموو.. واتە خەوێک.. کە تیایدا بوونەوەرم بە تیشک وێنە دەکێشا. باسی ئەوەم بۆ دەکرد کە جیهانێکی تر هەیەو من لە خەونەکانمدا لێوەی فێر دەبم، فێری هونەری وێنەکێشان.. بۆیە هونەری من دەڵێت: نە دەریا بە دەمی سەگ پیس دەبیت؛ نە ژینگەش بە دەستی مرۆڤ لەناو دەچێت.. چونکە سروشت زۆر لە زەمین و دێوو مرۆڤ بەهێزترە.

ئیتر باسی خورافیاتی گەڕانەوەی چیتان بۆ بکەم!؟ خۆ هێشتا میلەتی نوح زەلیل و دیلە لە ژێرچنگ و کەڵبە و قەپاڵی دیوەکانی بەعس و تورک و فارس دا! خۆ ناکریت پاسپۆرتی دێویش بدەن بە من و بمکەن بەو عیراقییانەی کە جگەرەکانیان بە مەمکی ئافرەتانی کورد دەکوژاندەوە و کە بە شەقی پۆستاڵەکانیان منداڵیان لە سکی دایک دەر دەپەڕاند! کە بە کۆمەڵ پیرو لاوو منداڵ و دایکیان وەک سەردەمی جاهیلی زیندەبەچاڵ دەکرد.. کە جەهالەتیان کردووە بە کەلتووری هەموو چاخەکان. من نامەوێت ناسنامەی عیراقی بدەن بە نەوەی نوح.. ئەوانەی کە خۆیان بە عیراقی دەزانن، با بچنەوە ناو نیمچە دورگەی عەرەب و بتەکانی خۆیان بپەرستن، چونکە بت پەرستی چاترە لە بە عیراقی بوون.. چونکە ئەوان باوەڕیان بە خوا نییە. چونکە نەوەی نوح سەردەبڕن. وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە؛ ئەوان هەندێکیان لێ بوون

بە مەیموون و هەندێکی تریشیان بوون بە بەراز. جا باوەڕ بکەن کە دەفەرمووم، بەرازەکانیان بەچکەیان کردووە و دێوی برسی و گەلحۆو بێهەست و نەخۆشیان زاندووە. تەنانەت زۆڵە بەرازیان خستۆتەوە.

ئێوەش هێشتا لە دیدەگای مندا نەبوون بە مرۆڤ! من نازانم باسی چیتان بۆ بکەم! چونکە نەوەی نوح وا خەریکە قڕی تێ دەکەوێت و ئێوەش داوام لێ دەکەن وێنەی سەگەکانتان بکێشم و گوڵ هەڵواسم بە ئێخەتاندا. من لە ئێوەی مرۆڤ و لە دێوپەرستەکان تێ ناگەم.. دەزانم پەیامی خواکان ناگەن بە گوێی ئێوە و دێن و زمانی منیش دەبڕن.. ئیتر نازانم بڵێم چی! ڕوو لە کوێ بکەم.. بەڵام مرۆڤ ناتوانێت هەروا بە ژێر دەستەیی بژی.. بۆیە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم گەر لەسەفەری گەڕانەوەدا کەمتەرخەمی بکەم.. چونکە ڕێگاکان ناناسمەوە.. هەست دەکەم پێویستم بە چاوساغ و ڕێنیشاندەرە.. هەست دەکەم  پێویستم بە باوەڕی جیهانە تا لە خەونەکانم بێمە دەر.. چونکە دەزانم کە ژیان زۆر لە خەونەکان جوانترن. هەروەها خۆشتریش.. دەشێت ئەمە قسەی شێتێکی گەشبین بێت، بەڵام وەک فەرمووم، ژیان لای من شایانی ژیاندنە. گەرچی من تەنها بە خەون ژیان دەبینم و تەنها لە خەونەکانم کردووە بە مەملەکەت و مەئوا!

بۆیە ئەو کاتانەی کە خەو دەچێتە چاوم، زۆر نابات، دەبینم کۆمەڵێک فریشتەی ڕەنگ شین و سپی و هەندێکیش وەک پەڵە هەورەکان دێن و دادەبەزن.. پاشان بە ئەسپایی گیانم لە لەشم دەر دەهێنن.. وەک چۆن دایک دڕک لە پێی منداڵەکەی دەردەهێنێت، ئەوانیش وەها بە دەم ئاوازی سەلماو خوێندنی ئامینەوە یەکە یەکەی  تەرمی مەسیحەکان و ماریاکان و گیانە پیرۆزەکانی لەشم دەردەهێنن و هەر بە ئەسپایی بەدەم خوێندنی ئاواز و سرودی ئامین-ەوە گیانمان دەبەنەوە بۆ زاگرۆس و ئارارات و لەوێ بەرەڵامان دەکەن.. بەر لەوەی بێدار بینەوە، جەندرمەکانی بەعس و فارس و تورک لێمان دێنە شاڵاوو وەک دێو بە قەپاڵ دەکەونە هەڵکەنینی سەری مەسیح و ماریاکان.. ئیتر سەرم لێ تێک دەچێت، نازانم چی بکەم و لەکوێی خەونەکەمدا بێدار ببمەوە. چونکە فریشتەکانیش دەتۆقن  و ئەوانیش سەریان لێدەشێوێت. دەبم بە مەخلوقێکی سەیر، دەبم بە تێکەڵێک لە پیر شالیارو مام خدرو پەیکەرو توورو لیناو ئاشتی و هەوارو مونیک و ماریاکان و مەسیحەکان! دەبم بە لەقلەقێکی پیرۆز و بە جاڵجاڵۆکە و فریشتەو بت و خواکان.. ئیتر سەرم لێ تێک دەچێت و خۆمم بۆ ناناسرێتەوە.. بەڵام لە هەموو دۆخێکدا هێندە بە ئاگام کە سروشتم ناگۆڕێت بە سروشتی دێو و هەر خێر خوازو جوان پەرست و هونەر پەروەرم.. ئیتر هەر بەدەم خەوەوە، بەدەم وڕێنەوە بێدار دەبمەوە و کونە مشکم لێ دەبێت بە قەیسەری. هەر بۆیەشە کە بە بێداری و لە خەونیشدا هەر چاوەڕێم.. چاوەڕوانی هاتنی ئەو کیژۆلەیەم کە گفتی پێدام ڕەنگی سپی سپیم بۆ پەیدا بکات، تا کەمێک ڕەنگی ڕۆنی

سپی و چەند تابلۆیەکم بۆ بهێنێ، تا وێنەی فریشتەکان و ئاسمانی بەرین بکێشم.. تا بوونەوەر پڕ بکەم لە ڕەنگی سپی و تاریکی لەسەر زەمین لابەرم و ڕوناکی دابهێنم. چونکە من پەیامی خێر و جوانیم پێیە و حەز دەکەم نەک تەنها هەر بەخەو، بەڵکو بە ڕاستیش و لە هونەر و لە ئەدەبدا باسی جوانیتان بۆ بکەم. ڕێگەشتان نادەم بە تاوانبار تەماشام بکەن.. چونکە من لە گوناهەکانی خۆم خۆش بووم.. بەڵام تا ئەو کاتەی هەموو میلەتانی جیهان ئازاد نەبن، من هەمووتان بە تاوانبار دەزانم و حەقیش داوەرمە.

من جگە لە داستان و ئەفسانەی خەونەکانم شتێکی ترتان بۆ باس ناکەم، چونکە من گەیشتووم بەو حەقیقەتەی کە ئێوە نکوڵیی لێ دەکەن.. بۆیە دەشێت خەونەکانم مەملەکەتێک بن کە ئاڵاو ئایین و زمان و نیشتمانی منی تیدا بنیات نرابێت، ئێوە بۆتان نییە دەست بۆ سروشتی خەونەکانی من بەرن. چونکە ئەوان ڕاستی و حەقیقەتی منن. جا من هەر کەسێک بم لە ناوتاندا، خۆم بە مرۆڤێکی ڕەسەن دەزانم کە ئەگەر زاگرۆس یان ئارارات خەون بێت، کە ئەگەر کەشتی خەون بێت.. یان ئەگەر پێغەمبەرەکان گشتیان خەون بن.. ئەوا من تاوانبارم بەوەی کە بە هەڵە هاتوومەتە ناوتانەوە و نیازمەندم بگەڕێمەوە بۆ نیشتیمانی خەونەکانم. جا وازم لێ بهێنن با هەست بە ژیان بکەم لەناوتاندا، چونکە خەونەکانی من هونەرێکی تازەن.. لە جوانی دەدوێن. جوانیی پەیامەکانی حەزرەتی نوحی باوکی پێغەمبەران.

من گلەییم لە زانستتان نییە، ڕوبەڕووش بە کەس ناڵێم چاوت کلی پێوەیە، بەڵام لە دێوەکان توڕە دەبم.. دەوێرم و دەتوانم پەنجە بکەم بە چاوی دێوەکانی شەرق و غەربا دەرهەق بەو هەموو تاوانانەی کە کردوویانە. چونکە مرۆڤ بۆی هەیە بەرگری لەخۆی بکات. ئیتر زۆر وتن قورئان خۆشە.. جا با باسی خەونی هاتنیتان بۆ بکەم. ئەو خەونانەی کە من هەموو ڕۆژێک دەیانبینم و لەگەڵیاندا دەژیم و وێنەیان دەکەم.

تابلۆی هاتن و نیشتنەوەی جاڵجاڵۆکەی مەزن و لەقلەق و پیرشالیار و گیانی منداڵانی جیهان و باسی ئازارەکانی حەزرەتی ماریاکان و مەسیحەکانتان بۆ بکەم.. چونکە هێشتا باسی هیچک یەکێک لەوانم نەکردووە- کە دێن بۆ لام و لەناو کەشتییەکەی سەری گێژمدا چۆن ڕێزیان لێدەگرم و تیماریان دەکەم و خۆشەویستی و ڕێزیان نیشان دەدەم.. هێشتا باسی داستانەکانی جوانیی هیچ یەکێک لە ماریاکانم نەکردووە- ئەو حەزرەتە پیرۆزانەی کە لە مەملەکەتی گیانی جوانیی پەتیدا دانیشتوون و لە گیانی فێمینیندا دەبن بە تەونی جاڵجاڵۆکەی مەزن و بوونەوەرەکان دەچنن.. ئێوە نازانن کە بوونەوەر ویستی هەیە؟ کە گیانی بوونەوەر فێمینینە؟ ئەوان، ئەو تەوژمە سپییە گەوهەرییەن کە وەک بەرداش بوونەوەر دەهاڕێت و دەسوڕێنێت و دەڕێسێت.

وا دەزانن زانست دەتوانێت لەمە زیاترتان فێر بکات!؟ ئەی شەرم ناکەن کە دەچن هێشتا سەرو زمانی ئافرەت دەبڕن و ئاگر بەر دەدەنە لەشیان!؟ ئاخر چۆن دەتوانن کاری وەها بکەن؟ چۆن؟

بەڵام من هەر خەریکی بینینی خەونەکانم.. چونکە ڕێسی بوونەوەرەکان دەبینم.. دەبینم دێت مرۆڤێک، کە هاتووە و لەناوتاندایە.. سەری لە کەشکەڵانی فەلەکە و پێی لە زاگرۆس.. پێیەکی لە شەرقا هەنگاو دەنێ و پێیەکەی تری لە غەرب.. کە هەنگاو هەڵدەهێنێت.. شکۆیەکی مەزن لەگەڵ ئەودا ڕێ دەکات. دەزانن کێن ئەوانەی کە باوەڕیان بەوە؟ بەڵێ، ئەوان لەشکری مێرولەکانن.. ئینجا باکان و زەریاو بورکان و هەورەکان.. و لەسەرووی ئەوانیشەوە ئاسمانەکان.. ئینجا پێغەمبەر و خواوەندەکان و خواوەندیش.. دێت و لە هەمیشەییەوە هاتوتەوە.. دواهەمین پەیامی هەموو خواکان و پێغەمبەرەکانی پێیە.. پێتان دەفەرمووم، من مرۆڤێکی خاوەن هەستم. هەست بە بوونی خواو خواکانیش دەکەم. دەبینم ولەمس دەکەم و دەتوانم بیر بکەمەوە.. من مافی ئەوە بە خۆم دەدەم کە ببینم. چونکە بینین هونەرێکی ڕەوایە. زانستێکی ڕەوایە.

دەبینم دەڕوا و حاجی لەقلەقەکانی جیهانیش بە دوایدا لە شەقەی باڵ دەدەن و قازو قولنگ و مەل گۆرانیی بۆ دەڵێن و مۆسیقا کەوتۆتە جۆش و خرۆش و باسی لورەی باو شکۆی شەپۆلەکان و سامی زەریاکان دەکات.. نەورۆز لەسەر درەختی سەری داگیرساوە و پەیامی ئاگرین و ڕزگاریی بۆتان هێناوە.. داوای ئازاد بوونی جیهان و زاگرۆستان لێ دەکات و تکاتان لێ دەکات تا شمشێرو کێرد و قەمە و چەکی قورس و تونگ دانێن. ئەم کتێبە بخوێننەوە.. چونکە لێرەوە داستانی خەونەکانی من کۆتاییان دێت.. دەشێت پێ ڕانەگەم چەند تابلۆیەکیش بکێشم! دەیبینم بە ناو پانتایی خەونەکانی مندا ئازادانە و جەسوور هەنگاو دەنێت بەرەو زاگرۆس و بەرەو زیندانەکانی قوتب و میللەتانی خۆر ئاوا.. بەوان دەفەرموێت: کوا شکۆتان، ئێوە هیچتان لەسەر زاگرۆس نوێژتان بۆ پێغەمبەری باوانتان دا نەبەستووە.. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیرێک لەوە بکەنەوە. چونکە زاگرۆس قیبلەی خۆرئاوایە.. نابێت تورک و عەرەب و فارس خۆیان لە میلەتی نوح بکەن بە خوا.. چونکە خواوەند جەورو ستەم و داگیرکردن و شەڕی ناوێت. جا بیرێک لە قیبلەتان بکەنەوە.

کە دەڕوات لەشکری مێرولەکان دەبن بە چراخانی سەر ڕێگانی بەهەشت و هەرچی مەسیحەکان و ماریاکانی ناو مۆزەخانەکانی جیهان هەیە- گشتیان بەدوای ئەوەوە دەڕۆن و تەرتیلەی ئامین دەخوێنن. دەبینم دەڕوات، دێت.. هاتووە و لە ناوماندایە.. هەنگاو بەرەو زاگرۆس و ڕزگاری دەنێت.. سەری لە ئاسمان دا وەک کاکێشان دەدرەوشێتەوە.. درەختی زەمان بە گیانی هەموو زۆرلێکراوانی جیهان ڕۆشنەو

دەڕوات و پێیەکانی، جێ هەنگاوەکانی- سەوز دەبن و گیان لە جێگەی پێدانانیدا سەوز دەبێت.. دەیبینم لەبەر چاوانمدا دێت و دەڕوات.. وەک سوری تەشیی دەستی ئافرەتانی زاگرۆس سوڕ دەخوات.. خۆشم تەماشای دەکەم و دەیبینم و لەناو خوێنما خول دەخوات.. جا با دەستێ بنێمە ژێر باڵی پیرێک، مەسیحێک، منداڵێک، یان ئافرەتێک.. خۆ کەس نابینم بێت و تیماری یەکێک لە مەسیح و ماریاکانم بکات! جا خەڵکینە گلەیی چیم لێ دەکەن! کاتێک کە باس لە هەبوونی دێو و دێو پەرست دەکەم!؟ دەتانەوێ بەرامبەر بە هاتنێکی یەقین تاوانبارم بکەن؟ وەک چۆن بەر لە ئێستا ئەوانی تریشتان تاوانبار کرد و پیرۆزترین بوونەوەری ئەم جیهانەتان کرد بە خاچا!

مەگەر ئەمە کاری شەڕ و ئەهریمەن و دێوەکان نییە کە هێشتا جیهان دەبەن بە ڕێوە؟ جا خۆتان لەچی گێل دەکەن کە زووربەتان دێوپەرستن و حاشا لە خێرو جوانی دەکەن؟ ئەی کێ بوون ئەوانەی کە هاواریان دەکرد باراباسمان دەوێت و مەرگ بۆ مەسیح و ئێمە خواوەندمان ناوێت لە نێوماندا!؟ دەتانەوێت من فێری گەشبینی بکەن؟ دەبا بەر لە ڕاگرتنی وروژانی هەستی جوانی- باسی گوڵفرۆشێکتان بۆ بکەم...

### تابلۆی گوڵفرۆش

ئێستا بێدارم و نووستو نیم.. بەڵام کەمن- و ئەو کەسانەی کە وەک من بێدارن لە زیندانەکاندا.. یان لەو وڵاتانەدا کە بەفر هەڕەشە لە قڕ بوونی دێوپەرستەکان دەکات. ئێستا من تەماشای گیانی ئافرەتێک دەکەم، ئافرەتێکی گوڵفرۆش.. کە هاوتای کەمە لە جوانیدا.. لەو بەرەوەی زیندانەکانی ئۆسگۆرد- ؛ کە لەمێژ نییە دوکانێکی گوڵفرۆشیی تازە کراوەتەوە و  نازانم خاوەنەکەی ناوی چییە- ئەو لەوێ کار دەکات ! بەڵام هێندە جوانە نەبێتەوە.. پیاو نازانێ تەماشای چی یان کوێی بکات- کاتێک کە تەماشاکان هۆگری لەش و گیانی ئەو دەبن.. کە چەند  بە شکۆوە  تەماشای  هەستەکانی گوڵەکان دەکات؛ سەری دەسوڕمێت..  مەگەر هەر من تێی بگەم. ئەو ئافرەتە فریشتەیە لەناوماندا ،و جار ناجار کە من لە زیندان بەر دەبم و دەچم بۆ تەماشای! دەچم بۆ ئەو بوغازەی گوڵە - یان بۆ ئەو گوڵفرۆشخانەیە و لەوێ تێر تێر تەماشای ئەو دەکەم.. بە دزییەوە سەرنج دەدەم، دەڵێم نەکا لە نوێژەکانی داپچڕم! دەیبینم، ئێستا لەناو گیان و هەستەکانمدا  خەواڵو؛ ئەو دێت و دەچێت.. تەماشای گوڵەکان دەکات و لەم شەوە پیرۆزەدا نوێژ بۆ گوڵ دەکات و مۆمیان بۆ دادەگیرسێنێت. ئەو گیانی گوڵ و خواکانی گوڵەکان دەناسێت.

ئەو فریشتەیە کە دەست بۆ گوڵەکان دەبات؛ دەتوانێت یەکە یەکە سڵاو لە گیانی گوڵ و ڕەنگ و بۆیان بکات.. زۆر هەستیار دەست بۆ لەشی گوڵەکان دەبات و یەکە یەکە جوان لەتەک یەکەوە دایان دەنێت و دەیانکات بە چەپک و هاوڕێی یەکتری و پاش ئەوەی کە گوڵەکان بە یەکتری دەناسێنێت، دەیانداتە دەستی مشتەرییەکان.. ئەو کارە بە ئەمانەت و بە ئەمەک و نیازپاکییەوە دەکات، و خەندەیەکیش بە دیاری لەگەڵ چەپکە گوڵدا پێشکەش بەوان دەکات.

جا جارێک لەو جارانە من چەپکێ گوڵم بۆ دراوسێیەکم بە دیاری لەو کڕی.. چونکە دراوسێکەم شایانی ڕێز بوو، ناوی ئەننا ڤیگدیس بوو. بەڵام کاتیک کە گوڵفرۆشەکەم بینی چۆن لە ناخەوە نوێژ بۆ گیانی گوڵەکان دەکات.. منیش کەوتمە یادی ئەنفال و سەری هەڵکەنراوی دەیان هەزاران کورد و ئەرمەنی و ئاسورەوە بە دەستی بەعس و تورک و عەرەب و فارس.. هەستمکرد دەیان هەزار گوڵی فەیلی و مەسیحی لەناو گیانمدا هەڵکەنراوە بە دەستی ئەوان.. بەڵام ئەو دەربەستی سەرقرت بوونی گوڵەکەکان کەمتربوو؛ لەوەی کە من دەربەستی سەرقرتکردنی سەری مرۆڤەکان دەهاتم. ئەو دەیزانی کە ژیان وەها بەڕیوە دەچیت! بۆیە من زیاتر تەماشای ئەوم دەکرد و کەمتر دەدوام لەگەڵیدا. چونکە ئەو نوێژی بۆ گوڵەکان دەکرد.

جا ئێستا لە خەیاڵمدا؛ خۆمم بۆ نەگیرا.. لەوم پرسی: ئایا بە وردی و بە تەواوی دەزانیت کە کت ومت لەچی لەحزەیەکدا خەندەی  گوڵ دەپشکوێت؟ لە وەڵامدا خەندەیەکی پرواندو فەرمووی: بێگومان بە ڤیدیۆ دەشێت، بەڵام دەشێت و ناشێت بزانین! تەنانەت دەشێت نەزانیین بۆ گوڵ دەگەشێتەوە و خۆشی دەپێچێتەوە! فەرمووم: من دەزانم. چونکە من بە شەوان بەدیار گوڵەکانەوە دانیشتووم و گفتووگۆم لەگەڵدا کردوون و چەندساڵانێکیش گوڵپەرست بووم.

فریشتەکە پێکەنی و فەرمووی: باوەڕت پێدەکەم، چونکە گوڵ سیحرو ئەفسانەی خۆی هەیە و سەر بە خۆشەویستی و ڕوناکییە.. ئەو گوڵەی سروشتی پاک بێت، شەوان خۆی دەپێچیتەوە و وەک مرۆڤێکی جوان ناس دەنویت و بە هاتنی خۆریش خۆی دەکاتەوەو نوێژ دەکات بۆ تیشکی خۆر. فەرمووم، واتاکانت خۆش. بۆم پێکەنی و فەرمووی؛ خۆزگە منیش کاتێکی ئەوتۆم دەبوو تا نوێژێکت لەگەڵدا بکەم. فەرمووم : بە داخەوە. بەڵام حەز دەکەم فێر بیت کە گوڵ تاریکیی خۆش ناوێت. لە تاریکیدا ناژی- لەو هەڵوێستەدا وەک مرۆڤ وەهایە.

ئەو گولفرۆشە زۆر سەیرە، کاتێک کە لە تەنهاییدا خەریکم سوێم دەبێتەوە، بە خەیاڵ لە زیندانەکە دەر دەپەڕم و بەرەو دوکانی ئەو ئافرەتە گوڵفرۆشە دەچم ولەگەڵ ئەودا دەدوێم و داوای دروستکردنی چەپکێ گوڵ- یان درەختێکی لێ دەکەم- داوای دروستکردنی درەختی زەمان بۆ سەر سەرم! بەو دەفەرمووم: کچی جوان ئایا

دەتوانیت لە گیایەکی هەستیار درەختێکی جوانم بۆ دروست بکەیت؟ ئەویش پاش ئەوەی کە گوێ لە پێناسی درەختی زەمان دەگرێت، دەڵێت: بە داخەوە، من توانای داهێنانی درەختێکی هێندە هەستیار و مەزنم نییە.. چونکە ئەو کاڵایە لای من نییە کە تۆ لەسەر سەری خۆت دەیبینیت. فەرمووم : با، کچی جوان.. زانست لەوپەڕی ترۆپکدایە و دەتوانێت بە نانۆ بڵێت ببە و دەبێت. بۆیە من غەم دەخۆم گەر نەتوانی یاریدەم بدەیت!

فریشتە گوڵفرۆشەکە داوای لێبووردنی لێکردم و منیش بە غەمگینی و ڕەشپۆشی ماوەیەک غەم دایگرتم. بەڵام هێشتا لەو باوەڕەدام کە بە تەواوی منی لەبیر نەچۆتەوە.. چونکە ئێستا لەبەر چاومدایە و دەیبینم دانیشتووە و بیر دەکاتەوە و خەو دەبینێت بە دروستکردنی درەختی زەمان و بە چنینی لقەکانیەوە و دڵی سپیی کولەکەیی و کوژەکەیی دەکات بە درەختی زەمانەوە.. زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەو خەونەم بینی، یان ئەوم لەو خەونەدا دی.. چونکە ژیان کۆمەڵێک خەونی خۆش خۆشن.

ئەو هێندە جوان بوو نەبێتەوە.. دەستێ بەرگی پەڕ شێوە و ناسکی وەک سەرپۆشی سپی لەبەردا بوو، لەسەر پەڵە هەورێکی موزەخریف بە نەخشی ئیغریق- لەسەر ستارەی کۆشکێکی هەورین؛ لە خەیاڵما دانیشتبوو- تەماشای هەرقل-ی دەکرد. دەمبینی تەماشام دەکات و بە تەنافی جاڵجاڵۆکە درەخت بۆ سەر سەری من دەچنێت. پرچی خۆی بە ئاستەم تاڵ تاڵ دەردەکێشاو دەیکرد بە تەزوی دەزولەیی بریسکەدارو زەرد و سوور و سپی- چونکە تاڵەکانی پرچی کاڵ و زەردو سپی و ڕوونبوون.. بریسکەیان خۆشایی دەبەخشی بە دڵم. ئیتر کە ئەم کەرامەتەم لەو بینی، لەبەری هەستام و دەستم نایە ناو دەستی- کاتێک کە درەختەکەی بۆ تەواو چنیم و نایە سەر سەرم، فەرمووم: دەستەکانت خۆش.

پاشان دەستیم ماچ کرد و فەرمووی سەمایەکم لەو کرد.. ئەویش دەستی نەنا بە ڕوومەوە و لەگەڵمدا هاتە دەشتی سەما و لەتەک مەشخەڵێکەوە سەری نایە سەر شانم؛ و منیش لە سوڕی یەکەمدا باسی ئەپۆلۆ و دافنی- و لە سوڕی دووەمدا باسی هەرقل و دیانا و باسی نارسیوس و ئێکۆ وڤینۆسم بۆ کرد.. لە سوڕخواردنێکدا کۆمەڵێک هەستم بە دیاری پێشکەشی ئەو کرد.. هەر لەوێدا ئەویش بەدەم نەشئەی خۆشییەوە.. هەر بەدەم سەماوە خۆی ڕووت و قووت کردەوە.. منیش لەبەر ئەوەی گیانێکی پەتی بووم لە خەونەکانی هەردوکماندا- ڕووت و قووت بووم.. پێویستم بە ڕووتبوونەوە نەبوو.. ئیتر باقییەکەی ئێوە خۆش.. چونکە من و ئەو تێکەڵ بە یەکتری بووین تا ئەو کاتەی کەڵەباب خوێندی ئێمە بە ڕووتی گیانمان لە گیانی یەکتری هەڵدەسوو، بێ تۆ ناخۆش ئێمە گیانی گوڵەکان و گەڵاکانمان بە درەختەکەی

سەر سەرمدا پێکەوە ئاویزان دەکرد و جار ناجارێکیش ماچێکی گەرمی دەکردم. منیش هێندە عاشقی دەبووم؛ نەبێتەوە.

ئێستا خەریکی لە چوارچێوە گرتنی ئەم هەستانەم لە مۆزەخانەی کەشتیی نوح-دا.. خەریکی تەماشا کردنی ئەو ئافرەتە گوڵفرۆشەم.. کە گیانی گوڵ دەناسێت و باوەڕ دەکات کە من ساڵانێک گوڵم پەرستووە و دەزانم کە گوڵیش وەک مرۆڤ دەتوانێت بدوێت. بەردیش گیانی هەیە گەر نازانیت.. تەنانەت بەرد- واتە بەردی بەنرخ؛ دەتوانێت نهێنیی بوونەوەرمان لا بدرکێنێت.. چونکە بەردەکانیش زمان زانن. هەمان شێوە بت و بتپەرست و هەموو شتەکانی تریش.

من وەها شەوەکان دەسکەنە دەکەم و دەچنم.. لە بۆنی گوڵە نێرگز و دەیدەم بە فریشتە جوانەکانی ناو کەشتییەکەم.. من هەم کەشتیم و هەم کەشتییەوان.. هەم ئەوانەی کە تا ئێستا ناوم بردوون- جوانەکان و پیرۆزەکانیان لە مندا دەژین و خۆشم دەوێن.. من باوکی ئەوانم.. جا ئەگەر گوڵن یا مرۆڤ.. ئەگەر گوڵ بن گوڵتان پێشکەش دەکەم.. فێرتان دەکەم کە گوڵ نیشانی دوژمنەکانتان بدەن. بە زمانی داد و یاساو حەق و ڕاستی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن. ئەگەر ئەوانیش بوون بە دڕک و ئاسن و زنجیر- ئێمە کۆتیان دەکەین.. چونکە دێو نابێت ئازادانە بێت و بچێت لەناوماندا.. جا ئەگەر هەر ئایین و باوەڕێک نەتانباتەوە سەر ئایینی باوانتان- پیادەی مەکەن. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە شیرو تیر لەیەک نەسوون و هەر کەسەو بگەڕێتەوە ناو نیشتیمانی خۆی.. با بیرێک لە هونەرو جوانی بکاتەوە و تەماشایەکی بەرنامەکانی ئەمڕۆی ژیان بکەن. دەبێت بزانن؛ کێتان ناهەقیی زۆر کردووە؛ ئەوتان تاوانبارە. جا هەوڵ بدەن کە ئاشوب نەکەن بە ژیان و نیشتیمانی خۆتان- بەڵکو قیبلەیەک بۆ نەوەکانی داهاتووتان زامن بکەن.. چونکە زاگرۆس لە گڕدا دەژی و کڵپەی گرتووە و وا خەریکە ئەو کەشتییەش دەسووتێ - کە من بە خەیاڵ بە خۆمم بە ڕەوا دیوە! ئێوە باسی بەرنامەی تر دەکەن و دەتانەوێت فێری ژیان و خوێندن و بیرکردنەوەی دێوم بکەن! ئەمە چەندی بە چەند؟

دەبا پێتان بڵێم من مەبەستم چییە لەم مانایە! من مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم: من بابایەکم لە ئێوەم و مرۆڤم و دەتانناسم. من دەزانم کە زانستی تەکنەلۆژی و ئەتۆم و نانۆ باش گۆش بووە. بەڵام زانستێک ماوە کە ئێوە هێشتا هەرستان نەکردووە- نازانن و هێشتا تێی نەگەیشتوون. ئەویش زانستی هەست و هەستی جوانییە. من لەو زانستەدا ژیرم و شتێک دەزانم.. بۆیە کاری من ئامۆژگارییەکی باوکانەیە بۆ نەوەی داهاتووتان.. دەشێت باوەڕتان بە قسەکانی من نەبێت.. بەڵام دڵنیا بن، هەستی جوانی هێشتا جیگەی تەنگە لەناوتاندا. من هەژدە ساڵە مەحکومم بە گومان و ترس و هەڵەی ئاکاریتان. ئاکارتان شێواوەو ویژدانتان پیس بووە؛ وەک دەستەکان و

گیرفانەکانتان.. باسی چی بۆ من دەکەن! ئێوە دەچن چەک بە دوژمنەکانتان دەفرۆشن و فێریان دەکەن چۆن بەرنامەی لەناوبردن دابنێن بۆ خودی خۆتان.. ئەمەش مامەڵەی هەڵەکانتانە.

من تاوانبار نیم بەو هەڵە بچکۆلانانەی کە ئێوە دوچارتان کردووم. من کارم شۆرینی گوی بەراز و پاک کردنەوەی قاپەکانی چێشتخانە نییە.. چونکە من فێر نابم قاپی ماڵی کەسانێک بشۆم کە نامناسن و ڕێزم ناگرن. بەڵام دەرگانی ماڵی من کراوەیە بۆ ئەوانەی کە خۆیان بە ئازاد دەزانن و دڵنیا هەڵس و کەوت دەکەن لە ماڵی مندا.. چونکە من ماڵم نییە و زیندانم.. جا ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. جا ڕێگەم بدەن تا لەناو زانستی هەستیاریی خۆمدا کەمێک بژیم و باسی ماناو جەوهەر و سەرچاوەو هۆ-تان بۆ بکەم.. چونکە هۆکارەکان تەوەری جیاوازیان هەیە. هۆکارەکان ئەگەر لە دوو ڕوو زیاتربن- ئەوا، تێک دەچن.. مرۆڤ سەرچاوەکانی ڕاستیی لێ تێکدەچێت. بۆیە من نیازمەندم لەمە زیاتر مەحکوم نەبم بە زیندان- چونکە من مرۆڤم. هونەرمەندو هەستیارو جوانناس.. کە خەریکە هونەرم لە بیر دەچێتەوە، لە ناو گەلانی بەفردا! ئەمە چییە؟!.. خۆ ئێوە نەک من ؛ بەڵکو خواکان و پێغەمبەرەکانیشتان لە بیر چۆتەوە. جا هەوڵ بدەن لە شوێنی خۆتانەوە هەوڵی چاککردنەوەی شتێک بدەن.. چونکە شەپۆل و بوومەلەرزەو تۆفان وا خەریکن تووڕە دەبن.. ئاسمان وا خەریکە دادەتەپێت بەسەرتاندا، ئێوە نازانن چی دەکەن!.. چاترە کەلەپچەکانی دەست و پێی من- ئێوە بیکەنەوە.. تا دێوەکان سەرم نەبڕن.. چونکە ئەوان سەدان هەزاران بێتاوان و منداڵانی کوردیان سەر بڕیوە.. پەنجە بۆ دوژمن درێژ ناکەم، چونکە دوژمنەکانی کورد و نوح دیارن و هەمووتان چاوبەستتان لێکراوە.. ئێوە ڕاستییەکان نابینن- بۆیە من هاتووم تا بە هەستی جوان دەریان ببڕم.. چاترە خۆتان لە زیندانەکە دەربهێنن- چونکە گەر وەها بڕوات.. نوح لێتان تووڕە دەبێت و سەری دێشێت بە دیارتانەوە.. چونکە نوح حەز لە کەچیی ملی نەوەکانی دوای خۆی ناکات. ئامین.

من هێشتا هیچم نەدرکاندووە لەو ڕاستییانەی کە بە خەون دەیانبینم.. چونکە من دەچمە ناو جەوهەری ڕاستی و جوانییەوە.. حەزم لە تەماشاکردنی جوانییە.. ئەو جوانییانەی کە شێواندووتانە و پیس بوون و خەندەکانیان گشتی لەمندا گسک دراون و نێردراون بۆ لای حەزرەتی مەسیح و ماریاکانی ناو دەروونم ؛ تا ڕاستیان بکەنەوە و لەو خەندانە چەکێکی نوێ دروست بکەنەوە.. بەڵێ ئەوان لە خەندەکانی ئەنفال و زێوە و هەڵەبجە- لە خەندەی هەموو منداڵانی جیهان و ئافرەتانی مافدۆست- خەندەیەک دروست دەکەن ئەوان کە من دەیبینم.. خەندەیەکی بەسام لە شکۆدا.. ئەوسا خەندەکان دەبن بە چەکێکی نوێ و دێن و خۆیان نیشان دەدەن و ئاواز دەچڕن.. چونکە من ئازادیم لە هەمیشەییدا بەچاوانی خۆم دیوە.. من خەندەی

**تێکشکاوی ئەو بێگوناهانەم کە مافی هەناسەدانیان نەدراوە و سەدانجار هاتنەوە ناو ژیان و کەچی هێشتا مافی ژیانیان نییە لەسەرزەمینی باوانیان.. جا ئەمە چۆن وا دەبێت!؟**

**ئێستا شەوەو دانیشتووم چاوەڕوانی ڕۆژ دەکەم..**

**کە جار ناجار هەڵدێت و بەلای ژوری زیندانەکەمدا تێدەپەڕێت..**

**منیش هەر هێندە فریا دەکەوم خۆزگەکانم یاد بهێنمەوە و لە ناو خۆزگەکانی خۆمدا؛ کە شەوان دەفڕم:**

**دەبم بە باڵندەیەکی هەڵۆی سپیی تیشک شێوە و تەوەرەکانی جوانی دەبڕم و دەگەم بە ناخی حەزرەتی ماریاکان و مەسیحەکان..**

**لەناخی ئەواندا خەندەکان ؛ کە لە چەکێکی نوێ دەچن- ڕۆشن و داگیرساو دەبینم و دەستیان دەدەمێ..**

**هەر خەندەیەک بە پێی قورسایی خۆی هەڵدەسەنگێنم.. ئەوسا.. دەستیان بۆ دەبەم و خۆمیان پێ پرچەک دەکەم.**

**ئەوسا دەگەڕێمەوە ناو ژوری زیندانەکەم و تەماشای ڕۆڵەکانم دەکەم.. کە دایکیان لە ژێر چنگی هەڵمەتی گورگی شێرپەنجەدا گیری خواردووە و باوەڕ بە من ناکات کاتێک کە دەفەرمووم: مرۆڤ خۆی- خۆی دوچاری نەخۆشی و مەرگ دەکات.**

**پەیتا پەیتاش پرشنگی خۆر پەخش دەبێت و هەر فریشتەیەک کە دێتە خەونم؛ جا چی خەونی شەو بێت یان خەونی ڕۆژ. بە پەیامەکانی مۆمێک لە دەروونمدا پێدەکەن و بینابیم ڕۆشن دادێت. یەکێک لەو فریشتانە ئەم فریشتەیەیە کە لە ڕاستیدا دەیبینم.. سرۆشی بیرێکی نوێ و پرۆژەیەکی پیرۆزم پێ دەبەخشێت. سرۆشی تابلۆی مەشتەل وگوڵفرۆشی.. کە تیایدا من دانیشتبووم و وێنەی ئەو مرۆڤانەم دەکێشا کە دەهاتن بە میوانیی موغازەی گوڵفرۆش یا قاوەخانە و میوانخانەی مەشتەل- تیایدا خۆمم لە داهاتوودا دەبینی کە لە مەشتەلی قاوەخانەیەکدا سەرگەرمی وێناندنی فریشتە ساواکان بووم.. تیایدا میوانەکان بە دڵسافی و بە دڵپاکی دەهاتن بۆ دووکانی گوڵفرۆش و لەوێ هەم گوڵیان دەکڕی، هەم باسی خۆیان دەکرد، هەم لەگەڵ خۆشەویستەکانی خۆیاندا دەبوون بە هاوڕێ و هاوگیان و هاوڕاز.. کاتێکیش کە لەخەو بێدار دەبوومەوە.. بە خەیاڵ دەچووم بە میوانیی ئەو فریشتەیە و باسی ئەو پرۆژەیەم بۆ دەکرد.. باسی دامەزراندنی پرۆژەی قاوەخانەی نوح- یان مەشتەلی نوح.**

کاتێک کە خەندەکان دەخەمە کار.. ڕۆژ هەڵدێت و بە دەوری زیندانەکەمدا سووڕ دەخوات.. دەمخاتەوە یادی ئاشتی و ئازادی و جوانییەوە و خەندەیەک بە دیاری دەدەم بەوانەی کە بەدڵسافی لەگەڵم دەدوێن و دێن بۆ زیارەت بۆ لام..لەو بەینەدا جار ناجار سەرخەوێکێش دەشکێنم. پاشان چاوەڕوانی هاتنی فریشتەیەک دەکەم یان منداڵێک تا ببێت بە ئێڤانگیلیا( پەیام هەڵگر).. پاشان وانەی یەکەمی فێر دەکەم.. بەو دەڵێم بنووسە: بەناوی ئاشتی و ئازادییەوە و گۆرانی بڵێ بۆ جوانی.

بە مێدیاکانی جیهان بڵێ؛ من ناوم فریشتەیە و باڵیشم نییە.. چونکە من مرۆڤم.

مرۆڤ دەتوانێت تەنها بە باڵەکانی ئاشتی بفڕێت و گەشت بۆ هەمیشەیی بکات..

بەڵام ترس و تۆقاندن- جوانتان ناکات.. جا گەر بشتوانن حیجاب بکەنە سەر هەموو جیهان؛ ناتوانن بەری خۆر بگرن و حیجاب بکەنە بەر خۆر و سروشت. جا واز بێنن چاترە.

من بە باڵی شەڕ پێویستم بە فڕین نییە.. چونکە من لە سەماو ئاواز و مۆسیقادا باڵ دەگرم. من فریشتەیەکی جوانی و هونەر دۆستم.

کاتێک کە ئەمانەی نووسی، تەماشایەکی کردم و دەستی کردە ملم؛ و منیش وەک کچی خۆم دڵنەواییم بەو بەخشی.. دڵنیامکرد لەوەی کە فریشتە دەتوانێت بە باڵی هونەر بفڕێت.

فەرموون ئێوەو شیعرێک:

گوڵفرۆشێک.. شەوێک هاتە خەوم و بە ئەسپایی گوێی نا بە سینەمەوە و گوێی لە ترپەکانی دڵم گرت.

منیش بۆنی گوڵی هەستەکانیم دەکرد و مێمڵ بووم؛ چاوم هەڵنەهێنا، تا دانەچڵەکێت.

پرچی، مشەی هەناسەکانی ـ پەیکەری ئاورامی لەمس دەکرد.

لەخۆزگە و کانگای دڵەوە، ئومێدی کەژی ماچکردنێکم دەخواست.. دەمم پڕ بوو لە تیشک.

کاتێک کە نەبزی گرتم، خەندەیەکی کرد و چەپکێ گوڵی لەسەر لاشەم دانا.. وای زانی مردووم.

بەڵام من بەو تێکەڵ بوبووم.

ئەمە شیعری یەکێکە لەو مێرولانەی کە ناوی بێگەرد-ە.

***

چەند خۆشە مرۆڤ بەخشندانە لە ژیان بروانێت و باوەڕێکی مەتینی بەوە هەبێت کە خۆزگەکان ئەگەر خەویش بن؛ هەر دێنە دی.. من باوەڕێکی یەقینم بە هاتنە دیی خۆزگەکان هەیە. جا بۆیە بە خوێنەری ئەم کتێبە دەفەرموم: هەرگیز دەستبەرداری ئەوە مەبە کە خۆزگەکانتان دێنە دی.. چونکە زۆر هەن وا دەزانن کە خۆزگەکان شتێکن هەرگیز نایەنە دی. بەڵام من دڵنیام لەوەی کە خۆزگەی مرۆڤ وەک خودی مرۆڤ وەهایە و وەک چۆن دوپاتبوونەوە ڕاست و ڕەوایە، هەمانشێوەیش خۆزگە هاتنەدی ڕەوایە. چونکە خۆزگەکانیش دەژین و ئازادن.. چونکە هەن لەو کاتەدا دوچاری کۆسپ و لەناوچوون دێن، کە خۆزگەیەکی جوانیان لەدڵ گرت.. وەک ئەو مرۆڤەی کە لە پێناوی قووتی ژیان پەیدا کردن بۆ کۆرپەکانی لەماڵ وەدەر کەوت و بە دەستی مرۆڤێکی دێوپەرست گیراو کوژرا! یا بوو بە ژێر تایەی قەمەرەیەکەوە.. ئایا ژیان هێندە بێهوودەیە کە سەربڕو بێتاوان وەک یەک مافیان هەبێت؟ یان بۆ هەمان ئامانج هاتبنە ژیانەوە؟ ئایا کوشتنی بۆقێک و کوشتنی مرۆڤێک هەمان شتە؟ بەڵێ. ئەوەی بەبێ گوناح کەسێکی تر، یان گیاندارێکی تر لەناو دەبات؛ وەک ئەوە وایە خوایەک یان پێغەمبەرێک لەناو بەرێت. بۆیە تۆڵە و خۆزگە و هیوا و عیشق و جوانی و ئومید، هەمان شێوە وەک داد و ماف و ئازادی و عیشق خاوەن بەهرەی خۆیانن و لەو سوبێکتانەن کە مرۆڤ لە ژیانی باوەڕیدا- باوەڕی پێیان مەتینە. جێگەی داخە کە مرۆڤ ناهەقی دەکات.

لەبەر هەمان هۆیە کە من خەونەکانمم کردووە بە مەملەکەتی خۆزگەکان.. چونکە زۆر دڵنیام لەوەی کە ڕۆژێک دێت خۆزگەکانم تیایدا دێنە دی. لە خەونەکانمدا خۆزگەکان زۆر بە ئاسانی دێنە دی.. بۆیە من باوەڕێکی زۆرم بە خەونەکانیشم هەیە، لە خەونەکانمدا هەموو شەوێک، یان هەموو ڕۆژێک دەبم بە پێشەوایەکی گیانیی پیرۆز و ڕزگار کەر.. نەک هەر میللەتەکەم، بەڵکو هەموو جیهان ڕزگار دەکەم. هەر بەخەونیش لەگەڵ مێرولەکاندا دەدوێم و هەرچی باڵندەو گیاندار هەیە لەگەڵمدا دێنە گفتار.. تەنانەت بەردو دارو ڕووەکیش زمانیان لێ دەڕوێ و منیش بە هەستێکی منداڵانە لەگەڵیان دەدوێم. خۆزگەکانی من زۆر بچکۆلانەن لە خەونەکانمدا و وەک منداڵیکی تازە لەدایکبوون لە باوەشی باوک یان دایکیاندا.. بۆیە من باوەڕم بە هاتنە دیی خەون و خۆزگەکانم هەیە. خۆم بەبێ چارەو ناتواناش نازانم گەر لەم دورگە چەپەرەی ئەم سەرزەمینەدا ـ لەناو مرۆڤەکانی مەملەکەتی بەفردا زیندانی گومان وگومڕایی و کینەی ئەوان بم.. چونکە دەشێت خواوەند منی بۆ ئەو مەبەستە

ڕەوانەی ئەو سەرزەمینە کردبێت.. خۆ هەموشتان باش دەزانن کە پێغەمبەران
گشتیان هەم ڕسواو هەم سەرزەنشت کراون، و هەم دوچاری نەهامەتی و گەڕی و
گولی و گومان هاتوون ، و چاترینیان لەناویاندا لە خاچ دراو بەدوای ئەویشدا
پێغەمبەری مەزنی ئیسلام بە تاکە نەعل لێیان دەداو مامی خۆی ڕیخۆڵەی حوشتری
دەکردە مل و لە بازاڕی مەککەدا جاڕی دەداو دەیگوت ئەمە پێغەمبەر نییە و شێتە!

بۆیە خەونەکانی منیش بێبەری نیین لە ڕەدونان و تێخوڕین و گرتن و زمان برین و
سەربڕین. چونکە ئێمە لەناو دێوەکاندا دەژیین و مافی ئەوان لە مافی جوانی زیاتر
پارێزراوترە.. بۆیە هەندێک جار لەخەودا ڕادەچەنم و دوچاری هەراسانی دێم؛
چونکە تووشی گونرەشی خۆم دێم و دەکەمە ناو دەمی دێوەترسناکە بێرەحمەکانەوە..
ئەو دێوانەی کە بە ناوی خواوە سەری فریشتەوپێغەمبەر و ئەسحابەش دەبڕن.. ئەو
دێوانەی کە باوکیان شەیتانە و هەرگیز خۆشییان لە خێر نایەت.

شەوێک لە شەوان بۆ دەیانجار بە دووپاتی خەونێکم بینییەوە.. لەخەوما کات دەمەو
بەیانییەکی ڕۆشن و خۆرەتاوو پڕ ڕەنگ بوو.. زۆر خۆشحاڵ و تەڕ میزاج بووم و
دانیشتبووم نوێژم دەکرد بۆ گوڵەکانی بەر دەرگایماڵەکەم و لەگەڵ گوڵی نێرگزدا
هەستم بە هاڕمۆنی دەکرد. زۆری نەبرد کۆمەڵێک مێرولەی سپی لەدەستی ڕاستەوە؛
لە ئاسمانەوە دابەزین و تێم وروکان.. لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک مێرولەی ڕەشیش لە
زەمینەوە لە کون وەدەر کەوتن و تێم وروکان.. گوێم لێبوو بووقی دێوەکانیش
دەیبۆڕاند.. زەمین و ئاسمان بوون بە دوو کەرتەوە- لایەک سپی و لاکەی تری
تاریک.. منیش هەمان شێوە بووم بە دوو کەرتەوە.. لایەکم مێرولەی سپی
داپۆشیبوو و لاکەی ترم مێرولەی ڕەش. هەستم دەکرد زەمین لەرز دەیگرێت و
بوومە لەرزە بەدی دێت.. هەستم دەکرد زەمین تووڕە دەبێت لە دێوە برسییەکان..
هەستم دەکرد بووم بە دوو بەشەوە؛ یان بووم بە دوو کەرتەوە. بە هەڵەداوان
باخچەکە و گوڵەکانم جێهێشت و چوومە ناو ڕاڕەوی ماڵەکەمانەوە، تا تەماشای خۆم
بکەم- تا بزانم ئایا ڕاستە کە مێرولەکان هاتوون تا بمبەنەوە!؟ یان نا!.. کاتێ کە
تەماشای خۆمم کرد لە ئاوێنەکەدا، بینیم ڕاستە! پێدەچوو بووبم بە دوو کەرتەوە..
لایەکم سپی سپی و لاکەی ترم قەترانی و ڕەش داپۆشرابوو.. لایەکم پڕ لە حورمەتی
کەرامەتی ژیان و لاکەی ترم پڕ لە شەڕو نەکسەی جیهان و غەمەکانی میللەتان..
لایەکم ڕۆشن و لاکەی ترم تاریک.. هەڵەداوان خۆمم گەیاندە ژوری خۆشتن( واتە
حەمام) و بە پەلە قاژێ دووشەکەم بەردایەوە و تا ئەو کاتەی بێدار بوومەوە هەوڵی
شۆرینی لای چەپی لەشمم دەدا! حەزم لە تێوروکانی مێرولە ڕەشەکان نەبوو! نازانم
بۆ! بەڵام کاتێک کە بێدار بوومەوە و کەمێک بەسەر ناوەڕۆکی خەونەکەمدا
چوومەوە، بەڵێنم دا بە خۆم، کە جارێکی تر- ئەگەر بێت و هەمان خەون ببینمەوە؛
ئەوا نەترسم و هەست بە دابەشبوونم نەکەم. چونکە مێرولەکان هەمانن- جا سپی بن

یان ڕەش.. چونکە ئەوان پیرۆزن و لەشکرێکی مەتینی خوان. کاتێک کە بێدار بوومەوە، بینیم مێرولەیەکی بچکۆلانەی ڕەش بە پێمدا هەڵدەگەڕێ و جار جارەش وێستەیەک دەکا و گازێکی توندم لێدەگرێت! پەنجەی ئیشارەت و شایەتمانم لە مێرولەکە نزیک کردەوە؛ تا بێتە سەر پەنجەم، ئەویش بە پەنجەمدا هەڵگەڕاو-کاتێک کە ئەوم لە تەماشای خۆم نزیک خستەوە؛ دایە قاقای پێکەنین و فەرموی:" بەڕاستی مرۆڤ شتێکی سەیرە! خۆ هێشتا فێری ئەوە نەبوون کە مێرولەکان گشتیان لەشکرێکی پیرۆزی خوان!".

کات دوای مانگی ئازار بوو.. لە مێژبوو کات ئاسایی بوبووەوە.. وەک فەرمووم ساڵ دوای ئاسایی بوونەوەی کات بوو.. بەڵام ئەفسانەکان هێشتا بەرۆکی منیان بەر نەدەدا لەو زیندانەدا کە من تیایدا مەحکوم بووم. ئازادیم گەورەتر نەبوو لە سنووری زیندانەکەم، گەرچی پاسەوانەکان بە درێژایی ساڵەکان؛ واتە دوای هەژدە ساڵ، متمانەیان بە من زۆر بوو، ڕێگەی هاتووچۆیان لێنەدەگرتم.. بەڵام وەک بڵێی خووم گرتبێت، وەها بوو، نەمدەتوانی لە منداڵەکانم و لە زیندانەکە دوور بکەومەوە.. هەستم بە خاو بوونەوەی ویستەکانم دەکرد.. هەستم دەکرد ئیتر ژیان بۆ من بریتییە لە زیندان.. چونکە تەمەنی کەیف و خۆشی و حەوانەوەم تێپەڕی و خۆم ماندوو پیر دەبینم. جا لە پای چیدا هەڵبێم و عەیبەکانم زیاتر بکەم؟ خۆ ژیان تەنها بریتی نییە لە ئازادیی من! ئەی چی لەو دوو ساوایە بکەم کە لە زینداندا لەدایک بوون و نە مامیان هەیە نە خاڵ.. نە پوور، نە نەنک و نە خزمو کەسی نزیک.. ئەوان تەنها من و خواوەندو دایکێکی کەنەفت شک دەبەن کە کەوتۆتە ژێر قەپاڵی گورگی شێرپەنجەوە.. ئەگەر بێت و لە یادت بێت، لە کتێبی یەکەمدا فەرمووم من خاوەنی سێ منداڵم! هەڵبەتە ناوەنجییەکەیان لە بەهەشتدایەو وەک یادم هێنایەوە، خێزانەکەم ئەوی لەبار چوو لەتاو هەڵمەتی دێوەکان.. بەڵام داڤید و یوسف دەژین و لەگەڵ مندا لە زینداندان.. ئەوان مافی فێر بوون و تێکەڵ بوون و هاوڕێیەتییان هەیە. بەڵام من تەنها هاوڕێی پاسەوان و یاساوڵەکانم.. ئەوەی زۆر باش و باشتر دەبێت بە ناسیاوم، زیاتر گومانم لێ دەکاو زیاتر لێم دەترسێ و بوختانم بەدەمەوە دەکا.. ئەوان، وەک ووتم باوەڕیان بەوەش هێناوە کە من مرۆڤێکی بێ وەیم و زیانم نییە نە بۆ دێو، نە بۆ دێو پەرست.. ئیتر نازانن چی بکەن! بەڵام لێتانی ناشارمەوە گشتیان چاوەڕێی ئەو کاتەن تیایدا من دووچاری خودکوژی ببم، واتە دەستم بچێتە ژیانی خۆم و بتوانم خۆم لەناو بەرم!

منیش ئەم دیارییە پێشکەش بەوان ناکەم. چونکە من زۆر زۆر لە غەم و بێزاری و نەخۆشی گەورەتر و مەتینترم. من باوەڕم بە مردن هەیە لە پێناوی ئامانجەکانمدا، بەڵام باوەڕم بە خوودکوژی نییە. چونکە ئەوەی کە خۆی دەکوژێت، وەک ئەوە وایە خواوەندێک بکوژێت. مرۆڤیش دەبێت بزانێت تا ئەو کاتەی کە دەستی خۆی بە خوێنی

ئەوانی تر پیس نەکردبێت، مرۆڤێکی پیرۆزەو لە فەرهەنگی مندا شایانی ڕێزە؛ بە هەمان ڕێز کە شایستەی خواوەندو خواکانە. چونکە مرۆڤی مەزن دەست بۆ چەک نابات و تینوی خوێنی خۆی وکەسێکی تر نییە. مرۆڤی مەزن لای من کەسێکە کە خاوەن باوەڕو کەرامەت و سەلیقەی داهێنانە. چونکە ئامانجی ژیان بریتی نییە لە شەڕو هەتک کردن و قڕکردنی مرۆڤایەتی. نا؛ ژیان ئامانجێکی گەلێک پیرۆزتری هەیە لە جەنگ و دەبەنگی و ئاژاوەنانەوە و پیس کردنی کەرامەتی جوانی. چونکە شەڕ قووتی جوانی نییە. مرۆڤ بە شەڕ دەبێت بە دێو. جا دێو بێ بەرییە لە کەرامەتی مرۆڤ و هەستی جوانی و ئازادی و عیشق. مرۆڤ کاتێک کە دەبێت بە کۆیلەی ویستە شەریرەکانی دێوەکان؛ ئیتر هیچ شتێکی جوان لەودا نامێنێتەوە تا بیکات بە قوتی ژیان و جوانی، چونکە ئەو بێبەرییە لە هەستی جوانی ،وجا ئەگەر بێت و هەموو جوانییەکانی جیهانی بە دیاری پێ بدرێت، ئەو لە ناخەوە هەست بەو ئازادییە ناکات کە من لە زینداندا هەستی پێ دەکەم، هەست بەو جوانییە ناکات کە من هەستی پێ دەکەم، بەڵکو ئەو بێبەرییە لە کۆی ئەو هەستانەی کە من هەستیان پێ دەکەم. بۆیە حەز دەکەم خوێنەری تابلۆکانم وا هەست نەکەن کە من لە زینداندا دووچاری بێهودەیی=عەبەس و شێتی و خەمۆکی بووم.. نا، من زۆر بە دوورم لەو هەستانە، چونکە وەک دەبینن و تێدەگەن، من ڕۆشنم بە نوری پێغەمبەران و هەست بە تەلیسمی خواکان دەکەم لە گیانمدا.. هەست بە چڕ بوون و قوڵبوونەوەی سرۆشی جوانی دەکەم، هەست دەکەم جوانی لەمسی ناخم دەکات و ورە بەرز و مەتین و گەشبینم دەکات. جا با خوێنەر بەوە دڵنیا بکەم؛ هەر کەسێک کە لە کاتی خوێندنەوەی فەرموودەکانی مندا هەست بە داڕوخان و شکست و پەشموردەیی ووەڕزیی تابلۆکانم دەکات.. دڵنیا بێت لەوەی کە دەبێت لە سەرەوە جارێکی تر ئەرکی خوێندنەوەی کتێبەکەم لە ئەستۆ بگرێت، چونکە بە دڵنیاییەوە بەو دەڵێم: تۆ لە فەرموودەکانی تابلۆکانی من تێنەگەیشتووی. جا ئەو کەسانەش کە وا دەزانن تەنهایی و دابڕان لە قەوم و خوێش و زیندان بوون و ئاوارەیی و بێوڵاتی و بێ ئاڵایی مرۆڤ بەرەو هەرەس و شێتی و بوون بە پێغەمبەری دەبات؛ کەم زانن، یا نادانن. پاشان مرۆڤ لافی بە پێغەمبەر بوون و بە فریشتە  و بە خواوەند بوون لێبدات؛ چاترە لەوەی کە هەڵمەت بەرێتە سەر گیانی خۆی یان ژیانی بێ گوناحێک بخاتە مەترسییەوە و یەک دوو منداڵیش بێ باوک یا بێدایک بکات.

چونکە من ئەزموونم زۆرە.. لەوەتەی لە زینداندا دەژیم دەیان و سەدان ئەزمونی خودکوژی و خەڵک کوژیم لەو زیندانییانە بینیوە کە لە خۆڕا مەحکوم کراون یان بەهۆی ئاتاجی کردەوەکانیانەوە مەحکوم کراون. هەن هێندە سەرلێشێواو و نەخۆش و بیهۆشن کە دەستیان دەچێتە خوێنی نزیکترین کەسی خۆیان، هەیانە منداڵەکانی خۆیان سەر دەبڕن، هەن دوای قڕکردنی چەندین کەس، مێشکی خۆیان پڕ دەکەن لە گولەی ئاگرین. ئەی بەوانە دەڵێن چی؟ کەواتە من ڕێگە بەکەس نادەم بەهەڵەدا بچێت

و لەخۆیەوە من مەحکوم بکات بە مرۆڤێکی وون یان سەرلێشێواو. چونکە من وەک فەرمووم: لە داهێناندا ئاوێتەم بە گیانی نوح و خەون بە ڕوخساری خواو خواکانەوە دەبینم و جاڵجاڵۆکە و لەقلەقی مەزنیش جگە لە خانەیەکی پیرۆز لە جیناتەکانی من شتێکی تر نین. چونکە منیش وەک تۆ دەفامم و خاوەنی دوو دەست و سەروپێ ولەشم. هەست بە هەڵهاتن و ئاوا بوونی خۆر دەکەم و چاودێری خۆشیی منداڵەکانم و ئاگام لە هەستیاریی خێزانەکەشمە کە لە ژێر قەپاڵی گورگی شێرپەنجەدا هەراسان بووە.

بگرە ئاگاداری ئەو گوڵانەشم کە لە وەرزی زستاندا لە دەرەوەی ژووری زیندانەکەمدا؛ لە ژێر هەرەسی بەفردا دەبن بە شەختە و بەڵام سەبوری و ئومێدو خۆزگە وعیشق ناخیان بەجێ ناهێڵێت ولە وەرزەکانی دوای زستاندا زۆر شادابانە سەر دەر دەهێنن و چرۆ دەکەن و دەبووژێنەوە. ئەگەر ئەوان نەبوونایە من فێری ئەم زانستە چڕەی فەلسەفەی خامۆش نەدەبووم. چونکە من لەوەتەی زیندانم، هەوڵ دەدەم لەو شتانەوە فێر بم کە لە دەوروبەرمدا هەن، یان دێن و دەچن، وەک منداڵەکانم، هاوسەرەکەم، پاسەوانەکان و باکان و بەفر و ئاسن و تەماشاو ماسی و مێرولەکان و پاشانیش گوڵەکان. وا نەزانن کە من هیچ نازانم! خۆ ئەگەر کەسێکیش بێت و جورئەت بکات بە ڕوومدا هەڵشاخێت و بڵێت: تۆ نەزانیت. ئەوا زویر نابم و گلەییشی لێ ناکەم. بەڵکو دەشێت لەوەڵامدا بەو بفەرمووم: دە پیاوی چاک بەو شتێکم فێر بکە.. خۆ زانست هێندە بێ سنوورە کە دەتوانێت لە خەونەکان نزیک ببێتەوە. بێگوومان من لە نەزانیی خۆم بە ئاگام.

چونکە تێر بوون لە زانست کاری مرۆڤی دادپەروەر نییە. لیۆناردۆ داڤینشی کە بلیمەت بوو لە بواری داهێناندا، لەسەرەمەرگا گریا.. کاتێک لەویان پرسی بۆ دەگرێی؟ فەرمووی: چونکە بە پێی توانا خزمەتی مرۆڤایەتیم نەکردووە! وەها دەبێت مرۆڤ برسیی فێر بوون بێت. منیش لە وڵاتی بەفر هەرگیز دان بە کەرامەتمدا نەنراوە. ناچاریش کراوم تا ڕادەی ڤێز لە خۆبوونەوە، لە جیهانی هونەرو داهێنان بەدوور بم. بەڵکو ناچار کراوم پشت بکەمە داهێنان و گەشەی خودی.. لەوەیش زیاتر کەسێکم نەبینی باوەڕی بە من هەبێت وەک مرۆڤێکی کورد، یا وەک هونەرمەند، یان وەک مرۆڤێکی دادپەروەر. بە داخەوە. جا چی لەو میللەتانەوە فێر بم کە دان بە من و بە میللەتی من و بە کەلتووری مندا نانێن؟ ئایا دەشێت مرۆڤ لە دێوەوە فێر بێت؟ من ئەو هەوڵەشم داوە. بەڵام فێر بوون لە دێوەکانەوە، مرۆڤ سارد دەکاتەوە، مرۆڤ دوچاری تووڕەیی دەکات، مرۆڤ هارو بێ هەست دەبێت.. بەدەم تەماشای هەواڵەکانەوە، سەیری ئاوارە بوون و بۆمبابارانکردن و کیمیایی باران کردنی میللەتان دەکاو پێدەکەنێ و گەلحۆیانە لەبەر خۆیەوە دەڵێت: شەڕ بەشێکە لە

سروشتی مرۆڤ و ئێمە هەرگیز ناتوانیین بەبێ شەڕ هەڵبکەین. شەڕئەنگێزی ئێمەی گەیاندووە بە دەسەڵات.

بۆیە هەر کاتێک کە بە هەنگاوێک چووبێتمەپێش لە زانستی دێوەکان، بە دەیان هەنگاو پاشەکشێم کردووەو بەسەر خۆمدا چوومەتەوە تا داوەریی خۆم بکەم و خۆم لە پیس بوون و گێلی و بەرکەوتنی پریشکی ڕقی ئەوان بپارێزم. ئەمەش مرۆڤ بەرەو تەنهایی و گۆشەگیری دەبات. جا ئەمەیان چاترە یان ئەوی یەکەم؟ نازانم! بەڵام تەنهایی تا ئەو کاتەی لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ بگرێتە ئامێز، نەنگی و هەڵە و ناجۆر نییە. بۆیە زۆر جار هەوڵم داوە لە سروشت و گیانلەبەران و دیمەنەکانی ناو شاشەی تەلەفیزۆنەکانەوە فێر بم. هەمیشەش هەوڵم داوە و هەوڵ دەدەم خۆم لە دەست و چڕنوک و قەپی تەنهایی ڕزگار بکەم.. چونکە تەنهایی شتێکی ئەوتۆ فێری مرۆڤ ناکات.. تەنهایی مرۆڤ دادەبڕێت لە بینینی جوانی و ژیان و هاودەمی. تەنهایی ئەگەر مامۆستاش بێت، مامۆستایەکی بەخشندە نییە. بەڵکو ڕەزیل و دڵگران و ڕەزاقورسە و کەم فێرە مرۆڤ دەکات. من یەکێکم لەوانەی کە باوەڕم وایە نوێژەکانم لەگەڵ خۆشەویستێکدا بکەم.. جا نوێژی من دەشێت بریتی بێت لە تەماشای منداڵەکانم.. یان لە تەماشای گوڵەکان، یان تەماشاکردنی جوانێک. جیاوازیی تیا بەدی ناکەم.

ڕۆژێکیان لەبەر دەرگای زیندانەکەمدا بە دیار ئەو گوڵانەوە دانیشتبووم و نوێژم دەکرد، کات دوای وەرزی زستان بوو، دوای نەورۆز.. نوێژم بۆ گەشانەوە و وەرەی گوڵەباخ دەکرد و هاوهەستی ئەوان بووم کە چۆن بەرگەی کڕێوەی وەرزی زستان دەگرن و دەتوانن لە ژێر هەرەسی ئەو هەموو بەفرەدا کە لەسەریان کەڵەکە دەبێت- بژێنەوە!.. بۆ مەتینیی ئەوان نوێژم دەکرد و لە دۆخی ڕکوعدا بووم.. ئەوسا دێوپەرستێک کە دراوسێم بوو، لە نوێژەکە دایبڕیم و ووتی: ئەوە تەماشای چی دەکەیت؟ فەرمووم: تەماشای ئەم ڕووەکانە دەکەم کە خەریکن دەبووژێنەوە. بە دەم حیلکەیەکی خۆشەوە ووتی: شتێکی باش دەکەیت. فەرمووم: دەزانم.

مێرولەکان فەرموویان: سروشت باوکی زانستی یەکەمە. سروشت مرۆڤ فێر دەکات. وا تێنەگەن کە مرۆڤ تەنها بە ژیریی خۆی بەم زانستانە گەییوە کە دەیزانن. نا، چونکە زانست بەری ژیریی مرۆڤ نییە، بەڵکو خودی ژیریی مرۆڤ، بڕێکی کەمە- بەشێکە لە ویستی سروشت، و سروشتیش خانەیەکە لە لەش و لە زانستی بوونەوەر. مرۆڤ هێندە فێر دەبێت کە سروشت بەوی دەبەخشێت و بە ڕەوای دەزانێت بۆ ئەو.. سروشت دەتوانێت بە کەفلەکونێک چی زانست هەیە لە مێشکی مرۆڤدا ڕایماڵێت و مرۆڤیش بکات بە ئەفسانەیەکی پێکەنین هێنەر. مرۆڤ هیچ شتێک بە ویستی خۆی فێر نابێت، بگرە مرۆڤ هێشتا فێری ژیان و مردن و نەهێنیی

نەخۆشی و نهێنیی ژیانەوە و گیان نەبووە و وەڵامی منداڵێک زۆر لە وەڵامی هەموو فەیلەسوفەکانی جیهان شیاو ترو لۆژیکی ترە بۆ زانستە گیانییەکان. جا مرۆڤ بۆی نییە بە لووت بەرزی زانستەکان بە سوودی شەڕ بەکار بەرێت. کاتێک کە خۆی و تواناو دەسەڵاتی خۆی لەیاد نەماوە! <u>چوونکە بەر لە دابەزین، مرۆڤ دەیتوانی ئەنەرژی بگۆڕێت بە ماددە!!</u>

چونکە ڕۆژێک دێت کە شەڕ دوچاری هاری دەبێت، یان دەشێت بە کردەوەکانمان سروشت تورە بکەین. ئەوسا نازانین چی بکەین! لە بری جوانی دزێوی دەکەین.. لە پاداشتی خێردا گومان زۆر دەکەین و خێرەکانیش پیس و گەندەڵ دەکەین. وەک چۆن ئێستا بە ناهەق مرۆڤ دووچاری شەڕ و هاری و درۆ دەکەین.

## تابلۆی مردنی خواوەند

ڕۆژێکیان دوای مانگی بەهار چووم بۆ شارێک لە شارەکانی نزیک ناوچەی ئۆسگۆرد، ئەو شارەی کە تیایدا منداڵێکی ئێمەیان بە زیندوویی لە سکی دایکیدا لەبار برد.. ئەو شارەی کە من تیایدا مەحکوم و دەست بەست و چاوبەست کرام- ناوی دەنێم شاری دێوە سەهۆڵیینەکان ( شاری تۆنسبێرگ) لەوێ حەزرەتی سارام بینی ( من چەندان دەناسم کە ناویان سارایە. لێتان تێک نەچێت، چونکە باسی سارای هاوسەری نوح ناکەم!) لەزانستی ڕیایی و درۆ و بەدخوویی و بێ شەرمیدا خەریک بوو دەبوو بە پسپۆر.. چونکە ئەو بوبوو بە قوتابیی دێوەکان. فێری ڕق و کینەدۆزی و درۆ و تەڵەکابازی دەبوو. هەموو جارێک کە بە ڕێکەوت لووتم دەبوو بە لووتیەوە.. دەمبینی زانستێکی تر فێر بووە و زیاتر هەستی دوژمنایەتیی گۆش بووە! هەندێک جار کە مێردەکەیم لە تەکیدا دەبینی هێندەی تر دوچاری پەستی دەبووم؛ چونکە ئەو زۆر بە زەقی دەیویست من فێر بکات ( کە درۆزن براوەیە- کە ڕاستگۆیی دوژمنی هەرە گەورەی مرۆڤە- کە درۆ دەتوانێت جێگەی هەر خوایەکمان بۆ بگرێتەوە!)

هەڵبەتە ئەو ڕۆژە من چووم بۆ کتێبخانە؛ تا کتێبێک لەسەر هونەر پەیدا بکەم و کەمێک خۆمی پێوە خەریک بکەم. بەڵام کاتێک کە ئەو هاتە سەر ڕێگەم. دووچاری نەخۆشیی کۆکە ڕەشەی کردمەوە.. گەرچی دووەم جار بوو لەو مانگەدا کە دووچاری نەخۆشی بم بە هۆی ئەوەوە، چونکە هەفتەی بەر لەو بینینە، دووچاری نەخۆشیی هەڵامەت و کۆکە ڕەشەی کردبووم.. بەڵام کاتێک کە لەو ماوەیەدا چاک بوومەوە و دەرباز بووم لە هەڵامەت - شوێنەواری کۆکە ڕەشەم هێشتا تیادا مابوو. کە ئەوم بینی ڕاستەوخۆ دوچاری کۆکە ڕەشەیەکی سەخت تر بوومەوە. پاش سڵاوکردنێکی گومڕا؛

بە تەشقەڵەکردنەوە ووتی: ئەوە خەریکی چییت حەزرەتی نوح؟ ئایا زاتێکی وەک تۆ مەزن کە گازندەی پێغەمبەری دەکات؛ چی پێویستی بە فێر بوون هەیە؟ گوایە تۆ عیرفانت تەواوکردووە!؟ ئەو کتێبە چییە لە دەستت؟ خۆ تۆ هەموو شتێک دەزانیت!

منیش فەرمووم: بەڵێ، تۆ بە تەوسەوە باسی بایی بوونی مرۆڤێکی نەخۆش دەکەیت. من ئەو نیم. ڕاستە من گەیشتووم بە عیرفانی هەشتەم، بەڵام بەسەردا چوونەوەی زانست هەمیشە پێویستە. مرۆڤ نەزانانە سەر دەنێتەوە. من هەرگیز بە زانست لە منداڵێک زیاتر نازانم و هەمیشەش فەرموومە: من لە منداڵەکانمەوە فێر دەبم. جا ئەگەر تۆش بە شتێک زانستێکم فێر بکەیت، ئەوا جێگەی پێزانین دەبێت.

ووتی: تۆ دەربارەی کەون و کائینات زۆر دەزانیت و وەڵامی هەموو پرسیارێکت لەلایە و وا دەزانیت تۆ داهێنەری بوونەوەریت.. باشە تۆ بۆ هەوڵ نادەی سوودێکت بۆ ژیان هەبێت؟ ئەم حەماقەتە چییە دەستت داوەتێ؟ بۆ ناچیت کەمێک بخوێنیت و بروانامەیەک چنگ بخەیت؟ چاتر نییە ئەو کارە بکەیت؛ تا ئیرەیی = بەغیلی- بە کەسانی وەک من نەبەیت؟! لە وەڵامدا فەرموم: ئەو مرۆڤەی کە بەغیلە، نەخۆشە و شایانی فێر بوون نییە و هەرچییەکیش فێر بێت- بەد بەکاری دەبات. تۆش نموونەیەکی زیندوی ووتەکانمیت؛ چونکە دەتبینم هیچ فێر نابیت. بەڵکو ڕق و کینە و جادووت بەرەو گەندەڵ بوونی گیانیت دەبات.. چونکە تۆ خۆشەویستی و ڕقت تێکەڵ بە یەکتری کردووە. من حەزم لە فێر بوونێک نییە تا لاف بە زانستەوە لێبدەم.. نا من خۆم وەها نابینم.

ووتی: تۆ مرۆڤێکی نەزانیت و دەترسیت لەوەی کە خۆت چاتر بکەیت. دەترسیت لەوەی تێکەڵی کۆمەڵگە بیت و سەلیقەی فێر بوونت سستە.. من قینم لە تۆ و لەوانەش دەبێتەوە کە باوەڕیان بە تۆ هەیە. بەڵکو من قینم لەو کەسانەشە کە لافی وڵات پەرستی و نەژاد پەرستی و خۆ پەرستی لێدەدەن. من دەزانم کە ئایینەکان و بیرۆکەی ئایین بە باوەڕی فەیلەسوفانی وەک جیمس جۆیس و مارکس ودەیان زانای تر پیشەی مرۆڤی گێل و نەخۆش و بێ سەوادە.. مرۆڤ لە پای تەنهایی و دوڕان و نەگونجاندن بە گیانی میللەت و جیهان دووچاری دەبێت. جا ئایین زاکان نەخۆشن. ووشەی خواوەندیش لە باوەڕی فارسدا دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی خوود و خدێو- واتە خود- واتە مرۆڤ خۆی خوایە و جگە لە خۆی بوونەوەرێکی تر نییە لەسەروی ئەوەوە.

ئەم قسانەو زۆری تریشی ووت.. منیش لە وەڵامدا فەرمووم: مرۆڤ هەرگیز نەیتوانییوە بەبێ بوونی خواوەند یان خواکان هەڵبکات. من حەز دەکەم خواوەند لە دەرەوەی دەسەڵاتی مندا بوونی هەبێت و بەرگری لە ماف و خۆزگە و دەسەڵاتمان بکات. سوپاس بۆ هەبوونی خوا.. دەنا ئەگەر خوا نەبوایە؛ ئەوا دیستۆفیسکی

گۆتەنی: هەر شتێک لە ژیاندا ڕەوا دەبوو و مرۆڤایەتی هێندەی تر نابووت دەبوو و شەڕ هێندەی تر زۆر دەبوو. چونکە دەبێت چاک بزانیت ئەی حەزرەتی سارا، لەگەڵ هەبوونی خواوەند و دەسەڵاتی ئەودا- مرۆڤ هێشتا لە شەڕ و دڕندەیی و تاوانکاری و هەتک کردن دەست بەردار نەبوون. جا چی ڕوو ئەدات گەر بێت و مرۆڤایەتی باوەڕێکی یەقیین بەوە بهێنن کە هیچ خوایەک بوونی نییە و مرۆڤ بۆی هەیە چۆنی بوویت، وەها بکات؟.. درۆ بکات، بکوژێت و تاوان بە ڕەوا و ماف و حەق بزانێت؟ جا بۆیە دڵنیات دەکەم ئەی حەزرەتی سارا؛ کە من نەک حەز دەکەم خوایەک بوونی هەبێت؛ بەڵکو زۆر بە پەرۆشەوەم کە خواوەند هێندە زۆر بێت ـ نەبێتەوە. تا بتوانێت هەموو جیهان و هەموو دەرونەکان پڕ بێت لە خواوەند و هەر کەسێک لە بری خوایەک- چەندان خواوەندی جوان و باش و پیرۆز و نایابی هەبێت. حەز دەکەم مرۆڤ شانازی بە خواکانیەوە بکات. نەک شانازی بە درۆ و گەندەڵی و خۆپەرستی و شەڕەکانیەوە. مرۆڤ ئەگەر خواوەندیش بێت، ئەوا شەڕ نووچی پێ داداوە و چیی تر دەسەڵات و توانای نییە. جا دەشێت خووەند لە ناخی ئێوەماماندا مردبێت.. یان لە تۆ بچێت گەر لە نیتشە پەرستانی! ئەگەر خواوەند لەوانە بچێت کە من دەیانبینم سەگپەرستی و دێوپەرستی دەکەن! ئەوە مانای وایە خواکان شێتن! یان گێل و نەزانن، دادە! چونکە خوا درۆ ناکات، خوا گەندەڵ نییە.. خوا ناکوژێت و نەخۆشیی دەردو سەرەتان و وەناقی نییە. خوا بوغز ناکات و پشت ناکاتە ڕاستپەروەری و دڵسۆزی.. ئەو خاک و ئاوو هەوایەیە کە سروشتی خۆی لێ بەدیهێناوە! من خوای خۆمم هەیە.

ووتی: تۆ پێویستت بە چارەسازی دەروونییە.. تۆ نەخۆشیت و ڕاستییەکانت لێ وونە. من پێم نەنگییە لەگەڵ نەزان و شێتی وەک تۆدا بدوێم و دانیشیم و ناسیاو بم. منیش بەوم فەرموو: بەر لە ئێستا تۆ سۆزانی بوویت. سۆزانیش ڕێز لە میوان و هاوڕێ و هاوسەرو هاو وڵات و هاوزمانی خۆی ناگرێت. من سۆزانیم خۆش ناوێت. چونکە سۆزانی پیاو بێت یان ژن، سروشتی خۆی دەدۆڕێنێت. چونکە پشت دەکاتە کەرامەتی خۆی و ڕێز لە کەلتورو باوەڕی باوان و پێغەمبەرانی خۆی ناگرێت.

ووتی: تۆ خۆت و هاوڕێکانیشت هەمووتان سۆزانیین. پیاوی کورد گشتی سۆزانییە. ئێوە گشتتان بێ شەرەف و بێکەرامەتن. فەرمووم ڕاست دەکەیت، چونکە مرۆڤ کە وڵاتی نەبوو، کەرامەت و ئابڕو و حورمەتیشی نییە. مرۆڤ کە خاوەنی ئاڵا نەبوو، دەبێ خاوەنی چی بێت؟ تۆش بە زمانی ئێمە دەدوێیت. جا مرۆڤێک کە ئەو هەموو ژیانە ژیا و دوپات هاتەوە ناو ژیان و نەیتوانی ڕێز لە زمان و کەلتوورو خاک و ئایین و نەریتی خۆی بگرێت و بێگانە پەرستی و دێو پەرستی بکات بە بەرنامەی ژیان- دەبێت بزانێت کە سۆزانی لەو پاک دامێنترە. بگرە گوناحیشە بە بەراز بشوبهێنرێت. چونکە بەراز لە سروشت و خولق و خووی خۆی هەڵناگەڕێتەوە و گازندەی بە

مرۆڤبوون ناکات. حەزرەتی سارا بە تووڕەییەوە تفێکی ڕۆکرد و بەجێی هێشتم. منیش کتێبەکەم گەڕاندەوە جێگەی خۆی. هەستم کرد کارێکی باشم نەکردووە کە لەگەڵ ئەودا دووام!

لە ڕێگەی گەرانەوەمدا بۆ زیندان، مێرولەیەک کە نیوەی لەشی سپی و نیوەکەی تری ڕەش بوو- هاتە سەر ڕێگەم و؛ فەرمووی: کاتێک کە خواوەند لە دەروونی کەسێکدا دەمرێت. سەرما گەرمای دەبێت. نەخۆشییەکان دەبنە میراتگر و وەچەکانی دوایی کەسەکە زەلیل و کەنەفت دەکەن.. کەسەکە شەڕو خێری قاتی و تێکەڵ دەبێت، لە بری چاکە خراپە دەکات و ڕق و خۆشەویستیی تێکەڵ بە یەک دەکات! بە پێچەوانەشەوە.. بگرە خۆشەویستی و عیشق و وەفا و جوانیی کەسەکە دادەتەپێت و هەرچییەک بکات ناتوانێت ئاسوودەو بێترس بژی و دەروونی پڕ دەبێت لە گەندەڵی و دێوو شەیتانی هەوەس و مرۆڤ خۆی دزێو دەبینێت و بەرگی دێوەکان دەپۆشێت. جا هەر باشەیەکیش بکات، خراپەیەک لەژیاندا سەربار دەکات. چونکە مرۆڤ کە باوەڕی بە خوا نەما، باوەڕ لەودا دەمرێت. خۆشەویستیی نەخۆش دەکەوێت. هەست برینی گەورە گەورە لە دەرون و ناخی ئەودا گۆش دەکات و بەوەش وەچەکانی داهاتووی خۆی پێ نەخۆش دەخات و دوچاری نەخۆشیی ترسناکیان دەکات. چونکە خواوەند ئەو هێزەیە کە هەست و ویژدان و باوەڕ و عەتای مرۆڤ پایەدار ڕادەگرێت و باوەڕی جوانی گۆش دەکات.

لە وەڵامدا فەرمووم: دێوەکان قەبارەی مرۆڤیان هێندە بچووک کردۆتەوە، کە مرۆڤ باوەڕێکی ئەوتۆی بە خۆی نەماوە. شەڕ مرۆڤی خستۆتە ناو قاوغی شەیتانەوە. مرۆڤ سەری لێشێواوە و خۆی نابینێت. فەرمووی: ئامین.

## تابلۆی ڕووناکی

جارێکیان دێوەکان ئازادیان کردم، پێیان ووتم: "ئەمڕۆ لە زیندانەکەت بچۆ دەرێ، و بچۆ بۆ زیندانێکی تر و لەوێ دەبێت فێری کاری بێگاری ببیت." منیش ڕۆیشتم.. زۆر دوور بوو تا گەییمە ئەوێ. لە ڕێگەمدا فرسەتم هێناو نوێژەکانم دابەست. زۆر بانگی خواو خواکانی نێو هەموو ئایینەکانم کرد. بە دەم ڕێگەوە، تەماشای ئاسمان و کەنارو ڕووبارم دەکرد. بایەک هەڵی کرد.. پاشان دیارییەکم بە دەست گەیشت کە " با" بۆی هێنابووم. زوو تێگەیشتم کە دیاریی حەزرەتی پیر شالیارە. کاتێک کە دیارییە بچکۆلانەکەم گرتە دەست، هەستم بە هێمنی و دڵنیایی و دڵنەوایی کرد.. با ، کەوتە

یاری لەگەڵ گژو گیاکان و گەڵاو لقی دارەکان.. هێندەی نەبرد- با- هاتە ناو هەموو خانەکانی لەشمەوە و گیانی تەی کردم.. پاشان هەستم کرد کە با، یەکە یەکەی خانەکان و گەردەکانی لەشم بە با دەداو بە دەم باوە وەک پەروو پووش هەموو گەردەکانی لەشم ئەفڕین بەدەم سەمای باکانەوە.. وەک پەپوولەی سپی، یەکە یەکەی خانەکانی لەشم پەخش دەبوون بەدەم باوە.. هەستم بە ئازادی و سرۆش دەکرد.. هەستم دەکرد کە با ، دابەشم دەکات بەسەر هەموو جیهاندا و حەزم دەکرد بە جیهانی بوون زامن بکەم و ببم بە شەپۆلێک لە گوڵە پەپوولە!.. هەستم بە خۆم دەکرد.

لەهەمان کاتیشدا خۆمم لە قاوغێکی دیلدا دەبینی کە بەرەو زیندانێکی تر دەچووم. بەڵام باکم نەبوو. چونکە بە خەیاڵ، دەڕۆییم و جێگای پێکانم سەوز دەبوون. هەستم بە شنانەوەی گەڵاکانی درەختی سەر سەرم دەکرد.. بە دەم ڕێگەوە یاریم بەو پەڵە هەورانە دەکرد کە لە کۆچدا بوون بەدەم باوە. بە خەیاڵ.. تۆپەڵ تۆپەڵ هەورم دەگرت و خوای تایبەتم لێ دروست دەکرد.. پەیکەری هەڵم شێوەم لە هەورە گەورە و بچکۆلەکان دروست دەکرد. کۆمەڵێک خواوەندی تایبەتم دروست کرد لە هەورە دڵناسکەکان.. ئەو خوایانەی کە هێشتا کەس نەیبینیون.. چونکە من باوەڕێکی تایبەتم بە دەسەڵات و شکۆی خواکان و پاڵەوانەکانی خۆم هەیە.. لەو باوەڕەدام کە هیچ هێزێکی مۆدێرن ناتوانێت دەست بەرێت بۆ کەرامەتی ئەوان.

پەڵە هەورەکان بەدەم کۆچی باکانەوە، گلەییان لە باکان دەکرد.. دەیانگووت: " ئێوە هێشتا دانتان بەوەدا نەناوە کە هەورەکان دڵ و گیانی سروشتن. دڵ و هەست و بیرو ویست و هێزیان هەیە. چونکە حەزرەتی نوح دەزانێت.. ئەو ئێمە دەناسێت، دەزانێت ئەگەر بێت و سروشت تووڕە بێت.. ئەوا، بە کەفلەکونێک زەوی سەروژێر دەکەین. ئەگەر ئێمە بمانەوێت، ئەوا بە قامچیی تروسکە بەر دەبینە سەر دێوەکان و داخانیان دەکەین. جا عیبرەت وەرگرن و فێر بن. چونکە هەورەکان گەر تووڕە بن.. ئەوا دەسەڵاتتان هەرچەندە مەزن بێت، دۆڕاوو بچکۆلەن لە ژێر زەبرو دەسەڵاتی خوای ئێمە و ئێوەدا!".

هەر پەڵە هەورێکم دەگرت، مێرولەیەک، جاڵجاڵۆکەیەک، پیرێک، یان حاجیلەقلەقیکم لێ دروست دەکرد. لەهەمان کاتدا گیانم بە دەم سەمای باوە کۆچی دەکرد.. دەبووم بە ملیۆنەها گیانی حەزرەتە پیرۆزەکان و بە دەم ڕێوە نوێژم بۆ- دۆعا - دەکرد.

دەنگێک لە گەردوونەوە لە ناخمدا پەیامی دەنەخشاند.. پەیامی ڕووناکی. هەستم دەکرد ڕووناکی لە جەوهەری بیرما دەفەرموێت؛" جوانی تەنها چەکە کە مرۆڤ لە دەستیدا ماوە تا بەکاری بەرێت. گەردوون لە هەمیشەییدا بە تەمای یارییەکی نوێیە".

مێروولەکان فەرموویان: ئێمە لە پەیامی خواکان تێدەگەین.. ئێمە باوەڕمان مەتینە و نوێژ بۆ سروشت دەکەین. چونکە کەس نازانێت باکان لە کوێوە دێن و باسی چی دەکەن و مەبەستیان چییە. کەس نازانێت کە ڕووناکی هەموو پەیامەکانی بوونەوەری تیادایە.

## تابلۆی قەقنەس

دەڵێن: مرۆڤ ناتوانێت هەست بە ئازاری ئەوانی تر بکات! من وای بۆ ناچم. چونکە مێژووی ئازارەکان دەگات بە خانە دەمارییەکانی ئەوانی تر کە هەستیارن. جا با بۆتانی ڕوون بکەمەوە ئەم ڕستەیە چی واتایەک دەدات:" ئەوەی هەست بە ئازاری کەسێکی تر ناکات، مرۆڤ نییە. بەڵکو دێوە یان دێوپەرست و هێشتا فێری زانستی خوودناسی نەبووە، و ئاسودەیە لە ڕەوشتی چوارپێدا! چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت، بە ویستێکی باراسایکۆلۆژی و کۆسمۆلۆژی و ئەنتولۆگی و سۆسیۆلۆژیش تا ڕاددەیەک بیستراوە کە ئازارەکان دەگەن بە خانە دەمارییەکانی مرۆڤ. جا زیادەڕۆیی بە باسی ئازارەکانتەوە مەکەن، چونکە درۆ و پێوەنان و زیادەڕۆیی لە خانە دەمارییەکانی مرۆڤدا توانای چنینی خانەی نابووتیان هەیە.. دەتوانن خانەی نوێ دروست بکەن کە ئاشنا نیین بە خانە دەمارییەکانی ناو مێشک و جگەر".

ئەمە شیکردنەوەی گیانی و بۆچونی منە بەرامبەرو بە هاوهەستی و هاڕمۆنی. چونکە هەن مرۆڤ یان دێوپەرست هەرگیز ناتوانێت هاوهەست و هاڕمۆنی بێت لەگەڵ ژینگەو جیهاندا- و هەروەها شکست دێنێت لە بەرنامەی بە جیهانی بووندا. چونکە ئەو بەرنامەیە داخوازی و گریمانە و پەیامی هونەرە- کە لە فەرموودەکانی منەوە پێتان دەگات. مرۆڤ هەرگیز ناگات بە کەشفی جەوهەری خێرو ڕووناکی و ئەبەدییەت تا پاکژ نەبێتەوە، تا نەگات بەو نەجاتەی کە هونەر مەتلەبێتی بۆ مرۆڤایەتی، یان بۆ زاتە بیرمەندەکان. ئەویش گەیشتنی مرۆڤە بە بوون بە هونەرمەند" یان مرۆڤی هەستیار". بەڵام چی جۆرە هەستیارییەک؟ لاوەکی؟ یان هەڕەمەکی؟ شێتانە؟ یان منداڵانە؟.. نەخێر، مرۆڤ دەگات بە قۆناغێک لە سرۆش، کە خوود تیایدا لە خۆی دەرباز دەبێت و دەتوانێت ببینێت (لە کتێبی پەیامی خواکاندا بە چڕی لە خوودبینی دواوم)، و ببێت بە مرۆڤێکی دوور بین، جا با کوێریش بێت لە

ڕاستیدا، بەڵام مرۆڤ گەر هەستی نەبێت-کوێرە؛ چونکە زوربەمان کوێریش نیین و ناشبینیین! دەڵێی مرۆڤایەتی جادووی لێکراوە!.. مرۆڤەکان حەز ناکەن باسێکی جوان بێتە کایەوە کە هەستبزوێن و شایستە و خۆشنوودکەرانە بێت.

نایەڵن مرۆڤەکان ئاسوودە بن و دووچاری شەڕ و تیرۆرو قەتڵ و زەبحیان دەکەن. ناچاریان دەکەن بێهەست لە خۆیان و لە دەورووبەر بڕوانن و خوشکە سستەرەکان فێر دەکەن واز لە گریان بێنن و دێوپەرستەکان فرمێسکەکانی خۆیان دەقوزنەوەو فەلسەفەی هزری و زانستی سروشتی پشتی کردۆتە زانستی هەست! دێوەکان دێوپەرستەکان فێر دەکەن هەست بە ژانی ئەوانی تر نەکەن. مرۆڤەکان گشتیان ساغن و کەچی زوربەیان لە خەستەخانەی دەماری و دەروونی و ئایینی و لە زیندانی ماڵەکانیاندا مەحکومن بەوەی کە جوانیی خۆیان داپۆشن و هەردەم ملکەچی فەرمانی خێوەکانیان یا مێردوو براکانیان بن.. ئافرەت بووە بە بووکە شووشەیەکی سەیرو دڕندەو بێهەست لە غەرب و قیناعی شەیتانیان کردۆتە ڕووی مۆدێلەکانیان و شەهوەت بە قەپۆزیاندا دێتە خوارێ و مرۆڤ قێز لە جوانییان دەکاتەوە.. لە شەرقیش- ئافرەت بووە بە کۆیلەی کۆمەڵگە و باوک و براو مام و خاڵ و پاشانیش — مێرد!.. من حەزم لە بینینی ئافرەتی لاوازو درۆزن و دووڕو و بێ هەست نییە.. چونکە بوونەوەر ئێمەی بە لاوازی دروست نەکردووە. بەڵکو ئەوانەی کە بە لاوازی و سەقەتیش لە دایک دەبن، ئەوانە وانەیەکن بۆ کۆمەڵگە و خێزان- تا فێری خزمەت کردنی خوا بن و باوەڕ بکەن کە تەبیعەت ناتوانێت ئیفلیج و دزێو و سەقەت مرۆڤ دروست بکات، بەڵکو لە نێوان گیانداراندا مرۆڤ- بە پلەی یەکەم منداڵی سەقەت و نەخۆش و زەلیل بە خۆی ڕەوا دەبینێت.. چونکە مرۆڤ ئەجری کردەوەکانی خۆی وەر دەگرێت کاتێک کە خۆی یان باوکی، تاوانێکیان بەرامبەر بە سروشت کردووە، یان درۆیەکی گەورەیان کردووە و سەری کەسێکیان بە فەتارە داوە. بۆیە ئەو تنۆکە شەهوەتەی کە بەهێزو پاڵەوان بوو و زوو خۆی گەیاندە ژینگە و خۆیان پیتاند- بەر لە دروست بوون، باوکی یان دایکی هەڵەیەکیان بەرامبەر بە خۆیان یان کەسێکی تر کردووە. بۆیە سروشت و خوا تاوانبار مەکەن بە هێنانە ژیانەوەی کورپەی سەقەت و نەخۆش. چونکە هەندێک لە ئێمە هەن، کە هەر هێندەیان لە دەست دێت. جا با کۆمەڵگە بیانبینن و یادیان بێتەوە و فێر بن- تا هەڵە و درۆ و بەدی بەرامبەر بە خۆیان و بەوانی تریش نەکەن.

جا کاتێک کە بەرامبەر بە کەسێک دەوەستن، بە هەڵە و بە درۆ و بە گومانەوە سەری پەیوەندیتان خۆش مەکەن. بە دوای کردەوە جوانەکانی ئەوانی تردا بگەڕێن و هاندەری زیندو ڕاگرتنی پەیامی ناجۆر و بوختان مەبن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی خۆشەویستیتان بۆ بکەم. با بێمە سەر بابەتێکی خۆش بە بیستگەی لاوانی عاشق و کەمێک باسی خۆشەویستی حەزرەتی نوحتان بۆ بکەم لە زینداندا { نەک لە کەشتییەکەیدا}!.. چونکە ئەو یان { من} لە زیندان، بە درێژایی ساڵەکان دێو چاودێرم بوون.. دەڵە دێو، ئەوانەی کە تووڕە دەبن؛ دەتوانن پڕ بە سکی نەهەنگێک قین و تووڕەیی نیشان بدەن. جا کاتێک کە مرۆڤ لەلایەن ئەو چەشنە دێوانەوە دەکەوێتە ژێر چاودێرییەوە، وەڕز دەبێت، غەم دەخوات و دڵی دەڕەنجێ.

جا من باسی هەموویانتان بۆ ناکەم، چونکە کورد دەڵێ: مشتێک نموونەی خەرمانێکە. منیش دەڵێم با باسی دواهەمین دێوپەرستی پاسەوانمتان بۆ بکەم. ناوی نابەم چونکە دەشێت باوەڕ نەکەیت:" لەم ساڵەی دواییدا، ئافرەتێکی دێوپەرستیان کردووە بە پاسەوانم.. چاودێری خۆم و حەزرەتی یوسفی کوڕمە. تا بڵێی جوانە و کە تەماشام دەکات، هەموو ئاسمانەکان لە چاویدا، لە نازیدا، لە سەرنجیدا بەند دەکات.. پرچی دەڵێی پرچی حەزرەتی فریدایە و سووری ژەنگارە، کە دەڵێن ئەگەر بێت و توڕە بێت، پرچی گڕ دەگرێت و لە دەمییەوە هەورە تریشقەی قریشکە دەردەپەڕێت. زۆر هارو توونڕگیرو سرکە- دەشترسێت، بەڵام منی خۆشدەوێت و هەست بە ختووکە دەکات، و هەستدەکات کە منیش ئەوم خۆش دەوێت. دەڵێن؛ گوایە ئەو سەرمەستە بە بینینی من و حەز دەکات گوێ لە هەست و نەستی من بگرێت. ئەو باسی تەواو نابێت .. بەڵام ڕۆژێکیان ئەلبومێکی وێنەکانی خۆی نیشاندام، کۆی ئەو وێنانەم بینی کە زەماوەندی شووکردنی خۆی بوون.. وەک فەرمووم، لە تەماشایەکیدا سەدان حۆریی غەدر لێکراوم نیشان دەدات.. هەندێک جار هێندە سەرسامم دەکات، نەبێتەوە.. چونکە لە ڕاستیدا دەڵێی غەزێم خاتوونی دەزگیرانی باوکمە، بەڵێ غەزێم! ئافرەتێکە کە باوکم حەزی دەکرد یاریدەی بدات، هەموو بەیانییەکی جەژنان، هەموو ساڵێک، ئەو کاتەی کە باوکم مابوو، غەزێم دەهات بۆ ئاودانی گەنجینەی خۆشییەکان و باخچەکانی باوکم.. چونکە باوکم لە خەیاڵیدا قەسرێکی هەبوو کە لە کۆشک و بارەگای حەزرەتی سولەیمان دەچوو! پڕ بوو لە باخچەی ڕەبگاوڕەنگ.. ئیتر کاتێک کە غەزێم دەهات بۆ ماڵمان، ئێمەی منداڵانی نێو ماڵ تێدەگەیشتیین کە "جەژنە".. چونکە تەنها لەیەکەم ڕۆژی جەژنا دەهات بە میوانیمان، و یەکەم کەسیش بوو کە لە دەرگای دەدا. باوکم ئەوی زۆر خۆش دەویست، پێکەوە جەژنە پیرۆزەیان لە یەک دەکرد.. غەزێمخان کە ئافرەتێکی سورو سپی ڕەنگ و چاوشین و مەسیحایی بوو.. تەنها بە شکڵ لەم پاسەوانە دێو پەرستەی ئێستام دەچوو بەڵام خوویەکی هێندە جوانی هەبوو، کە تەنها تایبەت بوو بە مرۆڤێکی بێگەردی مەسیحی.. چاوی شین و برژانگی سپی، کوڵمی سپیی و سووری کاڵ، پرچی سوری تێکەڵ بە پرتەقاڵی.. پۆشاکێکی سیحری! کە کەسمان نەماندەزانی پۆشاکی نەرێتی چی میللەتێکە! خوا پێم نەگرێت، لە پۆشاکی فریشتە دەچوو، چونکە هەموو ڕەنگەکانی ئاوێزەیان تیا بوو. جا ئەگەر بێمە سەر باسی غەزێم و خۆشەویستی باوکم، ئەوا دەبێت باسی چل تووتیتان

بۆ بکەم؛ بەڵام، با بێمەوە سەر باسی دوا پاسەوان و کەرامەتی. چونکە ئەو لە غەزێم دەچوو، یادی ئەوو باوکم بەخێر.

ئەو لەوەتەی بووە بە پاسەوانی من، ڕقێکی هەڵگرتووە، کە من تێی ناگەم! ڕقێکی تێکەڵ بە خۆشەویستی. کە خۆیم نیشان دەدات، دەڵێی تازە چاوەکانی وێنە کێشراونەتەوە.. دەڵێی هەستی من ئەویان لە خەو هەستاندووە.. ئەو ئاگاداری هەستیاریی من نییە.. چونکە خۆی بە پاسەوانی دێوەکان دەزانێت. نازانێت کە من لە کانگای دڵمەوە وەک زوربەی ئەو ئافرەتانەی کە بینیومن و ناسیومن خۆشم دەوێت! نازانێت، چونکە لە دەوڵەتی دێودا دێوپەرست مافی بەدێوبوونی پێرەوا نابینرێت، ئەگەر دڵداری بکات و هەستی خۆشەویستی دەربڕێت. بۆیە ئەو باوەڕ بە دەسەڵاتی گیانیی من ناکات، کاتێک بەو دەڵێم؛ من دەتوانم بەم دەستانەم، هەموو نەخۆشییەکانت بپەڕێنم! بە گاڵتەوە دەڵێت: دەشێت!

کاتێک کە هەست دەکات چاوەکانم پڕ دەبن لە تەماشا؛ دەچێت بۆن دەدا لە بەرۆکی خۆی! بەڵام چی بۆنێک؟ نازانم! بۆنی عەترێکی هەوەس هێنەرو غەریزە بزوێن.. بۆنێک کە دەشێت سەر لە شەڕو خێر تێک بدات.. چونکە بۆنێکی سەیرە بۆ فریودانی هەوەسی دێو، نەک بۆ منی مرۆڤ. ئیتر کە بۆنی ئەو بەسەرما دێت، دەیان فریشتەی شێت و ناشرینی هەوەس، دێن و یاری بە هەوەسم دەکەن! دەعباکەم دەبێت بە گورز و هەلەکە سەما دەکا و لەرز دەیگرێت. بەڵام کەرامەت زۆر لە هەوەس گەورەترە- پیاو نابێت ناچاری هەوەسی کاتی بێت.. یان تەسلیمی هەوەسی تەفرەدەر بێت. مرۆڤ دەبێت چاودێری داوای ئافرەتەکە بێت. چونکە گەر ئافرەت بیەوێت شتێکی جوان بکات، دەیکات.. بە پێچەوانەشەوە. چونکە سروشتی ئافرەت بوێرییەکی سەیری تیایە. بۆیە چەندین جار تکای ئەوەم لێیکرد کە ئەو بۆنە لەخۆی نەدات، چونکە هەوەسی منیش دەبزوێنێت! کەچی ئەو بە مەبەست و بە ئەنقەست ئەو کارە دژی من دەکات و بۆنی زیاتر لەخۆی دەدات- کاتێک وا دەزانێت من گرنگیی پێنادەم! گەرچی حەزیش دەکات من بخاتە ژێر ڕکێفی جادووی خۆیەوە. من هەستی خۆم بەرامبەر بەو دەردەبڕم و ئەوەی ڕاست بێت نیشانی دەدەم و حەز دەکەم خۆی نیازەکانی یەکلا بکاتەوە.

بەڵام تەماشاکانی من؛ منێکی زیندان لە گومانی دێوەکاندا، ئەو دەخاتە دۆخێکی دوودڵەوە.. بۆیە لەم دواییەدا، زیاتر بۆن لە خۆی دەدات.. زیاتر سەری من دەسوڕێنی و سەرسامم دەکات. چونکە ئەو دەزانێت کە هەوەسی من یەکناگرێت بەو بارودۆخانەی کە زیندان بۆ منیان تەرخان کردووە. چونکە مرۆڤ بە زیندان بوون، دوچاری گومان دەبێت، بەتایبەتی دەرهەق بە پاسەوانەکان! بەڵام لێتانی ناشارمەوە، بۆنێکی هێندە خۆشی لێ دێت، نەبێتەوە.. دەڵێی نێرگز و ڕیحانە و چنوری تێکەڵ

کردووه و هەرچەند بەلامدا تێدەپەڕێت.. سیاچەمانەی گۆرانی شاعیر و حەبیبەی نالی و زوهدی مەحوی و عیشقی وەلی دێوانە و هەستی فەرهادو غەمی مەجنوون-م بیر دەخاتەوە.. بە تەماشاکانم تەماشای هەموو خانە هەستییەکانی دەکەم و بە زمانی مەل بەو دەڵێم: بۆنی فریشتەت لێ دێت. کەچی باوەڕ ناکات.. بە تەماشا نیشانەیەکی پڕ لە غەمزەم تێدەگرێت و دەڵێت: من تۆ ڕاو دەکەم، دەبێت ملکەچی ویستەکانی من بیت. منیش بەو دەڵێم: من تەنها ملکەچی ویستی جوان و هەستی جوان و باوەڕی جوانم. جا ئەگەر نیازەکانت جوانن، سەرپشک بەو چۆنت دەوێت وەها بکە.

ڕۆژێکیان خەوم پێوە بینی، لە خەوما لەگەڵمدا دانیشتبوو لە بەر دەرگای زیندانەکەدا و دەیویست بە ئەسپایی چاکەتەکەی بەرم داکەنێت و بێتە ناو دەروونمەوە. منیش بەوم فەرموو: بوونەوەر ئامانجی بەیەک گەیاندنی دوو مرۆڤی ڕاستگۆی هەیە و هیچ هێزێک ناتوانێت دژایەتیی ویستەکانی بوونەوەر بکات. جا ئەگەر بوونەوەر داخواز بێت، نەک تەنها لە خەوندا، بەڵکو لە ڕاستیشدا من و تۆ بەیەک دەگەیەنێت. هەر هەمان ڕۆژ، پاش نیوەڕوانێ- کاتێک کە لە خەو هەستام.. کاتێک کە خەونەکەم بۆی گێڕایەوە، ووتی؛ "چاوەڕوانی خەونێکی ئەوتۆ بووم" . لە وەڵامەکەیدا دیار بوو کە دەشیا خۆیشی بەر لە من ئەو خەونەی دیبێت!

ئەو خاوەنی کۆمەڵێک هەستی جوان و نایابە لە جەوهەری خۆیدا.. بەو سیفاتانەی من ناچار دەکات کە هەست بە گوناح بکەم، چونکە هێشتا ڕێکەوت بواری بۆ ئەو نەڕەخساندووە- تا سەر بۆ من بلەقێنێت و بە باوەڕێکی مەتینەوە داوای شیفا لە من بکات. ئەگەرچی من چەندانجار بەوم فەرمووە: ئەم دەستانەی من پڕن لە تەوژمی ئەنەرژی، ئەگەر باوەڕ بهێنیت، ئەوا دەتوانم ئەو نەخۆشییانە بپەڕێنم کە لەشت پێوەی دەناڵێت. کەچی ئەو باوەڕ کەچە و باوەڕ ناکات.

ناهەقی نییە، چونکە مرۆڤێکی وەک من شایانی ئەوە نییە لە زیداندا بێت. دەبوایە من هەستم بە زیندانی بوونم نەکردایە، لەو کاتەوەی ئەوم بینیوە. بەڵام ڕاستی، زۆر لە چەوتی زەقترە. چونکە مرۆڤ لە زیداندا هەستەکانی دوچاری گومان دەبن. تەنانەت لای ئەوانی تریش پەسەند ناکرێت. چونکە مرۆڤی بێتاوان نابێت لە زیندان بنرێت. هەروەها مرۆڤی ڕەسەن نابێت ناچار بکرێت بە کارێک هەستێت کە کاری ئەو نییە. ئەم شتانەش بەسەر من دێن! چونکە من زیندانم لە بەهەڵەداچوونی مرۆڤەکان و دێوپەرستەکان و دێوەکانی دورگەی هەستکردن بە کەمی. کەچی ئەوان کۆڵ نادەن و دێن وێنەم دەگرن، دێن و بە دوای وردترین دزێویمدا مێملێ دەکەن، دێن و گوێ لە هەست و نەستم دەگرن و دان بە کەرامەتی مندا نانێن. ئەوان خۆیان تا ئەو ڕادەیە حەقناس دەبینن، کە ماف بە کەسێکی تر نادەن دان بە جوانیی خۆیدا بنێت، بەڵکو مرۆڤ هان دەدەن ببێت بە دێو و جانەوەر. ئەمەش هەم منی زیندانی و هەم پاسەوان

و خەڵکانی مەملەکەتی بەفر دووچاری بەهەڵەدا چوون دەکات. لەبەر ئەوە هەستم سڕ و تەماشام سارده بەرامبەر بەو هەموو خۆشەویستییەی لە ناخمدا تەوژم دەدات. چونکە خۆشەویستی تەوژمی گیانی ئاهوڕامازدای پیرۆز و تەوژمی حەق و ڕووناکییە و تەنها خۆراکی گیانیی منە. من ناتوانم خۆم لەو هەستانە دابڕم کە ئامانجی بوونەوەرن.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو خۆر پەرستە و هەندێکجار نوێژەکانی لەتەک مندا دەکات. بەیانییەکیان من لە ژێر تیشکی خۆردا خۆمم دابووە بەر خۆر و لە کۆچی خەیاڵەکانمدا هەستم بە ئازادی دەکرد لە گەشتی ڕووناکیدا. ئەویش هات و بەیانی باشی لێکردم و فەرمووی: دەشێت برسیت بێت! پێ دەچێت نانی بەیانیت نەخواردبێت. بە پەلە چوو چوار پارچە نان و پەنیری بۆ هێنام. منیش سیانم لێیان خوارد و چوارەمم پاشەکەوت کرد بۆ هاوسەرەکەم، یان کوڕەکەم.. سێ پارچەی بچکۆلەشم دا بەو باڵندانەی کە لانەیان لەسەر درەختەکان و گوێسەبانی زیندانەکان چنیوە. ئەو ڕۆژە، ئەو ڕۆژە بوو کە دەبوو بچوومایە بۆ زیندانێکی تر، تا کاری بێگاری بکەم، چونکە لە زینداندا مرۆڤ مەحکومە بە کار کردنی بەزۆر. دەبێت مرۆڤ کار بکات، دەنا سەرپشکە گەر لە برساندا بمرێت! ئەو تەنها لە نوێژەکانیدا لەگەڵ مندا تەبایە، واتە لەو کاتانەدا کە بێدەنگە و خەریکی پەرستاری و نوێژە بە دیار تیشکی خۆرەوە. لەوێدا من ناخی هەستەکانی دەبینم و تەماشای یەک بەیەکی ئەو خەونانەی دەکەم کە بە منەوە دەیانبینێت. دەبینم- شەماڵ بە شنەی خۆی، گوڵەکان بە لەنجەکانیان، بۆنی عەترەکەی بە هەستی شامەم دەڵێت: بوونەوەر لە هەڵەی نێوان دوو مرۆڤ خۆش نابێت، مرۆڤ دەبێت ڕاستگۆیانە هەستی خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەوانی تر دەر ببڕێت. مرۆڤ لەوێدا دەبێت بە دێوپەرست کە سەر بۆ درۆکان شۆڕ دەکات.

بۆیە کاتێک کە ئەو لەو کەرامەتەدا دەبینم، هەست دەکەم خۆشم دەوێت. لەو کاتانەدا کە من هەستی خۆشەویستییم بۆ ئەو دەبزوێت، دەیبینم، وەکوو گوڵە پەپوولە بە هەوادا، بە دەم شنەی شەماڵەوە لە سەمای خەیاڵەکانییدا وون دەبێت، کۆچ دەکات، دەگەڕێت.. دەڵێی خواوەندی جوانییە و هەست بە ئازادیی داهێنان دەکات. دەیبینم، وەک مەلێکی ئەفسانەیی و سیحری- هێمن هێمن لەشەقەی باڵ دەدات و چڵ بە چڵی درەختی زەمان دەگەڕێت و یەک بەیەکی فریشتە و مەسیحەکان و ماریا قووماتکراوەکانی ناو سەری من دەبینێت و تەماشایان دەکات و مۆمیان بۆ دادەگیرسێنێت. دەیبینم ئاستەم ئاستەم وەک بیری پەتی پەخش دەبێت و لەمسی هەستیاریم دەکات و سەر بۆ کەرامەتم دەلەقێنێت. دەیبینم، هەندێکجار نوێژ بۆ من دەکات، منی خۆش دەوێت و دەمپەرستێت. کەچی من بەو دەڵێم: من تەنها نیازمەندم لەو نەخۆشییانەت دەرباز بکەم کە لە ڕاستیدا پێوەی دەناڵێت. چونکە دەستەکانی من دەستی حەزرەتی نوح-ن و لەمسی هەمیشەییان بەر کەوتووە. تەنها باوەڕهێنان بە

جوانی ـ من و ئێوە و جیهان و مرۆڤایەتیش ڕزگار دەکات. تەنها هەستی یەکبوون مرۆڤ دەگەیەنێت بە ڕاستی. جا ئێوە هەزاران ڕاستیی درۆتان داتاشیوە.. ڕاستییەکان هێندە زۆر بوون، کە پیاو ناڕاستەکانیش تێکەڵ بە ڕاستییەکان دەکات.

زۆر سەیرە ئەو پاسەوانە نوێیەی ناو زیندانەکەم، نازانم بۆ کار بۆ دێوەکان دەکات!؟ کەچی هەست بە ئازاری مەسیح و ماریاکانی ناو دەروونی منیش دەکات! کەچی هەست بەوە ناکات، دان بەوەدا نانێت کە خۆشەویستیی ئەو بۆ من هێندەی درەختی زەمان باڵایە و هەزارەها گوڵی ڕەنگاوڕەنگی گرتووە و وەک تیشک خەیاڵەکانی پەخش دەبن بە گەردووندا – کاتێک چاوەکانی لێک دەنێت و بیر لەمن دەکاتەوە. کاتێک کە من بۆی دەبم بە قەقنەس و لە سووتووی خۆمدا دەبمەوە بە پشکۆ ـ ئەو چاوەکانی لێک دەنێ و بە خەیاڵ لە گەردوونی مندا ئازادانە ـ خەو دەبینێت! خەو بە منەوە دەبینێت چۆن ڕووتی دەکەمەوە و چۆن خۆشەویستی نیشان دەدەم و گیانی دەشێلم و شفا دەدەم بە یەکە یەکەی خانەکانی لەشی."

هەندێکجار کە من دەبینێت ڕادەچەنێت.. چونکە لە گێژاوی یادەکانی خۆیدا سەرمەستانە دەڕوا و دێت.. کاتێک کە من دەبینێت، قاڵب لە خۆی دەگرێت و دەیەوێت نیشانی منی بدات کە پاسەوانە و بەوەش کارێکی ناشیاو ناکات. منیش بەو دەڵێم: دەزانم.. چونکە هەڵەو ڕاستی تێکەڵ بە یەکتری بوون.

ئیتر منیش لە پاداشتی ئەو هەستانەدا، لە پاداشتی ئەوەدا کە بۆنێکی خۆش بەسەر من و فریشتەکانی ناو دەروونمدا دەپروێنێت، لێتانی ناشارمەوە، خۆشم دەوێت، هێندە لەلام خۆشەویستە کە حەز دەکەم وەک ئەو فریشتەیە شفای بدەم کە بەر لە ماوەیەک بە شێلان ـ کۆمەڵێک دەردم لە دەروونیدا مراند، چەند دێوێکم لە لەشی دەرپەڕاند".

من وەها هەست بەخۆشەویستی دەکەم لە زینداندا. هەست دەکەم خۆشەویستیشم زیندانە. بەڵام کاتێک کە نوێژ دەکەم بۆ گوڵ و ڕووناکی و مێرولەکان و باکان ـ کاتێک کە گوێ لە شنەی شەماڵ دەگرم؛ ناخم سەرلەنوێ چرۆ دەکاتەوە و ڕەنگی وەک حەربا دەگۆڕێت بە ڕەنگەکانی کەمان ؛ و ئاوێزە دەکات بە خامەی تابلۆکان و ڕەنگی تیشک بەکار دەبەم بۆ هۆنینەوەی دیمەنەکانی خەیاڵی سرکم، کە وەک قەقنەس دەفڕن و بوونەوەر و هەمیشەیی تەی دەکەن و دەگەن بە نەشئەی داهێنان و تابلۆکان لەدایک دەبن. ئەوسا فرسەت دەهێنم و کەمێک گلەیی لە دواکەوتنی باڵندەکان دەکەم. ئەو باڵندانەی کە چاوەڕێم بێن و پێکەوە گەشتی گەڕانەوە بکەین بۆ زاگرۆس و ئارارات.. چونکە من نەخشەی ڕێگاکانم لێ تێکچووە، دەشێت باڵندەکان ڕێنیشاندەرم بن لە سەفەری گەڕانەوەدا.. چونکە مێرولەکان کە دێن بۆ لام و بەسەر لەشمدا هەڵدەزنێن؛ پەیامیان وا نیشان دەدات کە دەشێت بە هەڵە بکەومە ڕێگا!

مێرولەیەکی باڵپەڕیوی سەرلێشێواو، بەیانییەکیان  هات و بە دیار چاوی دراوسێکەمەوە فەرمووی:" مرۆڤ نییە هەڵە نەکات.. بەڵام هەڵەی مرۆڤی ڕاستگۆ ئەوانی تر زامدار ناکات". مێرولەکە خوا غەزەبی لێگرتبوو، باڵی لێ ڕوابوو، هەوڵمدا یاریدەی بدەم، بەڵام نەمتوانی- چونکە تەنها یەک باڵی مابووەوە و { با} سێ دانە باڵی لەو سەنیبوو! نازانم بۆ! چونکە دەشیا بەرگی باوەڕ- واتە بەرگی سپیی نەپۆشیبێت!.. چونکە گەرچی من ڕێگە بە هەموو مێرولەیەک دەدەم بێنە جیهانی منەوە، بەڵام ئەو مێرولەیە دوای باوەڕ هێنانی بەرگی بەری سپی نەبوبوون، بۆیە -با- سێ دانە باڵی لەو سەندبوو. من ئەو سزایەم لەلا باش نەبوو. بەڵام ناتوانم داوەریی بەسەر باکان و شەماڵ و هێزە سروشتییەکاندا بکەم. مێرولەکەم نیشانی دراوسێکەم دا و بەوم فەرموو: بڕوانە؛ ئایا باوەڕ دەکەیت کە هەندێکجار خۆشبەختی هەموو کاتێک هەمان سودی باشی لێ ناکەوێتەوە! هەندێکجار وا هەست دەکەین ئەگەر خاوەنی باڵ بین و توانای فڕینمان هەبێت؛ ئەوا دەتوانیین کاری چاتر و زیاتر ئەنجام بدەین. ئەم مێرولەیە گەواهی ناڕاستیی ئەو باوەڕە دەداتەوە.. چونکە مەرج نییە هەبوونی باڵ- مرۆڤ و باڵندە و مێرو زیاتر کامەران بکەن. چونکە باڵدارەکان تەنها لە کاتی فڕیندا زیاتر لە مەترسیی شاڵاودان! باڵندەکان ترس ڕابەریانە، گوناحن ئەوان.. هەوڵ بدەن لە ترسیان کەم بکەنەوە، تا بتوانن متمانەتان پێ بکەن و وانەکانتان فێر بکەن.. چونکە ئەوان زانستی خامۆش شارەزان.

مێرولەکە زۆر ماندو بوو، چونکە نە دەیتوانی هاوسەنگ بڕوات، نە دەیتوانی بفڕێت! فەرمووی: بەختەوەری تەندروستییە، تەنها تەندروستیی خۆشەویستی مرۆڤ دەگەیەنێت بە کەماڵ.

ئەو بەیانییە کاتێک کە ئەو ئافرەتە دێوپەرستە نانی بەیانیی دەرخوارد دام، ووتی: مرۆڤ دەبێت پاداشتی کردەوەی ئەوانی تر بداتەوە. منیش فەرمووم: پاداشت دانەوە ئەگەر لە کانگای دڵەوە نەبێت؛ هەڵەیەکی مەزنە.

ئەو هێندە جوانە، نەبێتەوە. ئەو پاسەوانی منە. من زیندانم.. ئەویش زیندانی هەست و سۆزی منە، کەچی باوەڕ ناکات کە من گەردونێک خۆشەویستی شک دەبەم، باوەڕ ناکات کە من نوێژ بۆ گوڵ و باکان و شەماڵ و جوانی دەکەم و خۆریش دەپەرستم. باوەڕ ناکات کە دەتوانم نەخۆشییەکانی لە ڕیشەوە هەڵکێشم.. کەچی خۆی دوچاری دەردێک کردووە، کە وا دەزانێ کەس ناتوانێت شفای بکات!

چەند ناخۆشە هەستکردن بە زیندان بوون، جا مرۆڤ گەر زیندانی دێو بێت یاخود زیندانی عیشق؛ بێبەری نابێت لە هەستی هەست کردن بە گوناح. بەڵام تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ هەست بە خۆشەویستی بکات؛ مەحاڵە تاوانبار بکرێت بە گوناهکار و تاوانبار و درۆخواز. بەڵام ئەوەی بە درۆ باسی خۆشەویستی دەکات و دەیەوێت

خۆشەویستی بکات بە تەڵە بۆ فریودانی کەسێکی تر؛ هیچ لە ژیان و بوون تێنەگەیشتووە و مرۆڤێکە زۆر زیانبەخشتر لەوەی کە خۆی دەرمانخوارد دەکات. چونکە مرۆڤ نابێت یاری بە هەستیاریی ئەوانی تر بکات. چونکە مێشک و جگەر خانەی زیانبەخش لە نەبوونەوە دێننە بوونەوە. مرۆڤ سست و پیر و دزێو و هار دەکات.

ئەگەر بێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دێوپەرستە پاشگەز بێتەوە؛ دەزانن چی ڕوو ئەدات؟ با بۆتانی دیاری بکەم چی ڕوو ئەدات. ئەگەر ئەو پاشگەز بێتەوە و هەردوو دەستی لەسەر دڵی دابنێت و بەڵێنی پاکژ بوونەوە بدات بەمن؛ ئەوا بە چاوی ڕاستی-من دەبینێت.. نەک منێکی زیندان و بێوڵات و بێئاڵا، بەڵکو منی ڕاستەقینە دەبینێ.. کە دەستی دەگرم و بانگهێشت و فەرمووی لێ دەکەم بۆ سەفەری گەڕانەوە و سواری کەشتییە نادیارەکەمی دەکەم و هەموو پێغەمبەر و فریشتە و خواکان و خواوەندی ڕووناکیی نیشان دەدەم و پێی دەفەرمووم: ڕاستەقینە مەزنترین کامەرانییە و ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت لەم ژیانەدا وەک مرۆڤێکی ڕاستپەروەر خۆشەویستی بکات، هەرگیز بە کەماڵ و هەمیشەیی ناگات. ئەوسا بە چاوی بێدارو نوستوو، لەناو کەشتییەکەی خۆمدا تەماشای ناخی هەموو ئەو پاڵەوانانە دەکات کە لە خەندەکان دروست بوون و گشتیان نوێژ بۆ ئازاد بوونی خەندەکانی من دەکەن. چونکە کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤ ئازادانە خەندەکانی نیشانی جیهان بدات.

ئەوسا باسی ئەو کاتەی بۆ دەکەم کە مرۆڤ بوو و هێشتا نەبوبوو بە دێو پەرست و پاسەوانی زیندانەکەم.. باسی ئەوساڵەی بۆ دەکەم کە بۆ یەکەمجار ئەوم تیادا بینی و حەزم لێیکرد و دڵم پیایداچوو.. باسی ئەو ئێوارەیەی بۆ دەکەم کە ئەستێرە باران بوو، بەلامدا تێپەڕی و بەبێ ئەوەی من ببینێت و هەست بە سەرسووڕمانم بکات! بەبێ ئەوەی بۆنم بکات، بمبینێت- بۆنم کرد و ئەوم بینیی.. کەچی ئەو لە گێژاوی کۆمەڵێک غەمی براو دایک و خوشکەکەیدا وەک ئاسکێکی ڕەنگ پرتەقاڵی و ئاڵتوونی بەلامدا کەوەکی قوونەی کرد. منیش بە واقوڕماوی لە پیرشالیاری نووسیووی ناو دەروونم پرسی.. ئەوم لەخەو ڕاچەناندو فەرمووم: پیری مەزن و زانا، هانام بۆ تۆ هێناوە، ئەم زاتە چی بوو؟ کێ بوو وەها جەرگی بڕیم بە گەردوونی عیشقمدا گوزەری کرد؟
پیریش بەدەم باوێشک و خەندەی منداڵانەیەوە فەرمووی: ئەوە خودی حەزرەتی فریدا-یە گەر نازانی. ئەو زاتە هێشتا پیس نەبووە و بە دوای تۆدا دەگەڕێت.
فەرمووم: من؟ فەرمووی بەڵێ.

بەڵێ، بۆ یەکەمجار کە ئەوم بینی؛ ئەو منی نەبینی.. بۆیە هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەر ئەو ڕێگایەی کە بۆنی ئەوی لێ دەهات، واتە بۆنی عەتری گوڵباغی گیانی. ئیتر ئەم ڕێگا پێچ و خەمەی هامووشۆی ئەوم کردبوو بە پەرستگا.. تا ئەو کاتەی ئەو

ڕێگایەی نەگۆڕی من لەوێدا هەر چاوەڕێ بووم و خۆزگەم دەخواست جارێکی تر بۆ پیاسەیەکی شەوان بگەڕێتەوە.. چونکە ئەو بە شەوان بەو ڕێگایەدا دەچوو بۆ سەر کار! ئەوسا کاری پاسەوان نەبوو؛ و نەشببوو بە دێوپەرست. ئیتر من تا سێ ساڵ دوای دیارنەمانیشی هەر خەوم پێوە دەدی.. چونکە دەڵێن حەزرەتی فریدا هێندە سیحرئامێزە جادوی زۆر بڕ دەکاو هێندە کاریگەرە، نەبێتەوە. دەڵێن ئەو بەلای هەر کەسێکدا تێپەڕێت لە خۆشیدا خۆشایی دێتەوەو فێری بینینی خەون دەبێت لە بە ئاگاییدا. دەڵێن ئەو حەزرەتە تەلیسمی جوانیی هێندە بەسامە کە مرۆڤ دەگرێت ونیگاکانی مرۆڤ دەسمن. وەک ئەوە وایە تیرێک بۆ هەتا هەتایی جەرگ کوناوەدر بکات! دەڵێن حەزرەتی فریدا خودی ئەفرۆدیتە بە زمانی وڵاتی بەفر. زۆر دەربارەی جوانی و سامی ئەو دەدوێن.. کەچی جوان ناسەکانیان ناوێرن دان بە جوانیی حەزرەتی فریدادا بنێن.

یەکەمجار کە ئەوم بینی، لەم دێوپەرستە نەدەچوو کە ئێستا پاسم دەکاو پڕ چەکە بە بووختان و مێملی و تەفرەدان و بەهەڵەدا چوون.. هێشتا وای لێنەهاتبوو کە ئێستا دەیبینم! قەموور و کەنفت و نەخۆش و تەمبەڵ و درۆزن.. تووڕەو تۆڵەخواز و دڵپر لە ژەنگ. ئێستا وەکوو جاران نایبینم، چوارده سەر و بیست و هەشت چاوو بیستوهەشت و دەست و قاچ و چوارده قەپۆزی هەیە! جا ئەگەر باسی هەر یەکە لەو سەرانە و قەپۆزانە بکەم، ئەوا سەرت دەسوڕمێت لە دێوو دێوپەرستەکان. کەچی من بەم هەموو دزێوییانەوە، بەم هەموو نەخۆشییانەوە، هێشتا خۆشم دەوێت و باسی عیشق و وەفا و ئازادی و هونەرو جوانیی بۆ دەکەم! جا سەرتان لەم کارەی من دەسووڕمێت و منیش ئومێدم نادۆڕێنم.. چوونکە وەک لە تابلۆی ئافرەتدا ئاماژەم پێدا؛ هەست دەکەم تروسکەیەک جوانی، بەشێک لە هەستی مرۆڤانە لەودا پرشنگ دەدات و جار ناجار تەلیسمی خەندەیەک لەسەر لێوەکانی دەبینم. بۆیە من دەوێرم بڵێم: کە لە ناو دێوپەرستەکان و دێوەکانیشدا هەن کە تروسکەی خەندە لەسەر لێویان ماوە و ئومێد دەستی لە ئێخەیان بەر نەداوە.

ئەوسا باسی ئەو شەوانەی بۆ دەکەم کە عیشقم بۆ ئەو فێری سەبر و ئارام و حەوانەوەو دڵنیایی دەکردم.. ئیتر لەو ساڵەوە من فێری تەماشا بووم.. فێری تەماشای گوڵەکان و گوێگرتن لەهەستی ئەوان و بۆن و بەرام و ڕازی لەنجەیان.

بەڵام نازانم چۆن! بەڵێ؛ نازانم چۆن! چونکە، ئەو هێشتا من نابینێت و هێشتا فێری بینینی منی هونەر و جوانناس نەبووە! هێشتا باوەڕ سست و پڕ گومانە و دەڵێت: دێو لە مرۆڤ بەهێزترە! ئەو پاسەوانی منێکی نامۆ و دیل و بێوڵات و پەنابەر و بێئالایە! کەچی نە پیر دەبینێ، نە لەقلەق، نە جاڵجاڵۆکە دەبینێت، نە درەختی زەمان.. نە خواکان و نە پێغەمبەرەکان!( چونکە دێو پەرست بە چاوەکانی خۆی تەماشای

دەورووبەر ناکات!).. ئەو بە واقوڕماوی بە جگەرەیەکەوە وشک هەڵدەتووتێ و بەرامبەر بە من مت ڕادەمێنێت و لەبری چەک- تەلەفۆنەکەی خستۆتە کار و هەناسەکانی من دەپێوێت و جاسووسیم بەسەرەوە دەکاو لێم دەپرسێت هەست بەچی دەکەم!.. تۆ بڵێی تێگەیشتن لە نێوان من و ئەودا بەدی بێت- بەو حاڵەوە؟ دەشێت، چونکە خۆزگە و ئومێد هەستی خواکانن، خۆشەویستی دڵی خواکان خۆش دەکات.. پیاو ناتوانێت بەبێ ئەو هەستانە بژی. ئەو هەندێکجار پێم دەڵێت: ڕاست ووتن وڕاست کردن و ڕاستی مەزنترین دوژمنی مرۆڤن. منیش دەفەرمووم: من دوژمنی درۆم، ئەگەریش بترسم لە دەربڕینی ڕاستی، بە چاکی دەزانم ئەو جێگەیە چۆڵ بکەم کە درۆی تیا دەزێ و دەژی و گۆش دەبێت.

کەچی لە ئاستێکی ترەوە، لەناو دەرونێکی منگی تاریک و پڕ لە تەلبەنی دڕکین و پڕ لە مغاویری ڕق ئەستووردا.. لەپشتەوەی قیناع و سەرو چاوی دێوەکانەوە و لەناو جەوهەری خەیاڵەکانیدا- ئومێدەکان و خۆزگەکانی ئەویش دەبینم و دەبیستم و هەست بە لێدانی ترپەی دڵ و هەست بە ئومێدەکانی دەکەم.. دەزانم کە بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت؛ من دەبینێ و منی خۆش دەوێت. چونکە من زۆر دڵنیام لەوەی ، کە ئەوی من بە نووستوویی ببینێت.. پیرشالیار دەبینێت.. بۆیە دەشێت ئەو بەڕاستی یان لەخەونەکانیدا منی بە نووستوویی بینیبێت! دەشێت، چونکە ئەو پاسەوانمە لە زینداندا و هەندێک جار قاوە و جگەرە و حەڵوام بۆ دەهێنێت و لە بەر دەرگای زیندانەکەدا دایدەنێت. کلیلی ژورەکەشم داوەتێ.. منیش دەستیان بۆ نابەم، تا ئەو کاتەی فەرمووم لێ نەکات، یان لەگەڵمدا دانەنیشێت؛ هیچ ناخۆم و ناخۆمەوە.

شەوێکیان لە خەونمدا ئەو ئافرەتە دێوپەرستە هات بە میوانیم.. تەق، تەق، تەق لە دەرگای دا و منیش فەرمووی هاتنە ژوورەوەم لێی کرد. ئیتر بە پەلە پروسکێ هاتە ناو ناخمەوە و تێر تێر خۆی گەرمکردەوە.. پاشان تەماشایەکی کردم و خەندەیەکی نیشان دام.. بەو خەندەیەی، حەزرەتی ماریا=دایکی مەسیح هاتە زمان و فەرمووی: ئازادی لە عیشق پیرۆزترە. کاتی ئەوە هاتووە کە تۆ باسی ئازادییان بۆ بکەیت؛ بەر لە عیشق. چونکە حەزرەتی مەسیح بەر لەکاتی خۆی هات ، و بینیت چییان بەسەر ئەویش هێنا! چونکە ئەمانە لە عیشق ناگەن. تا ئەو کاتەی گەلێک هەبێ بێ ئاڵاو بێوڵات و زۆرلێکراوو داگیرکراو- بۆیان نییە باس لە عیشق بکەن.

من زۆر خەونم بەو حەزرەتی پاسەوانەوە دیوە.. چونکە ئەو، بەر لەوەی ببێت بە دێوپەرست و پاسەوانی زیندان، خۆشەویستی من بوو! من بە نهێنییەوە حەزم لەو کردبوو. بەر لەوەی فێری دێوپەرستی بێت!

ئەگەر بێت و ئەو دان بە زات و کەرامەتی مندا بنێت و وەک حەزرەتی نوح لەمن بڕوانێت؛ ئەوسا منیش یەکێ لە خەونەکانمی بۆ دەگێڕمەوە.. یەکێ لەو خەونانەی کە

من تەنها بە ڕەنگ دەیانبینم و لە هەمیشەییدا وێنەیان دەکێشم .. باسی ئەو شەوەی بۆ دەکەم کە تیایدا پێکەوە بووین و باسی سڕی بۆن و هەستی گوڵ و نەستی ڕووناکیم بۆی دەکرد. باسی ئەو خەونەی بۆ دەکەم کە تیایدا بە پەنجەی شایەتمانمان لەمسی لێوی یەکترمان دەکرد و لە خۆزگەی نزیکبوونەوە و هاوئامێزیدا- پێکەوە لێوە لەرزەمان تووش دەبوو و دەممان پڕ دەبوو لە خۆشاو و شیلەی حەز. باسی ئەو خەونەی بۆ دەکەم- کە خۆی نایبینێت. چونکە هەندێک لە دێوپەرستەکان، لەتاو دودڵی و ترس و گومان و قین و بوختان- لە تاو شەکەتی دەرون و هەراسانییان- خەونەکانیان یاد نایەتەوە.. یان خەون نابینن!

باسی هەر شتێکی بۆ دەکەم کە دڵخۆشکەر و یادبەخش و ئومێدبەخش بێت.. ئەوسا دەشێت واز لە پاسەوانی و دێوپەرستی بهێنێت و ببێت بە ئەندامێکی پاکی ناو کەشتییەکەم و ڕێگاکانی حەق ببینێت.

شەوێک لە شەوان لە کاری زۆرە ملە دەگەڕامەوە.. لە زیندانی کارەوە، بەرەو زیندانی ماڵەوە- دەگەڕامەوە. دەرەوە شەو و تاریک بوو، تەنها گڵۆپەکانی ناو ماڵ و سەرشەقامەکان ڕووناک بوون، هەندێک باڵندەش بێدار بوون هێشتا و لە کەناری ئۆسگۆرد دەیانخوێند بەدەم سووڕخواردنیانەوە لە ئاسماندا- لە دەوری سەرم- پاسی زەرنەقووتەکانیان دەکرد! منیش بەدەم ڕێگەوە تەماشای ئاسمانم دەکرد کە کەمێک شەونمی تیا بوو.. لە هەندێک باخچەی ماڵەکانی سەر کەناردا، جۆرە گوڵێکیان ڕواندووە، ناوی شاسمیینە؛ یان یاسمین.. کە شەماڵ بۆنی ئەو درەختەی هەڵدەپژاند بەسەرما، دەکەوتمە یادی هەموو ئەو ئافرەتانەوە کە لە ژیانمدا خۆشم ویستوون. لە نێویاندا، بە تایبەتی بیری ئەم پاسەوانە دێوپەرستەم دەکەوتەوە.. چونکە بۆنێکی وەها خۆشی لە خۆی دەدا؛ کاتێک دەیویست جادووم لێبکاو هەوەسم بخرۆشێنێت. منیش کاتێک کە گەڕامەوە، ئەوم بینی چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوو، لەگەڵ حەیتەیەکدا ڕاوەستابوون و جگەرەیان دەکێشا.

کاتێک کە سڵاوم لەوان کرد، تەماشایەکی ناو گلێنەی چاوی چەپی ئەوم کردو شتێکی پەرجووئاسام بینی.. هەستمکرد هەست بە هاوسۆزی دەکات، هەستمکرد خۆشەویستیی وەک خونچە، خەریکە دەپشکویت.. هەستمکرد، ڕۆژێک دێت کە تیایدا بتوانێت مەردو زرنگ و دلێرانە، ئەو هەستانەی خۆی بۆ من دەربڕێت. منیش لەوەڵام و پاداشتی ئەو تەماشایەدا هەر هەمان شەو، واتە دەمەو بەیان- چوومە خەوی بە میوانی.. لە خەونیدا منی وەک حەزرەتی نوح سپی سپی بینی و هەستی دەکرد لە پیرێکی تایبەت و پۆشتە و بۆنخۆش و خۆشبین دەچم.. بەوم فەرموو: تۆ- لە گوڵی بەر ڕۆژ دەچیت.. هێندە جوانیت، نەبێتەوە.. دەزانم، هەستت پێ دەکەم، دەزانم کە دەمبینی هەر وەکوو گوڵە بەڕۆژە سەر بەرەو خۆر هەڵدەبڕی و ڕەنگی

زەردت هێندەی تر دەگەشێتەوە. دەزانم کاتێک کە خۆریش چاوشارکێت لەگەڵدا دەکاو- خۆی لەناو هەورەکاندا دەشارێتەوە؛ مت دەبی و بەسەر خۆتدا دەچەمێیتەوە. کاتێک کە خۆر هەڵدێتەوە، جارێکی دی هەمان هەڵوێست دەنوێنیتەوە. من دەزانم چیت لە ئومێد و خۆزگەتا شاردۆتەوە. دەزانم کە هێندە جوانی- نەبێتەوە. بۆیە هاتووم؛ تا، بەر لەوەی بێدار بیتەوە، دەم بنێمە ناو دەمتەوەو بڵێم: عیشق- بوونەوەر دەبات بەڕێوە.

لەم دواییەدا هەستی بە شتێک کردووە، هەست دەکات من پەیکەرێکی بەردینم و گۆشت و خوێن نیم! هەست دەکات من لە تەختە و گەڵاو ڕەنگ، یان لە بەرد دروستکراوم! بۆیە کە دێتە خەوم- دەیبینم دێتە ناو ژوورەکەمەوە- بە جەنجەر تێم بەر دەبێت و دەیەوێت بمدڕێنێ و یان لەت لەتم بکات! منیش گیانم لە دەرەوەی لەشمدایە و دەربەستی وەشاندنی خەنجەرەکانی دەستی نایەم.. بەڵام گیانم ئازادەنە تەماشای ئەو خەونەی دەکرد.. پاشان دادەنیشت بە دیارمەوە و بە ئەسپایی سەری دەنا بە سەر لەشمەوە،، سەیر بوو، من لە دۆخی خەوا، تەنها قاڵبکەم دەمێنێتەوە- واتە لاشە و گیانیش کۆچ دەکات. بەڵام ئەو شەوە گیانم هێشتا لە ژوورەکەدا بوو. بەڵام ئەو بەوەی نەدەزانی، چونکە وایدەزانی من پەیکەرێکی بەردین و بێ گیانم.

کاتێک سەری دەنا بە سەرمەوە.. ئاخێکی هەڵدەکێشا و فرمێسکێک لە چاوانی بەر دەبووەوە و دەکەوتە ناو حەوزی قوڕگمەوە.. ئیتر گرێکانی دڵی لای منی نوستوو دەکردەوە.. پاشان هەستی بە حەوانەوە دەکرد و لەسەر پەیکەری لەشم؛ لەشی خۆی تێ هەڵدەسووم.. منیش وەک گیان تەماشای ئەو مێلۆدرامایەم یا پانتۆمیمەم دەکرد. بەڵێ، تەماشای خۆم و ئەو، چونکە گیانم لە دەرەوەی لەشمدا بوو.

مێرولەکان فەرموویان: ئێ؟! چیی تر؟.. فەرمووم، ئێ و ئێ، ئیتر چی بێت لە ئێوە نهێنی،، باقیکەی مەگەر فەنتازی لە خوێنەر داوا بکەم!

## تابلۆی صلاح الدین الأیوبي

شەوێکیان ساڵی ئەمساڵ؛ واتە ساڵی دوای بەربوون و ئاسایی بوونەوەی کات؛ دەڕۆیشتم و ڕێگاکانم تەی دەکرد، و ماندوو نەدەبووم لە هەنگاو نان.. بە دەم ڕێگەوە

تەماشای داهاتووم دەکرد.. بەزەییم بە خواکان و بە خوادا دەهاتەوە۔ کاتێک تەماشای ئاسمانی بەرینم دەکرد! باکان بلوێریان بۆ دەژەنییم و دەمبینی ئەستێرەکان دەبوون بە مۆم و چراخان و ئاسمانیش بەرەو قووڵایی ڕۆدەچوو.. بانگی هەموو خواکانم کرد و کەسیان دا نەبەزین.. بایەک هەڵی کرد و لە تەوژمیدا۔ کۆمەڵێک تکەی بارانی دووری باراندە سەر ڕوخساری نامۆم و پاش چەمانەوەی بە دەنگی شەماڵ فەرمووی:" حەزرەتی نوح سڵاو! ئەوە بۆکوێ دەڕۆی بەم نیوە شەوە؟ ماندوونابی؟ سەرت نایەشێ؟ خۆ تۆ لەوەتەی هەیت سەرلێشێواو و ئاوارە و گەڕۆکی؛ و بە دوای بستێ خاکدا وێڵی تا بیکەی بە وڵاتی خۆت؟ ئەی حەزرەتی نوح؛ خۆ عیشقیشت چنگ نەکەوت لەناو گەلانی خۆتدا! بۆ کوێ دەچی؟".. فەرمووم سڵاو لە گیانی با و باکان، و شەماڵ و ڕوبارو زەریاو هەورەکان و ئاسمانەکان.. کێ لە وڵاتی خۆیدا بووە بە پێغەمبەر؟.. سڵاو لە گیانی پاکی گشت خواو خواناسێک.

پاشان فەرمووم: نەخێر، من هەرگیز ماندو نابم و کۆڵ نادەم.. چونکە من دەزانم بەچی شادومانییم بردۆتەوە.. من هەرگیز کۆڵ نادەم، چونکە من بەڵێنی خۆمم بردە سەرو پەیامەکانی خۆمم گەیاند. جا ڕێگا دوورەکانم گشتی بڕیوە و نیازمەندم تەنها لە دڵی مرۆڤێکدا ئۆقرە بگرم و هەستەکانی کەسێک بکەم بە وڵات و نیشتیمان.. من نیشتیمانی خۆم پێشکەش کردووە بە مرۆڤایەتی و بەو خوایەی کە ئێوە هێندەی من زانا نیین دەرهەق هەبوونی؛ من گەلپەرست و ئاڵاپەرست و خۆپەرست نیم، بەڵام خاکپەرستم، خاک و وڵاتی لەدایکبوونی خۆم دەپەرستم و مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە لەوێدا بمرێت کە تیایدا لە دایک دەبێت.

مرۆڤ نابێت ناچار بکرێت دەستبەرداری نیشتیمانی خۆی بێت. بۆیە من هەرگیز ماندوو نابم.. دەڕۆم و دەگەم، هەر هەنگاوێک کە هەڵی دێنم، هەست بە ڕێزێکی زیاتر دەکەم بۆ خاک و گوڵ و باکان و دەریاو شەپۆل و جریوەی مەل و تیشکی ڕۆژ و بۆنی ناسکی ئافرەتانی لاوو جوان و تەماشای ئەو مرۆڤانەی کە دەوێرن خەندەکانیان ئازاد بکەن و بیکەن بە وڵاتی من. من دەڕۆم و ماندووش نابم لە گەڕان بە دوای خەندەکاندا.. جا با کەسیش زات نەکات بۆم بخەنێت و تەماشام نەکات! من دەزانم کەس من نابینێت و دێوەکان چاوی گەلێک لە مرۆڤەکانیان پڕ کردووە لە پشکۆی قین. من بێ ئومێد نابم، چونکە دەزانم، و باڵندەکان پەیامیان پێ گەیاندووم کە: ڕۆژێک دێت، مرۆڤێکی ڕاستگۆ دێت و بە ڕاستی خەندەکانیت پێشکەش دەکات. بەڵێ.

ئەو شەوە زۆر لەگەڵ باکان دوام و فەرموودەمان پێکەوە فەرموو. گلەییەکانم بە بادا حەواڵەی خوا و خواکانم کرد و کەمێک گلەییم لە فەیلەسوفە جوانناسە ڕۆژئاواییەکان و سکاندیناڤییەکان کرد. فەرمووم: جوانناسەکانی ئەوروپا هێندە کەڕو کوێر و لاڵن کە

قەباحەتی پیس بوونی ژینگە و گەندەڵیی دەروونی هونەر و هونەرمەندەکانیان – ناهێننە ژێر باس و ڕیگە بە خۆیان دەدەن مرۆڤ خۆی و پێغەمبەر و خواکانی لێ ببێت بە سەگ! هێندە عەودالّی ورگ و گیرفان و ناوبانگن، دەربەستی ئەو هەموو دێوە زەبەلاحانە نایەن کە شەڕ بە هەموو کەلێنێکی جیهاندا بڵاو دەکەنەوە و دەست و قاچی منداڵانی ئەفغان و کوردوستان و سیرلانکا دەبڕن و بە چەکی لێزەر دێنە نەبەردی مرۆڤ و ئەفریقایان ڕووت و قووت و برسی کردووە و قەمەو کێردیان داوەتە دەست دێوەکان و ئەوانیش بەوپەڕی خۆشییەوە گوونی گوندار دەبڕن و ئافرەت دووکەرت و قاش دەکەن و منداڵەکان لەبەر چاوی باوانیاندا سەردەبڕن.. و کەچی هونەرمەندەکانیان دەچن منداڵە بێباوک و دایکەکان دەکڕن و خۆیان لەوان دەکەن بە خواوەند و دڵسۆزو فریشتە.. ئێوە هونەرتان پیس کردووە بە شەهوە و هەوەس و پێوەنانی زیاڕۆیی خۆپەرستی و فیزلێدان بەسەر شکۆی خواکاندا.. ئێوە هێندە پیس بوون کە توانای پێکەوە ژیانتان نەماوەو تەنهایی وەک گۆڕهەڵکەنە دەروونتان دەپشکنێ و گیانتان دەکێڵێت.. ئێوە مرۆڤتان کردووە بە درۆیەکی مەزن و ئافرەتانتان کردووە بە سەگپەرست و بەراز و پشیلە پەرست.. ساڵی ملیۆنەها ئافرەت تووشی سەرەتان و خودکوژی و شێتی و برسێتیی خۆراک و دەردی تەنهایی دەبن! ئاخر کێ باوەڕ بەوە دەکات کە ئافرەت حەز بکات بە تەنها بژی!؟ ئاخر بۆ هێندە بێشەرمانە میللەتانی موسوڵمانان دەخەنە ژێر کەڵبەی بێ ویژدانیتانەوە و دنیاتان پڕ کردووە لە نەخۆشی و درۆ و ناهەقی و دەرد؟.. ئاخر ئێوەن ژینگە و دەروون و بیر و باوەڕتان گەنییوە و ئێوەن تیرۆریستە دڕندەکە و ئێوەن سەرزەمینتان کردووە بە دۆزەخ بۆ مرۆڤ و باڵندە و سروشت و گیانلەبەران.. خوا هێندە لێتان دەترسێت، کە باوەڕ ناکەم بەزەیی دەربارەتان بکەوێتە گەڕ و بوێرێت دابەزێت. چونکە خواوەند لە پیس بوونی دەروونەکانتان دەترسێت.

ئەی جوان ناسە مافناس و دابناسەکانی سەردەمی ماکیاڤیللی- ئێوە باس لە ئیستاتیکا دەکەن و کەچی کوێر و کەڕو لاڵن و نابینن هونەرەکان و هونەرمەندەکانتان هێندە نەخۆشن کە تووشی خۆ زەجر دان و خۆکوژی و گاڵتە جاری و سەرزەنشتکردنی ئایینی ئیسلام و مەسیح و بودیزم و کۆنفۆسیوسم و مایاکان بوون.. بۆ لە خۆڕا چاو لە بێ کەرامەتی خۆتان دەنوقێنن؟ وا نەزانن کە حەزرەتی نوح لە عەقڵی خام و سستی جەماڵ و تڕحێوی خۆپەریستیتان تێناگات! وا نەزانن کە ئێوە دەتوانن زانستی خامۆش فێری باوکتان بکەن. نا! نەکەن.. چونکە بەمە خۆتان پیستر دەکەن.. چونکە زانستی من زانستێک نییە بۆ مرۆڤی گەلحۆ و خۆپەرست و گەندەڵ و هەوەس پەرست.. نا، زانستی من پەیامی هونەر و جوانییە. منم ئەوکەسەی کە دەمی خوار بووتان ڕاست دەکاتەوە. من هەرگیز ناچار نەبووم لێتانەوە فێر بم و بەزەییشم بە نەزانیتاندا دێتەوە.. چونکە دەتانبینم درۆ دەکەن. دەتانبینم دەترسن و ناوێرن ڕاستگۆیانە خەندەیەک نیشانی من بدەن. ئێوە هونەر و هونەرمەندەکانیشتان ناچاری

سەردانەواندن بۆ شەڕ و دژایەتی و ڕق کردووە. ئێوە خاڵێکی ڕەشتان ناوە بە ناوچەوانی خواو خواکانەوە.

بەڵێ، ئەم گلەییانەم وەک شیعر هۆندەوانێ و بە باکان و تنۆکی بارانەکاندا حەواڵەی ئاسمان و جریوەی ئەستێرە و پەڵە هەورەکانم کردن. چونکە زۆر پڕ بووم لە باسی بایی بوونی مرۆڤە دێوپەرستەکانی وڵاتانی بەفر و ڕۆژئاوا. ئەوان هێشتا نەیانوێراوە ڕووبەڕووی من ببنەوەو سەر بۆ باوەڕ و ڕاکان و فەرموودەکانم بلەقێنن و دان بەو تاوانانەدا بنێن کە دەرهەق بە ئافرەتان و منداڵانی کورد و ئەفریکا و ڤێتنام و ئەفغان و سریلانکا و تیبت-یان کردووە.. ئێوەی گەلانی ڕۆژئاوا تەعداتان لە هەموو جیهان کردووە و جیهان بە دەستانەوە دەناڵێنێ. بیرتان دێت کە ئیسپانییەکان و ئینگلیز چییان بە هیندییەکان کردو چەند بێ کەرامەتانە سامانیان دزین و هەزارانیان سەرکون کرد؟ جا وا تێنەگەن کە ئەمە جەهەنەم نییە ئێوەی تیا دەژین!.. بەڵێ، جەهەننەم کردەوەکانی خۆتانە و ئێستاش ئێوە لەم جەهەننەمەدا تەنها خۆتان دەتوانن لە گوناهەکانی خۆتان خۆش ببن و بەزەییتان بە شەڕەکاندا بێتەوە.. چونکە تەنانەت شەیتانیش باوەڕی پێتان نەماوە.. چونکە ئێوە شەیتانتان بەزاند بە تەڵەکە و درۆو بوختان و دەردو نەخۆشی.. جا ئەگەر بێت و شەڕەکان ئاوا بەردەوام بن، ئەوا سروشت لێتان تووڕە دەبێت بەر لە خوا و خواکان و فریشتەکان. بەڵام من هونەرمەندەکانتانم خۆش ناوێت. تف لەوانەی کە گاڵتە بە پێغەمبەرەکانیان دەکەن.. چونکە ئەوانە هەمان ئەو دێوانەن کە لەسەردەمی جاهیلیدا گاڵتەیان بە پێغەمبەرەکانیان دەکرد.. یان لە ئورشەلیم لایەنگری باراباس بوون و ڤینیان لە حەزرەتی مەسیح بوو.

ئەی توند ڕەوە هەلپەرستەکان، فاشی و نازی و ڕاسیزمەکان- چیتان لەدەست دێت تەخسیری مەکەن. بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە شەڕ هەمیشە دەدۆڕێت. دۆڕانی ئەمجارەتان چاوەکانی عیشق و ئازادیتان کوێر دەکات. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەسەر خۆتاندا بچنەوە.

دەڕۆیشتم ئەو شەوە، شەوێکی زۆر فێرکەرانە بوو، لەناکاو پەڵە هەورێک لە ئاسماندا لە شێوەی صلاح الدین-دا بە دەم کۆچی باوە کەوتە بەر چاوم.. ئەوم بینی لەگەڵ هەست و نەستما دەدوا و بەسواری ئەسپێکی قەترانیی جوامێرەوە؛ چوارناڵە لە بەرگی ڕەشدا لە ئاسمانی قووڵەوە تاریکایی دەبڕی و دەنگی حیلەی ئەسپەکە و گلەییەکانی خۆیم دەبیست.. دەیفەرموو:" کورد یان عەرەب یان سەر بەهەر تاقم و ئایینێکی تر.. کەس لەوان بەدەستی من نەکوژراوەو سەرنەبڕدراوە.. مەگەر تەنها ئەوانەی کە هەتک کەرو چەتەو درۆزن بوون.. چونکە ئەوان دوژمنی خۆیان و میللەت و بگرە دوژمنی خواکانیشن. چونکە ئەوان ئابڕوی مرۆڤایەتی دەبەن.. جا من

لە پێناوی ئاییندا هەڵمنەکوتاوەتە سەر هیچ باوەڕو میللەتێک و باوەڕی زردەشتیشم پاراستووە ". پەڵە هەورەکە تیژ تێپەڕی وسەلاح الدین چاوەڕوانی وەڵامی منی نەکرد.

ئەو شەوە گوێم لە دەنگی هەورە خامۆشەکان و باکان و گوێم لە گۆرانیی شنەی گەڵاو لقی دارەکان دەگرت و فێر دەبووم. بە دەمڕێوە شیعرم بۆ ئاسمان و زەوی و باکان دەهۆنییەوە و بە خۆمم دەگووت، بە باکانم دەفەرموو: نەخێر میوانە بەڕێزەکان، من هەرگیز ماندو نابم لە گەڕان بەدوای عیشق و ئازادی و جوانیدا.. چونکە ئەم جەوهەرانە دەرگاکانی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ دەخەنە سەر پشت و مرۆڤیش لە هەمیشەییدا ئازادە.

جا ئەی خوێنەری ئازیز؛ خۆشی لە خۆت، گەر لەسەر دۆشەکێک یا کلیمەشڕێ پاڵت لێ داوەتەوە و داستانی بەسەرهاتەکانی من دەخوێنیتەوە و وەڕز نابیت و خەمەکانت هێندەی خەمی بێوڵات و بێئاڵا گەورە نین.. خۆشی لە خۆت کە لە نیشتیمانی خۆتدایت و بۆن و چێژ و تامی ئازادی دەکەیت و دەست بەسەر و زیندان نییت.

من وەها وەرز و ساڵ و ڕۆژەکانی ئەمساڵ بەسەر دەبەم.. من وەها دەژیم و هەندێکجار ساتەکان هێندەی ساڵێک تەمەن درێژن و هەناسەکان دەبن بە وەرزی خەزان و زستان و بەهار و هاوین.

وەرزەکان تێپەڕین و هەر یەکەیان بە ئاوازی خۆی بلوێریان بۆ لێدام و هەر وەرزەو بە بەرگێکی نوێترەوە خۆی نیشان دام.. بەیانییەکیان خۆرەتاو، بۆ هەوا هەڵمژینێک سەرم لە پەنجەرەی زیندانەکەمەوە بردە دەرێ و کەمێک بۆنی شەماڵم کردو کەمێک تەماشای ئەو خونچانەم کرد کە خێزانەکەم ساڵانێک لەمەوبەر چاندبوونی.. یەکێ لە خونچەکان کە هێشتا لێوی نەپشکوتبو، فەرمووی: ئەوە هێشتا لێرە ماوی؟ ئەی تۆ نیازت نەبوو بگەڕێیتەوە بۆ ناو عێل و هۆزی خۆت؟! ئەی تۆ نەبووی ساڵانێکە کەشتی بنیات دەنێی و باڵندەکانیش هاتن بە دیدەنیت و کەچی هێشتا هەر لە زینداندایت؟ چۆن ئۆقرە دەگریت؟

لەوەڵامدا بە خونچەکەم فەرموو: من وڵات و ئاڵاو نیشتیمانی خۆمم و باکان پێم دەڵێن: ئێمە دەبین بە وڵات و ئاڵات، بغورد دەبێت بە سنوری وڵات و هەورەکان دەکەین بە کەشتی و ماڵ بۆ کەرامەتی جەنابت. من بێخەمم، چونکە دێوەکان ناوێرن دان بە وڵاتی مندا بنێن و ناوێرن مرۆڤەکانی مەملەکەتی من ئازاد بکەن. چونکە من دەنگی ملیۆنەها گیانی بە ناهەق سەربڕدراوم بە دەستی تورک و عەرەب و فارس و ئینگلیز.. من بووم بە وڵات و ئاڵا و ئازادی بۆ ئەوانەی کە بە ناهەق کوژران و هەتک کران و ئاگریان تێ بەردراو زیندە بەچاڵکران.. من نیشتیمانی خەونی ئازادیی

میللەتێکم- کە تیایدا ئافرەت مافی نیشاندانی جوانی و نازو عیشقی نییە و کەلتوری دێوی فارس و عارەب و تورک چەقۆ دەداتە دەست براو باوک و کەسی و نزیکترین خۆشەویستی لەو کردووە بە دوژمنێکی تۆقێنەرو بێهەست.. من تەنها پەیامی خواکان و پێغەمبەران و بتەکان و مەلەکەکانم پێ نییە.. بەڵکو من مژدەی لەدایکبوونی ئەو گیانانەم پێیە کە لە هەمیشەییەوە هاتوون. من هەست بە نمەی فرمێسکی ماریاکان و تۆفانی فرمێسکی دایکان دەکەم. من هەناسەی باکانم خوێندۆتەوە و لە شنەی گیاکانەوە فێری سروشت پەروەری و جیهانبینی بووم. لەبەر ئەوە ئەی خونچەی خنجیلانە گلەیی لە مانەوەی من مەکە لەم زیندانەدا. چونکە ژیان هێندەی بە مرۆڤێکی وەک من بەخشیوە. منیش ڕازی بم یان نا! پەشیمان نیم لە بینینی بەڕێزتان. خونچەکە لێوی پشکووت، بە نازەوە فەرمووی: سوپاس گیانە. بە نەسیمی ئەو بەیانییەش کەمێک سەماو نازو لەنجەی نیشاندام.

***

ئێستا مانگەکان و ڕۆژەکان بەسەر مندا تێدەپەڕن.. بەڵام کات هێشتا بۆنی وەستان و جموودی لێدێت.. وەک ئەوەی کات وەستابێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ساڵ دێت و دەچێت و دێوەکانی مەملەکەتی بەفر، ماندوو نابن لە پشکنینی دەروون و هەست و نەستم.. ئەوان جاسووسێکی بێکەرامەت و بێئابڕوون و دێنە ناو ژووری زیندانەکەمەوە و بە دوای گیای نەمری و هوما- دا دەگەڕێن.. دەزانن کە گیانی پیرشالیار و زەردەشت و ئیبراهیم و نوح لە هەمیشەییەوە گەڕاوەتەوە.. دەزانن و دڵنیاشن کە من پەیامهێن و پەیامبەرو خوودی پەیامی جوانییم و لە هەمیشەییەوە گەڕاومەتەوە و هەست بە ماندوویی دەکەم؛ کاتێک کە ناچارم دەکەن وەڕز بم لە کەسێتی و کەرامەتی خۆم. بەوان دەڵێم؛ ئێوە ناهەق ڕەفتار بەرامبەر بە من و بە میللەتی نوح دەکەن.. ئێوە هەستیاریم زامدار دەکەن و هاوسەرەکەم ناچار دەکەن بێباوەڕ بێت بەرامبەرم، منداڵەکانم پڕ دەکەن لە گوومان و بێهەستی و وونبوون. ئێوە غەدر لە ئەتواری خوا و خواکان دەکەن و مرۆڤەکانتان پڕ کردووە لە سەگ و گورگ و بەراز و پشیلەو جانەوەری نەخۆش و گورگی شێرپەنجە.. منیش تەنها ڕزگار کەرم و دەفەرمووم؛ چارەی نەخۆشیی شێرپەنجە لە هەستەکاندایە، لە بزەکاندایە؛ ئەو بزانەی ئێوە تەنها بە درۆ نیشانی منی دەدەن. منیش لێتان تووڕەم، چونکە گوناح بەرامبەر بە دەمڕاستیی من دەکەن. من خۆم بە نامۆ نازانم لە نێوان مرۆڤدا و کەچی ئێوە ناچارم دەکەن سەر بۆ کردەوەی دێوەکان دابنەوێنم و بە درۆکانتان بێنم شایەتمان! بۆچی ئێوە کێن تا خوو و نەریت و زمان و دادو یاسا فێری من بکەن!؟ من لە ئێوە نیم و باوەڕم بەو زانستەیش نییە کە دێو و جاسووس ڕابەریی دەکەن.

من باوەڕم بەو زانستە نییە کە تۆوی شەڕ و درۆ و خراپەو گەندەڵی دەچێنێت. من لەوانە نیم کە ئێوە پەروەردەی بکەن. چونکە من هاتووم باسی جوانی و عئشق و ئازادی دەکەم و زۆر ئومێدم بە مرۆڤ هەیە. چونکە لەسەروی هەموو دێوە زبرەکانەوە من هەم و دەنەڕێنم بەسەرتاندا و دەفەرمووم: من هونەرمەندم. من مرۆڤم و وازم لە هەموو خواکانتان هێناوە و من خوای خۆمم هەیە و خواوەندی خۆشتان بۆ خۆتان. بەڵام دڵنیا بن کە من چارەی زۆر دەردو زۆر نەخۆشیم لەلایە.

جا خەڵکینە، من لەم زیندانەدا مەحکوومم بەو کارانەی کە لێم ناوەشێتەوە.. لە زیندانەکانی مەملەکەتی بەفردا، من هەر خەریکی قاپشۆرین و خواردن دروستکردن و ماڵسڕینم.. کەچی دێوەکان دەیانەوێت بە زۆر ناچارم بکەن و بەرنامە هونەرییەکانم دوا بخەن. بەمە، من لێیان خۆش نابم و تووڕەشم. چونکە من هونەر کارو ڕەنگناس و دووربینم لە بینینی ئەو هەستانەی کە ئەوان هەستی پێناکەن. من هەست بە نەستی باکانیش دەکەم و باڵندەکان باسی دووڕوویی ئەوانم بۆ دەگێڕنەوە. من تێیان دەگەم و باوەڕم بەو سزایە نییە کە ئێوە و ئەوانیش سزای منی پێ دەدەن. منیش لێتان تووڕەم، جا ووشەی ڕق تێکەڵ مەکەن بە تووڕەییم.. چونکە بەو کارە زیان بە بوونەوەر دەگات.

ئاوەها ڕۆژو سات و کاژێر و ڕۆژەکانم لە کێشەیەکی بێماناندا لەگەڵ دێوو دێوپەرستان و پاسەوانی زیندانەکاندا بەسەر دەبرد؛ هەر کەسەو بە جۆرێک داوەریی هەڵەی دەکردم و جوانناسێکی ڕاستگۆم نەبینی دەمی خوار نەبێت. هەرچییەک دێت و دەبێت بە دراوسێ و پاسەوانی زیندانەکەم، خێزەی سنگ و تونگیی هەناسە و ترس و سەرلێشێواوییان هێندەم دەترسێنێت، کە بەزەییم دەکەوێتە گەڕ بۆیان! پێیان دەڵێم من دەتوانم شیفاتان بکەم گەر باوەڕ بە توانای من بهێنن، کەچی ئەوان دەڵێن: جا ئەی جەناب، ئەی گووی سەگ، خۆ ناتوانی خۆتمان لێ بکەیت بە دکتۆریش!.. منیش سەرم لێدەشێوێت و دەفەرمووم: وا مەزانن تەنها دکتۆر چارەسازی هەموو نەخۆشییەکانە.. جا با پێتان بڵێم: خەندە و هەست و باوەڕ و متمانە و خۆشەویستی و عیشق و ئازادی پیرۆزترین دەواو چارەی هەموو نەخۆشییەکانن. جا لە قورئانیشدا هاتووە کە : لکل مرض شفآء.

ئەم میللەتە تەنگ بە ژیان و بە خێزان و بە کەرامەتم هەڵدەچنن و هێندە بێزاریان کردووم، کە خەریکم ناچار دەبم سەری خۆم هەڵبگرم، چونکە ئەوان شایستەی ئەوە نیین من لەناویاندا بژیم، چونکە لووت بەرز و خۆ بەکەم زان و فیزفرۆش و نەزان و ترسنۆکن و لە بێگانە دەترسن. وا دەزانن بێگانە جانەوەرێکی بێگیانە! دەڵێی خوا غەزەبی لێگرتوون.. ئەوان غەدر لە خۆیان و لە بێگانەش دەکەن و ئەوەی لەوان نەبێت سووکایەتیی پێ دەکەن، ناچاری دزی و درۆ و برسێتی و سواڵ و خودکوژی و

نەخۆشیی دەروونییان دەکەن. تەنهایان دەکەن، دوایان دەکەون، ناچاریان دەکەن گومان لە سێبەری خۆشیان بکەن.. بێگانە هێندە بچووک دەکەنەوە کە مرۆڤ توانای بینین و دۆزینەوەی خۆی نامێنێت. هەی داوەشێن مرۆڤی مەملەکەتی دێوە بەفرینەکان، من پێتان دەڵێم دێوپەرستی ترسنۆک و نەخۆش. چونکە ئێوە من ناناسنەوە و خۆتان لە ڕاستی گێل دەکەن و وا دەزانن کە بوونەوەر بە خەوشەوە بەدی هاتووە و هەموو مرۆڤێکیش ناچار دەکەن گوناح ، درۆ، دزی، شەڕ، بکاو تووڕە بێت و ئەوەی لە ناوتاندا گوناح نەکات؛ ناچاری دەکەن خۆی بە دەستی خۆی خوودکوژی بکات، و ساڵی حەڤدە هەزار ئافرەت تووشی شێرپەنجە دەکەن و ئەو دوکتۆرانەش مەحکوم دەکەن کە ڕاستیتان پێ دەڵێت! جا چۆن بتوانم بە چاوی مرۆڤ تەماشاتان بکەم! ئێوە هەموو تاوانێکتان ناوەتە پاڵ من.

منیش تەنها لە خەوو لە خەیاڵەکانمدا ئازادم و هەست بە هەستی بوونەوەر دەکەم و ئاسمانەکان تەی دەکەم. خەو بە ڕوخساری فریشتە و پێغەمبەر و سەرکردەکانەوە دەبینم و لە خەوما دەبم بە دانتی، بە سوکرات و ئەفلاتوون و داڤینشی و دالی و ئاینشتاین و دەبم بە هەر دڵ و هەست و ڕازو نیازێک.. هەموو سنوورەکانی زانست تەی دەکەم و بەیانی زووش ئامادەم منداڵەکانم بنێرمە بەر دێوەکان تا فێری سلووکی نەخۆشانەی دێوەکانی سیستەمی میکیاڤیللی بن! هەش بەسەر منێکی هەش بەسەرلەم زیندانەدا! جگە لە چەند مێرولەیەک و مێش و چەند باڵندەیەکی سەرماخوردەو دەنگ هەراش و جنێوفرۆش و نەخۆش- جگە لە چەند سەگێکی دەم هەراش و دوو ماسیی دیل گیانلەبەیکی تر باوەڕی پێم نییە و براکانم تۆمەتی شێت و دراوسێ تۆمەتی دەرمانخۆر و هاوسەر تۆمەتی نەزانی و ناسیاو تۆمەتی توڕەییم دەخەنە پاڵ و هەر کەسەو بەجۆرو بە تەرزێک داوەری من دەکاو پێم دەڵێن: تۆ ناتوانی سیستەم بگۆڕیت.

جا گوێیگرن بزانن من چۆن وەڵامیان دەدەمەوە: " بەڵێ، من دەتوانم سیستەمی هەموو جیهان بگۆڕم. جا ئەوەی لە گۆڕان دەترسێت تەنها باڵندە و چوارپێ و جانەوەرانن. مرۆڤ هەرگیز لە گۆڕان نەسڵەمیوەتەوە. مرۆڤ ناترسێت و توانای گۆڕانی هەیە و تەنها گۆڕان مرۆڤ ئازاد و پیرۆز و نەمر دەکات. بەڵێ من هاتووم و دەمەوێت بە فەلسەفەی ویژدان و هەست و سۆزی بوونەوەر بگۆڕم نەک ئێوە. جا چیشتان لەدەست دێت تەخسیری مەکەن. چونکە ئەوەی لە گۆڕان بەرەو باشتر دەترسێت، دێوە و مرۆڤ نییە. چونکە مرۆڤ تەنها بە زاڵبوون بەسەر ترسەکاندا دەگات بە کەماڵ. جا ئێوە لە خۆپارێزانن و باوەڕتان بەم زانستە خامۆشەی من نەبێت. دەزانم من بە سوودی دێو نادوێم، بۆیە براکانم بەر لە ئێوە بە شێت سەیرم دەکەن. جا ئێوە عاقڵتر بن لە من و منیش زۆرم لەکەس نەکردووە گوێگری فەرموودەکانم بێت".

ڕۆژێکیان زۆر بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە.. هێندە بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە کە لە ناخی دڵەوە گریانم دەهات.گریان قوورتمی گرتبووم و چاوم قوورس هەڵتپۆقیبوو.. تەماشای ئەو گورگانەم دەکرد کە شاڵاویان دەهێنایە سەر خێزانەکەم و بەدیار چاوی خۆمەوە قەپاڵیان پیادا دەکرد! چونکە سارای هاوسەر و بێباوەڕم دەبینی، دووچاری گورگی شێرپەنجە دەبوو و نەمدەتوانی یاریدەی بدەم، چونکە ئەو هێشتا باوەڕی بە من نەهێنابوو. دەمبینی چۆن ئەو نەخۆشییە یاریی بە خانەکانی لەشی دەکرد و لەناو چاوە جوانەکانییەوە، تەماشای قین و ڕقی تێدەکردم و دەیگووت: من نەخۆشییەکی زۆر باییم.

نەک هەر ئەو بەڵکو وەک فەرمووم ساڵانە حەقدەهەزار ئافرەت لە مەملەکەتی بەفر دەکەوتنە ژێر کەڵبەی کینەو ڕقی شێرپەنجەوە و منیش گریانم دەهات، هەندێجار تووڕە دەبووم،، هەندێکجار هار دەبووم و دەمنەڕاند بەسەر هاوسەرەکەمدا و داواو تکاو ڕجام لێی دەکرد کە هێندە دوژمنی هەستەکانی خۆی نەبێت. هەندێکجاریش وەک مۆم دەتوامەوە لە ژێر پێیداو بە پێی توانا، پشت و سەرو مل و پایم دەشێلاو و شەونخونیم دەکرد بە دیارییەوە و نانم دەکرد بە دەمییەوە و لەبەر قووتی ژیانمان زۆر بە هەرزان کاتەکانی خۆمم دەفرۆشت، تا بێ دارایی نەبین. بەڵام ئەو هەر هەڵمەتی دەکردە سەرم و دەینەڕاند بەسەرمدا: تۆ هیچ نازانیت و هیچ فێر نەبوویت و هیچ ناکەیت. هەندێکجار خودی شێرپەنجەی گورگ، دەهاتە سەر زمانی و هەراشان و دەمەوەر تێم بەر دەبوو.. دەیگوت: خۆ تۆ تا دوێنێ نووسەر نەبوویت! ئەمەیانت لەچی!؟ تۆ ئەگەر هونەرمەند بوویتایە کەسێک وێنەیەکی لێ دەکڕییت!.

بۆیە منیش بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە.. بەزەییم بە منداڵەکانیشمدا دەهاتەوە.. بەزەییم بە تەنهایی خواوەندو بە فریشتە نادیارەکانیشدا دەهاتەوە. بەزەییەکی کۆسمۆلوژییانە. نەمدەزانی چی بکەم! دۆشدامابووم بەدیار ئەم فەرموودانەوە، و نەمدەزانی ڕوو بکەمە چی ئاڕاستە و تەوەرێک! دەمویست پێ بنێم بە جەرگی خۆمداو سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم و دوای نەوای باکان بکەوم.. دەمویست سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم؛ بۆ کوێ؟ نازانم! چونکە من وڵاتێکی نەبوو و ئاڵایەکی نەبوو و مرۆڤێکی بێناوو نیشانم و بستێ خاک نییە ناوی لێ بنێم وڵات و کەسێک نییە بیکەم هاوسەرو هاودەم و هاوڕێ!.. کە دڵنەوایی خۆشمم دەدایەوە، هێندەی دی پڕ دەبووم لە پرمەی گریان، نەمدەزانی بەچی دڵنەوایی خۆم بکەم! بە خەونەکان!؟.. بەڵێ، چونکە تەنها لەخەونەکاندا هەستم بەو ئازادییە دەکرد کە بوونەوەر فەرزی کردووە بەسەرما. هەستم دەکرد خۆشحاڵم! بەخۆمم دەگووت: جا ئەگەر خەونەکان نەبوونایە، چی نیشتیمانێکم دەبوو!.. بەس نییە خەون بۆتە نیشتیمانم!.. ئەی ئەگەر وەک هاوسەرو منداڵەکەم و دراوسێکان و پاسەوانەکان، نەمتوانییایە خەون ببینم، چیم بکردایە!؟.. بەس نییە خەونیش دەبینم و هێشتا پەیکەری خۆمم لەیادا ماوە!؟

شەوێکیان لەخەونمدا خۆمم دەدی.. بوبووم بە دوان. یەکێکیان پەیکەرێک بوو، پەیکەرێکی سپی، درەختێک لەسەر سەری ڕوابوو.. سپی سپی، بەرگی بەری کردەی لەشکری مێرولە سپییە گیانخوازەکان و فریشتەکانی کەماڵی جوانی بوون لەبەرمدا و، دووەممیان لە خودی ڕاستەقینەی خۆم دەچووم لە زینداناو پەنابەری دێوەکان بووم. تەماشای مەرگی خۆمم دەکرد و بە خۆمم دەفەرموو: خۆ ئەمە خودی خۆمم. ئەمە منم لەم بەرگەدا مردووم! ئای خۆ من پەیکەرێکی سپیی بێگیانم و مێرولەکان تێم وروکاون! هەستم دەکرد گیانیشم بووە بە دوو کەرتەوە! بەشێکم لە دەرەوەی زیندانەکەدایە و بەشێکی ترم لەناو ژوری تاریکی زینداناو، بە خۆمم دەگووت: هەی لەوە، خۆ من هیچ پەیامێکم نەگەیاند، کەچی وا سەرم نایەوە!.. پێدەچوو لە پرسەی خۆمدا بم و وڕێنە بکەم! هەستم بە نرکە و نوزەی گریانێکی بەسوێ کرد.. کە بێدار بوومەوە هەستم دەکرد زۆر گریاوم بەدەم خەوەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، لەو خەونەدا خوازیاربووم بێدار نەبمەوە، بەڵام؛ زەردەزیڕەیەک هاتە نێو ژوری زیندانەکە و هاتە ناو بالێف و ژێر لێفەکەمەوە و بە گیزە گیزناچاری کردم تا بێدار ببمەوە! توومەس چیرۆکێکی خۆشی دەربارەی خۆشەویستی بۆ هێنابووم، تا بۆم بهۆنێتەوە! منیش بەر لەخۆم، حەزرەتی نوح-م بێدار کردەوە.

## تابلۆی  دیدەنیی  هیوما

ه ی و م آ... یان ( ئووم) یان ئامین، یان هەر پیتێکی پیرۆز. بەناوی ئەم وشانە سوێند دەخۆم؛ بە ڕاستی و بە جوانی و دادپەروەری. من سوێندتان بۆ دەخۆم بە یادیی دوریی کۆرپە لە دایک و کۆچەر لە وڵات. سوێندەکانی من هێندەی تابلۆکانم پڕن لە ڕەنگەکانی کەمان. ڕەنگەکانی کەمان شمشێری دادو یاساو پەیامە پیرۆزەکانی منن- و من نووری ڕەحمەتی تیشک ـ ڕەنگ دەپڕژێنم بەسەرتاندا. من شەڕ لە پەیامەکانمدا نییە و تۆمەت مەخەنە پاڵم.

چونکە من باوەڕم بە کێشمەکێشی  بەردەوامی نێوان خێر و شەڕی ئێوە نییە، و ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە مرۆڤایەتی هێشتا لە جیهاندا ـ لە بەرگی دڕندە و ئاژەڵدا دەژین، و هێشتا درۆ و ترس و ڕق ڕابەریی ژیانیان دەکات و زۆربەیان هێشتا ئەتاتوورک و هیتلەرو ستالین و سەددام و قەشەکان دەپەرستن. ئێوە هێشتا لە قۆناغی ئاژەڵی و دڕندەیی نەجاتتان نەبووە، جا من چۆن بێمە سەر ئایین و باوەڕی ئێوە؟!

ئێوە تەنها لە خواوەندێک پەرستاری دەکەن، نایپەرستن و کەچی تەنهای دەکەن! باوەڕتان بەو نییەو بە کوفر و سەربڕین و درۆو دزی و تاڵانکردن و داگیرکردن و تەعدا لە ناموسی گەلان- سووکایەتی بەخواوەندی پیرۆزی خۆتان دەکەن. منیش

تاوانبار دەکەن بەوەی کە شەریکم بۆ خواوەند پەیدا کردووە! دەشێت بەهەڵەدا نەچووبن، چونکە من باوەڕم بەو خێرو شەڕە سواوەی ئێوە نییە. من پەیامی پەلکەزێرینەو، دەنگ و ڕەنگی کەمان و مۆسیقای دادوەری و نەزم و ڕەزمی ئەبەدییەتم کردووە بە تیرو لە کەمانی پەلکەزێرینەم ناوە. من باوەڕم بە سامی شەپۆلەکان و لووڕەی باکان و قریشکەی ئاگر هەیە. دەشێت لە زمانی یەکتر حاڵی نەبین؛ بەڵام من تیری جوانی دەوەشێنم و کاتێک - سسسسم – تیرم ، دەروونی تاریکی دێوەکان دەبڕێت.. دێوەکان هەست بە شکۆی جوانی و مەزنیی ئاکار و مەتینی باوەڕم دەکەن. لەبەر خۆیانەوە بە واقوڕماوی و پەستی تەماشای یەکتری دەکەن و دەڵێن: ئای! خۆ زانستی هەستیش بوونی هەیە و دەشێت شتێکی جوان بێت!! جا با گوێ بۆ حەزرەتی جوانی شلبکەین؛ تا بزانیین باسی چیمان بۆ دەکات! قا قا پێدەکەنن و دێنە سەر خوان و لەگەڵ مندا نان و شەڕاب دەخۆن و بە ترسەوە پێم دەڵێن: نۆش!.

منیش خەندەیەک نیشانی دێوە میوانەکان دەدەم. بەوان دەفەرمووم: جوانی فریشتەیەکە لە منداڵ دەچێت. جوانی، پەرییەکی سەیرە! لە پەلکەزێرینە دروست بووە و ناوی" فریدایە". ئەو تەمەنی هەمیشە لە نێوان شەش و دوانزەدا دەنوێنێ و هەرگیز پیربوون لە ژیانیدا نییە. چونکە باوەڕی بە نوح هەبوو لەسەردەمەکانی دوای حەزرەتی ئادەم و حەوادا. جوانی- لەهەر ئافرەتێک دەچێت، دەتوانێت خۆی بە ویستی هەر ئافرەتێک جوان بکات. بەڵام کاتێک کە دەکەوێتە ناو دەروونی هەندێک لە دێوپەرستە هونەرمەندەکانەوە.. جوانی دەشیوێ و بەدمەست و سەرخۆش دەبێ و بۆنی ژەهراوی جگەرەو حەشیش و تلیاک و هیرۆیینی لێ دێت، بەمەش شێوە و جەوهەری دەگۆڕێت، دەبێت بە جادووکارو درۆزن و تەڵەکەباز.. پیرو کەنەفت و ڕەزیل و سەفیل و نەخۆش دەکەوێت. تا دەمرێت ناشادەو چێژ لە هیچ نابینێت، تەنانەت- بۆ تاکە جارێکیش لە ژیانیدا بیر لە خواوەند ناکاتەوە و دیارییەک پێشکەش بە خوای خۆی ناکات.

کە دێوەکان دێن بۆ لام، پێیان دەڵێم: سکۆڵ=نۆش= چێرچ= نەزدراڤەی! ئینجا باسی پیس بوونی ژینگەو فریشتە و پیسبوونی دەروونی دێوەکان و نەزانی نەفامیی خۆیان بۆ دەکەم.. پێیان دەفەرموم؛ فریشتەکانی جوانی پیس مەکەن و پریان مەکەن لە قیینی ڕەگەزپەرستی و تۆڵە و درۆ بوختان.. چونکە بەوە شەڕ لێتان دەباتەوە و جا هەرچەندە بەهێز بن، ناتوانن کەرامەتی من تێکشکێنن، چونکە من باوەڕم بە شەڕەکانتان نییە ئەی دێوەکان.

من، پەیامی هونەر و جوانی و عیشق ئازادیم پێیە و بە زمانی ڕەواو ماف و یاساکان دەدوێم و دەفەرمووم: من پەیامی پەلکەزێرینەو هەستی ئایینم. ئایین لە فەرهەنگی

جواناسیی مندا، دان بە شەڕدا نانێت. چونکە فریشتەی میهر گەر ئەمجارەیان لێتان تووڕە بێت؛ ئەوا بە شمشێری بەرق و ئاوێزە لەتلەت کوتکوتتان دەکاو توفانی ڕقی گریانی تووڕەی- لافاوێکی بێبڕانەوەتان بەسەردا هەڵدەکات. ئێوە هێشتا نەبوون بە مرۆڤ و وازتان لە جیهان و دۆخ و ڕەفتاری ئاژەڵئاساتان نەهێناوە. جا مرۆڤ ناتوانێت هەست بە بوونی خوا بکات؛ کاتێک کە خۆی لەگەڵ ئاژەڵ و دابی دارستانەکان لێکچوێنێت!.. کاتێک کە درۆ دەکا و بووە بە دێوو بە ئارەزوی خۆی، بە ناوی خوا و خواکانەوە سەری ئەم و ئەو دەبڕێت و زمانی پیاوچاکان دەبڕێت! من هەست بە پیسبوونی دەروون و باوەڕ و جەوهەرتان دەکەم و دەستە پیسەکانتان مەسوون بەسەر سروشتدا! بەڵام مەسیح گۆتەنی ئێوە خۆتان پیسن و سروشت بە پۆخڵ تەماشا دەکەن.. لە کاتێکدا کە شتەکان گشتیان بە سوودی مرۆڤ دروست بوون. شتەکان پاکن لە سەرچاوەدا. جا سوودی چییە پلە و پایەو شەوکەت و هێزتان. جا من فێری شۆرینی دەستەکانم نەبووم هێشتا لە ناوتاندا، چونکە دەستەکانی من پاکژن.

من سروشت چاودێرمە و خۆردایک و ڕووناکی باوک و مانگ و ئەستێرەکان هاوڕێ و هاوسۆزمن؛ و مێرولە و پەپوولە دەدوێنم و ڕێز لە باڵندە و چوارپێکان دەگرم. من سەر بۆ جوانی دەلەقێنم و جا هەرچییەکم پیادا هەڵدەدەن، دەربەست مەیەن. چونکە سروشت، بە چوار لەشکر و چوارچەکی مەتیین تر لەوانەی ئێوە چاودێریم دەکات و من لە ئێوە هەرگیز نەترساوم.

بە دێوەکان دەڵێم: ئێوە لە فەرموودەی پێغەمبەرەکانتان تێنەگەیشتوون و شەڕی خوا و خواکانتان بە من دەفرۆشن. جا جەنابی دێوەکان فێر بن: من شانازی بە پیس بوونی دەروون و نەمانی متمانەی نێوان مرۆڤەکان و لە ڕەگەزپەرستی و ڕق و تۆڵە تێناگەم. ئەمانە ئەو دێوانەن کە باپیرانتان چوونەتە نەبەرد دژیان.. چونکە ئەوان خۆپارێز بوون. بەر لەوەی داگیرکەر و تاڵانکەربن.. بەڵکو ئەوان نە داگیر کەرن نە تاڵانکەر، نە درۆ دەزانن نە تاوان.. چونکە ئەوان لە زەردەشتی ئاهوڕامازدا ناسن و توخنی شەڕ ناکەون. بەڵام دێوەکان بەسەریاندا زاڵن هێشتا و جیهانیش دان بە بوونیاندا نانێت. بەوان دەڵێن کوردی چیایی و دڕندە و ئاگر پەرست و شەیتان پەرست.

جا ئەمە تاوانە و سزاکەشی بەرۆکی خۆتان دەگرێتەوە. چونکە ئەوانیش دووپێن و دەدوێن و دەخۆن و دەڵێن وەک ئێوە.. ئەوان باوان و باپیران و پێغەمبەرەکانی ئێوەیان گۆش کردووە و دایەنی ئایینی پیرۆزی میترایی وبوودایی و یامایی و مەسیحایین و یوروبیایین. ئەوان لە وەچەی حەزرەتی نوحن. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو لە ئەندێشەی مندا.

بەوان دەفەرمووم، دەڵێم؛ ئەو گەردەی کە هارمۆنی نەبێت بە گەردێکی تر، ئاتاجی ناهارمۆنی بەدی دەهێنێت، هەندێک لە گەردیلەکان تێکەڵ بەیەک نابن و پێکەوە هەڵناکەن و هەر یەکەیان خەریکی پاراستنی بەقای خۆیەتی! ئەمە لە ڕووی کیمیاییەوە. گەردەکان بەد، و بە مەبەستی ناجۆر تێکەڵ بەیەک مەکەن. چونکە سروشت دەشێت لێتان تووڕە بێت.

بەوان دەفەرمووم: من باوەڕم بەو جیهانە نییە، کە هێشتا ترس ڕابەریی دەکات. ترس دێویکە، لەمێژە مرۆڤی داگیر کردووە. ترس، مەرگی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ سەر ئەم سروشتە پیرۆزە.. ئەو کاتەی کە مرۆڤ فێری ئاخاوتن بوو و پاشان درۆی کرد. چونکە هەموو پێغەمبەرەکان هاتن و فەرموویان : درۆ دوژمنی خوایە. درۆزن دێوە. مرۆڤی درۆزن، ناگات بە کەماڵ. جا چۆن بتوانم لەناوتاندا هەست بە ئامان بکەم!

مێولەیەک خۆی خزادە ناو قوڵی کراسەکەم.. فەرمووی: سڵاو لە گیانی پاکی فریشتەکانی ناو سەرت. سڵاو لە هیوما و ئاهوڕامازداو پێغەمبەری هەموو ئایینە پیرۆزەکان، سڵاو لە پەلکەزێرینەو پەیامی جوانی و حەق و ڕاستی و دادپەروەری. سڵاو لە کرداری جوان و بیری جوان و ووتاری جوان.. سڵاو لە ڕاسی و مرۆڤپەروەری و ئازدی!.. فەرمووم: سڵاو!.. مێرولەکە فەرموی: لە دێوەکان نەترسیت ها! دەنا خواوەندی ئێمە باوەڕی پێت نامێنێت. فەرموم: پشت بە هونەر و جوانی و عیشق و ئازادی، من لە هەستەکانی خۆم تێدەگەم.

مێرولەکە فەرمووی: بوونەوەر دووپات خۆی دەڕێسێتەوە.. جادووەکان دەبەزن و مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر باوەڕی باوان و پێغەمبەرەکان و دێوەکانیش لەوپەڕی دەسەڵاتیاندا، لەناو دەچن. چونکە بەو شەڕەی دایان هێنا، بەو چەکەی دایانهێناو زۆریان کردو بە تاڵانیان فرۆشت، خۆیان لەناو دەبەن بەر لە دوژمنەکانیان. جا کاتی ئەوە هاتووە ئێران و کوردان ببنەوە بە یەک و واز لە ئایینی سەپاو بەسەریاندا بهێنن، دەنا سرووش و بەهمەن و هیوما و مەزدا و ئاهورا و ئازەر و زامیاد تووڕە دەبن لێیان. دەنا میهرداد – و سپەندرامز پشتتان تێدەکەن و- گەرزەمان- تەفرووتونا دەکات بەسەرتاندا. بگەڕێنەوە سەر ئایینی پاکی و ڕاستی و بەخشندەیی و خۆنەویستیتان.

ئەو مێرولە تاک باڵە، باڵشکاوەی کە هات بۆ لام فەرمووی: ئەگەر خوا غەزەب لە دێو بگرێت، ئەوا ئێمە پاڵپشتی تۆین ئەی حەزرەتی نوح، ئەی پیرشالیار- ئێمە دژی ئەوان بەر لە سروشت و خۆر- ڕادەپەڕین. جا ئێمە سوپاسگوزاری تۆین کە دەبینیین، بەلاماندا دەڕۆی و سڵاو و دروودمان ئاراستە دەکەی، ئێمە لەسەر باوەڕی تۆین.

فەرموم، هەست دەکەم دێوەکان عیشقیان زامدار کردووم- هەست دەکەم وا خەریکە عیشقم بەبا دەچێت. فەرمووی: عیشقی تۆ هێندەی بوونەوەر مەزنە و ئەگەر شیرازەی عیشق تێک بچێت؛ ئەوا بوونەوەر بەلادا دێت.. فەرمووم: مرۆڤ دەبێت فێر بێت، ئەگەر گەنجینەکانی هەموو جیهانی بە پاداشت پێ بدرێت، نابێت دەست بۆ عیشقی مرۆڤێکی تر بە هەڵە بەرێت، چونکە بەوە، بووبەوەر دەڕەنجێت، چونکە عیشقێک لەناو دەچێت.

دێوەکان پێم پێکەنین، وتیان تۆ شێتی، یان وادارییی ئەوە دەکەیت کە لەناوماندا لە ئێمە چاتریت! فەرمووم ؛بەڵێ.. چونکە من بە باوەڕێکی مەتینەوە لە خۆم خۆش بووم و قەتڵ و بێناموسی و درۆی ڕەشم نەکردووە. خۆپەرستیم ناوەتە لاوە.. لە جوانیدا ئامانجی توانەوەم هەیە.

ووتیان: خۆ تۆش خراپەت کردووە.. فەرمووم: مرۆڤ نییە خەتا نەکات.. بەڵام خەتاکان نابێت بگەنە ئاستی تەعدا و هەتککردنی شەڕەف و داگیرکردنی ماڵ و وڵاتان و تاڵانکردنی سامانی میللەتان و تڕۆکردنی مرۆڤ لە دیار و زێدی باوانی. من لەم کارو خەتایانەم نەکردووە و فێریشی نابم.

ووتیان؛ بەهێز  هەمیشە لاوازی خواردووە. فەرمووم: جا لەو ڕۆژە بترسن کە لاوازی ببێت بە داب و کەلتوور و سەرمایە و تواناتان.

ووتیان تۆ تووڕەمان دەکەیت. فەرمووم: من هەست بە لاوازیی خۆم دەکەم، بەڵام نەکەن وا تێبگەن کە دەتوانن بەشەڕ عیشق و ئازادی بۆ خۆتان و نەوەکانتان زامن بکەن! دێوەکان تووڕە بوون لێم. قەبارەی درۆکانیان مەزنتر کرد و پێیان ووتم: ئەگەر وا بڕوات، ئەوا ژیانت لە مەترسییدایە. فەرمووم: دەزانم.

لەوێدا بوو کە ئاسمانی یەکەم- زرم، گرمەی لێهەستاو بوو بە دوو کەرتەوە و قریشکە و زایەڵە و تروسکەی دڵ و دەروون و گیانی ئەناهینا گوێی ئاسمانی حەوتەمی کاس کرد.. ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە.. من، نیوەی لەشم لە زیندانەکەدا جیقی دەردەهات بەدەست ڕقی کەڵبەی دێوەکانەوە . هەستم دەکرد، لەوەتەی هەم، بەدوای شتێکی یەقین و بێخەوش و جوان و پیرۆزو ئیلهامبەخشدا دەگەڕێم.. کەچی سەیر دەکەم بە دوای نیوەی لەشی وونبووما دەگەڕێم.

خواوەندی پیرۆزی مەزنی ئەناهینای فریشتە و دایکی سرۆش- دابەزی ، و گوێم لە زریکە و بروسکەو قریشکەی بوو.. بەڵێ ئەو، هات و دابەزی و لە غەیبەوە کەوتە دیار.. دەستی خستە ژێر چەنەی و بە سەرسوڕماوی فەرمووی: ئای کوڕی گەورەم، ئەوە بۆ واتلێهاتووە؟ بۆ هێندە ئاوارەو بێکەس و ڕەنجەڕۆی، کوڕم؟ ئەوە تۆی وا

وەها بووی بە دووکەرتەوە؟ ئەی پێم نەگووتی نەکەی کوڕم مەگەڕێرەوە ناو دێوەکان! ئاخر دێوەکان خواکان و ئاهورامازدای مەزن ناناسن. ئەمە سزای هەر مرۆڤێکە کوڕم.. گلەییش لە جارەنووس نەکەیت.

لەوێدا بوو هیوما- فریشتەی باڵزێڕین و جوانترین هونەری بوونەوەر- دابەزی و باڵەکانی ڕێک ڕاگرت و سەری بۆ من و بۆ ئەناهینای فریشتەی نەجات دانەواند و منیش هەردوو پارچەکانی لەشم یەکیانگرتەوە، شەرق و غەربم تێکەڵ بوونەوە بە یەک. لەوێدا بوو کە خۆمم بۆ جاری دووەم بووراندەوە، و ئەویش بێداری کردمەوەو کەمێک شەرابی لە گیای پیرۆزی نەمری، گیای هیوما-تێکەڵ بە شیر کرد بە دەممەوەو فەرمووی: ئەمە شەرابی مەزد و ئازەرو کردگاری پێغەمبەرەکان گشتیانە. ئەم شەرابە دەتهێنێتەوە هۆش. منیش سەرمنا بە پێکی پەرجووەوە" گراڵ".. ئینجا بیناییم ڕۆشن بووەوە، چونکە دێوەکان چاویلکەی خۆیان نابووە بان چاوانم. بەڵام بە نۆشینی ئەو پێکە پیرۆزەو شەرابی فەڕ؛ پڕبوومەوە لەو کەرامەتانەی کە پێغەمبەرەکان هەیانبوو. کەمێک دەستم گرت بە چاوانمەوەو پاشان ڕوانیم!.. بە ڕوانینێکی مەتین و بەهێز و شکست نەخۆر، تەماشای سک و ناوکی دیاری حەزرەتی ئەناهینام-کرد، چونکە ئەو پەڵە هەورە ڕۆشنەکان و سەرپۆشی پەلکەزێڕینەی دابوو بەسەر مەمکەکان و لامل و سک و ڕەحمیدا! بەڵام من لە تەماشای ناوک و سکی ئەودا، سەرمسووڕماو لە غەیبا وونبووم.. بووم بە گوڵە پەپوولەو بەسەر ژیاندا پەرش بووم، وەک پەیکەرێک لە ملیاردەها پەپوولەی سپی؛ پەرش دەبووم لە پەیکەری سپی سپیی خۆمدا و دەبووم بە ملیاردەها پیر شالیاری بچووک.. بینیم، هەرچی ماریاکان و مەسیحەکانی ناو تابلۆهونەرییەکانی مۆزەخانەکانی جیهان- گشتیان هانا بۆ لای ئێمە دەهێنن.. بینیم، دێوەکان مرۆڤ پڕ دەکەن لە باروت و بە ناوی خواکانەوە بە حەوادا دەیانتەقێننەوە! بینیم ئەنفال دەستی بەسەر میللەتی نوحدا گرتووە و مرۆڤ بە زەهر دەرمانخوارد دەکرێ و لە ڕۆژئاوادا زیاتر مرۆڤ ناچاری خودکوژی دەکرێت.. بینیم ڕاستی و ڕاستەقینە وکاری فریشتە و دێوەکان. ئەناهینا، بوونەوەری لە ناو ناوکی خۆیدا نیشاندام و هەستم بە ڕوانی درەختی زەمان کرد لەسەر سەرم. ئیتر لە گوناحەکانی خۆم خۆشبووم.

هەر لەوێشدا بوو، زمانم پژا بە حەق و دادپەروەری وچاوم خشاندەوە بە یاساکاندا، و یادم هاتەوە، کە من هەژدە دانە ساڵە لە ناو میللەتێکدا دەژیم و دیلم کە هێشتا فێری خەندەنیشاندان نەبوون بەرامبەر بە باوک و باپیرانی خۆیان. هەستمکرد من لە زیندانەکانی دێوەکاندا زیندانی گومان و کینە و ترس و ڕکی ئەوانم! ئیتر تەنها هەر هێندەم لەدەست دەهات بنووم و خەو بە ژیان و گیان و دین و ڕەوان و پەیامی بوونەوەرەوە ببینم. خەونەکانم بوبوون بە نیشتیمانێکی نوێ و هەستم بە ئاسوودەیی دەروون دەکرد لە خەونەکانمدا. لەوێدا بوو پیرێک، واتە پیرشالیار یان فریشتەی

هیوما هات و بێداری کردمەوەو فەرمووی:" کوڕم، ئەوە بۆ خۆت بێهۆش دەکەی؟ لەچی؟ لەکێ دەترسیت ڕۆڵەم؟!" فەرمووم: لە گومان و ترس و کینەو بەدبینی و ڕەگەزپەرستیی دێوەکان، لێرە لە خێرو شەڕی تێکەڵبوو بەیەکتری دەترسم. فەرموی: کەواتە کەوتوویتەتە ناو چەرخی دێوەکان و هاتنە دەرەوەت بۆ نییە! بەڵام نەترسی کوڕم، بوێر و جەنگاوەر بە وەک باوانی خۆت بجۆرە نەبەرد! شمشێری فەرموودەکانت هەڵکێشەو هەر ووتارو گفتارێکی دێوەکان هەیە، بە تیغی شمشێری پەلکەزێرینە ببڕە و ئەوان فێری زانستی خامۆش بکە.. بەوان بڵێ، خەندەکان شیفای هەموو نەخۆشییەکان دەکەن. جا خۆتان ڕووسپی بکەن و دەست بگرن بە میراتی هزریی باوانتانەوە. پێیان بفەرموو، من فەرموودەو پەیام ونەخشەی بوونەوەرم لە هەستی باکان و بروسکەی چەخماخەو نیگای تەماشای فریداو ئەناهیناو ماریادا بینیوە و ئەوان زانستی من چاک و جوان دەکەن و پرچی سرۆش و ئیلهامی فریشتەکانم شانە دەکەن. پێیان بڵێ: من هەم و هەمیشەییم دیوە.

لەوێدا بوو پەیامی خواکان هاتە خەوم و تا ئێستا شەش ساڵی ڕەبەقە لەو زانستەدا دیم و دەچم و فێرگەم تەماشای منداڵ و جریوەی مەل و نمەی باران و تەماشای ڕەحمەتی ئەو خەندانەیە کە جار ناجار منداڵێک تێم دەگرێت.. چونکە خەندەکان گیانیان تیایە و گیان لە خەندەدا دەژی- واتە مەملەکەتی گیان و ڕەوانی گیان لە خەندەی سەر لێوی ئافرەتی دڵسۆز و جوان خاوەن کەرامەتدایە. ئەو ئافرەتانەی کە سەر بۆ فەرموودەکانم دەلەقێنن و دەڵێن: بەڵێ، ئەمە پەیامی پیرۆزە چاوەڕوانکراوەکانە، دادەبەزن.

من قوتابیی باکان و گوڵ و گیاکان و فریشتەکانی خەندەکانم. ئاسمانەکان تەسبیحێکن لە گەردنی ئەناهینای بەشکۆ، ئەو پێتان دەفەرموێت: ڕێز لە خواکان و خواوەندی یەکتری بگرن. چونکە هەر کەسەو بە ئازادیی و ویست و ویژدانی خۆی خواوەند بۆ خۆی یەقین و گریمان دەکات. خوای کەستان لە هی ئەویترتان زیاتر نییە، گەر باس لە چاکەکانتان بکەن. بەڵام نەکەن سەرتان لێ تێک بچێت و دا بزانن کە خواوەندی دێوی درۆ و بوختان و شەڕ بەهێزترە لەوانەی خۆتان!.. نەکەن وا بزانن کە دەسەڵات ئامرازە بۆ تەڵەکە و جامبازی و جادووگەری. نەکەن مافەکان ئاوەژو بکەنەوە؛ چونکە دەمی ژیانتان خوار دەبێت.

لەو کاتەوە، پەیامەکان خۆیان لە مندا دەچنن و فریشتەکان دێن بە میوانیی خەونەکانم و دێوەکانیش جاسووسیم بەسەرەوە دەکەن و مێمڵێم دەکەن، وا دەزانن من شێت بووم. منیش لە هەستی مرۆڤێکی هونەرمەنددا، تەماشا دەکەم و دەنووسم و خەونەکان دەهۆنمەوەو و دڵنیاشم کە هەموو هونەرمەندانی جیهان، بە گشتیان ناتوانن وێنەی یەکێک لەو خەونانەی من وێنە بکێشن. دڵنیام و دووبارە دەڵێم: ئەگەر

بێت و هەموو هونەرمەندانی جیهان پێکەوە یەکبگرن؛ ناتوانن تەنها یەک وێنەی خەونی، ساتی شەوێکی من وێنە بکێشن.. چونکە من دەبم بە ملیارەها، سەدان هەزار ملیۆن پارچەی هەمەڕەنگەوە و بە جیهاندا پەخش دەبم.

ئیتر چیبێت لە ئێوە نهێنی، لەو کاتەوە من بووم بەو مرۆڤەی کە لە خەون و ڕاستیدا بێدارەو سوورم لەسەر ڕاستیی ئەو پەیامانەی بەمن دەگەن. هەست دەکەم سرۆش و بەهرەی جوانیم هێندە گۆش بووە، کە دەشێت بەرگەی وەرگرتن و تۆماری گشتیان نەگرم. دەشێت نەتوانم لەم لەشە وەرزو زیندانکراوەدا هەست بە ئامان بکەم، چونکە دێوەکان زۆر تەنهام دەکەن. هەڕەشەی ئەوەشم لێ دەکەن کە ناتوانم سیستەمی ئەوان بگۆڕم! منیش پێیان دەفەرمووم: نەک من، بەڵکو خودی خواوەندیش وا خەریکە کۆڵ دەداو پشت دەکاتە شەڕەکانتان. وا نەزانن ئێمە هێندە بەخشندە و بە بەزەیین لە بەرامبەر دەسەڵاتفرۆشی و فیزو شەڕی دێوەکاندا.

ئیتر، تەنها خەونەکان و ئازادییەکی خۆکرد شک دەبەم تا لەناویاندا هەست بە ئاسوودەیی بکەم.. چونکە بێوڵات و بێئاڵاو بێهاوڕێ و بێکەسم. هیوما= فریشتەی پەیامی ئاهوڕامازدا- تەماشایەکی بەسۆزی حەزرەتی ئەناهینای کرد کە لە ئاسماندا خەریکی هۆنینەوەی پرچی پەخشان وئاڵتوون ڕەنگی بوو. فەرمووی: جا کوڕم تۆ وڵات و دیارو خاکت بۆ چییە!؟ هەر هەموو ئەوانە ناوی دێوو جانەوەری شەڕن.. باس لە وڵاتپەرستی و ئاڵاپەرستی و ئایینی شەڕو زۆرو درۆو تەعدا بهێنن.. بەڵام لە پێناوی ئازادیتاندا هەڵمەکوتنە سەر کەرامەتی و خاک و ماڵی یەکتر. ئەگەر ئازادیی گەلانت دەوێت، ئەوە ئامانجی بوونەوەرە- دڵنیابە کوڕم، تا ئەو کاتەی مرۆڤ بە جنێوو بە بۆمباو باروت و چەکی ئەتۆم بدوێت، مرۆڤ نییە و جانەوەرێکی دزێوی دێوو تاریکە و لە چەهەنەمی خۆیدا مەحکوومە بەوەی کە دەیکات. نەکەی بیر لە گەل و هۆزو نەتەوە پەرستی بکەیتەوە، چونکە وڵاتی تۆ خەندەی سەر لێوی فریشتەکانە. بڕۆ، تا چاو بڕ دەکات تەماشا بکە و بگەڕێ بە دوای لوتف و نوتفەی خەندەی ئادەمیزادێکدا کە ڕاستگۆیانە تەماشات دەکات و دەخەندێ و سەر بۆ کەرامەتت دەلەقێنێت.

کاتێک لە جێگای خۆم بزوام! هەستم بە تامی خۆش و بەهرەی ئەو شەرابە کرد کە هیوما نایە سەر لێوم.. لەبەر خۆمەوە دەمفەرموو: ئامین، ئێلیا، پیرشالیار، زەردەشت، جوبرائیل، میکائیل، داود، یونس، یوسف، یەعقوب، ئەییوب، صالح، عیسا، مووسا، ئیبراهیم، ئادەم، نوح، ئاهوڕامازدا، ئادەم، سولەیمان، یونس، دانیال، سەلام، لوط، ئەشعیا، زەکەریا، سام و حام، لەیث وهەرچییەک کە بە زارمدا دەهات!!!

ئیتر لەو کاتەوە، وەرزەکان تێکەڵ و پێکەڵ و دووپات دەبنەوە، هەر وەکوو چرکە و کاژێر و ڕۆژەکان.. لەو کاتەوە دەستم لە بوون و ژیان و خۆشیی خۆم هەڵگرتووە و

دەمەوێت باسی داستانی ئەو ساتەتان بۆ بکەم کە بوونەوەر بوو بە دووکەرتەوە و کات وەستاو زرمە لە ئەزەلمەوە هەستا.. کە ئاسمان بوو بە دوو کەرتەوە و باڵندەیەکی عیقاب شێوەم بینی خۆی دەگۆڕی بە جاڵجاڵۆکەو بوونەوەری تەون و ڕێس دەکرد لە یاد و هۆشی مندا.. لەقلەقێک هات و پەیامی منداڵان و پەلەوەران و گیانلەبەرانی گیاندارو نەباتی پێ سپاردم. مێرولەکان هاتن و تێم وروکان و دەیانویست لە لێوی من بووروکێن و تامی زەڕڕاتی ئەو شەرابە بچێژن کە هیوما کردی بە دەممەوە. ئیتر بێدار دەبوومەوە. هەموو چرکەیەکیش سواری کەشتییەک دەبووم و دەگەڕامەوە ناو ئەو خاک و قسن و پەرستگایەی باپیرانم، کە منیان تیا زاند.
خەونەکانم فێریان دەکردم کە سوور بم لە داوای ئازادیی گەلان و جیهان و ئادەمیزادەکان.

هەموو جارێکیش کە ئەناهینا دێتە خەونم و خۆی بە هەر ئافرەتێک نمایش دەکات لە نزرگەی مندا، بێدڵیم ناکات.. دەست بەسەرمدا دەهێنێ و دەفەرموێت: من ئازادت دەکەم.. چونکە من تۆم لە ئازادی داهێناوە. من دەتوانم بە دێوەکانی تورک و عەرەب و ئینگلیز و فارس و ڕووس بڵێم؛ دەست لە بەرۆکی میللەتی نوح بەردەن و هێندە زەجرو ئاوارەو گیرۆدە و زەلیلیان مەکەن. لەگەڵ ئێوەمە ئەی گەلانی تورک و فارس و عەرەب و ئینگلیز؛ لەگەڵ ئێوەمە ئەی دێوە زلهێزەکانی جیهان، ئەی دێوە هەشت سەرەکان، ئەناهینای دادپەروەرو سرۆش داهێنەر پێتان دەفەرموێت: کوا، ئێوە هێشتا ئازاد نەبوون! دەی هیمەتێ بدەنە بەر خۆتان و میللەتی نوح ئازاد بکەن، چونکە ئاهوڕامازدا لێتان زویرە و خواکانتان وازیان لە پەیکەری لەشتان هێناوە و تەلیسمی خوایەتیتان تیا نەماوە. چونکە یادەکانتان ژەنگی خۆپەرستیی لێنیشتووە و لەیادتان نەماوە کە ئارارات و زاگرۆس کەعبەی پیرۆز و لانکی پێغەمبەرەکانتانە و ئێوە هیچتان لە بیر نەماوە. هەستە کوڕم، بڕۆ بە جیهان بڵێ: لەگەڵ هەموو خەوشەکانمدا، من لە ئێوە چاترم، چونکە من ڕاست پەرست و داد پەرست و جیهانپەروەر و ئادەمیزاد ناسم. من پەیامی جوانی و سرۆشی هونەرم. ئێوەش منتان مەحکوم کردووە بە زیندان.

وەهایان فەرموو هیوما= پیرشالیار= ئاهوڕامازدا، میهر، خواوەندو خواکان و بت و فریشتە و مێرولەکان. ئەمانە گشتیان پەیامی بوونەوەرن لە کەرامەتی مندا. هونەریش شانازی ناکات بە ڕەوشتی دێوەکانەوە.. چونکە ئادەمیزاد گەلێک سامناک و بەهێز و دلێر و خاوەن کەرامەتە.. درێغی لە خۆتان و لە جیهان مەکەن. ئێوە هێشتا ئازاد نەبوون.

کات وەستابوو.. ئەمساڵیش پارو پێرارو بەسرپێراریش وەک ئەمساڵ بەڕێوە دەچوو! من هێشتا لە زیندانی گومانەکانی مەملەکەتی بەفردا بووم!

مێرولەکان؛ مێرولە سپی‌یەکان تیم وروکابوون.. بە هەموویان لە چاوتروکانێکدا سەر تاپای منیان داپۆشی؛ دەتگووت تەرمێکی سپیی ڕۆشنم! ڕێگاکان بە ڕێچکەی مێرولەکان سپی سپی دادەپۆشران.. هەستم دەکرد- ترس - دەروونی منی بەجێ هێشتووە.. هەستم دەکرد کەرامەتم تەواو گۆش بووە.

کۆمەڵێک حەزرەتی مەسیح وحەزرەتی ماریام بینی.. گشتیان لەمن دەچوون، من لەوان دا ئەوان لەمن دا زۆر دەبووین.. دەمبینی دەست بۆگیانم دەبەن.. لەناو نهۆمی حەوتەمی کەشتییەکەدا خۆمم دەبینی ڕاکشاوم - لەبەر دەستی ئەواندا.. دەمبینی مێرولەکان گشتیان خەریکی هێنانی دەزوولەکانی تیشکن – لەگیانی من. گشتیان خەریکی چنینی کاڵای بەری من بوون. ئەوان لەکار کردن ماندوو نەدەبوون.. بەردەوام لەتەنافەکانی سەرم وەک گلۆڵە دڵیان دەچنی.. سەیر بوو لەلام هەستم دەکرد لەگلۆڵەی سپی دەچم، لە گلۆلەی تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی سپی.. ئەوان شیش وخورییان لەدەست بوو، دڵیان لەگلۆڵەی تەنافەکانی من دەچنی.. دڵی سپی سپی.. پاشان دەمبینی دڵەکان دەڕوێنن، خوودی حەزرەتی مەسیح دڵە سپییەکانی لە دەستی ماریاکان وەردەگرت ودەپرواندن.. دەمبینی دڵەکان زۆر دەبن!

بینیم بانگم دەکەن.. لەهەمان کاتدا کە بانگیان دەکردم، من خۆمم نەدەدی! نەمدەزانی لەکوێم! لێیان دوور بووم ! کەچی لەبەر دەستیشیاندا بووم! چونکە هەڵیان دەوەشاندم و دەیانچنیم.. سەرگەرمی چنینەوەی هەڵوەشاندنەوە بوون ئەوان.. من کەمم نە دەکرد.. بەڵام زۆر دەبووم.

بیرم لەدواپارچەی خەونەکانم دەکردەوە.. یادم دەهاتەوە کە لەکۆی پایتەختی وڵاتەکانی هەموو جیهاندا.. ڕێگەیەکی ڕۆشنم دەدی.. دەمبینی هەموو ئافرەتانی جیهان، هەموو جوانەکانی جیهان، هەموو خێر خواکانی جیهان ڕژابوونە سەر شەقامەکان! خۆیان نیشان دەدا دژی دێوەکان.. دەیانفەرموو: ئازادی بۆ هەموو میللەتانی سەرڕووی زەوی.. ئاشتی وئازادی وعیشق بۆ جیهان، بۆ ژیان بۆ مرۆڤایەتی.

## تابلۆی پەیامی بوونەوەر

هەر لەو کاتەدا کە گیانی فریشتەی هەمیشەیی و نەمر هات، واتە هیوما= پیرشالیار، و کۆی پێغەمبەرەکان- کە زۆربەیانم نەدەناسی و هەندێکیان دەهاتنە خەوم، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا ئەوان، نەگەییبوون بە هەمیشەیی، لای من شایانی باس و گرنگی نەبوون؛ چونکە لەو پێغەمبەرانەن کە دۆعای خراپیان لە میللەتەکەیان کردبوو! واتە پەیامبەری ئەوانەی کە تەواو تیا چوون و بوون بە بەردو مەیموون و بەرازو خاک و خۆڵ!

لەو کاتەدا من لاکەی تری لەشی خۆمم دۆزیبووەوە؛ کەچی باوەڕم نەدەکرد کە هێشتا زیندووم و قەبارەی خۆمم نەدەبینی! چونکە لە زیندانی گومانی دێوەکانی مەملەکەتی بەفردا- من هەستم بە زەجرێکی ناخۆش دەکرد و دڵم دەگوشرا! هەر بە خەو، ڕۆژی دەیان چەپکەگوڵم دەبەخشییەوە بەسەر دێوپەرستەکانی ناسیاوو پاسەوانی زیندان و منداڵانی بێنازدا.. هەر بە خەو هەر ڕۆژەو دەکەوتمە وێزەی یاسایەک یان نەرێتێکی ناباو؛ یان فەلسەفەکەم ڕەت دەکردەوەو، هەر ڕۆژەو بە زانستێکی نوێی کەماڵ و جوانی ڕووبەڕوی ژیان و بوون و دەروون و گیان و دووناودوون( واتە گواستنەوەی گیان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر) دەبوومەوە.. ڕۆژی سەدان جار دەگەڕامەوە بۆ ئارارات تا لەسەر کۆنترین خاکی نیشتەجێم- سەربنێمەوە. چونکە ژیان و خۆشی و ئاوات و خۆزگەکانم لە چنگی دێوەکانی مەملەکەتی بەفردا- دەفلیقایەوە. هەر لە خەودا- هەموو ڕۆژێک، خۆمم کۆ دەکردەوەو کەشکۆڵم دەکردە شان و وەلی و نالی و مەحوی ئاسا؛ دەگەڕام و تەماشای هەورامان و سۆران و بادینان و مەهابادو ئاکرێ و دهۆک و قامیشلی و تەماشای دیاربەکرو ماردین و چەتەلهیووک-م دەکرد. دەچوومە سەر مەزاری نەمروود و بەوم دەفەرموو: هەی نەزان؛ نەتتوانی لەشەڕەکانتا و لەوپەڕی دەسەڵاتتدا، لە مێشوولەکان بەریتەوە. هەی نەگبەت، وەچەی تۆ هێشتا لەناو دێوەکاندا زۆرەو هێشتا داگیرکەرو خوێنڕێژ و سەربڕو زمانبڕن!

بەڵێ.. ڕۆژ نەبوو لە خەونەکانمدا کۆچ نەکەم بۆ سەر مەزاری خۆم.. چونکە حەزم دەکرد لەوێ گیانی خۆم بە خاک و ئاسمان و ئاگر و ڕووناکی و بوونەوەر بسپێرم. هەندێک جار، خۆمم دەبینی لە لا ڕێگەیەکی چەپەری یەکێک لە شەقامەکانی ئەوروپادا؛ یان لە ناو توونێلێکدا، ڕەق بوومەتەوەو لەبری درەختی زەمان، درەختی زووقم یان شەختە لە هەناسەی تەزیوم لەسەر سەرم ڕواوە- و ڕەق بوومەتەوە! هەندێکجاری تر، خۆمم دەبینی گورگ دەمخوات! یان دێوەکان دێن و تیرۆرم دەکەن و دەمڕفێنن و تا ئەوپەڕی ئازار- ئەشکەنجەم دەدەن و هەنجن هەنجنم دەکەن! هەندێک

جاری دیکەش، هەر لەخەونمدا- دەمبینی فریشتەیەک دێتە سەر ڕێم و دەفەرموێت: "بەڕێز ئەی حەزرەتی نوح، ئەی بێ ماڵ و ئاڵاو وڵات، وەرە من بکە بە نیشتیمانی خۆت و واز لە شەڕی تورک و عەرەب و فارس بهێنە."

منیش دەمفەرموو: گەورەم، ئەی خاوەن باوەڕ، ئەگەر باوەڕت بە خواوەندو بە هەمیشەیی و سەرکەوتنی خێر هەیە، وەرە ببە بە هاوسەر، یان هاوڕێ، یان کچ، یان دایک.. ئەگەر نێرینەش بێتە سەرڕێگەم، هەمان شت، بەوانیش دەفەرمووم؛ ئێوە گشتتان کوڕو باوک و براو هاوخوێنی منن.

فریشتەکەش دەترساو ڕووی دەکردەوە دێوەکان و دەیگووت: جا کەی مرۆڤ هێندە بە جەرگ بووە تا ئاڵای ئاشتی و جیهانی و خێر-بەرز بکاتەوە؟.. منیش هەر لە خەونمدا، دەمفەرموو: من.

ئەوسا لە پڕ بێدار دەبوومەوە و هەستم بە کەمی دەکرد، نەک بۆ خۆم؛ بەڵکو هەستم بە کەمیی بێباوەڕی ئەوانە دەکرد کە دەهاتنە سەر ڕێ و دەیانپرسی: جەناب، تۆ کێیت؟

من دەیانجاری تریش دڵنیاتان دەکەمەوە، کە خەونەکانی من هێندە قولن، کە لە تابلۆکان و وشەکاندا جێگەیان نابێتەوە.. چونکە بینینی فریشتەی هیومای نەمر و پەیام هێنەر- پەیامێکی لە بوونەوەرەوە پێبوو بۆ من. فەرمووی: سڵاو لە هەر بوونەوەرێکی ڕاستگۆ و جواناس و هزر پەرست. سڵاو لە داد و ماف و ئازادی. سڵاو لە باوک و کوڕو گیانی پەتی. سڵاو لەوەی جوانی کرد، جوانی ووت، و جوان تێفکری.. بوونەوەر مەتینە و سووڕی ژیان بەرەو دووپاتبوونەوە دەچێت. بوونەوەر لە هزرێکی تردا خۆی تەون دەکاتەوە. جا ڕاستە کە نوح لە تۆدا ژیاوەتەوە، یان ڕواوەتەوە= واتە دووناودوون لە تۆدا بەدیهاتووە؛ واتە یان نەسخ و مەسخ و ڕەسخ و فەسخ بەسەر ژیانتا دێت =( لە باوەڕی یارساکاندا پرۆسەی دووناودوون بریتییە لەو ژیانانەی کە گیانی مرۆڤ لە ماوەی هەزارو یەک جار گۆڕانی تەمەنیدا بەسەری دەبات.. تا دەگات بە جاویدانی و هەمیشەیی زامن دەکات، بۆیە چوار جۆر گەڕای گیانی هەیە کە یەکەمیان نەسخ-ە واتە گەڕانەوەی گیانی مرۆڤ بۆ ناو گیانی مرۆڤ= ڕەینکارنەیشن. دووەم مەسخ-ە واتە گەڕانەوەی گیان بۆ ناو لەشی گیانلەبەرانی چوارپێ. ئینجا ڕەسخ= واتە بوون بە نەبات و گوڵ و گیاو ڕووەک.. پاشان فەسخ- واتە بوون بە جانەوەر و مێروی چزودار) هەست بە کەمی مەکە کوڕم! بوونەوەر چاوەڕوانی یەکلابوونەوەی هەڵوێستی تۆ دەکات!.. بەڵێ، هیوما- فەرمووی: تۆ خۆت لە خۆڕا دەڕەنجێنی، چونکە خەونەکانن بەهەشتی هەمیشەیی و ئەبەدین.. ئەی نەتبیستووە کە دەڵێن لە بەهەشتا؛ خەونەکانی مرۆڤی ڕاستگۆ و پاک و خواناس و

ڕێناس- دێتەدی؟! چاوەڕوانی چییت کوڕم؟ لەچی دەترسیت؟ چی شک دەبەی لەو زیندانەدا، وا تەمەنی تیادا بە خۆڕایی تیا بەسەر دەبەی؟!

منیش شەوێکیان هەر لە خەوما، بەوم فەرموو: ئەی دادو مافناس و نەمر، من خاوەنی سێ گیانی بێکەسم، سێ مرۆڤ، یەکەمیان حەزرەتی ماریا، یان سارا-ی هاوسەرم، و دووەمیان یوسف و سێیەم داڤید- ی کوڕم!.. ناتوانم بەبێ باوک ئەوان وەل بکەم و چاوەڕێم تا کەمێک فام دەکەن، و دەشێت ئەوانیش پشتم تێ بکەن، ئەوسا دەتوانم هەستمە سەر پێ و هەرچۆنێک بێت تەکان بدەمە بەر خۆم. فەرمووی: ڕاست دەکەی، باوکایەتی ئەرکێکی گەلێک مەزنە- بەڵام تۆ موڵکی ژیان و بوونەوەر و سروشتیت. فەرمووم: تکایە ناچارم مەکە بێهەست بم بەرامبەریان. چونکە ئەوان دوو مرۆڤی گەلێک سامناک و جوان و پیرۆز و چاکن،، حەز ناکەم دێوەکان فێری پەیامی خۆپەرستی و هەستکردن بە کەمی و درۆیان بکەن. فەرمووی: ئەگەر لێم ببوریت، بوونەوەر خەندە دەیگرێت. فەرمووم: خۆت دەزانیت کە لێبووردنم هێندەی ئاسمانەکان بەرینە. خۆ تۆی نەمر و مەزن، نە درۆت کرد، نە تاوان- من لەوانە خۆش نابم کە درۆیان کردووە بە پیشە و کەلتوور و ڕێباز و ئامانج.

هیوما فەرمووی: ئێمە مرۆڤی مەزنیش تاقی دەکەینەوە. فەرمووم: سڵاو لە کرداری جوان و بیری جوان و گفتاری جوان. فەرمووی: سڵاو لە داد و یاسا و ڕاستی. ئیتر با ڕۆژگار سەرپشک بێت بۆ گەڕانەوەت.

بۆیە من هەرچەند چاوم دەنوقاند، لە خۆشیدا دەمردم، چونکە دێوەکان تەماشاکانیان هێندە سارد بوو، خۆزگەی مەرگیان بە تەماشا تێدەگرتم! هەستم دەکرد، کە دەنووستم، دەمردم. زۆرجار کە لە خەونەکانمدا دەمردم، لەوێشدا هەمان شێوە، تەنها خۆمم دەدی و بە دیار تەرمی خۆمەوە غەمگین ڕاوەستاوم! لە خەونەکانیشدا، هەر بە تەنها دەمردم! هەر خۆشم پرسەم بۆ خۆم دادەنا.. چونکە تەنهایی مەزنترین دێو بوو، بگرە لە دیوارە شەختەییەکانیش مەزنتر بوو- تەنهایی! نازانم بۆ! بەڵام تەنهایی، هەژدیهایەک بوو- هەڵی دەکڕوزانم- دەیفلیقاندمەوە.. لەوێدا زیاتر هەستم بە تەنهایی دەکرد، کە بۆ ئافرەتێک دەدوام و لە پڕ خۆی وەک دێوپەرست و دێو دەگۆڕی و بە سەرنجە شەریرەکانی دەیتۆقاندم. بەڵێ؛ چونکە بەندە زۆر لە شەڕەوە دوورە و هێندە لە شەڕ دوورم، کە دەتوانم بڵێم: لێی دەترسم.

شەوێکیان، هەر لە خەودا؛ بۆ ئەوەی دێوەکان دووچاری گومانی زیاتر بکەم، زۆرم خواردەوە، ئیتر بە دەم خەوەوە- شتەکان لە بەر چاومدا دەگۆڕان و قەبارەکان خاو دەبوونەوە! پیرشالیارم لێ بوبوو بە مێش!!.. گاڵتەم بە هەموو شتێک دەهات! خۆمم وەك شێتێکی کەنفت و پەتیارە دەهاتە پێش چاو.. حەزرەتی پیرشالیار= هیومای نەمر، بە گیزە گیز هات و فەرمووی: ڕەسخ= واتە گۆڕانی فریشتە بۆ جڕوجانەوەر-

نیشانەی پیسبوونی دەوروبەرە- کاتێک کە پێغەمبەرێک دەڕەنجێت، مێشەکان دێن و هەڕەشە لەوانە دەکەن کە هۆکاری ئازاردانی بەڕێزیانن. فەرمووی: جانەوەرەکان هەرچی بچووکتر و نادیارتر بن، بەهێزترن.. ئەوانیش خواوەندی خۆیان دەپەرستن و باوەڕدارن!

فەرمووم: بەڵام ئایا هەست بە نەنگی ناکەیت، کە من تۆ وەک مێشێک دەبینم؟ فەرمووی نەخێر.. بەڵام هەر بڕێو و بزۆک و گیاندارێک خاوەنی باوەڕە و بۆ هێزێکی تایبەت کار دەکەن. ئەوانیش باوەڕدارن، جا چ بە خێر یان بەشەڕ.. بەڵام جانەوەران، لە سروشتی دێوەکانن.. چونکە مێش و مەگەز هەر ئەوانەن کە لە ژیاندا تاوان دەکەن و سەر دەبڕن و پیسخۆر و گەندەڵن. فەرمووم: لە مەزنیی شکۆی بەڕێزتان تێناگەم، لە گەوجەییم ببوورن، چونکە من کەرامەتی بەڕێزتانم لەلا بچووک بۆتەوە. فەرمووی: تا ئەو کاتەی هێندە بەڕێز و ستایش و جوان لە حوزوری مندا داب نیشان بدەی، من بەختەوەرم بەوەی کە تۆ من لەهەر کەرامەتێکدا دەبینی، چونکە لەناو جانەوەرەکانیشدا، جانەوەری پیرۆز و پەیامبەر و ڕابەری پاک هەن. ئەوانیش بەشێکی گرنگی بوونەوەرن. کاری خۆیان هەیە و لە زۆر بواردا بەسوودن، جا ئەوەی سوودی باشی هەبێت، کەرامەتی هەمیشە لە گۆشبووندایە. پاشان بە هەڵەدا نەچیت، هەندێک لە دێوەکانیش، تیایاندایە کە خەو بە مرۆڤ بوونەوە دەبینن! هەن نازانن کە بوون بە دێو!

فەرمووی: دەشێت نەزانیت، کە کاتێک مێش دەوروکێتە ناو ماڵ و دەمووچاوو باخچەی کەسێک، مانای وایە گیانی بەرەو گەندەڵ بوون دەچێت.. یان نیشانەی پیس بوونی دەروون و گیان و ماڵ و سامان و زمان و بیرەکانێتی.. جا کاتێک کە مێشەکان هاتن و گیزەیان کرد لە دەوری سەر و لەناو ماڵتان؛ بزانن- کە ئەوان هەڵگری پەیامێکن. بەڵام هەنگ و زەردەزیرە و پەپوولەکان، گشتیان پەیامی خۆشی و ڕوناک و جوانیان پێیە.. ئەوانەی کە خوێن مژن، دێن بۆ تۆڵە و مژینی ئەو خوێنەی کە دەیمژن. واتە مێشوولەکان.

پەپووەکان پەیامی مەرگ و هەواڵی کارەسات ڕوودانتان بۆ دەهێنن، کۆتر هەواڵی مژدەبەخشی پێیە و چۆلەکە نیشانەی تایبەت و هەندێکجار نامەفهومیان پێیە، چۆلەکەکان قەومێکی سەیرن لەناو باڵندەکاندا، لەناو خۆیاندا هەمیشە شەڕیانە و یەک بەوی تریان دەڵێت: سەگباب من لەتۆ گەورەترو ئازاترم! لەمە زیاتر نازانن چۆلەکەکان، تەنانەت مانای وشەی" گەورەیی" نازانن چییە! ئەسپ دەسەڵاتە جا هەر جۆرێک! منداڵ فریشتەکانن. جا هەر ئاژەڵ و جانەوەرێک ماناو نیشانە و پەیامێکی تایبەت و قوتابخانەیەکی تایبەتن بۆ فێر بوون. گیانداران گشتیان باوەڕیان بە خواکان هەیە و هەر جۆرە گیانلەبەر و گەردو بزێوێک خواوەندی خۆیان هەیە؛ بۆ

نموونە گوڵەکان- بۆنی خۆیان دەپەرستن و خواکانی ئەوان- لە بۆن دروست بوون! ماسی مرازە، نەهەنگ خەم و سەروەت.. شەوگەرد جاسوسەو هەواڵی ناخۆش دەبات. مریشک دایکە..هێلکە، بەختە. گوڵ خۆشەویستی و پیر دەوڵەتی هزرو هەست و میهرەبانیی خۆتە، فێرگەو قوتابخانەی یەکەمتە.

جا ئەمە زانستێکی کۆنە و دەشێت نرخی نەبێت، بەڵام هێشتا هەن و زۆرن ئەوانەی کە بە ویستی مێشولە و مەگەز لەناو دەچن.

ئەو شەوە هێندە بە خۆم پێکەنیم، تا شەویلگم ماندوو بوو! ئەنجام خۆمم بۆ ڕانەگیرا و چوومە بەر ئاوێنەکە!! واتە لە خەوما. تەماشای کەرامەتی خۆمم کرد. کەمێک ڕامام و ڕۆچوومە ناو چاڵی چاومەوە.. هەستم بە بێدارییەکی سەیر کرد.. بە خۆمم فەرموو: تۆ هەرگیز بەدمەست نابیت.. چونکە تۆ خاوەنی دەروونێکی بێگەردیت. تۆ خێرێکی جوانیت.. تا ئەو کاتەی بتوانیت لە خۆت و گوناهەکانت خۆش بیت، شایانی ئەوەی ڕیزت بۆ خۆت گۆش بکەیت.

ئەو شەوە، پاش ڕامان و بەسەر خۆدا چوونەوە، سەرم نایە سەر سەرین و هەر لە خەونمدا نووستم. زۆری نەبرد، مێرولەکان کە تێم ورووکابوون، لێفە و پێخەفیان بە ئەسپایی چۆڵ کرد و هێندەی نەبرد، وەک مێرولە سپییە بێ باڵ و باڵدارەکان بەخش بووم بە ناو ژوور و ماڵ و دارستان و جیهاندا.. هەر زەڕڕاتێکی بوونم بە دەم فریشتەی بایەکەوە بەسەر جیهاندا پەخش دەبوو! دەبووم بە ملیۆنەها مێرولەی ڕۆشن و سپی و باکان دەیانبردم بۆ هەر تەوەرێکی سەر زەوی.

ئیتر کاتێک کە خەوم بینی، سەیرم دەکرد لە ژێر لێفەکەدا، بە بچووکی، بۆ کەرامەتی ڕاستەقینەی خۆم دەگەڕام و نەمدەدۆزییەوە. هەر لەو کاتانەدا، زۆر جار، پیری مەزن پەیامی بوونەوەری بە من دەگەیاند، کە هەندێکیانم یاد نایەتەوە! مێرولەیەکی بچکۆلانە فەرمووی: ئێمە هەموو شتێکمان لە یادە و هیچمان لە بیر ناچێتەوە.. فەرمووی: بژێو ترین و بەهێزترین بوونەوەر، بچوکترین گەردە لەم ئەستێرەیەدا.

دێوەکانیش هەمیشە بە چاوی جاسوسیان؛ بە سەدان چاو، چاودێرییان دەکردم و دەروون و گیان دین و ئیمان و کەرامەتی منیان دەپشکنی.. شتی زۆر سەیرم دەبینی، هێندە پڕ بووم لە گومان و بوختان و کینەو مەیلی تۆڵەیان، لە خەماندا لەناو تەنها خەوێکی شەوانەی هەژدە ساڵ زیندانیدا- هەموو جارێک دەبووم بە دوو پارچەوە.. لایەکم ئازاد لە مەملەکەتی خەودا و لاکەی تریشم دیل لە دەستی ژیان و کاری بەزۆرو بێگاریی خواستی دێوەکانەوە. چونکە من دەمویست بە هەر هۆیەک بێت، دەنگم بە جیهان بگەیەنم. دەمویست دەنگم بە سەرکردە کوردەکان و پەرلەمان و جیهان بگەیەنم. دەمویست کەسێک، مرۆڤێک، باڵندەیەک، مێرویەک بێت و ئەم کۆتانە

لەسەر سەرو دەم و دەست و پێ وگیانم بکەنەوە. دەمویست ڕزگارم بێت.. چونکە هەستم بە شەکەتێکی مەزن دەکرد. هەستم دەکرد وردە وردە لە چاوانی خۆم وون دەبووم. چونکە پێم نەنگی بوو لە ژیانێکدا بژیم کە تەنها دێوو خێوو دێوپەرست دەیبات بە ڕێوە! خەڵکی ناسیاوو دراوسێ و مامۆستای منداڵەکانم، دەیانگووت: جا جیهانێکی لێرە چاکتر، و ئاشتییەکی باشتر و وڵاتێکی جوانتر لە کوێ شک دەبەی- تا ڕووی تێبکەیت؟؟

منیش دەمفەرموو: بەڵێ هەیە.. بەڵێ مەملەکەتێک هەیە، دەروونێک هەموو شتێکی لە ئێوە باشترو خۆشترو پیرۆزتر و ئازادتریش هەیە.. ئەویش وڵاتی منە، واتە مەملەکەتی یەکگرتووی کوردوستانی مەزن-ە. ئارارات و کەشتییەکەی منیش پایتەختی ئەو وڵاتە پیرۆزەیە.. وڵاتی منی باپیرە گەورەتان، واتە حەزرەتی نوح. ئێوە نازانن شکۆی پایتەخت و دەسەڵاتی مەملەکەتی داهاتووی من چەند مەتین و بەرین و مەزنە. من وڵاتێک لەناو ناخی دەروونمدا شک دەبەم، کە دێوەکان نایبینن و هەستی پێ ناکەن. بەڵکو دێوەکان وڵاتی منیان کردووە بە پێنج پارچەوەو هەر پارچەیەکیان داوەتە دەم گورگ و دێوو خێوێک. جا هەمووتان تەپڵ بۆ سەرۆک دێو" ئووباما" لێبدەن، بزانم دەوێرێت دان بنێت بەو مەملەکەتەدا کە حەزرەتی نوح داوای دەکات؟! لەهەمانکاتیشدا، خاکی پیرۆزی باوانیان پڕ دەکەن لە مین و بۆمباو چەکی بایەلۆژی و کیمیایی و قڕکەر.

ئێوەی جیهانی یەکەم، ترسنۆکن و هیچتان ناوێرن دان بنێن بە کوردوستاندا. ئێوە دووڕوون و جا هەرچییەک دەکەن بیکەن، چونکە من هاتووم بە چەکێکی نوێتر لە چەکی ئەتۆم شەڕتان لەگەڵ دەکەم. من لە ئێوە بەهێزتر و چاکترو پیرۆزترم. چونکە من گیانی باوکی پیرۆزتانم لە دەروونددا پێتاوە. من باوکی پێغەمبەرەکانتانم. هاتووم داوای خوێنی سەری هەر مرۆڤێکی کوردتان لێ دەکەم، کە بەردێژایی مێژووی زیاتر لە دووهەزار ساڵ لە خۆڕا – لە نیشتیمانی خۆیاندا خوێنیان دەڕژن و سەریان دەبڕن و هەتکیان دەکەن.. من پەیامبەری جوانیم و هاتووم پێتان بڵێم: من داوای خوێنی هەزاران- دەهەزاران- سەدهەزاران- ملیۆنەها ئافرەتی کوردی بێتاوانتان و ساوای زیندە بەچاڵکراوتان لێدەکەم. من دەنگی ئەنفال و حەق و ڕاستیم. هاتووم پێتان دەڵێم، بەسە، هێندە چەک زۆر مەکەن و مرۆڤ مەکەن بە قوربانی ئارەزووە گەندەڵەکانتان. چونکە سروشت لێتان تووڕەیە.

من وەها دەدوێم بۆ دێوەکان وئەوانیش لە ترسا، بە دەم ترسەوە، پێم پێدەکەنن و دەڵێن: کەواتە هەموو جیهان قەرزاری تۆیە؟! هاهاها!!... منیش چاو دەبڕمە چاویان و بروسکەی زیوس دەگرمە تەماشایان، پاشان دەفەرمووم: بەڵێ، بوونەوەر موڵکی هەر مرۆڤێکی ئازادە و ئێوە دژی ئازادیی میللەتێکن کە نزیکەی چل و پێنج ملیۆن

مرۆڤن. ئێوە و هەموو جیهان فەرزە لەسەرتان جەزای ئەو میللەتە دیلە بدەنەوە.
ئێوە باوانی خۆتان ڕسواکردووە.

ڕۆژێکیان کە بردیانم بۆ کاری بێگاری، سەیرم کرد خاوەنکار کورد بوو..
دێوپەرستێکی نەخۆش و نەزان و ناشرین بوو، خۆی زۆر بایی و مەغروور دەبینی و هەروەها هێندەی خۆی قینی لە منیش بوو. ڕۆژێکیان ووتی: تۆ ناتوانی خۆت بەسەر ئەم میللەتانەدا فەرز بکەیت. ئەمانە پیاو دەبێت سیاسی بێت لەناویاندا- دەنا دەدۆڕێیت! پاشان بەوم فەرموو، من هاتووم بە زمانێکی تر دەدوێم و دەمەوێت ئەو مێشکە دەبەنگ و ئەو بەشە چەپەڵەی مێشک و گیانی دێوەکانی جیهانی یەکەم ڕاست و چاک بکەمەوە، ئەوسا هەست بە ئازادی دەکەم.

دێوپەرستە کوردەکە دایە پرمەی قاقای گاڵتەو قۆشمەکردن بە من ،و پشتی تێکردم و ترێکیشی لێ بەربووەوە و بەدەم نەڕەی قاقاوە، ووتی: ناتوانم ڕووبەڕوو پێت بڵێم شێتیت!

لەهەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوەیە کە براو خزم و هاوڕێ گاڵتەت پێ بکەن. بەڵێ، لەهەموو دەردێ دەردەدارتر ئەوەیە، هاوزمانی خۆت باوەڕت پێ نەکاو بە تەنگ دۆزی میلەتی خۆیەوە نەیەت. کۆسپەکانی منیش لەم چاوگەوە هەڵقوڵیون.. من بەم حوکمە زیندانم لە زیندانی دێوەکاندا، و دێوەکان بە من دەڵێن: جا بۆچی ناچیت داوای یاریدەی گەڕانەوە لە سەنتەری کەلتوری کوردی بکەیت! منیش دەڵێم: کەلتوور و سەنتەری چی!.. ئەرێ ئێوە تێکچوون!؟ خۆ ئێوە هەموو کەلتورێکتان کردووە بە کەلتووری بەراز و قەسابخانە و چێشتخانە و چایخانە.. من سەنتەری کەلتوورم نەبینیوە کەبابخانە بێت و بەس. پاشان ئێوە باوەڕتان بە کەلتوور و بە ئایین و زمان و ناسنامەو خاکی کورد نییە! کورد هێشتا نەبووە بە مرۆڤ، چونکە هەمووتان دەزانن مرۆڤ کە ناسنامەی نەبوو، ئازاد نەبوو، نە کەرامەتی هەیە، نە کەلتور نە باوەڕ. ئیتر من بەم حاڵەوە تەماشای دەوروبەرو جیهان و ژیان و مرۆڤ و دێوەکان دەکەم.

بۆیە ساڵانێکی دوورو درێژە، هەست بە دووپاتبوونەوەی کات و ڕۆژ و ساڵ و ساتەکان دەکەم و خەونەکانیشم دووپاتێکی سەیری ئەم ووشانەن کە تۆی خوێنەری بەڕێز دەشێت بکەویتە گومانەوە دەربارەیان! بەڵام من چییدی دەربەستی گومان و شک و بوغزی ئەوانی تر نیم.. من کارم بەوانەوە نییە کە بێ باوەڕن، چونکە من سوورم لەسەر گەیاندنی باوەڕی خۆم.

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە، هەڵدەستام لە خەوو بە پەرۆشەوە نامەیەکی کراوەم دەنووسی بۆ ڕامان- بۆ ماڵپەڕی دەنگەکان، بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردوستان، بۆ

تەلەفیزۆنی زاگرۆس و نووسەری کورد.. دەمنووسی بەڕێزان من پەیامی بوونەوەرم پێیە و دەمەوێت زەنگی ئازادیی مەملەکەتی ئەکگرتووی کوردوستان لێبدەم و جاڕی ئازاد بوونی خۆم بدەم. چونکە کە تەنهایی دەستی بەسەردا دەگرتم، لە خەڵوەتا، ملیۆنەها گیانی پاکی کوردی سەرهەڵکەنراوو کوژراوو سوتێنراوو.. گیانی پاکی گشت منداڵانی ئەنفال و هەڵەبجە و زێوە و سەردەشت دەهاتن و گۆرانی و لاوک و بەستەو حەیرانیان بۆ دەووتم. دەستیان دەهێنا بەسەرمدا و دەیانفەرموو: گەر هەزار ملیۆن منداڵی تریش سەر ببڕدرێن و بسووتێنرێن، ئێمە خەونەکانی تۆ دەهێنیینە دی و نەک هەر کوردوستان، بەڵکو جیهانیش ئازاد دەکەین.

ئیتر منیش زیاتر ڕۆژەکانم بە چاوەڕوانیی وەڵامی ڕۆژنامەکان و تەلەفیزۆن و گۆڤارو ماڵپەڕەکانەوە- نەبردە سەر.. چونکە لەوان چاتر دەمزانی کە سەرۆک گۆڤارو ڕۆژنامەو سەرۆکی هەرێم و ناوچە و سەرۆکی پەرلەمانەکانی هەموو جیهانیش خەونی وەک من نابینن و کەس دەربەستی میللەتی نوح نییە.

بۆیە تەماشای کەرامەتی مێرولەکانم دەکرد. گوێم لە ئاوازی باڵندەکان دەگرت، گوێم بۆ ئاواز و شنەی باکان ڕادەگرت و تەماشای هەورەکان و ئاسمانی بەرین و ئەستێرە و درەختەکانم دەکرد و بە ڕێگاکانی کەماڵی خۆمدا تەماشای دوورم دەکرد و نەبزی ڕەنگەکانم دەگرت.

کاتێکیش لەخەو هەڵدەستام، بەیانی باشم لە خۆم دەکرد و منداڵەکانم بەرەو قوتابخانە بەڕێ دەکرد.. پاشان دەچوومە بەر ئاوێنەکە و خۆمم بە پێودانگی دەروون و گیان و ئایین و لەش هەڵدەسەنگاند.. ئەوسا سەری ڕێزم بۆ خۆم و بۆ خواکان و پێغەمبەران و خواوەندی بەڕێز و بتەکان دادەنەواند و دەمفەرموو: مەزنترین نهێنیی بوونەوەر لای مرۆڤە. نەک لای دێو. پاشان دەرگا و پەنجەرەی ژوری زیندانەکەم دەخستە سەر پشت و پێشوازیم لە جاڵجاڵۆکە و هەنگ و پەپوولە و زەردەزیپرەو باکان دەکرد، ئەوسا گوڵەکان دەکەوتنە نەشوونومای نازو دەگەشانەوە بە ڕووماو لەنجەیان بۆ دەکردم و سەریان بۆ دەلەقاندم. ئەوسا، باڵندەکانیش دەکەوتنە جووکە و خوێندن و هەندێکیش سەریان لە هێلکە دەجووقا.

منیش بە خەندەوە تەماشای سروشتم دەکرد و بە ڕێگاکانی خۆمدا دەکەوتمە ڕێ. پیر و فریشتەو مەلائیکەت و خواو خواکانیش هانیان دەدام کۆڵ نەدەم، بڕۆم، بەرەو هەر نزرگەیەک، چونکە باوەڕیان بە ئازاد بوونی من هەبوو. جا ئازادی گەر مەرگیش بێت وەک پەیام بە دەروونم دەگاو دەگەیی.. چونکە هەستم دەکرد مرۆڤایەتی و جیهان دەنگی منیان پێ دەگات درەنگ یان زوو!

ئیتر هەر کاتێک کە کاتم دەبوو هەست بە بوونی خۆم بکەم.. بە خەیاڵ و لە خەونەکانمدا هەنگاوم دەناو دەڕۆیشتم، سەرم لە ئاسمان و پێکانم لەسەر زەمین.. دەڕۆییم و جێگەی پێکانم سەوز دەبوون.. پڕ بووم لە دووناودوون و لەهەر چرکەساتێکدا نەسخ و مەسخ و ڕەسخ و فەسخ دەبووم.. بە جیهان و ئایین و خواکان و خواو ڕاستی- یەک دەبووم، لە ناو دەورڕنی قووڵمەوە، ئاوازی پاکی و ڕاستی و بەخشندەیی و هاوگیانیی جیهانیم دەهۆنییەوە و سرودم بۆ پیرشالیار دەخوێند و درووودم بۆ خواوەند و پێغەمبەران و خواکان دەنارد. خەونەکانیشم بۆ باکان دەگێڕایەوە.. باسی هونەرم بۆ منداڵەکانم دەکرد. باسی جوانی، باسی پێغەمبەرەکان و فریشتەکان و خواکان. بەوانم دەفەرموو: نەکەن بە فیزەوە بەسەر زەمیندا بڕۆن، چونکە سروشت دایکی یەکەم و ڕووناکی دایە گەورەو ئاسمانەکان باوانتانن. نەکەن هەست بە بایی بوون بکەن و وا بزانن کە دەتوانن سروشت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆتانەوە، نەکەن ها! کوڕەکانم.. چونکە سروشت و خۆر و ڕوناکی دەتوانن بە کەفلەکونێک تۆفانێک بێنن، کە کەس توانای دەرباز بوونی نەبێت، ئەگەر باکان شێتگیر بن، ئەوا دەتوانن بە شەق زەمین قلْپ بکەنەوە و شاخەکانیش ناچار بکەن وەک پووش و پەڵاش بە ئاسمانەکاندا بڕۆن! ئەوسا ئەزانن چی ڕوو ئەدات؟!.. ئەوسا کەرامەتی ئەو زاتە مەزنەی کە ئیلهام و سرۆش نیشانی من دەدات، زویر دەبێت لێتان و پشتتان تێ دەکات.

ئەوسا ئاسمانەکان چاوگەکانی چاویان پڕ دەبێت لە فرمێسک و قورگیان پڕ دەبێت لە باو بۆرانی زەریاکان، ئەوسا باکان لەگەڵ ئاگرو زەریاو بۆرکاندا یەک دەگرن.. ئەوسا ئاسمان لە تاو بەزەیی  هاتنەوەی بەمندا، نەرمی و بەخشندەیی تێکەڵ بە تووڕەیی دەبێت، ئەوسا من دەروونی ئێوە جێدەهێڵم و بە پێغەمبەرو فریشتەکانی ئاسمان دەفەرمووم: پاشگەز ببنەوە.. مەگەڕێنەوە ناویان، چونکە ئەوان بوون بە دێو و هێشتا گاڵتە بە پێغەمبەرەکانیان دەکەن. ئەوسا ئەوانیش پشتتان تێدەکەن و چیی تر دۆعاتان بۆ ناکەن. ئەوسا بە بتەکان دەفەرمووم: بنەڕێنن و جەوری دەنگەکانی ئاسمانەکان و قیژەی ئەستێرەکان بگەیەنن بە گوێی دێوەکان. ئەوسا، بە مەلائیکەت و فریشتەکان دەڵێم، منداڵەکان و نەوەکانی خۆم، گشتیان وەک کوڕی یەکەمم پشتیان تێکردم. تکاتان لێدەکەم، سزای منداڵەکانم مەدەن، چونکە ئەوان بێگوناحن. ئەوسا من دۆعاتان بۆ دەکەم، تا پارێزراو بن.

من کاتێک کە تەماشای منداڵەکانم دەکەم، بەزەییم بە خواوەنددا دێتەوە، لەبەر خۆمەوە تەماشای ئاسمان دەکەم و ڕوو لە خواو خواکان و پێغەمبەرەکانی ئاسمانی یەکەم تا حەوتەم و هەشتەم دەکەم و تەماشاکانم دەکەم بە نیشانەی پرسیارێکی مەزن. لە خواوەندەکان گشتیان دەپرسم: چۆن توانیتان ئەم مرۆڤانە هێندە بەخشندە و جوان دروست بکەن؟ ئاسمانەکانیش بە هەورە سپی و خاکستەری و ڕەنگینەکان،

پۆرترێتێکی ئەو منداڵەم نیشان دەدەن، کە دێوەکانی بەستەڵەک نەیانهێشت لەدایک بێت و لەباریان برد، کاتێک سارای دایکتان سکی پڕ بوو بە منداڵی دووەم! کاتێک کە ئەو تابلۆیە دەبینم، دڵم پڕ دەبێت لە وەنەوزی منداڵانە و پاسەوانەکان دێن و دەپرسن: بۆ دەنگت وەک دەنگی منداڵی ساوا ناسک بۆتەوە؟ منیش دەفەرمووم: چونکە من خەریکم هەست بە ئازادی دەکەم و لە ئاسماندا لە دایک دەبمەوە. هەورەکان ماڵ و مەئواو نیشتیمانی منن، ئاسمانەکان باوک و دایک و خوشک و براکانمن.

جا خوێنەری بەڕێز، بە کورتی و بە کوردی پێتانی دەڵێم؛ من هەژدەساڵ زیاترە لەم زیندانە چەپەرەی کۆتایی جیهاندا، لەناو شەختەو سەهۆڵی بەستەڵەکدا، بەو هەموو ئازارانەوە- بە چەپکێ گوڵەوە ڕاوەستاوم وپەیامی هونەرم لەسەر زارە و باسی فەلسەفەی خامۆش دەکەم بۆ دێوپەرستەکان. هەژدە ساڵە هەست دەکەم من لە دەرگای هەر ماڵ و هەر کەسێک دەدەم، یان خۆیم لێ دەکات بەسەگ، یان بە دێو و گورگی بێ هەست، باشەکانیان خراپەکانیانن و هەمیشە دوو ڕوون، هەم بەراز و هەم مرۆڤن.. کەی بیانەوێت دەترن و دەگەزن و دوژمنن! ئەوان خۆیان بە گوناحکار نازانن. کەچی تا ئێستا نەمبینی یەکێ لەوان دەرگام بۆ بکاتەوە و ڕوخسارێکی جوان و دڵنیا و ئاسودەو ڕازیم نیشان بدات! کاتێکیش کە بۆیان دەدوێم، نازناوی پێسیمیست= ڕەشبین دەکەن بە مەدالیا و لە برۆکمی دەدەن. وا دەزانن شەڕەکانیان کە لەجیهاندا زۆریان کردووە بە چەکەکانیان پەیامی پۆزیتیڤیزمە و فەلسەفەی ئاکارە.

ئەمساڵ، واتە دوای ئاسایی بوونەوەی کات، ڕۆژێکیان زل دێوێکی قەموور دەرگای لێ کردمەوە و چەپکە گوڵە سیسەوە بووەکانی دەستمی لە دەستم ڕاپسکاند ونەڕاندی بەسەرمدا:" تۆ بۆت نییە ببیت بە ئێمە، ئێمەش لە تۆ نیین". منیش فەرمووم: من لە ئێوە باشترم، ڕۆژێکیش دێت دەتوانن من ببینن. ئەوسا پەیامەکانی بوونەوەرتان پێدەگات، ئەوسا من لەناوتاندا نیم؛ بەڵام فەرموودەکانم یادتان دێنێتەوە کە ئێوە هەرگیز دانتان بە پێغەمبەرەکاندا نەناوە، چونکە ئێوە زۆربەتان کوێرن و جوانی لەپاش ناشتنی دەبینن. چونکە هێشتا ئازاد نەبوون و داگیرکراوانە دەژین. منیش چاوەڕێی هیچ نیم، کاتێک کە ئاڵاو وڵات و بێچەکم.. کاتێک کە ئازادیی منتان لە زیندانی گومان ناوە، و تەنهام لەناوتاندا.

## تابلۆی جەوهەر

ئا بەم هەموو هەستانەوە، کە شەوان دەنووم، و بەیانیان هەڵدەستم.. هەست دەکەم لەوەتەی هەم و چاوم بە دونیادا هەڵهێناوە.. لەو کاتەوە کە مام خدری پێشمەرگە و دڵسۆز منی لە ئارارات هەڵگرتەوە.. لەو کاتەوە کە بوونەوەر منی فڕێ دایە سەر ئەو

شاخەو تاک و تەنها بەجێیان هێشتم، لەو کاتەوە کە هەست بە بیستن و بینین دەکەم.. لەو کاتەوە کە مام خدر وەک پەیکەرێکی گیانی منی گۆش کرد و من لە گیانی ئەو هاتمە دەرەوە!.. لەو کاتەوە هەست دەکەم دەنگێک بانگم دەکات، هەستێک ناچارم دەکات بڕۆم! بۆ کوێ؟ نازانم! چونکە من هەست بە بوونی نیشتیمانێک ناکەم کە ئاسایش و ئازادی و دڵنیایی تیا بێت.. بەڵام بە دوای ئەو دەنگەدا، گەیشتمە ئەوسەری جیهان و هەژدەساڵە زیندانم.. بەڵام لێتانی ناشارمەوە.. من لەو سەردەمەوە، گوێبیستی بانگێکی کەونییم، و هەست دەکەم ئاسمانەکان بانگم دەکەن. جا ئەگەر بە شێت سەرنج لە باوەڕ و بیرم دەدەن، ئەوا من دەربەست نیم و سەربەست خۆم دەبینم لە باوەڕی خۆمدا. چونکە ئەو دەنگە هێندە مەزنە، هێندە پیرۆزە، نەبێتەوە. هەر لە منداڵیمەوە، من دەگەڕێم بەدوای ئەو دەنگەداو ماندوو نابم لە تەماشای ئاسمانەکان و وێنەی هەورەکان و ئەستێرەکان.

من مانگ-م خۆش دەوێت، و مرۆڤی جوان وەک ئەستێرە و مانگ و فریشتە و پەری دەبینم. من مرۆڤێکی سەیر و سەمەرە نییم؛ بەڵکو بابایەکی هەستیارم و حەزم لە پەیکەری شنەی با-کردووە. من عیشقی ڕەنگەکانم ، و وشە خواکان ومزگەوت و کەنیسەو پەرستگامن. بەڵام ئەو دەنگە هێندە خۆشە بە گوێم، کە هەست دەکەم مەستم بە بیستنی.

لەوەتەی هەم، هەست بە جۆرە جیاوازییەک دەکەم، زۆر ناخۆش و ئەشکەنجە دەر.. چونکە، ڕاستە من کۆمەڵێک هەڵەی بچووک بچووکم کردووە، بەڵام هەمیشە هەستم بە جیاوازییەکی ئەوتۆ کردووە، کە من لەوانی تر ناچم، و بۆیە هەڵەش دەکەم تا قەناعەت بە خۆم بکەم کە منیش وەک ئەوانی ترم! بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خۆم یەکلا بکەمەوە، چونکە کاتێک کە دۆعام بینی لەناوتاندا بە بێ بەزەییتان بەرد باران دەکرێت و باوک و براو مام و خاڵی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگرن؛ ترسم شکاوە و لێتان ناترسم. دەتوانن منیش بەرد باران بکەن. بەڵێ، کە دەبینم ئافرەت لە ئەوروپا بوون بە دێوی بێهەست و بە چاوی کینە و بوختان و ڕق و خەندەی قین تەماشام دەکەن! کە دەبینم ئافرەتانی شیعەو سووننە و بەلووچ و ئەفغان و پاکستان جوانیی خۆیان لە پیاوەکان دەشارنەوە و ناوێرن جوانیی خۆیان نیشان بدەن.. کە دەبینم ئافرەتانی کورد و عەرەب و فارس و تورک و بولغارستان و ئەفریکا بە هەرزان لەشی خۆیان لەسەر شەقامەکانی ئەوروپا دەفرۆشن، ترسم لێتان دەشکێت و دەتوانم بوێرانە پێتان بڵێم: من دەربەستی گومان و بەهەڵەداچوونەکانتان نییم. ئێوە کێن من لێتان بترسم؟؟

من جیاوازم و جیاوازیی منیش ئەمەیە کە دەتوانم بڵێم، من بە هەموو هەڵەکانمەوە، زۆر لە دێو و لە دێوپەرست چاتر و بەفەڕتر و تەندروست ترم. چونکە من بەدوای

ئەو دەنگەدا وێڵم کە لە منداڵیمەوە دەیبیستم و دوای کەوتووم.. کەچی لەمساڵانەی دواییدا، هێدی هێدی بۆم ڕوون بۆوە، کە ئەو دەنگە لە ناخ و لە جەوهەری خۆمدایە، لە بیستگە و دەروونی گیانی خۆمەوە دەنگ دەپروێنێ و لە سروشتدا دەنگ دەداتەوە!! هەست دەکەم جەوهەر لە گیان و دەرووندا بانگم دەکات و منیش ئەو هەموو ساڵانە ئاسمان و وڵاتانی جیهان گەڕام بە دوایدا! ئێستا هەست بە خاو بوونەوەی کات و سات و تەماشا و هەستەکان دەکەم و لەگەڵ هەمان ئەو دەنگەدا بەتەنها دانیشتووم و سەرم ناوە بەسەری خۆمەوە.. بەخۆم دەفەرمووم: فەرموو، ئەمە ئامانجی کار و ئاتاجەکانێتی،، تۆ دوای خۆت کەوتووی!.. جا چی دەکەیت کاتێک هەموو جیهان پشتت تێ دەکەن؟

منیش دەست دەنێمە ژێر چەنە و پاشان پاڵی لێدەدەمەوە و قاچ دەنێمە سەر قاچ و تەماشای ئاسمان دەکەم و لە وەڵامی خۆمدا دەفەرمووم: دەبم بە هاوڕێ و دڵسۆز و هاوبیری خۆم. دەبم بە هاوڕێی مێروله و گوڵ و باکان وهەستی تەبیعەت. چونکە من دانم بە خۆمدا ناوە و سوورم لەسەر ئەوەی کە من مرۆڤێکی هونەرمەند و نووسەر و وێنەکێش و جوانناسم. دۆڕانی من لەناوتاندا، گەر کەرامەتم گۆش نەکات، ڕێگا بەخۆم و بە ئێوەش نادەم بە کەم کەرامەت تەماشا بکرێم.

لەوەتەی هەم و فامم کردۆتەوە.. من پەیوەندیم بە جیهانێکی سەرو جیهانی مادییەوە هەیە و ناتوانم لێی دابڕێم.. چونکە باوەڕم بەوەش هێناوە کە پەیوەندییەکی مەتین و هەمیشەیی و پیرۆز هەیە لە نێوان دەنگی دەروونی من و دەنگی بوونەوەر! هەست دەکەم دەشێت نەخشەکانی بوونەوەر لە جەوهەری مرۆڤدا حەشار درابێت. بۆیە من هەست بە بوونی گیان و ئایین و دەروون و خواوەند و خواکان دەکەم. هەست دەکەم ئەوەی کە دێت بە خەیاڵما، ڕاستییەکی پەتی تر و مەتینتر و پیرۆزتر و ڕاستترە لەمەی کە ئێمەی دیلی ماددە کردووە. دڵنیام لەوەی کە ئێمەی مرۆڤ، خاوەنی ئازادییەکی مەزنتر و جوان تر و بەشکۆترین. جا من باوەڕم بەوە هەیە کە وشەکان کارمای کردەوەکانمانن و لە هەمیشەییدا دەمێننەوە و دەبن بە پەیکەر و تابلۆ و توانای بوون بە مادەشیان هەیە!

ئیتر باس لە هەر شتێک بکەم و بیر لە هەر شتێک بکەمەوە، ئەوا هەست بە دووپاتکردنەوەی هەمان بیر دەکەمەوە.. هەست بە بانگێکی پیرۆز دەکەم و بانگم دەکات.. بانگی ئامین، ئاهوڕا، هیوما، ئەناهینا- پەردەکانی گوێی ناوەوەم پڕ دەکەن لە سووسە سووس و هەست بە ماندووبونیش ناکەم. بەڵام.. هەست دەکەم هێشتا نەمتوانیوە دەنگم بە دێوەکان بگەیەنم.. چونکە ئەوان مرۆڤایەتییان داگیر کردووە.

لەبەر ئەم هۆ بچکۆلە و گەورانە، هەمیشە من لە کۆچدام و کۆچەرم و وەک چۆن زریان یاری بە کەشتییەکی ونی ناو دەریاو بێ دەریاوان دەکات، وەها بەناو شەپۆلی

باکان و بە لای ڕێبوارەکاندا دێم و دەچم و تەماشای هەموو شتێکی دەورو بەری خۆم دەکەم.. پاسەوانەکانی زیندان( کە دراوسێمن) دێن و بە ڕم، شەنی بیر و هەست و جەرگ و دڵم دەکەن و تیر دەهاوێژن بە تەماشایان و ڕقی دێوێکی ساردو سڕم نیشان دەدەن. منیش دەربەستی ئەو هەموو نیشانە نیم کە ئەوان ئەندێشەمی پێ زەجر دەکەن. چونکە ئەوان بێباوەڕن و باوەڕ بە ئایینی خۆیان و باوانیان و باوەڕ بە هیچ ئایینێک ناکەن. یاری بە عیشقم دەکەن و وا دەزانن دەتوانن بە درۆ و ڕیایی و زوشتی ، من فێری دێوپەرستی و مادە و هەوەس پەرستی بکەن!.. وا دەزانن من هێندە بچووکم، کە لە گیرفانی دێوقەمورێکدا جێگەم دەبێتەوە! وا دەزانن ئەوان خۆیان خاوەن و خواوەندی منن. وا دەزانن من لەوان دەترسم و ئەوان دەتوانن نینۆکەکانم هەڵکێشن و سەریشم هەڵکەنن و چەقۆکەش بدەنە دەستی خۆم و وای نیشانی جیهان بدەن کە من خودکوژیم کردووە! وا دەزانن ئەوان لە ڕاستی بە هێزتر و لە مێرولەکان ژیرتر و لە سروشت بە تواناترن! وا دەزانن دەتوانن باکان ڕاوەستێنن و بارانەکان ببارێنن! وا دەزانن دێو توانای هەیە ببێت بە خوا!

منیش بەم کارانە دەڵێم: شێتگیری و من هاوڕاو هاوڕێی درۆزن و بایی بوو نیم. من لە هەر کارێکی دزێوو درۆ و چاوبەست و جادو و خۆپەرستی ونەیاری و شەڕ بە دوورم و دۆست و هاوڕاو هاوڕێیی جوانی و هونەر و خێر و عیشق و ئازادی-م و بە ڕێگاکانی ڕوناکیدا کەوتوومەتە ڕێ. جا گەر لە ڕێ لادەرانیش بم، حەز دەکەم هەر هەمان کەلتور ڕێباز و پیادە بکەم.

ئیتر کە چاو دەنێمە سەر یەک، لەکاتی نوستن و دانیشتن و پیاسەو نانخواردن و ئاخاوتندا، پەیکەری خۆمم لێ دەبێت بە پەیکەرێکی شێوە مەڕمەڕی سپی، هەست دەکەم مێرولە سپییەکان لە تیشک- کاڵای بەرمن ، و درەختی زەمان لەسەر سەرم دەچنن، و ئیتر دەکەومە ڕێ و جێژڵی دروستکراو لە ئێسک و تروسکی ئەنفال دەگرمە دەست و تاکو تەنها ڕێ دەبڕم.. دەڕۆم و هەست بە مەتینیی هەڵوێست و ویستم دەکەم. دەڕۆم و ڕێگاکان بانگم دەکەن، باڵندەکان پاسم دەکەن و باکان ئامۆژگاری و ڕێنیشاندەرمن ، و ئەستێرەکان چاودێرمن و مانگ فانۆسی دەستمە لە شەوەزەنگا.. دەڕۆم و چارەنوسیش مێملێم دەکا و دەیەوێت بمقۆزێتەوە بۆ خۆی. منیش دەربەست نەدەهاتم و دەڕۆیشتم، بەرەو ئاراستەی خۆر و ڕووناکی.. لە ڕێگەدا پرۆژەم دادەنا، بە خاک و وڵاتی هەر میللەتێکدا تێدەپەڕیم، تابلۆیەکی سامناک و بەشکۆم دەدا بە وێنەکێش و گۆرانی بێژان و پەیکەرساز و بیناکاران و بەوانم دەفەرموو: وێنەی پۆرترێتێکی خەونەکانم یان تابلۆکانم بکێشن و وێنە و بابەتم نیشان دەدان لە گیانی ووشەکانمدا. دەڕۆیشتم و هەستم دەکرد بە تاقی تەنها نمایندەی هەموو جیهان و ژیان و ڕاستی و جوانی و حەقم.

جا ئەم کتێبە دەیسەلمێنێت کە هێشتا مرۆڤ لەناو دێوەکاندا ماون لە جیهاندا و بە چاوی خۆتان دەبینن کێ هەڵگری پەیامی هونەر و جوانی و خۆشەویستی و ئازادییە بۆ جیهان و کێ ئەمەکداری ڕاستییە. ئەم کتێبە کۆتایی پێ دەهێنم، چونکە مشتێک نموونەی خەرمانێکە. جا ئەگەر ئێوە دێون، ئەوا من لە ئێوە نیم. جا ئەگر مرۆڤ لەناوماندا مابێت، من یەکێکم لەوان. ئەمە هەستە جوانەکانی منن بۆ جیهان. ئەم کتێبە پێشکەشە بە منداڵی لەبار براوم و داڤید و یوسف و مرۆڤی جوان، چونکە بۆ جیهان دەنوسم و پێشتریش ئەوەم سەلماندووە. ئیتر ئێوە و خواکانتان. من لە سەرەتای کتێبی پەیامی خواکاندام. ئەگەر باوەڕی ئێوە لەناوم نەبات، ئەوا دەشێت شتێک لە فەلسەفەی خامۆش دەرببڕم و چەند وانە و تابلۆیەکی تر بە مرۆڤەکانی جیهان بگەیەنم. بەڵام تابلۆی پەرجوو لە خەودا خۆی دەسەپێنێت، ناچارم دەکات باس لەویش بکەم.

## تابلۆی پەرجوو: تابلۆی تۆفان

ئێستا هەمووتان هەواڵەکان دەبینن و هەموو ئاگاتان لە بێنرخ بوونی مرۆڤە و دەزانن کە مرۆڤ هەرزانترین کاڵای بازاڕی شەڕی دێوەکانە.. هەمووتان گەواهی ئەوەن کە لە ئەفریکاو ئاسیا ئەمەریکا و ئەوروپاو چین و یابان جۆرە شەڕێکی سروشتی یا مرۆڤگەلی بەڕێوە دەچێت وجیهان لە کێشەدایە. ئاگاداری ئەو شەڕە سارده نامەفهوومەی نێوان ئایینەکانیشن. دەشێت لە سەنگینی ئەم ووشانە تێنەگەن، بەڵام هەمووتان گەواهی ئەوەن کە دێوەکان چەند سەدهەزار مرۆڤی بێتاوانیان تەنها لەم دە ساڵانەی دواییدا کردە خۆراکی خاک و گۆڕی بە کۆمەڵ. سەدەی ڕابردوش هێندە بە ژان بوو، کە هێشتا مرۆڤی ئەوروپی لە بەڵاو زیللەت و زریکەو هەراسانیی دەربازیان نەبووە.

لەبەر ئەم هۆکارانە، لەبەر هۆکاری وەڕز بوونی مرۆڤ لە شەڕ و وەڕزبوونی شەڕ لە خوودی خۆی، ڕۆژێک دێت، کە من ناوی دەنێم" ڕۆژی پەرجوو"؛ یان ڕۆژی بەرێ.. لەو ڕۆژەدا کە من بە چاوانی خۆم بینیومە و لێرەدا سەرەتایەکی ئاماژە پێدەدەم. ئەو ڕۆژە تیایدا باکان و شەڕو دێوەکان و جنۆکە و ئەو جندۆکانەش کە لە باکان و سەحراو چۆڵەوانی و لە ژێرابەکان و کەلاوەکاندا دەژین- یەک دەگرن و دەبن بە لەشکری تۆفانێکی سەیر و پەرجوو! هەورەکانی ئاسمانەکان دەبن بە لەشی زبری دەعبای تووش.. دادەبەزن و دەگرمێنن و لەناوماندا دێن و دەچن!

دڵۆپی بارانەکان وەک هەمان دڵۆپی باران نابن کە ئەمڕۆ دەبارێت، ئەوسا- لە بارانەکان ئاتاجی کردەوەکانی خۆتان و گفتار و بیرەکانی خۆتان دەبینن، دەبن بە

مەخلوقاتی درۆ و ترس و نەکبەت. جۆرە کائیناتێک لە تنۆکی بارانەکان و لە هەورو هەستی باکان و لە ویستی تەبیعەت دروست دەبن.. کە مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لە شکۆی دەسەڵاتی شەڕ و تەماشای ئەو مەخلووقاتە کتووپڕ دروست بووانە. چونکە وەک چۆن قارچک دەڕوێت، ئاوەها لە تێکەڵی باکان و بارانەکان و کردەوەکانمان- جۆرە گیاندارێکی قارچک شێوەی لینج و زبرو مەتین و تا بڵێی مەزن- دروست دەبن و لە سەرزەمینی ئەو وڵاتانەوە دەست دەکەن بە هەڵمەت، کە شەڕ پەرست و سەر بڕ و زمان بڕو درۆزن و بێکەرامەتن. لەسەرزەمینی زلهێزەکانیش هەمان شێوە، لە تنۆکی بارانەکان هەمان مەخلووقاتی پەرجوو دروست دەبن- دادەبەزن! کە بچوکترین و نابیناتریان، بەهێزتر و پڕ زەبرو زەنگترە لە مەزنەکانیان.. کە خۆرسک و خۆکردو مەتین دێن و دەبنە مایەی شەڕێکی کورت و لەناوبەر.. ئەوان ئیتر هیچ بەزەییەکیان لەلا نییە و پڕ چەکن بە تۆڵەکردنەوە.. چونکە ئەوان دێن بۆ پاک کردنەوەی زەمین لە پۆخڵەواتی شەڕو دێوی کردەوەکان و درۆی نێوان دێوو دێوپەرستەکان. بۆیە دەڵێم شەڕ تووشی گوونڕەشی خۆی دەبێت و ئاتاجی کردەوەکانی مێژو دەگەڕێنەوە و ئەوان جگە لە تۆڵە هیچی تر نین! چونکە سروشت بە ئاگاو شاهیدە لەوەی کە کردووتانە و دەیکەن.

ئەوان هەموو چەکێکیان پێیە و بەرەنگاری هەموو هێزێک دەبنەوە و تەنها لاوازیی ئەوان خێرمەندیی ئێمەیە.. چونکە ئەوان نەهاتوون و نایەن بۆ نەبەرد دژی مرۆڤی خێرمەند.. بەڵکو مرۆڤی خێرمەند ئاسان بە ناویاندا گووزەر دەکا و دەتوانێت سواری شان و ملیان بێت.. ئەوانیش هێندە قەبارە مەزن و نادیارن کە دەتوانن نەک تەنها کەسێک، بەڵکو خێزان و خانوو و ماڵ و حاڵی مرۆڤە جوان و خێرەکان بخەنە سەرشان و لە تۆفان و قینی شەڕ دەربازیان بکەن. چونکە ئەو کاتە سروشت پەرکەم دەیگرێ و سەری لێ تێک دەچێت و نازانێت چی دەکاو چۆن تۆڵە لە سەبەبکاری شەڕەکان دەکاتەوە. ئەوسا ئەو مەخلوقاتانە تا دێن زیاتر قەبارەیان مەزنتر دەبێت، ئەوسا کۆشکە ئاسمان ڕوشێن و قەڵاو بازاڕەکان و شەقامەکان لرف دەکەن و وەک پاروو قووت دەدرێن و هەموو شتێک دەکەن بە توزو قوڕاوو خاک وخۆڵ. ئەوسا وەک چۆن سەردەمی لوط شتەکان دەبوون بە بەرد و هەڵدەپروان و هاوسەرەکەی نوح باوەڕی بەو ڕووداوانە نەدەهات، ئاوەها ڕووداوەکان و ڕاستییەکان یەک دەگرن لەگەڵ پەرجوودا و شتەکان بێنرخ دەبن.. وەک چۆن دێوەکان مرۆڤیان بێ بەزەییانە بێ نرخ کرد و زیندە بەچاڵ کرد و سووتان و خوێنی بێتاوانەکانیان ڕژان! ئاوەها دەکەونە وێزەی خراپەکانمان.. ئەوسا خێرمەند پاش هەڵمەتی ئەوان، ئاسایی بەناو ئەو لەشکرەدا دەڕۆن و تەماشای کەرامەتی خواکان و بتەکان و فریشتە و جنۆکەکان دەکەن.. چونکە ئەوان دەتوانن لەگەڵ مەزنترین لەشکری –نانۆ- و –ئەتۆم- و- لێزەردا- بێنە نەبەرد و هێزی ئەوان ناکرێت لەگەڵ هێزە زەمینییەکاندا بەراورد

بکرێت. چونکە تەنها بینینی ئەوان دێوەکان هێندە لاواز دەکات، کە ئیتر توانای بەرەنگار بوونەوە و چوونە نەبەردیان نامێنێت.

دەشێت ئێستا بپرسیت ئەو زلهێزانە کێن و چۆن دێن و لەناومان دەبەن؟

ئەوان زادەی کردەوەکانی خۆمانن.. زادەی کردەوەی درۆ و شەڕ و گفتارەکانی مێژوی ژیانی دێوپەرستەکانن- کە تێکەڵ بوون بە دێو و ئیتر خۆیان ناناسنەوە.. ئەوان هێندە مەزن و سامناکن نەبێتەوە.. ئەوان وردو گچکۆکە و سەیر شێوەن وبە ویستی خۆیان دەتوانن بڕۆن، بفڕن، بچووکتر و مەزن و مەزنتر ببنەوە.. شکڵیان هەردەم لە گۆڕاندایە و هەرچۆنێک تەماشایان بکەیت، تێناگەیت لە دۆخی گۆڕانی نەسخ و مەسخ و ڕەسخیان.. ئەوان چۆنیان بوویت وەها دەگۆڕێن و گەورە دەبن و لە چاوانیش وون دەبن.. کە دێن، ئەوان لەگەڵ تۆفانێکدا دێن و من بینیومن و دەیانناسم و پارێزراوم لەناویاندا( بە تایبەتی ئەگەر من و زەڕراتی من لەناوتاندا مابن، ئەوا پارێزراو لەناویاندا دێن و دەچن و تەماشایان دەکەن و لەگەڵیان دەدوێن.).. من بەم ووتانە، بەم فەرمووودانە کەس ناترسێنم، چونکە باوەڕدار ناترسێت و چاوترس ناکرێت.. جا هیچی ئەوتۆ نەماوە نەیکەن.. جا ئێوە کێن مرۆڤتان کردووە بە کاڵای شەڕ و خۆتان لە مرۆڤ کردووە بە خوا؟ ئێوە کێن بە شەڕەکانتان مرۆڤایەتی و میللەتان داگیر دەکەن و بە جەنگی ئەتۆم و لیزەر و نانۆ شەڕ لەگەڵ وەچەی پێغەمبەرەکاندا دەکەن؟ ئێوە دەرباز نابن و زۆربەتان دەبن بە ئەنجامی کردەوەکانتان. جا زۆربەتان بە چاوی خۆتان دەبینن، کە ناتوانن هانا بەرنە بەر ئەستێرەکان و مانگ و- بنی دەریاو زەریاکانیش سامناکترین حەشارگەتان دەبێت و ئاسمان لێتان تووڕە دەبێت.. چونکە سروشت، کوری ئاسمانە و خۆر کچی ڕووناکییە.

ئەو گیانلەبەرانە، توخم و جەوهەر و سروشتیان- دەستکردی خواکان و فریشتەکانن و ئینس و جنن.. دێوەکان ناتوانن لە تەلیسمی بوونیان شارەزا بن.. بەڵام شکڵیان یان شێوە و ڕوکەشیان لە هەموو باڵندەکان و گیانداران وخشۆکەکان دەچێت! قەبارەیان تا بڵێی بچووک و بە پێی نیازەکانیان تا بڵێی مەزن و سامناک و گەورە دەبێت. چونکە ئەوان لە ویستی باکان و باران و سروشت وگیاندارانی بێزمان وخشۆک دروست دەبن. بەدەستی فریشتەکانی خێر و بتەکان و خواکانی مرۆڤ.. ئەو خوایانەی کە ناچار دەکرێن مل بدەن بۆ جوانکردنەوەی سروشت و هێمن کردنەوەی ترسەکانی مرۆڤایەتی.. چونکە ئەوان باوەڕیان بە دەسەڵاتی خێر و مرۆڤ هەیە.. چونکە مرۆڤی خێرمەند پیرۆزترین و مەزنترین و جوانترین گەوهەری بوونەوەرە.

چونکە بەڕێوەیە ئەو ڕۆژەی کە کەس، هەر هیچکەس منداڵێکی ساغ ناهێنێتە بوونەوە.. چونکە شکۆی کەرامەت و نەریت و ئاکارو جوانیی مرۆڤ بە هەرزان مەزات دەکرێت.. چونکە بازاڕەکان لغاویان بۆ بەرەڵایی و شەهوە و هەوەس و شەڕو

پیس بوون بەرداوە. درۆ بەرنامەی ژیانەو هەلپەرستی کەلتوور.. مرۆڤەکان قەبارەیان هێندە بچووک بۆتەوە، کە لەخۆیان دەترسن و ناوێرن نە تەماشای خۆیان بکەن، نە هەڵ بکەن لەگەڵ نەژادی دووەمدا.. نە حەز لە ژیان دەکەن، نە دەشتوانن دەسبەرداری بن.. ئیتر بوون بە کۆیلەی درۆ و شەڕ و بوختان و تەعدا و تۆڵەکردنەوە لە یەکتری و لەبری خۆشەویستی، پەیوەندییەکان تێکەڵ دەبن لە ڕق و ترس و بەغیلی و تۆڵە.. ئەمە ژیانی مرۆڤە لەناو دێوپەرست و دێوەکاندا.. لەم بەهەشتەدا، کە سێ لەسەرچواری ژیان تیایدا بووە بە دۆزەخێکی مەزن و تاریک و تۆقێن. جا تەنها مرۆڤی جوان و زاناو هەستیارو پیرۆز و خاوەن عیشق و خۆشەویستی پارێزراو دەمێنێتەوە. کەس، هەر هیچ کەس ناتوانێ ئەم ئومێدە لە دەروون و گیانماندا بسڕێتەوە. پایەداری بۆ ووتاری جوان و بیری جوان و ئاکاری جوان.. چونکە ڕێگاکانی کەماڵ سیانن. سیانەی جوانیی موتڵەق.

***

خەڵکینە.. خوێنەری بەرێز و ئازیز، دێوەکان، دێوپەرستەکان؛ وا نەزانن کە من شتێکی نوێم داهێناوەو شایانی ئەوەم کە چەپڵەم بۆ لێ بدەن و گوڵبارانم بکەن! نا.. بەڵام شایانی ئەوەش نیم زمانم ببڕن و سەرقرتم بکەن و وەک دۆعام بەسەر بهێنن. نا، من ڕێگەتان نادەم هێندە ناشرین و بەدکارو دڕندە بن.. منیش وەکو ئێوە پڕم لە گوناح و بەسەرهاتی سەرسوڕێن و گومان و نەخۆشی و دەرد.. من لە ئێوە زیاتر نیم و خۆشم لە ئێوە بە کەمتر نازانم.. بەڵام هەندێک بابەت هەن، کە دەشێت لاوەکی بێت یان جددی و ئێوە تێی نەگەن، دەشێت بە هەڵە لە فەرموودەکانم بگەن و نازناوی کەسێکی مەزن یان پێغەمبەرێکم بخەنە پاڵ.. دەشێت هەم ڕاست بن و هەم هەڵە.. بەڵام من هیچیان نیم! چونکە پێغەمبەرەکان تەنها هەستێکن وبە خەیاڵی مندا دێن و دەچن.. من تەنها مرۆڤێکم کە بە پێی توانای خۆم سەر بۆ جوانی دەلەقێنم.. هەست دەکەم جوانی دەستی بەسەر مندا گرتووەو گرەوی لێ بردوومەتەوەو و من لە ژێر ڕکێفی فەلسەفەی جوانییدا هەست بە تەسلیم بوون دەکەم. هەست دەکەم کەس تێم ناگات و هەندێکیش هەن ئێرەییم پێ دەبەن.

بەڵام من مرۆڤێکم، کە دەتوانم زۆر ڕاشکاوانە لەخۆم بدوێم و بڵێم: من خوا پەرست و ئایین زاو باوەڕدار نیم. من سەبووریم بە ئایینەکانتان و بەخواکانتان نایەت و شانازی بە پەرستاری هیچ میللەتێکەوە ناکەم. بەڵام ڕێز لە لۆژیکی ئایینەکان دەگرم.

دەزانن من چی دەپەرستم؟.. دەزانن من بۆچی دەژیم و بۆچی لە هەمیشەییەوە هاتوومەتەوە؟ گەر ئێوە نازانن، ئەوا من خۆم دەزانم. بەڵێ، من دەزانم بۆچی دەژیم و بۆ هاتوومەتە ناو ئێوەی مرۆڤ و دێو و دێوپەرستەوە.. دەزانن بۆ؟ بۆ ئەوەی تێ

بگەن و دڵنیا بن کە هێشتا جوانی لە ناو مرۆڤایەتیدا دەژی و ماوە و بەردەوامە.. هێشتا جوانی دەژی و هەست بە ژیان و خۆشی و بەهجەت دەکات لە ژیاندا.

وا نەزانن کە من مرۆڤێکی نێگەتیڤم و خوارو خێچ لە جوانی دەڕوانم، نا.. هەڵەی وا نەکەن، و خۆتان گومڕا نەکەن. چونکە من سەری پەیوەندیم بەو ڕەگەزانەوە نییە کە دەوروبەر منی پێ پێناسە دەکات. چونکە من بە تەماشایەک، دەتوانم هەست بە جەوهەری خوا بکەم و دەست بەرم بۆ هەستی بوونەوەر. من بابایەکی هەست ناسک و جوان ناسم و بۆ ئەو هەستانە دەژیم کە ساتەکان بە دیاری بە منی دەبەخشن..
چونکە من وەک زۆربەی خەڵکی بیر ناکەمەوە، بەڵکو، بەوە خۆم لە زووربەی خەڵکی جیا دەکەمەوە، کە من هەست بە جوانییەک دەکەم، یان جوانییەک دەژێنم کە هەست دەکەم، ئەوانی تر لێی بێبەرین. بە هەڵە لە فەرموودەکانی من تێ مەگەن، چونکە من شایانی ئەوەم کە هەست بە شادوومانی بکەم لە ناوتاندا.. گەرچی ئەم مافەم لێ سەندراوەتەوە لە مەملەکەتی بەفر و لەوێدا هەست بە زیندانی دەکەم..
کەچی زۆر منداڵانە، هەست دەکەم بەختیارم بەوەی کە هەندێکجار، لە هەندێ شوێندا، لە ناکاو مرۆڤێک دەبینم.. یان پێغەمبەرێک، فریشتەیەک دێتە خەونم..
مرۆڤێک کە پەیامێکی پیرۆزی پێیەو دێت و دەبێت بە میوانی خەونەکانم و هەوڵ دەدات بێدارم بکاتەوە و یادم بهێنێتەوە کە منیش مرۆڤم و بۆم هەیە هەست بە سۆزو خۆشەویستیی خواکان و پێغەمبەرەکان و فریشتەکان بکەم.. هەست بکەم کە ژیان بریتییە لە کۆمەڵێک خەون و خۆشی و خۆزگە و ئومێدو چاوەڕوانی، و کۆمەڵێک ڕووداوی خۆش و ناخۆش.

جا تکاتان لێ دەکەم کە بەهەڵەدا نەچن و خوارو خێچ پەیکەر لە باوەڕ و بۆچوونەکانتان دەربارەی من دروست نەکەن.. چونکە من لە پارچە مۆسیقایەک زیاتر نیم، یان دەشێت ڕەنگێک و تۆنێکی تازە یان کۆن بم! دەشێت من لە تابلۆیەک بچم کە شایەنی ئەوە بێت ببینرێت، یان بیری لێ بکرێتەوە.. من بانگهێشتی خوایەتی ناکەم.. ئەگەریش پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکان بێتە خەوم، بۆم هەیە باسی بهێنمە سەر زارو تەعبیر لەو خەونانە بکەم کە دەیانبینم.. ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم!!
هەندێک جار بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە لەناوتاندا، چونکە هەست بە تەنهایی دەکەم، تەنهاییەک، کە هێندەی بوونەوەر بەرین و مەزن و فراوانە. تەنهاییەک کە نەک من، بەڵکو هەستی خواوەندو خواکان و فریشتەکانیش زامدار دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەمیشە هەست دەکەم کە من گەشبینترین بوونەوەرم لەمسەرزەمینەدا.. ئیتر بێباکم لە داوەریی دەوروبەرو خەڵک و خوا. چونکە من خواکانی ئێوە ناپەرستم.
بەڵکو مرۆڤ ئەگەر هەستی نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکی نابێت گەر خاوەنی هەموو جیهان و هەزار خواوەندیش بێت.. بۆیە من خۆم بە هونەرمەندێکی خاوەن هەست دەزانم و هیچی تر. هونەرمەندێک کە هەست دەکات کات بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و

شتەکان تەنها دووپات دەبنەوە و کاتیش دەوەستێ و مرۆڤێکیش دێت، کە سەری لە ئاسمانە و پێکانی لەسەر زەوی.. پڕە لە گیانی مرۆڤی مەزن و خاوەنی چوار یاری مەزنە، باکان، بوورکانەکان، سروشت و زەریا لەگەڵ ئەودا دەڕۆن و پارێزگاریی لەو دەکەن. ئەو لە ناوتاندایە و من هەستی پێ دەکەم. ئایینزا دوو ڕووەکانیش چاوەڕوانی هاتنەوە و سەرهەڵدانی مەسیحێکی درۆزنن! گوایە ئەوان نەبوون کە مەسیحی ڕاستگۆیان بە درۆزن تاوانبار کردو کردیان بە خاچداو تاجە درکینەیان لەسەرکردو جەرگیشیان هەڵدڕی! چونکە مەسیحی درۆزن بوونی نییە، هیچ مەسیحێک درۆزن نییە.

بەڵام نوح گیانی هەموو پێغەمبەرەکان و مەسیحەکان و ماریاکانی جیهانە.. بە هەستی ئەوان بە باوەڕی خواوەندی جوانی دەدوێت و مرۆڤێکە بێوڵات و بێئاڵاو بێ مەئوا.. ئەو هەست بە سۆزی پیرشالیار و لەقلەقی پیرۆز و جاڵجاڵۆکەی پیرۆز دەکات. ئەو هەمیشە تەماشای ئاسمانەکان دەکات و کاتێکیش کە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت، لەناویاندا تەنها بەدوای جوانییدا دەگەڕێت. منی پەنابەرو بێوڵاتیش، تەنها کاتێک دەتوانم باسی ئەو بکەم، کە دەبم بەو.

لەم شەوانەی دواییدا، واتە دوای بەسەرچوونی وەرزی هاوینن، شەوێکیان زۆر دڵتەنگ بووم و بڕیارم دا ئیتر چییدی تابلۆکانم نەڕێسم و پشت بکەمە ئایینی خۆم. چونکە من تەنها بۆ خۆم نانووسم و دەوروبەر تەنها بە چاوێکی ڕەخنەگرانەو هەندێکجاریش گاڵتەجارانە تەماشای دووناودوونبوونی نوحیان دەکرد لە گیان و دەروونی مندا. ئیتر بڕیارم دا چیی دی نەنووسم و ئەم تابلۆیە بکەم بە دواهەمین تابلۆ.

کاتێک کە نیوەشەو نووستم، دیسانەوە پیرشالیار هاتە خەونم.. لە خەونمدا فەرمووی: تۆ پارێزاویت. ئیتر هەر هێندە و پاش کەمێک هەموو گیانی تەون کردم بە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی پیرۆز. هەستم بە توانایەکی سەیر دەکرد، هەستم دەکرد( لە خەونەکەمدا) خاوەنی توانایەکی ئەوتۆم کە دەتوانم هەر دەردو نەخۆشییەک لەهەر مرۆڤێک بتەرێنم. بەڵام کاتێک کە بێدار بوومەوە خۆم نەخۆش بووم، قوڕگم ئاوسا بوو، لەشم گشتی کوتراوانە ئازاری دەهات و توانای هەستانم نەبوو.. ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواییش هەمانشێوە کەنفت لەناو جێگەدا مامەوە.. بەڵام بێبەری نەبووم لە هەستکردن بەوەی کە توانای چاکردنەوەی هەر مرۆڤێکی خاوەن باوەڕم هەیە! ئیتر لەو سی ڕۆژەی نەخۆشییەکەمدا تەنها بیرێک میوانم بوو، ڕستەیەک خۆی لە ناخمدا دەچنی، کە بریتی بوو:" خواوەند هەستی شەشەمی مرۆڤە- هەستی حەوتەمە لای هونەرمەند- هەستی هەشتەمە لای پێغەمبەران و داهێنەران.. دێوو دێوپەرستەکانیش بێبەرین لەو هەستانە!" و هیچی تر. هەستم دەکرد خواوەند هەستێکە لە

هەستەکانمان، هەندێک هەن بێبەرین لەو هەستە و هەن خاوەنی ئەو هەستەن. کاتێکی زۆر بیرم لەو ڕستەیە کردەوە، ئەنجام هەستم کرد کە پیرشالیار سەرم بۆ دەلەقێنێت ئەگەر بێت و بیکەم بە دوا ووتەی ئەم کتێبە. لە کاتێکدا کە هەستم دەکرد هێشتا باسی نوح-م دەست پێنەکردووە! جا باسی چیتان بۆ بکەم؛ کاتێک کە ئێوە قۆشمەتان بە هەموو پێغەمبەرەکان کردو، و ئەوان لە ناوتاندا هەر یەکەیان بە جۆرێک نغرۆی گومانەکان و بێباوەڕی و بێ سۆزیی ئێوە بوون و سزاش دران! بۆیە تا هەموو میللەتانی جیهان بەسەر ئایینەکانیاندا نەچنەوە، نە لە هەست و سۆزو دەروونی خواو خواکان تێدەگەن، نە لە فەرموودەکانی منیش.. ئەوسا دەشێت لە جەوهەری دەروون و ئایین و گیان تێبگەن. چونکە هەموو پێغەمبەرەکانتان لەناوتاندان و تۆوی ئەوان لە گیان و دەروون و لەشی ئێوەدایە هێشتا، و هێشتا هەندێک لە ئێوە مرۆڤن.

### تابلۆی سیمفۆنیی ژمارە نۆ!

کاتێک کە نیوەناچڵ ئەم تابلۆیانەم تەواو کرد، کات بەری بەیان بوو، بەرواری بیستویەکەمی مانگی گەرماوەز و ساڵ 2009. ئیتر لەماندوویيدا سەری خۆمم بۆ ڕاگیر نەدەکرا، چونکە زۆر بە پەرۆشی ئەوەوە بووم دەست لەم کارەم هەڵگرم و وەک باوکێکی دڵسۆز تەقەلای ئەوە بدەم قووت بۆ منداڵەکانم دابین بکەم و شایانی ئەوە بم کە ئەوان شانازی بە باوکیانەوە بکەن.. باوکێک کە خەریکە لە زیندانی گومانەکانی مەملەکەتی بەفرو سەرمای گومڕایی و ترسی ئەواندا وون دەبێت. هەستم بە بچووکبوونەوەیەکی مەزن دەکرد. چونکە ژیان ناچاری دەکردم پشت بکەمە زانستی خامۆش و گوێ لە پەیامەکانی باڵندە و گیانلەبەران و خشۆک و دارستان و ئاسمانەکان نەگرم.. تەنانەت ناچار بووم واز لە تۆماری خەونەکانیشم بهێنم، چونکە بە گشتیان ئەو بابەتانە تاقە نانێکی شەرەفمەندانەیان بە من نەدەبەخشی.

ئیتر هەر لەو دەمی بەیانەدا، بڕیارمدا، خۆم دەمبەست و چاوبەست و گوێبەست بکەم.. بۆیە بە نیازی خوود پاکژکردنەوە، چوومە ژوری خۆشتن و بەدەم پاکژکردنەوەی لەش و گیان و دەروونمەوە، سوپاس و دروودم بۆ هەموو پێغەمبەرەکان و مەلائیکەتەکان و خواوەند و خواکان نارد کە پێشتر هاتبوونە خەونم.

پاشان هاتمە دەرێ و گوێم بۆ لودفیک ڤان بتهۆڤن شلکرد و سیمفۆنیی ژمارە نۆم بە وردی گوێ لێ گرت و چوومە ناو جێگەی نووستن. بە دەم ڕاکشانەوە جارێکی تر دروودم حەواڵەی ناوبراوە پیرۆزەکان کرد و ستایش و ڕەزامەندیی خۆمم دەربڕی دەرهەق بەو هەموو خەونە جوانانەی ئەوان بە منیان هیدایەت کردووە. هەر هەمان

بەیانی دوای ناشتان حەشاماتێکی زۆر لە خەو بێداریان کردمەوە، دەشێت باوەڕ نەکەی کە خوودی خۆم یەکێک بووم لەوانەی کە هەم دەرگای لەو حەشاماتە کردەوە، هەم یەکێک بووم لەوان و هەم خەوتبووم و بێداریش بووم!

هەموویان هەر یەکەیان لە خەڵکی وڵاتێک دەچوون و بە سەدان زمان سڵاویان لێدەکردم و بێ پرس و بە دڵنیایی خۆیان دەپەستاندە ئەم ماڵەوە کە تیایدا نوستبووم! ئەوان هاتبوون بۆ تەماشاکردنی تابلۆکانم و وێنەگرتنیان.. بە سەرسووڕمان و ڕێزێکی بێپایانەوە تەماشای یەک بە یەکی ئەو تابلۆیانەیان دەکرد کە من هەم نیشانم دەدان و هەم تەماشام دەکرد وەک سەیر کەر. ئیتر دەستە دەستە ناو ماڵەکەم پڕ دەبوو لە پیاوو ئافرەتی نەناس لە هەموو ڕەگەزێک! هێندە زۆر بوون کە نەمدەتوانی بە ناویاندا بە ئاسانی هاتووچۆ بکەم و وێنەکانمیان نیشان بدەم.. تەنانەت تووشی هەناسە تووندی هاتم و هەر لەتاو ئەوەی هەناسەیەک بدەم، ڕاستەوخۆ لە ناو جێگە بەرز بوومەوە و بەرەو دەرگای دەرەوەی ماڵ- بە پەلەقاژێ چووم و دەرگاکەم خستە سەر پشت و هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی.

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، یەکەمجار بوو لە ژیاندا ئەو کارە بکەم، چونکە من ڕاستەوخۆ پاش بێداربوونەوە لە هەر خەونێک، جگەرەیەک پێدەکەم و بیرێک لەو خەونانە دەکەمەوە کە دیوومن. بەڵام ئەو نێشتانە، بە ڕاستی هەستم بە پڕ بوونی گیانی مرۆڤ دەکرد لەناو ماڵەکەمدا- مرۆڤی هۆشمەندو هونەر دۆست! بە بێداریش هەستم دەکرد کە ئەگەر بمەوێت، ئەوا دەتوانم یەک بەیەکیان ببینمەوە، بەڕاستی نەک بە خەون! بەڵام بەلامەوە گرنگ نەبوو.. تەنها پێویستم بە هەڵمژینی هەوای پاک هەبوو، بەڵکو حەزیشم دەکرد کە هەست بە تەنهایی بکەم. چونکە ماڵ و منداڵیش چوبوون بۆ سەفەر و تەنها بووم لە ماڵەوە.

ئیتر سەرتان نەیەشێنم بڕیارم دا کە دەربارەی ئەم زانستە خامۆشەی کە هێشتا لە سەرەتایدام هیچ نەڵێم و هیچیش نەنووسم، چونکە هەست دەکەم کەس سەر بۆ ئەم زانستە دێرینەی من نالەقێنێت و نوح دادی کەس نادات و بازاڕەکان خۆش ناکات.

سێ هەفتە بەو جۆرە کاتم بردە سەر.. نە هیچم خوێندەوە، نە هیچ فێر بووم، نە هیچم نووسی و هەر هیچیشم نەکرد.. تەنها خواردن و خەوو جار ناجاریش بە پەرۆشەوە بە دوای کارێکدا دەگەڕام، هەر کارێک کە لە مرۆڤێکی سادە بووەشێتەوە.

بەڵام ئەمە سێیەم شەوە دوای ئەو سێ هەفتەیەی کە مانم لەخۆم گرتووە هیچ نەڵێم و نەنوسم و نەدرکێنم و واز لە تۆمارەکانم بهێنم. بەڵام بتهۆڤن ئەمشەو تکای لێکردم کە باسی ئەو تابلۆیە بکەم کە سێ ڕۆژە خەوو خۆراکی لێ تاڵ کردووم و ناچارم دەکات بۆتانی باس بکەم.

منیش هەست بە ماندوویی دەکەم، بۆیە داوای لێبووردنم لە بتهۆڤن کرد، چونکە بە ڕاستی دەربەستی ئەوە نیم زیاتر بدوێم، چونکە دەشێت هاوڕێکانم، یان ئەوانەی کە لە فەرموودەکانم تێناگەن؛ بڵێن: " کاکە تۆ ئەمەت لە تابلۆی حیکایەتی مێش-دا" باس کردووە. ئیتر داوای لێبووردنتان لێ دەکەم، چونکە من پێویستم بە ئازادکردنی خۆم هەیە لە زیندان، بەر لەوەی لە زانستی خامۆش بدوێم، چونکە هەست بە نەنگی و لاوازی و کەمتەرخەمی دەکەم کە تەسلیمی ژیانم لەم دورگەیەدا.. بەڵام دەبێت بزانن کە لەم دورگەیەدا سێ گیانی پیرۆز هێشتا باوەڕیان بە من هەیە: سارا و داڤید و یوسف- ئەمان باوەڕیان بە من هەیە کە باوکێکی دڵسۆزم و بۆ ئەو باوەڕە بچکۆلە و مەزنەی ئەوان، بەرگەی دۆزەخی گومانەکانی دێوپەرستەکانی دەوروبەر دەگرم. ئیتر هەرچییەک بڵێم بێ سوودە، چونکە من هەست بە ئازاری جەهەننەم دەکەم لە هەژدەساڵ ژیانی زیندانیی ئەم مەملەکەتەدا- کە خەریکن ناچارم دەکەم هەست بە لەعنەت بکەم و وا خەریکە لەعنەت لە سەر زارم بە مردارەوە بوویی لە دایک دەبێت!

چونکە من لە کەلتووری دێوەکانی بەستەڵەک تێناگەم.. چونکە ئەوان دەیانەوێت خواوەند و خواکان و فریشتەکان بکەن بە کۆیلەی شەهوە و نەریتی شەڕ.. ئەوان دەیانەوێت مرۆڤی پیرۆز بە لە خاچ دان چاوشۆڕ و سەرشۆڕ بکەن و شانازی بەوەوە دەکەن کە مەزنترین خواوەندو مرۆڤیان لە خاچ داوە.. جا کێ ئەمەندە پیاوو بوێرە تا بتوانێت بفەرموێت" من هەم؟".. ئەمانە تا ڕادەی ڤێزلێبوونەوە ڤێز لە خۆیان دەکەنەوە و لە شکۆی جوانی دەترسن و هەر هەڵپەی ئەوەیانە شەڕ و جەلاد لە وڵاتاندا زۆر بکەن. بوختانەکانیان باڵندە و مێرولەکان و جانەوەرەکانیشی توڕە کردووە و سروشتیان کردووە بە زبڵدانی بەراز. ئەمانە خۆیان لە هەر خوایەک بە پیرۆزتر دەزانن و هێندەش ترسۆ و خۆشی و هەوەس پەرستن - کە هەستیان سڕ بووە و هەر بێ هەستیش لەناویان دەبات. من هەژدە دانە ساڵە هەر تەماشایان دەکەم و لێیان خۆش دەبم و هەوڵ دەدەم ببم بە هاوڕێی سەگ و پشیلەکان و شێت و نەخۆشەکانیان.. کەچی ئەوان بە زۆر منیان دیل و زیندان و دەست بەست و دەمبەست و چاوبەست کردووە و دەیانەوێت شکۆی باوکایەتیم داتەپێنن و ماڵ و منداڵەکەشم لێ بکەن بە دوژمن. ئەمانە شایەنی ڕێز و لێبووردنی من نیین. چونکە هەست بە مەزنیی لێبووردنی من ناکەن. چونکە من هەژدە ساڵە، هەموو چرکە و کات و ساتێک هەر خەریکی لێبوردنی ئەوانم.

ئەوان ڕێز لە ووتاری جوان و بیری جوان و ئاکاری جوان ناگرن ئەگەر مۆرکی خۆیانی لێنەدەن.. نازانن کاتێک کە ووشەیەک وەک تیر لە کەوانی دەم- لە دەروونەوە دەردەپەڕێت، چەند بە تەوژم تەوەری ئاسمانەکان دەبڕێت!.. بەڵام من تێگەیشتووم؛ دەزانم کە ووشەکان تیرن.. دەم-یش کەوانی گیان و دەروون و بیر و

هەست و خۆزگەکانە.. جا دێوەکان هیچ دەربارەی هونەری ئاخاوتن فێر نەبوون هێشتا، بۆیە قڕوقەپکردن چاترە لە زۆر ووتن.. چونکە من دڵنیام کە نەک ناتوانم جیهان بە خەندەکانم ڕزگار بکەم.. بەڵکو بەر لە هەر شتێک دەبێت گیانی خۆم ڕزگار بکەم لە دیلی و ژێردەستەیی و بێکاری و سزای دەروونیی زیندان. ئەگەر باس لە دەروون و گیانی ئازاد نەکەم.. هەر کاتێکیش کە ئازاد بووم، ئەوسا باسی پاڵەوانێتیی خۆمتان بۆ دەکەم. چونکە هەموو مرۆڤێک پاڵەوانە و لە ژیاندا خەریکی چنینی پاڵەوانێتیی خۆیەتی.. جا من باس لە چوار پاڵەوانی خێر و جوانی و خۆشەویستی و هونەر دەکەم.. چونکە سنوورەکانی بوونەوەر چوارگۆشەن.

مێرولەکان هاتن، جاڵجاڵۆکە و لەقلەق هاتن.. باڵندەکان هاتن، بت و خواکان و فریشتەو پێغەمبەرەکان هاتنە خەونم.. دووپات و دووپات تابلۆی سەیرتریان نیشان دەدام و وانەی نوێتریان بە دیاری پێ دەبەخشیم.. منیش لە خۆشیدا هەردەم تەماشای بەرینیی ئاسمانەکان و زەخرەفەی ئەستێرەکان و جوانیی ئاوێزەو خۆرم دەکرد.. هەموو شەوێک دەیان کۆچم دەکرد. مێرولەکان و لەقلەق و جاڵجاڵۆکەو پیرشالیار و نوح گەواهی خەونەکانمن. ئەوان دەزانن و بەڵێنیان داوە پێم، کە خەونەکانی هەر مرۆڤێکی جوانپەرست دێنە دی. مێرولەکان ئەم زانستە دەزانن.

مێرولەیەکی ڕەشپۆش فەرمووی: بەڕێز حەزرەتی نوح، وابزانم بەڕێزتان لەیادتان چوو تابلۆی ڕۆژی بەرێ و حەزرەتی شەیتان بۆ خوێنەر تۆمار بکەیت، گەورەم ئەوان چاوەڕوانی فەرموودەکانی تۆن و مرۆڤ و فریشتەو خواکانی هەموو ئاسمانەکان و تا پێغەمبەرانیش چاوەڕێی پەیامی تۆن. ئایا کاتی ئەوە هاتووە ئەم پەیامەمان پێ بگەیەنیت ؟.. فەرمووم بەڵێ، بەڵام من ئەم نهێنییەم لای منداڵە بچکۆلەکەم درکاندووە، ئەو کوڕی منە و حەزرەتی بەڕێزی یوسفە لەناوتاندا، میری کورد و پاشای هەستی جوانییە لەناوتاندا، نەکەن ڕێوونی بکەن! نەکەن ها، چونکە ئەو هەموو پەیامێکی بەر لە لەدایکبوونییەوە پێیە و مرۆڤێکی ڕەسەنە لەناوتاندا. نەیڕەنجێنن ها! جا بۆیە بەو بۆنەیەوە باسی ڕۆژی بەرێ و حەزرەتی مردن- تان بۆ دەکەم.

## تابلۆی مەرگ و ڕۆژی بەرێ

مێرولەکان، گوێبگرن لە پەیامی باوکی خۆتان.. منداڵەکانم، ڕۆڵەکانم، ئێوەش لەهەر کونجێکی ئەم جیهانەوە خوێنەری منن. من زۆر بەئاگام لە هاتنی ڕۆژی بەرێ و چەهەنەنەمی کردەوەکانتان.

مەرگ دەعباو دێوو جندۆکە نییە لەناوتاندا، بەڵکو کردەی ئاکارو ووتارو کردەوە و خۆزگەکانی خۆتانە.. مەرگ هەم پاداشتە و هەم سزا. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە پێکهاتووە لە کارلێکی نێوان پاداشت و سزا.. مرۆڤ لە مەرگی خۆی دەچێت، چونکە خۆی مەرگی داهێناوە، کەس ناتوانێت مەرگی کەسێکی تر بکات بە بەری کەسێکی تردا. تەنها شەیتان دەتوانێت ئەو کارە بکات. بەڵێ.. شەیتان دەتوانێت، بە تاقی تەنها شەیتان دەتوانێت ئەو کارە بکات. ئەوانەی کە دەکوژن و زمان و سەر دەبڕن، خوودی شەیتانەکانن لەناوتاندا.

شەیتانیش لە ناوتاندا ئەو کەسانەن کە من بە دێو ناویان دەبەم لە ناوتاندا،، ئەوانەی سەر و زمان و دەست و پێی مرۆڤ دەبڕن و ناوی خوا دەهێنن.. ئەوانە پیسن، بەلەعنەتیان بکەن و ئەوان جەهەننەمی کردەوەکانی خۆتان و زادەی شەڕو پیس بوونی ژینگەن وا شێت و هارو دڕ بوون. دیواریان لە دەور هەڵچنن.. مەهێڵن لە خۆتان زانا تر بن.. لە خۆشتان ڕامەپەرموون تەماح بکەنە سامان و داهات و سوودیان.. چونکە بەوە هێندەی تر ژینگە و دەروون و خواکانی خۆتان پیس تر دەکەن.. شەیتان چەقۆی لە دەستە و کەتن دەکات.. منداڵ و ئافرەت و پێغەمبەر و مرۆڤی داماو سەرقرت دەکەن و سروشتی مرۆڤ و دێوو شەیتانیان دزیوە و توخنیان مەکەون. بەڵام سنووریان بۆ دابنێن. جا ئەگەر شەیتان و وەچەکانیتان نەبینیوە، ئەوە نموونەیان لە عیراق و ئێران و تورکیا و ئەردەن و سعودیە و گەلانی موسوڵماندا ماون و زۆرن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو هەموو کیشوەرەکان.. دەتوانن گێرە شێوینیتان پێ بکەن. بەڵام هەوڵ بدەن جیا ببنەوە.. وەک پێشتر ئەو کارەتان کردووە. چونکە لە ئاخر زەماندا= ڕۆژی بەرێ، مرۆڤێک لە ناوتاندا سەر هەڵدەدا و درەختی زەمان لە سەر سەری ڕواوە و کەس نایبینێ.. کەچی هەمووتان تەنها باسی قیامەت و شەڕو دژایەتی کردنی تیرۆر و ڕزگارکردنی ژینگە دەکەن! نازانم بۆ درۆ لەگەڵ خۆتاندا دەکەن!؟ ئەی نازانن ژیان توانای هەرس کردنی کردەوە و درۆ و دووڕوویی نەماوە و ئێوە خەریکن ڕووی مرۆڤ دەسڕنەوە و دەتانەوێ بە درۆ خۆتان تەفرە بدەن؟ جا لە تووڕەبوونی من و لافاو باکان و بۆرکان بترسن.. چونکە ئەوان خەلیفی منن و لە من بەهێزترن. چونکە بۆرکان کوڕی زیۆس-ی باوکە گەورەتانە و شەپۆلیش دایکی نەمرتانە، واتە حەزرەتی ڤینۆس. مرۆڤێک دێت کە جێگەی داخە لە ناوتاندایە و کەستان نایبینن.. هەڵدەستی و لافاو لەگەڵیدا ڤێی لێدێت.. کە دێت، جێگەی پێکانی سەوز دەبێت کاتێک کە دەڕوات و هەرچی ئافرەتانی جیهانە بە دوایدا دەڕۆن و ئاوازێکی سەیر بە کۆراڵ و بە هەموو زمانێک دەخوێنن و دەفەرموون: ئامیین.. ئامیین... ئاااا، مییین..

چەکەکانتان دانێن و کەمێک تەماشای کەرامەتی خۆتان بکەن.. واز لە شەڕ بێنن... ئێمە دەنگی فریشتەکانی گەردوونی جوانیین و باوەڕمان بە خوای خۆمان هەیە. هەر

مرۆڤێک بۆی هەیە خواوەندێکی تایبەت و پیرۆزی هەبێ، بەو مەرجەی چەکی لە دەست نەبێت.

ئیتر دەشێت بەوە قیینی سروشت و خۆرمان خاو ببێتە وە و ژینگە هەستی ژیانەوەی تیادا دروست بێتەوە. چونکە هەمووتان باش دەزانن کە ژینگە بە نەخۆشی و شێتی و شەڕ و تەعدا پیس بووە. جا مەهێڵن شەڕ هێندەی تر لە ناوتاندا سەرەڕۆیی بکات. چونکە ئاتاجی کردەوەی شەڕ؛ شەیتانی بەدخووتر بەدی دەهێنێت لە ژیاندا. چونکە شەیتانەکان لە ژینگەدا باکان پیس دەکەن. چونکە ئێوە بە کردەوەی درۆ و فیتنە، لە قەبارەی ئەو زیا دەکەن.

مێرولەکان فەرموویان: بەڕاستە ئەی حەزرەتی نوح؟ فەرمووم: ئەرێ، بەچاوی ئێوەی مێرولەکان شەیتان لە کردەوەکانی خۆتان دەچێت.. مەرگیش لە شەتیان زاوە، و شەیتان نێرەمووک بوو. تکایە هەست بە جیاوازی مەکەن. ڕۆژی بەرێش ئێستایە، کە تیایدا مرۆڤ هێندە بەدخوو دەبێت، تەنهایی هەڵدەبژێرێت، شێت دەبێت و خۆی زامار دەکا و نەخۆش دەکەوێت و دووچاری سەرەتان دەبن لە ناوتاندا.. مرۆڤ تووشی هەراس و هاری و تەمبەڵی و درۆ دەبێ و وای لێ دێت بە نەخۆشیی ناشاز و درمی پیس، ژینگە هێندەی تر هەراسان بکات. مرۆڤ هێشتا لە ژیان و بەهەشت و مردن و خواوەند و سڕی پەرییەکان و خواکان تێنەگەیشتووە. کەچی دەیانەوێت من لە چاوی خۆیان دەربهێنن و بمکەن بە کۆیلەی عەرەب و تورک و فارس- ئێوە نازانن ئەو میللەتانە چی لە نەوەی نوح دەکەن؟ ئەی نابینن چی لە میللەتی زاگرۆس دەکەن؟ لەسەردەمی لەدایکبوونی حەزرەتی نوحەوە، ئەوان هەر خەریکی سەر برین و زیندە بەچاڵکردن و ئافرەت هەتککردن و پیاو خەساندن و پیاو سوککردنن. ئەوان لە وەچەی دێون، سنوریان بۆ دابنێن. ڕاستی و ڕاستپەروەری مەزنترین و مەتین ترین خوایە لەناوتاندا و ئاگاداری گشت هەڵوێست و کردەوەیەکتانە. من بە ئامۆژگاری بەوان دەفەرمووم: شەڕ هەرگیز سەر نەکەوتووە و سەر ناکەوێت. تا شەڕ بنبڕ نەکەن، لە مانای بەهەشت و جوانی و خواوەند و فریشتە و پێغەمبەران و بەختیاری ناگەن.

ئەی ئەوانەی کە خۆتان بە مرۆڤ دەزانن، ڕاستی چەک و پەیام و باوەڕی منە و مژدەی ڕاستپەروەریم پێیە بۆتان. جا بە زمانی حەزرەتی نوح. بە زمانی هونەر و جوانی، بە زمانی ئیلیاس و لەقلەق و جاڵجاڵۆکەی پیرۆ و مێرولەکان پێتانی ڕادەگەیەنم- من خۆم بە پەناهەندە نازانم لە ناوتاندا و باوک و باپیر شالیار و باپیری پێغەمبەرەکانتانم لەناوتاندا، بەسە هێندە مەمرەنجێنن، چونکە تووڕە دەبم.

ئەی نازانن کاتێک کە من تووڕە دەبم، تەبیعەت تێک دەچێت و ژیگەتان برینی لێ هەڵدەتۆقێت و گیانتان درم دەکات؟!

پەند لە تابلۆکانم وەربگرن، فێر بن، چونکە فێربوون سروشت لە گەندەڵی دەرباز دەکات. ڕۆژی بەرێ ئێستایە و جەجاڵیش هەستا وە و چاوی بزکردۆتەوە و کلکی لە شمشێر و کێرد و قەمەی دەستی سوڵتان و جەناب و خواجەکانی شەرق و غەرب دەچێت – کە لە دەستیاندایە و بە ئارەزووی خۆیان مرۆڤ سەرشۆر و ڕسوا دەکەن.

جا تێبگەن، تا ئەوکاتەی جەور و سزا هەبێت، مرۆڤ و ژینگە زیاتر ئاگری قینی خۆر تاو دەدەن و زیاتر دوچاری درم دەبن.

مێرولەکان، بەر لە خیتام چیرۆکی بینینی شەیتانتان بۆ باس دەکەم، کە لەمشەوانەدا هات و خۆی نیشان دام، لێی نەترسام، چونکە ئەو خۆی هێندە ترسنۆک و درۆزن و ماندو بوو، لەشی تەمبەڵ و سستی خۆی بۆ بار نەدەکرا و تەنهایی تەنگی پێهەڵچنیبوو تا بێت بۆ لای من. منیش بە حەزرەتی ماریا و سارام فەرموو: بەو درۆزنە ڕابگەیەنن کە من لەو ناترسم و هەرگیز ستایش لە وتاری نائێم. بێ ڕێزی نەبێت، هەن لە ناوتاندا لە خوودی شەیتان درۆزنتر و بێشەرم تر و دڕترن. ئەوەش سزایەکە و خۆتان تێیکەوتوون و ناچارن وەها تەنها و بێکەس و نەخۆش بن. من لێتان ناترسم و ناشبم بە هاوڕێ و هاو خوان و هاوڕێتان. هێندە ڕێزتان لێدەنێم تا درۆکانتان لە تەک مندا تووڕەم نەکەن.

شەیتان ووتی: بۆچی تۆ کێیت تا بتوانی ڕێز لە درۆکانی من نەگریت؟ لە وەڵامدا بە شەیتانم فەرموو: بمبوورە، من هەرگیز ڕێزی لە دڵەوە لە شەیتان ناگرم و ئەمەش دواجارە دووپاتی دەکەمەوە، من ڕێز لە درۆزن و سەربڕ و جادوکەر و دێو ناگرم؛ بەو مەرجەی ناچارم بکات. چونکە من ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرم. ووتی: من بێڕێزی دەکەم. فەرمووم: منیش ئامادە نیم گوێت لێبگرم و ڕێگە لە خۆم دەگرم گوێبیستت بم. ئیتر هەر لەو تاریکیی نیوە شەوەدا، شەیتان بریاری دا تۆڵەم لێبکاتەوە. منیش دەربەستی نایەم. ئیتر لە تاریکی هاتمە دەرێ و بە ڕێگای حەقدا ڕوو لە چارەنووسی خۆم کەوتمە کۆچ.

مێرولەکان فەرموویان: کام کۆچ؟ فەرمووم: کۆچی مێرولەکانی خەیاڵ و فەنتازیای بەهرەی جوانی. چونکە من توانای دابەشبوونم هەیە و دابەش دەبم لە گەردەکانی ئیلیاس-ی پیردا و هەر ساتە و مێرولەیەکی گیانم بەرەو تەوەرێک و ئاڕاستەیەکی تر دەچێت، هەر گەردێک لە زەڕڕاتی گیانم، باڵندەیەکەو ئازادانە دەفڕێت، بۆ هەر هێلانە و کونج و ماڵ و کیشوەرێک دەفرێت و جوانی تورک و عەرەب و فارس و ڕۆم و عەجەم دەبینم و تەماشای بەهرەی جوانیی مرۆڤی ڕەسەن دەکەم لە ناوتاندا و فێری خوودناسی و جوانناسی دەبم. وا نەزانن کە من بە زمانی ڕق دەدوێم و نەژاد پەرستی دەکەم! وا نەزانن ها؛ چونکە بەوە کەرامەتی خۆتان پیس دەکەن. من دژی هیچ

گەلێک و هیچ ئایینێک و هیچ ڕەگەزێک نیم. بەڵام کردەوەی ناجۆری هەر میللەتێک ناچارم دەکات ناویان بەرم.

ئەم کاتەتان خۆش- باوکی پێغەمبەرەکانتان، حەزرەتی نوح. هاوڕێی باکان، باران و هەورو خۆرو بەفرو شەپۆل و بۆرکان.. من ئەوان چاتر لە ئێوە دەناسم.. من دەزانم ئەوان هەست بە من دەکەن.

من هێندە ماندوو شەکەتم لە ناو ئەم دێوانەی تەوەری سەرودا و پەستم لە گومان و جاسوسی و حەسودی و تەمبەڵی و بێ هەستیی ئەم گەلانەی جیهانی یەکەم و دووەم و سێیەم. من پەستم لێیان، پەستم لێتان.. چونکە من باوکی پێغەمبەرەکانتانم. پێویستە لەسەرتان دەست بگرن بە سنگتانەوە و داوای لێبووردن لە کەرامەتم بکەن. چونکە من هاتووم و پەیامی هەموو بت و خواکان و خواو پێغەمبەرانی جیهان و تەنانەت پەیام و دەنگ و سۆزی هەموو ئایینەکانم. هاتووم باسی کەرامەتی پێغەمبەرانتان بۆ بکەم.. کەچی وا خەریکە باوەڕم پێتان سست و سز دەبێت.. تەنها ئومێدم ئەوەیە کە ڕاکشام.. مەرگ بێت بە میوانیم و بمباتەوە بۆ لای گیانی پیرۆز و دایک و باوک و کوڕی پیرۆز.. تا گلەییەکانم بگەیەنم بەوان. چونکە ماندووم لەناو ئەم هەژدیها و دێوو حەژیا دڕندانەدا. من هەست بە ڕوخانی بەزەیی و بێ هەستی و بێویژدانیتان دەکەم. هەست بە کەچی و دەمخوارییی یاساکانتان دەکەم و خاوەنی باوەڕی ئێوەش منم؛ واتە خودی چیرۆکخوان و حەزرەتی نوح و هونەرمەندێکی دڵسۆز و پاڵەوانەکانی ناو ئەم کتێبە.. چونکە من ماف و ئاکار و پەیامی ئاشتی و باوەڕی مەتینم فێری منداڵەکانم دەکرد لە کەشتییەکەمدا. من پێویستم بەوە نییە لە فێرگەکانی ئێوەدا فێرە دادانی بەزەیی بم. نا.. من لە بەزەییدا بەخشندە و دڵسۆزو هاوهەستی بەرامبەرەکانمم.. کەچی ئەوان باسی بەزەیی دێو بۆ من دەکەن و دەیانەوێت فێری پێدانی بەزەیی بێ هەستم بکەن.. دەیانەوێت من فێری بەزەیی بکەن! منیش هەندێک جار لە گێلی و بێهەستیی ئەوان تووڕە دەبم و بە نەزانەکانیان دەڵێم: من حەزرەتی نوح-م، باوکی پێغەمبەرەکانتان.. من حەزرەتی مەسیح نیم و بەڵام دڵنیاتان دەکەم کە ئەوی بەڕێز ناگەڕێتەوە ناوتان تا ئەو کاتەی منداڵێکی سەقەت بزێ ، ومرۆڤ هێندە بێ بەزەیی و زەلیل بێت لە ناوتاندا.. چونکە ئەو هەست بە پیس بوونی ژینگەکانی دەروونتان دەکات و شیفاتان تەنها لای نوح-ە، لای من. بۆیە دەزانم کە ئەو نایەتەوە ناوتان، چونکە ئێوە ئەوتان بزمارڕێژ کرد. ئەوتان هەڵواسی و داتان لە خاچ. ئەی مرۆڤە بێهەستە ئایینزاکان، بۆتان نییە هەمان هەڵەش بەرامبەر بە من بکەن..

چونکە من حەزرەتی مەسیح نیم،، چونکە ئێوە چاوەڕێی مەسیحی درۆزن دەکەن،، من هیچیان نیم.. چونکە ئێوە هەم مەسیح و هەم درۆزنیشتان دا لە خاچ. لە کاتێکدا

که هەمووتان چاک دەزانن مەسیحی درۆزن بوونی نییە، گەر هەبێت، ئەوا یەکبەیەکی ئەوانەی خۆیان بە مرۆڤ دەزانن- خوودی ئەون. ئێوە درۆی زۆر و تاوان و شەڕی زۆرتان کرد. جا کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە من بگرن.

من ڕۆژی سەدجار درەختی زەمان لەسەر سەرم هەڵدەکەنم و کەچی دەبینم دەستووبرد درەختی زەمان لەسەر سەرم هەڵدەتوقێتەوە و دەڕوێتەوە و گەڵاو گوڵی چرۆ دەکاتەوە و جاڵجاڵۆکە تەونی باوەڕی جوان دەکات و بە دەنووکی لەقلەق سەما دەکات و خوول دەخوات لە گەردونی جوانیدا و بوونەوەر دەبڕێت- بە خەیاڵ.. دەفڕێت.. باو باکان و بۆرکان و شەپۆل پرس و ڕای من دەکەن ومنیش چاوەڕوانی داڕوخانی زیندانی بەستەڵەک دەکەم.

ئەوان، دێوەکانی قوتب منیان زیندان کردووە. منیش بەوان دەفەرمووم: من، لەم زیندانە دەرناپەڕم، تا ئەو کاتەی منداڵێک پێویستی پێم بێت، یان گەنجێک بیەوێت پرسێکم پێ بکات. من هەژدە دانە ساڵە لەناوتاندا بە دوای هاوڕێیەکدا دەگەڕێم، چاوەڕوانم کەسیک باوەڕم پێ بکات، یان یاریدەم بدات، یان پێویستی بە شیفای من بێت. چۆن دەتوانن من وەک بێگانە تەماشا بکەن و لێم تووڕەبن!؟ ئێوە بۆتان نییە باسی یاسا و دادو ویژدان و ئاکار بکەن، چونکە من پێم شەرمە لەناوتاندا دەژیم و هاوسەرێک و هاوڕێیەکی ڕاستگۆم نییە لە ناوتاندا، جا ڕوو لە چی وڵاتێک بکەم؟ خۆ من هێشتا کەسێک، برایەکی بەڕێز، خوشکێک، هاوخەمێک، هاوگیانێک شک نابەم لەناوتاندا، نایبینم. ئیتر بۆکوێ بچم؟ ئێوە هێشتا زانستی ژیریتان گەشەی نەکردووە تا بەرگی بەری من و درەخت و گۆپاڵی دەست و جبەی بەرم بدوورن. هێشتا تەقنییەی ئێوە نەگەیشتووەتە ئەو قوتبەی کە بەرگ و گۆپاڵ و پێڵاو و درەختی سەر سەری من بچنێت، چونکە ئێوە ناتوانن بەو زانستە بگەن و منیش خەریکم لەیادم دەچێت.. وا خەریکە گیانم شەق دەبات لەناوتاندا و خەریکم شتێکی ترتان فێر دەکەم، چونکە من وازم لە جیهان و زانست و تۆماری ماتماتیک هێناوە و من زانستی قووتبەکانی جوانی و زانستی داد و مافناسی دەناسم و هەست بە سۆزی خواو خواکان و پێغەمبەرانتان دەکەم.. بەسە هێندە شەکەتم مەکەن، چونکە لێتان تووڕەم و خاوەنی زەڕڕەیەک ڕێز نیم لە ناوتاندا، بۆ کوێ بڕۆم و ڕوو لە کوێ بکەم؟ ئەی نازانن کە من وەک پیری مەزن، واتە پیرشالیار یان ئیلیاسی ئاگر یان ئاهوڕامازدای مەزنتان وەک پەپوولەی سپیی گیانی لەناو گەردی باکان و باران و ئاگردا پەخش دەبم و دەچمە دڵ و گیان و خەونی مرۆڤی ڕەسەنەوە و دەمەوێت بیانکەم بە مرۆڤبین و فریشتە بیین و خواناس و باوەڕدار. ئیتر هەرچییەک بڵێم، زیادە ڕۆیی دەبێت. بەڵام...

جا بە ژمارەی ژمارەکان پەند و زانست هەیە لە بوونەوەردا و ئێوە زۆریان فێر نەبوون.

من یادتان دێنمەوە کە 1- ڕێز لەو خوایە بگرن کە هەڵی دەبژێرن بۆ خۆتان و سزای خۆتان و خواوەندەکانتان مەدەن و درۆ لەگەڵ خۆتاندا مەکەن.

2- تا دەتوانی ڕێز لەو باوک و دایک بگرە کە دڵسۆزن بەرامبەرت و لێت دەپرسنەوە و چاودێریت دەکەن بە دڵ و بە گیان. خۆشەویستی و ڕێز و پەیمان و عیشقتان فێر دەکەن.

3- هاوڕێکانت نابێ کەمتربن لە سێ.. ڕێز لەوان بگرە و مۆم بۆ کردەوە جوانەکانیان دابگریرسێنە و سەردانی هاوڕێکانتان بکەن.

4- پاکژی بکەن بە پەیامی دەروون. ڕێز لە جوانیش بگرن. چونکە هەستی ژیان و بوون و بوونەوەر پاکژە- و پیسی مەکەن. هەروەها زیا خۆری و زیاڕۆیی مەکەن.

5- خێر و ڕاستی و پەیام و بیری جوان سەر بە گەردوونی جوانیین و دەربارەی ئەو زانستە پرس لە و هونەرمەندە بکەن کە نوح دانی پیادا دەنێت. کاتێک کە وەک نێرو مێ بە یەکتری دەگەن؛ دەبێت هەوڵ بدەن خۆتان لە دیلیی درۆکانتان بپارێزن و ڕێز بکەن بە پەیداغی کردەوە و ئاکارو هەڵوێستتان.

6- خۆت مەکە بە کۆیلەی درۆ و هەوەس و بووختان .. چونکە ئەم دێوانە جۆرە نەخۆشییەکی نەزۆک لە دەرووندا دەزێنن و پیس دەبن. جا کاتێک کە مرۆڤ دەروونی پیس بوو، ئیتر حەوسەڵەی ئەوەی نامێنێت لەش و دڵ و دەروونی خۆی بۆ هەڵبگیرێت و تەمەڵ و نەخۆش دەکەوێت. واز لە درۆ بهێنن. هەوڵ بدەن بەرامبەرەکەتان سزا نەدەن بەوەی کە ڕاستی ووت و فەرموو و دوا.

7- بوونەوەر حەوت چین نییە، بەڵکو چل و نۆ چینە بە ژمارە. ئێمەی مرۆڤ لە بوونەوەری حەوتەمداین.

8- هیچ ڕەفتارێکی جوان نامرێت و لەناو ناچێت، هەمان شێوە درۆ و نەخۆشی و تاوان و بوختان- ئەم دەردانە بوونەوەر هەراسان دەکەن و خواوەند و فریشتەو پێغەمبەرەکانتان دڵتەنگ و زویر دەبن بە درۆ و دزی و کوشتن و داگیرکردن و خۆ پەریستیتان.

9- واز لەو مۆسیقایە بهێنن کە دووچاری تووڕەییتان دەکات و ڕەفتارتان ناشیرین دەکات. هەروەها بە ڕێزەوە ڕەخنە لە بەرامبەرەکەتان بگرن- ئەگەر هات و هەستیار بوو. هونەر و مۆسیقا و ئۆپرا و سالما بەرز ڕابگرن و پشت بکەنە هونەری هەوەس

و خرۆشاندنی ناجۆری ئاکار و نەفرەت بکەن لەو کەسانەی کە ڕق بڵاو دەکەنەوە و لەشی خۆیان هەراج دەکەن و کەرامەتی خۆیان دەشکێنن.. جا مەپرسن کەرامەت چییە.

10- لە سروشت و هێزە توانامەندەکانی پترسن، چونکە سزای سروشت زۆر بە زەبرترە لە سزای ئەتۆم و لیزەر.

11- ڕێز لە هەموو گیانلەبەرێک بگرن و هەوڵ بدەن لە هەستی درەختەکان تێبگەن، چونکە ئەوان خۆیان بەوە کامەران دەبینن کە مرۆڤێکی دڵپاک لە پاڵیاندا دەحەوێتەوەو سەرخەوێک دەشکێنێت،، وا نەزانن کە درەخت بێگیانە یان بێچاوە یان بێهەست.. نا، درەختەکان وێنەی ئێوە لە قەدی خۆیاندا نەخش دەکەن.. ئەگەر باوەڕناکەن، تەماشای ڕەگ و ڕیشەی درەخت بکەن، ئەوسا وێنەی کەسێک یان هاوڕێیەک یان سەربراووێکتان نیشان دەدەن، ئەوان گەواهی هەموو کردەوەیەکن کە مرۆڤ دەیکات لە ناو سروشتدا و باڵندەکانیش زمانی حەقی بینینی کردەوەکانتانە و باو باران و تیشکی ڕۆژ و ئاگر هەمان شێوە ئاگاداری هەست و نەستتانن. جا فێر بن.

12- تا ئەتوانی ڕێز لە مرۆڤی خێرمەند بگرە، چونکە ئەوان دوانزە زانست و کەرامەتیان هەیە. مرۆڤی بەڕێز کەسێکە کە پرسیاری دزێو ناکات و مرۆڤ ڕسوا ناکات.

13- ئافرەت جوانترین و ژیرترین و مەزنترین ساحیرن، با ئەم پەیامە بزانن: درۆ و بوختان و دەمەوەری و درکاندنی نهێنیی خۆشەویستی ئەوان پیر دەکات. لە زانستی نوحدا ئافرەت پیر و چرچ و ناشرین نابێت، واتە ئەوانەی کە درۆ ناکەن!

14- پیاو نابێت لە ژن و ژن نابێت لە پیاوی خۆی بترسێت، چونکە ترس هەموو خانەکانی لەش تێک دەشکێنێ و لاوازیان دەکات. بەوەش مرۆڤ هەوەس و مەیل و خۆشەویستیی مۆلەق دەبێت ودڵی لە ژیان دەڕەنجێت. مرۆڤ دووچاری گومان دەبێت.

15- ئەگەر باوان سزای منداڵانی خۆیان بدەن، لە کاتێکدا کە ڕێز و خۆشەویستییان بۆ ئەوان گەردوونییە، ئەوا سزا ڕەوایە، بەو جۆرەی شوێنەواری دزێو لەسەر لەشیان نەخش نەکەن.

بەو مەرجەی دەرونیان داخان نەکەن.. چونکە زۆر مرۆڤ هەن ئەگەر سزا نەدرێن لە سزا ناگەن و دەشێت سزای بەرامبەرەکەیان بدەن بە سزای سەخت تر لە شیاو؛

بەبێ ئەوەی مەبەستیان بێت! جا سروشتیش سزای ئێمەش دەدات. بەڵام هەتککردن و هەڵکوتانە سەر کەرامەت و ئابڕو- سزا نییە، بەڵکو تەعدایە. تەعداش لە زمان و هەست و باوەڕی مندا نییە. بەڵکو تەعدا ووشەیەکی عارەبییە و من تێی ناگەم. چونکە لە ڕەوشتی مندا جێگەی نابێتەوە. ئەگەر خواکانتان هێندەی منداڵەکانتان خۆش بوێت، کارێکی باش دەکەن. هەوڵ بدەن لە منداڵەکانتانەوە فێر بن. هەوڵ بدەن ئەوان فێری ناسینی کەرامەتی خۆیان بن. دەست و زمان و سەری منداڵەکانتان مەبڕن، ئەو شەڕە سروشتی وەڕز کردووە. بۆیە ژینگە پیس بووە. چونکە بوونەوەر لە دێو خۆش نابێت؛ ئەگەر بێت و تەجاوز بکاتە سەر دراوسێ- یان منداڵی خۆی- یان منداڵی کەسێکی تر. بگرە تەنانەت سروشت و خواو بتەکانیش بەو کارەتان گیانیان زامار دەبێت و نەخۆشی لە دوای نەخۆشی بە باکان و بارانەکاندا نازڵ دەکەن بۆتان.. پاشان شەپۆل فێی لێدێت.. پێغەمبەران پڕ دەکەن لە تووڕەیی.. هەستی ژیان پیس دەکەن. نەکەن هێندە بێ سۆز بن دەرهەق بە خۆتان.. چونکە بوونەوەر شێت دەبێت. جا فێر بن، ڕێز لە خۆتان بگرن، چونکە مرۆڤ بەڕێزەوە بە دەستی پەیکەرتاشە مەزنەکانی بەهەشت نەخشێنراوو دروستکراو و گیانپێدراوی خێرن، کە مرۆڤەکانیان وەها خوڵقاندووە، هەر ئەوانیش ئەو شەڕەیان موتووربە کردووە( ڕواندنی دەستکرد) بۆیە دەبێت خواو خواکانیش، نەک تەنها دێوو مرۆڤ و دێوپەرستەکان، بەڵکو دەبێت بوونەوەریش بەسەر خۆیدا بچێتەوە- کاتێک کە ئێوە بە ئەنقەست درۆیەک دەکەن، یان کەسێک لەناو دەبەن- یان هەر کارێکی شەڕئەنگێزی دەکەن. ئێوە نابێت وەها بکەن.

16- ئێوە باسی بە جیهانی بوون دەکەن و نازانن کە هزری گەلە کۆ دەتوانێت نەک هەرکار بکاتە سەر جیهان؛ بەڵکو دەتوانێت کاربکاتە سەر هزری بوونەوەریش.. کەچی دێن و باسی کۆتایی هاتنی جیهانم بۆ دەکەن! من تێتان ناگەم، نازانم بۆچی هەمووتان زوو هاوڕا دەبن لەگەڵ پەیامی ناجۆرو شەڕئەنگێزدا! بۆ بیری چەپ و ناسیۆنالیستی و ڕاسییزم دەکەن بە چەکی نوێ و ئیرهاب دروست دەکەن و هەر خۆشتان بەوە لەناو دەبەن!؟ وا نیشانی منی دەدەن کە بیرتان تەندروست و بڕیارتان ڕاست و هەڵوێستتان مرۆڤانەیە؟ ئایا باوەڕ بە خۆتان دەکەن ؛ گەر بێت و بڵێم ئێوە شتێکی ڕاست دەکەن؟! ئیتر باسی چیتان بۆ بکەم!؟

17- 18- 19-20- 21 و هتد... ئەم ئامۆژگارییانە دا دەنێم بۆ دوای ئازاد بوونی خۆم لە گومانەکانتان. ئێوە هەستم بریندار دەکەن. جا فەرموودەکانم دەبن بە خەڕەکی بێزارکەر، ئەگەر بێت و لەمە زیاتر بدوێم.

کوڕم، کچم.. ڕۆڵەکانم.. کات تاقەتی بار کردنی تریشقەکانی ئەپۆڵۆی نییە.. چونکە دەوروبەرم بە هاوڕێ و هاوخەم و هاوسۆز دەورە نەدراوە. بۆیە ئاسمان لووشکە

لووشک وەک عەبە شەکەنە هەنسک دەداو دەگری و شەق لە دێوە نادیارەکانی پشت و پێشی خۆی هەڵدەدات. دەگری و دەکروزێتەوە و خەڵکیش دەڵێن: پەنا بە خوا، ئەوە بەڵایەکی تریش ڕووی تێکردین. لە دەرەوەی پەنجەرەکانی زیندانی بەستەڵەک باران خوڕ خوڕ دەگری. ناڵێم بۆ خودی من، بەڵام بۆ تەنهایی من دەگریا و دەباری. بە تەنهایی لەسەر باڵی هەستەکانی خۆم ڕاکشاوم و گوێم لە ترپەی دڵی دێوپەرستە یاساوڵەکان گرتووە.. لە شەکەتیدا خەوم لێناکەوێت و دەمەوێ سەرخەوێک بشکێنم.. چونکە بەر دەرگای ماڵەکەم بۆگەنی گووی خەستەخانەکانی لێدێت.. دێوەکان منیان کردووە بە کۆیلەی خۆیان. جا من لێیان توورە و پەستم.

چاترە ئێوەیش سەری خۆتان کز بگرن و وەک من تەماشای شکۆی بوونەوەر بکەن. کەمێک تەماشای خۆتان بکەن.. تا بزانن کە مرۆڤ جوانترین بوونەوەری ژیرە.. ژیری و بلیمەتی دوو لووتکەی شکۆمەندی حەزرەتی جوانین. جوانیش ئافرەتێکە بێخەوش.. من هەموو شەوێک لە خەوما دەیکەمە باوەش و دەیبەم بۆ گەشتی هەسارەکان. تۆش وا بکە کوڕم. خۆشی لەوەی کە خەون بە دیداری خۆشەویستێکەوە دەبینێ، مانای وایە هێشتا خۆشەویستی لەناوماندا دەژی. مانای وایە دەتوانیین خۆمان چاک بکەین، تا ڕاددەی چاکترین.

حەز دەکەم سەرخەوێک بشکێنم، چونکە دەشێت ئافرەتێکی خۆشەویستم چاوەڕوانی من بێت، تا خەونەکانمان پێکەوە تەون بکەین.. من خەوم دێت بە دیار خوڕەی باران و ترپەی دڵی دراوسێکانمەوە...

من خەون بە کامەرانی و ئازادی و بەهەشت و ئافرەت و جوانییەوە دەبینم. بە بێداریش هەر خەونی زیندوو دەبینم، و دەبینم.. دراوسێکانم خەندەی زبر و ڕق و دوودڵیم تێ دەگرن. بۆیە من خەونی هەمەڕەنگ دەبینم، بەوان و بەوانی تریشەوە، چونکە ئەوەی بۆ تەنها ساتێک بتوانێت لە بەر دەمی حەزرەتی مندا ڕاستگۆ بدوێت، خۆشم دەوێ و تەماشای چاوەکانی دەکەم. کات شەوە و خوڕەی باران دڵم دەشێلێت و بلوێرێکی نەزانانەی شوانێکی لاوم بۆ دەژەنێت، ژەنینێکی نەرم.. کە هەست و سۆزم بەرەو بەهەشتی جوانەکانی جیهان کێش دەکات و بە دەم لێدانی بلوێرەوە، تەماشای ئاسمانەکانی ناو جەوهەری خواوەند دەکەم.. تا چاوەکانی هەست و فەنتازی پڕ بکات، من جوانی دەبینم و لە هەر تەماشایەکدا، لە هەر خەوێک و گفتووگۆیەکدا من جوانیی مرۆڤ و ئاکارو هەستی جوان ستایش دەکەم. گوێم لە هەستی باو باران ڕاگرتووە و بەزەییم بە بوونەوەر و ژیان و خواو خواکان و فریشتەکان و منداڵ و ژنەکاندا دێتەوە. بەزەییم بە هەتیوو بە مرۆڤی تەنها و بە ئافرەتی تەنهادا دێتەوە، دەترسم لە دەرگای دراوسێ و خزم و براو هاوڕێکانم بدەم! چونکە ئەوان گشتیان سەگێیان ڕاگرتووە، ئەوەی کە سەگی نییە، بە مۆڕەی دێو تەماشام دەکا و درۆم لەگەڵدا دەکا و

حەز ناکات باسی حەزرەتی نوح و فەلسەفەی جوانیی ئەو و خۆمیان بۆ بکەم. بەڵام من ماندو نابم و کۆڵ نادەم.. تەماشای سەگەکانیان ناکەم، بەڵکو دەست بەسەری ئەو سەگانەشدا دەهێنم بەو مەرجەی دەستەکان و پێکانی شەهیدان و مەسیحەکان و ماریاکانی دەروونم- نەگەزن.

ئیتر من هەر خەریکی خەو بینینم.. و خەو بە جوانییەوە دەبینم.

کات بەرەو شەو دەڕوات و منیش خەون بە ژیانەوە دەبینم و لە قووتبی سەروودا دیلم لە زیندانی دێوەکانی بەستەڵەکدا.. ئەوان دەست بەسەریان کردووم.

زرم! زرمە لە دەرەوەی ماڵەکەم کەوتە بەر گوێم. ناچار بووم ڕاپەرمووم و تەماشا بکەم!.. تا بزانم کێ هاتووە بە میوانیم و ئەوە زرمەی چی مرۆڤێکی موقەددەسە لە دەرەوەی ماڵەکەمدا زرمە دەکات!؟ کاتێک کە تەماشای دەروونی تەڕو ڕوخساری ماندووی بارانم کرد؛ بینیم مێرولەیەکی سپیی پرچ سپی و ڕوو سپی و نەشمیلە و جوان.. کە پڕ بوو لە شکۆی خواوەندی جوانی. بەڵکو لە خوودی کەرامەتی حەزرەتی جوانی دەچوو-لکێکی سەڵتەکەمی ڕادەتەکاند. بینیم، مێرولەیەکی سپیی جوانە و هاتووە لە ئاسمانی حەوتەمەوە دابەزیوە! هەستمکرد چاوم کزبووە و باش نابینم. بەڵام کە ئەوم بینی، بە شکۆی داد و ماف و ئازادی سڵاوم لەو کرد. ئەویش باڵای بست بست گەورە دەبوو، تا ئاستی باڵای من. منیش ڕێزم دەگرت و لە شەرمدا بۆی دەچەمامەوە و شەرمم نیشان دەدا و ڕێزم دەگرتەوە.. بینیم سنگ و سینە و مەمکی، چونکە ئەو خۆی ڕووت دەکردەوە و لەشی پیرۆزی خۆی نیشان دەدام و هاتبوو تا کەمێک بیشێلم.

چەند سەیر بوو شکۆی حەزرەتی جوانی و بینینی کەرامەتی.. ئەو لە مێرولە مرۆڤێکی سەیر دەچوو! کاتێک کە خۆی نیشان دام، هەموو هەستەکانمی بێدار کردەوە و مۆمی گەشبینیی لە دەروونمدا داگیرساند و فەرمووی: سڵاو ئەی حەزرەتی نوح، بۆ وا خەمناک تەماشای ئاسمانەکان دەکەی؟

منیش فەرمووم: چونکە بەزەیی من پایەی ئاسمانەکانی ڕاگرتووە. چونکە ژیان هێندەی بە بەرەوە نەماوە و دێوەکان دەیانەوێت کەرامەتم داگیر بکەن و هەستم بریندار دەکەن. فەرمووی: تۆ بەوان دەوێریت و هێز نییە بتوانێت کەرامەتی تۆ داگیر بکات. ئەوەی دەتوانێت، با خۆی لە قەرەی خواوەند و دێوەکانی خۆی بدات، ئەوسا بۆمان دەر دەکەوێت کە جیهان پڕ بووە لە دێو و قیامەت ئێستایە و جەجاڵ هەستاوە. مرۆڤ فێری سەگپەرستی و دێو پەرستی بووە و دەڵێن کلکی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە و بۆ ئەو خورمایەش خەڵکێکی زۆری لە دوایە. هاتووە و لە ناوتاندایە.. بەڵام نوح، تەنها ئەو دەیبینێت، و دەتوانێت پەنجە بۆ ناوچەوانی درێژ بکات و فێری

زانستی جوانیی بکات. تۆی بەرێز پەیامی خواکان و داستانەکانی نوحیان بۆ باس دەکەیت.

فەرموی، من لە بری ئەوان داوای لێبووردنت لێدەکەم. تۆ ویژدانی خێریت و منیش ئامادەم شتێکت فێر بکەم. فەرمووم چی؟ فەرمووی: من هاتووم بە میوانیت و لە شەبەقی بەیاندا من لەسەر باڵی تۆ گەشت دەکەم بە بوونەوەردا و بە دەنگم کۆراڵی سالماو ئامینت بۆ دەخوێنم. منیش فەرمووم: بەو زانستە جوان دەبم و هەست بە ژیانەوەی تەمەن دەکەم.

مێرولە سپییە پرچ سپییەکە، چاوەکانیشی شینی سەوز باو بوون و بە ماسکارایەکی ڕەنگی کەوان، چاوەکانی بۆیە کردبوو و لێوی بە ڕەنگی توێکڵی لیمۆ و کوڵمەکانی پرتەقاڵی و برۆی سەوز نەخشاندبوو.. تەماشاکانمی پڕ دەکرد لە جوانیی لاوی. بوو بوو بە مرۆڤێکی سپی سپیی پیرۆز لەبەر چاومدا و دەستێکی نابووە ژێر چەنە و دەستەکەی تری نابووە کەمەری و تەماشای دەکردم و گوێی لێدەگرتم و حەزی دەکرد تەماشام بکات. منیش هەمان شێوە..

پاشان کەمانچەیەکی سپیی لە یەکێک لە فریشتەکانی ناو با وەرگرت، کەمانچەیەکی خەیاڵیی سپی سپی و دەستی کرد بە ژەنینی ئەو هەستانەی کە لە چاوی مندا دەیبینیین! تەماشای خواکان و مەسیحەکان و بتەکان و تەماشای بوونەوەری منی دەکرد و ئاوازێکی پڕ لە هەستی دەژەنی.. و منیش دەستم دەهێنا بە پرچیدا و شانازیم پێوە دەکرد.. فرمێسکم دەڕشت بە دەم تەماشاوە.

ئیتر نازانم باسی چی داستانێکتان بۆ بکەم؟ باسی کام مێرولەی ژیرو کام مەسیح! یان کام حەزرەتی پیرۆزی ماریای ناو دەروونم! باسی چیتان بۆ بکەم؟ کاتێک کە من لە زیندانەکانی قوتبدا زیندانی گومانی دێوەکان بم!؟ لێرە خەڵکی خۆیان کردووە بە کۆیلەی سەگ و پشیلە و بەرازو شەیتان و شەڕ و نازانن چی دەکەن!!! من لەوان و لە ئێوەش نیم و حەزم دەکرد ڕێگەم بدەن تا بە ئازادی بە جیهاندا بگەڕێم و کەمێک مرۆڤی جوان لە ناوتاندا ببینم. من لەو باوەڕەدا بووم کە بەر لە مردن، ئافرەتانی جیهان دەهاتن بۆ تەماشای کەرامەتی باوکی پێغەمبەرەکانیان.

چاوەڕوانی مرۆڤێک دەکەم و لەناو مێرولەکاندا غەرق بووم و لە ئاسمانی هەشتەمدا جوانی دەبینم و خەو بە ژیان و ئازادی و دادو ماف و عیشقەوە دەبینم.. دڵتەنگم بە کاری دێوەکان و دێوپەرستەکان. لە نێوان کەلتوور و باوەڕ و ئایین و نەژادەکانی شەرق و غەربا،، بووم بە دوو کەرتەوە.. من لەوان نیم. من عیشقێکی ئازادو پەیامێکی ڕوونم، مژدەی بەختیاریی جیهانیم بۆ هێناون و حەزرەتەکانی جوانیی قوتبیش پڕ بوون لە سەرەتان و دەردو نەخۆشی و بەزەییان تێکەڵ بە ڕق کردووە و

باوەڕ بە فەرمودەکانم ناکەن! بۆیە دڵم لە زوربەیان ڕەنجاوە. کەس نابینم بێت و مۆمێک لە کەشتییەکەی دەروونمدا داگیرسێنێ و نوێژێک بۆ عیشق و جوانی بکات. کەس نابینم بێت و لە ماڵەکەمدا ئارام دانیشێ و درۆ نەکاو ڕێز لە دابی خێزان و خۆشەویستی ومنداڵ بگرێت، هەرچی دەبینم شەکەتە لە گەردوونی خۆیدا،، منیش بە شەکەتی تەماشای ئاسمانەکان دەکەم و گوێ لە باکان دەگرم، گوێ لە هەستی باران دەگرم و تەماشی ڕوخساری هەورەکان دەکەم، تیشکی خۆر دەپەرستم و ڕەنگەکانی کەمان چەکی دەستمە ودرەختی زەمان لەسەر سەرم ڕواوە.. ئیتر نازانم باسی چیتان بۆ بکەم! بەڵام هێشتا ڕاپرسیی کەسم نەکردووە بۆ هەڵکەنینی درەختە پیرۆزەکەی سەر سەرم.. چونکە تەنها و تەنها خۆم و یەک دوومنداڵ گەواهی ڕاستیی درەختی سەر سەری منن.

پیرشالیار، ئەی حەزرەتی ئیلیاس، ئاهوڕامازدای مەزن و کردگاری بوونەوەرەکان- ڕزگاریم لێتان دەوێت و نوێژەکان بۆ جوانی دەکەم. دەست بە باڵی ماندوومەوە بگرن، چونکە من بەرگی بەری خۆمم هێشتا لەبەر نەکردووە.

هێشتا خەندەکانم ئازاد نەبوون و دێوەکان شیرو تیر لە خەندەکانم هەڵدەسوون و خۆیان ئامادە کردووە بۆ پەلامار دانی کەرامەتم. ئەترسم ئەوان هەر بە بێباوەڕی خۆیان بەردەوام بن و هەر لە ترس و گومان و نەخۆشییەکانی خۆیاندا بژین و بلەوڕن. دەترسم تاوانبار بکرێم بە مەسیحێکی درۆزن.

بەڵام من ئەو شەڕە لەگەڵ کەس ناکەم.. چونکە من خۆم بە چاکتر لەوان دەزانم. دەزانم کە گوناهەکانی من کەمترن لە گوناهی منداڵەکانم، و بگرە ئەوان منداڵێکی منیان لەبار بردووە بەو هەڵمەتە دڕندانەیەیان. ئەوان هێندە تەجاوزیان کردۆتە سەر من و ماڵ و منداڵم کە من خەریکم بەزەییم دەرهەقیان دەڕەنجێت. خەریکم دووچاری تووڕەیی دەبم لە دەستیان.. دەترسم ئەوان خۆیان گێل بکەن و حەز نەکەن کە من ببینن.. بەڵام من دڵنیایان دەکەم کە من خودی حەزرەتی نوح-م.. پێیان دەڵێم ئێوە بوون وتتان : حەزرەتی مەسیح کوڕی خواوەند نییە و درۆزنە و هەر ئێوەش بوون لەخاچتان دا.. هەر ئێوەش بوون بۆی گریان و لەخۆتان دا؛ جا کورد گۆتەنی ئەمە چەنی بە چەن؟ هەر ئێوەشن چاوەڕوانی مەسیحی درۆزن دەکەن تا لە خاچی بدەنەوە!

جا خەڵکینە دڵنیا بن، کە من خۆم بە مرۆڤێکی ڕەسەن و ڕاستگۆ دەزانم لە فەرمووده و کردارو باوەڕمدا و زۆر چاک هاوڕام لەگەڵ بێ باوەڕەکانیشتاندا و دەتوانم بڵێم کە خواوەند هیچ بوونی نییە گەر مرۆڤ هەست بە بوونی نەکات. بەڵام بە پێویستی دەزانم ئەمەشتان پێ بڵێم کە ووشەکان لە هەمیشەییدا لەش و گیان و بیریان هەیە و دەبن بە فریشتە و بە ئاسمانی شادوومانیدا گەشت دەکەن. جا هەرچەند ناوی خوا

دەبەن، بەوە خوایەک لە گەردووندا دروست دەکەن. جا تێبگەن. ئەگەر ڕاست بن.. خوایەکی راستگۆ؛ گەر چەوتیش بن دێوێک لە بوونەوەری خۆیاندا زۆر دەکەن.

پێویستە لەسەرتان کە گوێ لە فەرموودەکانی من بگرن، چەنکە من دەزانم کە بوونەوەر لە کردار و ویست و سۆزو بیری مرۆڤ دروست بووە، کەرامەتی مرۆڤ زۆر مەزنە و هەمان شێوەیش کەرامەتی پێغەمبەرەکانتان. بوونەوەر هەرچەندە مەزن و بەر فراوان بێت، من دڵنیاتان دەکەم کە لە مرۆڤ و بیرو فەنتازی مرۆڤ مەزنتر نییە.

ئەوەی ڕاستەقینەی موتڵەقە- مرۆڤ لە ووشەکان- واتە لە فەرموودەی پێغەمبەران و مرۆڤی مەزن دروستی کردوون و مەزن ئەوەیە کە داهێنەر و بلیمەت و هونەرمەند و بیناکار و مۆسیقار و خاوەنکارە. مرۆڤ، نهێنیی مەزنی مرۆڤ و هونەر لەناو جەوهەری مندایە گەر دەتانەوێت بە فەرموودە و هونەر و ئاواز ژیانتان پڕ بکەم لە کەرامەتی جوانی. من دەتوانم و دڵنیام لەوەی کە توانیومە و هێشتا هەر بەردەوامم. هێشتا لە ژیاندا ماوم و درەختی زەمان لەسەر سەرم دەبینم و هەمیشە پەیکەرێکی سپی سپیی خۆم لەسەر شاخی ئارارات دەبینم و ئاڵاکەشم بغوردێکی سپییە و کەشتییەکیش دەبینم کە میللەتەکەمی تیادا بە ڕزگاری دەژی. بغورد، بۆنی گیانی منە و هەموو پێغەمبەرەکان بۆنیان کردووە.

جا هێشتا من نەبووم بە خاوەنی جل و بەرگم، هێشتا دەنگم بە هۆڵی وود نەگەیشتووە تا فەرموودەکانم بکەن بە فلیم. هێشتا دەستم نەکردووە بە گێرانەوەی داستانی گەشتەکانم بە ناو جیهاندا.. چونکە من مرۆڤێکم کەشتییەکم بۆ خۆم دروست کردووە.. هەموو شەوێک دەستێک بەرگی نایابی چنراو لە تەنافەکانی جاڵجاڵۆکەی مەزن- بە دەستی مێروولەکانی خەیاڵم دەچنم و جاڵجاڵۆکەی مەزنی سپی بۆم بووە بە کەشتی و باکان دەمبەن بەرەو سەفەر و حەجی حەزرەتی نوح.. بەرەو ئاراراتی شکۆی نوح و مەککەی خۆرئاوا.. بە ناو هەڵمەت و تەما.. بە ناو ئاوو ئاگردا کەشتییەکەم کۆچ دەکات و باکان کەشتییەکەم گوژم دەدەن.. منیش تەماشای ئافرەتی جوان و مرۆڤی ڕەسەن وباوەڕی جوان دەکەم و سەر بۆ ژیان دەلەقێنم. بە دەم کۆچی هەمیشەییمەوە.. بیر لە جوانی دەکەمەوە و بۆ جوانی دەژیم.

کاتێک کە بێباوەڕیی هاوسەرەکەم دەبینم، بە خەیاڵ خۆم دەبینم کە دەڕۆم و لە بری مرۆڤ و باو شەپۆل و بوورکان- گورگ ڕاوم دەنێ و مرۆڤەکانیش هەستیان سڕ بووە و ئاگایان لە خۆیان نییە و باوەڕیان بە ڕۆژی بەرێ نییە و نازانن کە ڕۆژی بەرێیە. بەڵام شتێک هەیە کە هەموومان هاوڕاین لە سەری، ئەویش ئەمەیە کە خواوەند تاک بێت یان کۆ، موڵکی تاقە کەس نییە، پاشان خواوەند هەبێت یان نەبێت کۆسپی کەس نییە- هەروەها پیتەکانی خواوەند و پێغەمبەر و فریشتەکان- جوانترن لە

پیتی شەڕو ئەهریمەن و دێوەکان. من دەزانم کە فریشتە لە دێو جوانترە.. تۆش دەزانیت.. جا خوا گەورە بێت یان بچووک، هەبوونی جوانە و لە دەروون و بیر و هەست و گیانی مرۆڤی جوانناسدا دەژی.

کات شەوە هێشتا و لە دوا هەناسەی بەر لە نووستندام، خەوم لێناکەوێت، چونکە غەم بۆ ژیان و پیسبوونی ژینگە دەخۆم و بەزەییم بە لاوانی جیهان و بە منداڵەکاندا دێتەوە. بەزەییم بە خۆم و بە ئێوە و ئەوانەشدا دێتەوە کە بەر لە ئێمە غەدریان لێکراو بە ناهەق لەناو بران. باران دەبارێت، و گاە بەفر ڕووی دارستانەکان و دەورووبەرسپی دەکا و منیش تەماشای حەزرەتی سارا دەکەم کە درەختێکی سنەوبەری هێناوە و بە گڵۆپ و ووردە پەپولە و فریشتەی شوشەیی و کۆتری سپی درەختی کریسمس دەڕازێنێتەوە.. منیش یاریدەی دەدەم و بەو دەفەرموم: ئایا درەختەکەی سەر سەری من دەبینیت؟.. ئەویش دەیدا لە کەڕی و منیش بەو دەفەرمووم: بەڵێ، درەختی حەزرەتی نوح سپی بوو، ئەو درەختی زەمانی پێدەکرد و فریشتەکان لە دەوری درەختەکە سەمایان دەکرد و ئاوازی سالماو ماریا و ئامینیان دەخوێند بۆ من.. بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە من هەبوو. بەو دەفەرمووم: درەختی زەمان پەلکەزێرینەی لەسەر دەدرەوشێتەوە و دڵی سپی و سوورو زەردو پرتەقاڵی و سەوز و شین و ڕەش و پەمەیی و مۆری پیادا ئاوێزانە و دەدرەوشێنەوە. من درەختەکەی سەر سەری خۆم دەبینم. جێگەی داخە کە کەس ئەو درەختە نابینێت.. کەس لایەکم لێناکاتەوە تا بیکەم بە پرۆژەیەکی نوێ!

بۆیە کاتێک کە چاوم چووە خەو.. خۆمم بینی دەڕۆم و باکان لووشکە لووشک دەلوورێنن لە دەورم و بۆم دەناڵێنن.. شەپۆلەکانیش وەک ئەوەی حەزرەتی مووسا ڕاپیەڕاندبن، بە تووڕەییەوە لە تەکمدا دەچوون بە گژ ئاسمانەکاندا و دەڕۆیین و قەپاڵیان دەکرد بە هەورەکاندا.. دەبینم بۆرکان دەستی ناوەتە سەر سنگ و وەک فەرشێکی سپی کەفاوی ئاگری لە ژێر پێمدا ڕاخستووە و چاوەڕوانی فرمانە.. دەمبینی دەستێ بەرگی نایابی مێرولە چنی سپیم لەبەردایە و کەشکۆڵی سەفەرم لە شان ناوە و بەرەو ئارارات دەڕۆم و بانگی ئاشتی بە میللەتان دەگەیەنم و بەوان دەفەرمووم، منم پەیامی جوانی و ئاشتی و عیشقم پێیە. ئارارات مەککەی خۆرئاوایە.

شەوتان شاد ئەگەر شەوە، ڕۆژتان باش ئەگەر ڕۆژە.. کەمێ دەربارەی خواوەند، یان خواکانی خۆت تێفکرە.

## تابلۆی پەیام

خەڵکینە، ئەی هونەر دۆست و جوانناس و بلیمەتەکان- من هەندێک لە پەیامەکانی خواکان و باڵندە و سروشت و گیاندار و باکانم لە کێڵگەی ئێوەدا تۆو کرد. چاوەڕوانیی تێگەیشتنتان سست هەست پێدەکەم.. بۆیە کەمێک دڵم تەنگە.. چونکە ساڵەکان بێمانا بەسەر شکۆی مندا تێدەپەڕن و تەمەن یاری بە ڕوخساری داماوم دەکا ودەست بە ڕوخساری نامۆمدا دەهێنێت و ژیان بەجێم دەهێڵێت. من هێشتا چاوەڕوانی لەدایک بوونی فریشتەی نوێی باوەڕ دەکەم لە نێو مرۆڤەکان و دێوپەرستەکاندا.. لە خواوەندی مەزن و خواکان و فریشتەکانی ناو باکان دەپاڕێمەوە؛ چاوەڕوانی کەسێکی بە توانا دەکەم تا دەستێ بەرگم بۆ بچنێت لە ئامێرێک یان تەونی خاڵجاڵۆکەی مەزن. بەرگێکی تایبەتم بۆ بچنێت.. تا بیکەمە بەرم و کەشکۆڵی سەفەر و نوردووی ڕێگە وەک دەروێشی ڕێگەی هەق بیکەمە کۆڵ و بکەومە ڕێ بە ناو جیهاندا و بیرۆکەی کەشتیی نوح بکەم بە چیرۆک بۆ منداڵانی نەوەی نوێ. چونکە من پەیامەکانم بە نەوەی نوێ دەسپێرم و لاوان پایەی ئاسمانەکان لەسەر شانی مەتین و پانی خۆیان هەڵدەگرن. بەڵێ، لاوان دەبێت بزانن کە بوونەوەر موڵکی مرۆڤە و لەسەرمان تاپۆ کراوە.. دایکی بوونەوەر- واتە مریەمی مەزن دەفەرموێت: ئازادی لە عیشق پیرۆز ترە.

درۆ و بوختان و مرۆڤ سووک کردن، پایەکانی مەملەکەتی جوانی دەڕوخێنن.. ئاگاتان لە داهاتوو بێت! چونکە ئەو شەڕەی کە ئێوە و ئوباما دەیکەن- شەڕی گێلی و بێکاری ونەخۆشییە دەیکەن و واز لەو شەڕە خۆکردە بهێنن و سنوور دانێن لە نێوان جوانی و دزێویدا.. چونکە جوانی و دزێوی لازم مەلزووم نین.. ئەوان دوو تەوەری زانستن- یەکەمیان عیشق و هونەرو جوانی و هەمیشەییە.. و دووەمیان مەرگ وپیری و نەخۆشی و دووپاتبوونەوەی زیللەتە.

دایکی بوونەوەر دەفەرموێت: مرۆڤ دەبێت هێندە ئازاد بێت کە بتوانێت خۆزگەکانی بهێنێتە دی و جیهان و ژیان و سروشت بە نیشتیمانی خۆی بزانێت. جا نەخشەکان بسڕنەوە و ناوی کیشوەر و وڵاتەکانتان بگۆڕن.. چونکە بەوە گەورەترین دوژمن لە خۆتان جیا دەکەنەوە و خۆتان تەرخان دەکەن بۆ داهێنانی چەکێکی نوێی جیهان بینین. چەکی زاڵبوون بەسەر ترس و نەفس و دەسەڵات و جوانی و مافدا. چونکە بەم چەمک و چەکانە ئێوە وا خەریکن شەڕێکی جوانی قڕ کەر دەکەن لەگەڵ منی باوکی پێغەمبەرەکانتاندا. من وا خەریکم لێتان زویر دەبم.. چونکە مامۆستاکانتان وا خەریکن ماتماتیک وجەبر و لۆژیکیان لەبیر دەچێتەوە، وا خەریکن پشت دەکەنە جوانی.

ئەی ئافرەتانی جیهان، کاتێک کە ئێوە هێندە نەزان بن کە گومان لە زانستەکانی من بکەن. ئەوا منیش بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم تا دەمی خواری یاساکان و ئایینەکان و جواناسەکانتان ڕاست بکەمەوە و پێتان بفەرمووم، کە جوانی و عیشق و ئازادی پەیامی بوونەوەرە. نەک چەکی کۆ کوژ. بەخشندەیی زۆر پیرۆزە و ئەو چەکە باش بەکار نابەن ئێوە. چونکە من دەتانبینم لەناوتاندا هەن بێبەزەیین و منداڵەکانی خۆیان تەنها بەجێ دەهێڵن و ئازاری جەستە ودەرونی و بیرییان دەدەن و ترس لە دەروونی فریشتەکاندا دەڕوێنن. گوایە ڕوناکبیرن و خۆیان ڕاستگۆ پێناس دەکەن. کەچی جەوهەریان پیس بووە بە ترس و گومان و کینە و بوغز. تف دەکەن لە ڕوخساری خواکان و گاڵتە بە فریشتە و ئاسمان و خواکانیش دەکەن و بە منیش دەڵێن درۆزن و ڕوخساری خۆیان دەشارنەوە وگوێی خۆیان دەگرن و دەنەڕێنن بەسەرما! جا ئێوە خۆتان شاهیدی ئەم باوەڕەن.. چونکە یەکێک لەناوتاندا، تفم تێ دەکا و یەکێکی تر پشتم تێ دەکاو دەڵێت: کەس باوەڕت پێ ناکات، چونکە تۆ هونەرمەند و نووسەر و ئایین ناس نییت. چونکە تۆ هیچ نازانیت.

منیش دڵم لێتان دەڕەنجێ و هەست ناکەم گوناحێکم کردووە.. چونکە من تفم لە کەرامەتی هیچ و فریشتە و مرڤ و خوایەک نەکردووە. بەڵام هەندێک لە ئێوە دێوەکانی خۆیان تێبەرداوم و پێم دەوەڕن و تفیشتان تێکردووم و منیش لێبووردنم زیز بووە لە ناوتاندا. هەست بە گوناح دەکەم و بەزەییم بە سروشت و باکان و فریشتەکانی ناو باکان و تیشکی خۆردا دێتەوە.. بەزەییم بە منداڵەکانی خۆمدا دێتەوە و ڕۆژانە هەر خەریکی ڕاستکردنەوەی پەیکەری لەشی ئەوانم.. چونکە ئەوان لەناو دێوپەرستەکانی قوتبدا. خەریکن دا دەتەپن و هەرەس دەهێنن لە چێژ و تەنهایی و ترس و گێلیدا. وا خەریکن فێری ئەو زانستە دەبن کە قەشە و مەلاو ئیمام و موقتەداکان دەیڕوێنن و کەسانی وەک ئوباما و پۆتین و ماویسم وبودیسم دەیڕوێنن. بەڵام چاک بزانن کە بودیزم کۆمەڵێک وانە فێر نەبوون.. بوودا کاتێک کە قوتابی بوو لە کەشتییەکەی مندا.. من ئەوم فێری زانستی خامۆش نەکرد. چونکە خوودی بوودا واداری ئەوەی دەکرد کە لەو زانستەدا لە من زاناترە.. بەڵام ئەو بەو زانستە مرۆڤی گۆشەگیر کرد.. ئەو دڵی خواکانی لە خۆی ڕەنجاند و نەیزانی کە بوونەوەر لە مرۆڤ مەزنتر نییە. بەڵکو مرۆڤ بوونەوەرێکی مەتینە کاتیک کە یەک دەگرێت لەگەڵ نەژادی دووەمدا و دەوێرێت ڕاست بدوێ وبڵێت وبکات وداد پەروەر بێت. مرۆڤ دەبێت لە نوێژەکانیدا نوێژ بۆ دراوسێکان و هاوڕێ و منداڵەکانی بکات و هەست بەوانی تر بکات و ترس لە دەروونی مرۆڤدا نەڕوێنێت.

جا باسی چیتان بۆ بکەم! کاتێک کە حەزرەتی سارا دەبینم ڕق و وڕک و مۆڕەی تێکەڵ بە یەکتری کردووە و تۆڵە سێنانە دێتە نەبەرد و بە من دەڵێت: تۆ شێت و نەزان و پەک کەوتەی. بە من دەڵێت: تۆ پێغەمبەری کوردی کەریت.. ناسیۆنالیزم و

ئايينزا وجاهيليت و خۆت و ميللەتی خۆت بەسەرماندا فەرز دەكەيت. منيش پێی دەفەرمووم: بەڵێ، چونكە تەنها لەوێدا كەسانێک هەن كە جوان دڵ و دەروون و باوەڕی خۆيان گۆش دەكەن و تۆوی وەچەی نوێی منيان تيا ماوە و دێوەكان نەيانتوانيوە لە ناويان بەرن. چونكە هەن لە دەسەڵاتی جوانی و مرۆڤی جوانپەرست دەترسن. هەن ناتوانن ملی باڵندەيەک هەڵكێشن.. نەک لەبەر ئەوەی كە دەترسن، بەڵكو لەبەر ئەوەی كە حەز دەكەن باڵندە و ماسی و گياندار و مرۆڤ بە يەكسانی و بێ ترس پێكەوە بژين. هەن دەتوانن خۆيان سەر بەرز ڕابگرن و بڵێن و بفەرموون: بەڵێ ميللەتی كورد مافی ئەوەی هەيە لە چێوەی مەملەكەتێكی يەكگرتووی مەزن و يەكپارچەدا سنووری خۆی بە تەنافەكانی من نەخش بكات. چونكە بەڕاستی مرۆڤی كورد لە هەموو ميللەتێک زياتر شەهيد و قوربانی و گيانی داوە بە ئەژدەهاک و ديكتاتۆر و كۆلۆنييەكان.. بەسە.. ئيتر كاتی ئەوە هاتووە كە گوێ لە كەسێكی وەک من بگرن. چونكە من خۆم بە مرۆڤێكی جوانناس و بە خاوەن كەرامەت دەزانم.. هەست بە بێ ڕێزی و بێ باوەڕی و بێهەستيتان دەكەم و دەترسم وا بزانن كە ئێوە لەسەر هەقن!. نا.. ئێوە هێشتا مافی گەلاتان دابين نەكردووە.. هێشتا ئەفريكا لە برسانا دەناڵێنێ و شەڕ لە برسێتی و چەک لە شەڕ زياترە.. هێشتا ئەفغانستان وكشمير و كۆريا و بوشمان و هيندييەكان و كەلتوورە دووردەستەكان و كوردوستان و چين و يابان و ئەمريكای ژورو و خواروتان بۆ حەل نەكراوە.. هێشتا مرۆڤێكی ئازاد لە جيهاندا سەری هەڵنەداوە و بەر لە سەر هەڵدانی ئێوە باسی هاتنەوەی مەسيح-ی درۆزن دەكەن.. وا دەزانن مەسيحی درۆزن لە ناوتانتانداية. بەڵێ.. ئێوەن پێكەوە كە خۆتان بە پياو دەزانن.. كە ماڵ و منداڵەكانتان بە تەنها بەجێدەهێڵن و ڕوو دەكەنە شەڕی خۆ نەويست و سنگی منداڵ و دايک و كۆرپەی تازە لە دايكبوو پڕ دەكەن لە بارووت و فيشەک و ژەهر.. ئێوە لەهەر جێگەيەگی ئەمسەرزەمينە بن. من ناوتان لێدەنێم مەسيحی درۆزن و من ئەو نيم و نايناسم و خۆشم ناوێ و نابم بە هاوڕێی. من ئەو نيم و لە ئێوەش نيم. چونكە من چەكم بۆ هيچ ئايين و باوەڕ و دادێک هەڵنەگرتووە و زۆر كەس هەن لەناوتاندا كە دەزانن چەكی من هونەر و قەڵەم و ڕەنگە و بەو چەكانەم هەڵناكوتمە سەر ئابڕووی ئايينەكانتان، بەڵكو بە ئومێدی ئەوەم كە بتوانم ڕزگارتان بكەم.. چونكە گيانی هەموو مەسيحە بە ناهەق هەڵواسراوەكان و گشت ماريا سەربڕاوەكان و كۆی منداڵانی جيهان لە دڵۆپی خوێنمدان، يان وەک گەڵای گيانی ڕواون لە درەختی زەماندا، و لقەكانی درەختەكەی سەر سەرم كەس نايبينێت، چونكە حەزرەتی سارای هاوسەرم بە كينەوە تەماشام دەكا و دەڵێت: ( كەس باوەڕت پێناكات. نوح-ی چی! كێ دەڵێت تۆ ئەويت!؟ جا با ئەويش بيت! تۆ ناتوانی شەڕو خێر لە يەک جيا بكەيتەوە، تۆ ناتوانی دەمی خواری ياساكان ڕاست بكەيتەوە! تۆ ناتوانی حەقی ئەوە بەخۆت بدەيت كە ئافرەت لە دەوری خۆت كۆ بكەيتەوە. چونكە تۆ مرۆڤێكی بچكۆلە و كۆيلەی سيستەميت.)

منیش دەفەرمووم: نەخێر .. من دان بەو سیستەمەدا نانێم کە ئافرەت سووک دەکا و دەیکات بە کۆیلەی سەگ و تەنهایی و ترس.. من دان بە خۆمدا دەنێم. ئێوەش گوناهتان هەیە دەرهەق بە من و میللەتەکەم و میللەتانی خۆشتان.. ئێوە ئازاد نین و منیش مرۆڤێکم پەیامی عیشق و ئازادی و جوانیم پێیە.

ئێستا شەوێکی سپی سپییە و تەبیعەتی دەرەوە، واتە دەرەوەی پەنجەرەی زیندانەکەم- سپی سپییە و باکان سەرپۆشی بەفر لەگەڵ خۆیان دەبەن و گڤەیان دێت و بەفرێکی زۆر باریوە.. سارده و یەکەم ڕۆژی هەستکردن و حەز کردنی حەزرەتی مارییە.. کاتێک کە ویستی سکی پڕ بێت لە خواوەند. ئەوی حەزرەتی پیرۆز لەم ساتەدا خۆزگەی زایینی مەسیحی لە خواوەند تەمەننا کرد.. بۆیە فریشتەی پیت و فەڕ دوای ماوەیەک. لە بیست ویەکەمی مانگی نەورۆزدا دابەزی و لە خەوندا- حەزرەتی مارەای پیرۆز کرد و فەرمووی: ئەمە گیانی خوایە وا پێت دەگاو لە تۆدا دەپیتێت. خوا پیرۆزت دەکات.

دانیشتووم و چاوەڕوانی بێدار بوونەوەی منداڵەکانم دەکەم وجەژنی سەری ساڵ وا خەریکە نزیک دەبێتەوە.. شەوێکی سپی سپییە.. نا، دەمەو بەیانێکی زووە و من تەنها، لە چێوەی زیندانەکەمدا پاسەوانی دوو گیان و دوو مرۆڤ و حەزرەتی ساراو مارەای هاوسەرمم.. هەست بە بوونیان دەکەم و دەست بەسەریاندا دەهێنم و گاڵتەیان لەگەڵدا دەکەم و ڕێز و خۆشەویستییان پێدەدەم. کە هاوتا نییە بە کەلتووری دێوەکان و ئەوانیش گومڕان و وا دەزانن کە من هونەرمەندو جوانناس و مرۆیەکی بەسەلیقە و ئەدیب نیم! جا کێ توانیی وەک من ووشە پیرۆز ڕابگرێت؟

جا من هێشتا لە گومانی دێوەکانی بەستەڵەک و لە زیندانی ترس و هەراسانییاندا دیلم و کار بۆ دێو پەرستەکان دەکەم و چاوەڕوانم ئەوان باوەڕ بهێنن کە من هونەرمەندێکی جوانناس و ڕابەری گەردوونی ئیستاتیکام. خۆشی لە خۆم.. چونکە من باوەڕم بە خۆم مەتینە و هونەر گەواهی فەرموودەکان و درووەکانمە.. شیعرەکانم هەمان شێوە، ڕەنگەکانیش تاجی سەر سەرو درەختی زەمان و ئاوێزە و درەختی سپیی گیانیی سەر سەرمە و بەو ئومێدەوە دەژیم کە درەختی زەمان لە داهاتوودا لە ماڵ و کەعبەی مندا دادەگیرسێنن یان بروێنن.. چونکە گەڵای درەختی زەمان سپی سپییە و دڵ دەگرێت.. دڵی منداڵانی جیهان و مەسیح و مارییاکان.. دڵی هەمەڕەنگ وەک کەوان وەک پەلکە زێڕینە. چونکە من دڵنیام لەوەی کە ڕۆژی بەرێ هاتووە و چارەسازیش هەر لە باوەڕی هونەر و جوانیدا دەست دەکەوێت. سوپاس بۆ ژیان، سوپاس بۆ مەرگیش هەر کاتێک ئەوان میوانی من بن.. منیش میوانی هەمیشەیی ئەوانم.

بە کورتی- خەڵکینە، ئەوا کتێبی پەیامی خواکانتان پێگەیشت و نیازمەندم زیاتر نەڵێم، چونکە سوپاس بۆ گیانی پێغەمبەرەکان و خواو خواکان و فریشتەکانی شازادەی وڵاتی بەستەڵەک- کتێبی یەکەم و دووەمتان پێگەیی.. بەڵام دەبێت ببوورن لێم کە نەپەرژام باسی خودی حەزرەتی نوحتان بۆ بکەم.. من هێشتا باسی منداڵیی ئەوو باسی ژیانی هاوسەری و باسی پەروەردەی منداڵانم نەکردووە لە ناویاندا! من هێشتا تەواوی پەیامەکانمم پێ نەگەیشتووە و نامەی نێردراوم بۆ کەنیسە و سەرۆک بارزانی و ئەوروپاپەرلەماند ناردووە و بە هاوڕێکانیشم فەرموو تا چیرۆک و داستانەکانی کتێبەکانم بنێرن بۆ هۆڵی وود- تا فلیمێکی نوێی جیهانی و فیکشن لە کتێبەکانی من سیناریۆ بکەن.. تا مرۆڤەکان، واتە ئەوانەی کە خۆیان بە مرۆڤ دەزانن فێر بن و ڕێز لەو ڕۆژە بگرن کە پێغەمبەرەکانیانی تیادا لە دایک بوون.. ڕێز لە پەیامی خواکان بگرن و ڕێگەم بدەن تا پیلانی کەشتییەکەم داڕێژم.. چونکە کاتێکی ئەوتۆمان نەماوە- شەپۆلەکان دێن و ڕادەپەڕن لێتان و لێتان تووڕەن.. ئاسمان و خۆرو سروشت مقۆ مقۆیانە کامیان هێرش بێنن و لە خەونمدا حەزرەتی مریاکانی هەموو جیهان و هەموو حەزرەتی مەسیحەکان زیندوو بوونەتەوە و ڕاپرسیی من دەکەن. منیش تیا ماوم! چونکە من هێشتا لە زیندانام و هێشتا جیهانم نەبینیوە و جاهیلم و لە زیندانەکانی بەستەڵەکدا- گیانم هەڵدەلەرزێت.. حەزرەتی سارا و حەزرەتە نەخۆشەکانی دەوروبەرم لێم بوون بە دێوو باوەڕ بە فەرموودەکانم ناکەن.. نازانن کە من غەیب و ڕاستی و خەیاڵم لە یەک تەوەری هزریی مەتیندا گۆش کردووە و لە زانستی خامۆشدا خاوەنی مەملەکەتی خۆمم لەسەر زەوی.. دەبێت هەموو جیهان ئامادەیی دەربڕن بۆ گەڕانەوەم، ئەوسا پێ هەڵدەنێم.. کاتێک دەتوانم ئەو کارە بکەم، کە سەرۆک بارزانی نەترسانە و وەک حەزرەتی ئیدریس سنگی پاڵەوانیی لێدەرپەڕێنێت و بفەرموێت: فەرموو، ئەی حەزرەتی نوحی مەزن بگەڕێرەوە بۆ مەنزڵی خۆت. تا سنوورەکان بە دەستی تۆ دەستنیشان بکەین.. سنوورەکانی مەملەکەتی کوردوستانی مەزن- ئەوسا لەوێدا کەشتییەک دروست دەکەین بۆ حەزرەتی نوح و ئەوانەی کە ئەو پەنجەی جوانییان بۆ درێژ دەکات.. ئەوسا منیش ئەو بەرگە نایابە دەکەمە بەرم کە خودی سەرۆکێک یان ڕێکخراوێکی مرۆڤپەروەر بۆی ناردووم لە ئێسک و تروسکی ئەنفال.. جێژڵی ئێسکی ئەوانم دەدەنە دەست و بە جیهاندا دەگەڕێم و بێترس خۆم نیشانی گەلان دەدەم و پێیان دەفەرمووم: بڕوانن، من حەزرەتی نوح-ی باوکی هەموو پێغەمبەرەکانتانم. هاتوومەتەوە تا جوانیەکانتان هەڵسەنگێنم و وەڵامێکی سروشت و خۆرو مانگ و خواو پێغەمبەرەکان بدەمەوە. چونکە ئەوان لێمان تورەن. منیش چاوەڕوانی وەڵامم.. وەک فەرمووم لەو مرۆڤە بەڕێزەی کە دەتوانێت یاریدەم بدات و باوەڕ بە زانستی بینین بکات.

جا ئازیزەکانم، زۆر شت هەیە کە باوو کەلتوورە لە نێوتاندا و من دانی پیادا نانێم، ئەوانەش کۆمەڵێک نیشانەی ناشرین و ڕەفتاری دێوە مرۆڤ فێریان بووە. بەڵام

مرۆڤ بە ڕەچەڵەک دڕندە نییە. بوغز و ڕق و درۆ و بوختان مرۆڤ پیرو ناشرین و نابووت دەکات. ئایا ناتوانن کەمێک بەسەر خۆتاندا بچنەوەو تەماشایەکی خواو خواکانی خۆتان بکەن و پاشان لەبەر ئاوێنەدا تەماشای خۆتان بکەن؟ بێ گومان دەتوانن.

ئەوسا تێدەگەن کە چین و کێن و بۆ چی مەبەستێک خوڵقاون و هاتوونەتە ژیانی مرۆڤەوە! چونکە هەن نازانن و تێ ناگەن کە ڕەفتارو ووتارو فەرموودەو خەونەکانتان + بیرەکانیان دەژین و بەهەشتی خۆزگەتان دەچنن. چونکە مرۆڤ سەرسوڕێنترین بوونەوەرە. دەبێت بزانن فێرە تەماشاکردنی خۆتان بن. ئەوسا تێدەگەن کە بۆچی خواوەندتان تاک و تەنها کردووە و هەر یەکەشتان بە ویستی خۆی درۆ لەگەڵ خوادا دەکات وخۆی ناشرین دەکات. تاک و تەنها ئەوتان کردووە بە خالقی بوونەوەر و دەڵێی نان و ماستاوتان لەگەڵدا خواردووە و خواردۆتەوە! من بەزەییم بەو خوایەدا دێتەوە.. حەزم دەکرد ئەویش خاوەنی هاوسەرێکی خۆشەویست و دوو هاوڕێ و چەند فریشتە و مەلائیکەتێک دەبوو. لە قورئاندا هاتووە کە خواوەند خاوەنی مەلائیکەتەکانە. بەڵام هاوسەری نییە! من لێرەدا، لە ڕووی بەزەییەوە نەک ڕەخنە حەز ناکەم خواوەند بێ هاوسەر بکەم. چونکە تەنها لەوێدا بوونەوەر هەست بە قورسایی جوانیی بوونەوەر دەکات. چونکە هەستی بە هاوسەریبوون- تەوەرێکی زۆر بەرزو قوڵ و مەتین و ڕووناکی زانستە، کە ئێوە هێشتا زووربەتان پێی نەگەیشتوون.

ئیتر نازانم حەق بە بەزەیی و ڕێزلێنانم دەدەن بەرامبەر بە خواوەند و خواکان و بت و پێغەمبەر و کاهینەکانتاندا؟! یان نا؟ بەڵام من هێشتا باسی سەفەری باوکی پێغەمبەرەکانتانم بۆ نەهۆنیونەتەوە- هێشتا دەستم بە باسی خۆشەویستیی حەزرەتی نوح نەکردووە. چونکە من لەودا و ئەو لە مندا بێ هاوسەرین و هێشتا کەس بانگی نەکردووین حەزرەتی نوح!!! ساڵێکیش بەسەر هەمانساڵدا تێپەڕی کە باسمکردو ژماردم بۆتان، کەچی نازانم چاوەڕوانی چیم وچی چارەنووسێک لەناوتاندا دان بە بوونی مندا دەنێ و پێم دەفەرموێت: بەڵێ منیش مێرولەیەکی سپیم و دڵێکی سپی بخەرە مشتمەوە ئەی حەزرەتی نوح.

ئەمشەو سروشت تارای سپیی دابوو بە سەریدا.. بەفر، وەک فیش فیشەی ئاهەنگی سەری ساڵ پرتەوی جریوەی دەهات لە ئاسمانی ڕۆشندا بە تیشکی مانگی پڕ.. ئەستێرەکان تەماشایان دەکرد و ئاهەنگی سەری ساڵم لەگەڵ کۆمەڵێک ناسیاو و هاوڕێ بەڕێکرد.. منداڵەکانم بردبوو بۆ بینینی ڕوخساری هەندێک مەسیح و ماریای کورد.

لە ڤاتیکانیش- پاپاو کاردیناڵ و بیسکۆبەکانی جیهان دانیشتبوون نوێژیان بۆ مەسیحی داماو دەکرد. بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن لەمەودوا ئاگایان لە غەیب و پاسەوانی ئاسمانەکانی تر بێت و هەست بە و پەیوەندییانە بکەن کە لە لایەن مەخلوقاتی ئاسمانەکانی ترەوە دێن و ئێمە نایانبینین. چونکە هەستی ئێمە سستە بۆ بینینی غەیب! بەڵێ- لە ڤاتیکان باسی سەرەکییان ئەوە بوو چۆن بتوانن هەست بە کەرامەتی خواو خواکانی خۆیان بکەن! هەروەها بیری هاتنەوەی حەزرەتی مەسیحیان دەکرد.

لەگەڵ یەکەم گرمەی فیشفشەی ئاهەنگی سەریساڵ.. کە بەر گوێی حەزرەتی نوح کەوت.. پەیامی بوونەوەر وەک درەختی زەمان لەسەر سەری من پەیامی نوێی دەکرد بە دڵ و گوڵ و هیوا و بە درەختە نەبینراوەکەی سەرما هەڵدەواسرا و زانستی غەیب بە من دەگەیی و منیش بێکەس و تەنها دانیشتبووم تەماشای منداڵانی زاگرۆسم دەکرد و جەژنە پیرۆزەم لە هەموویان کردو کەس هەستی بە بینینی درەختەکەی سەر سەری من نەدەکرد. بەزەییم بە خۆم و بە میللەتی زاگرۆس و بە جیهان و بە کەنیسەو مزگەوت و بەزەییم بە تەمپلە ڕوخاوەکاندا دێتەوە.

جا ئەی پاپاو کاردینال و خواناسەکانی جیهان، ئێوە هەرگیز بەو زانستە ناگەن، چونکە هێشتا هیچتان درەختی زەمانتان لە سەر سەری من نەبینیوە. من مامۆستای غەیب و غەیبناسم. کەی هەستتان بە ژیری کرد- فەرموون، من لە زیندانەکانی قوتبا زیندانی دێوەکانی بەستەڵەکم و وەک نەخۆش و بێگانە و تاوانبار بە بێگانەیی زیندانم و تەوقی گومان کۆتی دەست و بیرو زمان و لەشمە. ئەوان لە هەستی مرۆڤ ناگەن! جا چۆن کەسێکی وەک من دەبینن! ئەوان سەگ و گورگ و بەراز و پشیلە پەرستی دەکەن و هەست دەکەن مرۆڤ شتێکی پیسە! ئیتر من دارێکم لەسەر ڕواوە و ئەوان دێن و دەیانەوێت فێری زانستی بەفرم بکەن و نازانن کە من هاوڕێی ئۆدین و فریدا- شم! ئەوان نازانن چەند نەزان و کوێرو کەچبینن.. هەست بە سۆزی شازادەی خۆیان ناکەن بۆ فریشتەکان. چونکە ئەو نوێژ بۆ ئەو فریشتانە دەکات کە من دەیانبینم و باکان نیشانم دەدەن و منیش تەماشایان دەکەم و خەندەیان نیشان دەدەم.

هێشتا کەس، هەر هیچ کەسێک دانی بە کەرامەتی خوا و خواکان و فریشتەکانی مندا نەناوە و منیش چاوەڕوانم.. چاوەڕوانی ئافرەتێکی دێوپەرستی دراوسێی زیندانەکەم، تا بلوسێکی جوانم بۆ بچنێت بە زەخرەفەی نەرویجی و کوردی. منیش تەریق دەبمەوە و ڕووم نایهێنێت بەو بفەرمووم: بڕۆ کچم، بە ڤاتیکان بڵێ؛ کە کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە حەزرەتی نوح بگرن. چونکە ئەو خواو خواکان و پێغەمبەرەکانتان دەناسێت و زانستی ئێوە هێشتا چەکی پیرۆزی منیان دروست نەکردووە! هێشتا دیسکۆڤەری چاناڵ- گوێبیستی چۆنێتیی درەختی زەمان و بەرگی بەری من نەبوون.

**هێشتا سەرۆکە کوردەکان هەستیان بە کەرامەتی من و خۆیان و نەوەی نوح نەکردووە. جا چۆن بتوانیین جیهان ڕزگار بکەین!؟ کاتێک کە باوکتان لە زیندانی گومانی بەستەڵەکدا خەریکی گۆشکردنی حەزرەتی یوسف و داڤیدم. ساراش هەر ڕۆژە و بە چەکێکی نوێتر دەیەوێت بمکات بە موڵکی خۆی و ئازادییم فێر دەکات! ئیتر ئێوە خۆش بن، چونکە پێشتر پێغەمبەرانی خۆتانتان سووک و کەم و ڕسوا کردووە.**

**ئەمشەو جەژنی سەری ساڵە، ئاسمان ڕۆشنە بە دەروونم.**

**ئەمشەو مانگ بانگی هەستی کردم و پرچی خۆی لەبەر دەممدا داهێناو چاوێکیشی لێداگرتم ، فەرموی: ئەی حەزرەتی جوانناس جەژنت پیرۆز!..**

**منیش بە شەرمێکی پێغەمبەرانە و بە دڵپاکییەکی میهرەبانانەوە فەرمووم: سوپاس بۆ ڕوناکیی ئاسمانەکان و من هێشتا تروسکەی ئومێد لە چاوانمدا ماوە.**

**فەرمووی: ڕوناکی سێ چاوگی هەیە.. دڵ و دەروون و بیر.. چاوت ڕوون. فەرمووم پیرۆز بێت جوانی.**

**تۆ جوانی- لە دەرونمدا جوان ڕا دەگری...**